حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

بەشی زمانی کوردی

# بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری کوردیدا-بە نموونەی سالم و گۆران

تێزێکە

**ئاری عوسمان ڕۆستەم**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد**

٢٧٢٣ کوردی

٢٠٢٤ی زاینی

تێزی (بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری کوردیدا- بە نموونەی سالم و گۆران) لەلایەن توێژەر (ئاری عوسمان ڕۆستەم) بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد

٢٠٢٣/١١/١٤

بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ١١/ ١٢/ ٢٠٢٣

Scanned with CamScanner

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، تێزی (بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری کوردیدا- بەنموونەی سالم و گۆران)مان خوێندەوە، گفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکارەکەدا لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکە کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.د. سامان عزالدين سعدون

ئەندام

ڕێکەوت: ١٠/ ٧/ ٢٠٢٤

ناو: پ.د. محمد دلێر أمين محمد

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ١٠/ ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. عوسمان عبدول معروف

ئەندام

ڕێکەوت: ١٠ / ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. سروشت جەوهەر حەوێز

ئەندام

ڕێکەوت: ١٠/ ٧/ ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. سالار عوسمان حسێن

ئەندام

ڕێکەوت: ١٠/ ٧ / ٢٠٢٤

ناو: پ.د. دڵشاد علی محمد

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: ١٠ / ٧ / ٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

ڕاگری کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی

ڕێکەوت: ١٣/ ٧ / ٢٠٢٤

Scanned with CamScanner

**پێشکەشە بە:**

- ئەوانەی بە خەمی وشەی کوردییەوە ڕۆژئەکەنەوە.

## سوپاس و پێزانین:

- مامۆستای هەمیشەییم (پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد)، کە بەوپەڕی دڵفراوانییەوە سەرپەرشتیی نامەکەی گرتە ئەستۆ و لێبڕاوانە هاوکاریی کردم.

- سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان- زانکۆی سلێمانی، کە دڵسۆزانە لە خەمی ئێمەدا بوون.

- (م.دڵشاد)ی برام و خاتوو (خەڵات)ی هاوسەری، ئەرکێک ئەوان لە ئەستۆیان گرت، کارئاسانییەکی گەورە بوو لەبەردەم ئەم قۆناغەی خوێندنی مندا.

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ – ٤ |
| بەشی یەکەم/ بنیاتی هاوتەریبی لە بازنەی تیۆریدا | ٥ – ٨٠ |
| تەوەری یەکەم/ چوارچێوەی میتۆدۆلۆجیی توێژینەوەکە | ٥ – ٣٥ |
| چەمکی بنیات و تایبەتمەندییەکانی | ٩ – ١٣ |
| ڕەگەزەکانی بنیات و ئەرک و پەیوەندییەکانیان | ١٣ – ١٧ |
| پێوەرەکانی دەقێتی و ئەرکی شیعریی زمان | ١٧ – ٢٥ |
| بەهای زاڵ و ئەرکی شیعریی زمان | ٢٥ – ٢٨ |
| هەڵبژاردن و ڕۆنان و ئەرکی شیعریی زمان | ٢٨ – ٣٥ |
| تەوەری دووەم/ هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا | ٣٦ – ٥٩ |
| هاوتەریبی و کێشەی تێرمینۆلۆجی | ٣٧ – ٤١ |
| دەرکەوتن و پەرەسەندنی هاوتەریبی | ٤٢ – ٥٨ |
| هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا | ٤٢ – ٤٤ |
| هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا | ٤٥ – ٤٩ |
| هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا | ٤٩ – ٥٨ |
| تەوەری سێیەم/ هاوتەریبی و جۆرەکانی لە بنیاتی دەقدا | ٥٩ – ٧٩ |
| نائاشناکردن | ٥٩ – ٦١ |
| بەرجەستەکردن | ٦١ – ٦٣ |
| هاوتەریبی وەک زێدەکردنی یاسای زمانی | ٦٣ – ٦٥ |
| هاوتەریبی وەک واقیعێکی بابەتیی بنیاتگەرانە | ٦٥ – ٦٩ |
| جۆرەکانی هاوتەریبی | ٦٩ – ٧٩ |
| هاوتەریبی لەڕوانگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە | ٦٩ – ٧٠ |
| هاوتەریبی لەڕوانگەی تەوەرە زمانییەکانەوە | ٧٠ – ٧٠ |
| هاوتەریبی لەڕوانگەی ئاستەکانی زمانەوە | ٧٠ – ٧١ |
| یەکەم/ هاوتەریبیی دەنگی | ٧١ – ٧٣ |
| دووەم/ هاوتەریبیی وشەیی | ٧٣ – ٧٥ |
| سێیەم/ هاوتەریبی ڕستەیی | ٧٥ – ٧٧ |
| چوارەم/ هاوتەریبیی واتایی | ٧٧ – ٧٩ |
| بەشی دووەم/ بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری سالمدا | ٨٠ – ١٧٦ |
| - پێشزەمینە شێوازناسییەکان | ٨٠ – ٨٤ |
| تەوەری یەکەم/ هاوتەریبی دەنگی بەنموونەی شیعری سالم | ٨٥ – ١١٤ |

| | |
|---|---|
| یەکەم/ هاوتەریبیی چۆنێتی | ٨٥ – ١٠٧ |
| دووەم/ هاوتەریبیی چەندێتی | ١٠٧ – ١١٤ |
| تەوەری دووەم/ هاوتەریبی وشەیی بەنموونەی شیعری سالم | ١١٥ – ١٣٢ |
| یەکەم/ هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی | ١١٦ – ١٢٦ |
| دووەم/ هاوتەریبیی چەند فۆرمێکی زمانی | ١٢٦ – ١٣٢ |
| تەوەری سێیەم/ هاوتەریبیی ڕستەیی بەنموونەی شیعری سالم | ١٣٣ – ١٥٢ |
| یەکەم/ هاونشینیی ئەرکی | ١٣٣ – ١٤٣ |
| دووەم/ جێنشینیی ئەرکی | ١٤٣ – ١٤٣ |
| سێیەم/ هەمان بنیاتی ڕستەسازیی | ١٤٣ – ١٥٢ |
| تەوەری چوارەم/ هاوتەریبیی واتایی بەنموونەی شیعری سالم | ١٥٣ – ١٦٧ |
| بەشی سێیەم/ بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری گۆراندا | ١٦٨ – ٢٤٣ |
| - پێشزەمینە شێوازناسییەکان | ١٦٨ – ١٧١ |
| تەوەری یەکەم/ هاوتەریبیی دەنگی بەنموونەی شیعری گۆران | ١٧٢ – ٢٠٠ |
| یەکەم/ هاوتەریبیی چۆنێتی | ١٧٣ – ١٩٢ |
| دووەم/ هاوتەریبیی چەندێتی | ١٩٣ – ١٩٩ |
| تەوەری دووەم/ هاوتەریبیی وشەیی بە نموونەی شیعری گۆران | ٢٠٠ – ٢١٧ |
| یەکەم/ هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی | ٢٠١ – ٢١٧ |
| دووەم/ هاوتەریبیی چەند فۆرمێکی زمانی | ٢١٧ – ٢١٧ |
| تەوەری سێیەم/ هاوتەریبیی ڕستەیی بەنموونەی شیعری گۆران | ٢١٨ – ٢٣٠ |
| یەکەم/ هاونشینیی ئەرکی | ٢١٩ – ٢٢٢ |
| دووەم/ جێنشینیی ئەرکی | ٢٢٢ – ٢٢٣ |
| سێیەم/ هەمان بنیاتی ڕستەسازیی | ٢٢٣ – ٢٢٩ |
| تەوەری چوارەم/ هاوتەریبیی واتایی بەنموونەی شیعری گۆران | ٢٣٠ – ٢٤٣ |
| ئەنجام | ٢٤٤ – ٢٤٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٤٧ – ٢٦٤ |
| **ملخص البحث** | ٢٦٥ |
| **Abstract** | ٢٦٦ |

# پێشەکی

دەق وەک بنیاتێک لەناو سەرجەمگیریی بنیاتێکی گەورەتردا لەدایک دەبێت و گەشە دەکات، ئەویش بنیاتی زمانە، بۆیە لە پێڕەوکردنی میتۆدە هاوچەرخەکانی ڕەخنەدا، دەق لە سەرجەم کاریگەرییە دەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی دادەبڕێنرێت و بە ڕووی ناوەوەی خۆیدا دەکرێتەوە، ئەمەش لەڕوانگەی ئەوەی کە زمان وەک کەرەستەو ئامرازی بنەڕەتیی بنیاتنانی دەق، لە خودی خۆیدا سەربەخۆیە، هەربۆیە کاتێک لەبەر ئاوێنەی یەکێک لە میتۆدە ناوەکییەکاندا لە دەقێکی شیعریی دەکۆڵینەوە، ئەستەمە بتوانین لە دەرەوەی کاربردی زمان و بنەما زمانناسییەکان کارەکە بەئەنجام بگەیەنین.

بەو پێودانگە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر پێشگریمانە زانستییەکانی ناونیشانە هەڵبژێردراوەکە دەکات و بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکەی، ئاراستەی خۆی وەردەگرێت.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:** وەک دیارە لە ناونیشانەکەدا (بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری کوردیدا- بەنموونەی سالم و گۆران) سێ تیمی سەرەکی هاتووە: ١-بنیاتی هاوتەریبی، ٢- شیعری کوردی و ٣- سالم و گۆران*، هەڵبەت هەرکام لەوانە بەجیا لایەنێکی بەرینی توێژینەوە پێکدەهێنن، بەڵام بە کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی ناونیشانێکی وەهادا ئیتر دەلالەتی جیاواز وەردەگرن و بەوەش ئامانج و ئەنجامی زانستیی دیکەیان لێدەکەوێتەوە، کە پێویستی بە تێڕوانینێکی تری ڕەخنەیی و ئەدەبناسی هەیە، بۆیە لێرەدا هەوڵدراوە بەو ئاراستەیەدا هەنگاوبنرێ، کە پێویستییە زانستییەکانی ناونیشانەکە بەرزەفتیان دەکات، هەر ئەوەش لەپێناو بەئەنجام-گەیاندنی توێژینەوەکە، بە ئامانج گیراوەتەبەر.

**گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە:** بەدەر لەوەی لایەنێکی ناونیشانەکە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە شیعری دووان لە کەڵەشاعیرانی مێژووی ئەدەبی کوردی، کە هەریەکەیان سەر بە ڕێچکەیەکی شیعری جیاوازن: سالم، وەک ڕابەرێکی قوتابخانەی شیعری بابان‌و گۆران-یش نوێکەرەوەی شیعری کوردی پاش ئەو قۆناغە، لەلایەکی ترەوە پراکتیزەی چەمکێکی ڕەخنەیی وەک (هاوتەریبی) بە نموونەی شیعرەکانی ئەوان، لەخۆگری دیوە پراکتیکییەکەی ئەم

* **دەربارەی سەردەمی ژیانی سالم**، دەڕوانرێتە: (سەجادی، ٢٥٨- ٢٧٤)، (حیلمی، ٢٠١٠، ١٤٩)، (خەزنەدار، ب٣ ٢٠١٠، ١٥٥- ١٥٧) و (دەشتی، ٢٠٢١، ١٣-٦٤). **سەبارەت بە سەردەمی ژیانی گۆران**-یش، دەڕوانرێتە: (حیلمی، ٢٠١٠، ١٩٨-٢٢٦)، (خەزنەدار، ٢٠١٠، ب٦، ٦٠٧- ٦٤٩)، (کاکەی فەلاح، ٢٠٢٠، ١٥- ٦٦)، (جەعفەر و ڕێبوار، ٢٠٠٧، ...)، (جەعفەرو ئەوانیتر، ٢٠١٢، ...)، (سەعدون، ٢٠١٥، ١٤٣-٢٨١)، (سیوەیلی، ٢٠٢١، ٤٥٣- ٤٥٨).

ناونیشانەیە، کە پێکرا وا دەکەن لەوەی تێزەکە بەو ئەنجامانەی بە دەستی دەهێنێت، تاک بێت- تائێستا- لە جۆری خۆی، هەر ئەمەش هۆی سەرەکیی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە بوو بەلامانەوە.

**کێشەی توێژینەوە:** گەڕان بەدوای وەڵامێکی زانستی بۆ پرسیاری: (ئاخۆ بەهای زاڵ لە دەقی شیعری هەرکام لە ڕێچکە شیعرییەکان و بە نموونەی دەقی شیعری هەریەک لە سالم و گۆران و لەمیانی پراکتیزەی بنیاتی هاوتەرییبییەوە، چییە و چۆنە؟) وەک کێشەی تەوەرەیی توێژینەوەکە وەرگیراوەو کاری لەسەرکراوە.

**ئامانج و سوودی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئامانجێک، کە ئەم تێزەی لەپێناودا پێشکەش دەکرێت، ئاراستەکردنی توێژینەوە ئەکادیمییەکانمانە بەرەو بوارێکی نوێی توێژینەوە لە دەقی شیعری کوردیدا، ئەوەش بە ڕووکردنە بنەمایەک لە بنەما هەرە گرنگەکانی بنیاتی دەقی شیعر، کە خۆی لە چەمکی هاوتەرییبیدا دەبینێتەوە.

هەر لەناو بازنەی ئەو ئامانجە گشتییەدا، پەیبردنێکی زانستییانەیە بە چۆنێتیی چنینی دەقی شیعری کوردی لەڕێگەی بنەماکانی هاوتەرییبییەوە وەک ئامانجی تایبەتی توێژینەوەکە دانراوە. بۆ بەدیهێنانی ئەمەش ڕوو لە دەقە شیعرەکانی سالم و گۆران دەکەین، کە لێرەوە سوودی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، بەوەی لەوڕێگەوە دەتوانرێ، سیما و شەقڵی هونەرییانەی هەردوو ڕێچکە شیعرییەکە و هەریەک لە شاعیرەکان، بەشێوەیەکی زانستیی ورد دیاری بکرێنەوە.

**سنووری توێژینەوەکە:** بەدەر لە بەشی یەکەم، کە بەپێی پێویستییە زانستییەکانی توێژینەوەکە لە چوارچێوەیەکی تیۆریدا چەمکە پەیوەستەکان بە هاوتەرییبییەوە ئاوڕیان لێدراوەتەوە، هاوکات سنوورە پراکتیکییەکەی، دەقە شیعرەکانی هەریەک لە شاعیرانی سنووری توێژینەوەکە دەگرێتەوە، ئەمەش لەڕوانگەی پێشزەمینە شێوازناسییە تایبەتی و گشتییەکانی ڕێچکە شیعرییەکانی هەریەکێک لەوان، لێیان دەکۆڵرێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بەوپێیەی بنیاتی هاوتەرییی چەمکێکە سەر بە تیۆرەکانی ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخ و وەک کێشەیەک لەڕێگەی میتۆدە ناوەکییەکانەوە چارەسەر دەکرێت، بۆیە ڕوومان لە بنەماکانی میتۆدی بنیاتگەریی-فۆرمالستی کردووە بۆئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی بابەتییانە بنیاتی چەمکەکە لەو ڕوانگەوەو لە چوارچێوەی پێوەرەکانی دەقێتی شیعری کوردی و بەنموونەی شیعری هەریەک لە شاعیرانی سنووری توێژینەوەکە دیاری و دەستنیشان بکەین.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** وەک لە تێمە سەرەکییەکانی ناونیشانەکەدا دەرکەوتووە، دەرگای چەند باس و بابەتێک بە ڕووی ئەم توێژینەوەیەدا کراوەیە، بۆیە ئەو سەرچاوانەی بۆ خستنەڕووی بۆچوونە جیاوازەکان و پشتڕاستکردنەوەی تێڕوانینەکانمان لەبارەیانەوە، سوودمان لێوەرگرتوون، بەگشتی پێکدێن لە: ١-ئەو سەرچاوانەی تایبەتن بە بنیاتی هاوتەریبی، کە زیاتر بە زمانی بێگانەن، ٢- ئەو سەرچاوانەی تایبەتن بە زمانی شیعریی و ئاوازی شیعریی، ٣-ئەو سەرچاوانەی تایبەتن بە لایەنی هونەریی دەقەکانی سالم و گۆران و ٤-سەرچاوەکانی تایبەت بە فۆرم و شێوازی ئەو دوو ڕێچکە شیعرییەی سنووری توێژینەوەکە لەخۆی گرتوون.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** پەیکەرەی گشتیی توێژینەوەکە، پێکهاتووە لەم پێشەکییە و سێ بەش و ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوەکان لەپاڵ پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، کە ئەمانەی دوایی لەکۆتاییدا خراونەتە ڕوو.

بەشی یەکەم (هاوتەریبی لە بازنەی تیۆریدا) تایبەتە بە ناساندنی بنیاتی هاوتەریبی لەڕوانگەی کۆمەڵێک پێدراوی تیۆرییەوە، بەڵام پێش ئەم هەنگاوە، بە پێویستمان زانیوە تەوەری یەکەمی ئەم بەشە بۆ ناساندنی بنەما تیۆرییەکانی میتۆدی توێژینەوەکە تەرخان بکەین، بۆیە لەژێر سەرباسی (چوارچێوەی میتۆدۆلۆجیی توێژینەوەکە)دا سەرنجمان لەو چەمکە بنەڕەتییانە داوە، کە وەک زەمینەیەکی فیکریی و زانستی، میتۆدی بنیاتگەریی فۆرمالیستییان لەسەر دامەزراوە.

هاوکات هەر لەڕێگەی ئەم تەوەرەوە، لە دەرگای کۆمەڵێک چەمکی ترمان داوە، کە بەبێ زانیاریی پێویست لەبارەیانەوە، تێگەیشتن لە بنیاتی هاوتەریبی مەحاڵ دەبێت، بۆیە ناوەڕۆکی ئەم تەوەرە دەرگامان لەبەردەمدا دەکاتەوە بۆ تاوتوێی ئەو بابەتانەی کە دەبنە زەمینەخۆشکەری تەوەرەکانی دواتری هەمان بەش.

لە تەوەری دووەمدا (هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا)، کێشەی تێرمینۆلۆجیی هاوتەریبی بەشێوەیەکی چڕوپڕ بەسەرکراوەتەوە و هەر لەوێیشدا پەرژاوینەتە سەر خستنەڕووی کورتەی دەرکەوتن و پەرەسەندنی چەمکەکە لە ڕەخنەی ئەدەبیی ڕۆژئاوایی، عەرەبی و دواتریش لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا. هەرچی تەوەری سێیەمی بەشەکەیە تایبەتە بە خستنەڕووی (هاوتەریبی و جۆرەکانی لە بنیاتی دەقدا)، کە واڵاکردنی دەروازەی سەرەکییە بە ڕووی شیکردنەوەی بنیاتی هاوتەریبی لە هەردوو بەشە پراکتیکییەکەدا و لەم تەوەرەشدا گرێدانەوەی باس و بابەتەکانی دوو تەوەرەکەی پێشوو لەڕووە تیۆرییەکەوە ڕوون دەبێتەوە.

لێرەوە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو تیۆرییە و بە گرتنەبەری بنەما میتۆدییە بەردەستخراوەکانی توێژینەوەکە، لە بەشی دووەمدا پەرژاوینەتە سەر چوار تەوەری سەرەکی و توانیومانە (بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری سالمدا) لەسەر بنەمای هەر چوار ئاستە زمانییەکە (دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازیی و واتاسازییی) شیبکەینەوە و ئەو میکانیزمە هونەرییانەی لە بەدیهێنانی هاوتەریبیی دەنگی، وشەیی، ڕستەیی و واتاییدا گیراونەتەبەر، بەردەست بخەین.

ئەمەو بەهەمان ڕێوشوێنی زانستی و لە بەشی سێیەمدا (بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری گۆراندا)و دیسانەوەش لەمیانی چوار تەوەرەوە، نموونەی شیعرەکانی شاعیرمان وەک کەرەستەی توێژینەوە وەرگرتووە و بنیاتی هاوتەریبیمان تێیاندا ڕوون کردووەتەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین: لە دەستپێکی هەریەک لە بەشەکانی دووەم و سێیەم و پەیوەست بە سنووری توێژینەوەکە، پێشزەمینەیەکی شێوازناسیی شیعری کوردی بەگشتی و بەتایبەتیش لە پەیوەندیدا بە شیعری هەریەک لە سالم و گۆران، ئاوڕیان لێدراوەتەوە، کە ئەمەش لەپێناو ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی تایبەت لە ئەزموونی شیعری هەرکام لەو شاعیرانە ئەنجام دراوە.

# بەشی یەکەم

## بنیاتی هاوتەریبی لە بازنەی تیۆریدا

هاوتـەریبی وەک میکانیزمێکی ڕەخنـەیی پەیوەندییـەکی پتـەوی لەگـەڵ چـەمک و بنـەماکانی زمانەوانیدا هەیە، بۆیە بەبێ ناسینی سروشتی ئەو پەیوەندییە، ئاستەمە لە ماهییەتی هاوتـەریبی تێبگەین و مۆرکی لە بنیاتی دەقدا هەڵبگرینەوە، لێرەوە هەندێک وردەکاریی بەردەست دەخـەین، کە لە هەنگاوەکانی دواتردا وەک بنەمای تیۆریی گرنگ بەرچاومانی زیاتر پێ ڕوون دەکەینەوە.

## تەوەری یەکەم

## چوارچێوەی میتۆدۆلۆجیی توێژینەوەکە

توێژینەوەی چەمکگەلی وەک فۆرم، بنیاتی دەق و ئەرکە زمانییەکان دەمانگەیـەنن بـەو بنـەما تیۆرییانـەی کـە کێڵگـەی بـەپێتی هاوتـەریبی لـە بنیـاتی دەقـدا لـەخۆدەگرن و بەمـەش لـەڕووی میتۆدناسـییەوە وەڵامێـک بـەو پرسـیارە دەدەینـەوە، کـە سروشـتی نێـوان تـوێژەر و بابـەتی توێژینەوەکـەی دەستنیشـان دەکـات لـەوەی ((چـۆن دەتوانێـت ئـەو دیاردانـە بدۆزێتـەوەو بیانناسێنێت، کە پێیوایە شیاوی ناسین و تێگەیشتنن؟))(محەمەدپوور، ١٣٩٧، ٢١)

ئەو شۆڕشە زمانەوانییەی سوسێر لە سـەردەمی خۆیدا بـەرپای کرد، کاریگـەریی گـەورەی بەسەر تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دانا، لە یەک کاتدا هەم زمانی لەناوخۆیدا کردەوە، هـەم بـەڕووی دەرەوەی خۆیدا دایخست، ئـەم تێڕوانینەشـی لـەڕێگـەی مەزراندنی کۆمـەڵێک چـەمک لە فۆرمی دووانەی زمانی[*]دا چەسپاند، کە گرنگترینیان جیاوازیی نێوان (زمان/ ئاخاوتن)ـە، واتە جیاوازیی نێوان زمان وەک سیستمێکی گشتی و زمـان وەک بـەکارهێنانی تایبـەتی لـە ئاسـتی ئاخـاوتن و نووسـیندا.(سلدن، ١٩٩٨، ٨٨- ٨٩) بەمـەش لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمەوە، لەگـەڵ فۆرمالیستە ڕووسـەکان و بازنـە زمانەوانییـە جیاجیاکـانی ئـەو قۆناغـە مێژووییـەی لێکۆڵینـەوە زمانـەوانی و ئەدەبییـەکان، پێکڕا هەوڵـەکان بـەو ئاقـارەدا ئاراسـتە کران، کـە تـوانرا تێڕوانینـی زمانەوانیی بنیاتگەرانە بگوازرێتەوە بۆ نێو کێڵگەی لێکۆڵینـەوەکانی ئەدەبناسـی و لـە تیۆرەکـانی ڕەخنـەی ئەدەبیشـدا ڕەنگیـان پێدرایـەوە، بـەجۆرێک کـە یاکۆبسـن لـەوبارەوە دەڵێت: ((ئەگـەر بمانـەوێت فیکـری زانسـتییانەی مـۆدێرن لـە تـەواوی دەرکەوتـە جیاوازەکانیـدا لـە پوختەیەکدا

---

[*] ١- زمان و ئاخاوتن ٢- فۆرم و بابەت ٣- ئاماژە و ئاماژەبۆکراو ٤- لێکۆڵینەوەی ئێستایی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی ٥- ئاخاوتن و نووسین ٦- تەوەری جێنشینی و تەوەری هاونشینی.(السراقبي، ٢٠١٩، ١٢٣)

کۆبکەینەوە، هیچ زاراوەیەکی ڕاستەقینەی ئەوتۆمان بۆ ئەو مەبەستە لە بەردەستدا نییە گوزارشتی پێ لێ بدەینەوە، بەدەر لە زاراوەی بنیاتگەریی.))(زواوي، ٢٠١٧، ٨٠) ئەم تێڕوانینەش لەمەڕ زمان، دەرئەنجامێکی زانستییانەی وای لێکەوتەوە، کە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبی لەژێر سێبەری چەمکگەلی وەک: بلیمەتی، سروش و خورپە، پێدەرهێنراو جەخت لەسەر شیکردنەوەی زانستیی بێلایەنانە بۆ ئەدەب کرایەوە.(الواد، ١٩٨٥، ٤٦- ٤٨) مەبەست لە شیکردنەوەی زانستی و بێلایەن بۆ ئەدەب، ئەو جۆرەیە لە توێژینەوە، کە تێیدا بنەماکانی وەک ڕێژەییبوون، دینامیکییەت، هەڵهێنجان و وەسفکردن جێگەی ڕەهایی، چەقبەستوویی، بەسەردابڕین و پێوانەییبوون دەگرنەوە، ئەم پرەنسیپانەش تەنها لەڕێگەی شیکردنەوەی بنیاتی زمانیی دەقەوە فەراهەم دەبێت.(الغذامي، ٢٠٠٦، ١٠٦ و١١٧)

دیسانەوەو بە سوودوەرگرتنی بەردەوام لە چەمکە بنیاتگەرییەکان، توانرا جیاوازیی نێوان هەریەک لە زانستی ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەب و کاری ئەدەبی دەربخرێت، بەوەی ((زانستی ئەدەب لە خودی ئەدەب وەک خۆی دەکۆڵێتەوە، بەڵام ڕەخنەی ئەدەب لە کارە ئەدەبییەکان دەکۆڵێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گواستنەوەی دووانەی زمانیی (زمان/ ئاخاوتن)ە بۆ نێو لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبناسی، کە لەئەنجامدا دووانەی (ئەدەب/ کاری ئەدەبی) وەک چەمکێکی تیۆریی هێنرایە کایەوە، واتە ئەدەب وەک سیستمێکی گشتی لە نیشانەکان خرایە بەرانبەر زمان، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم سیستمە گشتییەدا، کۆمەڵێک کاری ئەدەبی بەرهەم دێت، کە لە دووانەی زمان/ ئاخاوتندا بەرانبەر بە ئاخاوتن دەوەستێتەوە و شیانی ئەوەی هەیە بە پلە و ئاستی جیاواز، نمایندەی سیستمە گشتییەکە-واتە ئەدەب- بکات.))(عیاد، ١٩٩٠، ٨٨)

پێش هەر زانیارییەک لەبارەی بنیاتی زمان لە دەقدا، باشترە ئەوە بزانین، کە ((مەبەست لە فۆرمی ئەدەبی بە شێوە گشتییەکەی، ڕێکخستنی دەلالەتی واتاییە لەپێناو بەدیهێنانی بەهای هونەریی لە دەقی ئەدەبیدا.))(ستولنيتز، ٢٠٠٦، ٣٣٧-٣٣٩) بەمەش ئاسانتر لەو تێڕوانینە بنیاتگەریی-فۆرمالیستییە تێدەگەین، کە بۆچوونێکی بنەڕەتیی لەم جۆرەی بە سەنتەر گرتووەو پێیوایە: ((هەموو ئاخاوتنێکی ئەدەبی و تەنانەت هەموو ئاخاوتنێکی ئاسایی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ڕەگەزی زمانی، کە بە پەیوەندیگەلی تایبەت و دیاریکراو پێکەوە گرێدراون، هیچ ڕەگەزێکی ئەو پێکهاتەیە لە دەرەوەی ئەم پەیوەندییانەوە بوونی نییە، ئەم پەیوەندییانەش بریتین لەو فۆرمە ئەدەبییەی کە دەقی شیعر و پەخشانی لەیەکتر پێ جیادەکرێتەوە.))(بن مالك، ٢٠٠٠، ٨٠)

لێرەوە بیاتگەرە فۆرمالیستەکان لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستییانە لە فۆرم و شێوازە ئەدەبییەکان، بە ڕێکخستنی ڕەخنەی ئەدەب و دەقناسی لەگەڵ بنەماکانی زمانەوانیدا، توانییان

چەمکی هونەرییانەی ئەدەب دەستنیشان بکەن، لە ڕوانگەی ئەوەی کە ئەدەب جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانە، هەروەک (یۆری تینیانۆڤ) ڕوونی دەکاتەوە: ((لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دوو ئاستەنگی دێتە پێش: یەکەمیان ئەو ئاستەنگانەی پەیوەندییان بە کەرەستە و ماددەکەیەوە هەیە، کە بە ئاخاوتن یان وشە ناوی دەبەین، دووەمیشیان پەیوەستە بە بنیاتی خودی بەرهەمەکە خۆیەوە.))(تینیانوف،١٩٨٢، ٧٥)

ئەم ئاراستەیە لە تێڕوانینی ڕەخنەیی، گرنگی بە چەند خاڵێک دەدات و وەک بنەمای تیۆریی دەیانگرێتەبەر بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، لەوانەش (بنیات و ئەرک)، کە ئەم دووەیش لە چوارچێوەی چەمکی فۆرمدا کۆکراونەتەوە، بەومانایەی جەوهەری هونەر و ئەدەب -جا بابەتەکەی هەرچییەک بێت- بریتییە لەو فۆرمەی کە هونەرمەند لەڕێگەیەوە ناوەڕۆکی بابەتەکەی پێشکەش دەکات.))(محمود، ١٩٨٨، ١٦٥) بەمەش بایەخی لێکۆڵینەوە لە فۆرمی ئەدەبی، لەوەدا چڕدەبێتەوە، کە دەق لەڕێگەی فۆرمەکەیەوە دەناسرێتەوە، نەک شتێکی تر.(فیشر، ١٩٩٨، ٢٠٧) کەواتە فۆرم ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت و مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەرجەستەکردنی ناوەڕۆک، بە دەربڕینێکی تر، فۆرم شێوەگیربوونی ناوەڕۆک و ڕێکخراویی شێوازی ناوەوەیەتی، ئەو بنیاتەیە، کە بۆ ناوەڕۆک دەلوێنێ بوونی هەبێت.(سەعدون،٢٠١٠، ٣٠ ، هەروەها میراودەلی، ٢٠٢١، ٢٩٦)

لێرەوە چەمکی فۆرم لە ڕوانگەی فۆرمالیزمەوە بە ئامانج دەگیرێت و ناوەڕۆکیش تەنها ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە جەوهەری ئەو فۆرمە، بەمەش فۆرمالیستەکان پێیانوایە ((بەهای هەموو کارێکی هونەری لە چۆنێتیی داڕشتن و ڕۆنانی ئەو ڕەگەزانەدا دەردەکەوێت، کە ڕەسەنێتیی شێوازەکەیمان نیشان دەدات و فۆرم و بنیاتەکەی پێک دەهێنێت.))(عبدالنور،١٩٨٤، ١٥٥) بۆیە دەرککردنی لایەنی ئیستاتیکی و ئاستی داهێنان لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا، دەوەستێتە سەر ڕادەی ئەو هەستەی کە فۆرمی گشتیی بەرهەمەکە دەیبەخشێت، هەر لە ڕوانگەی ئەم تێگەیشتنە کۆنکرێتییەوە، (ئیخنباوم) ئەم چەمکە گشتییەی فۆرم دەکات بە خاڵی دەستپێک و دەڵێت: ((بە تێگەیشتن لە چەمکە نوێ و گشتییەکەی فۆرم، بەرەو تێگەیشتن لە چەمکی بنیات و ئەرک هەنگاو دەنرێت و لە چەمکی بنیات و ئەرکیشەوە بەرەو تێگەیشتن و وێنایەکی نوێ لەمەڕ پەرەسەندنی فۆرمی ژانرە ئەدەبییەکان دەچین.))(یقطین،١٩٩٧، ٢٨ ٢٩، وناظم،١٩٩٤، ٤٩)

بەم پێیەش چەمکی بنیات لای فۆرمالیستەکان تایبەتمەندیی دینامیکیبوونی دەدرێتەپاڵ، بەوەی یەکە و ڕەگەزەکان لەسەر بنەمای هاوچەشنی (تطابق) کۆنابنەوە، بەڵکوو لەسەر بنەمای کارلەیەکترکردن (تفاعل) و پێکەوەگونجان (انسجام) لەگەڵ یەکتردا دێن.(تینیانوف، ١٩٨٢، ٧٧-٧٨) بەومانایەی فۆرمی بنیات چۆنێتیی پێکەوەگونجانی ڕەگەزەکانە، کە تێیدا بەشدار دەبن. لێرەوە

ئەو گوتەزا باوەی دەڵێت: (ئەدەب ئاخاوتنێکی زمانییە) مانای خۆی وەردەگرێت، بەوەی ئەدەب بە زمان دەردەبڕدرێ و هەر لەو ڕێگەشەوە شێوەگیر (فۆرمبەند) دەبێت، بۆیە جوانیی ئەدەب لە چۆنێتیی دەربڕینەکەیدایە، دەربڕینی ئاخاوتن لە بنیاتێکی زمانیی جواندا، فۆرمێکی ئەدەبیی دیاریکراوی لێ دەکەوێتەوە، کە دەبێتە جێی بایەخی شیکردنەوەی بنیاتگەریی فۆرمالیستی.(مرزوق،٢٠٠٤، ١٢٨و١٥٩) کەواتە کاری ڕەخنەی بنیاتگەریی-فۆرمالیستی وا دەخوازێت، کە فۆرمی دەقی ئەدەبی ببێت بە بابەتێک بۆ شیکردنەوە، هەروەک (ئێخنباوم) ڕوونی دەکاتەوە: ((پرەنسیپی هەستکردن بە فۆرم، داڕشتەیەکی جیاوکمەندە (صیغة متمیزة) بۆ دەرککردنی لایەنی ئیستاتیکیی دەق.))(الخطیب، ١٩٨٢، ٤٠-٤١)

ئەم تێڕوانینەی ئیخنباوم سەرنجمان بۆ لای ئەو گوتەی (کرۆتشە) ڕادەکێشێت، کە پێیوایە: ((ئەگەر شاعیر لە وشە و یاسا بەردەستەکان دابماڵین، شتێک لەئارادا نامێنێت بە ناوی شیعرەوە، بگرە هەر هیچ شتێک بوونی نامێنێت!))(حاتم، ١٩٨٨، ١٨) ئەمەش تەکەزییە لەوەی جوانیی دەقی ئەدەبی لە بنیاتی ناوەکیدا گەڵاڵە دەبێت، کە پەیوەستە بە ڕادەی پەیوەندیی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانییەوە. لێرەوە نەک هەر دەقی شیعر وەک بنیاتێکی زمانیی ڕووت تەماشا دەکرێت، بەڵکوو پێناسەی شاعیرێتیش لە چوارچێوەی یاساکانی زمانی شیعری لە نموونەی (ئاشنایی سڕینەوە و بەرجەستەسازی)*دا سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە.

لەم ڕووەوە یاکۆبسن ئەوە دەخاتەڕوو: ((شیعر شێوەیەکە لە زمان، کە تایبەتمەندییەکەی ئاراستەکردنی خۆیەتی بەرەو فۆرم و شکڵی خۆی. شیعر بەرلە هەرشتێک هەلی ئەوە بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت، کە بەشێوەیەکی نوێ و جیاواز لە خودی زمان بڕوانین.))(بێرتێنز، ٢٠١٥، ٦٦) ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو ئەنجامەی کە (ڕۆبێرت شۆڵز) لەبارەی فۆرمەوە بەردەستی خستووە، بەوەی ((فۆرم ئیمکانییەتی بنیاتە.))(شولز، ١٩٧٧، ١٤) واتە لەڕێگەی فۆرمەوە بنیاتی دەق دەردەکەوێت و لێکۆڵەری فۆرمگەرا دەتوانێت بەو میکانیزمە زانستییانەی کە لە زمانناسییەوە وەریگرتوون بنیاتەکەی بناسێنێت و شیبکاتەوە. هەڵبەت ئەمە بەومانایە نییە، کە فۆرم تەنها بریتی بێت لە شێوە ڕێکخستنێکی باوی یەکە زمانییەکان و ئیتر وەک کۆمەڵێک هێڵ و شێوەی ئەندازەیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت! بەڵکوو لەڕاستیدا فۆرمی هەر دەقێک، خۆی لەسەر بنەمای شێوەی ڕێکخستن و پێکەوەگونجانی ڕەگەزەکانی بنیاتەکەی ڕادەگرێت، بۆیە هەمیشە گوتراوە: ((دەقی ئەدەبی جیاوازە لە هەر دەقێکی تر، بەوەی خاوەن فۆرم و بنیاتێکی زمانیی تایبەتە، کە بە ڕادەو ئاستی ئەو شیعرییەتەی تێیدا بەرجەستە کراوە دەناسرێتەوە.))(فیشر، ١٩٩٨، ٢٠٧)

---

* ئەم دوو چەمکە لە تەوەری سێیەمی ئەم بەشەدا دەخرێنە بەرباس.

## - چەمکی بنیات و تایبەتمەندییەکانی

چەمکی بنیات بەو تێگەیشتنە نوێیەی کە لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سالانی (١٩٢٣- ١٩٢٩) لای یاکۆبسن بەتایبەت و فۆرمالیستەکان بەگشتی، ئەویش لەهەوڵیاندا بۆ شیکردنەوەی تیۆوانینەکانی بازنەی زمانەوانیی پراگ و گەڕانیان بەدوای تیۆرێک، کە چەمکی فۆرم لەخۆبگرێت،(بشبندر، ٢٠٠٥، ٥٣ و ٩٨) لە ئەنجامدا گەیشتن بە چەمکی گشتیی بنیات و لەوێشەوە چوارچێوەیەکی تیۆرییان بۆ چەمکی ئەرک دیاری کرد و بەوەش کاری ئەدەبییان لەڕوانگەی (واقیعێکی بابەتیی بنیاتگەرانە) ەوە پێناسە کردەوە، کە بەکورتیی گوزارشتە لە سیستمێک لەسەر بنەمای یەکێتیی ناوەکی و لەڕێگەی پەیوەندیی ئالوگۆڕکراوی نێوان سەرجەم بەشەکانی پێکهاتەکە خۆیەوە بنیاتنراوە، جا ئیتر پەیوەندییەکانی نێوان بەشەکانی سیستمەکە، ساز (متوافق) یان ناساز (متعارض) بێت، ئەوا دواجار پەیوەندیگەلێکی یەکلاکەرەوەن بەنیسبەت چەمکی بنیات خۆیەوە.(موکاروفسکی، ١٩٨٤، ٣٨ و الخطیب، ١٩٨٢، ٦٨)

لە شوێنێکی تری ئەم توێژینەوەدا* وردتر لەسەر پرسی ئەم واقیعە بابەتییە بنیاتگەرییە ڕادەوەستین و لە پەیوەندیدا بە چەمکی هاوتەریبییەوە ڕوونی دەکەینەوە، بەڵام ئێستا و لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین، کە، بنیات** زاراوەیەکە پەیوەندیی بە چەندین بوار و زانستی جیاجیاوە هەیە و لەبنەماشدا بۆخۆی لە بیرکاری و فیزیاوە هاتووەتە ناو زیندەوەرناسی و لەوێشەوە بۆ ناو زماننانسی گوازراوەتەوە.(ئیمامی، ٢٠١٨، ٤٠٨) بۆیە وەک چۆن پەیوەندییەکانی ئەم زاراوەیە بە زانستەکانی ترەوە زۆر بەربڵاوە، هەروا بەکارهێنانەکانیشی زۆر فراوانە، کە هەڵبەت پێویست ناکات هەموو ئەو وردەکارییانە لێرەدا بخەینەڕوو! بۆیە بەلای واتا فەرهەنگی و زمانییەکەیدا ناچین، چونکە لە فەرهەنگی هەر زمانێکدا بەدوای واتاکەیدا بگەڕێین، لەیەک کاتدا ڕووبەڕووی چەندین دەلالەتی جیادەبینەوە، لەوانەش، بۆنموونە: ڕابەندیی (order)، دەستور (constitution)، ڕێکخستن (organization) تادەگات بە فۆرم Forme.(بوقرة، ٢٠٠٩، ٢٤) ئەمەش وایکردووە نەک تەنها واتای فەرهەنگیی زاراوەکە، بەڵکوو چەندین پێناسەی جۆراوجۆریش بۆ چەمکی بنیات هاتووەتە ئاراوە، لێرەوە (ڕێنێ وێلیک) لە بەشی سێیەمی کتێبی (چەمکە ڕەخنەییەکان)یدا، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە دەتوانرێت سەدان پێناسە بۆ بنیات بخرێنەڕوو، کە

---

* دەڕوانرێتە تەوەری سێیەمی ئەم بەشە.

** چەمکی زمانەوانیی زاراوەکە لە زمانی کوردی، عەرەبی و زمانە ئەوروپییەکاندا لەیەکترەوە نزیکە، لەم بارەوە دەتوانین بڵێین: زاراوەکانی (بنیات، بنیاد، نژیار) لە کوردی و (البنیة والبناء) لە عارەبیدا وەرگێڕانی زاراوەی (Structuer)ی ئینگلیزی بە ڕەسەن لاتینییەکەن.

پێیوایە جیاوازیی و دژیەکیی نێوان هەریەک لەوانە هێند بەرچاوە، وا باشترە وازیان لێ بهێنرێت و ڕاستەوخۆ لەوێوە دەست پێ بکرێت، کە پێویستیی هەر لێکۆڵینەوەیەک لەخۆیدا دابین دەکات.(ویلیک، ١٩٨٧، ٤٥) بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆچوونەی وێلیک و لەڕوانگەی ئەو پەیوەندییەوە لە چەمکی بنیات دەڕوانین، کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە زمانی و ئەدەبناسییەکاندا خۆی دەبینێتەوەو هەر لەسەر ئەو بنەمایەش چەمکە گشتییەکەی دامەزرێنراوە، بەوەی ((لە بەرهەمی ئەدەبیدا بە هەموو ئەو بەش و ڕەگەزانە دەگوترێت، کە لە پەیوەندیی بەرانبەریدان بۆئەوەی گشتێتیی ئەو بەرهەمە بهێننە ئاراوە.))(Abrama, 1999, 300- 301) لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئەو تێڕوانینە بەهەند وەربگرین، کە پێیوایە ((بنیات وێنایەکی زەینییە زیاتر لەوەی پەیوەندییەکی ماددی و هەستەکی بێت.))(فضل، ٢٠٠٢، ٩٦) هەروەک (ئەنتۆنی ویلدن)یش بەگەڕانەوە بۆ بنەمای تیۆری سیستمەکان (Systems Theory) ئەو وێنا زەینییەی بنیات دیاری دەکات و دەڵێت: ((بریتییە لەو کۆمەڵە یاسایەی کە جوڵەی بەشە جیاوازەکانی ناو سیستمێک بەرزەفت دەکات و.... ئەمەش لەزەیندا بەرجەستە دەبێت.))(عناني، ٢٠٠٣، ١٠٤)

بەم جۆرە ئەو نەریتەی فۆرمالیستەکان هێنایانەگۆڕێ، دەلاقەیەکی نوێ بوو بە ڕووی لێکۆڵینەوەی تیۆریی و ڕەخنەییدا کردیانەوە، کە توانرا لەوێوە لە فۆرمی زمانیی دەقی ئەدەبی بڕوانرێ، ئەمەش ئەنجامی پەیوەندیی ناوەکیی پێکهاتە زمانییەکانە، نەک بەرخوردی دەق لەگەڵ پێدراوەکانی دەرەوەی خۆیدا، بە واتایەکی تر لەگەڵ فۆرمالیستەکاندا تێگەیشتن بەرانبەر بە دەقی ئەدەبی گۆڕا بەوەی کە ((بنیاتێکی زمانیی سەربەخۆیە و بەتەواوەتیی جیاکراوەیە لە هەر سەرچاوەیەکی دەرەکی، کە لەپشتییەوە ئامادەیە، دەق جیهانێکی شاراوەو بەسەرخۆدا داخراوە، کە ژیان و واقیع تێیدا لە سیستمێکی پەیوەندیی زمانیدا بەرجەستە دەبن.))(ایغلتون،١٦٢،١٩٩٥)

لێرەوە لە دیوی ناوەوەی دەقەوە، فۆرمی بنیاتە زمانییەکانی وەک ڕیتم، ئاواز، وێنە و... هتد، لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا بەهەند وەردەگیرێن و ئەو چەمکە گشتییەی بنیات، دەخرێتەپاڵ دەستەواژەی (دەقی ئەدەبی)و بەوەش چەمکی (بنیاتی دەقی ئەدەبی) دادەهێنرێت، کە (تینیانۆڤ) بەوە پێناسەی کردووە: ((سیستمێکە لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی پێکەوە گرێدراو، پەیوەندیی هەر ڕەگەزێکیش بە ڕەگەزەکانی ترەوە، ئەرکی ئەو ڕەگەزە –لەناو تەواوی سیستمەکەدا وەک گشتێک– دەنوێنێت.))(راغب، ٢٠٠٣، ١٠٥)

گرنگیدان بە فۆرمی بنیاتە زمانییەکانی دەق لە چوارچێوەی پەیوەندیدا بەو ئەرکەی هەر بنیاتێکی زمانی لە دەقەکەدا دەیگێڕێت، وادەکات لەوەی (ئەرکی زمانی) ببێتە جێی سەرنج لە شیکردنەوەی بنیاتی دەقی ئەدەبیدا، بەوپێیەی هەر بنیاتێک ((کۆمەڵە ڕەگەزێکی پێکەوەگونجاوە

له پەیوەندییەکان، ئەم پەیوەندییانەش لەلایەکەوە لەسەر بنەمای پەیوەندیی هەر بەشێکی بنیاتەکەیە لەناو خودی خۆیدا و لەلایەکی ترەوە لەسەر بنەمای پەیوەندیی هەر بەشێکە لەگەڵ بەشێکی تری ناو هەمان بنیاتدا.))(فضل، ١٩٩٨، ١٢٣)

له لێکۆڵینەوەکانی دواتری فۆرمالیستەکاندا گرنگیدان بە چەمکی فۆرم، دووانەی تەقلیدیی (فۆرم/ ناوەڕۆک)ی تێپەڕاندو چیتر فۆرم بەلایانەوە ئەو قاوغە نەبوو، کە ناوەڕۆکی وەک شلەمەنییەک تێبرژێنرێت، هەروەک ئیخنباوم لەڕێگەی ڕەتکردنەوەی هاوکۆڵکەی (فۆرم: ناوەڕۆک= پەرداخ: مەی) ڕوونی کردووەتەوە.(الخطیب، ١٩٨٢، ٤٠) بەڵکوو لەبری ئەوە، فۆرم دەبێت بەو مۆرک (طابع)ەی کە ناوەڕۆک لەڕێگەیەوە خۆی دەردەخات و بەمەش یەکێتیی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک دەبێت بە دەرکەوتەیەکی هەمیشە گۆڕاو لە چوارچێوەی بنیاتێکی گشتی و سەرجەمگیردا.(فتحي، ١٩٨٦ ٣٣٤) بە واتایەکی تر پەیوەندییەکی دیالەکتیکی لەنێوانیاندا هەیە و لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەشەوە پێکهاتەیەکی نوێ دەخوڵقێت، کە ئەویش دەقی هونەرییە.

## - تایبەتمەندییەکانی بنیات:

جەختکردنە سەر پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیاتێک و پەیوەندیی ناوەکیی نێوانیان لەگەڵ یەکترو هاوکات پەیوەستبوونی پەیوەندییەکانیان بە گشتێتیی دەقەوە، بەوەی هەر ڕەگەز، بەش و پاژێکی ناو بنیاتەکە سەر بە گشتەو هەر لەنێو ئەویشدا دەتوانین لێی تێبگەین، وا دەکات لەوەی -وەک (لویس هێلمسلیڤ) ڕابەری بازنەی زمانەوانیی کۆپنهاگن پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکات- چەمکی بنیات داببڕین لەو ڕەگەزانەی کە ناچنە نێو سیستمی بنیاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دان بە سەربەخۆییەکەیدا بنرێت و ئەو تایبەتمەندییانەی بناسێنرێن، کە لەڕێگەیانەوە پارێزگاریی لە خودێتی و بتەویی سیستمە ناوەکییەکەی خۆی دەکات.(بياجة، ١٩٨٢، ٦٧)

تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بنیات وەک ئەوەی (جان پیاجێ) دەستنیشانی کردوون بریتین لە: ١-گشتێتی، ٢-گۆڕانکاریی و ٣-خۆڕێکخەری.(ابراهيم، ١٩٩٠، ٣٠) ئەم سێ تایبەتمەندییە وادەکەن لەوەی بنیات خاوەن سروشتی ئۆرگانیکی تایبەت بەخۆی بێت.(لوتمان، ١٩٩٥، ٢٨) بەم تێڕوانینەش هەموو بنیاتێک لەناوخۆیدا بریتی دەبێت لە نەسەقێک لە گۆڕانکاریی بەردەوام، کە لەبەرانبەر ئەو تایبەتمەندییانەی ڕەگەزەکانی لەیەکتر جیادەکاتەوە، خاوەنی یاسای تایبەت بەخۆیەتی، لەکاتێکدا ئەم بنیاتە وێڕای گۆڕانکارییە بەردەوام و ناوخۆییەکانی، بەڵام هەمیشە بەرپا و دەوڵەمەندتر دەبێت، بێ ئەوەی گۆڕانکارییەکان لە سنووری بنیاتەکە دەربچن یان پێویستیان بە هیچ ڕەگەزێکی دەرەوەی خۆیان هەبێت.(بياجة، ١٩٨٢، ٨- ١٦ وابراهيم، ١٩٩٠، ٦٧)

**١- گشتێتی (الكلية):** مەبەست یەکگرتوویی و یەکانگیریی ناوەکیی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیاتە، بەجۆرێکی وا کە هەموو بنیاتێک فۆرمێکی کامڵ لەناوخۆیدا وەردەگرێت، واتە هەموو بنیاتێک شێوەگیربوونێکی تەواوەتییە، نەک هەر بە تەنها کۆمەڵە یەکەیەکی سەربەخۆی بەزۆر کۆکراوەو دراوەپاڵ یەکتربێت، بەڵکوو کۆمەڵە بەشێکن لەناوخۆیاندا پەیڕەوی سیستمێکی ناوەکی دەکەن و ئەم سیستمە ناوەکییەش لەتوانایدا هەیە سروشتی بەشەکان و سروشتی تەواوکاریی خودی بنیاتەکە بەگشتی دیاری و بەرزەفت بکات. بەم جۆرە ئەم یاسایانە خاسییەتی هەمەلایەن و گشتگیرتر لەو خاسییەتانەی بەشەکانی بنیاتیان پێکهێناوە، دەدەن بە خودی بنیات. هەروەها ئەم بەشانە سروشت و خاسییەت و بەهایان لەوەوە وەردەگرن، کە لەناو ئەم بنیاتەدان و پێش چوونیان بۆ ناو بنیاتەکە و پەیوەندییەکانی، ئەم خاسییەتانەیان نەبووە.(قەتوس، ٢٠١١، ١٥٩)

دەرکەوتنی بنەمای گشتێتی لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا، لەوەدا خۆی دەنوێنێت، کە هەموو دەقێک لە کۆمەڵێک ڕەگەزی زمانیی سەرەکی و لاوەکی پێکهاتووە و سەرجەم ئەو ڕەگەزانەش لە بنیاتەکەدا لە ئاستی زمانی و پێگە و ئەرکی تایبەتی خۆیاندا سەقامگیرن، بۆیە بۆ ناسینی ڕەگەزێکی پێکهێنەری هەر دەقێکی ئەدەبی، وا پێویست دەکات پەیوەندیی ئەو ڕەگەزە لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی تری ناو هەمان سیستمی ئەو بنیاتەدا بناسین، کە ئەمەش زەینمان بۆ درکی تەواوی سیستمی ناوخۆیی دەقەکە دەگوێزێتەوەو چڕی دەکاتەوە.

**٢- گۆڕانکاریی (التحولات):** ئاماژە بەوە دەکات، کە بنیات پێکهاتەیەکی جێگیرو چەسپاوی نییە، بەڵکوو بەردەوام و بەپێی یاسا ناوەکییەکانی خۆی گۆڕانی بەسەردا دێت و لەناوخۆیدا کۆمەڵێک بنیاتی تر بەرهەم دەهێنێت و سەرلەنوێ وەک کۆمەڵێک یەکەی پێکهێنەر بەپێی ئەو یاسا ناوەکییانەی خۆی لەناو بنیاتێکی کاراتردا ڕێکیان دەخاتەوە و دایاندەڕێژێتەوە. واتە هەروەک چۆن بنیات کاریگەریی لە پێکهاتەی ئەو مادده نوێیە لە هەناوی خۆیدا دەکات، بەهەمان شێوە خۆیشی کاریگەر دەبێت بەو بارودۆخە تازەیەی خۆی، کە بە هۆی گۆڕانکارییەکەوە بەسەریدا دێت.(هوکز، ١٩٨٦، ١٣)

بەم شێوەیە گۆڕانکاریی لە بنیاتدا دەوەستێتە سەر چۆنێتیی کارکردی یاسا ناوەکییەکانی گۆڕانی ناو بنیاتەکە، کە بە هیچ شێوەیەک لە دۆخی جێگیربوون و سەقامگیریدا نامێنێتەوە. ئەمەش لە دەقی ئەدەبیدا، لەوەدا دەردەکەوێت کاتێک، کە هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی دەق ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی ببێتەوە، ئەوا بە هەمان شێوە ڕەگەزەکانی تریش گۆڕانیان بەسەردا دێت و خودی ئەو گۆڕانکارییەش بۆخۆی لە بنیاتەکەدا دەبێت بە سیستمێکی تر، کە بە هەموو شێوەیەک جیاوازە لەو سیستمەی لە بنیاتە هەوەڵینەکەدا دەرکەوتووبووە.

**٣- خۆڕێکخەریی (الضبط الذاتي):** واتە ڕێکخستنی خۆیەتیی بنیات، چونکە هەموو بنیاتێک (سەر-بە-خۆیەتی)و بۆئەوەی پێکهاتەی خۆی دەربخات و فۆرمەکەی بپارێزێت، پێویستی بە هیچ ڕەگەزێکی دەرەکی نییە کاری تێبکات، بەمانایەکی تر بۆ پێکهێنان و پاساودانی گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ناو-خۆی، پشت بە سەرچاوەی دەرەکی نابەستێت و پێویستیشی پێی نییە. چونکە توانای سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی لەژێر کۆنترۆڵی یاسا گشتییەکانی خۆیدا هەیە، تا یەکپارچەیی و بەردەوامییەکەی بپارێزێت.(الغذامي، ١٩٩٨،٢٢)

لە دەقی ئەدەبیدا خۆڕێکخەریی ئەوەیە، کە لەڕێگەیەوە دەق بەشێوەیەکی خۆبەخۆ گەشە دەکات و دەچێتە پێش، ئەمەش لە سروشتی ئەو یەکە زمانییانەدا دەردەکەوێت، کە بێ هیچ زۆرلەخۆکردنێک لەسەر بنەمای لێکچوون یان لێکنەچوون بەرەولای یەکتر دەچن و پەیوەندییە ناوەکییەکان لەنێوانیاندا دادەمەزرێت.

لەڕوانگەی ئەم تایبەتمەندییانەوە، دەتوانین پێناسەی چەمکی بنیات لە پەیوەندیدا بە دەقی ئەدەبییەوە، بەم شێوەیە بخەینەڕوو: ((بریتییە لە تۆڕی پەیوەندییەکانی هاونشینی و جێنشینیی ڕەگەزەکانی سیستمێک بە ڕەچاوکردنی پەیوەندییان لەبەرانبەر یەکتردا.))(سەفەوی، ٢٠١٨، ب٢، ٢٠) لێرەشەوە کاتێک باس لە سیستم و بنیاتی دەقی ئەدەبی دەکەین، چەمکێکی تر خۆی دەردەخات، کە ئەویش شیعرییەت و بنەماکانی شیعرییەتە، کە دیارە هاوتەریبی یەکێکە لەوان، بەمەش شیکردنەوەکان ڕووەو خودی زمانی شیعریی لە بنیاتی دەقدا ئاراستە دەکرێن، کە ئەمەش لە هەنگاوەکانی دواتری ئەم بەشەدا پتر ڕوون دەکەینەوە.

## - ڕەگەزەکانی بنیات، ئەرک و پەیوەندییەکانیان:

پرسیاری سەرەکی لێرەدا، کە لێیەوە دەست پێ بکەین، ئەمەیە: کامیان لەپێشترە، ڕەگەزە زمانییەکان یان پەیوەندییەکانی نێوان ئەو ڕەگەزانە لە بنیاتدا؟ پرسیارەکە لەکاتێکدایە، کە دەزانین ڕەگەزە زمانییە پێکهێنەرەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان، کۆمەڵێک پێدراوی پێکەوەگرێدراون و ناتوانرێ بەدابڕاویی لەیەکتر باس بکرێن، بەڵام پرسیارێکی وەها بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای چەمکێکی وەک (چەمکی ئەرک) ئاراستە دەکات، کە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا وەک پێویستییەکی بنەڕەتی خۆی دەنوێنێت و هەر ئەمەش ناچارمان دەکات کۆمەڵێک پرسیاری تر ئاراستە بکەین و بەدوای وەڵامدا بگەڕێین بۆیان، لە نموونەی: ئەرک چییە؟ چ پەیوەندییەکی بە چەمکی بنیاتەوە هەیە؟ تایبەتمەندییەکانی بنیات

کاریگەرییان لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی بنیات چییە و چۆنە؟ دواتریش ئەرکی زمانی، چۆن لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا ڕەنگ دەداتەوە؟

لە قۆناغێکی لێکۆڵینەوە فۆرمالیستییەکاندا، کە ڕۆمان یاکۆبسن، جان مۆکارۆڤسکی، فلیکس ڤۆدیکا و کەسانی تریش نوێنەرایەتیی (قوتابخانەی پراگ)یان دەکرد، جۆرە گواستنەوەیەکیان لە فۆرمالیزمەوە بۆ بنیاتگەریی نوێ نیشان دا، کە خۆی لە (بنیاتگەریی ئەرکی)دا دەبینییەوە، واتە لە یەک کاتدا پێڕەوکردنی بنەماکانی بنیاتگەریی (بنیویة)و ئەرکگەرایی (وظیفیة) بوو لەنێو زمانی دەقدا.[(اسشایفر،؟، ١٧٩)]

بەم هەنگاوە بیرۆکە فۆرمالیستییەکان فراوانتر بوون و توانرا بەشێوەیەکی چەسپاوتر ئەو بیرۆکانە لە چوارچێوەی زانستی زمانی سۆسێریدا بکرێن بە سیستمێک و لێیەوە وەک بنیاتێکی ئەرکی لە دەقی ئەدەبی بڕوانرێت، کە تێیدا دال و مەدلولەکان بە هۆی تاکە زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە پەیوەندییەوە بەڕێوە دەبرێن، کە پێویستە دواجار ئەم ئاماژانە لە بوونی خۆیاندا توێژینەوە بکرێن، نەک وەکوو ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دەرەکی.[(ئیگلتن، ٢٠١٦، ٢٢٧- ٢٢٨)]

بە تێڕوانینی بنیاتگەریی-فۆرمالیستی، بەش لە دەرەوەی ئەو گشتەی کە لە بنیاتەکەیدا ڕێکخراوە، هیچ بەهایەکی نییە، ئەمەش ئەو ڕوانینە ئێستایی (سینکرۆنی)یەیە، کە گرنگی بە سیستمی زمان و بنیاتەکەی لە دەقدا دەدات و وەکوو یەکەیەکی ئەرکی و داینامیکی لێی دەڕوانێت، هەروەک ئیخنباومیش ئەمەی ڕوون کردووەتەوە، لەوەی پرەنسیپی فۆرمالیزم (أستقرائی) نییە، بە واتا ئامانج لێی پێکهێنانی میتۆدێکی سەقامگیر نییە، بەڵکوو پێشکەشکردنی چەند نموونەیەکی پێشنیازکراوە بۆ ڕاڤەکردنی واقیعی ئەدەبی، ئەمەش شایەن بە گۆڕان دەبێت، لەبەر تیشکی شیکردنەوەیەکی هەستپێکراودا، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی تیۆریی لە ئاراستەکردنی شیکردنەوەکەدا.[(حسەین، ٢٠٠٨، ٧١)]

## - چەمکی ئەرک:

ئەرک لە زمانەوانیدا گوزارشتە لە زمان وەک بوارێکی گشتی، کە ((بریتییە لە پەیوەندیی واتایی و لێکدان و پراگماتیک لەنێوان پێکهێنەرەکانی ڕستەدا.))[(مستەفا، ٢٠٢١، ٣٧)] چەمکێکە لە یەک کاتدا دوو واتا لەخۆدەگرێت: **١- ئەرکە زمانییەکان:** ئەوەی کە مارتینێ و بۆهلەر باسیان کردووەو یاکۆبسن لای خۆیەوە پەرەی پێداوە، **٢- ئەرکە ڕێزمانییەکان:** کە لە سینتاکسی هەر زمانێکدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە پێکبەستنی دانە ڕێزمانییەکان و پێکهێنانی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی لە پەیامی زمانیدا.[(بن مالک، ٢٠٠٠، ٧٦- ٧٨)]

هیچ دیاردەو دەرکەوتەیەک لە بنیاتی زماندا بوونی دەلالی نابێت ئەگەر لە ماهییەتی خۆیدا هەڵگری ئەرکێکی تایبەت نەبێت، چونکە جگە لەوەی ئەرک پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیات دیاری دەکات، هاوکات کاریگەریی ڕەگەزەکانیش –لەڕوانگەی ئەو چالاکییانەی کە لە پێکهاتەکەدا دەیگێڕن- دەستنیشان دەکات. لێرەوە (چەمکی فۆرمی دەقی ئەدەبی) لای فۆرمالیستەکان لەسەر بنەمای ئەوە دامەزراوە، کە ((هەر یەکەیەکی ئەدەبی، لە وشەوە تا گوتار، دەبێ لە پەیوەندیدا لەگەڵ باقی یەکەکانی تردا بناسرێت و بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە.))(بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٢٢٩)

بەم چەشنە هیچ بەهایەک لە گۆڕێ نییە، کە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بنیات، بتوانن بەشێوەیەکی دابڕاو لەیەکتر بەخۆیانەوەی بگرن، بەڵکوو هەر ڕەگەزێک بەهای خۆی لە پەیوەندیدا بە ڕەگەزەکانی ترەوە بەدەست دەهێنێت، هەروەک چۆن ((ئەندامەکانی جەستە ناتوانن بوونێکی سەربەخۆیان هەبێت، بەڵکوو لە پەیوەندییەکی وەزیفیی دیاریکراودا دەتوانن وەزیفەی گشتی دیاری بکەن، بۆیە مومکین نییە ڕەگەزێک/ ئەندامێک لە ڕەگەزەکانی دی جیابکرێتەوە، ئەگینا کار لە وەزیفەی ئەندامەکانی تریش دەکات.))(ئەسوەد، ٢٠١٥، ٨٨) ئەمەش وادەکات لەوەی هەست بە پێکەوەگونجان و یەکانگیریی (انسجام)ی نێوان بەشەکانی جەستەمان بکەین، کە پەیوەندیی هەر ئەندامێک لەگەڵ ئەندامێکی تردا وا دەکات، لە یەکەیەکی گشتی و لەسەر بنەمای جیاوازیی ئەرکەکانی هەر ئەندامێک لەگەڵ ئەویتردا کۆببنەوە....(اسماعیل،١٩٧٤، ١٢٦) بەهەمان شێوە، لە دەقی ئەدەبیدا، وەک جەستەیەکی زمانی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ درک بە دیوی ئیستاتیکی ئەو پەیوەندیی و ئەرک و یاسایانە دەکەین، کە بنیاتەکە خۆی لەسەر ڕێک دەخات، بۆیە ((چەمکی بنیات لەگەڵ چەمکی ئەرکدا قەت لەیەکتر جیاناکرێنەوە، کە ئەرکی هەر یەکەیەک چ لە چوارچێوەی خۆیدا و چ لە سەرجەمی بەرهەمەکەشدا دەوری خۆی دەبینێت.))(هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ٣٦٦)

دۆزینەوەی ئەو جۆرە پەیوەندییانە، کە بە هۆیانەوە ڕەگەزەکانی بنیاتێکی دیاریکراو بەردەوامی بە خۆیان دەدەن، بریتی دەبێت لە دۆزینەوەی ئەرکی خودی بنیاتەکە خۆی. دۆزینەوەو شیکردنەوەی ئەرکی هەر ڕەگەزێک لەناو بنیاتدا، کار لەسەر بەستنەوەی سیستمی زمانی بەو ئەرکانەوە دەکات، کە دەشێ ئەو سیستمە لەڕێگەی ڕەگەزە پێکهێنەرە بنەڕەتییە جیاوازەکانییەوە ببینێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەر پێکهاتە و بنیاتێکی زمانی، بۆی هەیە ئەرکێک یان چەند ئەرکێکی جیاواز لەویتر ببینێت.(سوسیر، ١٩٨٤، ٨٨)

ئەو تێڕوانینەی کە دەبێ هەر دیاردەیەک لەڕێگەی پەیوەندییەک لەگەڵ کۆی ئەو دیاردانەی کە خۆی بەشێکە لێیان، تاوتوێ بکرێت، بنەمای میتۆدی بنیاتگەریی فۆرمالیستی لەسەر دامەزراوە، کە سیستمێکی تۆکمەی پەیوەندییە ئەرکییەکان لە بنیاتی دەقدا بەڕێوەیان دەبات.(ئەحمەدی، ٢٠٠٤، ٢٥) بۆیە ناتوانین لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی سیستمەوە باس لە هیچ جۆرە ئەرکێک بکەین، چونکە سیستم بریتییە لە شێوەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی بنیاتێک، شێوەی ڕێکخستنیش پەیوەندیی ڕێسابەندکراوی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرو بەیەکتر کاریگەرەکان لەناو بنیاتەکە لەخۆدەگرێ، کە کۆمەڵە ئەرکێکی جیاواز پێکەوەی گرێداون، بۆیە هەموو ئەمانە لەڕێگەی زانینی شێوازو مەبەستەکانی بەکارهێنانی زمانەوە بەردەست دەبێت و شایانی شیکردنەوەن.

لەبارەی ئەو ئەرکەی زمان لە دەقی ئەدەبیدا دەیگێڕێت (مۆکارۆڤسکی) لەمیانی تێڕوانینی بۆ تایبەتمەندیی خۆڕێکخەریی وەک چەمکێک لە بنیاتی دەقدا دەڵێت: ((ئەرکی ئیستاتیکی لە زمانی شیعریدا، ئەو ئەرکەیە، کە لەبنەماوە ڕووەو دەرەوەی خۆی نییە، واتە ڕووناکاتە ڕەگەزەکانی تری پرۆسەی پەیوەندیی، بەڵکوو ئەرکی زمانی شیعریی ڕووەو خودی خۆیەتی و سەرنج بەرەو لای پێکهاتەکانی خودی خۆی ڕادەکێشێت.))(موکاروفسکی، ١٩٨٤، ٣٩) هەمان ئەم بۆچوونەش لە تیۆریی پەیوەندیی و شیعرییەتی هاوشێوەبوونەکەی یاکۆبسندا جەختی لێکراوەتەوەو وەک بنەمای سەرەکی لە دەرخستنی لایەنی هونەریی دەق لێی کۆڵراوەتەوە، هەروەک ئەمە لە باسەکانی دواترو لە پەیوەندیدا بە چەمکی هاوتەریبی، ڕوون دەکەینەوە.

زمانناسی ئەمریکی (ئیدوارد ساپییر)، پرسی کارلێک و پەیوەندیی نێوان بنیات و ئەرکی زمانی ورژووانەوەو جەختی لەوە کردووتەوە، کە پەیوەندییەکەیان بە یەک ئاراستە نییە، بەڵکوو سیستمی بنیاتەکانیان شتێکە و بەکارهێنانی ئەو سیستمەش -بۆ دیاریکردنی ئەرکەکان- شتێکی ترە. واتە ئەرک (ئەوەی شتێکی دیاریکراومان هەبێت بۆ گوتن) پێش بنیات (گوتنی ئەو شتە بە شێوازێکی دیاریکراو) دەکەوێت.(مونان، ٢٠٠٢، ٤٤-٤٥)

هەر ئەرکێکی دیاریکراو، جا لە فۆرمی هەر بنیاتێکی زمانیدا بێت، واتایەکی دیاریکراو لەنێو زنجیرەی واتا زمانییەکانی بنیاتەکەدا دەبەخشێت. واتە هەر فۆرمێکی زمانی، ئەرکێکی جیاواز - لە فۆرمێکی تری زمانی- دەگێڕێت، هەروەک دەشێ هەمان ئەو فۆرمە زمانییە، کۆمەڵە ئەرکێکی لەخۆگرتبێت، کە لەڕێگەی پەیوەندیی ڕەگەزەکانییەوە بە بنیاتە ڕێزمانییەکەیەوە، پەی پێ ببرێت... هەروەک دەبینین لە فۆرمێکی زمانیی دیاریکراودا، ئەرکی دەنگ لەڕێگەی فۆنەتیکەوە درک دەکرێت و ئەرکی پیت و بڕگەکان لەڕێگەی فۆنۆلۆجییەوە و ئەرکی وشە و

مۆرفیمەکانیش لەڕێگەی مۆرفۆلۆجییەوە دەستنیشان دەکرێت و بەوشێوەیە تا دەگات بە ئەرکی بنیاتە گشتییەکە لە چوارچێوەی سیستمی گشتیی زماندا.(مونان،٢٠٠٢، ٨٨)

هێلمسلیڤ، کە زمان لەڕێگەی تیۆری مۆرفیمەوە دەناسێنێت و بەشێوەیەکی ماتماتیکیو وەک فۆرمێک -نەک وەک ماددە- مامەڵەی لەگەڵ دەکات، لەڕێگەی دیاریکردنی ئەو ئەرکەی کە واتا دەیگێڕێت، گرنگی بە شیکردنەوەی بنیاتە واتاییەکان دەدات و ئاماژە بەوەش دەدات، کاتێک فۆرمێکی زمانی دەچێتە ناو چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بنیاتێکی دیاریکراوەوە، ئەوا هەر ئەوکاتە بنیاتەکە ئەرک و واتای خۆی پێ دەبەخشێت.(حسان، ٢٠٠٦، ١٢١- ١٢٢) بەمانایەکی تر ئەو ئەرکەی کە زمان دەیگێڕێت، توانای جێگۆڕکێیان هەیە لەنێوان ئاستی دەربڕین (فۆرمی دەرەکی دەنگی)و ئەو هزرانەی کە لەژێر چەتری فۆرمی دەرەکیدا هەن.(ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠١٠، ٣٣٤و ٣٣٥و ٣٣٦)

بەگشتی دیاریکردنی ئەرکەکانی زمان پەیوەستە بە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی بنیات و سیستمەکانی پێکهاتنییەوە لە هەموو ئاستەکانی دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازیدا، بۆیە بە تێڕوانینی ئەرکگەرایی، زمان ((بریتییە لە ئامێرێک instrument کۆمەڵە ئەرکێکی جیاواز بەجێ دەهێنێت، کە هەریەک لەو ئەرکانە پەیوەندییان بە ئامانجێکی دیاریکراوی بەکارهێنانی زمانەوە هەیە، بەم پێودانگە سروشتی زمان بە مەرجێک دێتە تێگەیشتن، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئەرکییەوە لە بنیاتەکەی بکۆڵینەوە.))(اسكندر، ٢٠٠٨، ٤١) لێرەوە جەخت دەکەینەوە لە تێڕوانینی تایبەتی یاکۆبسن، کە ئاوڕی لە ئەرکەکانی زمان داوەتەوەو ئاماژەی بەوەش کردووە، کە دەبێت دەق وەک سیستمێکی ئەرکیی زمانی و بەشێوەیەکی وەسفی شی بکرێتەوەو بۆ ئەمەش وتویەتی: ((باشترین وەسف بۆ دەق، خودی دەق خۆیەتی.))(بن مالك، ٢٠٠٠، ١٣٩)

## - پێوەرەکانی دەق و ئەرکی شیعریی زمان

جۆرو شێوازی دەقەکان - هەروەک (ڤان دایک) ڕوونی دەکاتەوە- وێڕای زۆریی و جۆراوجۆرییان، هاوکات جیاکردنەوەی سنووری نێوانیشیان ناڕوون و پێکداچووە، بەوەی هەر لە قسەی ڕۆژانەی خەڵک، وتاری ڕۆژنامەوانی، ڕیکلام، نووسراوەکانی ڕێنمایی جۆراوجۆرەوە تا دەگات بە حیکایەت، چیرۆک، گوتار، کتێبەکانی قوتابخانە، قەواڵە و نووسراوە یاساییەکان، دەشێ لە چوارچێوەی جۆر و شێوازە جیاوازەکانی دەقدا قسەیان لەبارەوە بکرێت.(دايك، ٢٠٠١، ١١) لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای جیاوازیی هەریەک لەوانە، بەڵام لە یەک خاڵی جەوهەریدا هاوبەشن، ئەویش بنیاتە گشتییەکەیانە، کە بریتییە لە زمان. کەواتە زمان کەرەستەی سەرەکیی پێکهێنانی هەموو جۆرە دەقێکە چ گۆکراو یان نووسراو. هەربۆیە لەڕوانگەی بنیات و شێوازی زمانەوە

دەتـوانین دەق بەسـەر جـۆری ئـەدەبی و نائـەدەبی دابـەش بکـەین، کـە جـۆری یەکـەم شـیعرو پەخشـانی هونـەری دەگرێتـەوە و دووەمـیش هـەموو جـۆرە دەقێکـی غـەیری دەقـی ئـەدەبی دەگرێتەوە.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەمەیە: بە چ پێوەرێک ئەم جۆرە دابەشکارییەی دەق پەسەند بکەین؟ واتە ئەوە چییە وا دەکات دەقێک بە دەقێکی ئـەدەبی دابنێین و یـەکێکی تـر بـە نائـەدەبی وەسـف بکەین؟ هەبوونی پێوەرو پێوانەی پاڵپشتکراو بە تیۆرێکی زانستی بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی دەق لەیەکتر، پێویستییەکی گرنگی بەردەم هەموو لێکۆڵینەوەیەکی دەقناسییە، هەربۆیـە هەمیشـە هـەوڵی ئـەوە دراوە، پێوانەیـەکی لـەو جـۆرە بدۆزرێتـەوە، کـە بتوانرێت وەڵامێک بـەو پرسـیارە بدرێتـەوە. ئـەو هەوڵـەش لەگـەڵ لێکۆڵینـەوە فۆرمالیسـتییەکانی یاکۆبسـندا بـە ئـەنجامی خـۆی گەیشت، کە لەڕێگەیەوە توانرا بنیاتی دەق و ئەرکی زمانی بکرێت بەو پێوانەی کە بـەپێی بـەهای زاڵ (القیمة المهیمنة) لە پرۆسەی دەربڕیندا جۆرەکانی دەق پۆلێن بکرێت.(الصبیحي، ٢٠٠٨، ١١١)

بەم جۆرە تێڕوانینمان بۆ چەمکی دەق، لەڕوانگەی بنیاتگـەریی فۆرمالیسـتییەوە دەبێت، واتـە بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی پێشـوو و ئـەو پرسـیارەش، کـە ئـاخۆ دەق و بنیـاتی دەق چییـە؟ پێناسـەیەک بەردەست دەخەین، کە بتوانین ئەنجامەکەی بقۆزینـەوە بۆئـەوەی ئامـاژە بـەو پێوانـە ئـەرکی-وەسـفییەی یاکۆبسـن بـدەین، کـە بـۆ چـۆنێتیی دابەشـکردنی جۆرەکـانی دەق سـوودی لێـوەردەگرین و دواتـریش لـە هـەمان ڕوانگـەوە ئامـاژە بـە میکانیزمـەکانی شـیکردنەوە -نـەک هەڵسـەنگاندن-ی دەق دەدەیـن، بۆئـەوەش بـە پێویسـتی دەزانـین، تیشـک بخەینەسـەر ئـەو بۆچوونـەی (ژان فرانسـوا ژانـدیلۆ)، کـە لەڕێگـەی زاراوەی دەق* (Text)ەوە بـۆ دیـاریکردنی چەمکەکەی هەنگاوی ناوە، چونکە ئەم تێڕوانینە کۆمەکی باشمان دەکات تـا بتوانین سـەرنجمان زیاتر کۆبکەینەوە، بۆ تێگەیشتن لەو پێناسەی کە یاکۆبسن بۆ دەق دەیخاتەڕوو.

(ژاندیلۆ) بنەڕەتی وشەی (Text) دەگەڕێنێتـەوە بـۆ کرداری (textus: tissus)، کـە لـە چـاوگی (texere)ی لاتینییەوە وەرگیراوە و بە واتای (چنی/ چنین) دێت. ئەمـەش مانـای ئەوەیـە، وەک چـۆن کـرداری چـنین تـانوپـۆی هەیـە و تاڵـەکانی سـەروخواری یـەکتر بەشـێوەیەکی سـفت و پێکەوەپەیوەست ڕایەڵەکراون و ڕێکدەخرێن، بەهەمان شێوە دەقیش چنراوێکە، دەنگ و وشـە و

* دەق، بەرانبەر بە (نص)ی عارەبی و (Text)ی ئینگلیزییە. لەبنەمادا بە جلوبەرگێک وتراوە، کە (قەد) بکرێت و هەڵبگیرێت، پاش ماوەیەک لەسەر ئەو قەدە دەوەستێت، بەوەش دەوترێت (دەقی گرتووە) واتە تەخت بووە، یان کەسێک قسەیەک دەگێڕێتەوە ئەویتر دەڵێت: دەقی خۆیەتی، یان کەسێک خۆی دەڕازێنێتەوە، پێیدەڵێن: خۆی داوە لە دەق، کەواتە دەق لە زمانی کوردیدا بە واتای ڕازاندنەوەو چەسپبوون هاتووە.(سەجادی، ٢٠٢١، ٣٥)

ڕستەکانی بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەسەر ئاستی ئاسۆیی و ستوونی ڕیزدەکرێن و بەدواییەکدا دێن و لەئەنجامدا پارچەیەکی هونەریی لێ بەرهەم دێت و واتایەک بەدەستەوە دەدات.(خطابي، ٢٠٠٦، ١٣ و عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ٨) ئەم پێناسەیە، دەق دەخاتە نێوان جەمسەری دیاریکردن و جەمسەری بەدواییەکداهاتنەوە، ئەگەر بشمانەوێ لەڕوانگەی ئەرکییەوە لە دەق بڕوانین، ئەوا بۆی هەیە لە ڕستەیەکەوە تا سنووری کتێبێک بە دەق دابنرێت ((لەوانەیە دەق نووسراو بێت یان نەنووسراو، پەخشان بێت یان شیعر، گفتوگۆ بێت یان مەنەلۆگ، هەروەها ئاگاداری، ناونیشان، دروشم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقیش بە دەق دادەنرێن.))(فەرهادی، ؟ ، ١٨٢)

(تۆماس بالمەر) لەبارەی دەقەوە دەڵێت: ((دەق هیچ نییە بەدەر لە بەدواییەکداهاتنی یەکەی مۆرفۆلۆجیی پێکەوەگونجاو، کە شیانی چارەسەرکردنیان بە فراوانکردنی سینتاکسی ڕستە (نحو الجملة) هەیە لەڕێگەی یەکەی مۆرفۆلۆجیی خاڵبەندکراوەوە Punctuation morphemes))(بوجراند، ١٩٩٨، ١٠٢) ئەمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونە ئەرکگەراییەی (هالیدەی) یەک دەگرێتەوە، کە تێیدا تەکەزیی لە پێوەندیی لکان لە دەقدا دەکاتەوە، لەوڕێگەوە جیاوازییەکەی لەگەڵ نادەقدا دەردەخات، ((ئینجا ئەو پێوەندییە ڕێزمانی بێت یان سیمانتیکی یان لێکسیکی، لە دەقدا ڕستە بەدواییەکداهاتووەکان بە یەکترەوە دەلکێنێ و پێوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا دروست دەکات، کە هەموو پارچەکان یان ڕستەکان وەک یەکەیەکی یەکگرتوو لێدەکات، بەڵام لە نادەقدا ئەو پەیوەندییە لەنێوان ڕستەکاندا نییە.))(فەرهادی،؟، ١٨٣)

لە هەموو ئەمانەوە لەوە تێدەگەین، کە بنیاتی هەموو دەقێک ((پێکدێت لە یەکەیەکی گەورەی واتایی -ڕستەیەک و زیاتر- کە لە چەند بەشێکدا خۆی دەبینێتەوە، هەریەک لەو بەشانە لە ئاستی ئاسۆییدا بەشێوەیەک لەسەر بنەمای پەیوەندییە سینتاکسییەکان ڕێکخراون، کە لە ئاستی ستوونیدا پەیوەندییەکی واتایی و لۆجیکی لەنێوانیاندا دێتەدی.))(عەبدوڵڵا،٢٠١٦، ٢٠٣) بەم جۆرەش لەڕوانگەی فۆرم و بنیاتەوە دەتوانین پێکهاتەی هەر دەقێک دابەش بکەین بۆ:(الهادی واخرون، ٢٠١٠، ٣٣٥ و میراودەلی، ٢٠٢١، ١٩)

١. **بنیاتی دەنگی:** کە بابەتی زانستی دەنگسازی (فۆنۆلۆجی)یە.
٢. **بنیاتی وشەیی:** کە بابەتی زانستی وشەسازی (مۆرفۆلۆجی)یە.
٣. **بنیاتی ڕێزمانی:** کە بابەتی زانستی ڕستەسازی (سینتاکس)ە.
٤. **بنیاتی واتایی:** کە بابەتی زانستی واتاسازی (سیمانتکس)ە.

هەموو ئەمانەش ئەرکێک یان زیاتریان دەکەویتە سەر، کە لەڕێگەی لێکۆڵینەوەی بیناتگەریی- فۆرمالیستییەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و دەخرێنەڕوو. هەریەک لەم ئاستە زمانییانە، وەکوو بنیاتی دەق لەناوخۆیاندا پێکهاتووی کۆمەڵێک پەیوەندیی تۆکمە و ڕێکخراون، کە یەکە و ڕەگەزە بچووکەکان لەگەڵ یەکە و ڕەگەزە گەورەترەکاندا لەنێو بنیاتێکدا پێکەوە گرێ دەدات، ئەنجا هەر بنیاتێک لەوانە لەگەڵ بنیاتێکی دیکە و دیسانەوە هەموو ئەوانەش لەگەڵ یەکتردا دەچنەوە نێو هەمان نەسەقی ڕێک و سیستمی پەیوەندیی تۆکمەوە، کە هەریەک لەو بنیاتانە بە تەنها و لەناوخۆیاندا پێی دەناسرێتەوە.(فضل، ٢٠٠٢، ٩٦- ٩٧)

هەر بنیاتێکی زمانیی ئەگەر پاڵپشتکراو نەبێت بە پێوەرەکانی دەقێتی (Textuality)، کە شەرعییەتی دەقبوون بە دەق دەدەن، ئەوا وەرگر ناتوانێت جیاوازیی بکات لەنێوان کۆمەڵە ڕستەیەک، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکیی ڕیزکراون و بەدواییەکداهاتوون لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ڕستە بەدواییەکداهاتووەی کە بەپێی پێوەرەکانی دەقێتیی ڕێکخراون. گرنگترین ئەو پێوەرانەیش ئەمانەن: ڕێکخستن (ألاتساق)، گونجان (ألانسجام)، مەبەستێتی (المقصدیة)، پەسەندێتی (المقبولیة)، ناوکۆ (السیاق)، دەقئاوێزان (التناص)(بوجراند، ١٩٩٨، ١٠٣- ١٠٥ ، و نحلة، ٢٠٠١، ٥٣)، ئەمانەش لە سێ بەشدا و بەم شێوەیە، پۆلێن دەکرێن: ١-ڕێکخستن و گونجان، پەیوەستن بە دەقەوە، ٢- مەبەستێتی و پەسەندێتی، پەیوەستن بە بەرهەمهێنەرو وەرگری دەقەوە، ٣- ناوکۆو دەقئاوێزان، پەیوەستن بە بارودۆخی بەرهەمهێنان و وەرگرتنی دەقەوە. (ئەلصوبەیحی، ٢٠١٦، ٧٩ ٨٠)

ئەوەی لێرەدا جێی مەبەستە، پێوەرەکانی پەیوەست بە دەقن، واتە هەریەک لە (یەکانگیری و گونجان)، بەوپێیەی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان ئەو دوو بنەمایە و میکانیزمی هاوتەرییبیدا هەیە، هەروەک (هالیدەی و ڕوقییە حەسەن) پێنج ئامرازیان بۆ چۆنێتیی بەرجەستەبوونی یەکانگیری و گونجان لە دەقدا دەستنیشان کردووەو بەلایانەوە هاوتەریبی یەکێکە لەوانە. (halliday & Hassan, 1976, 40) واتە یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی دەق بریتییە لە لکاندنی کەرتەکان، کە بەندە بە دیاردەکانی (گەڕانەوە، ئاماژە، لەبریخستن، لادان و بەستن)، کە ڕێگای لکاندنی ڕێزمانییە، بەڵام لکاندنی لێکسیکی بە هۆی هەڵبژاردنی وشەوە دەبێت بەتایبەتیش ناوە گشتییەکان، وەک (دووبارەکردنەوە، بەکارهێنانی وشەی هاوواتا و دژواتا و گرتنەوە...)(فەرهادی،؟،٢٠٩)

بۆیە بنیاتی دەق هەر ئەوە نییە، کە لە ئاستی ڕووکەشی زمان (دەنگ، وشە، ڕستەو واتا)دا خۆی دەنوێنێت، بەڵکوو هەموو دەقێکی ئەدەبی خاوەن بنیاتێکی قووڵیشە، کە لەڕێگەی جۆرە چنینێکی تۆکمەوە تەواوی جەستەی دەقی لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی تەنیوەو پێویستە لەسەر لێکۆڵەر پەی بەو بنیاتە قووڵەیش بەرێت، کە لە فۆرمدا خۆی دەنوێنێت و هەر

ئەوەشە وا دەكات بەهای زاڵی تێیدا دەربكەوێت و بەوەش دەقێك بە ئەدەبی و یەكی تر بە نائەدەبی لە قەڵەم بدرێت، واتە بنیاتی قووڵی دەق ((گرنگترین شتە، كە چۆنێتیی جێبەجێبوونی ئەركە ئیستاتیكییەكان و ئەركی شیعرییەت بەشێوەیەكی تایبەت دەستەبەر دەكات.))(فضل، ٢٠٠٢، ٩٨) هەروەها ڕێنوێنیمان دەكات بەرەو گەیشتن بەوەی كە یاكۆبسن بە شیعرییەت*ی ناودەبات و لەم ڕوانگەوە پێیوایە: ((دەقی شیعر زمانە لە چوارچێوەی ئەركی ئیستاتیكیی خۆیدا.))(الميلود، ١٩٩٠، ١١) هەربۆیەش بەلایەوە ((بابەتی ئەدەب بریتی نییە لە ئەدەب خۆی، بەڵكوو بریتییە لە ئەدەبییەتی ئەدەب.))(الخطيب، ١٩٨٣، ١٠) ئەدەبییەتیش هەمان ئەو ئەركە شیعریی و ئیستاتیكییەی زمانە، كە دەقی ئەدەبی یان شیعری پێ دەناسرێتەوە و خۆی لە جۆرەكانی تری دەق و ئاخاوتنی ئاسایی جیادەكاتەوە، ئەوەش هەمان ئەو سیما هونەرییانەیە، كە لەڕێگەی بەهای زاڵەوە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە.

یاكۆبسن بەشێوەیەكی زانستیی ورد لە تەواوی پێكهاتە زمانییەكانی دەقی كۆڵیوەتەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای دۆزینەوەو شیكردنەوەی پەیوەندییەكان لەنێوان یەكە زمانییەكانی ئەو پێكهاتانەی كە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و ڕۆنان لەسەر ئاستی هەردوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی بنیاتنراون. بەم شێوەیە لەڕێگەی تێپەڕاندنی سنووری تەقلیدیی لێكۆڵینەوە ئەدەبییەكان -كە لێكۆڵەرانی تر نەیاندەتوانی تێیپەڕێنن- ئەو توانی پانتایی جیاوازتر لە دەقی ئەدەبیدا بدۆزێتەوە، كە پێش خۆی درك نەكرابوون، بەمەش لێكۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی لە كۆمەڵێك هەنگاوی لاساییكەرانەوە گۆڕی بۆ زانستێك، كە بەشێوەیەكی میتۆدگەرایانە لە میكانیزمەكانی پێكهێنان و ڕێگەكانی ڕۆنان و دارشتنی زمانی دەق بكۆڵرێتەوە و ئەنجامگیریی بكرێت و بتوانرێت جۆرو ژانرەكانی دەقی لەو ڕێگەوە لەیەكتر پێ جیابكرێتەوە.(ناظم، ١٩٩٤، ١٠١- ١٠٢)

یاكۆبسن هەر بەوەوە ناوەستێ، كە ڕەخنەی ئەو جۆرە هەوڵانە بكات، كە لە دەقناسیی ئەدەبیدا پشت بە پێدراوە دەرەكییەكان دەبەستن، بەڵكوو میتۆدێك بۆ لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی دەق پێشكەش دەكات و دەڵێت: ((ئەگەر بمانەوێت لێكۆڵینەوەی ئەدەبی شێوازێكی زانستییانە لەخۆبگرێت، پێویستە پێش هەموو شتێك چەمكی بەجێهێنان (الاجراء Procede) وەك تاكە

* لە لێكۆڵینەوەكاندا چەندین زاراوەی بۆ بەكارهێنراوە، وەك: پۆیەتیك، بوتیقا، تیۆری شیعر، هونەری شیعر، هونەری هەڵبەست، هونەری داهێنان، زانستی ئەدەب، شاعیرییەت، ئینشائییەت، ئەدەبییەت... دیارە چەمكی زانستیانەی هەموو ئەم زاراوانەش هێزی خۆیان لە تیۆری (Poetic)ی ئەرستۆوە وەردەگرن، كە دواتر لە ئامێزی لێكۆڵینەوە فۆرمالیستییەكاندا گیرساوەتەوەو بووە بە زانستی لێكۆڵینەوەی ئەدەبییەتی دەق.(ناظم، ١٩٩٤، ١٨)

مۆرکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی قبوڵ بکەین، دوای ئەوەش پرۆسەی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوەکە -خۆی لەخۆیدا- بریتی دەبێت لە سەلماندنی ئەو بەجێهێنانە.))[الغزالي، ٢٠٠٣،٤٤] جەختکردنە سەر بیرۆکەی بەجێهێنان و پێڕەوکردنی میتۆدگەرایی لای یاکۆبسن، بوو بە چەقی میتۆدی بنیاتگەریی- فۆرمالیستی، لەوەش زیاتر وەک (ئیخنباوم) دەڵێت: ((بیرۆکەکەی یاکۆبسن سنووری میتۆدی تێپەڕاندووەو لەبەرانبەردا وەک زانستێکی سەربەخۆ، خۆی نیشان دەدات، کە زمان لە دەقی ئەدەبیدا دەکات بە کەرەستە و بابەتی لێکۆڵینەوە.))[الخطيب، ١٩٨٢، ٥٦] نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە ئەم هەوڵە میتۆدگەراییە، لە ئامێزی زمانەوانیدا گەشەی کردووە، ئەمەش وایکردووە لەوەی زۆرجار چەمکی شیعرییەت وەک بەشێک یان وەک لقێکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی بنیاتگەریی پێناسە بکرێت، هەروەک یاکۆبسن ئەمەی جێگیر کردووەو دەڵێت: ((شیعرییەت لقێکی زمانەوانییە، بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەرکی شیعریی دەدات، نەک بە تەنها لە شیعردا، بەڵکوو لە دەرەوەی شیعریش.))[جاكبسون، ١٩٨٨، ٣٥]

زەمینەسازیی ئەم هەنگاوەی یاکۆبسن لەوێوە دەست پێدەکات، کاتێک لەمیانی وتارێکیدا بە ناونیشانی (زمانناسی و تیۆری ئەدەبی) لەساڵی (١٩٦٠) (تیۆری پەیوەندیی) خستەڕوو، کە تێیدا باس لە ڕەگەزەکانی پەیوەندیی و ئەرکە زمانییەکان دەکات، بەوەی هەر ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانە ئەرکێک لە ئەرکەکانی زمان بەجێ دەهێنێت و هیچ جۆرە پرۆسەیەکی پەیوەندیش نییە لە دەرەوەی ئەو ڕەگەزانەوە بێتەئارا یان شیانی هاتنەئارای هەبێت.[ابراهيم، ٢٠٠٨، ٦] لە ڕوونکردنەوەی ئەو تێڕوانینەشدا هێڵکارییەکی لەم شێوەیە دەخاتەڕوو:




بۆئەمەش توانیویەتی سوود لە ئەزموونەکانی پێش خۆی وەربگرێت و لەڕێگەی فراوانکردنیانەوە ئەو ئەنجامگیرییە بەدەست بهێنێت، کە بنەمای تیۆرییەکەی لەسەر دارشتووە، بۆنموونە بنەڕەتی چەمکی پەیوەندی لە تیۆرییەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە زانستییەکەی (شانوون)ی ئەندازیار، کە پسپۆری بواری تەلەگراف بووەو تێیدا چۆنێتیی پەیوەندییەکانی

لەڕێگەی شەپۆلی دەنگی و لەرەلەری کارەبایی و شێوەکانی بینین لە پەیامە دەستنووسەکاندا ڕوون کردووەتەوە.(زکریا،١٩٨٠، ٥٥) هەروەها بنەمای چەمکی ئەرک تێیدا، دەچێتەوە سەر بۆچوونەکانی (بۆهلەر) لەبواری پەیوەندیداو ئەنجایش تیڕوانینە زمانەوانییەکەی (سوسێر) ڕۆڵی سەرەکی لە ڕەنگڕێژی سەرلەبەری تیۆرییەکەدا گێڕاوە. ئەگەرچی پێش یاکۆبسن، هەریەک لە مارتینێ و هالیدەی لە بواری زمانەوانیدا باسی ئەرکەکانی زمانیان کردووەو ئەوەشیان خستووەتەڕوو، کە یەکێک لەو ئەرکانە، ئەرکی شیعریی زمانە، بەڵام یاکۆبسن تێڕوانینێکی قووڵ و فراوانتری دەربارەی ئەوە پێشکەش کردووەو توانیویەتی بەشێوازێکی ڕوونتر ئەرکی شیعریی زمان بەردەست بخات. (جبارة، ٢٠١٣، ٢٩-٣٠) لێرەدا دەتوانین ڕەگەزەکانی کردەی پەیوەندیی و ئەرکە زمانییەکان، کە لە هێڵکارییەکەی پێشوودا خستمانەڕوو، لەم خشتەیەدا کۆبکەینەوەو دواتریش بەکورتی ڕوونیان دەکەینەوە.

| ژمارەی ڕەگەزو ئەرکەکان | ڕەگەزەکانی پەیوەندی | سەرچاوەی پەیوەندی | ئەرکە زمانییەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | نێرەر | پەیام | هەڵچوونی |
| ٢ | پەیام | پەیام | شیعری |
| ٣ | وەرگر | پەیام | هاندەری |
| ٤ | پەیوەندی | پەیام | هاودڵی |
| ٥ | کۆنتێکست | پەیام | سەرچاوەیی |
| ٦ | کۆد | پەیام | میتازمانی |

یاکۆبسن ڕوونی کردووەتەوە، کە هەر جۆرە پەیوەندییەک لە فۆرمی ئاسایی خۆیدا پێکهاتووە لە پەیامێک، ئەم پەیامە لەلایەن (نێرەر)ەوە ئاراستەی (وەرگر) دەکرێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، کە هەر پەیوەندییەکی سەرکەوتوو پێویستی بەوەیە لەپاڵ هەریەک لە (نێرەر، پەیام و وەرگر)دا سێ ڕەگەزی تریش لەخۆبگرێت، ئەویش: (پەیوەندی، کۆدو کۆنتێکست).(جاکبسون، ١٩٨٨، ٢٧-٣٤، شولز، ١٩٧٧، ٣٦)

نێرەر کە پەیامێک ئاراستەی وەرگر دەکات، پەیامەکە لە کۆمەڵێک کۆد و هێما پێکهاتووە، کە لەنێوان نێرەرو وەرگردا هاوبەشە و هەردووکیان دەتوانن لێی تێبگەن، ئەم ئاراستەکردنە لەڕێگەی کەناڵێکی پەیوەندیی ماددیی و فیکری-دەروونییەوە دەبێت، کە دواجار پێویستی بە کۆنتێکستێکە لەمیانییەوە وەرگر بتوانێت لە ناوەڕۆکی پەیامەکە تێبگات.(ایغلتون، ١٩٩٥، ١٧١)

لەلایەکی ترەوە، یاکۆبسن ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە، کە هەریەک لە ڕەگەزەکانی پەیوەندی، ئەرکێکی زمانیی تایبەت بەخۆیان بەدیدەهێنن، کە پووختەی ڕوونکردنەوەکەی بەم شێوەیە دەخەینەڕوو: **ئەرکی هەڵچوونی (التعبيرية)**، کە بە ئەرکی سۆزداریش ناودەبرێت، لەنێوان نێرەرو پەیامدایە، واتە ئاراستەی پەیام ڕوو لە نێرەرە، بۆیە بۆ گەیشتنی ناوەڕۆکی پەیامەکە پێویستە بۆچوونەکانمان لەگەڵ سەرچاوە یان کۆنتێکستەکەیدا گونجاو بێت. **ئەرکی هاندەری (الافهامية)** پەیوەندیی نێوان پەیام و پەیاموەرگر ڕێک دەخات، واتە ئاراستەی پەیام ڕوو لە پەیاموەرگر دەبێت، بۆیە ئامانج لەم ئەرکەی زمان وەڵامدانەوەی وەرگرە، بەوپێیەی کە پەیامەکە ئاراستەی زیرەکی یان سۆزی ئەو دەکرێت، هەربۆیە ڕاستی و ناڕاستی ئەم جۆرە پەیامە مایەی هەڵسەنگاندن نییە.(الغزالي، ٢٠٠٣، ٤٧-٤٨) لە **ئەرکی سەرچاوەیی (المرجعية)**دا، ئاراستەی پەیام ڕووی لە بابەتی پەیامەکە دەبێت، واتە پەیوەندیی لەنێوان پەیام و ئەو بابەتەدا ڕێک دەخات، کە باس دەکرێت، ئەمەش یاسای هەموو جۆرە پەیوەندییەکە و بە بەردەوامی بۆی دەگەڕێینەوە. **ئەرکی میتازمانی (الشارحة للغة)**، تێیدا ئەرکی پەیام ڕووی لە خودی کۆدەکەیە، واتە کار لەسەر دیاریکردنی واتای نیشانەکان دەکات، چونکە پێدەچێ وەرگر لێیان تێ نەگات، بۆنموونە کاتێک وشەیەک دەخەینە نێوان کەوانەوە.(جيرو، ١٩٨٨، ٣١- ٣٤) هەرچی پەیامە **لە ئەرکی هاودڵی (التأكيدية/ الانتباهية)**دا ئەوا ڕووی لە کەناڵی پەیوەندییەکەیە، واتە مەبەست لێی بەردەوامیدان یان کۆتاییهێنان یان دڵنیابوونەوەیە لە پەیوەندییەکە، وەک ئەوەی کاتێک بۆنموونە دەڵێین: ئەلوو! دواجاریش **ئەرکی شیعری (الشعرية/ الادبية)** دێت، کە ئەمەش لە ئەنجامی دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان خودی ئەرک و پەیامەکەدا دێتەدی. واتە کاتێک ئەرکی شیعریی بەدیدێت، کە پەیامەکە ڕووی لە خودی خۆی بێت.(تادييه، ١٩٩٣، ٥٥) لێرەشەوە شیعرییەت وەک چەمکێکی زمانەوانی و ڕەخنەیی دەکەوێتە سەر ڕاستەڕێی خۆی و جێگیر دەبێت.

ئەگەرچی تیۆرییەکەی یاکۆبسن لە سەرنجی ڕەخنەگران بەدەر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ئەوەی تایبەتمەندیی گشتگیریی هەیە، بۆیە تائێستا بە باشترین تیۆرییەک لە بوارەکەی خۆیدا لە قەڵەم دەدرێت، کە تێیدا ئەرکەکانی زمان و شێوازەکانی بەدیهاتنیان لەلایەن ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندییەوە بەشێوەیەکی وەسفی و دوور لە کاریگەریی دەرەکی، چارەسەر کراوە.(بومزبر، ٢٠١٠، ١٧)

لێرەدا دەتوانین گرنگترین بنەماو پرەنسیپەکانی ئەم تیۆرییە لە پەیوەندیدا بە دەقی ئەدەبی بەگشتی و لەڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەوە، کە بۆ چەمکەکانی بنیات و فۆرم، پەیوەندی و ئەرک خستماننەڕوو، لەم چەند خاڵەدا بخەینەڕوو:

١. خوێندنەوەیەکی گشتگیر لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە دەخاتە بەردەست، کە لە زەمینەسازیی شیکردنەوەی زانستیانەی دروست بۆ دەقی شیعری، یارمەتیی توێژەر دەدات.
٢. گرنگی بە بنیاتی دەرەوە و ناوەوەی دەق دەدات، واتە لە یەک کاتدا واتای ڕواڵەتی و واتای ناوەکیی دەق لەبەرچاو دەگرێت، دوور لە هەر کاریگەرییەکی دەرەکی.
٣. گرنگییەکی زۆر بە لایەنی واتای وشە و پەیوەندییەکانی دەدات، هەروەها گرنگی بە کاریگەریی ئەو پەیوەندییە بەسەر پێکهاتەی بنیاتیی فۆرمی دەقەوە دەدات، بەمەش دەتوانرێت جیاوازیی لەنێوان وشە سەرەکییەکان و وشە لاوەکییەکاندا بکات، هەروەها بگاتە ئەوەی ئاخۆ ئەو ڕستانەی لە دەقەکەدا هاتوون سادەن، لێکدراو یان ئاوێتەن؟ ئایا بۆ واتای بنچینەیی خۆیان دانراون یان بۆ مانای خوازراو؟ لەگەڵ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی ئامرازەکانی پەیوەندیی و خستنەسەر و دانەپاڵ و... هتد، لە ڕستە جۆراوجۆرەکاندا.
٤. لەکاتێکدا تیۆرییەکە، شیکردنەوەیەکی گشتگیر لەبارەی دەقی شیعرییەوە پێشکەش دەکات، لەڕووی ئەندازە و وشە و پێکهاتنەوە، هاوکات کۆمەکی توێژەر دەکات تا بتوانێت فۆرمی بەهای زاڵ (dominant) لە دەقی ئەدەبیدا دەستنیشان بکات.(گەردی، ٢٠١٨، ٧٩- ٨٠)

لێرەوە لە ڕوانگەی ئەرکی شیعریی زمانەوە تیشک دەخەینە سەر چەمکی (بەهای زاڵ) لە بنیاتی دەق و گرنگییەکەی لە لێکۆڵینەوەی بنیاتگەریی- فۆرمالیستیدا ڕوون دەکەینەوە.

## - بەهای زاڵ و ئەرکی شیعریی زمان

داهێنانی چەمکی بەهای زاڵ، کە شانازییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یاکۆبسن، وەک خۆی ئاماژەی پێی داوە، نە بەڕێکەوت بووە، نە هەروا بەئاسانیش بووە، بەڵکوو ئەنجامی تێپەڕینە بە سێ قۆناغی بەردەوامی توێژینەوەی فۆرمالیستیدا، ئەویش: قۆناغی یەکەم: شیکردنەوەی لایەنی دەنگی لە دەقی ئەدەبیدا، قۆناغی دووەم: پرسی واتا لە چوارچێوەی شیعرییەتی دەقدا و قۆناغی سێیەم: گونجانی (integration) دەنگ و واتا لە گشت (کل)ێکدا، کە قابیلی لێکترازان و جیابوونەوەی نییە. جا لەم قۆناغەی دوایی لێکۆڵینەوەکاندا چەمکی بەها یان ڕەگەزی زاڵ دەرکەوت. ئەمەش لەمیانی تیۆری پەیوەندیدا ڕۆڵی خۆی گێڕاو لەگەڵ ئەرکە زمانییەکاندا لێی کۆڵرایەوەو کۆمەڵێک ئەنجامی تری زانستییانەی لێ بەدەست هێنرا، کە لە کۆی گشتیدا لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی شیعرییەت و بنیاتی دەقەوە پێ دەوڵەمەند کرا.(اسکندر، ٢٠٠٨، ٣٦)

بەم جۆرە فۆرمالیستەکان لە ئەنجامی گەڕانیان بەدوای هەوێنی شیعرییەتدا، واتە ئەو ماکەی وادەکات لەوەی دەقێک ببێ بە شیعر نەک شتێکی تر، توانییان پەرە بەم چەمکە بدەن، هەر ئەمەش ڕێگەی لەبەردەم زۆر باس و بابەتی نوێدا کردەوە، لەوانەش توانرا چۆنێتیی ئاڵوگۆڕی

ئەدەبییات و ئەو دینامیکییەتەی دەبێتە هۆی ئەم ئاڵوگۆڕە بەردەوامە شی بکەنەوە. هەروەها سەلماندنی ئەوەی کە گۆڕانکاریی لە بەهای زاڵدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی لە بەرهەمە ئەدەبییەکان و شێوازە ئەدەبییەکاندا.(مەحموودزادە، ٢٠٢٠، ١٧٢)

لە کاتی جەختکردنە سەر هەرکام لە ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی (بنێر، پەیام، وەرگر، سیاق، کۆنتێکست و کۆد)، ئەو ئەرکە زمانییە بەدیدێت، کە هەریەک لەو ڕەگەزانە لەخۆیاندا هەڵیانگرتووە، ئەو ئەرکە زمانییانەش بەپێی جۆری ڕەگەزەکە و سروشتی پەیوەندییەکە، گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لە پەیامی هەر پەیوەندییەکدا یەکێک لەو ئەرکانە باڵادەستیی خۆی بەسەر ئەرکەکانی تردا دەسەپێنێت، بۆنموونە: لە دەقێکی وتاربێژیدا ئەرکی هاندەری زاڵە، لە دەقێکی مێژوویی یان ڕۆژنامەوانیدا ئەرکی سەرچاوەیی زاڵە، بەڵام لە دەقی ڕەخنەییدا ئەرکی میتازمانی و هەرچی دەقی شیعریشە، ئەرکی شیعریی تێدا دەبێتە بەهای زاڵ... هەبوونی هەرکام لەو ئەرکانەی زمان لە جۆرە جیاوازەکانی دەقێکی دیاریکراودا مانای ئەوە نییە، کە ئیتر ئەرکەکانی تری تێدا بەدی نایەت، بەڵکوو هەموو ئەرکەکان لەناو هەر دەقێکی زمانیدا بوونیان هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز لەیەکتر دەردەکەون و کاریگەریی خۆیان دەنوێنن.(حساني، ٢٠١٣، ٧٦)

هەرچی تایبەت بە دەقی شیعرە، خۆی لەو ڕاستییەدا دەبینێتەوە، کە سیستمێکی پێکهاتووە لە کۆمەڵە بەهایەکی ڕێکخراو، واتە شیعریش وەک هەر سیستمێکی تر لە سیستمی بەهاکان، هەرەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تێیدا بەها دیارەکانی لە لووتکەوە بۆ بەها کەمتر دیارەکان و تا دەگات بە بەها نادیارەکانی بەرەوخوار پۆلێن کراون، بەڵام لەنێو هەموو ئەوانەدا تەنها یەکێکیان باڵادەست دەبێت، کە ئەویش دەبێت بە بەهای زاڵ و بەبێ تێگەیشتن لە چۆنێتیی بەدیهاتنی ئەو جۆرە باڵادەستییەش، ناتوانین لە شیعر -وەک شیعر- تێبگەین و لە چوارچێوەی قۆناغێکی ئەدەبی دیاریکراو، یان ئاراستە و ڕێبازێکی هونەریی دیاریکراودا پۆلێنی بکەین.(Jakopson,1987,41-6)

یاکۆبسن جەخت دەکاتەوە، کە لە دەقی شیعردا هەمیشەو بە پلەی یەکەم ئەرکی شیعریی زمان بەها زاڵەکەیە: ((ئەرکی شیعری کلیلی تێگەیشتنی شیعرییەتە لە بنیاتی دەقدا، چونکە دەبێتە بەهای زاڵی نێو تەواوی بنیاتەکەو فۆرمی گشت ڕەگەزەکانی دیکە دیاری دەکات، دەیانگۆڕێت و بەرزەفتیان دەکات، بەمەش بەهای زاڵ کامڵبوونی بنیاتی دەق لەخۆیدا زامن دەکات.))(شولز، ١٩٧٧، ١٠٥) کەواتە هەر چالاکییەکی زمانی، کە تێیدا زمان وەک ئامرازێک بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکان بەکارهاتبێت، ئا لەوێدا زمان تەنها ئەرکی پەیوەندیی بەدیدەهێنێت و ناتوانین وەک چالاکییەکی ئەدەبی لە قەڵەمی بدەین، بەڵکوو دەشێ وەک چالاکییەکی کارەکی یان زانستی لێی بڕوانین، کە

مەبەست لێی تەنها دروستکردنی پەیوەندییە، بەڵام کاتێک لە چالاکییەکی زمانیدا، زمان بۆخۆی و لەپێناو خۆیدا بەکاربێت -کە لەگەڵ ئەوەدا ئەرکی پەیوەندیشی تێدا بەدیدێت- ئەوا دەتوانین وەک چالاکییەکی ئەدەبی لێی بڕوانین، چونکە ئەوکات ئەرکی شیعریی زمان، بەهای زاڵی بنیاتەکەی دەبێت و یەکێتیی بنیاتەکە بەرجەستە دەکات و بەرهەمەکەش وەک دەقێکی هونەریی جیادەکاتەوەو تایبەتمەندی دەکات.(Jakopson,1987,41-6)

یاکۆبسن، بەهای زاڵ وەک هۆکارێکی سەرەکی بۆ شیکردنەوەی بنیاتی دەق، بەهەند وەردەگرێت، بەوەی ((ئەو ماکەیە، لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا دەوری ناوەندێتی دەگێڕێت و یەکیەتی و گشتایەتی (گشتاڵت)ی بەرهەمەکە دەستەبەر دەکات.))(مەحموودزادە، ٢٠٢٠، ١٧٢) بەمانایەکی تر بەهای زاڵ لە بنیاتی دەقی ئەدەبی و شیعریدا وەک ڕەگەزێکی تیشکۆساز (بۆري) تەماشا دەکرێت، کە توانای بەرزەفتکردن و دیاریکردن و گۆڕینی ڕەگەزەکانی تری هەیە، هەروەک یەکانگیریی و یەکگرتوویی بنیاتی دەقیش فەراهەم دەکات.))(ناظم، ١٩٩٤، ٨٠) واتە زنجیرەی ئاخاوتنی بەدواییەکداهاتووی نێو پەیامە زمانییەکە، دەبێت بە پانتاییەکی دیالەکتیکی لەنێوان دوو کۆمەڵە ڕەگەزی زمانیدا: ڕەگەزە شیعرییەکان بە ئاراستەی دەرکەوتندا دەڕۆن و دەبن بە پێشخانی دەقە ئەدەبییەکە لەڕێگەی زاڵبوونی بەسەر تەواوی ڕەگەزەکانی تردا، کە ئەمان لەبەرانبەردا دەکشێنە دواوە و دەبن بە پاشخانی دەقەکە و بەمەش ڕەگەزەکانی پێشخان خەرقێکی ناوەکیی بەرانبەر بە ڕەگەزەکانی پاشخان ئەنجام دەدەن.(اسكندر، ٢٠٠٨، ٣٦- ٣٧)

یاکۆبسن لەبارەی بایەخ و ڕۆڵی بەهای زاڵەوە دەڵێت: ((دەتوانین هۆکاری زاڵ نەک تەنیا لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی هونەرمەندێک، یان لە یاسایەکی شیعری یان لە کۆی ڕێساکانی ڕێبازێکی شیعری تایبەتدا، بەڵکوو لە هونەری سەردەمێکی تایبەتی، کە چەشنی گشتێکیش دێتەئاراوە، بدۆزینەوە.))(ئەحمەدی، ٢٠٠٤، ب١ ١٠٠) واتە بەهای زاڵ هەر ئەوە نییە، کە بنیاتی دەقێکی ئەدەبی لەویتر پێ جیابکرێتەوە، بەڵکوو دەشێ سیمای ئەدەبیی سەردەمێکی دیاریکراویشی پێ جیابکەینەوە، وەک ئەوەی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا هونەری نیگارکێشی بەسەر ئەوروپادا زاڵ بوو، بۆیە هونەرەکانی تریش بەلای هونەری نیگارکێشیدا لایان دەدایەوە، یان لە سەردەمی ڕۆمانسیزمی سەدەی هەژدەهەمدا مۆسیقا هونەری زاڵ بوو، بۆیە دەبینین شیعری ڕۆمانسی ڕووی لە مۆسیقا بوو دواتریش لە سەردەمی ئیستاتیکای ڕیالیستیدا، هونەرە ئاخاوتەییەکان زاڵ بوو، بەمەش بەها شیعرییەکانی سەردەمەکە گۆڕانکارییان تێدا بەدی کرا.(الخطيب، ١٩٨٢، ٨٢-٨٣)

بۆئەوەی بزانین لە چ کاتێکدا ئەرکی شیعریی زمان دەبێت بە بەهای زاڵ لە بنیاتی دەقێکی ئەدەبیدا، وا پێویست دەکات جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ لای ڕەگەزی پەیام لە تیۆری پەیوەندیدا،

واتە کاتێک ئاراستەی پەیام ڕووی لە خودی پەیامەکە خۆی دەبێت، ئەوکات ئەرکی شیعری زمان بەدیدێت و چەندەش ئەم ئەرکە وەک بەهای زاڵ دەربکەوێت، ئەوەندە ئاستی شیعرییەت لە دەقدا هەڵدەکشێ و بەوەش پەیامەکە بەرەو بوون بە دەقی ئەدەبی دەڕوات. بەم جۆرە کاتێک ئەرکی شیعری باڵادەستیی خۆی بەسەر ئەرکەکانی تری زماندا دەسەپێنێت ئیدی زاڵ دەبێت و زمانی پێوەر لە ڕێڕەوی ئاسایی خۆی لادەدات و ئەرکە زمانییەکە زیاتر بەرەوڕووی خۆی ئاراستە دەکات و ئاخاوتنەکە لەباری ئاساییەوە بەرەو بارێکی شیعریی تایبەت دەڕوات.[الكبيسي، ٢٠٠٤، ١٠] لەمەشدا کۆمەڵێک میکانیزمی هونەریی دەگیرێنەبەر، کە ڕوویەکی ئیستاتیکی بە دەربڕینە زمانییەکە دەبەخشن و لێرەشدا هاوتەریبی وەک یەکێک لەو میکانیزمانەی بەرهەمهێنانی شیعرییەت دەبێتە بەهایەکی زاڵ و دەکەوێتە بەرباس.

کاتێک ئەرکی شیعریی زمان لە ئاستێکی وەها بەرز لە بنیاتی دەقدا ڕەنگ دەداتەوەو دەبێت بە بەهای زاڵی بنیاتەکە، ئیدی ((سەرتاپای ئەرکەکانی تریش بەهەمان شێوەو ڕەنگی خۆی، شێوەگیرو ڕەنگڕێژ دەکات، هەروەک چۆن کاتێک گیراوەیەکی کیمیایی تێکەڵ بە کۆمەڵێک ماددە دەکرێت، بەهۆیەوە هەموو ماددەکانی تریش کارلێک لەگەڵ یەکدا دەکەن و دەگۆڕین، بێئەوەی بنیاتی گیراوە بنەڕەتییەکە خۆی، بگۆڕێت یان لەناوبچێت.))[الذهبي، ٢٠٠٥، ٣٩] هەروەها ئەوەی وادەکات سەرنج لەسەر سیاقی گشتیی پەیام لابچێت و بەرەو خودی پەیام ئاراستە ببێت، کۆمەڵێک فاکتەرە، گرنگترینیان بریتییە لە ڕیتم و هارمۆنی، واتە بوونی گونجانێکی دەنگی لەنێوان یەکە زمانییە پێکهێنەرەکانی پەیامدا وادەکات لەوەی پەیوەندیی وشەکان هەستێکی مۆسیقی بەخۆوە بگرن و ئەو هەستەیش لای پەیاموەرگر دەورووژێنن.[شولز، ١٩٧٧، ٣٧]

## - هەڵبژاردن و ڕۆنان و ئەرکی شیعریی زمان

زمان لە دەقی شیعردا خاوەنی سیستمێکی جیاوازە، ئەو جیاوازییەش لەڕێگەی بەدیهاتنی ئەرکی شیعرییەوە بەرجەستە دەبێت و دەق دەکات بە خاوەن خەسڵەتی تایبەت بە خۆی، کە لەپاڵ بنیاتە ڕواڵەتییەکەیدا، خۆی لە زەخرفە و ڕازاندنەوەدا دەبینێتەوە، هاوکات بنیاتێکی قووڵیش لە دەقدا فەراهەم دەکات، ((ئەم بنیاتە قووڵە لە تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندییەکان پێکهاتووەو هەر ئەمەش وادەکات لەوەی کاری کارێکی ئەدەبی بێت و دواجاریش شیعرییەتی تێیدا بدرەوشێتەوە.))[حمد، ؟، ١٥٣] کەواتە شیعرییەتی دەق دەوەستێتە سەر ئەو مەودایەی کە دەکەوێتە نێوان بەکارهێنانی زمان لەناو دەق و بەکارهێنانی زمان لە دەرەوەی دەق، واتە مەودای نێوان گشتێتیی زمان وەک سیستم و تایبەتێتیی ئاخاوتن وەک گوتن، دەبێت بە پێوەرێکی گرنگ لە دیاریکردنی شیعرییەتی دەقدا، لەم ڕووەوە یاکۆبسن دەڵێت: ((شیعرییەت

گرنگـی بـە بنیاتـە زمانییـەکان دەدات، هـەروەک چـۆن وێنەکێشـان گرنگـی بـە بنیـاتی وێنەکـە دەدات.))(یاکبسون، ١٩٨٨، ٢٤) ئـەنجا یاکۆبسـن دەپرسـێت: ((چـۆن دەتـوانین بەشـێوەیەکی ئـەزموونی شیعرییەت بناسێنین؟))(تودوروف، ٢٠١٢، ٤٧٣) واتـە چۆن هەست بە شیعرییەت بکەین و لە بنیاتی دەقدا بیدۆزینەوە؟ هەر یاکۆبسن خۆی وەڵام دەداتەوە: ((کاتێک دەتوانین هەست بە شیعرییەتی دەق بکەین، کە هەست بە وشە بکەین وەکوو وشە، نەک وەکوو جێگرەوە (بدیل)ی شتێک یان وەک تەقینەوەی هەڵچوونێک. کاتێک هەست بە شیعرییەت دەکەین، کە وشـەکان لـە بنیاتی دەلالییاندا لە فۆرمی ناوەوەو دەرەوەیاندا، لەوەدا کورت نابنەوە، کە کۆمەڵێک نیشانەی کتومتی حەقیقەت بن، بەڵکوو کێش و بەهایەکی هونەرییان لە خودی خۆیاندا هەبێت.))(فخرالدين، ٩٨٤، ١١٩٢-١٩٣)

مەبەست لە فۆرمی ناوەوەو دەرەوەی وشە، ئەو پرۆسـە زمانییانەیـە، کـە دیـاردەی لێکچوون و هاوساییان لە دەقدا لێدەکەوێتەوە. کەواتـە بەشێوە گشتییەکەی ئەوە ئەرک و پەیوەندییـەکانی وشـەیە، کـە هـەر لـە ئاسـتی دەنگـەوە تـا دەگـات بـە واتـا، شـیعرییەتی دەق بنیـات دەنـێن و دەریدەخـەن، بەوپێیـەی کـە لـە ئاسـتی نـاوەوەدا هاونشـینیی یەکـە زمانییـەکان، لێکچـوون و هاوشـێوەیی‌و لــە ئاســتی دەرەوەشــدا جێنشــینکردنیان، نزیکـی و هاوسـێیەتی لەنێوانیانــدا لێدەکەوێتەوە. بەم جۆرە یاکۆبسـن بۆ سـەلماندنی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی، سـوود لـە دوو چــەمکی گرنگــی تیــۆرە زمانییەکــەی سوســێر وەردەگرێــت و دەیهێنێتــە نــاو تیــۆری شـیعرییەتەکەیەوە (شـیعرییەتی هاوشـێوەبوون)و لەڕێگـەی ئـەو دوو چەمکـە دینامیکییەشـەوە بنیاتی شیعرییەتی دەق ڕوون دەکاتەوە، کە یەکەمیان دەربڕی کردەی هەڵبژاردنەو دووەمیشیان ڕۆنـان.(الزبيدي، ١٩٩٩، ١٠٠)

گرنگیـی دینـامیکیبوونی ئـەم دوو چەمکـە لەوەدایـە، کـە بنیـات و سیسـتمی زمـان بەگشـتی دەردەخەن، بەوەی کە زمان وەکوو سیستمە نیشانەییەکانی تر خاوەنی سروشتێکی دووفاقییە، واتە خاوەنی توانای هەڵبژاردنی بەشێک لە یەکە زمانییەکان و لێکدانیان لە پلەیەکی ئاڵۆزتردایە. هاوکات هەر لەڕێگەی ئەم دوو چەمکە زمانییـەوە، یاکۆبسـن توانی پەی بە کۆمـەڵێک پرس و بابەتی تر بەرێت، لەوانەش:

١. دیــاریکردنی ئــەوەی کــە هونــەرەکانی خواســتن (میتــافۆر) لەســەر بنــەمای پەیوەنــدیی هاوشـێوەیی ڕەگـەزەکان لەسـەر تـەوەرەی جێنشـینی زمـان بنیـات دەنرێـت، هـەروەها هونـەرەکانی خـوازەی ڕەهـا (میتـۆنیم) لەسـەر بنـەمای پەیوەنـدیی هاوسـێیەتی ڕەگـەزەکان لەسەر تەوەرەی هاونشینی بنیات دەنرێت. لێرەشەوە هۆکاری نەخۆشییەکانی زمانپشـێویی (الاضطرابات اللغوية) لە نموونەی ئەفازیای دۆزییەوە.

٢. هەر لەبەر ڕۆشنایی خاڵی یەکەمدا، لە شیعرییەتی دەقی شیعرو پەخشانی بەجیا کۆڵییەوەو ئەوەی خستەڕوو، کە زمان لە دەقی شیعردا زیاتر پشت بە هونەرەکانی خواستن دەبەستێت و لە دەقی پەخشانیشدا پشت بە هونەرە خوازەییەکان دەبەستێت.
٣. ئەنجا لەو ڕوانگەوە جیاوازیی نێوان زمانی شیعریی و زمانی ئاسایی دەستنیشان کردو ڕایگەیاند: ئەرکی زمانی ئاسایی سەرچاوەییە و مەبەست لێی گەیاندن و پەیوەندییە، بەڵام ئەرکی زمانی شیعری لە خودی خۆیدایە، واتە لەو جوانی و سەرنجڕاکێشییەدایە، کە هەڵگریەتی.
٤. دواجار گەیشت بەو ئەنجامەی کە زمان لە هەموو بارە جیاوازەکاندا پشت بە پەیوەندیی پێکەوەیی-ناچارانە (تلازم)ی نێوان دال و مەدلول دەبەستێت، نەک بە تەنها یەکێکیان، بۆیە ئەو پەیوەندییەی نێوان دالێک و دالێکی تر لەبەرانبەر مەدلولەکانیاندا، دەبێتە جێ بایەخی بنیاتگەریی فۆرمالیستی، واتە لەم نێوەندەدا پەیوەندیی نێوان شتەکان گرنگییان پێدەدرێت، نەک خودی شتەکان خۆیان، کە ئەمەش ئەنجامی پەیوەندییەکانی جێنشینی و هاونشینیی نێوانیانە.(بوحوش، ٢٠٠٦، ١٢١، شولز، ١٩٧٧، ٣١-٣٤ و برکة، ١٩٩٣، ٥٢، تادییە، ١٩٩٣، ٥٥- ٥٦)

کەواتە چۆنێتیی هەڵبژاردن و خستنەپاڵ یەکتری وشەکان، بایەخێکی گەورەی لە دەرخستنی شێوەی هاونشینکردنی وشەکان و شێوازی ڕۆنانیان لە بنیاتی ڕستەی شیعریدا هەیە، بەڵام ئاخۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە بنیاتی دەقدا، لەڕێگەی زمانی شیعریی و لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و ڕۆنان، چۆن بەشێوەیەکی کردەیی بەڕێوەدەچێت؟ بەکورتی دەڵێین: لە تەوەرەی هاونشینیدا دانە زمانییەکان لەسەر هێڵێکی ڕاستی ئاسۆیی لەسەر بنەمای ڕۆنان، بەشێوەیەک کە یاسا ڕێزمانییەکان تێدا لەبەرچاو گیرابێت، ڕیزدەکرێن و پەیوەندیی هاوسێیەتی و بەدواییەکداهاتن (تجاور وتتابع) لەنێوانیاندا دروست دەبێت و تایبەتمەندیی ئامادەیی و سنووردارێی (الحضورية والمحدودية) بەرزەفتیان دەکات. ئەم تایبەتمەندییە وادەکات لەوەی نەتوانرێت دوو یەکەی زمانی، لە یەک کات و لەناو هەمان پێکهاتەدا، بەیەکەوە گۆبکرێن.(بافو+ رفاتی، ٢٠١٢، ١٣٧) بەڵام لە تەوەرەی جێنشینیدا، دانە زمانییەکان لەسەر هێڵێکی ستوونی لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دێن، بەشێوەیەک کە پەیوەندیی هاوتابوون، لێکچوون، لێکنەچوون، هاوواتایی و دژواتایی (التعادل، التشابه، اللاامماثلة، الترادف والتضاد) بەرزەفتیان دەکات و بە تایبەتمەندیی پێواری (غیاب) لە پێکهاتەکەدا دەناسرێنەوە، واتە دەکەونە دەرەوەی زنجیرەی بەدواییەکداهاتنی ئاخاوتنەکەوە.(اسکندر، ٢٠٠٨، ٦٢) لێرەدا بەپێی هەردوو تەوەرە زمانییەکە تایبەتمەندییەکانی کردەی ئاخاوتن، لەم خشتەدا ڕوون دەکەینەوە:

| جێنشینی/ پارادیگم | هاونشینی/ سینتاگم |
|---|---|
| ستونی | ئاسۆیی |
| هەڵبژاردن | ڕۆنان |
| گۆڕین | ڕیزکردن |
| هاوشێوەیی | هاوسێیەتی |
| خواستن | خوازەی ڕەها |
| نائامادە | ئامادە |
| دەلالی | ڕێزمانی |

هەڵبژاردن و ڕۆنانی یەکە زمانییەکان، پرۆسەیەکی هاوسەنگە و لە چوارچێوەی چالاکیی زمانیدا بە ڕادە و شێوازی جیاواز ئەنجام دەدرێن و دەردەکەون، هەر لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەوە تا دەگات بە ئاستی سینتاکسی و دواتریش ڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانە لە ئاستی سیمانتیکدا، کە دەتوانین چوار جۆری تایبەت لە هەڵبژاردن و ڕۆنان لە ئاخاوتنی زمانیدا بەم شێوەی لای خوارەوە دەستنیشان بکەین:(الغزالي، ٢٠٠٣، ٥٤-٥٥)

١. هەڵبژاردن و ڕۆنانی ڕەگەزە تایبەتەکان (فۆن) بۆ پێکهێنانی فۆنیمەکان.
٢. هەڵبژاردن و ڕۆنانی فۆنیمەکان بۆ پێکهێنانی (مۆرفیم) وشەکان.
٣. هەڵبژاردن و ڕۆنانی وشەکان (مۆرفیم) بۆ پێکهێنانی ڕستەکان.
٤. هەڵبژاردن و ڕۆنانی ڕستەکان (سینتاکس) بۆ پێکهێنانی (لێکسیم) واتا.

کەواتە یەکە زمانییەکان بەپێی دوو سیستمی مەرجدار، کە تاڕادەیەک سەربەخۆن، لەگەڵ یەکتر پەیوەست دەکرێن. ئێمە سیستمی دەنگ یان فۆنۆلۆجیمان هەیە، کە بە یارمەتی ژمارەیەکی سنوورداری یەکەی دەنگیی بێواتا (فۆنێم) دەتوانین گەنجینەیەکی گەورەی یەکەی واتایی (مۆرفێم) وشە دروست بکەین. ئاستەکەی تر، گرێدانی ئەم یەکانەیە لەگەڵ یەکتریدا، واتە دروستکردنی ڕستە، کە ئەمیش بوار بە دروستکردنی ژمارەیەکی بێ سنوور لە دەربڕین و دەستەواژەی زمانی دەدات.(خورشید،٢٠١٠، ١٦٧)

کاتێک ئەم پرۆسە زمانییەش بە گرتنەبەری ڕێوشوێنە هونەرییەکانەوە دەبرێتە ناو بەرهەمهێنانی شیعرییەتەوە، هاوشێوەبوونی لێدەکەوێتەوە، کە بنەمای یەکەمە لە بنیاتی هاوتەریبیدا بەوەی کاتێک ئاراستەی پەیام، کە ئەرکی شیعریی زمان بەدیدەهێنێت، بەرەو خودی پەیام خۆی دەبێت، ئەوکات نێرەر بەشێوەیەکی وردتر کردەی هەڵبژاردن لە فەرهەنگی ئاوەزیی خۆیدا ئەنجام دەدات و بۆ نێو پەیامەکەی دەگوازێتەوە، بۆئەوەی بەرزترین ئاستی شیعرییەت

بەرجەستە بكات، واتە هەر كۆدێک (یەكەی زمانی: فۆنیم، مۆرفیم...) ئەركی خۆی لە ئەنجامی پەیوەندیی لەگەڵ كۆدێک (یەكەیەكی تری زمانی) پێش یان پاش خۆیدا بەدەست دەهێنێت و هیچ كامیان لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییەوە ناتوانێت ئەرک و مانای هەبێت، ئەمەش لە بچووكترین تا گەورەترین یەكەی زمانی دەڕوات.(حمودة، ١٩٩٨، ٢٢٥-٢٢٧)

بۆنموونە كاتێک دەڵێین: (خــەون)، ئەم یەكە زمانییە، كە هاوكات كۆدێكی پەیوەندیكردنە، مانـای خـۆی لـەو پەیوەندییـەوە بـە دەسـت دەهێنێـت، كـە لـەنێوان فۆنیمـەكانی (خ، ە، و، ن)دا هەیـە و بەهۆیەوە یەكانگیری و پێكەوەگونجان لەنێوانیاندا دروست بووە و لە چوارچێوەی مۆرفیمێک و لە فۆرمێكی سەربەخۆدا نیشان دراوە، دەنا ئەگەر بە شێوەی جیاجیا گوێمان لە فۆنیم (دەنگ)ە پێكهێنەرەكانی وشەی (خـەون) بێت، ئەوا هیچ واتایەكی لێ بەدەست ناهێنین، بەڵكوو دەبێ ئەو فۆنیمانە بەسەریەكەوەو وەک یەكەیەكی تەواو لـە سیاقێكی دیاریكراودا وەربگرین، ئەوكات لـە واتـای (خــەون) وەک وشــەیەكی ســەربەخۆ تێدەگــەین. بــەم شــێوەیە هــەر وشــەیەک لــەگــەڵ وشــەیەكی تــرو لــەناو پێكهاتەیــەكی گــەورەتری زمانیــدا، كــە ڕســتەیە لــە چوارچێــوەی ئــەو پەیوەندییەدا وەک كۆمەڵە یەكەیەكی بچووک (مۆرفیم) دەچنە پاڵ یـەكترو لـە سـیاقێكی گشـتیدا واتـای خۆیـان دەبەخشـن، دیسـانەوە ئـەم تێڕوانینـە بـۆ ڕسـتەیش لـە چوارچێـوەی یەكەیـەكی لە خۆی گەورەتری زمانیدا بە ڕاست دەگەڕێ و بەوەش دەق دروست دەبێت و دەقیش لـەم بەستێنەوە دەچێتە سنووری پێكهاتەیەكی زمانیی فراوانترەوە، كە ئەویش چەمكی گوتـارە، بـەم شێوەیە دەتوانین بڵێین: ((دەنگ لـەنێو وشـەدا سیاقێكی دەنگی و وشەسـازییەو وشـەیش لـەنێو ڕسـتەدا سیاقیكی پێكهاتـەیی و ڕستەسـازییەو دواجاریش ڕسـتە لـەنێو دەقدا سیاقێكی دەقی و دەلالییە.))(السراقبي، ٢٠١٩، ٨١)

دەتـوانین كـردەی هـەڵبژاردن و ڕۆنـان بگوازینـەوە نێـو بنیـاتێكی زمـانیی گـەورەتر، وەک ئـەم ڕستەیە: (ئازاد نامەكەی نووسی.) ئەمە نموونەیەكی سادەی ڕۆنـانی ڕستەسـازییە، كـە لـە سـێ چاڵی ڕێزمـانی پێكهـاتووە: (بكـەر- بـەركار- كـردار)، بـەڵام ئەگـەر هەریـەک لـەوانـە لـە ئاسـتی هەڵبژاردنـدا بـە یەكەیـەكی تـری هاوشـێوە لـە پێگـەو ئەركدا بگۆڕینـەوەو ڕسـتەكە بكـەین بـە: (پیاوەكە نانەكەی خوارد.) یـان (ژنەكە جلەكەی شووشـت.)، ئەوا ڕاسـتەوخۆ لەگەڵ شـێوازی دەستكارییەكەدا ناوەڕۆكی ڕستەكەش گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام بنیاتە بنەڕەتییەكەی بێ هیچ گۆڕانێک و وەک خۆی دەمێنێتەوە (نموونەی تێكەڵكردنی گیراوەكە لەگەڵ ماددەیەكی كیمیاویی بێهنـەوە یـاد!) واتـە چاڵـە ڕێزمانییـەكانی بنیـاتی ڕسـتەكە وەک خۆیـان دەمێننـەوە، بـەڵام ئـەو یەكانەی جێی یەكەكانی تر دەگرنەوە، گۆڕانەكە لە ئاسـتی فۆرمی وشـەكاندا دەهێننـەئارا، هـۆی

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە بنیاتی هەموو ڕستەیەکی ڕێزمانی پەیوەستە بە سیستمی زمان (لانگ)ەوە، ئەوەی بە شێوەی ئەبستراکتی ڕێزمانی دەمێنێتەوەو شیانی پڕکردنەوەی هەیە، بریتییە لە: بکەر (ئازاد، پیاوەکە، ژنەکە)، بەرکار (نامەکە، نانەکە، جلەکە)و کردار (نووسی، خوارد، شوشت)، کە هەریەک لەوانەش یەکسانی و هاوتاییەکی کۆنکریتی لەنێوانیاندا هەیە. ئەمەش دەرخەری ئەو شەنگستە زمانییەیە، کە ((ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەر ڕستەیەک بەندە بەم دوو تەوەرەوە، واتە ئەو ڕەگەزانەی لەناو ڕستەکەدا هاتوون پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیەو پەیوەندییەکیشان لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا هەیە، کە لەناو ڕستەکەدا نەهاتوون و دەتوانرا لە شوێنی هەریەک لەم ڕەگەزانە بەکارهاتبان.))(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٣٣)

بە دەربڕینێکی تر: ئەو پەیوەندییە ئاسۆییەی بنەمای ڕۆنان لە تەوەرەی هاونشینیدا لەنێوان یەکە زمانییەکاندا پێکی دەهێنێت، بریتییە لە پەیوەندیی یەکە زمانییە ئامادەکانی نێو زنجیرەی ئاخاوتنەکە (Parol)، کە لەڕێگەی ئیدراکی هەستییەوە دەناسرێنەوە و ژمارەیان لە زنجیرە بەدواییەکداهاتووەکەدا دیاریکراوە، کە لە چوارچێوەی یاسا ڕێزمانییەکاندا ڕێکخراون، بەڵام پەیوەندییە ستوونییەکان، کە بنەمای هەڵبژاردن لەسەر تەوەرەی جێنشینی لەنێوان هەمان ئەو یەکانەدا دەیهێنێتە ئاراوە، بریتییە لە پەیوەندیی پیواری ئەو یەکە زمانییانە لەگەڵ یەکەی تری دەرەوەی زنجیرەی ئاخاوتنەکە، کە لەڕێگەی هاوتایی و هاوشێوەییەوە لەناو زنجیرەی ئاخاوتنەکەدا و لەڕێگەی توانای زیهنییەوە دەرک دەکرێن و لە ئاستی زمان (Langue)دا لێیان دەکۆڵرێتەوە، ئەمەش پەیوەندیگەلێکن بە ژمارەی ناکۆتا بوونیان هەیە و دەچنە چوارچێوەی پرۆسە ئیحائییەکانەوە (associative)، کە شیعرییەتی دەق بەرجەستە دەکەن.(زکریا،١٩٨٠، ٢٣٠-٢٣١)

کەواتە شێوازی ئەو پەیوەندییەی هەڵبژاردنی وشەیەک لەنێو کۆمەڵێک وشەی هاوشێوە لەسەر تەوەرەی جێنشینی و لە پەنایەکدانانی ئەو وشانە لە تەوەرەی هاونشینیدا بەشێوەی نزیکایەتی یان هاوسێیەتی دەیهێنێتە گۆڕێ، دەکرێ ڕستەیەک لە ئەرکی پەیوەندییەوە بگوازێتەوە بۆ ئەرکی شیعریی، ئەمەش دەمانباتەوە سەر ئەوەی بڵێین: ئەگەر ئەرکی زمانی ئاسایی، سەرچاوەیی (مەرجەعی) بێت و مەبەست لێی دروستکردنی پەیوەندیی بێت، ئەوا ئەرکی شیعریی زمان لەخۆیدایەتی، واتە ئامانجی زمانی شیعریی گەیاندنی خودی پەیامەکە نییە بە وەرگر، بەڵکوو لەو یاسا ناوەکییانەدایە، کە پەیوەندیی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕێک دەخات و جوانییەک بە فۆرمی دەربڕینەکە دەبەخشێت. هەروەک (جۆن کوین)یش ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: ((بنیاتی شیعرییەت لە دەقدا ئاماژە بەو یاسایانە دەکات، کە شاعیران لە شیعرەکانیاندا بە باشترین شێوە بەکاریان دەهێنن.))(کوین، ٢٠٠٠، ٢٥٩)

ئەو یاسایانەش لە ساکارترین شێوەیاندا بریتین لەلادانەکان و زێدەکردنی ڕێسا زمانییەکان بۆ سەر زمانی ئاسایی. هاوکات (ڕیچاردز) جەخت دەکاتەوە: ((دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزانەی شیعرییەت، کە خوێنەر بەبێ ئاگا لەگەڵیاندا کارلێک دەکات، شتێکی پێویستە.))(جاکبسون، ١٩٨٨، ٨٠) چونکە ئەرکی شیعریی، کە لەڕێگەی ئەو ڕەگەزو یاسایانەی شیعرییەتەوە خۆی دەردەخات، بریتییە لە جیاوکبوون (تمیز)ی ئەو بنیاتە زمانییەی کە تەکەزیی دەکاتە سەر مەزراندنی یەکە زمانییەکان لەڕێگەی میکانیزمێکی وەک هاوتەریبییەوە.(بن خليفة، ٢٠٠٦، ٦٨) لەمەشدا کۆمەڵێک کەرەستەی شیعریی (کێش و سەروا، ڕیتم، سەرواداری و ڕەگەزدۆزی و... هتد) دەچنە چوارچێوەی بنیاتی هاوتەریبییەوە، کە لەڕێگەی بنەماکانی هاوشێوەیی و دووبارەبوونەوەوە جۆرە هاوچەشنی، پێکەوەگونجان و یەکانگیرییەک لەنێوان وشەو بیرۆکەکاندا دێنێتە ئاراوەو دەرئەنجام هەموو ئەمانە هارمۆنی، دینامیکییەت و هاوسەنگی لە دەقی شیعریدا فەراهەم دەکەن.(السد،٢٠١٠، ١٩٢)

بەم شێوەیە ئەم بنەمای هاوشێوەیی و دووبارەبوونەوەیە ((دەبێت بە ئامرازێکی گرنگی پێکهێنانی پارچەی شیعریی. لە شیعریشدا هەر پارچەیەک لە پەیوەندییەکی هاوتادایە لەگەڵ پارچەکانی تردا، واتە ئەکسێنت (نبرة)ی درێژ لەگەڵ درێژو کورت لەگەڵ کورت و... بەوشێوەیە، پەیوەست دەبن، بەمەش هەر پارچەیەک دەبێت بە یەکەیەکی پێوانەی شیعریی.))(تادییه، ١٩٩٣، ٥٦)

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە یاکۆبسن پێناسەیەک دەهێنێتەوە، کە لایەنێکی بەرینی هاوتەریبیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: ((ئەرکی شیعریی چەمکی هاوتایی (تكافؤ/ تماثل) تایبەت بە تەوەرەی جێنشینی دەخاتە سەر تەوەرەی هاونشینی و هاوتاییەکە تا چەمکی بنەڕەتیی بەدواییەکداهاتن بەرزدەکاتەوە.))(اسكندر، ٢٠٠٨، ٦٢) کردەی گواستنەوەی هاوتاییەکە لە بنەمای هەڵبژاردنی تەوەرەی جێنشینییەوە بۆ بنەمای ڕۆنانی تەوەرەی هاونشینی، ئەوە دەگەیەنێت، وەک چۆن چەمکی هاوتایی بەرزەفتی بنەمای هەڵبژاردن دەکات، بەهەمان شێوە بەرزەفتی بنەمای ڕۆنانیش دەکات و هەمان توانستی فرەیی و هەمەڕەنگیی لە واتا و دەلالەت لەنێو بنیاتی دەقدا پێدەبەخشێت.(راغب، ٢٠٠٣، ٢٧٩)

(تالبۆت تایلۆر) پێناسەکەی یاکۆبسن ڕوونتر دەکاتەوەو دەڵێت: ((بنەمای هاوتاییەکە لە کۆدی پەیوەندییەوە دەخرێتە سەر خودی پەیامەکە خۆی.))(ناظم، ١٩٩٥، ٦٦) ئەمەش پرۆسەیەکی زمانیی گرنگە و لە ئەنجامی ئەو گواستنەوەوە، بەرجەستەبوون لە زماندا بەرهەم دێت و دەرئەنجام هاوتایی لەسەر بنەمای لێکچوون/ لێکنەچوون لەنێوان یەکە زمانییەکاندا دێتەئارا و کۆمەڵە

ڕێسایەکی زمانیی نوێی پێ دادەهێنرێت، کە هاوتەریبی لە بنیاتی دەقدا لێدەکەوێتەوە، بەم شێوەیەش پرۆسەی زێدەکردنی ڕێسا لە هاوتەریبی بەولاوە شتێکی تر نییە بە چەمکە فراوانەکەی کە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەو هاوشێوەبوونی ئاخاوتنەوە بەدیدێت، کە ئەمەش دەبێتە بابەتی سەرەکیی تەوەری سێیەم و بە سەرباسی (بنیاتی هاوتەریبی و شیعرییەتی هاوشێوەبوون) گوزارشتی لێدەدەینەوە، بەڵام پێش ئەوە با جارێ لەمیانی تەوەرەی دووەمی ئەم بەشەوە، ئاوڕێک بدەینەوە لە زاراوەو چەمکی هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا.

## تەوەری دووەم

## هاوتەریبی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا

ئەگەر ئاسۆی ڕوانینمان بەرینتر بکەین و وێنایەکی گەورەتر لەمەڕ هاوتەریبی وەک چەمکێکی گشتی وەربگرین، ئەوا ڕوون دەبێتەوە، کە سیستمی ئەم گەردوونەی تیا دەژین، لەسەر بنەمای هاوتەریبی بنیاتنراوە و هەر بەوەش پایەکانی ڕاگیراوە و یەکانگیریی و پێکەوەگونجان لەنێوان بەشە جیاوازەکانیدا هێنراوەتەئارا و بەمەش هاوسەنگی تێدا بەدیهێنراوە.

لەم بارەوە (سارتەر) لە کتێبی (ئەدەب چییە؟)دا، کاتێک بەراوردی جوانیی هونەریی و جوانیی سروشتی دەکات، دەڵێت: ((زۆر سیمای هاوسەنگی و هەماهەنگیی ڕەنگ و هێڵی ڕێکوپێک لە گوڵدا -بۆنموونە- هەیە، کە هانمان دەدات لێکدانەوەی مەبەستدارمان بۆ هەریەک لەو خەسڵەتانە هەبێت.))(سارتر، ١٩٩٠، ٥١) لێرەوە ئەو هاوسەنگی و هەماهەنگییەی لە سروشتدا هەیە، ((ڕێگا بۆ مێشکی ئادەمیزاد خۆش دەکا، کە بە هۆی بەیەکەوە گونجانی گەردوونی لە کرداری ئیستاتیکیدا شتێک بەرهەم بهێنێت، هەر نەبێ کەمێ لە کارەکانی خودا بچێ.))(میراودەلی، ٢٠٢١، ٦٣)

کەواتە هاوتەریبی نەک هەر لە بنیاتی دەقی ئەدەبی و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا، بەڵکوو بنەمایەکی سەرەکییە لە بنیاتی گشتیی سروشتدا، کە دواجار لە بیرو زمان، کردارو گوفتاری مرۆڤیشدا ڕەنگی داوەتەوە. دەقی ئەدەبیش بۆخۆی بەرهەمی بیرو زمان، کارو گوفتاری مرۆڤی داهێنەرە، هاوتەریبیش وەک تایبەتمەندییەک لە بنیاتی زماندا پەنهانە، چونکە سروشتی زمان بۆ خۆی هەمیشە بەلای هاوسەنگی، هاوتایی و هاوشێوەبووندا دەیشکێنێتەوە، هەربۆیە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، هاوتەریبی وەک میکانیزمێکی ڕێکخستن و بنیاتنان لە سیستمی زمانی ڕۆژانە و زمانی شیعر و پەخشانیشدا هەبووە، جیاوازیی نێوانیشیان تەنها لە ڕادەی بەکارهێنانی هاوتەریبییەکەدا دەردەکەوێت. ئەمەش دەمێنێتە سەر ڕادەی بەکارهێنانی لەلایەن بنێرو ئاستی درککردنی لەلایەن وەرگرەوە.(دەڕوانرێتە: الورتاني، ٢٠٠٥، ١٧٧) هەربۆیە هاوتەریبی بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی بنیاتی دەقی ئەدەبی بەگشتی و دەقی شیعریی بەتایبەتی دادەنرێت، بەوپێیەی دەرخەری ڕێساکانی ئەو دابەشبوونە هاوشێوەو هاوسەنگەیە، کە ڕەگەزە زمانییەکان لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا بەشێوەیەکی هونەریی ڕێک دەخات، جا چ لە دەقی شیعر یان پەخشاندا بێت.

## هاوتەریبی و کێشەی تێرمینۆلۆجی:

بە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی زمان و زاراوە ئەدەبییەکان دەردەکەوێت، کە هاوتەریبی دوو واتا لەخۆدەگرێت: واتایەکی فەرهەنگی و واتایەکی زاراوەیی، کە لێرەدا ڕوونیان دەکەینەوە.

**<u>١- واتای فەرهەنگیی هاوتەریبی:</u>** واتای فەرهەنگی یان واتای زمانیی هاوتەریبی، لە تەواوی زمانەکاندا و لە دەرکەوتنی یەکەمیدا بریتییە لە هاوشانبوون (محاذاة) یان هاوسابوون (مجاراة).(ربابعة، ١٩٩٥، ٢٠٣٠) زۆرجاریش لە ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی واتای زاراوەکانی ڕەوانبێژی لە نموونەی (دووبارەکردنەوە Repetition، دژیەکی antithesis، ڕەگەزدۆزی alliteration، دەنگزا assonance و... هتد، ناوی دێت و بەکاردەهێنرێت. (Abrams,199911-12, 273) لە فەرهەنگی هەر زمانێکدا بەپێی تایبەتمەندییە زاراوەسازییەکەی، وشەیەک وەک زاراوە هەڵبژێردراوە، کە شیانی ئەوەی هەبێ گوزارشتی لەو چەمکە پێ بکرێت، کە تەکنیکی هاوتەریبی هەڵگریەتی و لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا نمایندەی دەکات. لە ڕەوانبێژیی دێرینی ڕۆژئاواییدا، ئەو جۆرە زاراوانەی بۆ بەکارهێنراون، کە زیاتر واتای وەک هاوشێوەیی (تشاكل)، هاوتایی (تماثل)و کەرتکردن (تقطيع)یان لەخۆگرتووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تیۆرەکانی ڕەخنەدا ئەویش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، تا ئەوەی لەئێستای زمانە ئەوروپییەکاندا بەگشتی و لە زمانی ئینگلیزیدا بەتایبەتی زاراوەی (Parallelism) بووە بە دەربڕی چەمکی هاوتەریبی. (Ghazala, 2000,75) لە زمانی عەرەبیدا بەهەمان شێوەی ئینگلیزییەکە، پاش پەرەسەندن و گۆڕانکارییە مێژووییەکان، ئێستا ئیتر لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەب و ڕەخنەیی ئەو زمانەدا، (التوازي) وەک زاراوەیەک بۆ چەمکەکە جێگەی گرتووە. (عمر، ٢٠٠٨، ٢٤٣٤-٢٤٣٥) هەرچی زمانی فارسییە، کۆمەڵێک زاراوەی وەک: (موازنە، توازی، مماثلە، برابرکردن، ماننـدکردن، همسنگی) بۆ بەکاردەهێنرێت.(دهخدا، ١٣٧٧، ٢١٧٢٩، و محلاتی، ١٣٧٨، ٤١، و معین، ١٣٨٧، ٣٥٤)

سەبارەت بە زاراوەی (هاوتەریبی) چ لە فەرهەنگی زمانی کوردی و چ لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، لەڕووی واتای زمانی یان لەڕووی واتای زاراوەییەوە بێت، دەتوانین وەک بابەتێکی نوێ لە قەڵەمی بدەین، بە جۆرێک لە ئاستی واتا فەرهەنگییەکەیدا بە گەڕانەوە بۆ زۆربەی فەرهەنگە دێرینەکانی زمانی کوردی، سەرنجی ئەوەمان داوە وشەی (هاوتەریبی)یان تێدا بەرچاو ناکەوێت! بەڵکوو زیاتر وشەی (تەریب، تەریبدان و تەریببوون) هاتووە، کە لە هەمووشیاندا واتایان دەبرێتەوە سەر جۆرە دروونێکی تایبەت بە تەقەڵی گەورە.(بڕوانە: هەژار، ١٣٦٩، ١٦٢. خاڵ، ٢٠١٧، ١٣٣. موکریانی،٢٠١٧، ٣٣٥. ڕەشید،٢٠١٣، ٩٩٢. حەسەن،٢٠٠٧، ٣٦٤) یان هاوشێوەکانی تری ئەو جۆرە لێکدانەوەیە بۆ واتای وشەکە، بەشێوەیەکی گشتی.

لەلایەکی ترەوە جگە لە بەکارهێنانی زاراوە ئینگلیزییەکە، کۆمەڵێک زاراوەی تری لەلایەن لێکۆڵەران و ڕەخنەگران و وەرگێڕە کوردەکانەوە بۆ بەکارهێنراوە، لەوانەش: (تەریبییەت، تەریبی، تەریببوون، هاوڕێکی، هاوسەنگی، هەڤبەرێتی)* بەلام ئێمە لێرەدا (هاوتەریبی)** وەکوو

* ئەوانەی ئەم زاراوانەیان بەکارهێناوە: ١- محەمەد، ئەنوەر قادر(٢٠١٨): لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی. ٢-لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاریی کوردستان (٢٠٠٦): زاراوەی ئەدەبی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر. ٣- حوسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨): ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی- کوردستانی عێراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی. ٤- عوسمان، هەرێم (٢٠١٦): لیریکی گۆران لەڕوانگەی بونیادگەریی کراوەو تەواوکارانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی. ٥-عەبدولڕەحمان، لهۆن قادر(٢٠٢١): لیریکی گۆران (هەورامی) لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە بەنموونەی شیعری بێسارانی، سەییدی، کۆماسی، تێزی دکتۆرا، سەرپەرشت: د.ئەنوەر قادر محەمەد، زانکۆی سلێمانی. ٦- کانەبی، دلێر سادق (٢٠٠٩): هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر. ٧-دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٢): شێوازو پراگماتیک، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆک. ٧-یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٠٥): دەنگی بلورینی دەق-ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی. یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٠٨): لە کولتورەوە بۆ ئەدەبییات- کۆمەڵە وتار، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨. یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٢١)، نالی ئاشنای سیرڕی قەڵەم، چاپی یەکەم، پرۆژەی هاوبەشی ناوەندی ڕەهەندو ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ، سلێمانی. ٨- عەبدوڵلا، عەبدولسەلام نەجمەدین (٢٠٠٨): شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆک. ٩- حەمەد، عەبدوڵلا خدر (٢٠١٧): دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر. ١٠-حسەین، عەلی تاهیر (٢٠٠٨): ڕەخنەی بونیادگەریی لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی. سەبارەت بە بەکارهێنانی (هاوتەریبی)یش وەک زاراوە لای وەرگێڕەکان، دەڕوانرێتە: ١- سەردار ئەحمەد گەردی لە وەرگێڕانی کتێبەکەی: ئەلڕەحمانی، ئەحمەد (٢٠٢١): تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢-عەتا قەرەداغی لە وەرگێڕانی کتێبی: ئیگڵتن، تێری (٢٠١٦): تیۆریی ئەدەبی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی. ٣- مەسعود بابایی، لە وەرگێڕانی کتێبەکەی (بابەک ئەحمەدی (٢٠٠٤): پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، سەنتەری نما، هەولێر. ٤- محەمەد تاتانی، لە وەرگێڕانی کتێبەکەی: خەلیل، ئیبراهیم مەحمود (٢٠١٧): ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، چاپی یەکەم، ناوەندی دیالۆگ، چاپخانەی کارۆ، هەولێر.

** ئەوانەی زاراوەی (هاوتەریبی)یان بەکارهێناوە: ١-بەکر، محەمەد (٢٠٠٤) کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر. ٢-فەرەج، عوسمان عەبدوڵلا (٢٠١١): ڕەهەندی شیعری لە شیعرە کوردییەکانی صافیدا، ماستەرنامە، سەرپەرشت: پ.ی.د. عەبدوڵلا خدر مەولود، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر. ٤- عەلی، دڵشاد (٢٠١٦): بنیاتی هاوتەریبی لە دەقە شیعرییەکانی ڕەشید نەجیبدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (١)، ژمارە (١٠). ٤-دەشتی، عوسمان (٢٠٢١): سالمی ساحێبقڕان-باس و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر. هەوەرها: دەشتی، عوسمان (٢٠١٢): لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر- تێکست و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر. ٥- عەبدولواحید، ئازاد (٢٠١٣): شیعرییەتی دەق مەودایەک بۆ سازاندنی زمان، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ. ٧-ئەحمەد، صافیە محەمەد (٢٠١٣): لادان لە شیعری نوێخوازی کوردیدا (١٩٨٠- ١٩٩١)، لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەرییە،

زاراوەیەکی زانستی لە هەموو ئەوانیتر بە گونجاوتر دەزانین، بەوپێیەی کە (Parallelism) بە واتای (توازي) دێت و زیاتر لەگەڵ هاوتەریبیدا، گونجاوە(دەڕوانرێتە: سەفەوی، ٢٠١٨، ١٩٥) جا بۆئەوەی پەسەندێتیی (هاوتەریبی) لە زمانی کوردیدا وەکوو زاراوەیەک لەنێو زاراوەکانی تردا، بە بەڵگە ڕوون بکەینەوە، هەوڵدەدەین لە بڕگەی دواتری ئەم تەوەرەدا لەڕووی وشەسازیی، ڕیشەناسی و زاراوەسازییەوە تیشکی بخەینەسەر و دواتر دەگەڕێینەوە بۆ واتا زاراوەییەکەی هاوتەریبی.

**<u>هاوتەریبی وەک زاراوەیەکی ڕەخنەیی:</u>** بۆ سەلماندنی پەسەندێتیی هاوتەریبی وەکوو زاراوەیەکی زانستی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، با سەرەتا لەڕووی داڕشتەی مۆرفۆلۆجییەوە لێی ورد ببینەوە، کە پێکهاتووە لە: (هاو+ تەریب+ ی)، لەمەشدا: ١- هاو: پێشگرە، دەچێتە سەر سیفەت و واتاکەی وەک خۆی لێدەکات. واتە بکەر لە واتاو مەبەستی وشەکەدا بەشداری دەکات و هاوبەش دەبێت.(هەرشەمی، ٢٠٢٢، ٩٦٤) ٢-تەریب: وشەیەکی سادەیە، لە ڕووی فەرهەنگییەوە واتای (جۆرە درووونێکی تایبەت بە تەقەڵی گەورەی پێچەڵپێچ) دەگەیەنێت، ئەمەش بە لێکدانەوەی ئیتمۆلۆجی* دەچێتەوە سەر وشەی (تضریب)ی عەرەبی، کە یەکێکە لە واتاکانی دروون (خیط) لەو زمانەدا.(کوردستانی، ١٣٨٨ ،٣٨٥، و هەرشەمی، ٢٠٢٢،٨٤١) ٣-پاشگری (ی) مۆرفیمێکی وشەداڕێژەو وشەکەی لە بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناوەوە گۆڕیوە بۆ ناو.

بەم جۆرە دەردەکەوێت، واتای بنەڕەتیی (هاوتەریبی) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەروەکوو عەرەبییەکە پەیوەندیی بە (درووومان)ەوە هەیە و جۆرە درووونێکە بە تەقەڵی درشت و پێچەڵپێچ وتراوە، کە شێوەی (زەڕب) دروست دەکات و بۆ بەیەکدادرووونی دوو پارچەیە، جا لەبەرئەوەی ئەو دوو پارچەیە لە ڕێکی یەکترن، بۆیە ئیتر تەریب واتای (بەرانبەریەک)و (ڕێکیەک)

---

زانکۆی کۆیە. ٦- میرزا تۆفیق، ئاڤان عەلی (٢٠١٢): چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی. ٨- کاکی، حەمەنوری عومەر (٢٠١٢): شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠- ١٩٧٠ لێکۆڵینەوەیەکی شێوازو شێوازگەرییە لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی. ٩- خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠٠٩): شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر. ١٠- میراودەلی، کەمال (٢٠٢١): شیعرناسی بە شیعر- لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە ئیستاتیکای شیعر، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کتێبفرۆشیی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، هەولێر. لە کرمانجیی ژووروودا هەمان ئەم زاراوەیە لە شێوەی (هەڤتەریبی)دا بەکاردەهێنرێت.

* ئیتمۆلۆجی= ڕیشەناسیی وشە: واتە لێکۆڵینەوە لە پەیدابوون و وەرگرتن و ئەو دەورانەی کە وشەیەک پێیدا تێپەڕیوە.(حاجی مارف، ١٩٧٥، ٢٥)

Parallelی وەرگرتووە. ئێستەش بەم دواییانە لە کوردیی نوێدا (تەریب= موازي) و (هاوتەریب= متوازي)* بوونەتە زاراوەی زانستی.(پێنجوێنی، ٢٠٢١، لینک)

هەرچی دەلالەتی تێرمینۆلۆجی** وشەکەیە، کە ئیتر وا دەبێت، بتوانین وەکوو زاراوەیەکی زانستی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بەکاری بەرین، دەتوانین بڵێین: زاراوەی هاوتەریبی لە زمانی کوردیدا لە ڕۆحی زاراوە ئینگلیزییەکەوە (Parallelisme)*** نزیکترە تا ئەوانیتر، بەوپێیەی لە خودی خۆیدا گوزارشت لە تایبەتمەندیگەلێکی وەک (هاوشێوەیی، هاوتایی، هاوجێی، یەکسانی، هاوڕێکی و گونجان) دەکات، کە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە و هی دیکەی نزیک لە سروشتی ئەوانەوە، لە میانی چەمکە ئەدەبییەکەیدا ڕەنگیان داوەتەوە.(Abrams,1999,273)

**٢. واتای زاراوەیی هاوتەریبی:** زاراوەی هاوتەریبی، وەک زۆربەی زاراوەکانی تر لە بواری بیرکاری و بەتایبەتیش لەبواری ئەندازەسازییەوە پەڕیوەتە نێو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانەوە، کە لەبنەمادا و لەڕوانگەی ئەو زانستانەوە گوزارشت لە پەیوەندیی دوولایەنەی نێوان دوو ڕاستەهێڵ دەکات، کە لە بۆشاییەکی دیاریکراودا تا ناکۆتا درێژدەبنەوە بێ ئەوەی لە هیچ خاڵێکدا بەریەکتر بکەون، ئەمەش لە زمانی زانستیی بیرکاریدا بە دوو هێڵی هاوتەریب و بە هێمایەکی وەک (ABC || DEF) گوزارشتی لێدەکرێت.(سلیمان، ٢٠٠١، ٤٥)

---

* واتای وشەی (التوازي) لە فەرهەنگی دووزمانیی (عەرەبی-کوردی)و (کوردی-عەرەبی)یەکاندا، بەم جۆرە هاتووە: ڕێکی، هاوڕێکی، بەرانبەریەکتری-بوون، بەرامبەریەکتربوون، تەریب، تەریبدان، تەریببوون...(موکریانی، ٢٠١٧، ١٥٣ و عەبدوڵلا، ١٩٨٨، ٤٨. و حەبیب، ٢٠٠٢، ٤٦. و کەریم، ٢٠٠٦، ١٤٨. و موکریانی، ٢٠١٢، ٤٩٥. و نیزامەددین، ١٩٩٠، ١٣٦. و جاف و ئەوانیتر، ٢٠٠٨، ١٥١)

** واتە دەرخستنی پەیوەندیی نێوان زاراوە زمانییەکەو ئەو چەمکەی کە دەبێ بیگەیەنێت.(ثامر، ١٩٩٤، ١٦٩- ١٧٠)

*** زاراوەی Parallelisme، بنچینەیەکی یۆنانی-لاتینیی کۆنی هەیە، پێکهاتووە لە: (pareil)، بە واتای (هەمان شت، یان هەر ئەو شتە)، بەشی دووەمیش، کە گۆڕاوی وشەی (egal)یە، بە واتای (یەکسان، گونجان، لەگەڵ)و (تەریب) دێت. ئەوەی لەم گۆڕانکارییانەدا بەسەر هەردوو وشەکەدا هاتووەو جێی سەرنجە ئەوەیە: لە وشەی (Pareil) پێشگری (Para) ماوەتەوە، کە چەند واتایەک دەگەیەنێت:١-هاوشێوە، وەکیەک و یەکسان لەباری دووری و چەندێتی و بەهادا. ٢-لێکچوون و وەکیەکی و هاوڕەگەزیی و گونجان لەباری دەرکەوتن و ڕوونی و چۆنێتیدا. ٣-تەریبی و یەکسانی لەباری بەرزی و هێزدا. ٤-هاوسەری و هاوڕێیەتی و هاوکێشی لەباری قەبارەو دادپەروەری و یەکسانی لەنێوان دوو کەسدا. ٥-هاوجووتی و هاوجێی کۆمەڵەڕستەیەک لەگەڵ یەکدی لەباری بنیات و پێکهاتەوە. کەواتە پێشگری (Para) بخرێتەسەر هەر وشەیەک، وشەکە واتایەک لەو واتایانە لەخۆدەگرێت، وەک: (هاوشێوەیی، هاوچەشنی، هاویەکی، هاوتایی، هاوسەنگی، هاودەقی، هاوڕەنگی، هاودەنگی، هاونرخی، هاوسەری، هاوجۆری، هاوشانی، هاوجێی، هاوشوێنی...هتد)، هەریەک لەمانەش ئەگەر خودی هاوتەریبی خۆی نەبن، ئەوا بێگومان بنەمای سەرەکین لە پێکهێنانی هاوتەریبیدا. بەم جۆرە چ لەڕوانگەی دارشتەی مۆرفۆلۆجی، چ لەڕوانگەی تێرمینۆلۆجییەوە بێت، زاراوەی (هاوتەریبی)ی کوردی زۆر لە واتای (پاراڵێلیزم)ەکە نزیک دەبێتەوە.(بلعابد، ٢٠٠٩، ٤١- ٤٢، هەروەها: https://torjoman.com/dictionary/ar/search/arabic-romanian/egal)

کەواتە واتای زاراوەیی هاوتەریبی، ئاماژە بۆ دوو بەش یان زیاتر دەکات لە بنیاتێک، کە هەر بەشەو لەناوخۆیداو لەگەڵ بەشەکانی تردا هاوتا و بەرانبەرن لە شێوەو شێوازی دەرکەوتنیاندا، ئیتر ئەو تەریبییە لەسەر بنەمای لێکچوون و وەکیەکی بێت یان لەسەر بنەمای لێکنەچوون و دژیەکی بێت، بەومانایە ئەگەر (تەریبی) بریتیی بێت لە هاوتابوونی دوو شت یان زیاتر لەگەڵ یەک و بەرانبەر یەکتر، ئەوا مەرج نییە ئەو دوو شتە بەشێک بن لە پێکهاتەی هەمان بنیات، بەڵام کە دەگوترێت (هاوتەریبی) ئەوا دەبێت دوو بەش یان زیاتر، لەناو بنیاتێکدا لە کۆمەڵێک سیمای وەک: هاوشێوەیی، هاوجووتی و هاوسێیەتی و...هتد، هاوتای یەکتربن و هاوکات بەشێکیش بن لە پێکهاتەیەکی گەورەتری هەمان ئەو بنیاتە خۆی، کە ئەویش لە هەمان ئەو سیما بەشەکییانەدا هاوبەش و هاوسیما دەبێتەوە، ئیتر بنیاتە گشتییەکە هەرچییەک بێت: (فەزایەکی ماتماتیکی، شێوەیەکی ئەندازەیی، ماددەیەکی کیمیایی یان دەقێکی ئەدەبی... هتد).

بەم جۆرە هاوتەریبی وەک زاراوەیەک لە چوارچێوەی شیکردنەوەی بنیاتی دەقی ئەدەبیدا بریتی دەبێت لە: ((هاوجێی بنیاتەکان، دووبارەبوونەوەی یەکسان، هاوڕێکیی بنیاتیی تەواو یان ناتەواو...))(Abrams,1999,273) کەواتە هاوتەریبی بەم دەربڕین و چەمکەی لە ڕەخنەی نوێدا بەگشتی پێی دەناسرێتەوە، پەیوەستە بە سەردەمی ئێستامانەوە، کە ((لە لێکۆڵینەوە نوێکاندا زاراوەی هاوتەریبی (التوازي) بووەتە ئەلتەرناتیڤێکی زمانی و جێگای ئەو چەمکانەی گرتووەتەوە، کە لە ڕەوانبێژیدا تەکنیکی هاوسەنگی و بەرامبەری بنیات دەنێن.))(میرزاتوفیق، ٢٠١٢، ٢٠٧) دەنا لە ڕووی مێژووییەوە چەمکەکە بە کۆمەڵێک وێستگەی جیاجیادا تێپەڕیوە، هەروەک لەم بارەوە (کوودن) واتای زاراوەیی (Parallelisme)ی ڕوون کردووەتەوە و وەک بنەمایەکی تایبەت لە دەقی شیعردا بەگشتی و شیعری عیبری بەتایبەتی لە قەڵەمی داوە، ((کە لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوە و بەدواییەکداهاتنی ڕستەیەک یان چەند ڕستەیەکی خاوەن یەک پێکهاتەی هاوشێوە لەنێو هەمان بنیاتی زمانیدا دادەمەزرێت و لەوڕێگەوە هاوسەنگی و یەکانگیریی لەنێوان پێکهاتەکانیدا بەدیدەهێنێت، هەروەک لە سفرەکانی (ئیشعیا)دا ئەمە بەرچاو دەکەوێت.))(Cuddon,2013, 511) هەروەها (سیلڤیا)یش دیسانەوە ئەوەی ڕوون کردووەتەوە، کە هاوتەریبی یەکێکە لە سیما سەرەکییەکانی سروودە تەوراتییەکان و چەمکەکەی وەک دیاردەو تایبەتمەندییەکی شێوازناسیی دێرین پێناسە کردووە و پێیوایە هەر ئەو دەرکەوتنە تایبەتمەندەی وایکردووە لەوەی زۆرجار زاراوەکە بەجۆرێک لەجۆرەکان ناڕوون بێتە بەرچاو.(Ballard,2007,56)

کەواتە زاراوەو چەمکی هاوتەریبی پاش تێپەڕینی بە ڕەوتێکی مێژوویی دووردرێژو بەردەوامدا، پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو جێگیر بووە، کە لێرەبەدوا هەوڵدەدەین کورتەیەکی ئەو ڕەوتە مێژووییە بخەینەڕوو.

## - دەرکەوتن و پەرەسەندنی هاوتەریبی

خستنە ڕووی کورتەی مێژووی دەرکەوتن و ڕەوتی پەرەسەندنەکانی چەمکی هاوتەریبی لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوایی، عەرەبی و کوردیدا، بەرچاوڕوونییەکی پێویستە بۆ پەیبردن بەو هێڵەی کە ئەم چەمکەی پێدا تێپەڕیوەو گەشەی کردووە. لێرەدا تەنها ڕووناکی دەخەینە سەر چەند وێستگەیەکی گرنگ و دیاری ئەو هێڵە مێژووییە لەبنەمادا دووردرێژەی هاوتەریبی پێیدا هاتووە، هەر ئەوەندەی لە سنووری توێژینەوەکە بەدەرنەبێت و لە خزمەتی ئەو ئامانجەدا بێت، کە گرتوومانەتەبەر.

**<u>١- هاوتەریبی لە ڕەخنەی ڕۆژئاواییدا:</u>** لە شوێنێکی پێشتری ئەم باسە، ئاماژەمان بەو زاراوانەی ڕەوانبێژیی دێرینی ڕۆژئاوایی دا، کە لەمیانییەوە گوزارشت لە چەمکی هاوتەریبی کراوە، بەهەمان شێوە لە دەرکەوتن و پەرەسەندنی چەمکەکەشیدا و بەتایبەتی لە سەدەکانی دێرینی یۆنانیدا، دیسانەوە لەگەڵ زاراوەیەکی وەک (Parison) یان (Parisosis)، کە ئاماژەیە بۆ هونەری پۆلێنکردنی دەربڕینەکان یان ڕستە زارەکییەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ و هاوتا، کە لەڕێگەیەوە دەتوانین بەراوردی یەکەکانی بکەین، بەردەکەوین.(محەمەدو عەبدولرەحمان، ٢٠٢١، ٣٨)

دواترو لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لێکۆڵینەوەکان بەو ئاراستەیەدا هەنگاویاننا، کە سەرنجیان دەخستە سەر بایەخی بەرفراوانی هاوتەریبی لە دەقەکانی تەورات و ئینجیلدا، تا ئەوەی لە ساڵی (١٧٥٣) قەشە (ڕۆبێرت لۆس) جۆرەکانی هاوتەریبی لە دەقە تەوراتییەکاندا دەستنیشان کرد، ئەویش پاش ئەوەی دەقی (Isaiah) وەرگێڕاو لەوڕێگەوە بنەماکانی شیکردنەوەی بنیاتی ئاخاوتەیی شیعری عیبری ڕوون کردەوەو خستییەڕوو.(تیبرماسین، ٢٠٠٣، ٢٥٢، و اسکندر، ٢٠٠٨، ٦٧)

گرنگترین ئەو جۆرانەی هاوتەریبی، کە (لۆس) توانی بیاندۆزێتەوەو لەبارەیانەوە بدوێ، بریتی بوون لە: (هاوتەریبی تەرادوفی synonymous، هاوتەریبی طیباقی Antithetic، هاوتەریبی تەولیفی synthetic)، بۆ ئەمەش ئەو پێناسەی بە بنەمای کارەکەی خۆی وەرگرت، کە (هاوتەریبی بریتییە لە هاوشێوەیی لەنێوان دوولایەنی هەمان زنجیرەی ئاخاوتندا)، دواترو لە ساڵی (١٨٠٨) لەلایەن توێژەرێکی هاوسەردەمی خۆیەوە، بە ناوی بلێیر (Blair)، ئەو بنەمایە فراوانترکرا، بەوەی گوتی: (دوولایەنەکە بریتین لە دوو ڕستەی هاوشێوە لە بنیاتدا، بەجۆرێک کە پەیوەندییەکی پتەو لەسەر بنەمای لێکچوون یان لێکنەچوون لەنێوانیاندا هەبێت.)(الشیخ، ١٩٩٩، ٧)

ئەم جۆرە هەوڵانە ڕێخۆشکەر بوون، بەوەی بەدوایاندا چەندین توێژەری تر، لەوانەش: هێردەر (J.G.Herder)، گرای (G.B.Gray)، نیومان (L.I.Newman)و هەروەها بووپەر

(W.Bopper) توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانیان لەبواری هاوتەرییبیداو لەبارەی سفرو سروودەکانی تەوراتەوە دەست پێ بکەن و کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگیان لێ بەدەست هێنا.(القحطاني، ٢٠٠٥، ٢-٣)

یەکێک لەوانەی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەرەوپێشچوونی چەمکی هاوتەریبی داناوە، هۆپکنیز (J.M.Hopkins)ە، کە توێژینەوەیەکی لەبارەی شیعری یەهودی بەگشتی و دەقەکانی تەوراتەوە بەتایبەتی ئەنجامی داوەو تێیدا باسی لە چەمکی هاوتەریبی کردووەو ڕوونی کردووەتەوە: هەر بڕگەیەکی شیعریی بریتییە لە دووبارەبوونەوەیەکی دەنگیی هاوشێوە لە هەمان بنیاتی هونەریی هاوتاو وەکیەک، لەنێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەکی تەواودا.(الشیخ، ١٩٩٩، ١٠) ئەم ئەنجامگیرییەی هۆپکنز بە ڕادەیەک قووڵ و کاریگەرە، کە یاکۆبسن لە بواری لێکۆڵینەوەی هاوتەرییبیدا بە (ڕابەر) ناوی دەبات.(عبيد، ٢٠٠٥، ١٧٧)

یاکۆبسن لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی هۆپکنزدا توانی چەمکێکی نوێ بۆ هاوتەریبی دەستنیشان بکات، کە تێیدا وەک ئەنجامێک لە ئەنجامەکانی بنەمای زێدەکردنی ڕێسا لە زمانی پێوەردا باسی لێکردووە و ڕێوشوێنەکانی پێکهاتن و دەرکەوتنی لەنێو دەقی شیعریدا دیاری کردووە، ئەمەش بەتایبەت لەو کارەیدا بەرچاو دەکەوێت، کە بە هاوبەشی لەگەڵ (کلۆد لیڤی شتراوس) لەبارەی سۆنێتەی (پشیلەکان)ی بۆدلێر لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا پێشکەشیان کرد. لەو لێکۆڵینەوەدا یاکۆبسن توانی بنەماکانی تیۆری شیعرییەتەکەی خۆی پراکتیزە بکات و تێیدا جەختی لە تێڕوانینی بنیاتگەریی فۆرمالیستی، لەمەڕ بنیات و پێکهاتەی دەقی شیعری کردووەتەوە و زنجیرەیەک هاوتەریبی لە ئاستەکانی دەنگی، ڕستەیی و واتایی بەردەست خستووە، واتە لە بچووکترین یەکەی زمانییەوە (فۆنیم) دەستی پێکردووەو بەرەو گەورەترین یەکە لێکۆڵینەوەکەی ئاراستە کردووەو دواجاریش بە ئەنجامێکی زانستیی وردی گەیاندووە.(جبارة، ٢٠١٣، ٣٧، و سويدان، ٢٠١٣، ١٦٨- ١٦٩)

یاکۆبسن ئەنجامگیرییەکی گرنگی بەردەست خستووە، بەوەی هەر دەقە شیعرێکی بە بنیاتێک داناوە، کە هەڵگری توخمگەلێکە، بەپێی پلەی جیاوازی زمانی لەگەڵ یەکدیدا تێکەڵ دەبن، ئەمەو جەختیش دەکاتەوە، کە شیکردنەوەی شیعر شتێک نییە، جگە لە شیکردنەوەی ئەم تێکەڵی و ئاوێتەبوونە، واتە تێگەیشتن لە هاوسەنگی و دژایەتی، لێکچوونەکان و نزیکایەتییە فۆنیمی و ڕێزمانییەکان لەلایەک و بەرانبەرییە فۆنیمی و ڕێزمانییەکان لەلایەکی دیکەوە جێی سەرنجی لێکۆڵینەوەکەی یاکۆبسن بوون.(ئەحمەدی،٢٠٠٤، ٨)

لە ئەنجامی گشتیدا ئەو یاسایانەی دۆزییەوە، کە شیانی زێدەکردنیان هەیە بۆ سەر زمانی پێوەر و بەمەش توانی بنیاتی هاوتەریبی لە سۆنێتەکەدا دەستنیشان بکات و ڕایگەیاند: ((هاوتەریبی یەکێکە لە بنەما هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی.))(جاکبسون، ١٩٨١، ١٠٣)

یەکێکی تر لەوانەی لە بوارەکەدا جێدەستی دیارە (یۆری لۆتمان)ە، کە شوێنپێی یاکۆبسن و دیدی ئەم هەڵدەگرێ، هەروەک (ل.کلێبێرگ) ئاماژەی بەمە داوە و باسی کاریگەریی (هونەری شیعر و زانستی زمان)ەکەی یاکۆبسن لەسەر لۆتمان دەکات، بەڵام لۆتمان خۆی ڕوونی کردۆتەوە، کە ئەم شیکاریی زمانەوانی ناکات لە بەرهەمە ئەدەبناسییەکاندا، بەڵکوو بۆ توێژینەوەی ئەدەبناسی سوود لە بنەماکانی زانستی زمان وەردەگرێت.(عوسمان، ٢٠١٨، ١٩٢-١٩٣)

ئەم تێگەیشتنە تیۆرییە وای لە لۆتمان کرد لەوەی بتوانێت میتۆدێکی تایبەت بە شیکاری دەقی شیعری دابهێنێت، کە بە (بنیاتگەریی کراوە و تەواوکارانە) بەناوبانگە و هەر لەو بەستێنەشدا چەمکی هاوتەریبی پێناسە و پراکتیزە کردووە. ئەوەی لە هەوڵەکانی لۆتماندا ئەم چەمکەی برەوپێدا، ئەو پێناسەیە بوو، کە خستییەڕوو، زەمینەی پێناسەکەشی لەسەر ئەو باوەڕە دامەزراندووە، کە پێیوایە لێکۆڵینەوەی هاوتەریبی لەمیانی شیکردنەوەی ڕۆڵی دووبارەبوونەوەدا دەردەکەوێت، بەوەش ڕایگەیاند: ((هاوتەریبی پێکهاتەیەکی دوولایەنەیە، یەکێک لە لایەنەکانی لەڕێگەی ئەوەی دووەمیانەوە نەبێ ناناسرێتەوە، ئەمەی دووەمیش لای خۆیەوە لە پەیوەندییەکی نزیک لە هاوشێوەییدایە لەگەڵ ئەوەی یەکەم، واتە پەیوەندییەکەیان لێکچوون یان لێکنەچوونی تەواوەتی نییە، بەڵکوو هەندێ سیمای هاوبەش لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا هەیە، لایەنی دووەم هەندێ سیمای گشتی لەوەی یەکەمیانەوە بە دەست دەهێنێت، دواجاریش چونکە هەردووکیان پێکەوە دوولایەنی یەک هاوکۆڵکەن و بەتەواوەتی وەکیەک نین، بۆیە لە یەکێک لە پەیوەندییەکانیاندا یەکسانیان دەکەینەوەو بڕیار بەسەر یەکەمدا لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی و بزاوتی لایەنی دووەمی هاوتەرییبییەکە دەدەین.))(لوتمان، ١٩٩٥، ١٢٩)

پێویستە ئاماژە بە هەوڵەکانی (شکلۆڤسکی)یش بدەین، کە توانی چەمکی هاوتەریبی لە بنیاتی دەقی ڕۆمانەکانی تۆڵستۆیدا پراکتیزە بکات، پێناسەی چەمکەکەیشی کردووە، بەوەی: ((بریتییە لە هاوسێیەتی و بەرانبەریی لەنێوان دوو پێکهاتەی گێڕانەوەبەندیدا بە مەبەستی سەلماندنی لێکچوون یان جیاوازییان لە بنیاتدا.))(الخطیب، ١٩٨١، ١٣٢ و١٤٠) ئەم هەوڵەی شکلۆڤسکی گرنگیی خۆی هەیە، بەوەی هاوتەریبی بنیاتێک نییە تەنها لە دەقی شیعردا بەدیبێت، بەڵکوو وەک تایبەتمەندییەکی زمانی، لە دەقی پەخشانی هونەریشدا شیانی دەرکەوتنی هەیە.

**٢- هاوتەریبی لە ڕەخنەی عەرەبیدا:** وەک چۆن میراتی یۆنانییەکان بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ و هاوچەرخ سەرچاوەی بەپیتە بۆ ڕۆژئاواییەکان و بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، بەهەمان شێوە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیشدا، ڕەوانبێژیی دێرینی ئیسلامی-عەرەبی بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند دادەنرێت بەتایبەت بۆ ئەو گەلانەی کە بوونەتە موسڵمان یان بەر کاریگەریی کەلتوورەکەی کەوتوون، بۆیە وەک چۆن لە زۆر بواردا ناتوانرێت ئەو کاریگەرییە نادیدە بگیرێت، بەهەمان شێوە لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیشدا ئەو ڕاستییە نادیدە ناگیرێت. بەم تێڕوانینەو بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە دێرینەکانی ڕەوانبێژیی عەرەبی بۆمان دەردەکەوێت، کە هاوتەریبی بەم چەمکەی لە ئەمڕۆدا بەردەستە، ناسراونەبووەو بەکارنەهاتووە، بەڵکوو چەمکەکەی لە سنووری کۆمەڵێک هونەری ڕەوانبێژیی دیاریکراودا قەتیسکراوبووە، کە ئەویش لە چوارچێوەی واتاکانی ڕووبەڕوویی و بەرانبەریی (المواجهة والمقابلة) دەرنەچووەو لەو ڕوانگەوە لێی تێگەیشتوون، ئەمەش بە سێ ئاراستەدا ئەنجام دراوە:

١. هەندێک لە ڕەوانبێژناسەکان زاراوەی (التوازي)یان بەکارهێناوە، بێ ئەوەی هیچیان لەبارەی چەمکەکەیەوە خستبێتەڕوو.
٢. هەندێک بەلای چەمکەکەیدا ڕۆیشتوون، بێ ئەوەی زاراوەی (التوازي)یان بۆ بەکارهێنابێت.
٣. هەندێکی تر توانیویانە چەمکەکەی دەستنیشان بکەن، بەڵام زاراوەی جگە لە (التوازي)یان بۆ بەکارهێناوە.

لێرەدا چەند سەرەقەڵەمێک لەو سێ ئاراستەی سەرەوە دەخەینەڕوو: (قودامەی کوڕی جەعفەر) زاراوەی (التوازي)* لەپاڵ کۆمەڵێک زاراوەی تری وەک: (الترصیع، السجع، المقابلة، التقسیم، التكریر، التكافؤ و... هتد) بەکارهێناوە، بەبێ ئەوەی سنوورەکەی دەستنیشان کردبێ و ڕوونی کردبێتەوە، کە مەبەستی لە (التوازي) چییە؟ واتە تەنها زاراوەکەی بەکارهێناوەو هیچی لەبارەوە نەخستووەتە ڕوو.(بن جعفر، ١٣٩٩، ٢٠٢)

---

* بۆ زانیاریی زیاتر، دەقی نووسراوەکەی (قودامە) وەک خۆی دەگوازینەوە: ((وأحسن البلاغة: الترصیع، والسجع، واتساق البناء، واعتدال الوزن، واشتقاق لفظ من لفظ، وعكس مانظم من بناء، وتلخیص العبارة بألفاظ مستعارة، وایراد الأقسام موفورة بالتمام، وتصحیح المقابلة بمعان متعادلة، وصحة التقسیم بأتفاق النظوم، وتلخیص الأوصاف بنفي الخلاف، والمبالغة في الرصف بتكریر الوصف، وتكافؤ المعاني في المقابلة، والتوازي، وارداف اللواحق، وتمثیل المعاني.))(بن جعفر، ١٣٩٩، ٢٠٢) دواتر بۆ هەریەک لە زاراوەکانی (الترصیع، اعتدال الوزن، عكس اللفظ، الاستعارة، المقابلة، صحة التقسیم، تلخیص الاوصاف، المبالغة، التكافؤ، الارداف و التمثیل) نموونەی هێناوەتەوە، بێ ئەوەی هیچ باس و نموونەیەکی لەبارەی (التوازی)یەوە خستبێتەڕوو!

هەندێکی تر لە ڕەوانبێژیناسانی عەرەب لە چوارچێوەی جۆرەکانی هونەری (سجع)دا باسیان کردووە، بێ ئەوەی زاراوەی (التوازي)یان بۆ بەکارهێنابێت یان بەو چەمکە بێت، کە لەئەمڕۆدا زاراوەکە هەڵگریەتی و لێکۆڵەران مەبەستیانە لە شیکردنەوەی دەقدا بەرجەستەی بکەن، بەڵکوو لەژێر ناوی زاراوەگەلی جۆراوجۆردا هاتووە، وەک: (التشطير والمقابلة) لای (أبو هلال العسكري)، (التساوي) لای (أبن الأثير)، (المقابلة، التفريق، التقسيم، الجمع مع التفريق) لای (السكاكي)، (المماثلة) لای (أبن أبي الأصبع المصري)، (الموازنة، المطابقة والتقسيم) لای (القزويني)و... هتد.[(القحطاني، ٢٠٠٥، ١٩، و البغدادي، ٢٠١٦، ٤١- ٤٥)]

(الكفوي) زاراوەیەکی نزیکی لە (التوازي) بەکارهێناوە، ئەویش (الموازاة)و بەپێچەوانەی ڕەوانبێژیناسانی تر نەیخستووەتە ژێر چەمکی (سجع)ەوە، بەڵکوو هەوڵیداوە جیاوازییەکەی لەگەڵ زاراوەکانی تردا دەربخات و لەم ڕووەوە وتوویەتی: ((موشاکەلە ڕێککەوتنی دوو شتە لە تایبەتمەندیدا، موشابەهە ڕێککەوتنیانە لە چۆنایەتیدا، مساوات ڕێککەوتنیانە لە چەندایەتیدا، موماسەلە ڕێککەوتنیانە لە جۆرایەتیدا، بەڵام موازات ڕێککەوتنیانە لە هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێ درا.))[(الكفوي، ١٩٩٨، ٥٠٩)] ئەگەرچی ئەلکەفەوی بەم جیاکارییەی نێوان زاراوەکان هەنگاوێکی گرنگی ناوە، بەڵام دیسانەوە ئەمیش نەگەیشتووە بەو خاڵە جەوهەرییەی کە چەمکی هاوتەریبی لە ڕەخنەی نوێدا هەڵگریەتی.

بەم شێوەیە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا، چەمکی هاوتەریبی لە فۆرمی نوێی خۆیدا دوادەکەوێت، تا ئەوەی (محەمەد میفتاح) لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لەڕێگەی لێکۆڵینەوەکانییەوە، هەوڵی دامەزراندنی زەمینەیەکی زانستییانەی بۆ دەدات و بە تێڕوانینێکی نوێوە بەرەو چەمکی هاوتەریبی هەنگاو دەنێت، ئەگەرچی سەرەتا لەژێر کاریگەریی تێڕوانینە ڕۆژئاواییەکە و بەتایبەتیش تیۆرییەکەی (گریماس)دا دەبێت، کە بە سوودوەرگرتن لە زاراوەی ئیزۆتۆپیا (isotopie)* لە بواری زانستێکی وەک فیزیک و بە بەکارهێنانی لەبواری لێکۆڵینەوەی

---

* ڕیشەی isotopie دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (topos)، کە لە یۆنانیی کۆندا واتای (شوێن) دەگەیەنێت، کە دواتر وشەی (topic)ی لێداتاشراوەو واتای جیاوازی هەیەو بەپێی بوارە جیاوازەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام خودی زاراوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: (iso) بە واتای (یەکسانی)و (topos) بە واتای (شوێن)، بەمەش هەردوو بەشەکە بەسەریەکەوە واتای (شوێنی یەکسان یان یەکسانیی شوێن) دەگەیەنێت.[(بوحاتم، ٢٠٠٥، ١٧٩)] لە لێکۆڵینەوەی دەقی گێڕانەوەبەندیدا بۆ گوزارشت لەو بابەتە تەوەرەییەی کە تەواوی باس و بابەتەکانی تری لە دەور کۆدەبێتەوە بەکاردەهێنرێت، لە دەقی شیعریشدا یەکە سیمانتیکییەکانی وەک کۆمەڵێک یەکەی بەرانبەریی (نظائر) لەگەڵ یەکتر پێ شیدەکرێتەوە (ڕیتم، کێش و سەروا...)[(عناني، ٢٠٠٣، ٤٧ و ١١٩، حمداوي، ٢٠١٥، ١٢٧)] ئەم چەمکەش، وەک زۆربەی چەمکەکانی تر، لە ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا دووچاری فرەزاراوەیی بووەتەوە، بۆنموونە: سەعید

زمانەوانی و ئەدەبیدا باسی لە هاوتەریبی کردووەو ئەو چەمکەشی بۆی دیاری کردووە، توانیویەتی لە دەقە ئەدەبییەکاندا پراکتیزەی بکات. لەم ڕووەوە میفتاح بۆ هاوتەریبی، ئیزۆتۆپیاکەی گریماسی لە عەرەبیدا بە (التشاكل) وەرگێڕاوەو بەکاری هێناوەتەوەو چەمکەکەی پێ دیاری کردووە، تەنانەت لە بەرانبەر زاراوەی (التوازي)دا بەرگرییەکی زۆریشی لەوەی یەکەمیان کردووە و پێیوایە دەبێ هاوتەریبی لەژێر ڕۆشنایی چەمکی تەشاکول (isotopie)دا لێی بکۆڵرێتەوە، بەوپێیەی کە بەلایەوە توانایەکی ئیجرائیی زیاتری تێدایەو ئیمکاناتێکی زۆرتری لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە دەخاتە بەردەستی لێکۆڵەر، وەک لە چەمکی هەر زاراوەیەکی تر، کە بمانەوێت لەو بوارەدا پشتی پێ ببەستین.(مفتاح،١٩٩٢، ١٩- ٥٤، حمداوي، ٢٠١٥، ١٣٧)

دواتر هەر میفتاح لە درێژەی لێکۆڵینەوەکانیدا توانی پەرە بە تێڕوانینەکانی خۆی بدات، ئەوە بوو لە دوو لێکۆڵینەوەیدا، کە یەکەمیان لەبارەی قەسیدەیەکی (ئیبنوتوفەیل) لە ئەدەبی کلاسیکی(مفتاح،١٩٩٤، ١٤٩-١٧٠)و دووەمیشیان لەبارەی دەقێکی (ئەبولقاسمی شابی) لە شیعری نوێی عەرەبی(مفتاح،١٩٩٦، ٩٣- ١٢٤) لەبەر ڕۆشنایی تیۆرییە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوروپیدا مامەڵەی لەگەڵ چەمکی هاوتەریبی و لەڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەی (التوازي)یەوە سروشت و تایبەتمەندییەکانی هاوتەریبی لە ڕووی تیۆرییەوە دەستنیشان کردووەو بەشێوەیەکی پراکتیکیش بنیاتی دەنگی، وشەیی، ڕستەیی و واتایی لە دەقەکاندا شیکردووەتەوە، هەر لەو چوارچێوەشدا پێناسەکەی بەم شێوە خستووەتەڕوو: ((بریتییە لە فراوانکردنی بنیاتێکی دەلالیی بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، لەڕێگەی هێنانەوەی ناچاریی یان بژاردەیی ڕەگەزگەلی دەنگی، ڕستەیی یان واتایی لەپێناو زامنکردنی یەکانگیریی لە بنیاتی پەیامەکەدا.))(مفتاح، ١٩٩٢، ١٩- ٢٥)

ئەوەی لە کۆی ئەم هەوڵە بەردەوامانەی (محەمەد میفتاح) لەبارەی هاوتەریبییەوە جێی بایەخە، ئەو ئەنجامەیە، کە خستوویەتییە بەردەست و تێیدا دەڵێت: ((ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە عەرەبییە جیاوازەکان چ لەبواری زمانناسی، چ لەبواری زاراوەسازیی یان ئەدەبناسی، جیاوازیی لە پێناسەی هاوتەریبیدا دەبینین، بەڵام ئەو جیاوازییانە کاریگەرییان لەسەر ئەو واتا گشتییە نییە، کە چەمکەکە دەیگەیەنێت و بریتییە لە هاوشێوەبوون، یان بە دەربڕینێکی تر بریتییە لە دووبارەبوونەوەیەکی بنیاتی و لە گوتاری شیعری و پەخشانیشدا دەردەکەوێت.))(مفتاح، ١٩٩٦، ٩٧)

---

عەلوش بە (التناظر) وەریگێڕاوە، رشيد بن مالک بە (القطب الدلالي) ناوی بردووە، المنصف عاشور بە (اطراد ومتناثرات) ناوی دەبات، محەمەد عینانی وەک (التناظر الموضوعي يان التناظر الدلالي)و بسام بركة-یش بە (تكرار أو معاودة لفئات دلالية)، مبارک مبارک بە (تكرار وحدات لغوية)و محمد القاضي-یش بە (محور التواتر)ی ناودەبات.(تاوریریت، ٢٠١٥- ٢٠١٦، ٦٢)

(عبدالملک مرتاض) یەکێکی ترە لەو لێکۆڵەرە هاوچەرخانەی بەهەمان شێوەی (محەمەد میفتاح)، لە چوارچێوەی چەمکی (التشاكل)دا باسی لە هاوتەریبی کردووەو توانیویەتی وەک میکانیزمێکی شیکردنەوەی سیمیۆتیکییانەی دەق بەکاری بهێنێت و لەم بوارەشدا لە کۆمەڵێک گوتاری ئەدەبیدا بەرجەستەی کردووە، لەوانەش: (اشجار يمانية) و (شناشيل أبنة الجلبي) و هەروەها لە سورەتی (الرحمن)دا چەمکی تەشاکولی پراکتیزە کردووەو کارەکەی وەک شیکردنەوەی هاوتەریبی لە گوتاری قورئانیدا ناوبردووە.(مرتاض، ١٩٩٤، ٣٣)

لەلایەکی ترەوە (عەبدولواحێد حەسەن ئەلشەیخ) خاوەنی کتێبی (البديع والتوازي)، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی بوارەکە لە قەڵەم دەدرێت، لەپاڵ خستنەڕووی بنیات و سروشتی هاوتەریبی لە دەقی شیعردا، هاوکات پێناسەیەکی پوختی بۆ چەمکەکەی خستووەتەڕوو، بەوەی: ((هاوتەریبی بریتییە لە هاوشێوەیی و هاوتایی لە بنیات و واتای ئەو دێڕانەی کە وشە و ڕستەکانیان هاوجووتن (متطابق) و لەورێگەوە یەکانگیریی هونەریی لەدەقدا بەدیدێت.))(الشيخ، ١٩٩٩، ٥٤) بەرمەبنای ئەو ئەنجامانەی لە پەیوەندیی دووسەرەی نێوان هونەرە جوانکارییەکانی ڕەوانبێژیی و هاوتەریبی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە دەستی هێناون، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو چەمکەی خستوویەتییە ڕوو، هونەرە جوانکارییەکانی ڕەوانبێژیی بەسەر سێ بەشدا بەم شێوەیە پۆلێن دەکات: ١- ڕازێنەرەوەی دەنگیی واژەیی، کە بریتییە لە: (الجناس، الترصيع، التكرار، التسميط، التصريع، السجع، لزوم ما لايلزم)، ٢- ڕازێنەرەوەی ئیقاعی پێکهاتەیی، وەک: (التسهيم، الارصاد، رد الصدر على العجز) و ٣- ڕازێنەرەوەی ئیقاعی دەلالی، کە هەریەک لە: (الطباق، المقابلة، التكافؤ والترديد.) دەگرێتەوە.(الشيخ، ١٩٩٩، ٥٦- ٥٨)

ئەمەو هەریەک لە (عیزەدین ئیسماعیل) و (محەمەد ئەلحەسناوی) لە خستنە ڕووی چەمکی هاوتەریبیدا گەڕاونەتەوە بۆ تێڕوانینەکەی (سۆریۆ) لەبارەی بنیاتی شیعرەوە، کە تێیدا حەوت یاسا بۆ ئیقاعی شیعریی دیاری دەکات و لەو بەستێنەشدا هاوتەریبی بە یاسای چوارەمی بنیاتەکە لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: ئیقاع چۆنێتیی ڕێکخستنی ڕەگەزە دەنگییە گۆڕاوەکانە بەشێوەی بەدواییەکداهاتن لەسەر هێڵێکی بەردەوام، یاساکانیشی بریتین لە:١-سیستم (النظام) ٢-گۆڕان (التغير) ٣-یەکسانبوون (التساوي) ٤-هاوتەریبی (التوازي) ٥-هاوسەنگی (التوازن) ٦-بەندیواری (التلازم) ٧- دووبارەبوونەوە (التكرار).(اسماعيل،١٩٩٢، ١٠١- ١٠٢، و الحسناوي،٢٠٠٠، ٢٣٨)

لەپاڵ ئەمانەدا بۆچوون و تێڕوانینەکانی هەریەک لە (سەلاح فەزڵ و مەسعود بودوخە)یش لەبەردەستدا هەن، کە بە کورتییەکەی: هاوتەریبی لای هەردووکیان دەچێتە ژێر ڕۆشنایی هەمان ئەو چەمکەی کە لە ڕەخنەی نوێی ڕۆژئاواییدا خراوەتەڕوو، بە جیاوازیی ئەوەی

یەکەمیان لەڕوانگەی بنەماکانی میتۆدی بنیاتگەرییەوە بۆ چەمکەکە دەچێت و وەک ڕەگەزێکی گەیاندنی شیعریی لەڕێگەی زمانەوە دەیناسێنێت، ئەوەی دووەمیش گرێی دەداتەوە بە بنەماکانی شێوازگەریی هاوچەرخەوە و لە چوارچێوەی ڕەگەزەکانی ئەرکی ئیستاتیکا لای شێوازناسەکان باسی دەکات، بەڵام دواجارو لەئەنجامدا هیچ کام لەوان (فەزڵ و بودوخە) نەیانتوانیوە لەژێر سایەی تیۆری (شیعرییەتی هاوشێوەبوون)ەکەی یاکۆبسن دەربچن و هەر لەو چوارچێوەدا کاکڵەی بۆچوونەکانیان لەمەڕ چەمکی هاوتەریبی داڕشتووە.(فضل، ١٩٩٨، ٢٣١، و بودوخە، ٢٠٢١، ٧٧)

**<u>٣- هاوتەریبی لە ڕەخنەی کوردیدا:</u>** هاوتەریبی وەک چەمکێکی ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی زۆر دووری نییە، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند ساڵەی دوایی، کە لای هەندێ لە لێکۆڵەران بەتایبەتی لە زانکۆکاندا، ڕوویان لە بنەماکانی ڕەخنەی نوێ کرد و بەوەش بەسەرکردنەوەی تیۆریی و پراکتیکی ئەم چەمکەیان لەمیانی توێژینەوەی شێواز و بنیاتی دەقی شیعریدا هێناوەتە ناوەوە. ئەم درەنگ دەرکەوتنە پەیوەندیی بە دوو هۆکاری سەرەکییەوە هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بەوەی کە هەر لەبنەڕەتدا لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بۆخۆی مێژوویەکی زۆر دووری نییە، ((نووسین و لێکۆڵینەوەکان لەوبارەوە زۆر درەنگ دەستیان پێکردووە، کە بە هەموویەوە سەد ساڵێکی بەسەردا تێناپەڕێت و هاوکات زۆربەی ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەش هێندە بە ڕەوانبێژییە عەرەبییەکە کاریگەرن،* کە لەڕاستیدا وەک وەرگێڕانێک دێنەپێش چاو و تەنها جیاوازییان لە هێنانی نموونە شیعرییەکاندایە بە زمانی کوردی.))(پارسا، ١٣٩٧، ٩) کەواتە لەو ڕووەوەی کە ڕەوانبێژیی بە شێوە گشتییەکەی وەک سەرچاوەو بنەمای سەرەکی بۆ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخ دادەنرێت، لە بنەڕەتەوە کێماسی هەیە.

---

* لە ڕوونکردنەوەی ئەو تێڕوانینەیدا (پارسا)، دەڵێت: وێڕای ئەوەی سەرەتای توێژینەوە لە ڕەوانبێژیی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان، بەڵام بە هۆی ئەوەی عەرەبەکان وەکوو زانستێک بۆ باشتر ناسینی قورئان و پێزانینی ئیعاجازەکەی بەکاریان هێنا، بۆیە ئەو زانستە لەنێو ئەواندا پەرەیسەندو بوو بەهۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر بەتوانا لەنێو موسڵماناندا هەڵکەون، کە کتێبگەلێکی گرنگیان سەبارەت بە هونەرە ڕەوانبێژییەکان نووسیوە، لەوانەش: (اعجاز القران)و (أسرار البلاغة)ی عەبدولقاهر جورجانی، (مفتاح العلوم)ی سەککاکی، (المثل السائر)ی ئیبنی ئەسیرو (البيان والتبين)ی جاحز، کە چەند نموونەیەکی بەنرخن لەو کتێبانە، نووسینی ئەم کتێبانە کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر موسڵمانانی غەیرە عەرەب، کە خاوەنی زمان و کلتوری تایبەت بەخۆیان بوون، وەک فارس، کوردو تورک... هتد، بەجۆرێک کە سەدان ساڵە بەشیک لەو کتێبانە لە مزگەوت و مەدرەسە ئاینییەکاندا بە دەرس دەخوێنران و دەگوترانەوە، لێرەوە ئەم کتێبانە وەها کاریگەرییان لەسەر توێژەرانی ئەو زمانانە داناوە، کە لە نووسینی کتێب و توێژینەوەکان بە زمانی خۆیشیان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی ئەو کتێبانەدا بوون، کە باسمان کردن، بەجۆرێک کە دەبێ بگوترێ: (نییەتمە ڕەوانبێژیی عەرەبەکان بە زمانی کوردی، فارسی و... دەخوێنم، چونکە لاساییەکی تەواو لەو کتێبە عەرەبییانەن.)(پارسا، ١٣٩٧، ٧-٨)

هەرچی هۆکاری دووەمە، پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە لێکۆڵینەوەکان تەنانەت لە ئاستی ڕەوتە جیهانییەکەشدا بۆخۆی، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە ئاراستەی ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخی گرتووە و دوورکەوتووەتەوە لە بنەمای پێوانەییبوونی ڕەوانبێژییە تەقلیدییەکە و دەرگای بە ڕووی زانستە زمانییەکاندا کراوەتەوە، کە بەوەش مەبەست لە کاری ڕەخنەیی، لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردانەوە گۆڕاوە بۆ کۆمەڵێک یاسای زانستی، کە وەسفی دەقی ئەدەبی پێ دەکرێت.(دزەیی، ٢٠١٥، ٣٩) وێڕای خاڵی یەکەمی لەپێشەوە ئاماژەپێدراوی پەیوەست بە ڕەخنەی کوردی، هاوکات هاتنە ناوەوەی تیۆر و میتۆدەکانی ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخ بۆ ناو ڕەخنەی ئەدەبیمان درەنگ دەرکەوتووەو ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە درەنگ دەرکەوتنی چەمکە نوێکاندا هەبووەو لەنێویشیاندا هاوتەریبی بەو چەمکەی کە ئەم تێزە وەک ئامانج وەریگرتووە.

ئەگەر بمانەوێت بەراوردێک -هیچ نەبێ لە پەیوەندیدا بە چەمکی هاوتەریبی- لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبی و کوردیدا بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە هاوشێوەی ڕەوانبێژیناسانی عەرەب، لای ڕەوانبێژیناسانی کوردیش نەناسراو بووە، بەوپێیەی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زیاتر ئاماژە بە کۆمەڵە سنعەت و هونەرێکی جوانکاریی دراوە، لە نموونەی: بەرامبەری، پێچەوپەخشە، کۆکردنەوەو لێکردنەوە، دابەشکردن، ڕەگەزدۆزی، پاتەکردنەوەو... هتد.(گەردی،١٩٧٥، و سەجادی،١٩٧٨) کە ڕاستە ئەو سنعەت و هونەرە ڕەوانبێژییانە دەکرێ ((لە ئاستە جیاجیاکانی زمانی شیعریدا ببنە کەرەستەی تەکنیکی هاوتەریبی لە بنیاتی دەقدا.))(عەلی، ٢٠١٦، ٥٧) بەڵام لێرەدا نامانەوێ بگەڕێینەوە سەر ئەو باسە، چونکە پانتاییەکی زۆری ئەم تێزە دەگرێتەوە، لەبەرانبەریشدا ئەو ئەنجامانەی لێیەوە بەدەست دێن ماهییەتەکەی ئاشکرایە، بەوپێیەی کە ڕەوانبێژیی تەقلیدیی بۆخۆی لەسەر کۆمەڵێک بنەمای پێشوەختەی جێگیر دامەزراوە... بۆیە لەبری ئەوە ڕوودەکەینە ئەو توێژینەوە زانستییانەی کە چەمکی هاوتەریبییان لەڕوانگەی میتۆدە ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخەوە بەسەر کردووەتەوە، ئەمەش پۆلێن دەکەین بۆ:

١. ئەوانەی لەڕووی تیۆرییەوە چەمکی هاوتەریبییان بەسەرکردووەتەوە، یان تەنها لەبەر پێویستییەکی توێژینەوە لە ئاستی زاراوەدا ئاماژەیەکیان پێی داوە.

٢. ئەوانەی لەڕووی تیۆرییەوە چەمکی هاوتەریبیان دەستنیشان کردووەو بە نموونەی پراکتیکیش بەرجەستەیان کردووە.*

**<u>أ- بەسەرکردنەوەی تیۆریی:</u>**

عەلی تاهیر حسێن لە کتێبی (ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن)، لەڕوانگەی میتۆدی بنیاتگەرییەوە وەک پرەنسیپێکی ڕوانین لە دەق و هەروەها وەک بنەمایەک لە دەرخستنی بنیاتی دەقدا لە هاوتەریبی دەڕوانێت و لەپاڵ هەریەک لە (لێکچوون- التشابە، هاودژ- التضاد، هاوسێتی-التجاور، هاوبەرامبەری- التقابل و پێچەوانەیی- التعارض)دا تەنها وەک زاراوەیەک ئاماژە بە (هاوسەنگی- التوازی) دەدات و ئیدی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەوە نەخستووەتەڕوو.(حسەین، ٢٠٠٨، ١٠٥- ١٠٧)

هەر لەم بارەوە (حەمە مەنتک) لە کتێبی (میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی)دا، هەمان ئەم تێڕوانینەی -لەگەڵ ئاماژەدان بە سەرچاوەکەی- وەک خۆی وەرگرتووە و ئەوەندەی سەربارکردووە، کە: ((هەموو ئەمانە بۆ دۆزینەوەی ئەو بونیاتە شاراوەیەی ناو دەقە، چونکە دەق لەڕێگەی زمانەکەیەوە لە کۆمەڵێ ڕەگەزی پێوەند بەیەکەوە پێکهاتووە...))(مەنتک، ٢٠١٨، ١٠٤) و ئیتر هیچی ئەوتۆی سەرباری تێڕوانینە وەرگیراوەکە نەکردووە.

عەبدولقادر حەمەئەمین لە کتێبی (بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا)، لە چوارچێوەی باسی بنیاتی ئاوازی ناوەکیدا، ئاماژەی داوە بە تێڕوانینەکەی یاکۆبسن لە پەیوەندیدا بە هاوشێوەیی لە بنیاتی گشتیی دەقدا و دەڵێت: ((بنیاتی دەقی شیعری کۆمەڵێک تەوەری گرنگ و ئاست و بنیاتی جیاوازە، یاکۆبسن ئاماژەی بە پرینسیپێکی گشتی کردووە، کە ئەویش پرینسیپی هاوتەریبی و هاوشێوەییە (التوازی والتشاکل) هەموو ئاست و بنیاتەکان نەسەقی تەریبی دروست دەکەن و دواتریش بنیاتی گشتیی دەق.))(حەمەئەمین، ٢٠٠٨، ١٩١) وەک دیارە ئەمیش تەنها لە ئاستی تیۆریدا و بە گەڕانەوە بۆ تیۆرییەکەی یاکۆبسن ئاماژەیەکی بە چەمکی هاوتەریبی داوە.

دلێر سادق کانەبی لە کتێبی (هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد)، زاراوەی (تەریببوون)ی بەکارهێناوە، ئەنجا لە گواستنەوەی کورتەی تیۆرییەکەی یاکۆبسندا لەبارەی هاوتەریبییەوە و لە چوارچێوەی پرۆسەی زێدەکردنی ڕێسادا ئاماژەی بە چەمکەکە کردووە و

* لە ڕیزکردنی ناوی لێکۆڵەرەکاندا، پشتمان بە ساڵی چاپی کتێب یان ساڵی ئامادەکردنی توێژینەوەکان بەستووەو بە خستنەڕووی پوختەیەکیش لە هەریەکەیان، کە بۆ ئەم باسەی ئێمە دەست بدات، بڕیومانەتەوە، بەوپێیەی لە شوێنی تردا، بەپێی پێویستیی زانستیی کارەکەمان گەڕاوینەتەوە بۆیان و ئاماژەمان پێداون.

پەیوەندیشی بە بنەمای دووبارەکردنەوەوە خستووەتەڕوو، بەوەی کە شاعیر لەڕێگەی زێدەکردنی ڕێسای زمانییەوە بۆ سەر سیستمی زمانی پێوەر، هاوتەریبی بەرهەم دەهێنێت و ئەمەش لەڕێگەی دووبارەبوونەوەوە پێکدێت.(کانەبی، ٢٠٠٩، ٢٨) توێژینەوەکە، چونکە تایبەتە بە چەمکی لادان، بۆیە لە پراکتیکدا هیچ نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی هاوتەریبی نەخراوەتە ڕوو.

کەمال مەعروف لە کتێبی (تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی)، لە چوارچێوەی پێشکەشکردنی هێڵە گشتییەکانی شیکردنەوەی دەقدا لە ڕوانگەی میتۆدی بنیاتگەرییەوە ئاماژە بە هاوتەریبی دەدات و لەپاڵ هەریەک لە بنەماکانی تری وەک: (لێکچوون، هاوتابوون، دژیەک، دژکاری، هاوسێبوون، بەرامبەری) لەڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەی (تەریببوون)ەوە گوزارشتی لێکردووەو پێیوایە لە ئاستی ڕێزمانی، ئاوازو شێوازگەریدا پراکتیک دەکرێت.(مەعروف، ٢٠١١، ٨٣) ئەمەش دیسانەوە بەبێ هیچ پراکتیزەیەک ماوەتەوە.

(ڕێبوار محەمەد مەلازادە) لە کتێبی (زانستی دەق لە ئەدەبی کوردی)یەکەیدا، هەمان ئەم تێڕوانینەی لە (کەمال مەعروف)ەوە وەرگرتووە لەگەڵ ئاماژەدان بە سەرچاوەکەی، بەجیاوازیی ئەوەی کە لەمیانی باسی دەقی ئەدەبی لەڕوانگەی میتۆدی بنیاتگەریدا خستوویەتییە ڕوو و وەک پێکهێنەرێکی ورد لە بنیاتی دەقدا ناساندوویەتی، بەبێ ئەوەی ئەمیش هیچ سەربارێکی ئەوتۆی بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی هاوتەریبی هەبێت، کە شیاوی باس بێت!(مەلازادە، ٢٠١٢، ٢٥٩)

عەبدولواحید موشیر دزەیی لە کتێبی (شێواز و پراگماتیک)دا، پشتبەست بە تێڕوانینەکانی یاکۆبسن و تەنها لەڕوانگەی تیۆرییەوە، لە باسی زێدەکردنی ڕێسادا، ئاماژەی بە چەمکی هاوتەریبی داوەو دەڵێت: ((بەکارهێنانی یاسای زیاد و سەربارە بۆ یاساکانی زمان، کە جاکۆبسن بە تەریببوونی دادەنێت و لەڕووی چییەتییەوە لە لادان جیادەبێتەوە و دەبێتە هۆی داهێنانی هەڵبەست.))(دزەیی، ٢٠١٢، ١١٢)

ئازاد عەبدولواحید کەریم لە کتێبی (شیعرییەتی دەق مەودایەک بۆ سازاندنی زمان)، دیسانەوە ئەمیش لەڕوانگەی بۆچوونەکانی یاکۆبسنەوە، بەشێوەیەکی تیۆریی باسی لە چەمکی هاوتەریبی کردووە، بەوەی لەڕێگەی سازدانی بنەمای هاوتایی تایبەت بە تەوەرەی جێنشینیو خستنەپاڵ تەوەرەی هاونشینییەوە، هاوتەریبی لە بنیاتی دەقدا دەخوڵقێت.(کەریم، ٢٠١٧، ٤٧- ٤٨) وەک دیارە توێژەر چەمکەکەی کورت کردووەتەوە لە ئاماژەدان بە بنەمای هاوشێوەبوون، کە زەمینەسازیی بۆ هاتنەکایەی هاوتەریبی لە بنیاتی دەقدا دەسازێنێت، لەکاتێکدا هاوتەریبی چەمکێکی لە هاوشێوەبوون فراوانترە و کۆمەڵێک باسی تر لەخۆدەگرێت.

## ب- بەسەرکردنەوەی تیۆری و بەرجەستەکردنی پراکتیکی:

محەمەد بەکر لە کتێبی (کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی) لە خستنەڕووی ڕیتمی پەخشانەشیعردا چەمکی هاوتەریبی، لە چوارچێوەی ئەزموونی فۆرمالیستەکان بەگشتی و لەمیانی تاقیکردنەوەکانی وایتمان-ەوە خستووەتەڕوو، وەک (شێوەیەکی ڕیتمی) ناساندوویەتی و پێیوایە هۆکارێکی ئیستاتیکی و بنیاتییەو توانای دروستکردنی بنیاتێکی ڕیتمیی جیاوازی لە سیستێمی ئاسایی کێش هەیە. دواتر لەڕوانگەی (تەوەری ڕێزمانی)دا، هاوتەریبی ڕستەیی لە نموونەی شیعری فۆلکلۆری کوردیدا ڕوون کردووەتەوە، ئەو کاریگەرییانەشی دەرخستووە، کە ئەو جۆرەی هاوتەریبی لە بنیاتی ڕیتمدا هەیەتی.(بەکر،٢٠٠٤، ٤١ و١٣٣)

عەبدولخالق یەعقووبی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (ئەرکی ئەدەبیی زمان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)، لەڕێگەی هێنانە بەرباسی پرۆسەی زێدەکردنی ڕێسای زمانی لای فۆرمالیستەکان، بە زاراوەی (هاوڕێکی) ئاماژەی بە هاوتەریبی داوە، بۆئەمەش دوو نموونەی لە شیعری کلاسیکی وەرگرتووە. یەکەمیان دێڕێکی (مەولەوی)یەو ڕوونی کردووەتەوە، کە هاوتەریبییەکە لەڕێگەی کێش و هاوپیتی (alliteration)یەوە بەدیهاتووە و لە نموونەی دووەمیشدا، کە دێڕێکی (نالی)یە، ئەوەی خستووەتەڕوو، کە لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی بڕگەییەوە هاوتەریبی تێدا بەدیهاتووە، کە لە ڕەوانبێژیدا بە (کێش و ترصیع و ردیف) ناسراوە.(یەعقوبی، ٢٠٠٥، ٣٧- ٣٨) توێژەر هەمان ئەم نموونە و ڕوونکردنەوانەی لە توێژینەوەیەکی دیکەیدا بە ناونیشانی (زەقکردنەوەی زمانیی لە زمانی شیعری نالیدا) وەک خۆی خستووەتەوە ڕوو.(یەعقوبی، ٢٠٢١، ٢٩)

عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا لە کتێبی (شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە) لەڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەی (هاوسەنگی)یەوە، چەمکی هاوتەریبی باس کردووە، بۆئەوەش پشتی بە تێڕوانینەکانی یاکۆبسن بەستووە، کە لە چوارچێوەی زێدەکردنی ڕێسا و لە پەیوەندیدا بە دووبارەکردنەوەی دەنگی، وشەیی و ڕستەییەوە تیشکی خستووەتە سەر لایەنە تیۆرییەکەی و بەنموونەی شیعریش باسەکەی دەوڵەمەند کردووە.(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٤٧- ٤٩) بەڵام نەپەرژاوەتە سەر باسی هاوتەریبیی لە ئاستی وشەییدا، لەکاتێکدا سەرچاوەی سەرەکیی پلانی توێژینەوەکەی لەبەر ڕۆشنایی کتێبەکەی (کۆرش سەفەوی)دایە، کە ئەو هاوتەریبی وشەیی بە جۆرێکی بنیاتی هاوتەریبی داناوە.

جەبار ئەحمەد حسێن لە کتێبی (ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستان عێراق ١٩٥٠-١٩٧٧) لەگەڵ ئەوەی زاراوەی (تەریبی) بۆ چەمکەکە بەکارهێناوە، هاوکات لە چوارچێوەی باسی ڕیتم و لە پەیوەندیدا بە چەمکی هەریەک لە هاوشێوەیی و دووبارەبوونەوەوە ئاماژەی پێداوە، (بەهێزیی دووبارەبوونەوە لە پێکهێنانی تەریبی لەنێوان وشە و واتاکانیاندا دەردەکەوێت) و بەمەش وەک ڕەگەزێکی بنیاتی مۆسیقای شیعری لێی ڕوانیوە. هەروەها لە ڕووی ڕۆنانی ڕێزمانیشەوە پێناسەی کردووە و بەستوویەتییەوە بە دابەشکردن و یەکسانییەوە لە کێشی شیعردا.(حسێن، ٢٠٠٨، ٨٢ و ٢٠٥ و ٢٠٧ و دواتریش) بەبێ ئەوەی جۆرەکانی هاوتەریبی لە ڕوانگەی ئاستەکانی زمانەوە دیاری کردبێت.

هێمن عومەر خۆشناو لە کتێبی (شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی)و لەمیانی باسی هاوشێوەبوونی دەنگی و دەلالیدا، شیعرییەتی هاوتەریبی خستووەتە بەرباس و لەمەشدا گەڕاوەتەوە بۆ تێڕوانینەکانی یاکۆبسن و پەیوەندییەکەی لەگەڵ دووبارەبوونەوەدا ڕوون کردووەتەوە، بەوەی کە بەهایەکی ڕیتمی و ئیستاتیکی هەیە و هەروەها هاوتەریبی گەڕاندووەتەوە سەر بنەمای هاوشێوەبوون. دواتر هاوتەریبی لە ئاستی فەرهەنگی و لەڕوانگەی پەیوەندیی بە بەشەکانی ئاخاوتنەوە لە نموونەی دەقی چیرۆکی کوردیدا ڕوون کردووەتەوە.(خۆشناو، ٢٠٠٩، ١٦٢- ١٧٣) ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لەوانی پێش خۆی جیادەکاتەوە، پراکتیزەی چەمکی هاوتەریبییە لە دەقی چیرۆکدا، ئەگەرچی ئەمیش نەیتوانیوە بنیاتەکەی لەڕوانگەی ئاستەکانی زمانەوە شی بکاتەوە.

عوسمان عەبدوڵلا فەرەج لە ماستەرنامەی (ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی صافیدا) لە چوارچێوەی باسی ڕیتمی ناوەوەدا هاوتەریبی پێکهاتەیی باس کردووە و وەک ڕەگەزێکی دووبارەکردنەوە و بەهایەکی ڕیتمی لە بنیاتی دەقی شیعردا ناساندوویەتی. توێژەر لەڕێگەی تەنها یەک دێڕە شیعری صافییەوە پراکتیکی چەمکەکەی کردووە، کە ئەویش شیکردنەوەیەکی ڕێزمانیی دێڕەکەیە و ئیتر باسەکەی بەوەندە براندووەتەوە!(فەرەج، ٢٠١١، ١٠٦- ١٠٨)

ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق لە کتێبی (چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی)دا لە باسی چنینی دەقەکانی لە ئاستی پێکهاتەییدا، هاوتەریبی پێکهاتەیی و واتایی خستووەتەڕوو، لەمەشدا گەڕاوەتەوە بۆ یاکۆبسن و هاوتەریبی وەک دابەشکردنێکی وەکیەکی نەگۆڕ و گۆڕاوەکان ناوبردووە و بەمەش لە دووبارەکردنەوە جیای کردووەتەوە و لە ئاستی پێکهاتەیی و دەلالیدا بە دەقەکانی نالی نموونەی بۆ هێناونەتەوە. بەگشتی توێژەر هەوڵێکی باشی داوە بۆ شیکردنەوەی پراکتیکیانەی

چەمکی هاوتەریبی، بەتایبەت لە ئاستە دەلالییەکەیدا،(میرزا توفیق، ٢٠١٢، ٢٠٧ و ٢٧٠) کە بە هەنگاوێکی نوێی دەزانین و هەربۆیە لە تێزەکەماندا سوودی بەرچاومان لەو ڕووەوە لێوەرگرتووە.

حەمەنوری عومەر کاکی لە کتێبی (شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠-١٩٧٠)، لە باسی لادان لە ئاستی ڕستەدا چەمکی هاوتەریبی پێکهاتەیی باس کردووە، بۆئەمەش سوودی لە (حسێن: ٢٠٠٨)و (میرزاتۆفیق: ٢٠١٢) وەرگرتووە و چەمکەکەی بەوە ناساندووە، کە: پێکهاتە هاوتەریبەکان لە ڕستە و دێڕە شیعرەکاندا، بە هێڵێکی ئەندازەیی لە تەنیشت یەک و لەسەر هێڵی ئاسۆیی ڕیزدەبن و تەکنشینی دروست دەکەن، لە ڕستەی لێکدراویشدا بە هێڵێکی شاقولی، لەژێر یەکدا ڕیزدەبن و جێنشینیان لێدەکەوێتەوە. ئەمەو هاوتەریبی پێکهاتەیی وەک شێوازێکی شیعری نوێی کوردی لە قەڵەم داوە.(کاکی، ٢٠١٢، ٢٣٥- ٢٣٧) بەڵام ئەمیش لەوە زیاتری لەبارەی هاوتەریبییەوە بەردەست نەخستووە، کە چەمکەکەی بە تەواویی پێ ڕوون بووبێتەوە.

عوسمان دەشتی لە دوو توێژینەوەدا هاوتەریبی خستووەتە ڕوو. لە یەکەمیاندا (بنەماکانی شیعرییەت لە تێکستی یادگار و هیوای برایم ئەحمەددا)، چەمکی هاوتەریبی وەک جۆرێک لە داڕشتنی زمانیی هاوشێوە ناساندووە و ئەمەشی لە چوارچێوەی ڕۆنانی سینتاکسیدا بەردەست خستووەو ئاماژەی بەوەش داوە، کە هاوتەریبی بە (موازنە) دەناسرێتەوە.(دەشتی،٢٠١٢، ٢٠٤-٢٠٦)
توێژینەوەی دووەمیش: (هەندێ لایەنی هونەری لە شیعری سالمدا)، هاوتەریبی وەک خاسییەتێکی ڕیتمی و سەرواسازی لە دەقەکانی سالمدا دەستنیشان دەکات و پێیوایە لەڕووی داڕشتنی زمانییەوە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی زمانییە وەکوو دووبارەبوونەوەو هاوشێوەیی لە پێکهاتەدا، کە بەلایەوە ئەمە جۆرێک لە ڕیتم و ئاهەنگی خۆش و دڵگیر بە شیعر دەبەخشێت.(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٥٤- ٤٥٥) توێژەر، چەمکی هاوتەریبی لە هەردوو توێژینەوەکەیدا بەشێوەیەکی ورد پراکتیزە کردووە، بەوپێیەی کە ئاگاییەکی باشی لەبارەیەوە هەیە، بەتایبەت کە وەرگێڕی کتێبە دوو بەرگییەکەی (کۆرش سەفەوی)یشە بۆ زمانی کوردی، کە بە سەرچاوەیەکی گرنگی هاوتەریبی دێتەئەژمار و ئێمەش لە زۆر شوێنی ئەم تێزەدا گەڕاوینەتەوە بۆی و سوودمان لە تێڕوانینەکانی (سەفەوی) وەرگرتووە.

صافیە محەمەد ئەحمەد لە کتێبی (لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) چەمکی هاوتەریبی لە چوارچێوەی جۆرەکانی لادان لە ئاستی ڕستەدا باس کردووە و بەنموونەی شیعری هاوچەرخی کوردی لە ئاستی ڕێزمانیدا ڕوونی کردووەتەوە. لەپاڵ ئەوەی باسی لە تێڕوانینەکانی یاکۆبسن کردووە، بەڵام بۆ دیاریکردنی هاوتەریبیی ڕێزمانی گەڕاوەتەوە بۆ پێناسەیەکی ڕەخنەگری ئیسپانی (خوسیە ماریا)، کە دەڵێت: ((شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی سینتاکسی، خۆی لە

دابەشکردنی فۆرمە سینتاکسییەکان بەسەر ڕەگەزە لێکچووەکان، لەڕووی درێژی و ئاوازەو بونیاتی ڕێزمانی دەبینێتەوە.))(ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٤٣- ١٤٥) کەواتە ئەمیش تەنها یەک جۆری هاوتەریبی دەستنیشان کردووە و بەلای جۆرەکانی تریدا نەچووە.

مەسعود جەمیل ڕەشید، لە کتێبی (ڕۆلێ تەوەرێن هەڵبژارتن و ڕێزکردنێ د چێکرنا ڕیتما هۆزانا کلاسیکییا کوردیدا- دیوانا مەلایێ جزیری وەکوو نموونە)، لەپاڵ ئەوەی زاراوەی (هەڤتەریبی) بۆ چەمکەکە بەکارهێناوە، هاوکات لە باسی پەیوەندیی سەرواو هاوتەریبی، لە ئاستی هەردوو تەوەرەی هەڵبژاردن و ڕۆنان، ئەوەی خستووەتەڕوو، کە: بریتییە لە ڕیزکردنی بنیاتە جووتەکان، ئەمەش لەڕێگەی گۆڕانکاریی لە تەوەری هەڵبژاردندا پێکدێت و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهێنانی ئاوازی شیعریی دەبێت، بۆئەمەش پێناسەکەی لۆتمانی وەرگرتووە و هاوتەریبی ڕستەیی وەک بنەمایەک بۆ بەدیهێنانی هاوتەریبیی عەرووزیی لەبەرچاوگرتووە.(ڕەشید، ٢٠١٤، ١٤٠ و٢١٩) بەومانایەی پراکتیزەی چەمکەکەی لە ئاستی دەنگدا هێشتووەتەوە و نەپەڕیوەتەوە بۆ جۆرەکانی تری هاوتەریبی.

دڵشاد عەلی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (هاوتەریبی لە دەقە شیعرییەکانی ڕەشید نەجیبدا) جگە لەوەی چەمکەکە وەک سیمایەکی هونەریی زمانی شیعر ناودەبات، هاوکات وەک (تەکنیکی چنینی یەکەی زمانیی تەباو ناتەبا پێکەوە، لەسەر ئاستی دەنگی، پێکهاتەیی و واتایی و بەهەردوو ئاراستەی ئاسۆیی و ستوونی لە دەقی شیعردا.) مامەڵەی لەگەڵ هاوتەریبی کردووە، هەروەها پێیوایە: دەکرێ زۆربەی چەمکەکانی هاوتەریبی لە هەردوو زاراوەی تەباو ناتەبادا کۆبکرێنەوە، کە لە ڕەوانبێژی و ڕەخنەی نوێدا خراونەتە بەردەست، بەتایبەتی ئەو چەمکانەی کە هاوتەریبی لەنێوان یەکەی زمانی لەیەکچوو نەک وەکیەکیدا دەبینن، بەوپێیەی هەموو وەکیەکییەک لەیەکچووە، بەڵام هەموو لەیەکچوویەک وەکییەکی نییە، بۆیە دەکرێ ڕەگەزدۆزی و دووبارەکردنەوە و هاوواتایی و دژواتایی لە ئاستە جیاجیاکانی زمانی شیعریدا ببنە کەرەسەی تەکنیکی هاوتەریبی لە بنیاتی دەقدا.(عەلی، ٢٠١٦، ٥٦- ٥٧) لە پراکتیزەی ئەمەشدا سێ جۆری هاوتەریبی لە شیعرەکانی ڕەشید نەجیبدا ڕوون کردووەتەوە، ئەوانیش: هاوتەریبی دەنگی، هاوتەریبی پێکهاتەیی و هاوتەریبیی دەلالی، کە ئەمەش پاش لێکۆڵینەوەکەی (میرزا تۆفیق،٢٠١٢) دەبێتە دووەم توێژینەوە، کە پراکتیزەی هاوتەریبیی واتایی کردبێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەرچی توێژینەوەکە بۆ گۆڤارێکی زانستی ئامادەکراوە، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەهای زانستیی خۆی هەیە.

عەبدوڵڵا خدر حەمەد لە کتێبی (دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری)دا، بە بەکارهێنانی زاراوەی هاوسەنگی و پشتبەست بە تیۆرانینەکانی یاکۆبسن چەمکی هاوتەریبی ڕوون کردووەتەوە و هونەرەکانی (دووبارەکردنەوە، ڕەگەزدۆزی و تەدویر)ی لەو چوارچێوەدا کۆکردووەتەوە، وەک (دووبارەکردنەوەی بنیات لە دەقدا) ناساندوویەتی و بە بنەمایەکی سەرەکی لە پێکهێنانی مۆسیقای ناوەوە لێی ڕوانیوە، جۆرەکانیشی لەسەر سێ ئاست دیاری کردووە: هاوتەریبی واتایی، مۆسیقی، ڕێزمانی و بە نموونەی شیعری مەحوی ڕوونی کردوونەتەوە.(حەمەد، ٢٠١٧، ٣٨٤- ٤١٤) ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لەوانیتر جیادەکاتەوە، باسکرنی جۆرێکی هاوتەریبییە لەژێر ناوی (هاوتەریبیی ئەوجی)دا، کە جگە لەوەی لەژێر کاریگەریی توێژەرانی عەرەبدا وەرگیراوە، هاوکات پێمانوایە چەمکەکەی دەچێتە چوارچێوەی یەکێتیی بەیتی شیعرییەوە، کە هەموو دەقێکی کلاسیکی پێ دەناسرێتەوە، بەمەش ئەو کاریگەرییەی نامێنێ، کە بتوانرێ وەک بنیاتێکی هاوتەریبی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت!

ئەنوەر قادر محەمەد لە کتێبی (لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی) و لەمیانی لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (شێوازی شیعری مەولەویی تاوگۆزی لەڕوانگەی ستایلناسیی- شێوازناسیی نوێوە)، لەڕێگەی بەکارهێنانی زاراوەی (تەریبییەت)و بە گەڕانەوە بۆ بنەماکانی شێوازگەریی هاوچەرخ و تیۆرانینەکانی لۆتمان لەوبارەوە، بەرجەستەبوونی ئەم چەمکەی لە شیعری مەولەویدا دەرخستووە، بەوەی چۆن و بە چ شێوەیەک دەبێتە هۆی سازدانی کەشی گونجان و هاوئاهەنگی لە بەرهەمی هونەریدا.(محەمەد، ٢٠١٨، ٥٦٣ و دواتریش) توێژەر بەوردیی تیۆرییەکەی لۆتمانی پراکتیزە کردووە، هەر لەم بوارەشدا کتێبی بەناوبانگی (شیکاریی دەقی شیعری- بونیادی شیعر)ەکەی بۆ کوردی پەرچڤە کردووەو دوای ئەمیش هەریەک لە (هەرێم عوسمان و لهۆن قادر) پێڕەوییان لەم تیۆرانینە کردووە، کە (دکتۆر ئەنوەر) بۆخۆی سەرپەرشتیی ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای هەردوو توێژەری ناوبراو کردووە و بەڕوونیش کاریگەریی ئەمیان بەسەرەوە دیارە، هەروەک لای خوارەوە ئاماژەیان پێ دراوە.

هەرێم عوسمان لە کتێبی (لیریکی گۆران لەڕوانگەی بونیادگەریی کراوەو تەواوکارانەوە)، کە لەبنەمادا نامەیەکی ماستەرە، دیسانەوە ئەمیش پشتبەست بە تیۆرانینەکانی لۆتمان چەمکی هاوتەریبی ناساندووە و وەک بەشدارێکی سەرەکی و بنەڕەتی لە پێکهێنانی مۆسیقای شیعری و بەرجەستەکردنی شیعرییەتدا باسی کردووە و لەسەر ئاستی دەنگی و سینتاکسی نموونەی لە لیریکی گۆران هێناوەتەوە.(عوسمان، ٢٠١٨، ٢٨١- ٣٠٦)

لهۆن قادر عەبدولڕەحمان-یش لە تێزی دکتۆراکەیدا: (لیرکی گۆرانی (هەورامی) لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە بەنموونەی شیعری بێسارانی، سەییدی، کۆماسی)، لەپاڵ چەند بنەمایەکی تری شێوازناسیی هاوچەرخدا باس لە چەمکی هاوتەریبی دەکات و لەڕوانگەی تیۆروانینەکانی لۆتمانەوە پێناسەی کردووە و وەک مەرجی بە شیعربوونی دەقێک و وەک میکانیزمێکی بنەڕەتیی لە بنیاتی سیستمی زمان و ئاخاوتندا لێی دەڕوانێت. جۆرەکانیشی لەسەر ئاستی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی دابەش کردووە و لە پراکتیزەدا نموونەی لە شیعری شاعیرانی سنووری توێژینەوەکەی هێناوەتەوە.(عبدالرحمن،٢٠٢١، ١١٥و..)

کەمال میراودەلی لە کتێبی (شیعرناسیی بە شیعر- لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە ئیستاتیکای شیعر) لە بەشی وێنەسازیی/خەیاڵسازیی ئیستاتیکای شیعردا، کۆمەڵێک چەمکی ڕەخنەیی بەردەست خستووەو ڕوونی کردوونەتەوە، یەکێک لەوانەش چەمکی هاوتەریبییە و لەبارەیەوە دەڵێت: (ئەمە بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت لە دارشتنی زمانی ڕەوانبێژیی و وێنەسازیی و لۆجیکیدا.)(میراودەلی، ٢٠٢١، ٢٠٦) ئەنجا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش نموونەی لە پەندی پێشینان و گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی و دێڕێکی لە شیعری (گۆران)یش هێناوەتەوە.

ئەوەی لە کۆی ئەم خستنەڕووەدا تێبینی دەکەین ئەوەیە، کە جگە لە توێژینەوەکەی (د.دڵشاد عەلی) هیچ کام لەو توێژینەوانەی پێشوو بەشێوەی ڕاستەوخۆ ناونیشانیان تایبەت نەکراوە بە چەمکی هاوتەریبی، بەڵکوو هەموویان لەمیانی ناونیشان و باسی جیاوازەوە بەسەریان کردووەتەوە.

## تەوەری سێیەم

## هاوتەریبی و جۆرەکانی لە بنیاتی دەقدا

زمان، بەگشتی لە دوو ئاستی چالاکی و بەکارهێناندا دەردەکەوێت: زمانی پێوەر (ئاسایی)، کە سروشتێکی خودکاریی (ئۆتۆماتیکی) هەیە و زمانی شیعریی، کە سروشتێکی جوانکاریی (ئیستاتیکی) هەیە. هەرچی زمانی شیعرییە، لەڕێگەی دوو پرۆسەوە بەدیدێت: نائاشناکردن و بەرجەستەکردن، کە یەکەمیان لە ئاستی چۆنێتی و دووەمیان لە ئاستی چەندێتیی زماندا بنیات دەنرێت، (رزق، ٢٠٠٢، ٥٨ وبشبندر، ٢٠٠٥، ١١٠) هەروەک لای خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە.

**١. نائاشناکردن:** ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا بە زاراوەگەلی وەک (نامۆکردن، تاقانەکردن، ئاشنایی سڕینەوە، ناباوی) گوزارشتی لێدراوەتەوە. لە زمانی عەرەبیدا بە (الاستغراب، التغريب، الاغراب، الافراد) هاتووە، هەموو ئەمانەش وەرگێڕانی زاراوەی (Unfamiliarization) و (Estrangement)ی ئینگلیزین و یەکەم جار (شکلۆڤسکی) ئەم چەمکەی خستووەتەڕوو و وشەی (Osrannenja)ی ڕووسی بۆ بەکارهێناوە، کە بەلایەوە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ئیستاتیکای هونەری و ئەدەبییە. ( بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٢٢٤ و کەسنەزانی،٢٠٢٢، ٣٠٨)

ئاشنایی-سڕینەوە لە تێڕوانینی فۆرمالیزمدا، واتای ((نیشاندانی دیاردەیەک بە چەشنێک، کە ئیتر بە چاوی عادەت چاوی لێ نەکرێ و بە شێوەیەکی دیکە بێتە بەرچاومان.))(مەحموودزادە،٢٠٢٠، ٨٧) دەگەیەنێت، بە مانایەکی ڕوونتر: ئەم چەمکە لەخودی خۆیدا گوزارشتە لە ((گۆڕینی شتێک و گواستنەوەی بۆ بازنەیەکی نوێی پەیپێبردن، واتە گۆڕینی شتێکی باوی سواو بۆ بارێکی نوێی نامۆ لە ڕێی مەجاز یان گۆڕینی دیدگای پێشکەشکردنەوە، ئەم گۆڕینەش ئامانجی سەرەکی شیعرو هۆکاری بوونیەتی.))(شارەزووری، ٢٠١٥، ٢١٢)

کاتێک شکلۆڤسکی لە ساڵی (١٩١٧) لە وتاری (هونەر وەکوو تەکنیک) بە کاریگەریی دیاردەناسییەکەی ئەدمۆند هۆسێرل و تێڕوانینە هونەرییەکانی بێرتۆڵد برێخت باسی لەم چەمکە کرد، ئیتر دوای ئەوە لەلایەن هەریەک لە تینانۆڤ و بەتایبەتیش یاکۆبسنەوە پەرەی پێ درا. (حمداوی، ٢٠٢٠، ٥٨) شکلۆڤسکی لە لێکۆڵینەوەکەیدا وەک پرۆسەیەک باسی نائاشناکردن دەکات و بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەش نموونەیەک دەهێنێتەوە، دەڵێت: ((ئەوانەی لە کەناری دەریاکاندا دەژین، هەر زوو بە دەنگی شەپۆلەکانی ڕادێن، بە جۆرێک کە ئیتر نە هەستی پێدەکەن و نە دەنگی دەبیستن، هەر بە هەمان هۆ ئێمەش ناتوانین گوێمان لە وشەکانمان بێت و ئەوەی لەزماندا بنیاتی دەنێین هەستی پێ ناکەین و نایبینین، بەمەش درک و هەستمان بەرانبەر بە

جیهان کزو لاواز دەبێت، لێرەوە ئەرکی هونەر ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەم ڕۆتینەو داماڵینی شتەکانە لە چوارچێوەی خۆیان و شکاندنی قاڵب و کلێشە زمانییە باوەکانە، کە پێیان ڕاهاتووین.))(فضل، ١٩٩٨، ٥٧)

هەروەک شکلۆڤسکی خۆی لەوبارەوە دریژەی داوەتێ: ((ئامانجی هونەر گواستنەوەی هەستەکانە بەوشێوەی کە درک دەکرێن، نەک بەوشێوەی کە دەزانرێن و دەناسرێن، تەکنیکی هونەر لەوەدایە، کە بەرگی ئاشنایەتی لە دیاردەو دەرکەوتەکان دابماڵێت و نائاشنایان بکات و فۆرمێکی دیکەی گرانتریان بداتێ، بۆئەوەی درککردنیان ئاسان نەبێت، چونکە کردەی درکپێکردنی ئاڵۆز و گران لە خودی خۆیدا ئامانجێکی ئیستاتیکیی بەرزەو ئەرکی هونەرە ماوەو مەوداکەی لای خوێنەر درێژبکاتەوە.))(هولب، ٢٠٠٤، ٤٦، و سلدن،؟، ٢٩-٣٠) واتە کاتێک درککردن یان پەیپێبردن ((ئاسایی دەبێتەوە، دەبێتە کارێکی ئۆتۆماتیکیی ئامێرییانە، هەر بەهەمان شێوە نەریتە باوەکانمان دەکشێنەوە بۆ ناوچەی ئۆتۆماتیکی و ئامێرییانەی ناهۆشیارانە.))(عبدالرحمن،٢٠٢١، ١١١) هونەر (ئەدەب) بە تێکشکاندنی کلێشە و قاڵبە پێشوەخت ئامادەکان، هەستەکانمان سەرلەنوێ ڕێک دەخاتەوە و ئەو نەریتانەی پێیان ڕاهاتووین دەیانگۆڕێت و لە فۆرم و بنیاتێکی نوێدا دەیانخاتەوە ڕوو. هەربۆیە داهێنەری ئەم چەمکە پێیوایە، لە ئەنجامی ئەوەی بنیاتەکان بە بەردەوامی لە بەکارهێناندان، بۆیە هەمیشە خۆیان نوێ دەکەنەوە و دەگۆڕێن: ((پێویستە بنیاتەکان تا ناکۆتا (مالانهایە) لە گۆڕاندابن، بۆئەوەی نەبنە کۆمەڵە چەشنێکی دووبارەکراوەی سواو.))(الخطیب، ١٩٨٢، ١١) دەبێ ئەوەش بزانین، لە پرۆسەی نائاشناکردندا زیاتر کار لەسەر بابەت دەکرێت، واتە بابەتەکە دەبێتە جێی سەرنج و لەسەر تەوەرەی هاونشینی فراوان دەکرێت. بۆیە پرۆسەی نائاشناکردن زیاتر لە دەقی گێڕانەوەبەندی (چیرۆک و ڕۆمان)دا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.(لوشر، ١٩٩٧، ٨٧- ١٠٥)

ئەمە مانای وانییە، کە لە دەقی شیعردا نائاشناکردن دەوری نەبێت، بەڵکوو ئەوەتا لەبەرانبەر ئەو هەوڵەی شکلۆڤسکیدا، یاکۆبسن توانیویەتی ئەم چەمکە لە شیعرەکانی مایاکۆڤسکی، ڤیکتۆر خلیبنیکۆف و ئەوانیتردا پراکتیزە بکات و بەمەش واتاو دەلالەتێکی تری بە چەمکی نائاشناکردن بەخشیوەو تەنانەت بە زاراوەیەکی وەک (نامۆکردنی زمانی) گوزارشتی لێکردووە(ابراهیم، ١٩٩٨، ١٠٣و ١٠٢) هەروەها ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە ((شیعر بۆخۆی زمان ڕووبەڕووی ئاشنایی-سڕینەوە دەکات و ڕێگەیەکی نوێ بۆ بینینی جیهان پێشنیاز دەکات.))(برتنز، ١٣٨٨، ٥٠) ئەوە بۆیە دوای ئەو (جاناتان کالر)یش وتویەتی: ((ئەدەب زمانێکە، کە زمان سەیرو نامۆ دەکات.))(کالر، ٢٠٢١، ٥٠-٦٠) بەمەش وەرگر لەبەردەم پەیامدا، ئاگایی خۆی لە پرسیاری (بۆچی هەست دەکەم؟)

دەگوازێتەوە بۆ پرسیاری (هەست بە چی دەکەم؟) کە دیارە ئەمەش دۆزینەوەی وەڵامە بۆ پرسیارە بنەڕەتییەکەی یاکۆبسن دەیپرسێت: ((ئەوە چییە کە پەیامێکی ئاخاوتەیی دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی هونەری؟))(ئەحمەدی، ٢٠٠٤، ٩٩) بەم جۆرە چەمکی نائاشناکردن لای فۆرمالیستەکان دوو واتای سەرەکی بەدەستەوە دەدات:

١. شێوازێکە لە نووسین، ئاگا یان نائاگا لەهەر کارێکی ئەدەبیدا دەبینرێتو تەنانەت هەندێجار دەبێتە شێوازی باڵادەستی دەربڕین، کە لەڕێگەی بەکارهێنانی مەجازیی زمانەوە بەدیدێت و زەینی وەرگر بۆ مانای نوێ دەبرێت و مانا ئاشناکان بێبایەخ دەبن و دەسڕێنەوە.
٢. ئەو تەکنیکە هونەرییانە دەگرێتەوە، کە نووسەر ئاگا یان نائاگا سوودیان لێوەردەگرێت، تا جیهانی دەقەکە لای وەرگر نامۆ نیشان بدات. نووسەر/ شاعیر لەبری چەمکە ئاشناو ئاساییەکان، کۆمەڵە وشە و شێوە دەربڕینێکی وا بەکاردەهێنێت، کە دەقەکە دەلالەتێکی ئاسانی نەبێت و بابەتەکەی بەجۆرێک نیشان دەدات، وەک ئەوەی نوێ بێت.(بەرزنجی، ٢٠٠٦، ٢٢٥)

فۆرمالیستەکان ئەم چەمکەیان وەک یاسایەکی گەردوونی و بنەمایەکی گشتیی هونەر تاوتوێ کردووە، کە لە هەموو ئاستەکانی بونیادی هونەریدا دەرکەوتووە، وەک ئاوازدانەوەی دەنگ لای یاکۆبینسکی، ئاڵۆزیی سیمانتیکای شیعریی لای تینیانۆڤ، وەستاندن و پەکخستنی ڕەگەزەکانی پێکهاتنی سووژێت و نامۆیی وەسفی هونەری لای شکلۆڤسکی و بەرچاویی و بەرجەستەیی یان نامۆکردنی زمان لای یاکۆبسن و ئۆڤیتۆکور و... هتد.(محەمەد، ٢٠١٨، ٥٥٣)

**<u>٢. بەرجەستەکردن:</u>** ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا زاراوەی وەک: (بەرجەستەسازیی، زەقکردنەوە، دەرخستن و پێشخان، پێشزەمینە)ی بۆ بەکارهێنراوە، لە عەرەبیشدا بە (الصدارة، الامامیة) گوزارشتی لێکراوە، هەموو ئەمانەش وەرگێڕانی زاراوەی (Foregrounding)ی ئینگلیزین، کە سەرچاوەی ئەمەش بۆخۆی ئاکتوالیس (актуалис)ی ڕووسییە، پاش ئەوەی کە گارڤین (P.L.Garvin) لە (١٩٢٧) لێکۆڵینەوەی فۆرمالیستەکانی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.(محەمەد، ٢٠١٨، ٥٥٢ و عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٢، ١١٩)

بەرجەستەکردن، لەلایەن مۆکارۆڤسکییەوە لە وتارێکدا بە ناونیشانی زمانی ستانداردو زمانی شیعری (Standard Language and Poetic Language) لە ساڵی (١٩٣٢)دا خراوەتەڕوو، تێیدا بەوردیی جیاوازیی نێوان زمانی پێوەر (ئاسایی)و زمانی شیعریی باس کردووە، ئەمەشی لەڕێگەی داهێنانی دوو چەمک و خستنەڕووی جیاوازیی نێوانیانەوە ڕوون

کردووەتەوە، کە بریتین لە: پێشخان (پێشزەمینە- الامامیة- The Foreground) و پاشخان (پاشزەمینە- الخلفیة The Background).(موکارۆڤسکی، ١٩٨٤، ٤٠)

بەپێی تێگەیشتنی مۆکارۆڤسکی، مەبەست لە چەمکی پێشخان ئەو ڕەگەزانەیە، کە لە بەرهەمی هونەری و ئەدەبیدا زەق و دیار و بەرچاون، بەڵام پاشخان بریتییە لە زەمینەی گشتیی بەرهەمەکە، واتە پاشخان هەموو ئەو ڕەگەزانەی تر دەگرێتەوە، کە زەمینە بۆ دەرکەوتن و زەقبوونەوەی هەندێ لە ڕەگەزەکانی بنیاتەکە خۆش دەکەن و دەیهێننە ڕووی پێشەوەی دەق* و بەرجەستەی دەکەن. لێرەشدا ڕۆڵی (بەهای زاڵ) دەردەکەوێت، کە ((ئەرکی ڕێکخستنی ماک و ڕەگەزەکانی تری ناو بەرهەمی ئەدەبی لە ئەستۆ دەگرێت.))(مەحموودزادە، ٢٠٢٠، ١٧٣)

بەم شێوەیە زمانی شیعریی، لەڕێگەی لادان و زێدەکردنی ڕێساوە دەبێت بەو فۆرمە زەقە، کە وەک پێشخان خۆی دەنوێنێت، زمانی پێوەریش خۆبەخۆ ڕۆڵی پاشخانە گەورەکە دەبینێت، کە ناتوانێ ببێتە جێسەرنجی وەرگر، لەم ڕوانگەوە فۆرمالیستەکان هەوڵیان دا، جیاوازیی لەنێوان زمانی پێوەرو زمانی شیعریدا بکەن، کە ئەمەش باسێکی دوورودرێژی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە لێرەدا پوختەیەکی دەخەینەڕوو: زمانی پێوەر شێوە بەکارهێنانێکی زمانە، کە مەبەست لێی دروستکردنی پەیوەندییەو ئەو وشانەی کە مەبەستەکەی پێ دەردەبڕێت ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی جیهانی واقیعە، بۆیە شێوازی دەربڕینەکە سەرنجێکی ئەوتۆ بەلای خۆیدا ڕاناکێشێت، چونکە ڕاشکاویی تێیدا بەهای باڵادەستەو بەوەش داهێنان لە نزمترین ئاستی خۆیدا دەبێت، لەکاتێکدا زمانی شیعری پێچەوانەی ئەمەیە، واتە ئەو وشانەی تێیدا بەکاردەهێنرێن، واتای ڕاستەوخۆی واقیع وەک خۆی ناگوێزنەوە، بەڵکوو زەق دەکرێنەوەو دەهێنرێنە پێشەوەو دەبنە پێشخانی دەقەکە. لە زمانی شیعردا زیاتر جەخت دەکرێتە سەر فۆرمە زمانییەکە وەک لەو بابەتەی کە مەبەستە بگەیەنرێت، چونکە لێرەدا ڕووی پەیام لە خودی پەیام خۆی دەبێت،

---

* فۆرمالیستەکان چەمکی (پێشخان و پاشخان)یان لە تیۆری جەشتاڵتەوە وەرگرتووە، بەوپێیەی تیۆرەکە گرنگییەکی زۆر بەو چەمکانە دەدات، بەتایبەت لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان فۆرم و زەمینە (الشکل والارضیة Figure– ground)، بەوەی فۆرم هەمەکی(کل)ێکی دابڕاوە لەو زەمینەی کە دەبێتە پاشخانی وێنە بینراوەکە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش نموونەیەکی لەم جۆرە دەهێنینەوە: ئەگەر کەسێک لەسەر شۆستەیەک ڕاوەستابێت، ئێمە زیاتر سەرنجی کەسەکە دەدەین وەک لە شۆستەکە، چونکە کەسەکە لەوێدا بریتییە لە فۆرمە زەقکراوەکە(=پێشخان)، واتە شۆستەکە دەبێتە پاشخان بۆ وێنەی کەسەکە، لەکاتێکدا خۆ دەزانین شۆستەکە زۆر لە وێنەی کەسەکە گەورەترە، بەڵام کەسەکە لە ڕوانینی ئێمەدا زەق و دیارو بەرچاوترە، بۆیە لەبەرانبەردا گەورەیی شۆستەکە -بەلامانەوە- نابێتە جێی سەرنج.(جییوم، ١٩٦٣، ٨٥- ٩٥)

بۆیە لە دۆخێکی وادا، کە شێوازی دەربڕین دەبێتە جێسەرنج، ئیدی زمان ئەو ڕاشکاوییەی لە دۆخی ئۆتۆماتیکدا هەیەتی لە دەستی دەدات و لەبری ئەوە هەستێکی ئیستاتیکی لای وەرگر دەورووژێنێت، ئەمەش ئەو شەنگستەیە، کە فۆرمالیستەکان لەسەری کۆکن، بەوەی ((زمانی شیعریی شێواندنی بە ئەنقەستی زمانی پێوەرەو... توندوتیژییەکی ڕێکخراوە، کە شاعیر بەرانبەر بە زمان پێڕەوی دەکات.))(ویلیک، ١٩٨٧، ٥٦) لەم ڕوانگەوە زمانی شیعریی ((لە دەقی شیعریدا دەبێتە تەوەری تاقیکردنەوەی شیعری و ڕەگەزەکانی تری داهێنان بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.))(میرزا توفیق،٢٠١٣، ٣١) بۆیە لەئەنجامدا تێکڕا جووڵەیەکی زیندوو بە تاقیکردنەوە شیعرییەکە دەبەخشن و ئەمەش لە بنیاتێکی وەک بنیاتی هاوتەریبیدا دەردەکەوێت و بەرجەستەبوونەکەی زەق دەبێتەوە.

## - هاوتەریبی وەک زێدەکردنی یاسای زمانی

هاوتەریبی لە بنیاتی دەقدا بەپێی ئاستەکانی زمان ((چەندین تەکنیک و هونەری هەن و هیچ کات ناتوانین یاسایەکی بۆ دابڕێژین.))(عەبدولڕەحمان، ٢٠٢٢، ١٧٥) لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی ئەوەی کە تەکنیکێکە لەڕێی یاساکانی زمانی شیعرییەوە بەرهەم دێت، بۆیە ئەگەر مەبەست لە زمانی پێوەر دروستکردنی پەیوەندیی و گەیاندنی زانیاریی بێت، ئەوا مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی شیعریی داهێنانی جوانییە، ئەو داهێنانەش لە دوو ڕێگەوە (بەرجەستە) دەبێت، ئەوانیش: ١- **لادان لە یاسا باوەکانی زمان (Deviation)** و ٢- **زێدەکردنی یاسای نوێ بۆ زمان (Extra regularity)** لەم ڕوانگەوە بەرجەستەکردن، هەروەک لیچ (G.Lich) جەخت دەکاتەوە، لەڕێگەی ئەو دوو پرۆسە ئاماژەپێدراوەی سەرەوە جێبەجێ دەبێت،(یەعقوبی، ٢٠٢١، ٢٠)

نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بەگشتی و بەلای فۆرمالیستەکانەوە بەتایبەت هەردوو پرۆسەکە، هۆکاری سەرەکین لە خوڵقاندن و بەرهەمهێنانی زمانی شیعریدا، واتە ئەو لادانە زمانییانەی کە لە دەقی ئەدەبیدا (**بەرجەستە**) دەکرێن خۆبەخۆ دەبنە هۆی جۆرێک لە (**زێدەکردنی یاسا**) بۆ سەر زمانی بەکاربراو، هەروەک زێدەکردنی هەر یاسایەکیش بۆخۆی پێویستی بە جۆریک لە لادان دەبێت لە یاسا باوەکانی زمانەکە. لێرەدا نامانەوێ باس لە چەمکی لادان بکەین، چونکە لە سنووری تێزەکە بەدەرە، بۆیە بەوەندە دەیبڕینەوە، کە بزانین لادان ((بریتییە لە دەرچوون لە پێوەرو یاسا و دەستوورە ڕێزمانییە باوەکانی زمان و هێنانی مانای دەلالیی نوێ بۆ وشەکان و تێکشکاندنی ڕێسای ڕێزمانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە ڕێزمان تێکدەشکێنێ، دووبارە بە هۆی یاسای نوێوە دروستی دەکاتەوە.))(سەعید، ٢٠١٣، ٨٣)

بەم جۆرە پێویستە هەموو لادانێک سێ مەرج لەخۆیدا بەدیبهێنێت، دەنا ئەو لادانە نابێتە لادانێکی ئەدەبی و هونەری، مەرجەکانیش هەروەک (لیچ) دەستنیشانی کردوون، ئەوەیە کە لادانەکە: ١- ئەرکدار بێت، ٢- ئاراستەکراو بێت، ٣-مەبەستدار بێت.(سەفەوی، ٢٠١٨، ٦٩- ٧٠)

کەواتە لادان پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی شیعرییەتە لە بنیاتی دەقداو دەچێتە چوارچێوەی (جوانکاریی واتایی)یەوە و لەنێو سیستمی واتایی زماندا کاردەکات و تێکیدەدات، بەمانایەکی تر لادان مامەڵەیەکی هونەرییانەیە لەگەڵ ڕووی ناوەوەی زمانی شیعریدا، بەڵام زێدەکردنی ڕێسا دەچێتە چوارچێوەی (جوانکاریی وشەیی)یەوەو کار لەڕووی دەرەوەی زمانی شیعریی دەکات و زیاتر پرۆسەیەکی جوانکاریی و یاریکردنە بە وشە.(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٤١)

لێرەشدا دەگەین بە ئەنجامێکی گرنگ ئەویش: ئەگەر لادان بریتی بێت لە تێکشکاندن و بەزاندنی یاساکانی زمانی ئاسایی، ئەوا زێدەکردنی ڕێسا پێچەوانەی لادانە و شێوەیەکی تایبەتییە لە شێوەکانی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی، بۆیە ئەوەی لێرەدا بۆ ئەم باسە جێی بایەخە، بریتییە لەم چەمکەی دواییان، کە ئەویش زێدەکردنی ڕێسایە و بەلای یاکۆبسنەوە جەوهەری چەمکی هاوتەریبی لەخۆدەگرێت، کە ((لەڕووی چییەتییەوە لە لادان جیادەبێتەوە و دەبێتە هۆی داهێنانی هەڵبەست.))(دزەیی، ٢٠١٢، ١١٢) بەم جۆرەش بێت، کەواتە هاوتەریبی ئەنجامێکە لەڕێگەی بنەمای زێدەکردنی ڕێساوە بۆ سەر بنەماکانی زمانی ئاسایی بەدەست دێت، ئەمەش لە ئاستی تەکنیکیدا لەڕێگەی کۆمەڵێک دووبارەکاریی لە کردەی ئاخاوتندا فەراهەم دەبێت و دەرئەنجام لە داهێنانی دەقی شیعریدا وەک میکانیزمێک بەکاردەبرێ و جێگیر دەکرێ. هەروەک یاکۆبسن پێیوایە: ((زێدەکردنی ڕێسا، شتێک نییە لە هاوتەریبی بەولاوە بە چەمکە فراوانەکەی و ئەم هاوتەریبییە خۆیشی لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنەوە دێتەدی.))(سەفەوی، ٢٠١٨، ١٦٥) هەر ئەم دووبارەکردنەوە فراوانانەی کە ئەنجام دەدرێن، دەبنە هۆی دروستبوونی مۆسیقای شیعرەکە، کەواتە لەم جۆرە بەرجەستەکردنەدا مۆسیقا ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە.(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٤٧)

(لیچ) هاوتەریبی لەڕوانگەی بەرجەستەسازیی زمانەوە دەناسێنێت و بە ڕێسایەکی زێدەکراوی پێشخانکراو (Foregrounded Regularity)ی ناودەبات و پێیوایە بنیاتی هاوتەریبی لەڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی ڕەگەزدۆزیی (Alliteration)و هەندێ دیاردەی دەنگیی دیکەوە بەدی دەهێنرێت.(وایلز، ٢٠١٤، ٤٩٢) لێرەوە ئەو چەمکەی وەک بنەمای کار لە شیکردنەوەی بنیاتی هاوتەریبیدا وەریدەگرین ئەوەیە، کە لە تیۆروانینی بنیاتگەریی- فۆرمالیستی بەگشتی و تیۆروانینەکانی یاکۆبسندا بەتایبەتی باس کراوە، بەوەی: ((پێکهاتەیەکی دووانەییە (تألیف ثنائی) لەسەر بنەمای هاوشێوەبوون، نەک وەکیەکیی تەواو، بنیاتنراوە.))(جاکبسون، ١٩٨٨، ١٠٣) ئەمەش

لەمیانی شیعرییەتی هاوشێوەبووندا تاوتوێ دەکرێت، وەک لە برگەی داهاتووی ئەم تەوەرەدا دەیخوێنینەوە.

## - هاوتەریبی وەک واقیعێکی بابەتیی بنیاتگەرانە:

یاکۆبسن بۆ خستنەڕووی بنەمای هاوتەریبی دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینە زمانەوانییەکەی (ئیدوارد ساپییر) و جیاوازیی نێوان دوو جۆرە چەمک دەخاتەڕوو، کە لەڕێگەیانەوە دەتوانین درک بە هاوشێوەبوونی نێوان دەربڕینە زمانییەکان بکەین، ئەوانیش: ئاستی پێکهاتەیی-ڕێزمانی (التركيبي-النحوي) و ئاستی ماددیی-فەرهەنگی (المعجمي-المادي)یە، پەیوەندیی نێوان هەریەک لەم چەمکانەش لەژێر ناونیشانی (واقیعێکی بابەتیی بنیاتگەرانە)دا کۆدەکاتەوە.(الضامن، ١٩٧٩، ٢٥) لە ڕوونکردنەوەی ئەم ناونیشانەشدا دوو ڕستە دەهێنێتەوە: (جووتیارەکە مراوییەکە سەردەبڕێت.) (پیاوەکە جووجەڵەکە دەگرێت.)، کە بنیاتی ڕێزمانیی هەردووکیان لەسەر بنەمای هاوشێوەیی و هاوتایی ڕۆنراوەو تەنها لە ڕووە دەرەکی/ مادییەکەیانەوە لەیەکتر جیاوازن، دەنا هەردووکیان بەهەمان شێواز گوزارشت لە پەیوەندیی هاوشێوەیی و هاوتایی نێوانیان دەکەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکارییەک لەو پێکهاتەیەدا بکەین، کە بنیاتی هەردوو ڕستەکەی لەسەر دامەزراوە، بەبێ گۆڕانکاریی لە چەمکە ماددییەکانیاندا، ئەوا دەتوانین لەبری (أ ، ب سەردەبڕێت) بڵێین: (ب، أ سەردەبڕێت)، ئەوکات چەمکە ماددییەکانمان نەگۆڕیوە، بەڵکوو تەنها هەمەڕەنگییەکمان لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕپێکراوەکانی نێوانیاندا هێناوەتەئارا. بەمەش دەردەکەوێت، لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی هەمان وێنەی ڕستەسازیی وێڕای جیاوازییان لە فۆرمی دەرەکی/ماددییاندا، بەڵام هاوشێوەییەکی بنیاتی لێکەوتووەتەوە، کە بەرەو هاوتەریبی ئاراستە وەردەگرێت لەڕووی تەواوی ئاستە زمانییەکانەوە.(اسكندر، ٢٠٠٨، ٦٧ ، و جاكبسون، ١٩٨٨، ٦٣- ٦٤) بەم جۆرە یاکۆبسن لە لێکۆڵینەوەکانی دواتریدا، دەگاتە ئەنجامێکی وا، کە بڵێت: ((بنیاتی شیعر بریتییە لە بنیاتێکی هاوتەریبی بەردەوام.))(جاكبسون، ١٩٨٨، ١٠٦)

دانانی دەقی شیعری وەک (خاوەن سروشتێکی دووبارەکاریی)، دەکەوێتەبەر ڕۆشنایی ئەو تێڕوانینەی پێشووی یاکۆبسن (شیعر بنیاتێکی هاوتەریبی بەردەوامە)، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە زمانی شیعری ڕێژەیەکی زۆر بەرزی لە هاوشێوەیی تێدا بەدی دەهێنرێت. هەڵبەت ئەم سروشتی دووبارەکارییەش لە بنیاتی هاوتەریبیدا لەسەر ئاستی کێش و سەروا بەڕوونی دەردەکەوێت... لێرەوە دەتوانین لە پەیوەندیی نێوان چەمکی هاوتەریبی و هەریەک لە بنەماکانی هاوشێوەیی و دووبارەبوونەوە بەم شێوەی لای خوارەوە بدوێین:

١- **هاوتەریبی و هاوشێوەبوون:** پێشتر ڕوونمان کردەوە، کە چنینی دەق پشتبەستە بە تەوەرە زمانییەکانەوە (جێنشینی و هاونشینی)، ئەمەش لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و ڕۆنان بەڕێوەدەچێت، بۆیە لەکاتێکدا هاوتەریبی وەک دەرئەنجامێکی ئەو کردە زمانییە، بریتی دەبێت لە بەرزکردنەوەی هاوتایی و هاوشێوەبوون بۆ پلەی بەدواییەکداهاتنی زمانی و لەوەش زیاتر بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی ئەو بەدواییەکداهاتنە زمانییەی تێیدا بڕگەیەک لەگەڵ بڕگەیەکی ترو بەشێک لەگەڵ بەشێکی تری بنیاتەکە، لەسەر بنەمای پەیوەندیی لێکچوون و لێکنەچوون لەناو هەمان زنجیرەی بەدواییەکداهاتوو پێکدەهێنێت.(هوکز، ١٩٩٦، ٧٤) ئەوا دەکەوینە بەردەم پرۆسەیەک، کە لە چوارچێوەی چەمکی هاوشێوەبوون و بە دوو ئاراستەی جیاواز دەبزوێت: ئاراستەیەکی ئاسۆیی و ئاراستەیەکی ستوونی، کە لە خستنەسەرو پلەبەرزکردنەوەی هاوشێوەبوونەکەدا پێویست دەکات هاوسەنگییەک لەنێوان هەردوو ئاراستە بزاوەکە بێتەدی و هەرئەمەش دواجار بنیاتە هاوتەریبەکە لە دەقدا بەرهەم دەهێنێت، وەک لەم هێڵکارییەدا ڕوونی دەکەینەوە:




هاوشێوەبوونی نێوان هەردوو تەوەرە زمانییەکە، ناوکی بنیاتی هەموو جۆرەکانی هاوتەریبییە لە هەموو ئاستەکانی زماندا، واتە هاوتەریبی وەک شوێنەواری هاوبەشی سەرجەم ئاستەکانی زمان لەو پرۆسەیەدا دەردەکەوێت و دەرئەنجام ڕیتمی گشتیی دەقی پێدەڕازێتەوە، هەروەک (هۆکز) دەڵێت: ((بنەمای هاوشێوەبوون یاسایەکی بنەڕەتیی شیعرە، کە هاوتەریبی ئیقاعی و هاوجێی (تکافؤ) دەنگی و وشەیی بەرەو هاوشێوەیی ڕستەیی و واتایی ئاراستە دەکات و لەسەر بنەمای لێکچوون و لێکنەچوون بەردەوام دەبێت.))(هوکز، ١٩٩٦، ٧٤)

بنەمای هاوشێوەبوون لە بنیاتی هاوتەریبیدا زەمینەخۆشکەرە بۆ بەدیهێنانی هاوتایی (تعادل)ی بڕگەیەک لەگەڵ بڕگەیەکی تر لەنێو هەمان پێکهاتەدا، یان دوو نەبرە لە دوو وشەی بەدواییەکداهاتوو، یان درێژیی نەغمەی بڕگەیەکی دیاریکراو لەگەڵ نەغمەی بڕگەیەکی ترو... هتد.(اسکندر، ٢٠٠٨، ٦٣) (سەموێل.ر.لیڤن) ئاماژەی بەم دیاردەی هاوشێوەبوونە داوە، کە چۆن و بە

چ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر چنینی دەق دەبێت و تۆکمەی دەکات و دەقی شیعر دەکات بە دەقێکی بنیات هاوتەریب، هەروەک پێیوایە ((هاوشێوەبوون لە بنیاتی قەسیدەدا چنینێکی تۆکمە بەدیدەهێنێت و ڕووەو ئەرکی شیعریی زمان سەرنجمان ڕادەکێشێت و فۆرم و شێوازی پەیوەندیی ڕەگەزەکانی پێکهاتە زمانییەکەمان بۆ دەردەخات.))(لیفین، ١٩٨٩، ٦)

خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، کە هاوشێوەبوون وەکوو چەمک، پەیوەندییەکی بتەوی بە بنەمای دووبارەبوونەوەوە هەیە. یاکۆبسن جەخت دەکاتەوە لەوەی پەیوەندیی هاوشێوەبوون لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی یەکە پێکهێنەرە لێکچوو و لێکنەچووەکان (تشابە/أختلاف) لەنێوان دەنگ و واتادا هەیە، چ واتای وشە یان ڕستە بێت، بەمەش هاوتەریبی هەردوو جەمسەرە سەرەکییەکەی ڕیتم لەخۆیدا کۆدەکاتەوە. (داودي،٢٠١٤، ٣١١)

**٢- هاوتەریبی و دووبارەبوونەوە:** ئەوەی لەبارەی چەمکی هاوشێوەبوون و پەیوەندیی بە هاوتەریبییەوە خستمانەڕوو، ئەگەر پاڵپشتکراو نەبێت بە زانین دەربارەی چەمکی دووبارەبوونەوە، ئەوا کەلێن دەکەوێتە ئاستی تێگەیشتنمان لە خودی چەمکەکە خۆی و هاوکات بەرخورد لەگەڵ چەمکی هاوتەریبییش ئاستەم دەکات، بۆیە ئەگەرچی ((دووبارەبوونەوە لەبنچینەدا هاوشێوەبوونی پێکهاتە و وشە و ڕستە و دەربڕینەکانە و ڕەنگدانەوەی ماکی هونەرییە...))(خۆشناو، ٢٠١٠، ٨٨) بەڵام هاوشێوەبوون دووبارەبوونەوە نییە، چونکە ئەو یەکسانییەی لە دووبارەبوونەوە و ئەو وەکیەکییە شەکڵییەی لە بەرانبەریدا هەیە، لە هاوشێوەبووندا نییە، بەڵکوو لەبری ئەوە شتێک لەم و شتێک لەویان وەردەگرێت و بەوەش وەک دەرکەوتەیەکی پارادۆکسی لەنێوان دووبارەبوونەوە و بەرانبەریدا دەردەکەوێت، بۆیە پرۆسەی هاوشێوەبوون زیاتر پرۆسەیەکی ناوەکییە ئەگەرچی لە بنیات و فۆرمیشدا زەق ببێتەوە.(محمد، ١٩٩٥، ٣١٥)

لەبەرانبەر ئەمەشدا دووبارەبوونەوە وەک دیاردەیەکی گشتیی زمان لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێ، لەلایەکی تریشەوە لە ڕەوانبێژیی دێریندا وەک هونەرێکی جوانکاریی وشەیی پۆلێن کراوەو بەوە پێناسەکراوە، کە شاعیر یان نووسەر ((وشەیەک یا دەستەواژەیەک یا ڕستەیەک بێنێ و چەند جارێک پاتی بکاتەوە، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەک بێت و لەجارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ، واتە: نابێ وشەکان نە لە ڕواڵەت نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت.))(گەردی، ١٩٧٥، ٤٧)

ئەگەر دووبارەبوونەوە لە تێڕوانینی ڕەوانبێژیدا، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس کرابێت و لە پاتەکردنەوەیەکی واتایی یان واژەیی زیاتر دەرنەچووبێت، ئەوا لەڕوانگەی بنەماکانی

ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخەوە، وەک بنەمایەکی گرنگ و پێکهێنەرێکی سەرەکیی شیعرییەت و سیمایەکی جەوهەریی و بەندیواریی (متلازم) لە بنیاتی دەقی شیعردا لێی دەڕوانرێت و لە ئەگەری نەبوونیدا، شوێنی بە هیچ شتێکی تر لە بنیاتەکەدا پڕنابێتەوە. هەربۆیە زۆرجار دەگوترێت: ((شیعر چییە بەدەر لە دووبارەبوونەوەی بنیاتە هاوشێوەکان!))(عبید، ٢٠١٥، ٣٨)

یاکۆبسن لە کتێبی (چەند وتارێک لەبارەی زمانەوانیی گشتییەوە) باسی لە گرنگیی دووبارەبوونەوەو پەیوەندیی بە شیعرییەتی دەقەوە دەکات و ڕوونی کردووەتەوە، کە دووبارەبوونەوە وا دەکات بەدواییەکداهاتنی ڕەگەزە زمانییە پێکهێنەرەکان لە پەیامی هونەریدا شتێکی مومکین بێت و پەیامەکەش لە گشتێتی خۆیدا پەسەندکراوبێت، بەمەش ڕۆڵێکی کارای دەبێت چ لەسەر ئاستی زارەکی و بۆ زوو ئەزبەرکردن بێت یان لەسەر ئاستی نووسراو و بەمەبەستی بڵاوکردنەوە بێت، لەهەردوو باردا ڕیتم و کێش و کاریگەرییەکانی تری زمانی شیعریی تێیدا دەردەکەون و ئاستی شیعرییەتی دەقەکە بەرەو هەڵکشان دەبەن.(شرتح، ٢٠١٠، ٣٨)

بەم جۆرە دووبارەبوونەوە وەک وزەبەخشێکی سەرەکی وایە لە دامەزراندنی ئەو بنیاتەی شیعرییەتدا، کە هاوتەریبی تێیدا بەهای زاڵی دەقە دەبێت، بۆیە وێڕای جیاوازیی بۆچوونی ڕەخنەگران و شێوازناسان لەبارەیەوە، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن، کە دووبارەبوونەوە وەک گرنگترین بنەمای نەگۆڕو جێگیری دەقی شیعر لە قەڵەم بدەن و تەنانەت هەندێک وەک بنەمایەکی ڕەها لە دەقی شیعردا لێی دەڕوانن.(عبید، ٢٠١٥، ١٦ و ١٧)

ئەو بنەمایەی کە یاکۆبسن شیعرییەتی هاوشێوەبوونەکەی خۆی لەسەر دامەزراندووە، ئەوەیە کە پێیوایە هاوتەریبی خۆی لەگەڵ دووبارەبوونەوەدا ڕێک دەخات، بەوەی کە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوەیە لە بەدیهێنانی هارمۆنییەتێکی سەرتاپاگیر لە دەقی شیعردا، ئەمەش لە دووبارەبوونەوەی دەنگەکانەوە دەست پێدەکات، کە ((ڕێزمانی هەستیی مۆسیقیی شیعر پێکدێنن.))(میراودەلی، ٢٠٢١، ١٥٠) و تەکنیکە دەنگییە جیاوازەکانی لێدەکەوێتەوە. ئەم سیستمی دووبارەبوونەوەیە لە دەنگەوە تا دەگاتە خەملێنی واتا، هاوشێوەییەکی بنیاتیی دێنێتەئارا، کە سەرجەمیان جۆرە جیاجیاکانی هاوتەریبیان لێدەکەوێتەوە، هەروەک لە تاقیکردنەوەکانی (وایتمان) چەند شێوەیەکی هاوتەریبی دەستنیشان کراون، لەوانەش: هاوتەریبی هاوتایی، هاوتەریبی دژیەک، هاوتەریبی لێکدراو و هاوتەریبی باڵا. ئەمانە ئەو هۆکارە ستاتیکی و بنیاتییانەن، کە توانای دروستکردنی بنیاتێکی ڕیتمی جیا لە سیستێمی ئاسایی کێشیان هەیە.(بەکر، ٢٠٠٤، ٤١)

کەواتە لە ئەنجامی ئەوەی خستمانەڕوو، بۆمان دەردەکەوێت، کە ((هاوتەریبی وەک ئامرازێکی شیعرییەتی دەق، لەسەر بنەمای دوو دەرکەوتەی گرنگی زمان بنیات دەنرێت، ئەوانیش بنەمای هاوشێوەبوون (Equivalence)و بنەمای دووبارەبوونەوەیە (Repetition)، واتە هاوتەریبی کاتێک دێتەکایەوە، که پێکهاتەیەک لە دوو بنیاتی زمانیی هاوشێوەدا دووبارە ببێتەوە.))(وایلز، ٢٠١٤، ٤٩١) مەبەست لە هاوشێوەبوون، وەکیەکی و یەکسانیی تەواوەتی نییە، کە لە دووبارەبوونەوەدا هەیە، بەڵکوو فۆرمێکی تایبەتە لە ئاوێتەبوونی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم و ئەویتریان، بۆیە هەموو جۆرە دووبارەبوونەوەیەک هاوتەریبی بنیات نانێت، بەڵکوو دووبارەبوونەوەیەک ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە ڕێژەیەکی هاوتا و یەکسان لە جیاوازیی و لێکچوونی تێدابێت، چونکە نەبوونی بەشە جیاوازەکە کارێک دەکات، پرسی دووبارەبوونەوەکە مۆرکێکی میکانیکی وەربگرێت و هیچ نرخ و بەهایەکی ئەدەبی بۆ نەبێت.(عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ٤٧)

بەمەش دەردەکەوێت، کە ئەو یەکسانی و لێکچوونە تەواوەتییەی لە بنەمای دووبارەبوونەوەدا هەیە، لە هاوتەریبیدا نامێنێت، بەڵکوو شتێک لە یەکسانی بنەمای دووبارەبوونەوەکە و شتێکیش لە لێکچوونی بنەمای هاوشێوەییەکە وەردەگرێت و لەخۆیدا کۆیان دەکاتەوە و بەوەش بنیاتێکی جیاواز لەنێوان ڕەگەزی دەنگی (التجانس الصوتي Homophonie)و ڕەگەزی خەتی (التجانس الخطي Homographie)دا بەردەست دەبێت، هەرئەمەش هێز بە یەکە زمانییە بەدواییەکداهاتووەکانی نێو بنیاتەکە دەبەخشێت و دەیڕازێنێتەوە.(محمد، ١٩٩٥، ١٥) کەواتە هاوتەریبی دووبارەبوونەوەیەکە لە جۆرێکی تایبەت، کە ((هێزێکی جادوویی بۆ ئاخاوتن زیاد دەکات.))(میراودەلی، ٢٠٢١، ١٤٢) کە دەرئەنجام بنیاتی دەقی پێ دەڕازێتەوەو تۆکمەی دەکات.

## - جۆرەکانی هاوتەریبی:

لە سەرچاوەکاندا لە ڕوانگەی جیاوازەوە جۆرەکانی هاوتەریبی دەستنیشان کراون، لێرەدا پوختەیەکی بەم شێوەی لای خوارەوە دەخەینەوە ڕوو:

**<u>هاوتەریبی لەڕوانگەی هونەرە ڕەوانبێژییەکانەوە:</u>** ئەم جۆرە پۆلێنە پەیوەندیی بەو تێگەیشتنە باوەی ڕەخنەگرانی کلاسیکەوە هەیە، کە لە تێڕوانینەکانیاندا دەگەڕێنەوە بۆ بنەما چەسپاوەکانی ڕەوانبێژیی و بەتایبەتیش هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی و واتایی، بۆئەمەش بەگشتی باسیان لەم جۆرانەی لای خوارەوە کردووە، کە هەندێجار بە زیادوکەم، گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت و لە گۆشەیەکی ترەوە دەخرێتەوەڕوو، ئەویش: ١- ڕازێنەرەوە دەنگی و واژەییەکان: ڕەگەزدۆزی، (الترصيع) دووبارەکردنەوە، (التسميط)، سەرواداری، بوونی پێویستە. ٢- ڕازێنەرەوەی

ڕستەیی: هێنانەوە، التسهیم و الارصاد. ٣- ڕازێنەرەوەی واتایی: دژیەک، بەرامبەری، گێڕانەوە (الترديد)، التكافؤ.(الشیخ، ١٩٩٩، و مطلوب، ١٩٨٣، ٧٨)

**هاوتەریبی لەڕوانگەی تەوەرە زمانییەکانەوە:** لەم جۆرە پۆلێنەدا هونەرەکانی جوانکاریی وشەیی، لەسەر بنەمای هەردوو تەوەرەی زمانیی ئاسۆیی و ستوونی دیاری دەکرێن و بنیاتە هاوتەریبەکە لەو ڕووەوە شی دەکرێتەوە، بەمەش لە ئاستی ئاسۆییدا، کۆمەڵە سنعەتێکی وەک: (دژیەکی، بەرامبەری، تەصریع و تەرصیع، هێنانەوەو دوابەسەر، دابەشکردن، ڕەگەزدۆزی، پاتەکردنەوە، جیگۆڕکێ و... هتد) وەردەگیرێت و لە ئاستی ستوونیشدا هونەرگەلێکی وەک (لێکچوونی لایەکان، لێکچوونی کۆتاییەکان، تاکسەروایی، کۆکردنەوەی دژەکان، پاتەکردنەوەی گوزارە، تەسبیغ، تەتریزو... هتد) ئاوڕیان لێدەدرێتەوە.(القحطاني، ٢٠٠٥، ٢٨- ٧٩) لەم دابەشکردنەدا بەهەمان شێوەی پێشوو، پشت بە هونەرە ڕەوانبێژییەکان بەستراوەو بەجیاوازیی ئەوەی کە هونەرەکان بەسەر تەوەرە زمانییەکاندا دابەشکراون.

**هاوتەریبی لەڕوانگەی ئاستەکانی زمانەوە:** یەکەم کەس، کە لەڕوانگەی ئاستەکانی زمان و لەڕوانگەی بنیاتگەریی فۆرمالستییەوە جۆرەکانی هاوتەریبی دابەش کردووە، ڕۆمان یاکۆبسنە، کە لە دوو ئاستدا و بەم شێوەی لای خوارەوە دیاری کردووە: ١- هاوتەریبی دەنگی: بایەخ بە ڕۆڵی تاکەدەنگ دەدات لەسەر ئاستی پێکهاتەی دەنگیی وشە و چۆنێتیی گونجان و ڕێککەوتنی دەنگەکان لە بنیاتی دەقدا. ٢- هاوتەریبی زمانی (نادەنگی): ئەمەش پێکدێت لە: أ- هاوتەریبی ڕێزمانی: گرنگی بە شیکردنەوەی ڕۆنانی ڕستە دەدات. ب- هاوتەریبی واتایی: گرنگی بە دیاریکردنی پەیوەندیی هاوواتایی و دژواتایی (الترادف والتضاد) نێوان وشەکان دەدات. (الضالع، ٢٠٠٣، ٤٧)

ئەم پۆلێنەی یاکۆبسن لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی نوێدا گیراوەتەبەرو هەندێ جاریش بەدەستکارییەکی کەم و لەژێر ناونیشانی جیاوازدا خراوەتەوە بەردەست، کە لەڕاستیدا هەموو ئەو جۆرانە دواجار دەچنەوە بازنەی یەکێک لەو سێ جۆرە دابەشکردنەی ئاماژەیان پێدرا، بۆیە بە پێویستی نازانین لێرەدا دووبارەیان بکەینەوە.(Guy 1989 15 و کنونی، ١٩٩٩، ٨٠، فضل، ١٩٩٢، ١٩٨، ابراهیم، ٢٠٠٨، ٦٧ و الدقاق، ٢٠١٠، ٣٨) بەڵکوو ئەوەی بۆ شیکردنەوەی نموونە شیعرییەکان پشتی پێ دەبەستین، سوودوەرگرتنە لە هەرسێ پۆلێنەکەی سەرەوە بەشێوەیەکی وا، کە هونەرە ڕەوانبێژییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێک میکانیزمی زمانیدا شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، کە لەگەڵ چەمکی نوێی هاوتەریبیدا گونجاوبێت و لەگەڵ بنەماکانی دەنگسازیی، وشەسازیی، ڕستەسازی و واتاسازیی زمانی کوردی و لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا ڕێک بکەوێت، هەڵبەت ئەمەش

بەومانایە نایەت، کە ئەم ئاستانەی شیکردنەوە بەتەواوی لەیەکتر جیاواز و لێکدابڕاون، چونکە ئاستەکانی زمان تابلۆیەکی هەمەڕەنگی فۆنەتیکی، مۆرفیمی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی و دواجاریش سیمانتیکییان پێکهێناوە، کە هەروەک (سەفەوی) ڕوونی دەکاتەوە: ((زۆر لەو هونەرو سنعەتانە پێویستیان بەوەیە، بە هۆی ئامرازەکانی زیاتر لە ئاستێک شی بکرێنەوە، بۆیە واپێویست دەکات ئاستەکانی شیکردنەوە زمانییەکە وەکوو کۆمەڵێک نموونەبەش لەبەرچاو بگرین و هەر یەکێکیش لە جۆرەکانی هاوتەریبی وەکوو گریمانەیەک دابنرێت، کە بەلای ئەوەدا دەکەوێت، لەسەر یەک ئاست لە ئاستەکانی زمان بخرێتەڕوو و شی بکرێتەوە.))(سەفەوی، ٢٠١٨، ٢٠١)

لێرەدا ئەو خاڵەمان وەک پرەنسیپێکی سەرەکی لەبەرچاو گرتووە، کە هاوتەریبی لەهەر ئاستێکی زماندا شیکردنەوەی بۆ بکرێت، هەر دەبێ بۆ ئەوە لە دەنگەوە دەست پێ بکرێت، بەوپێیەی کە دەنگ لەڕوانگەی بنیاتگەرییەوە، یەکەی بنەڕەتییە لە زمانداو بەمەش هەموو شیکردنەوەیەک بۆ بنیاتی هاوتەریبی جا لە هەر ئاستێکی زماندا بێت، دواجار بە خزمەتی ئاوازی شیعریی دەشکێتەوە.

**یەکەم/ هاوتەریبیی دەنگی:** دەنگ کەرەستەی خاوی زمانە، بۆیە زمان لەبنەڕەتدا پێکهاتەیەکی دەنگییە. لەدەنگەوە بڕگە پێکدێت و لە بڕگەشەوە وشە و لە وشەکانیشەوە ڕستە بنیات دەنرێت و بەوەش پانتاییەکی زمانیی بۆ گەیاندنی واتایەکی دیاریکراو دەخوڵقێت، ئەمەش ڕێگای گواستنەوەی بیرو ئامرازی پەیوەندیی مرۆییە.(لیونز، ١٩٨٥، ٤١- ٤٢) بۆیە یەکێک لە پێناسە گرنگەکانی زمان ئەوەیە، کە ((زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاردەهێنرێت.))(فەتاح، ٢٠١١، ١١) بەم جۆرە دەنگسازیی وەک ئاستێکی لێکۆڵینەوەی زمان، لە سروشتی ئەو پەیوەندییانە دەکۆڵێتەوە، کە دەنگەکان وەک کەرەستەی هەرە بچووکی زمان لەنێوان خۆیاندا پێکیاندەهێنن و کاریگەرییان لەسەر چۆنێتیی داڕشتنی یەکە گەورەترەکان دەبێت، کە بناغەی وشە و ڕستە و واتاکانمان بۆ بنیات دەنێن.

لەبەرئەوەی بنیاتی زمانی شیعری، کە لەڕوانگەی دەنگسازییەوە وەک سیستمێکی دابەشبوونی دەنگەکانی زمان لێی دەڕوانرێت و خۆی لەسەر بنەمایەکی ڕیتمی و ئاوازەیی ڕادەگرێت، بۆیە واپێویست دەکات، تێگەیشتن لەو سیستمە دەنگییە و چۆنێتیی جووڵەی ئاوازەیی، بکەین بە بنەمای سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە هەر دەقێکی شیعری، دیارە ئەمەش ڕێگەی دەرخستنی تایبەتمەندییە شێوازییەکانی بنیاتی دەقەکەیە و هاوکات دەمانگەیەنێت بە قووڵایی ئەزموون و تاقیکردنەوە شیعرییەکەی شاعیر، ئاوازی شیعریی ((ڕەنگدانەوەی ئەو سۆزە هەڵچووەیە، کە تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەرپای دەکەن و لە هەڵبەستی ڕەسەندا لەگەڵ سەرجەمی ڕەگەزەکانی

تردا ئاوێتە دەبێت و وەک چۆن ئەوان کار لە چۆنێتیی و ڕادەی بەرپابوونەکەی دەکەن، هەر بەوجۆرە ئەمیش کار لەوان دەکات و دەبێتە بنەمایەکی کاریگەری لایەنی دەربڕین و جوانی بنیاتەکە.))(عەلی، ١٩٩٨، ٨٦) بەم چەشنە ڕێکخستنی دەنگەکان بەشێوەیەکی هاوسەنگ و هاوتەریب، دەقی هونەری لە ئاخاوتنی ئاسایی دوور دەخاتەوەو دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی دەق، هەربۆیە دەوترێت: ((دەنگ خۆی لەخۆیدا وەک هاودەنگیی دەبێتە ڕێزمانێکی مۆسیقیی سەربەخۆ.))(میراودەلی، ٢٠٢١، ١٥٠)

هاوتەریبی دەنگی بە دووبارەبوونەوەی یەک فۆنێم یان چەند فۆنێمێک لەناو بڕگەیەکدا دروست دەبێت، هەروەک دەشێ بڕگەیەک بەتەواوی یان بەدواییەکداهاتنی چەند بڕگەیەکیش بگرێتەوە. ئەمەش بەوپێیەی بڕگە لە شیکاریی پێکهاتەی دەنگی هەر زمانێک، پلەی دووەم لە زنجیرەی پلەکانی زمانیی، داگیر دەکات، واتە لەم جۆرە شیکردنەوەیەدا سەرەتا دەبێ شیکردنەوە بۆ فۆنێمەکان، ئینجا بڕگەکان و لەدوایەش وشەکان ئەنجام بدرێت. هاوکات دەبێ ئاماژە بەوەش بدەین، کە ((دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن لە هەر ئاستێکی شیکاری، کە دەبێتە مایەی لێکۆڵینەوە، جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی دەنگی تێدا هەیە، بەڵام ئەوە بەومانایە نایەت، کە جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتن، تەنیا لەسەر ئاستی شیکاریی دەنگی دەکرێ ڕوون بکرێتەوە، چونکە کاتێک ڕوونکردنەوەی دووبارەبوونەوەیەکی دەنگی تایبەت لە چوارچێوەی پێکهاتەی دەنگیدا نەگونجا، پێویستە ئاستێکی شیکاریی دیکە بگیرێتەبەر، کە بتوانێت سنووری کارایی دووبارەبوونەوەکە بگرێتەوە. بەوهۆیەوە حوکمە هەندێک لە دووبارەبوونەوەکانی ئاخاوتن لەسەر ئاستی شیکاریی وشەیی و ڕستەیی لێیان بکۆڵدرێتەوە.(سەفەوی، ٢٠١٨، ٢١٧-٢١٨)

ئەگەر بنەماکانی ئاوازی دەرەکی گشتی بن و زۆربەی شاعیران پێڕەویان بکەن، ئەوا بنەماکانی بنیاتی ئاوازی ناوەکی دیاریکراونین و هەر شاعیرێک بە سەربەستی بەکاریان دەهێنێت و تاڕادەیەکی زۆریش تایبەتێتی و شێوازی شاعیری پێ جیادەکرێتەوە.(حسێن، ٢٠٠٨، ١٩٨) ئەمەش بنیاتێکی ئاوازەیی تایبەت بە دەقی شیعر دروست دەکات، هەربۆیە وتراوە: ((هیچ شاعیرێک کێشی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام مۆسیقای تایبەت بەخۆی هەیە.))(عەبدوڵلا، ٢٠٢٢، ٨٥)

مەبەست لە مۆسیقای تایبەتی هەر شاعیرێک، هەمان ئەو مۆسیقایەی ناوەوەیە، کە لەڕوانگەی خودی شاعیرەوە بریتی دەبێت لە هەستکردن بە لایەنی ئیستاتیکیی زمان و بەها دەنگی و دروستەییەکەی، مۆسیقایەکی لەم جۆرەش پشت نابەستێت بە بنەمای کاتیی (پێ)، بەڵکوو لەڕێگەی هەندێ پرەنسیپ و بنەمای تایبەتییەوە لە بنیاتی دەقدا دێتەکایەوە، هەربۆیە مۆسیقای ناوەوە هیچ یاسایەکی تایبەتی نییەو پشت بە یاسای دەروونیی تاکەکەسیی شاعیرەکە

دەبەستێت، جا لەبەر ئەمەیە بەئاسانی ناتوانرێت بنیاتەکەی دەستنیشان بکرێت، ئەمەش وای لە مۆسیقای ناوەوە کردووە، کە ((بخزێتە ناو هەموو ئاستەکانی وەک دەنگ و وشەو ڕستەو سەرجەم پێکهاتی دەق بگرێتەوە بە ئاستی واتاشەوە.))(ئەحمەد، ٢٠١٣، ٢٤٤) هاوتەریبی دەنگی لە دەقدا لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت، ئەویش:

**١- هاوتەریبی چۆنێتی:** هەموو ئەو تەکنیکە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی تاکەدەنگ یان دەستەدەنگەکانەوە جۆرە هاودەنگییەک لەنێوان دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکاندا دروست دەبێت و هاوتایی و گونجانێک لە ئاهەنگی دەقەکەدا دەهێنێتەئارا، بەومانایەی ئاوازە ناوەکییەکە پێکهاتووی ئەو هاودەنگییە دەبێ، کە لە هەناوی وشەکانەوە فەراهەم دەبن.

**٢- هاوتەریبی چەندێتی:** لەم ئاستەدا لە چوارچێوەی بنەماکانی کێشی شیعریدا شیکردنەوە بۆ هەریەک لە بڕگەبەندیی نیوەدێڕو دێڕەکان لەگەڵ وەستانی شیعریی دەکرێت.

**دووەم/ هاوتەریبیی وشەیی:** وشە کە بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەی وشەسازییە گەلێک پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام ((سەختی و ئاڵۆزیی پێکهاتەی وشە، کارێکی وای کردووە، کە کارکردن بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی لایەنە جیاوازو تایبەتییە هەمەچەشنەکانی ئاسان نەبێت.))(سدیق ٢٠١٦، ١٨) لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی گونجاو لێرەدا و بۆ ئەم باسەی ئێمە دەست بدات، ئەوەیە، کە وشە وەک (بچووکترین یەکەی دەنگی بەدواییەکداهاتوو) دەناسێنێت.(دزەیی، ٢٠٢١، ٨٠) و جەخت لە ڕۆڵی دەنگ لە بنیاتەکەیدا دەکاتەوە، بەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوان دەنگ و فۆرمی وشەدا هەیە، وەک چۆن لەنێوان وشە و ڕستەشدا هەیە، واتە وشە بە فۆرم و ناوەڕۆک پەیوەندیی بە نزمترین ئاست (فۆنێم و مۆرفێم)ەوە هەیە، هەر بەوجۆرە بە بەرزترین ئاست – مۆرفۆلۆژی و سینتاکس-یشەوە هەیەتی.(سدیق، ٢٠١٦، ٢٤)

لێرەوە بۆ ناسینەوەی ڕۆڵی ئیستاتیکیی وشە، پێویستمان بە ناسینی دەنگ و فۆرمەکەی دەبێت، بۆئەوەی بتوانین لە ئاستی مۆرفیمدا مامەڵەی بکەین، چونکە چۆنێتیی ڕیزبوونی فۆنیمەکان لە سنووری بڕگەیەکدا کاریگەرن لەسەر پێکهاتەی دەنگیی وشەکە و دواتریش دیاریکردنی مۆرفیمەکانی لە ڕووی وشەسازییەوە، بۆیە بەپێی پێناسەکە، کە بەدواییەکداهاتنی دەنگەکان وەک بنەمای پێکهاتنی وشە دادەنێت، دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو بەدواییەکداهاتنە هاوشێوەبوون (تشاکل)ی لێبکەوێتەوە، کە بەسەریەکەوە زنجیرەی ئاخاوتنی لێ بەرهەم دێت، هاوکات یەکانگیریی و تۆکمەیی لەنێوان یەکەکانی زنجیرەکەدا بەدیدێت.(عیساوی، ٢٠١٨، ٣٤)

ئەو بەشە لێکچووانەی کە لە بنیاتی وشەیەکدا دەبن، لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەیان جۆرە ڕیتمێکی ئاوازەیی دروست دەکات، لەکاتێکیشدا شیعر بۆخۆی یاریکردنە بە وشە، ئەم یاریکردنە لەڕێگەی ئەو شێوازەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر وشەکانی پێ هەڵدەبژێرێت ((یەکەم هەنگاو، یەکەم هەوڵی هەر شاعیرێ بۆ دارشتنی هۆنراوەکەی هەڵبژاردنی وشەیە.))(میراودەلی، ٢٠٢١، ١٤٧-١٤٨) هەنگاوی پاش هەڵبژاردنی وشە، چۆنێتیی پێکەوە ڕیزکردن و گونجاندنیانە لەڕێگەی پەیوەندییە واتاییە جیاجیاکانەوە لە سیاقی دێڕی شیعریدا، لەمەشەوە ڕوون دەبێتەوە، کە وشە لە شیعردا تەنیا خودی وشەکە نییە، بەڵکوو لەڕێگەی پەیوەندییەکانییەوە واتای تر لە خۆی باردەکات و جووڵەی ئاسایی دەق دەگۆڕێت و دەیخاتە بارێکی هەڵکشان و داکشان و سستی و خێراییەوە.(خۆشناو، ٢٠١٠، ١٦٧)

بەم جۆرە پەیوەندییەکانی ناوەوەی وشە لە بنیاتی دەقدا زێدەکردنی یاسای زمانیی لێدەکەوێتەوە، کە ((لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بریتییە لە دووبارەکردنەوەی مۆرفیم و وشە، دووبارەکردنەوەی مۆرفیم و وشەیش ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی هاوتەریبی لەناو دەقی شیعردا.))(عەبدوللا، ٢٠٠٨، ١٢١) کۆمەڵێک دووبارەبوونەوە هەن، کە فۆرمێکی هونەریی بە وشەکان دەبەخشن و دەتوانین وەک هاوتەریبیی وشەیی شیکردنەوەیان بۆ بکەین، ئەگەرچی ئەو تەکنیکانەی لەو دووبارەبوونەوە جیاجیانەوە بەرهەم دێن، زۆرجار وەک کۆمەڵە ناونیشانێکی خاوەن پێکهاتەی دەنگی دەژمێردرێن، بەڵام لەڕاستیدا بنەماکانیان پێکهاتەیەکی وشەییان هەیە و لە چوارچێوەی دەنگ و بڕگەدا جێگەیان نابێتەوە، بۆیە تەکنیکگەلی لەم جۆرە لە ڕوویەکەوە وشەیی و مۆرفۆلۆجین و لە ڕوویەکی ترەوە وەکوو دەنگی خۆیان دەنوێنن و لەسەر ئاستی مۆرفۆفۆنیمی شیاوی لێکۆڵینەوەن. ئەمەو هاوتەریبیی وشەیی تەنیا بە دووبارەبوونەوەی چەند بڕگەیەک لەناو یەک وشەدا سنووردار ناکرێت، بەڵکوو دەکرێ وشەیەک هەمووی یان گرێیەک و تەنانەت کۆمەڵەی وشەکانی ناو یەک ڕستەش بگرێتەوە. بەکورتی هاوتەریبی وشەیی ئەو دەستە دووبارەبوونەوە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لەسەر ئاستی وشەسازی شیکارییان بۆ دەکرێت.(سەفەوی، ٢٠١٨، ٢٥١ و٣٠٩) پێویستە ئەوەش بڵێین، کە بەم هەنگاوە تێزەکەمان لەوانی پێش خۆی جیادەبێتەوە، کە لەڕووی تیۆرییەوە جۆری هاوتەریبیی وشەیی بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاری دەکەین و دواتریش لەڕێگەی نموونەی شیعری هەردوو شاعیری سنووری توێژینەوەکەوە پراکتیزەی دەکەین.

**<u>١- هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی:</u>** دووبارەبوونەوەی ئەو فۆرمە زمانییانە دەگرێتەوە، کە هاوشێوەییەکی تەواویان لەنێواندایە، هەم لەڕووی فۆرم و بنیاتەوە هەم لەڕووی واتا و

دەلالەتەوە، وشەکان بەشێوەیەک دووبارەدەکرێنەوە کە لە دووبارەبوونەوەی ئاسایی دوورەو لەبەرانبەردا هاوشێوەییەکی بنیاتی، گونجان و ڕێککەوتنێکی وا لە دەقدا فەراهەم دەکات، کە دەبێتە هۆی ڕازاندنەوەی فۆرم و ناوەڕۆک. هاوتەریبی یەک فۆرمی زمانیی بەپێی شوێنی دووبارەبوونەوەی وشە لە دێڕو نیوەدێرەکانیشدا دەستنیشان دەکرێت، وەک: ١-دوا وشەی کۆتایی دێڕی شیعر وەک وشەی نیوەی دێڕی یەکەم بێ. ٢- وشەی کۆتایی دێڕی شیعر وەک وشەی یەکەم بێ. ٣- وشەی کۆتایی دێڕی شیعر وەک وشەی هەندێ شوێنی تری دێڕەکە بێ.(مستەفا، ٢٠١٣، ٢٦٧) جگە لە هەندێ دۆخی تر، کە بەپێی پێویستی شیکردنەوە دێنەکایەوە.

**٢- هاوتەریبیی چەند فۆرمێکی زمانی:** دوو وشە یان زیاتر دەهێنرێتەوە، کە لە فۆرمدا وەکیەکن، بەڵام لە واتای دەلالییاندا جیاوازن، کە زۆرجار لەژێر چەمکی ڕەگەزدۆزیی تەواودا لێی دەکۆڵرێتەوە، بەوەی شاعیر ((دوو سێ وشەی وا بێنێ، کە لە ڕواڵەتدا کتومت وەکیەک وابن و بە ئەندازەی موویەک جیاوازییان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێت و واتایان جودا بێت و ڕواڵەتیان یەک بێ.))(گەردی، ١٩٧٥، ٧) ئەم جۆرە هاوتەریبییە لەپاڵ ڕازاندنەوەی ئەندازەی ڕستە و دێڕی شیعریدا، هاوکات بەشداریی لە بنیاتی ئاوازەیی دەقیشدا دەکات.

**سێیەم/ هاوتەریبیی ڕستەیی:** لەڕێگەی بنەماکانی ڕستەسازییەوە شیکردنەوە بۆ هاوتەریبیی ڕستەیی دەکرێت، بەوپێیەی ڕستەسازیی ((لە خستنەپاڵیەکی مۆرفیمەکان لە وشە و وشەکان لە فرێز و فرێز لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە و دروستەکانیان پەسەند دەکات.))(ئەحمەد، ٢٠١٢، ١٥) واتە شیکردنەوەی ڕستەسازییانە بریتییە لە دەرخستنی ئەو چۆنێتییەی کە لەڕێگەیەوە کەرەستە زمانییەکان ڕیزدەکرێن و دەخرێنەپاڵ-یەک، لەو گۆڕانکارییانەش دەکۆڵێتەوە، کە بەسەر تەواوی پرۆسەکەدا دێت.(دزەیی، ٢٠٢١، ٨٧) بەومانایەی جۆری پەیوەندیی وشەکان لەگەڵ یەکترو ئەرکیان لەناو ڕستەی جیاوازدا، دەبێتە جێی مەبەست، بەوپێیەی دانە پێکهێنەرەکانی ڕستە بەپێی ئەرک و ڕێکخستنی هەر یەکێکیان لەڕستەدا بنیاتی جیاواز دروست دەکەن، ئەمەش شێواز و فۆرمی نوێی زمانی لە دەقدا لێ بەرهەم دێت.

شێوازە جیاوازەکانی ڕێکخستنی یەکەی زمانی لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانیدا، بنەمایەکی سەرەکییە بۆ چۆنێتیی بنیاتنانی هاوتەریبی، بەوەی یەکەکانی پێکهاتەی ڕێزمانی لە دوولای بەرانبەردا یەکسان دەبن، بە جۆرێک پێکهاتەی دووەمیان هاوشێوەی ڕێکخستنی پێکهاتەی یەکەمیان دەبێت، جا ئەم ڕێکخستن و ڕێککەوتنە لە بنیاتی گشتیی دەقدا بەشێوەی ئاسۆیی یان بەشێوەی ستوونی بێت، دەبێت ئەو جیاوازییە کەمەی تێدا لەبەرچاو گیرابێت، کە بەشێکی بنیاتەکە

لەویتریان جیادەکاتەوە و بنەمای هاوشێوەیی نێوانیان دەپارێزێت، ئەمەش وادەکات بنیاتەکە نەچێتە چوارچێوەی دووبارەبوونەوەیەکی میکانیکیی وشکەوە، وەک ئەوەی لە زمانی ڕۆژانەدا بەرچاو دەکەوێت.

ئەم جۆرەی هاوتەریبی، سەرەڕای دەربڕینی واتای تایبەت بە هەستی دەروونی شاعیر، هاوکات دەبێتە هۆی چڕکردنەوەی نەزمی مۆسیقی لە دەقەکەدا. ئەوەی لەم جۆرەی هاوتەریبیدا سەرنج دەدرێت، ئەوەیە زۆرجار جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی وشەیی بەرچاو دەکەوێت، بەڵام چونکە سەرنج لەسەر لایەنی دروستەی ڕستەیی و ئەرکی ڕێزمانیی دانە پێکهێنەرەکانی بنیاتەکەیە، بۆیە ئەو جۆرە دووبارەکارییە لە ئاستی شیکاریی ڕستەییدا پۆلێن دەکرێت. بەکورتی هاوتەریبی ڕستەیی، ئەو کۆمەڵە دووبارەبوونەوە زمانییانە دەگرێتەوە، کە لەسەر ئاستی شیکاریی ڕێزمانی لێیان دەکۆڵرێتەوە.(سەفەوی، ٢٠١٨، ٢٦٩- ٢٧٦، و تادیية، ١٩٩٣، ٥٢-٥٣) لەوانەش:

**<u>١- هاونشینیی ئەرکی:</u>** هاونشینکردنی دانە هاوئەرکەکان جۆرێک لە هاوتەریبی ڕێزمانیی- ڕستەییان لێدەکەوێتەوە. واتە شاعیر گرووپ-بەندییەک ئەنجام دەدات، وشە هاوئەرکەکان ڕیزدەکات و لە یەک گرووپدا کۆیان دەکاتەوە و ئەرکی هەر وشەیەک دیاری دەکات.(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١٣٥ ، و سەفەوی، ٢٠١٨، ٢٧٣) لە ڕەوانبێژیی تەقلیدیدا کۆمەڵە هونەرێک هەن، دەشێ لەم چوارچێوەدا کۆبکرێنەوە، وەک: پێچەوپەخش، ئامادەکردن، کۆکردنەوە، ڕێکخستنی سیفەتەکان و دابەشکردن و... هتد، لە هەمووشیاندا مەرجە پەیوەندیی پێکەوەگونجانی بنیاتی و ئەرکی ڕێزمانی لەنێوان بەشەکانی هەردوولایەنەکەدا هەبێت.(گەردی، ١٩٧٥، ٦٢- ١١٢، مستەفا، ٢٠١٢، ٢٢٢-٢٢١)

**<u>٢- جێنشینیی ئەرکی:</u>** لەم جۆرەدا بە جێگۆڕکێ-پێکردنی ئەرکی دانە پێکهێنەرەکانی ڕستەیەک، ڕستەیەکی نوێ دروست دەبێت، کە لەگەڵ ڕستەکەی بەرایی لە هاوتەریبییەکی ڕێزمانیدا دەبێت.(سەفەوی، ٢٠١٨، ٢٧٥) واتە وشەکان وێنەیەکی نوێ دەکێشن، کە لە هەمان وشەکانی پێش خۆیەتی.(حسێن، ٢٠٠٨، ٢٢١) ئەمەش لەگەڵ ئەوەی ((ئەرکێک بەجێ دەگەیەنێت، خۆشییەکیش لای خوێنەر دروست دەکات بەتایبەتی کاتێک دەبینێت، کە بەهەمان وشە واتای جیاواز دروست کراوە.))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ١٣٩) ئەم شێوازە لە ڕەوانبێژیی کۆندا بە هونەری جێگۆڕکێ (العكس والتبديل) باسی لێکراوە، کە ((دوو وشە یا دوو دەستەواژە یا دوو ڕستە بێنی، ئینجا بەدوای ئەوەوە هەردوو وشە یا دەستەواژە یا ڕستە دووپات بکەیتەوە بەو مەرجەی جێگۆڕیان بکەیت، ئەوەی پێشکەوتبوو پاشی بخەی و ئەوەی لەدواوە بوو لە بەراییەوە بیهێنی.))(گەردی، ١٩٧٥، ٧٧)

**<u>٣- هەمان بنیاتی ڕستەسازیی:</u>** لەمەشیاندا بنەمای دووبارەبوونەوەو هاوشێوەیی ڕۆڵی سەرەکیی خۆیان دەگێڕن، بەوەی دێڕە شیعرەکان لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی هەمان ڕۆنانی سینتاکسیی هاوشێوە دادەڕێژرێن و وەرگری دەق بەئاسانی دەتوانێت هەستی پێ بکات.

**چوارەم/ هاوتەریبیی واتایی:** تەواوی ئەو یەکە زمانییانە لەخۆدەگرێت، کە شیانی ئەوەیان هەیە لەسەر ئاستی دەلالی و لە ڕووی پەیوەندیی واتایی نێوان یەکە زمانییەکانەوە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت، بەڵام ئەم خستنەڕووە هەروا بەبێ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە دینامیکییەکانی نێوان دەنگ، وشە و ڕستە تا دەگات بە پێکهاتنی واتاکە خۆی، سوودێکی نابێت، بۆیە ئەگەر وشە لەبنەڕەتدا پێکهاتووی کۆمەڵە پەیوەندییەکی دەنگی بێت، ئەوا دەبێ بزانین، کە ناتوانرێ لە پەیوەندییە واتاییەکان داببرێت، ((ئەگەر لایەنی دەنگی، هێڵی سەرەوەی هەر دەقێکی شیعریی بێت، ئەوا واتاکەی هێڵی ژێرەوەیەتی.))[حسێن، ٢٠٠٨، ١٧٩]

لەم ڕوانگەوە ئەو پێناسەی کە دەڵێت: ((زمان واتای گەڵاڵەکراوە لە دەنگدا.))[عمر، ١٩٨٥، ٥] یان ((دەنگەکان ڕەمزن و واتا لەخۆدەگرن.))[فەتاح، ٢٠١١، ١١] لەپاڵ هەموو ئەو پێناسانەی تریشدا، کە دەتوانرێ لەو چوارچێوەیەدا کۆبکرێنەوە، ئەو ڕاستییەمان بەردەست دەخەن، لەوەی وەک چۆن ئاستەکانی زمان پێکڕا یەکەیەکی پەیوەندیدارو پێکەوەگرێدراون و بە شیکردنەوەی دەنگەکان دەست پێدەکات تا پێکهێنانی واتایەکی دیاریکراو و گەیشتنی بە وەرگر، بەهەمان شێوە جۆرەکانی هاوتەریبی هەر لە ئاستی دەنگەوە بە تێپەڕین بە وشە و پێکهێنانی ڕستە تا دەگات بە گەڵاڵەبوونی پەیام لە ئاستی واتادا، تێکڕا هەموو ئەمانە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەیەکدانەبڕاودان.

پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئاوازو واتای شیعر، پەیوەستە بە ڕادەی ئەو گونجانەی لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا هەیە، هەروەک (ئیلیۆت) دەڵێت: ((مۆسیقای شیعر شتێکی جیا لە واتا نییە، چونکە گەر وابووایە دەکرا شیعری وادەست بکەوێت، کە لەلایەنی مۆسیقییەوە جوان و بەرزبێت بەبێ ئەوەی هیچ مانایەکیان هەبێت، کە خۆم شیعری لەم چەشنەم نەبینیوە.))[عەزیز، ٢٠٠٩، ١٢]

وشە لە شیعردا ڕەهەندێکی تر وەردەگرێت، بەوەی لە واتا فەرهەنگی و بنچینەییەکەی خۆیان دادەبڕێن و دەلالەتێکی تر وەردەگرن، کە لەڕێگەیانەوە ناوێکی جیاواز بۆ شتەکان دادەهێنرێت، واتە ((لە ئاستی دەلالی دەقدا، یەکە فەرهەنگییەکان نەک هەر لەڕێگەی لادانەوە بەرگی واتایی نوێیان پێ دەپۆشرێ، بەڵکوو تۆڕێکی دەلالیی ئەوتۆیشیان پێ دەچنرێ، کە دەبنە بەرهەمهێنراو و بەرهەمهێنەری یەکترو پێکهێنەری هاوتەریبی دەلالی لەناو دەقدا.))[عەلی، ٢٠١٦، ٦٤]

لێرەشەوە واتاسازیی لە واتای وشەکان دەکۆڵێتەوە بە هەموو جۆرەکانییەوە.(محەمەد،٢٠١٠، ١٤) وەک چۆن بەدواییەکداهاتنی دەنگ و فۆنیمەکان ئاوازی شیعریان لێدەکەوێتەوە، دووبارەبوونەوەی هەمەڕەنگی ئەو بەدواییەکداهاتنانەش هاوتەریبیی دەنگی لە دەقدا فەراهەم دەکات، بەهەمان شێوە لەڕێگای بەدواییەکداهاتنی ڕستەکان و شێوازە جیاجیاکانی دووبارەبوونەوەی یەکە پێکهێنەرەکانییەوە، هاوتەریبی واتایی لە بنیاتی دەقدا فەراهەم دەبێت و ئەمەش لەلایەن پۆلی پەیوەندییە دەوروبەرییەکانەوە بەرزەفت دەکرێت.(دزەیی،٢٠١٥،٣٠-٣١)

بەم پێودانگە هاوتەریبیی واتایی لەپاڵ هاوتەریبیی دەنگی، وشەیی و ڕستەییدا، ئاستی شیعرییەتی دەق بەرزدەکاتەوە، چونکە ((هەتا هاوتەریبی قووڵتربێت و پەیوەندیی بە بنیاتی واتاییەوە هەبێت، شیعرییەتێکی زیاتر لە دەقدا بەرجەستە دەبێت و لە هەموو ئاستەکانی تانوپۆی چنینی دەقدا ڕۆڵی دەبێت، بەمەش یەکانگیریی دەقی شیعری لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە بەدیدێت.))(فضل، ١٩٩٢،٢١٥) بۆیە هاوتەریبی واتایی ڕەنگڕێژکراوی سەرجەم ئاستەکانی تری ئەو زمانە شیعرییەن، کە بەرئەنجامی مامەڵەی هۆشمەندانەی شاعیرە لەگەڵ زماندا.

بۆ لێکدانەوەی واتایی و بڕیاردان لەسەر جۆری ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان یەکە زمانییەکاندا هەیە، پشت بە (ڕێساکانی واتالێکدانەوە) دەبەستین، کە ((کۆمەڵە ڕێکارێکن، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی چۆنێتیی لێکدانی واتای یەکە زمانییەکان لە ڕۆنانی گەورەتردا پیشان دەدەن، واتە کاری ئەو ڕێسایانە ئەوەیە، کە بە لەتەک-یەکدانانی یەکەکانی بچووکتر، بە ئاراستەی یەکەکانی گەورەتر هەنگاو دەنێن و ڕوونی دەکەنەوە، کە هەر یەکەیەک بە چ چەمکێک لەپاڵ یەکەکانی تردا هاتووە.))(سەفەوی، ٢٠٢٠، ٦١) لێرەوە چوار جۆر پەیوەندیی لەنێوان یەکە زمانییەکانی دەقدا دەستنیشان دەکەین، کە بریتین لە: (بناني، ٢٠١١، ٦٤ ٧٥، گەردی، ١٩٩٩، ١٥٧ و میرزا تۆفیق، ٢٠١٢، ٢٧٠- ٢٧١)

١. **هاوتەریبیی هاوواتایی:** پەیوەندیی واتایی پێکهاتوو لەسەر بنەمای هاوواتایی، واتە هێنانی شتێک و هاوواتاکەی.
٢. **هاوتەریبیی دژیەکی:** پەیوەندیی واتایی پێکهاتوو لەسەر بنەمای دژیەک، بە هەردوو جۆرەکەیەوە: فەرهەنگی و نافەرهەنگی.
٣. **هاوتەریبیی جووتبەندیی:** پەیوەندیی واتایی پێکهاتوو لەسەر بنەمای پەیوەستبوون، واتە هێنانی شتێک و شتێکی پەیوەستدار پێیەوە، واتە ئەو جووتەوشە و چەمکانە دەگرێتەوە، کە بەیەکەوە بەسراونەتەوە. یەکێ هەبێ ئەوەی تریش دەبێ هەبێ.
٤. **هاوتەریبیی هاوسیمایی:** پەیوەندیی واتایی لەسەر بنەمای هاوڕەگەزی و هاوبەشبوون لە کۆمەڵێک سیمادا، کە بتوانرێ لە یەک خانەی زمانەوانی Fieldدا کۆبکرێنەوە.

پاش ئەم گەشتە تیۆرییە بەنێو کۆمەڵێک باسی پەیوەست بە میتۆدناسیی توێژینەوەکە و زەمینەسازیی بۆ خستنەڕووی زاراوە، چەمک و پێناسەی هاوتەریبی و پووختەی گەشەونەشەی چەمکەکەی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەوشێوەی کە لەسەرەوە هاتووە، جۆرەکانی هاوتەریبیمان ڕوونکردووەتەوە و شێوازی بنیاتە گشتییەکەی هەر جۆرێکیش لە دەقدا ئاماژەی پێدراوە، بۆیە لێرەوە هەوڵدەدەین پشتبەست بەو پاشخانە تیۆرییە، بەشێوەیەکی پراکتیکی بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری کوردیدا بە نموونەی هەریەک لە سالم و گۆران شی بکەینەوەو میکانیزمی دەرکەوتە وردترەکانی بنیاتەکە لەڕوانگەی چەمکی پێشنیازکراوییەوە لەم تێزەدا بخەینەڕوو.

## بەشی دووەم

## بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری سالمدا

**پێشزەمینە شێوازناسییەکان:** سالم وەک ڕابەرێکی قوتابخانەی شیعری بابان، خاوەن ئاگاییەکی بەرزی شیعریی بووە، کە ویستوویەتی تاقیکردنەوەیەکی شیعریی بنیات بنێت، کە لەناو میللەتانی دراوسێدا شانازیی پێوە بکرێت.[میرزا توفیق، ٢٠١٣، ٣٩] هەر ئەوەش وایکردووە، کە زۆربەی لێکۆڵەران هاوڕان لەوەی شێوازی سالم لە سەردەمی خۆیدا تازەو تایبەت و لە ئێستەشدا وەسفی وەک ((کێوی بەرزو سەخت و پڕ کاو و بەرزیی و نشێو...))[قەرەداغی، ٢٠١٠، ١٤]ی بۆ بەکاربهێنرێت، بۆیە لە هەر لایەنێکەوە لە شێوازی شیعری سالم بکۆڵینەوە، کێڵگەیەکی بەرین و بەپیتمان لەبەردەستدا دەبێت، ئەگەر تا ئەمڕۆ وەک پێویست ئاوڕ لە دنیای سالم نەدرابێتەوە، ڕەنگە بەشێکی هۆکارەکەی پەیوەندیی بە درەنگ-کەوتنی ساغکردنەوەو چاپکردنی دیوانێکی شاعیرەوە هەبێت، کە سەرجەمی شیعرەکانی لەخۆگرتبێت و هەڵەی نووسینەوەی تیانەبووبێ و جیاوازیی نوسخە شیعرییەکانی بەراوردکراوبووبێتن.[ئەمین، ٢٠١٢، ٤٥٣ و عوسمان، ٢٠٢١، ١٠]

لەم ڕووەوە دیوانی سەرجەمگیری شیعرەکانی شاعیر، تا ئەمدواییانە و بەدیاریکراویش تا ساڵی (٢٠١٥) دواکەوت! بەم جۆرە هەر لێکۆڵینەوەیەک پێش ئەوکاتە لەبارەی شیعری ئەم شاعیرەمانەوە ئەنجام درابێت پشتبەست نەبووە بە سەرجەمی شیعرەکانی و زیاتر ((لە چوارچێوەی کورتەنووسین یان لێکۆڵینەوەی هەندێ لایەنی بەرهەمەکانیدا بووە، یان لەمیانی خستنەڕووی ژیانی سالم و لێکدانەوەیەکی سادە و ساکاری شیعرەکانییەوە بووە.))[کاکی، ٢٠٢٠، ١٢٩-١٣٠] بەڵام دواجار کەم یان زۆری لەبارەوە نووسرابێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە ئەو شاعیرە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی قوتابخانە شیعرییەکەی سەردەمی خۆیەتی.

یەکەم دەرکەوتەی ئەزموونە شیعرییەکەی سالم، کە سیمایەکی تایبەتی شێوازەکەی پێکدەهێنێت، بریتییە لەو زمانە شیعرییەی لە دەقەکانیدا بنیاتی ناوە، بۆیەش زمانی شیعری پێش هەر ڕەگەزێکی تری داهێنانی شیعری دەخەین، چونکە بەلامانەوە دەبێتە تەوەری تاقیکردنەوەی شیعری و ڕەگەزەکانی تری داهێنان بەدەوریدا دەسووڕێنەوە، لەم ڕوانگەوە لەناو سیمای گشتیی زمانی شیعری کلاسیکی کوردیدا، سیمای تایبەتمەندیی هەر شاعیرێک بەدیدەکرێت، کە کەم تا زۆر دەنگە شیعرییەکەی لە دەنگی شاعیرانی هاودەم و هاوڕێی جیادەکاتەوە.[میرزا توفیق، ٢٠١٣، ٤٧ و ٣١] ئەمەش هەر لە بچووکترین ئاستی زمانی شیعرییەوە، کە دەنگ و فۆنیمە دەست پێدەکات، تا دەگات بە وشە و ڕستە و دواتریش لایەنی دەلالی.

زمانی شیعریی سالم، لە چوارچێوەی سیما گشتییەکانی زمانە شیعرییەکەی قوتابخانەی باباندا دەناسرێتەوە، ئەوەی کە بەگشتی شاعیرانی ئەو دەورە شیعریان پێ نووسیوەو لە هەوڵی دروستکردنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوودا بوونە، کە ڕاستە لەبنچینەدا هەوڵەکە لە لقە-شێوەزاری سلێمانییەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لە ڕووی فەرهەنگ و یەکەی زمانییەوە متوربەکراوی زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردییە، بەمەش توانراوە زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە لەو سەردەمەدا جیابکرێتەوە.(شارەزا، ١٩٨٤، ٢٩-٣٠)

سالم لە بەکارهێنانی زماندا نەک هەر بایەخی بە زمانی ڕۆژانە نەداوە، بەڵکوو زمانەکەی زمانێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی بەرز بووە... تەنها لەو شیعرانەیدا نەبێت، کە ناوەڕۆکەکەیان گاڵتەجارییە.(میرزا توفیق، ٢٠١٣، ٥٩ و ٦٨) لەپاڵ ئەوەشدا سوودوەرگرتنی بەرچاوی شاعیرانی کلاسیک لە وشە و زاراوەی زمانەکانی فارسی، عارەبی و تورکی بەشێکی گەورەی ئەو زمانە شیعرییە بووە، کە بەکاریانهێناوە ((هەتا پێیان نەوترێ شاعیری کەم توانا.))(ئەحمەد، ١٩٨٩، ١٥٣)و ئەو زمانەیان کردووە بە زمانی شیعریی خۆیان، کە شاعیرانی دوای ئەمانیش هەر پێڕەویان کردووە، بەمەش ((نووسین بە زمانی کوردیی نەک هەر جێی خۆی گرت و لەو سڵکردنەوەی سەرەتا، کە نالی پەنجەی بۆ ڕادەکێشێ ڕزگاری بوو، بەڵکوو بوو بە ڕاستییەک، کە شاعیران شانازییان پێوە دەکرد. بەتایبەتی کە بۆیان دەرکەوت توانای زمانی کوردیی لە ڕازاندنەوەی مانا و مەبەستی شیعری، بەپێی بۆچوونی ئەو سەردەمە، لە توانای زمانەکانی تر کەمتر نییە.))(میراودەلی، ٢٠٢١، ٢١٤)

ئەو زمانە ئەدەبییەی ویستوویانە بەدیبهێنن و لە دەقەکانیاندا بەرجەستەی بکەن ((لەژێر کارتێکردنی ئەو زانست و ئەدەبانەدا بووە، کە خوێندوویانە، عەرەبی و بابەتە ئاینییەکانیان خوێندووە، لەپاڵ ئەوەشدا ئەدەبیاتی فارسی و زانستەکانی تریان خوێندووە وەکوو هەموو نەتەوەکانی دراوسێیان... کەم و زۆر لاساییان کردوونەتەوە و گەلێ چەمک و وشە و زاراوە و لێکدراو و دەربڕینیان لێوەرگرتوون و بەگوێرەی چێژ و سەلیقە و ئەندێشەی بەرزیانەوە، شیعرەکانیان خستۆتە قاڵبی جوانی تایبەت بەخۆیانەوە و گەلێ واتا و داهێنان و وردەکاریی نوێیان هێناوەتە ئەنجام.))(عارف، ٢٠٠٧، ٣-٤) ئەگەر کاریگەریی زمانە تورکییەکە لەچاو فارسی و عارەبییەکەدا، کەمتر بێت، ئەوا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە تورکی زمانێکی زۆر جیاوازە لە ڕووی خێزانی زمانەوە، هەروەها زمانێک نەبووە، کە زانستی ئایینی و فەلسەفی پێ بخوێنرێ لە مزگەوت و قوتابخانەکاندا.(سابیر، ٢٠٠٢، ٢٩٨- ٢٩٩) بەم جۆرە زمانە شیعرییەکەی سالم لە ڕووی سیمای تایبەتییەوە و ((لەلایەن شێوە و ئاواوە شتێکی تازەو تایبەتی داهێناوە...))(سەفیزادە، ١٣٧٠، ٥١٢)

لە ڕووی سیما گشتییەکانیشـەوە، هـەر ئـەو زمانـە شـیعرییەیە، کـە سـەرجەم شـاعیرانی دیکـەی کلاسـیزمی کـوردی هاوسـەردەم و دواتـری خۆیشـی شـیعریان پـێ هۆنیوەتـەوە، واتـە هـەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی قوتابخانە شیعرییەکەی بابانەوە دەستپێدەکات و درێژە دەکێشێت هەتا سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا، ئەوەندە هەیە، کە تایبەتمەندیی و بەهای زاڵ لە زمانی شیعریی سالمدا، لەوەدا دەردەکەوێت، کە وشـە و زاراوەی فارسـی زۆر تێدا بـەکارهێناوە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆئـەوەی کـە شـاعیر دەستێکی باڵای لـە زمـانی فارسـیدا هـەبووە.(حیلمی، ٢٠١٠، ١٦١) بـەڵام هاوشـانی ئـەوە ((دەسـتورە ڕێزمانییەکـەی موفرەداتـە عـەرەبی و فارسییەکانیشـی خسـتۆتە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە، ئەمـە لەکاتێکدا کە شیعری کوردی لە سەردەمی سالمدا بەم زمانە لەسەرەتادا بووە.))(عوسمان، ٢٠٢١، ١١)

ئەو شارەزاییەی سالم لـەو زمانانـە و بەتایبـەتی لـە فارسـیدا هـەیبووە، وایکردووە لـەوەی هـەم زمانە شیعرییەکەی خاوەنی کۆمـەڵێک خاسـییەتی بـەرچاوی خـۆی بێت، هـەم لـەو ڕووەیشـەوە خـۆی لـە خـەڵکی ئاسـایی جیاکردووەتـەوە و هاوکـات لـەناو چینـی شاعیرانیشـدا پێگـەی خـۆی دیاری کردووە، بە جۆرێکی وا زۆرجار شیعرەکانی بە (سـەخت و ئاڵۆز) پێناسـەکراوە، بـەڵام دەبێ ئـەوە بزانین، کـە بەشـێکی زۆری ئـەم سـەخت و ئاڵۆزییـە پەیوەنـدە بـەوەی کـە سـالم و شـاعیرانی تـری کلاسـیکمان، لـە ڕوانگـەی چـەمکی سـنعەتەوە مامەڵـەیان لەگـەڵ شـیعردا کردووە.(میرزا توفیق، ٢٠١٣، ٦٦ و ئەمین، ٢٠١٢، ٤٥٣و ٤٥٤)

تایبەتمەندییـەکی تـری ئـەزموونی شـیعریی سـالم، ئەوەیـە کـە (مـارف خـەزنـەدار) لـە ڕوانگـەی قـەبارەی شـیعرەکانییەوە دەستنیشـانی کـردووە: ((بـە قـەوارە شـیعری لـە هـەردوو شـاعیرانی دیکەی کوردستانی باشوور –نالی و مستەفا بـەگی کوردی- زۆرترە.))(خەزنەدار، ٢٠١٠، ب٣، ١٦١- ١٦٢) ڕاستە زۆریی بەرهەم بۆ هەموو شاعیرێک بەڵگەی تایبەتمەندیی شێواز و مۆرکی جیاواز نییە، بەڵام لێرەدا قسە لەبارەی شاعیرێکەوەیە، کە (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لەبارەیـەوە دەڵێت: ((...لایەکی تر، کە تەواو بۆ موناقەشە دەست دەدات، ئەویش ئەوەیە کە سالم بە پێشڕەوی ئەو ڕێبـازو قوتابخانـە و تازەبوونـەوەی شـیعری کـوردی بزانـرێ، ئەمـە ڕای پیـاوی گـەورەشـن، مامۆسـتا گۆرانـە، عـەلی کـەمال باپیرە یـانی ئـەوە جێی موناقەشـەیە.))(کۆمەڵێک توێژەر، ٢٠٠٩، ٦٤) لـە دەرگادانی ئـەم باسـە، بۆئـەوە نییە لێرەدا تـاوتوێی بکـەین، چونکە پێمانوایە ((دانـانی سـالم بـە پلەیەک لە خوار نالییەوە ناتوانێت هیچ لـەو ڕاستییە بگۆڕێت، کـە سـالم دەنگێکـی تـری شـیعری قوتابخانە کلاسیکییەکەی کرمانجی خواروو بـووەو لـە بازنـەی بزووتنـەوە شـیعرییەکەدا...))(میرزا

توفیق، ٢٠١٣، ٥٥) ڕەمزو سومبولێکی گەورەو دیاری شیعری کلاسیکی کوردییە و خۆی لەخۆیدا قوتابخانەیەکی دەوڵەمەند و پڕشکۆیە.(عوسمان، ٢٠٢١، ١٠)

سیمایەکی تر، کە بەگشتی شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی پێ دیاری دەکرێت، کێشی عەرووزی و سیستمی سەروای یەکگرتووە، لەپاڵ دانانی بەیتی شیعری بە یەکەیەکی واتایی تا دەگات بە بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژییەکان و داڕشتنی بنیاتی وێنەی شیعری لەسەر بنەماکانی ئەو سیستمە ڕەوانبێژییە و... هتد، ئەمەش یان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی زمانی عەرەبییەوە یان ناڕاستەوخۆ بە هۆی زمانی فارسییەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە.

لەو ڕوانگەوە بەرهەمی شیعری سالم، کە زۆربەی لە قەسیدەو غەزەل پێکهاتووە، وەک بەرهەمی زۆربەی شاعیرانی تری کلاسیک، ئەنجامی پێڕەوکردن و لاساییکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی شیعری عەرووزی عەرەبی-ئیسلامییە، کە بەکاریگەریی شیعری فارسی وەرگیراوە، بەڵام ئەو فۆرمە عەرووزییەی کە سالم شیعرەکانی لەسەر بنیاتناوە، هەروا وەک خۆی و بێ هیچ دەستکارییەک نەبووە، بەڵکوو لەگەڵ ئەو زمانە کوردییەدا، کە پێی نووسیوە گونجاندوویەتی، هەروەک (هەردی) دەڵێت: ((بەپێی سروشتی زمانەکەیان، گەلێ کێشیان فڕێداوە، جگە لەوەی دەستکاریی گەلێکیشیان کردووە.))(سابیر، ٢٠٠٦، ٣٧٥) مەبەست لەو دەستکارییانەش (زحاف و علل)ەکانە و مەبەستیش لە فڕێدانی هەندێک ئەوەیە، کە شاعیرانی کلاسیک هەوڵیانداوە زیاتر ئەو بەحرانە بەکاربهێنن، کە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا گونجاون، هەربۆیە ئەو شیعرانەی کە سالم لەسەر کێشی عەرووز دایناون، بەشی هەرە زۆریانی لەسەر بەحرەکانی هەزەج و ڕەمەل ڕێک خستوون، کە لەکۆی (٣٧٨) شیعری دیوانەکەی، (١٧٩) شیعریان لەسەر بەحری هەزەجە و (١٦٤) شیعریش لەسەر بەحری ڕەمەلە، بەحرەکانی تری کێشی عەرووزی بەدەگمەن بەکارهێناوە، کە لە کۆی دیوانەکەیدا تەنها (٣٥) شیعر لەسەر بەحرەکانی موزاریع، خەفیف، ڕەجەز و بەسیت هەن.(دەڕوانرێتە: گەردی، ٢٠٢٢، ب٤، ١٥٨-١٥٩)

ئەمەو ئەگەرچی وەک (مارف خەزنەدار) دەڵێت: (لەڕووی قافیەی دەنگەکانی ئەلفوبێی کوردی و عەرەبییەوە زۆر دەوڵەمەند نییە.)(خەزنەدار، ٢٠١٠، ب٣، ١٦٢) و هەندێجار بۆئەوەی قافیەی شیعرەکانی ڕیزی پیتەکانی ئەلفبای عەرەبی پڕبکاتەوە، زۆری لەخۆی کردووە و بەوەش شیعری لاوازی لێ پەیدا بووە.(ئەمین، ٢٠١٢، ٤٥٤) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی پاش قافیەی زۆر بەکاربهێنێت و لەمەشدا هونەرمەندیی نواندووە.(خەزنەدار، ٢٠١٠، ب٣، ١٦٢ و ئەمین، ٢٠١٢، ٤٥٤) کە لە کۆی (٣٧٦) شیعری دیوانەکەی (١٤٢) شیعریان پاشسەروایان هەیە. (دەڕوانرێتە: دەشتی، ٢٠٢١، ١٣٠)

ئـەم لایەنـە، لـەپاڵ مەسـەلەی کێشـدا، لـە ڕوانگـەی ئـەو میتـۆدەی لێرەدا پێڕەوی دەکـەین، لـە فـۆرمێکی جیـاوازدا مامەڵـەیان لەگـەڵ دەکـەین و ڕووەو شـیکردنەوەی بنیـاتی هاوتـەریبی لـە دەقـەکانی شـاعیردا ئاراسـتە وەردەگرن، بەوپێیـەی هاوتـەریبی بنەمایـەکی سـەرەکیی پێکهێنـانی ئاوازی گشتی دەرەوە و ناوەوەی دەقی شیعرە و (سـالم)یش وەک شـاعیرێکی لێهاتوو، وێڕای ئـەو ئـاوازە یـەک نەسـەقییەی کـە لەڕێگـەی کێش و سـەرواوە بـەدیهێناوە، هاوکـات توانیویـەتی ئــاوازی نــاوەوەی دەقــە شــیعرییەکانی بەشــێوازێکی هونــەریی وا بەردەســت بخــات، کــە بە دەورکردنەوەیەکی دیوانەکەی، سەلیقەی شیعریی شـاعیرمان لـە بـواری هـەڵبژاردنی وشـە و چۆنێتیی ڕێکخستنیان لەلایەک و پێکەوەگونجانیان لەلایەکی ترەوە لەوپێناوەدا بۆ دەردەکەوێت، هەموو ئەمانەش بەشداریی ڕاستەوخۆیان هەیە لە پێدانی فۆرمێکی ئیستاتیکیی تۆکمە بە بنیـاتی دەقە شیعرەکانی، هەروەک لە تەوەرەکانی داهاتوودا شی دەکەینەوە.

## تەوەری یەکەم

## هاوتەریبیی دەنگی بەنموونەی شیعری سالم

زمان لە دەقی شیعردا، بنیاتێکی ڕێکخراوی سیستماتیزەکراوە، هەروەک لۆتمان دەڵێ: ((تەنانەت لە ئاستی فۆنێمیشدا ڕێکخراوە.))(لۆتمان، ٢٠١٩، ١٢٤) کە باسی دەنگ و فۆنێمیش دێت، بیرمان بۆ لای چەمکی کێش و سەروا دەچێت، بەڵام بەدەر لەوە دەنگ و فۆنێمەکانی زمان، لە چنین و ڕێکخستنی هونەرییانەی یەکە زمانییەکاندا لە دەقی شیعردا دەوری یەکلاکەرەوەیان هەیە لە پێکهێنانی ئاوازی دەرەوە و ناوەوەی دەقی شیعردا، ئەمەش بە هاوتەریبکردنیان لە بڕگە و وشە و دووبارەکردنەوەیان لە دێڕ و کۆپلەی شیعریی هاوشێوەدا.

چۆنێتیی دووبارەکردنەوەی دەنگەکان و ئەو شێوازە هونەرییەی شاعیر لە بنیاتنانی دەقەکەیدا بەکاری دەهێنێت، وا دەکات لەوەی ((جگە لە جۆری کێشی شیعر، جۆری ئەو دەنگانە دەوری خۆیان لە دروستکردنی ئاوازی جیاجیای شیعرەکەدا بگێڕن. واتە ئەگەر دوو شیعری وەک یەک، کە هەردووکیان لەسەر یەک کێش بن، بەڵام دەبینی ئاوازیان جیایە، جیاوازیی ئاوازەکە لە جیاوازیی جۆری دەنگەکانەوە هاتووە.))(گەردی، ٢٠١٤، ١١)

ئەگەر سەرنجێک لە شیعرەکانی سالم بدەین، ئەو وردی و ڕێکخراوییە لە چنینی زمانە شیعرییەکەیدا هەست پێدەکەین، کە لەنێوان تاکبەتاکی دەنگە پێکهێنەرەکانی دەقەکانیدا بەدیهێناوە، بەجۆرێکی وا ڕیتم و هارمۆنییەتیان لێدەکەوێتەوە، کە دڵنیامان دەکات لەوەی ئەم جۆرە هونەرکارییە، پێکەوەهاتن و گونجانێکی هەروا ئۆتۆماتیکی و لەخۆڕا نییە، بەڵکوو زادەی سەلیقەیەکی بەرزی شیعرسازییە. لێرەوە دەقە شیعرەکان خۆیان دەکەین بە بەڵگەی سەلماندنی ئەمەو هەر پێشگریمانەیەکی تری لەم شێوەیە، کە لەم بەشەدا دەخرێتەڕوو.

**یەکەم/ هاوتەریبی چۆنێتی:** پێشتر ڕوونکرایەوە، کە ئەم جۆرە لە دوو ئاستدا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت: تاکەدەنگ و دەستەدەنگ.

- **هاوتەریبی تاکەدەنگ:** لێرەدا ئەو هاودەنگییانە وەردەگرین، کە لەڕێگەی هاوبزوێنی و هاونەبزوێنییەوە بەدیهاتوون، ئەمەش بە هەردوو شێوەی ڕێک و ناڕێک سەرنج دەدەین.

**بێم ڕەقەم کەم، گەر لە شەرحی غەم، کەمێ**

**ماتەمێ دەگرێ دەروونی عالەمێ(ل١٠٠٧)***

ڕێککەوتنی دەنگە بزوێنی /ێ/ لە یەکە زمانییەکانی (کەمێ- عالەمێ) لە ئاستی ستوونیی دێڕەکەدا، کە ئەرکی سەروایان پێ بینراوەو هاودەنگبوونیان لەگەڵ وشەکانی (ماتەمێ، دەگرێ)ی نیوەدێڕی دووەمدا، کە ئەم دووەی دواییش بۆخۆیان لە ئاستی ئاسۆییدا هاوتەریبی یەکن، لەپاڵ هاتنی هەمان دەنگی بزوێن لە وشەی (بێم)دا، تێکڕا دووبارەبوونەوەیەکی ڤاوڵیان لێکەوتووەتەوە. لەلایەکی تریشەوە دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێنی /م/ لە وشەکانی (بێم، ڕەقەم، کەم، غەم، کەم، ماتەم، عالەم) لە تانوپۆی دێڕەکەدا ئاوازی ناوەوەیان گەیاندووەتە ئاستێکی بەرزی زایەڵەی شیعریی.

**عەرووسی بیکری مەغروورم لە مەهدی جامی بللوورا**
**قەراری بەستنی مەهری لە عەقدا نەقدی ئیمانە(ل٨٠٩)**

هاوشێوەبوونی وشەکانی (عەرووس، مەغروور، بلوور)ی نیوەدێڕی یەکەم و لەئاستی ئاسۆییدا لە دەنگی /وو/، هەروەها دووبارەبوونەوەی دەنگی /ی/ بەو ڕێژە بەرچاوە لە کۆتایی وشەکانی (عەرووسی، بیکری، مەهدی، جامی، قەراری، بەستنی، مەهری، نەقدی) لە پێکهاتەی دەنگیی هەردوو نیوەدێڕەکەدا، کاریگەرییەکی بەهێزیان لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەوەی دێڕەکە داناوە. لەپاڵ ئەوانەشدا گونجانی دەنگیی نێوان هەریەک لە وشەکانی (مەهد–مەهر، عەقد–نەقد) بنیاتە هاوتەریبەکەیان پتەوترکردووە.

**سیاهەی جەمعی صەرفی نەقدی عومری خۆم تەماشا کرد،**
**چ دەخلی نیک نامیی تیا نەبوو، جوز خەرجی ڕیسوایی!(ل٩٥١)**

دیسانەوە دیاردەی هاوبزوێنیی وشە هاونیشنکراوەکانی هەردوو نیوەدێڕەکە لە دەنگی /ی/دا هاوتەریبییەکەی لێکەوتووەتەوە، جگە لەو هاوکێشییەی لەنێوان وشەکانی (جمع، صرف، نقد، عمر، دخل، خرج)دا بەدیدەکرێت، هاوکات گونجانی دەنگیی نێوان هەریەک لە (نیک، نام، نەبوو) لە دەنگی /ن/ و ڕێککەوتنی هەریەک لە (جوز، خەرج)یش لە دەنگی /ج/، تێکڕا ئەمانە ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان بەرزکردووەتەوە بۆ ئاستێکی مۆسیقی جوان و ڕازاندوویانەتەوە.

* سەرجەم نموونە شیعرییەکان لە یەک چاپی دیوانی شاعیرەوە وەرگیراون، ئەویش: (دیوانی سالم عەبدووڕەحمان بەگی صاحێبقران- بەرگی یەکەم و دووەم، ساغکردنەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠١٥)یە، بۆیە لێرەبەدوا لەبەرانبەر هەر نموونەیەک تەنها ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەکەی دەدەین.

**دڵ ساکینی گێسووتە، ڕەهجۆیە لە ناو ظولمەت**
**تا ئابی بەقا مابێ لەو چاهی زەنەخدانت(ل٢٠٥)**

ڕێککەوتنی دەنگیی لووتکەی بڕگە لە دەنگەبزوێنی /ا/ لە وشەکانی (ساکین، ناو، تا، ئاب، بەقا، مابێ، چاهـ) هاوبزوێنی پێکهێناوە، ئەمەش دەرخەری بنەمای هاوتەرییبیەکەیە، کە دەرئەنجام ئاوازە ناوەکییەکەی جۆشداوە، هەروەک لەم دێڕەی دیکەشدا، هاتووە:

**مایلە، وەک سەری زوڵفت، سەری من بۆ بەری پا**
**بە جەفا مەیخەرە لا، سا صەنەما! تووبی خودا(ل٩)**

هاوتایی لووتکەی بڕگە لە وشەکانی (مایلە، پا، جەفا، لا، سا، صەنەما، خودا)، کە دەنگی /ا/ی بزوێنی درێژ پێکیهێناوەو ئاوازی ناوەکیی دێڕەکەی لێکەوتووەتەوە، هەڵبەت ڕێککەوتنی دەنگی /س/ لە وشەکانی (سەر، سەر، سا) لەگەڵ /ص/ لە وشەی (صەنەما)، کە ئەویش بۆخۆی ئەلەفۆنی /س/یە، یارمەتی پتەوکردنی ئاوازە ناوەکییەکەی داوەو بنیاتە هاوتەرییەکەی بەهێزتر دەرخستووە. هەڵبەت نابێ ئاماژە بەو کاریگەرییە ئاوازەییە نەدەین، کە لە ئەنجامی گونجانی دەنگیی نێوان هەریەک لە (سەری)و (بەری)ی ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەمدا بەدییانهێناوە.

**ئەگەر دەستم دەگاتە گۆیی پوستان**
**دەکەم گۆی مەطلەبم بیروون لە مەیدان(٤٩٧)**

هاتنی دەنگی /گ/ لە وشەکانی (ئەگەر، دەگاتە، گۆ) لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەم لەلایەک هاوتابوونیان لەهەمان دەنگ و لەئاستی ستوونیدا لەگەڵ فۆرمی (گۆ) لە نیوەدێڕی دووەمدا، لەلایەکی تریشەوە هاوکێشبوونی هەریەک لە وشەکانی (پوستان، مەیدان)، کە ڕۆڵی سەروایان لە دێڕەکەدا پێ بینراوە، لەپاڵ دووبارەبوونەوەی دەنگی /م/ لە وشەکانی (دەستم، دەکەم، مەطلەبم، مەیدان) سەرجەم ئەم دەرکەوتە دەنگییانە وایانکردووە لەوەی ئاوازی ناوەوەی دێڕەکە لە ئاستێکی بەرزی شیعریدا خۆی بنوێنێت و تەواوی دێڕەکە لە بنیاتێکی هاوتەرییبیدا دەربکەوێت.

**پەڕ دەردەکەی لە شەوقا، پەروانەیی لە پێی پوول**
**بەرقی طەلایی مەسکوک شەمعی شەبانی تارت(ل١٧٠)**

هەریەک لە (پەڕ، پەروانە، پێ، پوول) لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەم، هاونەبزوێنی لە دەنگی /پ/ی سەرەتایاندا هەیە، لەلایەکی تریشەوە وشەی (شەوق) هەر لەو ئاستەدا، لەگەڵ

هەریەک لە (شەمع و شەبان)ی نیوەدێڕی دووەم و لە ئاستی ستوونیدا لە دەنگی /ش/دا لەگەڵ یەکداگونجاون. هەروەها ڕێککەوتنی دانە زمانییەکانی (بەرقی، طەلایی، شەمعی، شەبانی) لە ئاستی ئاسۆییداو لە دەنگی /ی/ کۆتاییاندا، هەموویان پێکەوە بنیاتە هاوتەریبەکەیان پێکهێناوەو هاوکات ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەشیان نەخشاندووە.

**شێفتەی گێسووی ئەیازێکم، لە غەم مەحموودسان**

**لەشکری غەمزەی لە غەزنەی خاطرا غارەتگەرە**(ل٧٦١)

هاونەبزوێنییەکە لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونیی هەردوو نیوەدێڕەکەدا، لە دەنگی /غ/ی وشەکانی (غەم، غەمزە، غەزنە، غارەتگەر)دا پێکهاتووە، کە بنیاتە هاوتەریبەکەی لە تەواوی بنیاتی دێڕەکەدا دەرخستووەو ئاوازە ناوەکییەکەشی گەشاندووەتەوە.

**خانەخوێم میهمان نەوازە، وەرنە سەیری حورمەتم،**

**دۆشەکی خۆ خاک و خۆڵە، سەرکەشی ئەسپم سەما!**(ل٤٦)

پاتەبوونەوەی دەنگی /خ/ لە وشەی (خانەخوێ)ی سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم و ڕێککەوتنی لە هەمان دەنگدا لەگەڵ هەریەک لە وشەکانی (خۆ، خاک، خۆڵ) لە ئاستی ستوونیدا، کە بۆخۆیان سێ دانەی زمانیی پێکەوەگونجاون لە دۆخی هاونەبزوێنی سەرەتایاندا، هەروەها دووبارەبوونەوەی دەنگی /س/ لە وشەگەلی (سەیر) لە نیوەدێڕی یەکەم و (سەرکەش، ئەسپ، سەما)ی نیوەدێڕی دووەم، بنیاتی هاوتەریبییەکەیان لە تانوپۆی دێڕەکەدا قووڵترو گەشاوەتر کردووەو دەرئەنجامیش ئاوازێکی ناوەکیی دڵگیریان لێکەوتووەتەوە.

**دەزانم تا لە شیشەی دیدەما بێ، ئەشکی ئالوودەم**

**شەرابی (جەی) لە جاما ڕەونەقی خوێنی جگەر نادا**(ل٣)

لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەمدا گونجانی دەنگی لەنێوان (شیشە، ئەشک) لە دەنگی /ش/دا هەیە، لەهەمان ئاستداو ئەمجارەیان لە نیوەدێڕی دووەمدا هاونەبزوێنیی سەرەتای نێوان وشەکانی (جەی، جام، جگەر) لە دەنگی /ج/دا لەپاڵ ڕێککەوتنی (دەزانم، دیدەما، ئالوودەم، جاما) لە دەنگی /م/دا سەرجەمیان ئاوازێکی دڵکێشی ناوەکییان لە بنیاتی دێڕەکەدا فەراهەم کردووە.

**نەهری ئەشک ئەمشەو لە دیدەم وا بەخوڕ دەڕژایە ڕوو**

**دڵ لە سینەم تا سەحەر سەنگ ئاسیا ئاسا گەڕا**(ل١٤)

له نیوەدێڕی یەکەم و له ئاسته ئاسۆییەکەیدا هەردوو وشەی (ئەشک و ئەمشەو) له دەنگی /ش/ و وشەکانی (بەخوڕ، دەڕژا، ڕوو) له دەنگی /ڕ/ هەریەک بەجیا لەناو خۆیاندا پێکەوەگونجاون، لەپاڵ دووبارەبوونەوەی دەنگی /س/ی نەبزوێن، کە لە سەرەتای وشەکانی (سینە، سەحەر، سەنگ ئاسیا، ئاسا) لەنیوەدێری دووەم و لە ئاستی ئاسۆییدا هاتووە، دیاردەی ئەلیتەرەیشنی بەشێوەیەکی نارێک لێکەوتووەتەوە، ئەمەش هاوتەریبیی چۆنێتی پێکهێناوەو ئاوازی ناوەوەیشی له دێڕەکەدا پێ بنیاتنراوە.

**تا دەنووسێ (سین)ی بۆسەی تۆ، قەڵەم**

**دێتە سەر کاغەذ مەگەس بۆ ئەنگەبین**(ل٥٩٦)

هاونشینکردنی وشەکانی (دەنووسێ، سین، بۆسە)ی نیوەدێڕی یەکەم و (سەر، مەگەس)ی نیوەدێڕی دووەم له ئاستی ئاسۆییداو هاوبەشبوونیان له دەنگی /س/ی نەبزوێندا هارمۆنییەتی بە دێڕەکە داوە، جگە لەوەی هەریەک لە (تۆ-بۆ) لە ئاستی ستوونیدا لە دەنگی سەرەتایاندا جیاوازن و لە دەنگی کۆتاییاندا هاوبەشن، سەرجەم ئەوانە ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان لە ئاستێکی مۆسیقی بەرزدا ڕازاندووەتەوە.

**مەجنون غەمی کوا: پردی سیراط ئەر وەکوو موو بێ؟**

**دەیکێشێ لەوێشا کەشش طورڕەیی لەیلا**(ل٨٦)

هاوبەشیی هەرسێ وشەکانی (دەیکێشێ، لەوێشا، کەشش) له ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی دووەمدا لە دەنگی /ش/ لەلایەک و هەروەها لە نیوەدێڕی یەکەمداو لە ئاستی ئاسۆییدا، هاوسێیەتی (وەکوو، موو) لەپاڵ بەدواییەکداهاتنی (پرد، سیراط، ئەر)و ڕێککەوتنی ئەمانەی دوایی لەگەڵ (طورڕە)ی نیوەدێڕی دووەمدا، جۆرێک لە ئاوازو ڕیتمێکی دڵکێشیان بە دێڕەکە بەخشیوەو بنیاتێکی هاوتەریبی لە تەواوی دێڕەکەدا بەرجەستە بووە.

**مووبەموو زوڵفی سیات ئەسبابە بۆ قەیدی غەریب**

**تا قیامەت مورغی دڵ لەم داوە قەت نابێ ڕەها**

ڕێککەوتنی وشەی (قەید)ی نیوەدێڕی یەکەم لەگەڵ وشەکانی (قەت- قیامەت) لە دەنگی /ق/ی سەرەتایان لەلایەک و وشەی (غەریب)ی هەمان نیوەدێڕ لەگەڵ (مورغ) لە دەنگی /غ/ فۆرمێکی دەنگیی هاوتای لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی دێڕەکەدا بەدیهێناوە، جگە لەوەی پێکەوەهاتنی جووتەوشەی لێکدراوی (مووبەموو)و گونجانە دەنگییەکەی لەگەڵ (مورغ)داو لەلایەکی تریشەوە

گونجانی نێوان هەریەک لە وشەکانی (ئەسباب-سیات) لەگەڵ (قەت- قیامەت) لە دەنگەکانی /س/، /ق/، /ت/ هەریەک بەجیا، ئاوازێکی دڵکێشیان لە بنیاتی ناوەوەی دێڕەکەدا چێکردووە، هەر ئەمەش هاوتەرییبیە دەنگییەکەی لە ڕووی چۆنێتییەوە پێکهێناوە.

**بۆ صەفی مەجنون لان، ئاهوو لە ڕەمدا ڕام دەبێ**
**بەڕڕە ئاهووی من لەپاش ڕام بوون دەبێ بنیاد ڕەم**(ل٤٨٧)

هەروەها:

**ڕەنگی ڕووم ڕابورد، دریغا، باز لە حەسرەت ڕوویی دۆست**
**خەم بووە قەددم لە غەمدا، هەر وەکوو ئەبروویی دۆست**(ل١٩٠)

لە هەردوو نموونەکەدا کۆمەڵێک وشە لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا هاونشینی یەکترکراون، کە لە دەنگی یەکەمیاندا هاوشێوەن: لە نموونەی یەکەمدا هەریەک لە وشەکانی (ڕەم، ڕام، ڕامبوون) بە دەنگی /ڕ/ دەست پێدەکەن و بەسەر هەردوو نیوەدێڕەکەدا دابەش بوون، جگە لەوەی هاتنی هەمان دەنگ لە وشەی (بەڕڕە) لەپاڵ دیاردەی ئەو هاونەبزوێنییەدا، ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان بەجۆشتر کردووە. هەرچی نموونەی دووەمیشە ئەوا (ڕەنگ، ڕوو، ڕابورد، ڕوو) لە هاونەبزوێنیی سەرەتادا هاوشێوەن و هاوکات لەگەڵ (ئەبروو)یشدا لە دەنگەکانی /ر/ ، /وو/ هاوبەشن، ئەمەش وایکردووە لەوەی بنیاتە دەنگییە هاوتەرییبەکە چەسپاوتربێت و ئاوازێکی ناوەکیی جوانیش بە دێڕەکە ببەخشێت.

**دەبینم مووی موژەی مووریچە، میثلی ذەڕڕەبین میرئات**
**لە فیکری مووشکافی مووی میانت، وا بە دڵ وردم**(ل٤٣٤)

هاونەبزوێنیی نێوان هەریەک لە وشەکانی (موو، موژە، مووریچە، میثل، میرئات)ی نیوەدێڕی یەکەم لە ئاستی ئاسۆیی و هاوتابوونیان لە ئاستی ستوونیدا لەگەڵ وشەکانی (مووشکاف، موو، میان) لە دەنگی /م/ی سەرەتاو لەهەمان ئاستی ئاسۆییدا، هاوتەرییبیەکەی لێکەوتووەتەوەو ئاوازە ناوەکییەکەی لە تانوپۆی دێڕەکەدا لەخۆگرتووە.

**ئەم کێشە کە گێسوو هەیەتی، کامی کەشیشە**
**بگرن بە جەدەل، با عولەما، ڕیشی سوکووبا**(ل٨٥)

لەم نموونەی تریشدا بەهەمان شێوە دیاردەی هاونەبزوێنی لە دەنگە نەبزوێنەکانی /ک/ ، /ش/ی ئاستی ئاسۆیی وشەکانی نیوەدێڕی یەکەم (کێشە، کە، کام، کەشیش)و هاوتابوونیان لەگەڵ

(ڕیش و سوکوبا)ی نیوەدێڕی دووەم و لەهەمان ئەو دوو دەنگە نەبزوێنەو لە ئاستی ستوونیدا بنیاتە هاوتەریبەکەیان پێکهێناوەو ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەشیان نەخشاندووە.

**دیدە بێ دیداری دڵبەر تارە، مەستووری نەکا**

**خۆیشی نەزدیکە لە نەزدیک، بڵا دووری نەکا(ل١٠٩)**

ڕێککەوتنی دەنگی /د/ لە سەرەتای هەریەک لە (دیدە، دیدار، دڵبەر)ی نیوەدێڕی یەکەم و (دوور)ی نیوەدێڕی دووەم لەلایەک و بەدواییەکداهاتنی هەمان فۆرمی وەکیەکی (نەزدیک)، کە دەنگی /د/یان تێدا دووبارە بووەتەوە لەلایەکی ترەوە، دیاردەی هاونەبزوێنیی نێوان وشە پێکهێنەرەکانی دێڕەکەی جەختاوتر کردووە، ئەمەش ئاوازی ناوەوەی لێکەوتووەتەوەو بنیاتی هاوتەریبییەکەشی لە تانوپۆی دێڕەکەدا نیشان داوە.

**ئەبەد قەت سەتری ئەندامت بە تای جامەی کەتان نابێ**

**بەڵێ، شەوقی چرا -ئەڵبەت- لە فانۆسا نیهان نابێ!(ل٩٦٣)**

دووبارەبوونەوەی دەنگی /ت/ لە وشەکانی (قەت، سەتر، ئەندامت، تای، کەتان)ی نیوەدێڕی یەکەم و (ئەڵبەت)ی نیوەدێڕی دووەم تانوپۆی دێڕەکەی تەنیوەو دیاردەی هاونەبزوێنی لێکەوتووەتەوە، کە ئەمەش ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەی پێکهێناوە. هەروەها ڕێککەوتنی هەریەک لە (کەتان و نیهان) لە دەنگی کۆتاییاندا وەک وشەسەرواو (نابێ)ی هەردوو نیوەدێڕەکەیش وەک پاشسەروا لەلایەکی تریشەوە زەقبوونەوەی بزوێنی درێژی /ا/ لە (شەوقی چرا- لە فانۆسا) بنیاتی هاوتەریبییە دەنگییەکەیان دامەزراوتر کردووە. ئەمە جگە لەوەی دەنگی کۆتایی هەردوو وشەسەرواکە لەگەڵ هەمان دەنگی سەرەتای وشەی پاشسەرواکەدا، کە دەنگی /ن/ـە گونجان ڕێککەوتنێکی دەنگیی جوانیان لێکەوتووەتەوە.

**هەمیسان ڕووی لە من پۆشی، درێغا یاری مەحجووبم**

**بە قانوونی قەدیمی، ماهی دوو هەفتە پەناهی گرت(ل١٧٦)**

دووبارەبوونەوەی ئەو ڕێژەیە لە دەنگی /هـ/ لە وشەکانی (هەمیسان)ی سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم و (ماهـ ، هەفتە، پەناهـ)ی نیوەدێڕی دووەم لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ڕێککەوتنی نێوان هەریەک لە (ماهی-پەناهی) لەڕووی هاوکێشی و (قانوون و قەدیم) لەڕووی هاونەبزوێنی سەرەتاوە، ئاوازی ناوەکیی دێڕەکەیان پێکهێناوەو هاوتەریبییەکەیان لە بنیاتی دێڕەکەدا دەوڵەمەندتر کردووە.

**بەناز ئیتر نەزاکەتهایی گوڵ بولبول قووبوڵ ناکا**

**بەسەر باغا صەبا بێنێ سەحەر، گەر بوویی جانانەم**(ل٤٨٤)

لێرەشدا گونجانی دەنگیی نێوان هەریەک لە (گوڵ- قبوڵ) لە دەنگی کۆتاییانداو ڕێککەوتنیان لەگەڵ دووبارەبوونەوەی /ل/ی سووک لە بنیاتی وشەی (بولبول)دا، هەروەها دەرکەوتنی دەنگی /ب/ لە وشەکانی (بەناز، بولبول، قووبوڵ، بەسەر، باغ، بێنێ، بوویی) لە تانوپۆی دێڕەکەداو دیسانەوەش هاتنی دەنگی /ن/ لە وشەکانی (بەناز، نەزاکەت، ناکا، بێنێ، جانانە)ی هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش هاوتەریبیی دەنگییان لە ئاستی تاکدەنگیدا تۆمار کردووەو بەوەش ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان بنیاتناوە.

**میزاجی طارەمی قەلبم لە (ڕەی)دا میثلی (طالش) بوو**

**بە هاوینیش لە هەوری چاوی تارم، تاوی بارش بوو**(ل٦٢٤)

دیسانەوە لەم دێڕەشدا لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا هاوتەریبییەکە بنیاتنراوە، بەوەی لە دەرکەوتنی یەکەمدا هاونەبزوێنی سەرەتا لەنێوان دانە زمانییەکانی (میزاج، میثل)، (تار، تاو)، (هاوین- هەور) لەلایەک سەرنج دەدرێت و لەلایەکی تریشەوە هاوکێشی (طالش- بارش)و ڕێککەوتنیان لە دەنگی /ش/دا، کە ئەرکی سەروایان پێ بینراوە، ئاوازێکی سەرنجڕاکێشیان لە ناوەوەی دێڕەکەدا نەخشاندووە.

– **هاوتەریبی دەستەدەنگ:** چەپکەدەنگ، هێشووەدەنگ یان دەستەدەنگ هەرسێیان یەک ناون بۆ ئەو کۆمەڵەدەنگە هاوشێوە واتاجیایانەی بەشێوازی جۆراوجۆر لە دێڕو نیوەدێڕەکاندا هاونشینی یەکترکراون. لێرەدا دوو دەرکەوتەی هاوتەریبیی دەستەدەنگی وەردەگرین، کە ڕۆڵی دیار لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەوەدا دەگێڕن، ئەویش: سەرواسازیی و دووبارەبوونەوەی دەنگیی ناتەواوە لە وشەکاندا. یەکێک لەو میکانیزمانەی لە شیعری سالمدا بەدیدەکرێت و لەوڕێگەوە هاوتەریبی بنیاتنراوە، سەروای دەقە شیعرەکانێتی، هەڵبەت سەروا بەگشتی ((یەکێتی قەسیدە بەدیدەهێنێت و پەیوەندی و گونجان لەنێوان بەیتەکانیدا دەهێنێتەدی.))(الشایب، ١٩٦٤، ٣٢٥)

لێرەدا مامەڵە لەگەڵ چەمکی سەروا بەپێی ئەو پێناسە دەکەین، کە (د.دڵشاد عەلی) خستوویەتییە بەردەست و بەلایەوە ((قافیە دەنگێ، یان زیاتری دووبارەکراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکەو بەگشتی دەکەونە کۆتایی دوا پێی ئەو دانە ئاوازەییانەی کە هەڵبەستەکەی لێ پێکدێت، وەک دێڕو بەیت و ڕستەی هۆنراوەیی، ئەرکیشیان پێکهێنانی نەغمەیەکی دڵکێشەو بەشێک لە ئاهەنگ

و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدیدەهێنن، مەبەستیش لە تەنها دەنگی هەر بزوێنە درێژەکانە، ئەگینا نەبزوێن بەتەنها ناتوانێت قافیە پێک بهێنێت ئەگەر بزوێنێکی لەگەڵدا نەبیت، واتە دەبێت بزوێنی پێش نەبزوێنەکان وەک یەک بن، نەک هەر نەبزوێنەکانی خۆیان.))(عەلی، ١٩٩٨، ١٠٢)

سالم بەدەر لە سەرواسازیی ئاسایی و پێویست لەهەر دەقێکی کلاسیکدا، لە کۆمەڵێک دەقدا سیستمێکی تایبەتی سەروابەندیی مەزراندووە، کە نموونەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا – ئەگەر هەشبێت– زۆر کەمە، هەروەک (مارف خەزنەدار) لەم بارەوە دەڵێت: ((سالم پاش قافیەی زۆرە، ئەمانە هەندێجار لە یەک وشە، هەندێجاریش لە ڕستەیێک یا ڕستەیێکی ناتەواو پێکدێن، جگە لەوەی شاعیر قافییەی ناوەوە دروست دەکا، ئەم هونەرە کە مورەسسەع (مرصع)ی پێدەڵێن ڕەوانی و مۆسیقاییێکی تایبەتی بە شیعرەکە دەدا.))(خەزنەدار، ٢٠١٠، ب٣، ١٦١) بۆ ئەمەش با لە نموونەی شیعرەکان بڕوانین:

**وێڵ و فیراری عیشقی تۆم، شەهر بە شەهر و سوو بە سوو**
**پوشتە بە پوشتە، تەل بە تەل، دەشت بە دەشت و کوو بە کوو**
**قەیدە لە گەردنی دڵم زوڵفی سیاهی پڕ خەمت،**
**حەلقە بە حەلقە، چین بە چین، عوقدە بە عوقدە، موو بە موو**(٦٦٦)

بەدەر لەوەی کە نیوەدێڕو دێڕەکان لەڕێگەی سیستمی سەرواسازیی ناوەوە بەسەر چەند لەتێکدا کەرتکراون، هاوکات ئەو یەکە زمانییانەی کە سەرواسازییەکەی لەڕێگەوە پێ بنیاتنراوە، بریتییە لە (جووتەوشەی لێکدراو)، کە پێکهاتە ڕێزمانییەکەیان بریتییە لە: {ناو+ ئامرازی پەیوەندیی (بە)+ ناو} هەڵبەت کەرتەکانی هەر دێڕو نیوەدێڕێکیش بۆخۆیان لەسەر هەمان پێکهاتەی ڕێزمانی داڕێژراون. هەروەک دیسانەوە لەم دەقەی تریشدا هاتووە:

**ویردی زوبان و فیکری دڵ، شەرحی فیراقە سەربەسەر**
**هەڵدەقوڵێ لە عەینی چاو، خوێنی جگەر شەمەر شەمەر**
**زوڵفی سیاهی پڕ خەمی، حەلقە بە حەلقە، چین بە چین**
**دەستە بە دەستە تا میان، سیلسیلەجۆ کەمەر کەمەر**(ل٣٤٤)

سەرواکانی تری دەقەکە، کە شەش دێڕە بەم شێوەیەن: (سەقەرسەقەر، حەضەرحەضەر، کەدەرکەدەر، خەبەرخەبەر) جگە لە سیستمی سەرەکیی سەروای دەقەکە، نیوەدێڕی یەکەمی هەموو دێڕەکانی بەهەمان شێوە کۆتاییان پێهێنراوە، کە بریتین لە: (فەرەح فەرەح، ڕووبەڕوو، گرێ گرێ، دەم بە دەم)، بۆیە کاتێک تەواوی دەقەکە بەسەریەکەوە دەخوێنینەوە، هەست بەو

ئـاوازە جـوان و دڵگیـرە دەكـەین، كـە دووبارەكردنـەوەی ئـەم دانـە زمانییانـە لـە پێكهاتـەی جووتەوشـــەی لێكـدراودا چ ئەوانـــەی ڕۆڵـــی ســـەروای دەقەكـــەیان پێبینـــراوە، چ ئەوانـــەی نیوەدێڕەكانیان پێ كۆتایی هێنراوە، بنیاتی هاوتەرییبیە دەنگییەكەی لێكەوتووەتەوە، هەر ئەوەش سازدەری ئەو گونجان و ڕێككەوتنە ئاوازەییە جوانەی ناو بنیاتی دەقەكەن. هەر لەم ڕووەوە با بڕوانینە ئەم نموونەی تر، كە هەمان شێوازی بۆ پێكهێنانی هاوتەریبی تێدا گیراوەتەبەر:

**لازمی عەرضوحاڵمە كاغەزی زەڕ طەبەق**

**شەرحی میحەن، بە خوێنی دڵ، ثەبتی دەكەم وەرەق وەرەق**

**تیری نیگاهی دڵبەرم یەک یەكی نیشتە ناو جگەر**

**سینە لە نێشی پیلكەی موتتەصیلە شەبەق شەبەق**(ل٤٠٦)

تەواوی ئەم دەقەیش كە پێكهاتووە لە حەوت دێڕ، وشەسەروای دێڕەكانی تری بـەم شـێوەیەن: (سـەبەق سـەبەق، خـەم بـە خـەم، وەهـەق وەهـەق، دەق بـە دەق، فیـرەق فیـرەق)، دیسـانەوە ئـەو ئاوازە ناوەكییـەی بـە هـۆی سیسـتمی سـەروابەندییەكەوە لـە دەقەكەدا بـەدیهێنراوە، وایكردووە لەوەی هاوتەرییبیە دەنگییەكە جەختاوتر بكەوێتەبەر هەست و گوێی وەرگر.

ئەمـە و جـۆرێكی دیكـەی سـەروابەندیی لـە دەقەكانیـدا، كـە بـە (سـەروای نـاوەوە) دەناسـرێ، بەدیدەكرێت، كە ((وا دەبێ وشەیەک بخرێتە ناو دێڕەكە، لە ناوەڕاست یان نزیک ناوەڕاست، كە هاوسـەروای وشـەی كۆتـایی بێـت، كـە بـەدەر لـە دەوڵەمەنـدكردنی ئـاوازەی دەنـگ، هاوكـات كاریگەریی گرێدانی سەروا بەهێزتر دەكات.))(گەردی، ١٩٩٩، ٨٦)

لە بنیاتی ئەم دەقەی لای خوارەوەدا، بەدەر لە سەروا ناوەكییەكە، هاوكـات كـەرتكردنی هـەموو نیوەدێڕە دووەمەكان بۆ چەند كـەرتێكی هاوشـێوە لـەڕووی پێكهاتەییـەوە، بنیـاتی هاوتـەریبی لـە دەقەكەدا ڕازاوەتر كردووەو ئاستی ئاوازو ئاهەنگی دێڕەكانیشی پتر هەڵكشاندووە:

**مەعنەیێ نین، وەكوو یەک، شەرحی من و دڵبەری من**

**قەتڵی من، صیحەتی ئەو، شەكوەیی ئەو، دەفتەری من**

**خوێنی ظەرفی بەدەنم وشكە لەتاو ئاگری غەم**

**دڵی من، مەجمەری ئەو، دووریی ئەو، ئەخگەری من**(ل٥٦٩)

تەواوی دەقەكە بۆخۆی یانزە دێڕەو لە بنیاتی هەموو نیوەدێڕە دووەمەكانیدا دوو جێناوی (من) لـە ئەمسـەرو ئەوسـەری نێوەدێڕەكـە و دوو جێنـاوی (ئـەو)، كـە ناوەڕاسـتی نیوەدێڕەكانیـان

گرتووه، هێنراونەتەوە. لێرەدا پێش ئەوەی دەقێکی تر بکەین بەنموونە، با ئەو تێڕوانینەی (لیندی میللەر) بەیادبهێنینەوە، کە لەبارەی کاریگەریی ئەم جۆرە سەروایە لە پێکهێنانی هاوتەریبیی دەنگیدا، دەڵێت: ((سەروای ناوەوەی شیعر خێرایی ئاوازە بەهێز دەکات و بەهۆیەوە شیعرەکە دەبزوێ، جەختی زیاتر لەسەر ئەو وشەیە دەکات، کە سەرواکەی پێوەیە.))(محەمەد، ٢٠١٨، ٥٧٧) ئێستا با لەم نموونەی دیکەیش وردبینەوە، بڕوانین چۆن لەڕێگەی جێناوێکی کەسیی سەربەخۆوە (مـن)، کە دەوری سەروای ناوەوەی پێبینراوە، هاوتەریبیی تێدا بنیاتنراوە:

**یادی تۆیە، صەنەما! یەک بە یەک ئەندێشەیی من:**
**شوغڵی من، شێوەیی من، فیکرەتی من، پیشەیی من**
**نەخلی هەستیم بە جەفا سەبزە لە باغی دونیا**
**شاخی من، غوصصەیی من، میحنەتی من، ڕیشەیی من**(ل٥٧٤)

تەواوی دەقەکە شەش دێڕە، بەهەمان شێوەی دەقی پێشوو، لەڕێگەی سیستمی سەرواسازیی ناوەکی و کەرتکردنی نیوەدێڕە دووەمەکانەوە هاوتەریبییەکە بەدیهێنراوە، بەوەی کە پێکهاتەی هەر کەرتێک بریتییە لە: {ناوێک+ ئامرازی خستنەسەر+ جێناوی کەسیی (مـن)}، هەروەک لەم فۆرمانەی لای خوارەوەدا دەردەکەون:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **شوغڵ + ی + من** | **شێوە + یی + من** | **فیکرەت+ ی + من** | **پیشە+ یی + من** |
| **شاخ + ی + من** | **غوصصە+ یی+ من** | **میحنەت+ ی + من** | **ڕیشە+ یی + من** |
| **ئەشک + ی من** | **بادە+ یی + من** | **دیدە + یی + من** | **شیشە+ یی + من** |
| **خوێن + ی + من** | **طوعمە+ یی + من** | **کولبە + یی + من** | **بیشە+ یی + من** |
| **کۆە + ی + من** | **سینە+ یی + من** | **ناخون+ ی + من** | **تیشە + یی + من** |
| **دیگ + ی + من** | **سینە+ یی + من** | **هممەت+ ی + من** | **پیشە + یی + من** |

هەڵبەت ئەوە ڕوونە، کە سەروا لەپاڵ کێشدا بنەماو کۆڵەکەیەکی سەرەکیی شیعرە، ئەگەر لە تاکە دەنگێکیش پێک بێت ئەوا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە جوانکردنی کەشی ئاوازەییدا. لەم ڕوانگەوە لە دوو دەقی تری سالمدا، کە تاڕادەیەکی زۆر لەڕووی بنیاتی گشتییەوە هاوشێوەی یەکترن، هاوتەریبییەکی دەنگی لە ئاستی چۆنێتی تێدا بەدیدەکرێت، ئەویش لەڕێگەی سەروای ناوەوەو لەسەر بنەمای کەرتکردنی دێڕو نیوەدێڕەکان بەدیهێنراوە، دەقی یەکەم، کە لەبنەڕەتدا حەوت دێڕە، تێیدا هاتووە:

**بەندی کردم بە جەفا لامەذبێ، پرستەمێ**
**نەمەکی ڕیتە برینم، نەمەکین لەب، صەنەمێ!**
**جیلوەطاووس و نیگاهـ ئاهوو و دەڕڕاج خەرام**
**طووطی ئاواز و هوماسایەوو فەڕووخ قەدەمێ!**(ل١٠١٠)

دیسانەوە لەم تێکستەی تریش، کە لە بنەمادا (٧)دێڕە، هەمان میکانیزم لە پێکهێنانی بنیاتی هاوتەریبی تێیدا گیراوەتەبەر:

**داغی کردم بە جەفا لالەڕوخێ، زێبابێ**
**پیری کردم بە ستەم لامەذەبێ، تەرسایێ**
**تیزبین وەختی ستەم، گاهی کەرەم بێ بەصەرێ**
**لە وەفا هیچ نەدانێ، بە جەفا دانایێ**(ل١٠٢٩)

بەم جۆرە سەروای ناوەوە هەر جۆرێک بێت، ئاوازێکی ناوەکی دەخوڵقێنێت و بەهایەکی ئیستاتیکی و بگرە دەلالی زیادەکی بە دێڕەکە دەدا. سەروا بەگشتی لە کۆتایی دێڕەوە چاوەڕوان دەکرێ، ئەمە پێی دەگوترێ سەروای دەرەوە، هەندێ شاعیر بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاوازەی دەنگ، وەشەیەک دەخەنە ناو دێڕەکە، لەناوەڕاست یان نزیک ناوەڕاست، کە هاوسەروای وشەی کۆتایی بێ. ئەم جۆرە سەروایە کاریگەریی گرێدانی سەروا بەهێزدەکا. ئەگەر لە هەموو دێڕەکان نەبێ، جەختێکی زۆرە بۆ سەر هەندێ دێڕی مەبەست.(گەردی،١٩٩٩، ٨٦) نموونەیەکی تری ئەو شێوازە هاوتەریبییە لەم دەقە (٧) دێڕییەدا بەدیهێنراوە، کە سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**سەراپا بەندە ئەندامم لە قەیدی سیحری جادوویێ**
**فەڕەنگی مەذهەبێ، تەرسامیزاجێ، ئاتەشی خوویێ**
**بە ئیما قاتیلی عوششاقە، دیدەیی مەست، بیمارێ**
**دەکا صەیدئەفگەنی صەییادی خوونرێژم بە ئاهوویێ!**(١٠٣١)

لەپاڵ سەروای ناوەوەدا جۆرێکی تری سەرواسازیی لە شیعری سالمدا، کە لەڕێگەیەوە هاوتەریبییەکی بەردەوامی لە بنیاتی دەقەکاندا فەراهەم کردووە، بەکارهێنانی سیستەمی (دەستەواژەی ڕێزمانی)و هەروەها (ڕستەی تەواو)ە لەبری وشەسەروای سادە یان وشەسەروای لێکدراو.(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٥٢) وەک دیارە ئەمەش جگە لە لایەنە دەلالییە قووڵەکەی، بەشدارییەکی کارای دەبێت لە بەدیهێنانی ئاوازێکی خۆش و دڵگیر لە دەقدا بەگشتی، کە

لەئەنجامی ئەو هاوشێوەییە لە پێکهاتەی زمانیی دەستەواژەو ڕستە سەرواکاندا، بەهاکانی شیعرییەت وەک بەهای زاڵ دەرکەوتوون، وەک لە نموونەکانی لای خوارەوە بەردەست خراون:

**دەمەوێ مەستی بادە بم، تا بم**

**پایی خوم ئووفتادە بم، تا بم**

**هەر سەحەرگەهـ بە دەنگی نەی هەڵسم**

**بادەوەرگر لە سادە بم، تا بم** (ل٤٢٧)

وشەسەروای هەر (٩) دێڕەکە بریتییە لە: (بادە، ئووفتادە، سادە، پیادە، ئیستادە، ئیرادە، قەلادە، شیعەزادە، نیهادە)، بەڵام (بم تا بم) ((خۆی لەخۆیدا دەستەواژەیەکی ڕێزمانییەو پێکهاتەکەی بەم جۆرەیە: {ڕەگی کاری (بوون) + جێناوی لکاوی کەسی یەکەم (م)} + ئامرازی پەیوەندیی (تا)+ {ڕەگی کاری (بوون) + جێناوی لکاوی کەسی یەکەم (م)} ئەم دەستەواژەیە بەسەر یەکەوە (بم تا بم)، کە بە هەمان فۆرم و پێکهاتەو واتاوە لە کۆتایی دێڕەکاندا دووبارە بۆتەوە ڕاستەوخۆ ئەرکی پاشسەروای پێ بینراوەو بنیاتە هاوتەریبەکەی پێکهێناوە.(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٦٧) هەروەها لەم نموونەی تریشدا، هاوتەریبیی دەنگی لەڕێگەی سیستمی سەرواسازییەوە لە بنیاتی دەقە (٩) دێڕییەکە لە ئاستی چۆنێتیدا بەدیهێنراوە:

**ژەهرە موڵ بێ ڕووت بە (والله العظیم)**

**خارە گوڵ بێ بووت بە (بالله الكريم)**

**تاقە خاڵی ڕووت بە تەجریدی مەسیح**

**ساحیرە چاوت، بە ئیعجازی کەلیم**(ل٤٩٥)

ئەو هاوشێوەییەی لە پێکهاتەی دەستەواژە سەرواکاندا لە هەر (٩) دێڕی دەقەکەدا بەدیهێنراوە، بنیاتێکی هاوتەریبی لە ئاستی دەنگیدا لێ پێکهاتووە، کە تەواوی دەقەکەی لەڕووی ئاوازەیی و هاوکات لەڕووی دەلالیشەوە ڕازاندووەتەوە. دەستەواژەکانیش، کە بریتین لە: (بە والله العظیم، بە بالله الكريم، بە تەجریدی مەسیح، بە ئیعجازی کەلیم، بە شاهی نەقشبەند، بە قورئانی کەریم، بە گوڵزاری ئیرەم، بە فیردەوسی نەعیم، بە (واللیل)ی کەلام، بە ڕەحمان و ڕەحیم، بە شەمشێری عەلی، بە تەقسیمی قەسیم، بە سەرچەشمەی حەیات، بە دەرمانی حەکیم، بە ئەسراری عەلیم، بە مەرگی دڵبەرم) لەڕووی ڕێزمانییەوە پێکهاتوون لە: {ئامرازی پەیوەندیی (بە)+ ناوێک + ئامرازی خستنەسەر (ی) + ناوێکی تر} هەروەک وتمان وێڕای لایەنی دەنگی، هاوتەریبی دەلالی لەنێوان دانە زمانییە پێکهێنەرەکانی دەستەواژە-سەرواکاندا هەیە، چ

بەشێوەی تەبا یان ناتەبا بێت، کە ئەوەش بۆخۆی لایەنێکی تری هاوتەریبیی لە بنیاتی دەقەکەدا دەوڵەمەند دەکات. هەرچی ئەم دەقەی تریشە، ئەوا لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی هەمان وشە لەنێو پێکهاتەیەکی ڕێزمانیدا، دەستەواژەیەک بنیاتنراوە، کە ڕۆڵی سەروای لە دەقەکەدا گێڕاوە:

**کارییە دەردم لە دڵدا، داد، هەی بێ دادی**
**کوا حەکیمی نەبضی من، فەریاد! هەی فەریادی**
**خارەموویێکە لەژێر گورزی غەما، ئەی دڵ! عەجەب**
**سەخت ڕوویی تا بە کەی، فوولاد! هەی فوولادی**(ل٨٨)

لە خوێندنەوەی تەواوی دەقەکە، کە (٦) دێڕە دەردەکەوێت سەرواو پاشسەرواکانی دیکەی بریتین لە: (داد هەی بێدادی، فەریاد هەی فەریادی، فوولاد هەی فوولادی، جەللاد هەی جەللادی، شمشاد هەی شمشادی، صەییاد هەی صەییادی، ئیفساد هەی ئیفسادی)، کە لەڕووی پێکهاتەی ڕیزمانییەوە بەم شێوەیە بنیاتنراون: {ناو+ پارتیکڵ (هەی)+ ناو+ مۆرفیمی ڕێزمانی (ی)} ئەمەش وایکردووە لەوەی ئاوازو مۆسیقای دەقەکە لە ئاستێکی بەرزدا دەربکەوێت، کە هەڵبەت لەئەنجامی ئەو هاوتەریبوونەی نێوان دەستەواژەی پێکهێنەری سەرواکانەوە بەدیهاتووە. ئەمەو لێرەدا ئەم دەقەی دیکە، کە پارچە غەزەلێکی (٦) دێڕییە، لەڕێگەی سەروابەندیی دێڕەکانییەوە، کە دەستەواژەی هاوشێوەن لە پێکهاتەی ڕێزمانییاندا، هاوتەریبیی دەنگی لە دەقەکەدا پێ بنیاتنراوە، وەک دەڵێت:

**بە خوڕ خوێن بێنە، ئەی گریە! لە چاوەی چاوی تاری من**
**حەنا لازم بووە بۆ پێی سەگی کۆیی نیساری من**
**ڕەفیقان گەر دەچن بۆ سەیری باغ و گوڵ، خودا حافیظ**
**موهەییایە لەڕووی یارا گوڵ و باغ و بەهاری من!**(ل٥٦٧)

پێکهاتەی دەستەواژە ڕێزمانییە هاوشێوەکان، کە لە دێڕەکاندا سەروایان پێ بنیاتنراوە، لە چەند فۆرمێکدا دەردەکەوێت، وەک: (ناو+ ئامرازی پەیوەندیی+ گرێی ناوی/ئاوەڵناوی+ ئامرازی پەیوەندیی+ جێناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاک)، کە لە هەندێک فۆرمدا ئامرازە پەیوەندییەکە لە (ی)یەوە دەگۆڕێت بۆ (و) و هەندێکیشیان گرێ ناوەندییەکەیان لە ناوییەوە بۆ ئاوەڵناویی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەم شێوەی لای خوارەوە:

١. چاوە+ ی+ (چاو+ ی+ تار)+ ی+ من
٢. سەگ+ ی+ (کۆی+ ی+ نیسار)+ ی+ من

٣. گوڵ+ و+ (باغ+ و+ بەهار)+ ی+ من
٤. گۆشە+ ی+ (کولاهـ + ی+ ئیفتیخار)+ی من

وەک دەرکەوتووە، هاوتەریبکردنی ئەم دەستەواژە ڕێزمانییانەو ڕۆڵ-پێگێڕانیان لە ئەرکی سەرواى دێڕەکاندا دەوری سەرەکییان بینیوە لە قووڵکردنەوەی ئاوازی دەقە شیعرەکەدا. ئەمەو جگە لە بنیاتنانی هاوتەریبی لەڕێگەی بەکارهێنانی سەرواى ناوەوە، جووتەوشەی لێکدراو و دەستەواژەی ڕێزمانیی وەک سەرواو پاشسەروا هاوکات (ڕستەسەروا)یشی بەکارهێناوە، کە هاوتەریبیی لە بنیاتی دەقەکانیدا پێ ڕاستاوکردووە، هەروەک لەم نموونەدا سەرنجی دەدەین:

**ڕۆژی دڵ هەر شەوی تارە، چ لەوێ بم چ لەمێ**

**مەنزڵی گێسوویی تارە، چ لەوێ بم چ لەمێ** (ل١٠١٢)

وەک دیارە لێرەدا ڕستەسەروا هاتووە، کە ڕستە ڕێزمانییەکەی کۆتایی دێڕەکان (چ لەوێ بم چ لەمێ) وەک خۆی لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا دووبارە بۆتەوە، بەڵام لە شوێنی سەروادا نا، بەڵکوو بۆتە دەستەواژەی (پاشسەروا)و لە جێناوی پرسی (چ)+ ئاوەڵکارەکانی لەوێ و لەمێ پێکهاتووە.(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٥٤- ٤٥٥)

| | |
|---|---|
| **چ لەوێ بم چ لەمێ** | **ڕۆژی دڵ هەر شەوی تارە** |
| | **مەنزڵی گێسوویی تارە** |

هەڵبەت ئەمەش دیسانەوە بنیاتی هاوتەریبییە دەنگییەکەی لە ئاستی چەندێتی لە دەقەکەدا بەشێوەیەکی زۆرتایبەت چەسپاندووە. دیسانەوە هەمان سیستمی ڕستەسەروا لەم دوو نموونەی تریشدا بەرجەستەکراوە، کە لەو ڕێگەوە هاوتەریبیی پێ بەدی هێنراوە:

**(ربنا) ساکینی کۆتن، چ غولام و چ ئەمیر**

**وەکو یەک ئەهلی نیازن، چ غەنیی و چ فەقیر** (ل٣٥٥)

هەروەها لە نموونەی دووەمدا:

**عەبدی تۆن باری خودایا، چ غولام و چ نەدیم**

**ئیحتیاجن بە وەظیفەت، چ گەدا وو چ نەعیم**(ل٤٨٩)

ئەوەی لەم دوو نموونەیەدا سەرنج دەدرێت، (جگە لە یەکسانیی برگەبەندیی دێڕەکان، کە لە باسی دواتری ئەم تەوەرەدا ڕوونی دەکەینەوە) ئەو بەکارهێنانە تایبەتەی یەکەی زمانییە لە مەزراندنی سیستمی تایبەتی سەروای دەقەکاندا، کە هاوتەریبیە دەنگییەکەی لە ئاستی چۆنێتیدا تۆکمەتر کردووە، بەوەی ڕستەسەروا هاتووە، لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانیی تایبەتدا، کە بریتییە لە: {جێناوی پرسی (چ)+ ئاوەڵناوێک×٢} جێناوەکە هەر خۆیەتی، بەڵام ئاوەڵناوەکانی لە حاڵەتی دژیەکی و بەرانبەریدا هاتوون. ئەم هونەرە لە سەرواسازیی و سەروابەندیدا هەم لە خزمەتی ئاستی ئاوازو ڕیتمی دێڕەکان و هەم لە خزمەتی قووڵکردنەوەی دەلالەت و واتادایە.(دەشتی،٤٥٤،٢٠٢١) دیسانەوە نموونەیەکی تری لەم جۆرەی هاوتەریبی، لەم دەقە شیعرەی لای خوارەوە سەرنج دەدەین:

**بۆ منی سەرگەشتە، ئەلحەق، بێ وەفا بوو ئاسمان**
**دەرحەقم ئەمجارە یەکسەر پڕ جەفا بوو ئاسمان**
**تێکی دا بونیادی وەصڵ و شیشەیی بەزمی شکاند**
**بۆ خەرابی موڵکی دڵ، پڕ موددەعا بوو ئاسمان** (ل٥١٩)

لێرەدا دووبارەبوونەوەی ڕستەسەرواکانی (بێ وەفا بوو ئاسمان، پڕ جەفا بوو ئاسمان، پڕ موددەعا بوو ئاسمان، نەسیمی صوبحگا بوو ئاسمان، تیری قەضا بوو ئاسمان، ڕووبەرقەفا بوو ئاسمان، میحنەت بە پا بوو ئاسمان، بەدبەنا بوو ئاسمان، ماجەرا بوو ئاسمان، ئاشنا بوو ئاسمان)، کە لەیەک کاتدا هەردوو لایەنی سەروا و پاشسەروایان لە نیوەدێڕە دووەمەکانی هەر (٩) دێڕی پارچەکەدا پڕکردووەتەوە، لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە بریتین لە: {ناوێک یان گرێیەکی ڕێزمانی+ کرداری ڕابردووی (بوو)+ ناوێک (ئاسمان)} لەم دەقەی دیکەشدا، بەهەمان سیستمی پێشوو (بەکارهێنانی ڕستەسەروا) هاوتەریبیی دەنگی تێدا بنیاتنراوە:

**دەوری ئەم قەڕنە لەسەر من بە ستەم هات و گوزەشت**
**ساڵ و مەهـ هەرچی حەیاتم بوو، بە غەم هات و گوزەشت**
**لەنگەری طایری دەوڵەت لەسەرم طوولی نەبوو،**
**وەکوو هەورێ کە بخا سایە، بەهەم هات و گوزەشت**(ل١٩٣)

ڕستەسەرواکانی دەقە (٧) دێڕییەکە بریتین لە: (بە ستەم هات و گوزەشت، بە غەم هات و گوزەشت، بە هەم هات و گوزەشت، بە عەدەم هات و گوزەشت، بە خەم هات و گوزەشت، مەوکیبی جەم هات و گوزەشت، درەم هات و گوزەشت، بە قەم هات و گوزەشت)، کە ئەمانەش

لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە بریتین لە: {ئامرازی پەیوەندیی (بە)+ ناوی واتایی+ کرداری ڕابردوو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ کرداری ڕابردوو} تەنها لە دوو دێڕی پێش کۆتاییدا پێکهاتەی ڕستەسەرواکە لەو سیستمە لایداوە، بەوەی ئامرازە پەیوەندییەکەی سەرەتای نییە، بەڵام ئەوە هیچی لە تۆکمەیی بنیاتە هاوتەریبە کەم نەکردووەتەوە، لە دەقی دووەمیشدا، کە لای خوارەوە هاتووە، هەمان سیستمی سەرواسازیی پێشوو گیراوەتەبەرو هاوتەریبییە دەنگییەکەی لێ بەرهەم هاتووە:

**لە چەمەن سەروی ڕەوانم کە عەیان هات و گوزەشت**
**لە سروشکم بە ڕوخا جۆیی ڕەوان هات و گوزەشت**
**مەدد و طوولێکی نەبوو شەعشەعەیی ئامەدی بەخت**
**وەکوو بەرقی فەلەکی، جیلوەکونان هات و گوزەشت**(ل١٩٥)

ڕستەسەرواکانی تری دەقەکە بریتین لە: (گران هات و گوزەشت، سەرەطان هات و گوزەشت، سەیەلان هات و گوزەشت، سینەزەنان هات و گوزەشت، دەوەران هات و گوزەشت، بەئەمان هات و گوزەشت، بەدەهان هات و گوزەشت، بە دەوان هات و گوزەشت، موشکفشان هات و گوزەشت). لەلایەکی ترەوە هەر هەمان ئەو سیستمی سەروابەندییەی لە دوو دەقەکەی پێشوودا هاتووە، لەم دەقەی تریشدا، کە لە (٦) دێڕ پێکهاتووە، بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بە جیاوازی لە پێکهاتەی ڕێزمانیی ڕستەسەرواکانی لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا:

**کودوورەت کوشتمی یاران! لە دڵهادا صەفا کوێ چوو؟**
**جەفاجۆم جەمعی ئەحبابن! بڵێن ئاخر وەفا کوێ چوو؟**
**بە خوێنم تیشنە جەمعێکن کە هەر یەک خوێشخۆن ڕەسمەن!**
**میانجی بوو وەفا، هەستا لە بەینا، بەس حەیا کوێ چوو؟**(ل٦٥٧)

ڕستەسەرواکانی تری دەقە (٦) دێڕییەکە، پێکهاتوون لە: (صەفا کوێ چوو، وەفا کوێ چوو، حەیا کوێ چوو، مەیلەها کوێ چوو، ئاشنا کوێ چوو، قەصرەها کوێ چوو، ساڵەها کوێ چوو، لە ڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییە بریتین لە: {ناو+ جێناوی پرس+ کردار} ئەم هاوشێوەییە لە پێکهاتەداو پێگەیان لەنێو دەقەکەدا وەک سەرواو پاشسەروای دێڕەکان، هاوتەریبی لە بنیاتەکەدا پێکهێناوە. دیسانەوە ئەمەش دەقێکی (٧) دێڕیی دیکەیە، کە هەمان ڕێوشوێنی پێکهێنانی هاوتەریبیی دەنگی لەڕێگەی ڕستەسەرواوە تێدا گیراوەتەبەر، کە پێکهاتە هاوشێوەکانیان

لەڕووی ڕێزمانییەوە بریتین لە: {ئامرازی پەیوەندیی (لە...دا)+ گرێیەکی ناوی (دیارخەر و دیارخراو)+ کرداری ڕابردوو (بوو)}

**دەزانی ئاینەی دڵ کەی لە میعراجی جەلادا بوو؟**
**لە عەکسی ڕووی تۆ وەختێ لە ئاغۆشی لیقادا بوو**
**زەمانێ ڕەوغەنی وەصڵت چراغی عومری ڕۆشن کرد**
**بە سروەی بادی هیجرانت، لە حاڵاتی فەنادا بوو**(ل٦١٧)

بەم ڕەنگەش پێکهاتە هاوشێوەکان ئەمانەن: (لە ئاغۆشی لیقادا بوو، لە حاڵاتی فەنادا بوو، لەناو ئابی بەقادا بوو، لەناو ئەصڵی دەوادا بوو، لە کامی ئەژدەهادا بوو، لە هەنگامی جەفادا بوو، لەژێرسەر مۆمیادا بوو).

گێڕانەوەی سەروا، یەکێکی ترە لەو تەکنیکانەی کە هاوتەریبیی دەنگی پێ بنیاتدەنرێت، واتە رد القافیە) ئەوەیە کە وشەی دەستپێکی دێڕی یەکەم لە کۆتایی دێڕی دووەمدا دیسان بهێنرێتەوە.(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٥٨) هەروەک لەو قەسیدەدا، کە لە کاتی جێهێشتنی میرنشینی بابان و ڕووکردنە ئاوارەیی، نووسیویەتی:

**(الوداع) ئەی موڵکی (بابان)، (الوداع)**
**(الوداع) ئەی جایی جانان، (الوداع)**
**موستەعیددم بۆ بیلادی ڕافیضی**
**(الوداع) ئەی ئەهلی ئیمان (الوداع)**(ل٣٩٨)

جگە لەو سیستمی سەروابەندییەی لەڕێگەی وشەی (الوداع)ی عارەبییەوە لە هەر (١٠) دێڕی دەقەکەدا بنیاتنراوە، هاوکات لەکۆی گشتیدا (٢٢) جار هەمان وشە دووبارەکراوەتەوە، کە ئەمەش وایکردووە لەوەی (الوداع) وەکوو وشەیەک ناوەندی دەق بگرێت و ڕیتمێکی دڵگیری لەڕووی دەنگی، پێکهاتەیی و دەلالییەوە بەتەواوی بنیاتەکە بەخشیوە، بۆیە ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە لێرەدا، ناچێتە خانەی ئەو دووبارەکردنەوەیە، کە لە زمانی ئاساییدا سەرنجی دەدەین، بەڵکوو لایەنێکی هونەریی گەشە لە بنیاتی دەقەکەداو لەلایەکی ترەوە دەتوانین وەک پاشسەروایش مامەڵەی لەگەڵ بکەین، کە بووەتە مایەی تەواوکردنی کێش و هاوسەنگیی مۆسیقای شیعری لە دێڕەکاندا. وێڕای ئەمەش ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین هەموو نیوەدێڕە دووەمەکان هەمان پێکهاتەی ڕێزمانییان هەیە، کە بریتییە لە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| الوداع | ئا.بانگکردن | دیارخراو | دیارخەر | الوداع |
| الوداع | ڕستەی بانگکردن+ وەسفی | | | الوداع |

ئەمەش بۆخۆی بنیاتێکی هاوتەریبە لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە، کە لەهەمان کاتدا بەشداریی سەرەکی لە قوولکردنەوەو چەسپاندنی بنیاتە دەنگییەکەشدا دەکات، کە هەر لەبنەماشدا لەڕێگەی سیستمی سەرواسازیی دەقەکەوە دامەزراوە. هەروەها لەم دوو نموونەی دیکەیشدا لەڕێگەی گێڕانەوەی سەرواوە بەشێوازێکی هونەریی ورد، هاوتەریبیی دەنگی ئەنجام دراوە:

**دڵ غەرقی نووری ڕووتە لە دەیجووری زوڵفتا**

**نابێ طولووعی صوبحی سەعادەت لە شامی دڵ**

**دڵ بێخودە لە دیدەت و دیدەت خەرابی مەی**

**مەی چاکی سەند لە دیدەیی تۆ، ئینتیقامی دڵ**

**دڵ باعیثە کە ڕامە بە (سالم) دڵی حەبیب**

**یا ڕەب، بدەی لە دەوری جیهانا دەوامی دڵ**[ل٤٢٦]

دووبارەکردنەوەی وشەی (دڵ) وەک دانەیەکی زمانیی لە بنیاتی گشتیی پارچەکەدا، هاوتەریبییەکەی لێکەوتووەتەوە، ئەگەرچی لە دێڕی دووەمدا وشەی (مەی) ئەو ئەرکەی پێ بینراوە. وێڕای ئەمانەش سێ جار هێنانەوەی وشەی (دیدە) لە دێڕی دووەمدا بنیاتی گشتیی هاوتەریبییەکەی زیاتر ڕازاندووەتەوە.

**بە حەلقەی موویی زوڵفت تا میانە**

**میانت چۆن تەفاوت کەم لەگەڵ موو؟**

**لە بەزمت تا بە ناکامی جودا بم**

**جودا نابێ، سەرم یەک دەم لە زانوو**[ل٦٢٨]

وەک دیارە لێرەدا هاوتەریبییەکە لەڕێگەی گێڕانەوەی وشەکانی (میان) و (جودا) لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و سەرەتای نیوەدێڕی دووەمی هەردوو دێڕەکەدا ئەنجام دراوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە دێڕی یەکەمدا، لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی وشەی (موو) لە ناوەندی نیوەدێڕی

یەکەم و کۆتایی نیوەدێری دووەمدا بنیاتی هاوتەریبییەکەی تۆکمەتر کردووە، بەدەر لەوەی کە هەریەک لە (موو- زانوو) قافیەی دەقەکەیان پێکهێناوە. لەکۆی گشتیدا دەتوانین مەبەستەکانی ئەم هونەرکارییە ئیستاتیکییە، کە هاوتەریبیی دەنگییان لەئاستی چۆنێتیدا لە شیعرەکانی سالمدا پێکهێناوە، لەم سێ خاڵەدا کۆبکەینەوە: ١-سوودوەرگرتن لە هونەرێک یاخود گەمەیەکی زمانیی تایبەت، کە شیعر خۆی لە یەکێک لە پێناسەکانیدا گەمەیەکە لەناو زماندا جێبەجێ دەکرێت. ٢- بەرزکردنەوەی ئاستی ڕیتمی سەروا بۆ پلەیەکی جوان و دڵگیر. ٣- قووڵکردنەوەی ئاستی واتا لەڕێگەی دووبارەکاری و جەختکردنەوەوە.(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٥٢) هەموو ئەمانەش لەسەر بنەمای جۆرێک لە هاوشێوەیی لە ئاستە جیاجیاکانی زمانی شیعریدا بەرهەم هاتووە، کە بەرهەمهێنەری چەمکی هاوتەریبییە لە بنیاتی دەقدا.

یەکێکی تر لەو میکانیزمە هونەرییانەی لە شیعرەکانی سالمدا هاوتەریبیی دەنگی پێ بەدیهێنراوە، دووبارەکردنەوەی ئەو دەستەدەنگانەیە، کە لە ڕەوانبێژیی دێریندا لە چوارچێوەی چەمکی ڕەگەزدۆزیی ناتەواودا پۆلێن دەکرێن و بریتییە لەوەی ئەو دوو وشەی هاونشینی یەکتردەکرێن، لەڕووی چوار هۆیەکانی ژمارە، شێوە، جۆرو زنجیرەی پیتەکانیانەوە لەیەکدی جیاببنەوە.(مستەفا، ٢٠١١، ٢٣٢)

دووبارەبوونەوەی ئەم جۆرە فۆرمە زمانییانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەوەی دەقدا هەیە، جگە لەوەی لەڕووی شێوازگەرییەوە، کاتێک ڕەگەزدۆزی بەنێو زمانی دەقدا تێدەپەڕێت، دەربڕینەکە بەهێزدەبێت و لەنێوخۆیدا جۆرێک لە تەمومژی بەرهەم دەهێنێت، کە ئەمەش پەیوەندیی بە قووڵبوونەوەی زمانەوە هەیە.(خۆشناو،٢٠١٠، ١٤١) هەروەک لەم نموونانەی لای خوارەوە، دەردەکەوێت:

**لە گریان چوو، هەمیسان خاوم ئەمشەو**

**بەخوڕ خوێن دێ لە چاوەی چاوم ئەمشەو**(٦٩٤)

لە ئاستی ستوونیدا لەنێوان (خاو-چاو)دا هاوتەریبی بەدیهاتووە، بەوەی وشەکان تەنها لە دەنگی یەکەمیاندا جیاوازن، لەلایەکی ترەوە هاونشینکردنی هەریەک لە (چوو- چاوەی- چاو)و هەروەها (خاو- خوڕ- خوێن) لە تانوپۆی دێڕەکەدا، هەم بنیاتە هاوتەریبەکەو هەمیش مۆسیقا ناوەکییەکەیان بتەوکردووە، ئەمە جگە لە دووبارەبوونەوەی ئاوەڵکرداری (ئەمشەو) وەک پاشسەروای دێڕەکە، کە هەمان ڕۆڵی لە دەوڵەمەندکردنی مۆسیقای دەرەکی و ناوەکیدا گێڕاوە.

**شۆڕشی خستە جیهان، شوهرەتی ڕوویی نەمەکین**
**بێن، بە یادی لەبی ئەو بانەمەکە، لەب بمەکین**(٦٠٤)

هـاتنی یەکە زمانییـەکانی (نەمـەکین) لـە نیـوەدێڕی یەکـەم و هەریـەک لـە (بانەمـەک، بمـەکین) لـە نیوەدێڕی دووەمدا، جگە لەوەی دەستەدەنگی هاوشێوەی یەکترن و هاوتەریبیەکەیان لەدێڕەکەدا پێکهێناوە، هاوکات ئاوازی ناوەوەشیان پێ تۆکمەکراوە، لەڕووی دەلالیشەوە واتایـەکی جوانیـان بە کۆی بنیاتەکە بەخشیوە، بەتایبـەت کە هەریـەک لـە (نەمـەکین و بانەمـەک) یـەک سـەرچاوەی فەرهەنگییان هەیە، کە ئەویش وشەی فەرهەنگیی (نەمەک)ەو ئەو دوو فۆرمەی لێ داڕێژراوە.

**چەنگڵی شەهبازی بازی بازیانی باز نەدی**

**فش هەڵات کەهیا لەسەر بەیضەی طەمەع وەک ماکییان**(ل٥٤٩)

هاونشینکردنی وشەکانی (شەهباز، بازی، بازیان، بـاز) لـە نیـوەدێڕی یەکەمـدا، کـە هـەموویان لـە مۆرفێمی (باز)دا هاوشێوەییان ڕاگرتووەو هاوکات هەر فۆرمێکیش لەوانە لە مۆرفیمێکدا بە زیاد یان بە کەم لەگەڵ ئەویتردا جیاواز دەبێت، ئەمـەش هاوتـەریبیی دەنگیـی ناتـەواوە، کـە لەڕێگـەی دەستەدەنگەوە بەدیهاتووە، هەر ئەمەش ئاوازێکی دڵگیری لە ناوەوەی دێڕەکەدا پێکهێناوە.

**ئەسپی تۆ تازیی و ئەتۆ تازی**
**تا زیانە بە تازی ئەر تا زان** (ل٥٥٥)

وشەکانی (تازیی، تازی، تازیانە، بـەتازی، تـازان) کۆمـەڵێک دەسـتەدەنگی دووبـارەبووەوەن، کـە ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان پێکهێناوەو هاوتەریبییان لە جۆری دەنگیی ناتەواو لێکەوتووەتەوە.

**بمێنێ ڕەونەقی یاقووتی لێوت**

**هەتا بۆ ئەم غەریبی ڕووتە، قووتە**(ل٧٤٠)

هاونشینکردنی هەریـەک لـە (ڕووت- قـووت) لەلایـەک و (قـووت- یـاقووت)یش لەلایـەکی تـرەوە، هاوتـەریبیی دەسـتەدەنگییان پێکهێنـاوەو ئـاوازێکی دڵگیریشـیان لـە نـاوەوەی دێڕەکـەدا دروسـت کردووە.

**حەق حەقی کاهێ لە کۆهـ وەردەگرێ ڕۆژی حیساب**
**تۆ بە کۆهێ گونەهـ ئەر فیکری خودا کەی، چ دەبێ؟**(٩٨١)

له نیوەدێڕی یەکەمدا یەکە زمانییەکانی (حەق، حەقی، کاهێ، کۆهـ) و لەنیوەدێڕی دووەمیشدا (کۆهێ) وەک کۆمەڵێک دەستەدەنگی هاوتەریب دەردەکەون، بەوەی کە لەڕووی ژمارە، جۆر، شێوەو ڕیزبوونی پیتەکانیانەوە هاوشێوەیی -نەک وەکیەکیی تەواو- لەنێوانیاندا هەیە، ئەمەش ئاوازێکی دڵکێشی لە ناوەوەی دێڕەکەدا پێکهێناوە.

**یار ئەگەر ئەمری بە مردن بێ، نەمردن موشکیلە!**

**بێنە، بۆ هەرچی بڵێ، بۆ من نەبردن موشکیلە!**

**ڕوویی دڵ تا سوویی قیبلەی ئەبروویی جانانە بێ**

**ڕووبەڕووی میحراب و مەسجید سوجدەبردن موشکیلە!(٧٩٢)**

لە دێڕی یەکەمداو لە ئاستی ئاسۆییدا، لەنێوان یەکە زمانییەکانی (مردن، نەمردن)ی نیوەدێڕی یەکەم و (بێنە، نەبردن)ی نیوەدێڕی دووەم هەروەها لەنێوان (ڕوویی، سوویی، ئەبروویی)ی نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی دووەم و لە ئاستی ئاسۆییدا هاوتەریبیی دەستەدەنگی پێکهاتووە، لەلایەکی تریشەوە ڕێککەوتنی (ڕووی، ڕووبەڕووی) لە زۆربەی دەنگە پێکهێنەرەکانیانداو هاتنی فۆرمی (موشکیلە) لە کۆتایی نیوەدێڕە دووەمەکاندا، کە ئەرکی پاشسەروای گێڕاوە، بنیاتی هاوتەریبیە دەنگییەکەی پتەوکردووە.

**تەفەڕوجگاهی دڵ گوڵزاری ڕووتە**

**هەتا زەنجیریی زەنجیری مووتە(ل٧٤٠)**

هاونشینکردنی هەریەک لە فۆرمەکانی (زەنجیری، زەنجیر) لەلایەک (ڕووتە، مووتە) کە بۆخۆیان ئەرکی سەروایان پێبینراوە لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ هاتنی (دڵ)، کە هاوشێوەو هاوکێشە لەگەڵ بەشی یەکەمی وشەی لێکدراوی (گوڵ-زار)دا، هاوتەریبی دەستەدەنگییان لێکەوتووەتەوە. بەم جۆرە هاوشێوەبوونی دەنگ دەورێکی کاریگەر لە پێکهێنانی ئاوازی شیعردا دەگێڕێت، بەوپێیەی کە مۆسیقای شیعری عەرووزی ((پشت دەبەستێت بە دابەشکردنی ڕستەکان بەسەر چەند بڕگەیەکی کورت و درێژی جیاواز، یان چەند دانەیەکی دەنگیی دیاریکراو لەسەر ڕیتمێکی دیاریکراو...))(عتیق، ١٩٧٤، ١٢) هەتا ئاستی هاوشێوەبوونە دەنگییەکەش زیاتربێت، ئاستە ئاوازەییەکە لە دەقەکەدا جوانتر دەبێت، بەوپێیەی کاتێک دوو وشە یان زیاتر، لە دەنگێک یان زیاتریاندا لەیەک بچن و لێکچوونەکەشیان چەندە زیاتربێت، ئەوا ((وێڕای ئەوەی ڕایەڵەی ڕیتمەکە درێژتر دەکاتەوەو لادانەکە هونەریترو وردتر دەبێت، دەلالەتە واتاییەکەش قووڵتر دەبێتەوە.))(خۆشناو، ٢٠١٠، ١٤١)

ئەم پرۆسە شیعرییەش بە جۆرێک دەبێت، کە زۆرجار هێندەی کێش و بگرە زیاتریش دەوریان دەبێت، بەومانایەی کە ((نەغمەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوەگونجانیان و پاش و پێشخستنی وشە و بەکارهێنانی هەندێ لە ئامرازە زمانییەکان، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە زۆرجار لە کێشەکان کاریگەرتردەبن.))(عەلی، ١٩٩٨، ٨٨- ٨٩) واتە ڕۆڵیان لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەوەی دەقە شیعردا بەرفراوانتر دەبێت و هاوکات گەیاندنی واتاو مەبەستیش چالاک و بەگوڕتر دەکەن.

**دووەم/ هاوتەریبی چەندێتی:** وەک پێشتر ئاماژەمان پێی دا، سالم ئەو بەحرانەی عەرووزی بەکارهێناوە، کە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا دەگونجێن، ئەمەش سیمایەکی گشتیی کلاسیزمی کوردییە، لەپاڵ ئەم تایبەتمەندییەدا، سالم توانیویەتی بە شێوازێکی جوان و لە فۆرمێکی هونەریی دڵگیردا دەقەکانی بخاتە بەردەست، هەربۆیە کاتێک بمانەوێت شیکردنەوەیەکی زانستییانە بۆ چۆنێتیی پێکهاتنی دەقە شیعرەکانی بکەین، ئەوا لەگەڵ پانتاییەکی بەرفراوانی شیعرسازیدا بەردەکەوین. لێرەدا دوو دەرکەوتەی هاوتەریبی لەڕووی چەندێتییەوە لە چەند نموونەیەکی شیعرەکانیدا ڕوون دەکەینەوە، کە یەکەمیان بڕگەبەندیی دێڕو نیوەدێڕەکانەو دووەمیش لەنگەر یان وەستانی شیعرییە.

- **بڕگەبەندیی نیوەدێڕ و دێڕەکان:** مەبەست لەمە دەستنیشانکردنی ژمارەی بڕگەکانی هەر دێڕێکەو دەرخستنی ئەو هاوسەنگییەیە، کە لەنێوان دێڕەکانی هەر دەقێکدا بەدیهاتووە، بەوپێیەی لە کێشی عەرووزیدا ((دەنگەکان بەپێی چەندیی ماوەی کات خایاندن ڕێکدەخرێن، هەر دێڕە هەڵبەستێکیش لە ژمارەیەک (پێ-تفعیلە) پێکدێت، ئەم پێیانەش بریتین لە کۆمەڵێک بڕگەی کورت و درێژ بەپێی چەشنی کێشەکە.))(بیمار،١٩٩٢، ١٣)

کەواتە کورت و درێژیی بڕگەکان، یەکسانیی دووبارەکردنەوە لەدەقدا بەدیدەهێنن، بۆیە ئەوەی لەم جۆرەی هاوتەریبیدا ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت، یەکەیەکی زمانیی گەورەتر لە تاکەدەنگ و دەستەدەنگە، کە ئەویش بڕگەیە، بڕگەیش بۆخۆی بریتییە لەو دەنگە، یان ئەو چەند دەنگەی کە بە یەک هەناسە لە دەم دێتە دەرەوە. بڕگە بەبێ بزوێن نابێ و هەر بڕگەیەکیش تەنیا یەک دەنگی بزوێنی تێدایە، جا هەرچەندە کورت بێ، یان هەرچەندە درێژ بێ.(گەردی،٢٠١٤،١٢) هەڵبەت لە کێشی عەروزیدا ڕێکخستنی بڕگەی کورت و درێژ لە تەفعیلەکاندا بەپێی سیستمی هەر قاڵبێک دەگیرێتەبەر.(عەلی،١٩٩٨، ١٤٤)

**بە خەمیازەی صەفای مەستی، مەدە تەن بۆ خەوی غەفڵەت**

**بە ئەندازەی هەوای هەستی، مەدە سەر بۆ شەڕی ئەعدا**(ل٢٥)

دێڕەکە لەسـەر کێشـی (هـەزەجی هەشـتیی تـەواو)ە، پێیـەکانی لـەهـەر نیوەدێڕێکدا بریتییـە لـە دووبارەبوونەوەی چوارجارەی (مفاعیلن)، کە بڕگە کورت و درێژەکان لە هەریـەک لـەو پێیانـەدا بەم شێوەیە دابـەش دەبن: (ب– – –)، کەواتـە هـەر نیوەدێڕێک پێکدێت لـە (١٦) بڕگـەو بەمـەش تەواوی دێڕەکە بەسەریەکەوە (٣٢) بڕگە دەبێت، وەک لای خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | لەتی یەکەم | | لەتی دووەم | | |
| نیوەدێڕی یەکەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٤ | | ١٦ بڕگە |
| نیوەدێڕی دووەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٤ | | ١٦ بڕگە |
| | – ب – – | ب ب – – | ب ب – – | ب ب – – | |

ئـەوەی لێـرەدا سەرنجڕاکێشـە ڕێزبـوونی بڕگـە کـورت و درێژەکانـە لـەهـەر نیوەدێڕێکدا، کـە وەکیـەکی و یەکسـانییەکی تـەواوەتییان لەنێوانـدا هەیـە، ئەمـەش ڕاگرتنـی ئـەو هاوسـەنگییە عەرووزییە وردەیە، کە هاوتەریبیی دەنگیی لە ئاستی چۆنێتیدا لێدەکەوێتـەوە، هەربۆیـە ڕیتم و ئیقاعی دێڕەکە لەوپەڕی زایەڵەو زەنگدانەوەی خۆیدایەتی.

هــەردوو دەسـتەپێی دووەمـی لـەتی یەکـەم و دەسـتەپێی یەکـەمی لـەتی دووەم، هاوشـێوەو دووبارەبووەوەی یەکترن و ئەوەش هاوتەریبییەکەی پێکهێناوە، بەڵام دەستەپێی یـەکەمی لـەتی یەکـەم و دوا دەسـتەپێی لـەتی دووەمیش، کـە دووبارەبوونەوەیـەکی ناتـەواوی دەسـتەپێیەکانی ترن، بەشە لێکنەچووەکەی لە بنیاتە هاوتەریبییەکەدا پڕکردووەتەوە.

**ئابی حەیاتی منە، بۆسەیی لێوی حەبیب**

**حاڵی مەماتی منە، دیدەنی ڕوویی ڕەقیب**(ل١٥٩)

هـەرچی ئـەم نموونـەی دیکەیـە، ئـەوا لەسـەر قاڵبـە کێشـی (بەسـیتی هەشـتیی مـەتوی مـوزال) بنیـاتنراوە، کـە پێیـە عەروزییـەکانی ئـەم قاڵبـەش بـریتین لـە دووبارەبوونـەوەی (مفـتعلن فـاعلن مفتعلن فاعلان) لە هەر نیوەدێڕێکدا، تەواوی بڕگەکانی ئەم پێیانە بریتییە لە (٢٨) بڕگە، واتە هەر نیوەدێڕێک لە (١٤) بڕگە پێکدێت، ئەوەی هاوتەریبییەکەی لەسەر بنیاتنراوە، ئەو ڕیزبوونـە ڕێک و وەکیـەک و یەکسـانەی بڕگـە کـورت و درێژەکانـە لـەم دێڕەداو لـە تـەواوی دەقەکەشـدا، کـە لەبنەمادا لە (٨) دێڕ پێکهاتووە. بەم جۆرە هەر نیوەدێڕێکی ئـەم دێڕە بەسـەر دوو لەتدا دابـەش بووە، کە هەر لەتێک دوو پێی (٤ + ٣) بڕگەیی لـەخۆگرتووەو کورتی و درێژیی بڕگـەکانیش لـە

هەر لەت و نیوەدێڕێکدا یەکسان و هاوتان، بەشێوەیەک تەواوی دێڕەکەی پێ خراوەتە بنیاتێکی هاوتەریبیی بەردەوامەوە.

| | لەتی یەکەم | | لەتی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| نیوەدێڕی یەکەم | ٤ + ٣ | | ٤ + ٣ | | ١٤ برگە |
| نیوەدێڕی دووەم | ٤ + ٣ | | ٤ + ٣ | | ١٤ برگە |
| | – ب – | – ب – | – ب – | – ب – | |

وەک تێبینی دەکرێت، دەستەپێی یەکەمی لەتی دووەم هاوشێوەو دووبارەبووەوەی هەردوو دەستەپێیەکانی لەتی یەکەمەو دەستەپێی دووەمی لەتی دووەمیش دووبارەبووەوەی ناتەواوی هەرسێ دەستەپێیەکانی هەردوو لەتەکەیە، کە هاوتەریبی چەندێتی لەبنیاتی دێڕەکەدا بەدیهێناوە.

**(ربنا) ساکینی کۆتن، چ غولام و چ ئەمیر**

**وەکو یەک ئەهلی نیازن، چ غەنیی و چ فەقیر**(ل٣٥٥)

ئەم دێڕە کە بۆ خۆی لەسەر کێشی عەرووزیی (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور)*ە، لە دووبارەبوونەوەی دەستەپێی (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان ×٢) پێکهاتووەو ئەگەر تێبینی بکەین، دێڕەکانی تری ئەم تێکستە، کە ژمارەیان (١٠) دێڕە، هەر هەموویان وەک ئەم دێڕەی سەرەوە لە (٣٠ برگە) پێکهاتوون، واتە هەر نیوەدێڕێک بریتییە لە (١٥) برگە و بەم شێوەیەش برگەبەندیی نیوەدێڕەکان بەپێی پێیە عەرووزییەکان بەم جۆرەی لای خوارەوە دەبێت:

| | لەتی یەکەم | | لەتی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| نیوەدێڕی یەکەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٣ | | ١٥ برگە |
| نیوەدێڕی دووەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٣ | | ١٥ برگە |
| | – ب – – | ب ب – – | ب ب – – | ب ب – – | |

دووبارەبوونەوەی هەردوو دەستەپێی دووەمی لەتی یەکەم و دەستەپێی یەکەمی لەتی دووەمە، کە هاوتاو هاوشیوەی یەکن و دوو دەستەپێیەکەی تریش (یەکەمی لەتی یەکەم و دووەمی لەتی دووەم) بەشە جیاوازو لەیەکترنەچووەکەی هەردوو دەستەپێیەکەی ناوەندی دێڕەکەن، کە پێکرا

* د.عوسمان دەشتی کێشی ئەم دوو نموونەی بە (ڕەمەڵی هەشت هەنگاوی مەقسور)(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٥٤) دیاری کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور)ە.(گەردی، ٢٠٢٢، ب٤، ١٠٦، سالم، ٢٠١٥، ١٥٩ و ٣٥٥)

هاوتەریبییە چەندێتییەکەیان پێکهێناوە. ئەمەو لە دەقێکی تردا، هەمان ئەم میکانیزمە ئیستاتیکییە گیراوەتەبەر، بڕگەبەندیی لەت و نیوەدێڕو دێڕەکانی بەشێوەیەکی یەکسان و هاوسەنگ بنیاتنراوەو هاوتەریبی لێ پێکهێنراوە:

**عەبدی تۆن باری خودایا، چ غولام و چ نەدیم**

**ئیحتیاجن بە وەظیفەت، چ گەدا وو چ نەعیم**[ل٤٨٩]

ئەو قاڵبە کێشەی دێڕەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بریتییە لە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوور)، کە لە دووجار دووبارەبوونەوەی پێیە عەرووزییەکانی (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلان ×٢) پێکهاتووە، ئەمەش بەهەمان شێوەی نموونەی پێشوو هەر نیوەدێڕێکی پێکهاتووە لە (١٥) بڕگە، کە تێکڕای هەر حەوت دێڕی دەقەکە بەسەریەکەوە هەر دێڕەی (٣٠) بڕگەی تەواو لەخۆدەگرێت، ئەویش بەم شێوەیە:

| | لەتی یەکەم | | لەتی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| نیوەدێڕی یەکەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٣ | | ١٥ بڕگە |
| نیوەدێڕی دووەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٣ | | ١٥ بڕگە |
| | – ب – – | ب ب – – | ب ب – – | ب ب – | |

لێرەدا هەردوو دەستەپێی ناوەندی دێڕەکە، لە هەردوو لەتی یەکەم و دووەمدا هاوشێوەو دووبارەبووەوەی یەکترو دەستەپێی یەکەمی لەتی یەکەم و دووەمی لەتی دووەمیش دوو بەشی جیاوازی بنیاتە هاوتەریبییەکەن لە دێڕەکەدا. سەربارەی ئەوانەش، ئەوەی لەم دوو نموونەیەدا (جگە لە یەکسانی و هاوتایی بڕگەبەندیی دێڕەکان) سەرنج دەدرێت، ئەو سیستەمە تایبەتەی سەرواسازییە، کە لە دەقەکاندا گیراوەتەبەرو هاوتەریبییە دەنگییەکەی لە ئاستی چەندێتیدا قووڵترو ڕاستاوتر کردووە، بەوەی ((لەبری وشەسەروا ڕستەی سەروا هاتووە، لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانیی تایبەتدا: جێناوی پرسی (چ)+ ئاوەڵناوێک ×٢ جێناوەکە هەر خۆیەتی، بەڵام ئاوەڵناوەکانی لە حاڵەتی دژیەکی و بەرانبەریدا هاتوون. ئەم هونەرە لە سەرواسازیی و سەروابەندیدا هەم لە خزمەتی ئاستی ئاوازو ڕیتمی دێڕەکان و هەم لە خزمەتی قووڵکردنەوەی دەلالەت و واتادایە.))[دەشتی، ٢٠٢١، ٤٥٤] نموونەیەکی تری هاوشێوەی دوو نموونەکەی پێشوو، ئەم دێڕەی لای خوارەوەیە، کە لەڕێگەی بڕگەبەندیی یەکسانی نیوەدێڕو دێڕەکانەوە، هاوتەریبیی دەنگیی لە ئاستی چەندێتی تێدا بنیاتنراوە، هەروەک سەرنج دەدەین:

**ڕۆژی دڵ هەر شەوی تارە، چ لەوێ بم چ لەمێ**

**مەنزڵی گێسوویی تارە، چ لەوێ بم چ لەمێ**[ل١٠١٢]

| | لەتی یەکەم | | لەتی دووەم | | |
|---|---|---|---|---|---|
| نیوەدێڕی یەکەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٣ | | ١٥ بڕگە |
| نیوەدێڕی دووەم | ٤ + ٤ | | ٤ + ٣ | | ١٥ بڕگە |
| | – ب – – | ب ب – – | ب ب – – | ب ب – | |

ئەم دێڕە، کە لەسەر کێشی عەرووزیی (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف)ە، تەواوی دێڕەکانی تری دەقەکە، کە ژمارەیان (شەش) دێڕە، پێکهاتووە لە دووبارەبوونەوەی یەکسانی دەستەپێی (فاعلاتن فعلاتن فعلاتن فعلن ×٢)و بەمەش هەر نیوەدێڕێک (١٥) بڕگەو تەواوی دێڕەکانی دەقەکەش (٣٠) بڕگەیین. کەواتە وەک دەردەکەوێت، لایەنێکی تری ئەم بڕگەبەندییە، بریتییە لە (دووبارەبوونەوەی بڕگەی کورت و درێژ) لە هەنگاوەکاندا، کە ئەمەش لە کێشی عەرووزیدا، ((بێجگە لە یەکسانی لە ژمارەی بڕگە لە دوو نیوەدێڕدا، بڕگەکان بەپێی کورتی و درێژیی ڕیز دەکرێن و خاوەن ڕێکخستنی تایبەتن، بەم شێوەیە چونکە ئەو ڕیزکردنە لە چەند هەنگاودا وەکوو یەک دووبارە دەبنەوە، بۆیە کاریگەریی خۆیانیان هەیە لەسەر هاوسەنگیی دەنگی.))[عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ١١٢] لە بنیاتی دەقەکەدا.

– **وەستانی شیعری:** لایەنێکی تری هاوتەریبی دەنگیی چەندێتی بریتییە لە وەستانی شیعریی، کە ئەمەش ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لە چەسپاندنی پایەکانی هاوتەریبی لە بنیاتی گشتیی دەق و مەبەستیش لێی ئەو لەنگەرو پنتی وەستانەیە، کە لە کۆتایی هەر نیوەدێڕو دێڕێکدا هەیە، بەوپێیەی کە ((لە کێشی عەرووزیدا لەدوای هەر نیوەدێڕێک و کۆتایی هەر دێڕێک وەستان هەیە، ئەم وەستانەش بە هۆی قافیە یاخود سەرواوە دیاری دەکرێت.))[عەبدوڵلا، ٢٠٠٨، ١١٣]

بەڵام بەشێوە گشتییەکەی دەتوانین پێناسەی بکەین بەوەی کە بریتییە لە ((کورتە وەستانێک یان پشوویەک لە ناوەڕاست یان هەر شوێنێکی دیکەی دێڕە شیعرێکدا... دەشێ وەستانەکە کەمێ هەستی پێ بکرێ یان زۆر کورت و کەم هەست بێت لە خوێندنەوەدا.))[میراودەلی، ٢٠٢١، ١٧٩] زۆرجاریش ئەو وەستانە لە شیعردا بەهۆی کۆتاییهاتنی تەفعیلەی ناو دێڕە شیعرێکەوە ئەنجام دەدرێت.[نورەدین، ١٠٣] بەکورتییەکەی: مەبەست لە وەستان ئەو لەنگەری پشووانەیە، کە دەتوانرێت لەنێوان پۆلەبڕگەکاندا بگونجێنرێ، ئەگەر گونجانەکە لەگەڵ واتادا یەک بگرێ ئەوا وەستانێکی شیعریی جوانتری لێدەکەوێتەوە. با سەرنجێک لەم نموونانەی لای خوارەوە بدەین:

**زولفی جانانە لە دەوری کەمەرا**

**وەک سیەهـ مارە بە قەد نەی شەکەرا**(ل٨٣)

دێڕەکە لەسـەر کێشـی (ڕەمـەلی شەشـیی مـەخبوونی مـەحزووف) بنیـاتنراوە، هـەر نیـوەدێڕێکی پێکهـاتووە لـە (١١) بڕگـەو بەسـەر دەسـتەپێی (٤+ ٤+ ٣)ی (فـاعلاتن فـاعلاتن فـاعلن×٢) دابـەش دەبێت، بـەڵام وەسـتانی شـیعریی و لەنگـەرەکان بـەو شـێوەیە دەبێت، کە لـە هێڵکارییەکـەی لای خوارەوە نیشان دراوە:




ئەوەی جێی سەرنجە وەستانە شیعرییەکە لە نیوەدێڕی یەکەمدا لەسـەر (زولفی جانانـە) لەنگـەر دەگرێت و لە نیوەدێڕی دووەمیشدا لەنگەرەکە دەکەوێتە سەر (وەک سیەهـ مـارە)، کە ئەگـەر لـە بنیاتێکی نوێدا بیانخەینەوە سەریەک، ڕستەیەکی شیعریی لە جۆری (زولفی جانانـە وەک سـیەهـ مارە)یـان لێدەکەوێتـەوەو بـەوەش لـە یـەک کاتـدا هاوتـەریبیی ئـاوازەیی و واتـایی خـۆی تێیـدا دەنوێنێت. هەڵبەت لەم جۆرە نموونانە لە دیوانی شاعیردا زۆرن، بۆیە بە هەرکام لەو چەمکانەی پێشەوە وەستان لە دەقی شیعرەکانیدا وەربگرین، دواجار هیچ لەو ڕاسـتییە ناگۆڕێت، کە سـالم توانیویـەتی لەوڕێگـەوە ئاسـتی ئـاوازەیی لـە بنیـاتی دەقەکانیـدا بەرزبکاتـەوەو هاوتـەریبییان تێدا بەرجەستە بکات.

**بێ تۆ مەهییە گریەم، وەک ڕەعدی نەوبەهاران**

**پەیوەستە دێ بە ڕووما، ئەشکم بە میثلی باران**

**نابێ بکەم بەبێ تۆ، صوحبەت لەگەڵ چ دڵبەر**

**ئارێ مەقامی وەرعە، پەرهێزی تەوبەکاران**(ل٥٠٩)

ئـەم دوو دێـرە، کـە نموونەیەکـە لـە دەقێکـی (٩) دێـڕی، لەسـەر کێشـی عـەرووزی (مـوزاریعی هەشتیی ئەخرەبی موسەببەغ) بنیـاتنراوە، تێیدا هـەر دێڕێکی لـە (٢٨) بڕگـە پێکهـاتووە، هاوکـات

لەڕێگەی کەرتکردنی هەر نیوەدێڕێکەوە بەسەر چوار یەکەی ڕیتمی هاوسەنگ و هاوکێشدا، کە هەریەکەیان (١٤) بڕگەیە وایکردووە، کە لە کاتی خوێندنەوەی بە دەنگی دەقەکەدا، وەستانە عەرووزییەکان لەنێوان هەر کەرتێکدا ئەنجام بدەین، ئەمەش هاوتەریبیی دەنگی لەڕووی چەندێتییەوە پێک دەهێنێت. نەخشەی وەستانە عەرووزییەکان لەو نموونەی سەرەوەدا بەم شێوەیە دەبێت:

―――― + ―――― + ―――― + ――――

―――― + ―――― + ―――― + ――――

دیسانەوە هەمان ئەو نەخشەی سەرەوە، بەسەر ئەم نموونەی دیکەشدا جێبەجێ دەبێت:

**بە ڕووخ ڕەنگین و دڵ سەنگین، میان لاغەر، کەمەر زەڕین**

**نیگەهـ شاهین و موو موشکین، زەنەخ سیمین و لەب شیرین**

**لەبت شەککەر، خەطت عەنبەر، موژەت خەنجەر، قەدت عەرعەر**

**لە عیشقت دڵ وەکوو بولبول، لە ڕووتا گوڵ وەکوو گوڵچین**(ل٦٠٢)

ئەمەش بەوپێیەی کە هەر نیوەدێڕێک بەسەر چوار لەتی هاوکێش و هاوسەنگدا دابەش کراوەو دەرئەنجامیش وایکردووە لەوەی وەستانە عەرووزییەکان لەگەڵ وەستانی واتاییدا هاوتەریب بێت و هاوکات هەر ئەوەش زایەڵەیەکی مۆسیقیی دڵگیری بە تەواوی بنیاتی دەقەکە بەخشیوە.

پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین: ئەو کێشە عەرووزییەی ئەم دەقەی لەسەر بنیاتنراوە، بریتییە لە (هەزەجی هەشتیی موسەببەغ)، کە وەک زانراوە لەم کێشەدا هەر دێڕێک (٣٢) بڕگەیەو بەمپێیەش هەر نیوەدێڕێک دەبێتە چوار پێی ڕیتمیی هاوتاو یەکسان. لەلایەکی ترەوە ئەوەی ئەم دەقە لەوەی پێش خۆی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی لە کۆتایی هەر کەرتێکدا سەروا هاتووە، بەڵام لە هەموو دێڕەکانی تری دەقەکەدا بەو ڕێکییە تەواوەتییە نەهاتووە.(دەشتی، ٢٠٢١، ٤٧٥) دیارە هەر ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتن و مانەوەی بەشە لێکنەچووەکە لە هەر بنیاتێکی هاوتەریبدا. دەبێ ئەوەش بزانین، کە چەندە ماوەی نێوان وەستانەکان کەم بکرێتەوە، ئەوەندە زیاڵەو زەنگدانەوەی دەنگەکان لە پێکهاتەی ئاوازەیی دێڕەکاندا زیاترو زیاتر دەبێت، وەک لەم نموونەی لای خوارەوەدا دەرکەوتووە:

**وێڵ و فیراقی عیشقی تۆم، شەهر بە شەهر سوو بە سوو**

**پوشتە بە پوشتە، تەل بە تەل، دەشت بە دەشت و کوو بە کوو**

**قەیدە لە گەردنی دڵم زوڵفی سیاهی پڕ خەمت،**

**حەلقە بە حەلقە، چین بە چین، عوقدە بە عوقدە، موو بە موو**[ل٦٦٦]

پارچەکە لەسەر کێشی عەرووزی (ڕەجەزی هەشتیی مەتووی مەخبوون) بنیاتنراوە، کە هەر نیوەدێڕێکی (١٦) برگەیەو دابەش دەبێت بەسەر چوار پێی یەکسان و چوار یەکەی ڕیتمی وەکیەک، بەمەش شوێنی وەستانەکان لە نیوەدێڕە یەکەمەکاندا بەپێی واتا ئەنجام دەدرێت، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی هەر نیوەدێڕێکەوەو لە نیوەدێڕە دووەمەکانیشدا وەستانەکان بۆ چوار پێگە زیاد دەبن، وەک لە نەخشەکەی لای خوارەوەدا دەبینرێت:

———————— + ————————

———— + ———— + ———— + ————

———————— + ————————

———— + ———— + ———— + ————

کەواتە ڕیتمی شیعری لە ئەنجامی ئەو وەستانانەوە بەدیدێت، کە لە دێڕی شیعردا سازدەکرێت، هەربۆیە ((جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی بەدووری (فاصلە)ی کاتی دیاریکراو لەنێوان وەستانەکاندا هەیەو ئەگەر بتوانرێ ئەم دوورییە کەم بکرێتەوە، مۆسیقاکە دیارترو خۆشتر دەبێت، بەڵام نابێت ڕێکخستنەکە تێک بچێت، بەڵکوو دەبێت بپارێزرێت.))[فەرەج، ٢٠١١، ٤٧] چونکە دەبێ ئەوەمان لەیادبێت، کە کێش بۆخۆی جۆرێکە لە ڕێکخستن، ڕێکخستنێکی دیاریکراوە بەپێی کات.[عەلی، ١٩٩٨، ١١٩]

## تەوەری دووەم

## هاوتەریبیی وشـەیی بە نموونەی شیعری سالم

هەموو وشـەیەک وێڕای داڕشتەی مۆرفۆلۆجی و ئەرکی سینتاکسی، خاوەنی بارگەیەکی واتاییە، بۆیە ئەو ڕووبەرە شیعرییەی وشەی تێدا بەکاردەهێنرێت، لەپاڵ داڕشتەو ئـەرک و بارگـەکەیدا، هاوکـات بەهایـەکی ئاوازەیشـی هەیـە، ئەمـەش بـەهۆی دەوروبـەرە زمانییەکـەی نـاو دەقـەوە زەقتردەبێتەوە وەک لەوەی هەمان وشە لە دەقێکی ئاسایی یان لـە ئاخاوتنی ڕۆژانـەدا هەیـەتی. لێرەوە شـێوازی بـەکارهێنانی وشـە لـە دەقی شیعردا ڕۆڵـی یەکلاکـەرەوەی هەیـە لـە پێکهێنـانی بنیـاتی هاوتـەریبیدا، کـە بـە پلـەی یەکـەم لەڕێگـەی بنـەمای هاوشـێوەیی و دووبارەکردنـەوەوەی وشــەوە فەراهــەم دەبێت، چونکـە دووبارەکردنـەوەی هونەرییانـەی هــەر وشــەیەک، جوانییـەکی مۆسیقیی زیاتر دەبەخشێت و بەوەش بارگەیەکی سیمانتیکیی زیاتر سـەرباری شـیعرییەتی دەق دەکـات. لەلایــەکی تــرەوە ســەرباری ئــەوەی شــێوازی مامەڵــەکردن لەگــەڵ وشــەدا، ســەلیقەی شیعریی شـاعیر دەردەخـات، هاوکات لایـەنی جوانکاریی دەربڕین پتـەو و لایـەنی دەلالیش لای وەرگر مسۆگەر دەکات، بەجۆرێک کە لەگەڵ دەستکاریی هەر وشـەیەکدا، واتـا گـۆڕانی بەسـەردا دێت و بۆی هەیە جوانییەکەشی نەمێنێت یان کەم ببێتەوە.

یەکێک لەو لایەنە جوانکارییانەی وشە، کە کاریگەریی لەسەر لایەنی واتایش دادەنێت، ئەو ڕۆڵ گێڕانەیەتی لە پێکهێنانی مۆسیقای دەقی شیعردا، بـە چەشـنێکی وا دەتـوانین بڵێین: ((پەیوەنـدیی وشـەو ئاوازو مۆسیقا ئەوەندە بنجی و بەهێزە، کە هـەر لەگـەڵ ئـەوەی وشـەیەک لـەناو مێشـکدا سـەرهەڵدەدا، مۆسیقایەکی لەگەڵ دروست دەبێت، کە مانای وشـەکەو کاریگـەریی وشـەکە تـەواو دەکات.))(گەردی ب، ١٩٩٩، ٧٥)

واتـە ئـەو زایەڵـەو ئـاوازەی کـە وشـە لـە هـەردوو ئاسـتی ئاسـۆیی و سـتوونیدا بەیەکـەوە گـرێ دەدات، پەیوەندییەکی ئاوازەیی دەرەکی و ناوەکی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، بەمەش دەربڕینی بیرو گەیاندنی واتاو چنینی ڕستەو دێڕەکان تۆکمەو بەهێزتر دەبێت. ئەم تایبەتمەندییە بنەڕەتییە لە شیعری (سالم)دا دیارو بەرچاوە، بەشێوەیەک کە ((دەبینین کۆمەڵێ وشـەو زاراوەو داڕشـتنی زمانەوانیی تایبەت بە سالمەوە دووبارە دەبنەوە، ئەم دووبارەکردنەوانە بۆتە هۆی ڕازاندنـەوەو جـوانی ڕواڵـەتی شـیعرەکان لەگـەڵ وردی و قـووڵی ماناکانـدا.... لەلایـەکی تریشـەوە سـەلیقەو زیرەکیی سالم لە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشەکاندا دەردەکەوێت.))(کاکی، ٢٠٢٠، ١٤٢)

لەم ڕوانگەوە بە دەورکردنەوەیەکی دیوانی شاعیر، لەگەڵ چەندین دەقی شیعر بەردەکەوین، کە لە بنیاتێکی هاوتەریبی تۆکمەدا، وشەو یەکە زمانییەکانی تێدا چنراوە.

- **هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی:** ئەو وشانەی کە لێرەدا هاوتەریبی پێکدەهێنن، لەڕووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییەوە هاوتای یەکترن، بەواتای ئەوەی هاوفۆرم و هاوپێگەن، بۆیە بەپێی شوێنی هاتنیان لەناو دەقەکەدا بنیاتە هاوتەریبەکەیان لێدەکەوێتەوە، وەک: دووبارەبوونەوەی سەرەتاو کۆتایی، دووبارەبوونەوەی کۆتایی و سەرەتا، دووبارەبوونەوەی ناوەڕاست و دووبارەبوونەوەی لاکان و... هتد. ئەوەی جێسەرنجە ئەم جۆرە دابەشبوونەی یەکە زمانییەکان لە تێڕوانینی ڕەوانبێژیی دێریندا لەژێر ناونیشانی وەک: (دوابەسەر، هێنانەوە، لێکچوونی لاکان و... هتد) پۆلێن کراون. لێرەدا ئەو جۆرە دووبارەکردنەوانە لەگەڵ هەر دیاردەیەکی وشەیی تر، کە لە بنیاتی دەقدا سەرنج بدرێت و گونجان و ڕێککەوتنی فۆرمی لەنێوانیاندا هاتبێتەئارا، ئەوا بنیاتی هاوتەریبییان لێدەکەوێتەوە دەرئەنجامیش لایەنی ئاوازەیی پێ جوانتر دەبێت. لێرەوە ئەم نموونانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرەی هاوتەریبی دەخەینەڕوو:

**دڵی پڕ حەسرەتم ئەمشەو لە عیشرەت خاڵییە، سا دەی!**

**مەیێڵە بمکوژێ حەسرەت، بە عیشرەت پڕکە پەیمانە**(ل٨٠٩)

هەریەک لە (حەسرەت- عیشرەت)، کە بەشێوازێکی ئەندازەیی بەسەر هەردوو نیوەی دێڕەکەدا دابەش بوونە، هاوکات بەشێوەیەکی هاوسەنگ و هاوتا لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا هاونشینی یەکترکراون، ئەمەش هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی لێکەوتووەتەوەو مۆسیقایەکی خۆشی بە ناوەوەی دێڕەکەش بەخشیوە.

**وە چاکە نامەیی (صادیق) بە خاکی پێت موشەڕڕەف بێ**

**بە میثلی (صاد)ی (صادیق) وایە دایم، چاوی بێدارم**(ل٤٣٧)

هەریەک لە وشەکانی (صادیق) لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا بە یەک واتا بەکارهاتوون، کە ئەویش (ڕاستگۆیی)یە، ئەمەش هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانی لێکەوتووەتەوە، جگە لەوەش گونجانی دەنگیی لە نێوان هەردوو فۆرمەکەو ناوی پیتی (صاد)ی زمانی عارەبی، ئاوازی ناوەکی دێڕەکەی ڕازاندووەتەوە.

**گەر قیاس کەم بە قەددت، قەددی بوڵەند**

**هەروەكوو سەروە موقابیل بە چنار**[ل٣٠٧]

وشـەكانی (قـەددت- قـەددی)، كـە لـە نیـوەدێڕی یەكەمـدا دووبارەكراونەتـەوە، جگـە لـەوەی هـەردووكیان سـەر بـە بەشـەئاخاوتنی نـاون، هاوكـات هـەمان واتایـان گەیانـدووە، كـە ئـەویش (باڵا)یە، ئەمەش هاوتەریبیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانی لە بنیاتی دێڕەكەدا پێكهێناوە.

**ڕەقیب دەستی ڕەفیقی نایە دەستم**

**حەقیقەت پەنجەیی (سالم) گڵاوە!**[ل٨٢٩]

هەریەک لە وشەكانی (دەستی- دەستم)، كە لە نیوەدێڕی یەكەمدا دووبارەكراونەتەوە، بە یەک واتا بەكارهاتوون، كە ئەویش (دەست)ە وەک ئەندامێكی جەستەی مرۆڤ، ئەمەش هاوتەریبی وشەیی لە ئاستی یەک فۆرمی زمانیدا پێكهێناوە. لەلایەكی تریشەوە گونجانی دەنگیی نێوان هەریـەک لـە وشـەكانی (ڕەقیـب و ڕەفیـق) لـەپاڵ هاوتەریبییـە وشـەییەكەدا، ئـاوازی نـاوەوەی دێڕەكەیان جوانتر كردووە.

**وەفا داغی نەكا، گەر دڵ، بە كزلک چاكە دوولەت بێ**

**زوبانی پێوە دا عەقرەب، كەسێ صیدقی زوبانی بێ**[ل٩٩٤]

هەریەک لە وشەكانی (زوبان) لە سەرەتاو كۆتایی نێوەدێڕی دووەمدا، لە میانی هـەمان فۆرمی زمـانی و بـەهـەمان واتـا، كـە ئـەویش (زمـان)ە دووبارەكراونەتـەوە، ئەمـەش هاوتەریبییـە وشـەییەكەی لێكەوتووەتـەوە، لێرەدا ئەگـەر واتـای (زوبـان)ی دووەم بـە (دەم، زار)یش لەیـەک بدەینەوە، ئەوا سیاقی دەق وادەخوازێ لەوەی (زوبان)ی یەكەمیش هەمان واتا لەخۆبگرێت.

**گوڵ لە ڕووی طوڕڕەیی تۆ نەفحەیی یەک موویی نییە**

**ڕەنگ و ڕووی تۆی هەیە وەک تۆ نەمەكی ڕوویی نییە**[ل٨٨٦]

لـە نیـوەدێڕی دووەمـدا هەریـەک لـە (ڕەنـگ و ڕوو) و (نەمـەكی ڕوو)دا، وەک دوو فـۆرمی هاوشـێوەی یـەكتر، بەشـی دووەمیـان (ڕوو) بەهـەمان واتـا دووبارەكراونەتـەوە، ئەمـەش هاوتەریبییەكەی لێكەوتووەتەوە. هەروەها لەئاستی ستوونیدا، گونجانی دەنگیی لەنێوان هەریەک لە (ڕوو)ی نیوەدێڕی یەكەم لەگەڵ (ڕوو)ی سەرەتای نیوەدێری دووەمدا هەیەو ئەمەش ئاوازی ناوەوەی دیڕەكەی نەخشاندووە. هـەر لێرەوە دەبێ سـەرنج بدەین لـەو هاوتاكردنـەی لـەنێوان

(مـوویی)ی نیـوەدێڕی یەکـەم و (ڕوویـی)ی نیـوەدێڕی دووەمـدا هەیـەو، کـە هاوکـات ڕۆڵـی سەروایان پێ بینراوەو بنیاتە هاوتەریبییەکەیان لە دێڕەکەدا قووڵترکردووەتەوە.

**پشتی ناو تابووتی ڕەختت، پشتی (سیوەیل)ی شکاند**

**پشتیوانی (بانە)وو (تاژان) و قەومی (تاژەبان)**(ل٥١٢)

هاتنی وشەی سادەی (پشت) لە سەرەتاو ناوەندی نیوەدێڕی یەکەم هاوتەریبی لێکەوتووەتەوەو دواتریش گێڕانەوەی لە فۆرمی وشـەیەکی داڕێژراودا (پشـتیوان) بنیاتەکـەی بتـەوکردووە، ئەمـە جگــە لــەوەی هەریــەک لــە وشــەکانی (تــاژان)و (تاژەبــان)یش هاماهــەنگ و هاریکــارن لــە قووڵکردنەوەی ئاوازی ناوەوەی دێرەکە. دیسانەوە لەم دێڕەی دیکەشدا هاتووە:

**تۆ میثلی سەر بووی، تەن ئەقاریب، کە سەر چوو، تەن چییە؟**

**تەن بە تەن بێ سەر هەموو کەوتن لە خاکا بێ ڕەوان**(ل٥١٢)

هاوتەریببوونە وشەییەکە لەنێوان یەکە زمانییـە دووبارەکراوەکـانی (سـەر، تـەن، سـەر، تـەن) لـە نیوەدێڕی یەکەم و (تەن بە تەن، بێ سەر) لە نیوەدێڕی دووەمدایە، کە بەشێکی گەورەی ئاوازە ناوەکییەکـەی پێکهێنـاوە، بەوپێیـەی لـەڕووی داڕشـتنەوە کۆمەڵـەی یەکـەمیان وشـەی سـادەن و کۆمەڵـەی دووەمـیش داڕێژراون، بـەڵام لـەڕووی بنجـی فەرهـەنگییـەوە سـەرجەمیان لـە (سـەر)و (تەن)ەوە وەرگیراون.

**هەناسەی سەردی پڕ سۆزم، بە یادت گەر لە دەم ببڕێ**

**لە سۆزی فیرقەتا، یا ڕەب! سەراپا میثلی ئەخگەر بم**(ل٥٣٢)

دووبارەبوونــەوەی هــەمان فـۆرمی زمـانیی لـە ناوەڕاسـتی نیـوەدێڕی یەکـەم و سـەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا، کە بریتین لە وشەی سادەی (سۆز)، هاوتەریبیی وشەیی پێکهێناوە. لەپاڵ ئەوەشدا هاونشینکردنی هەریەک لە فۆرمەکانی تری (هەناسـە، سـەرد، سـەراپا) ڕێککەوتنێکی دەنگییان لەگەڵ دانە هاوتەریبەکاندا هێناوەتەئاراو ئاوازە ناوەکییەکەیان ڕەنگینتر کردووە.

**خەراب بێ خانەیی دڵ، هەر وەکوو خانەی خەراب کردم**

**خوداوەند ئابڕووی دیدەم بەرێ، وەک ئابڕووی بردم**(ل٤٣٤)

لە میانی هاتنی فۆرمە زمانییەکانی (خەراب، خانە)ی سەرەتاو (خانە-خەراب)ی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم، کە دوو وشەی سادەن و (ئابڕوو)یش لە هەمان شوێنەکانی نیوەدێڕی دووەمدا، کە وشەی لێکدراون، هاوتەریبییان لە ئاستی یەک فۆرمی زمانیدا پێکهێناوە، ئەمەش ئاوازی ناوەکی دێڕەکەی زیاتر نەخشاندووە.

**تەڵخ کام و تەڵخ وەقت و تەڵخ ڕووم کرد ساعەتەن**

**تەڵخیێکم خستە ڕووی، زەهریش بە ئینسانی نەکا**(ل٤٤)

لەمیانی دووبارەکردنەوەی وشەی (تەڵخ)ی لە نیوەدێڕی یەکەمدا، کە هەرجارەی بەستراوەتەوە بە وشەیەکی جیاوازەوەو لە هەرجارێکیشدا بووە بە دیارخەر بۆ وشەکەی پێش خۆی، کە دەرخراوە، ئەنجایش لە هێنانەوەی هەمان وشە لە فۆرمی (تەڵخیێک)دا لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمداو دانەپاڵی (ڕوو)، هاوتەریبییەکە تەواوی بنیاتی دێڕەکەی گرتووەتەوە.

**دەدا هەردەم شەکەرخەندت، ئەمەرقەند**

**بە قوربانی شەکەرخەندت، سەمەرقەند**(ل٢٥٦)

دووبارەبوونەوەی وشەی (شەکەرخەند)، کە لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەمان فۆرمیان هەیەو لە پێکهاتەشدا هەردووکیان لەهەمان ڕۆڵی دیارخراویدان بە جێناوی لکاوی (ت) بۆ کەسی دووەمی تاک، کە بۆ (یار) دەگەڕێتەوە، بەمەش هاوتەریبییان لە جۆری یەک فۆرمی زمانی پێکهێناوە، هاوکات هەریەک لە وشەکانی (ئەمەرقەند- سەمەرقەند)، کە یەکەمیان تەنها لە پیتی (ث) لەگەڵ دووەمدا جیاوازەو ئەوەش لەڕووی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردییەوە، وەک ئەلەفۆنی دەنگی /س/ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەردووکیشیان دەوری قافیەی دێڕەکەیان پێ بینراوە، لەگەڵ (شەکەرخەند)ەکەدا دێڕەکەیان لە ئاستی ئاوازەی ناوەوەدا ڕەنگین کردووە. پێویستە ئەوەش بگوترێ، لە حاڵەتی ئەوەی (ئەمەرقەند) بە (سەمەرقەند) بخوێنینەوە، ئەوکات ئەو هاوتەریبییەی هەردوو وشەی قافیەکە بەدییان هێناوە، لەڕووی ئاوازەییەوە تەباو لەڕووی دەلالییەوە ناتەبا دەبن و بنیاتەکەش زیاتر دەڕازێتەوە.

**مەخمووری دیدەکەت لە خەو و بادە هەم لە ئەو**

**خەو چاکی سەند لە دیدەیی تۆ ئینتیقامی مەی**(ل٩٤١)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە وشەکانی (دیدە- خەو) بەدواییەکداهاتوون، کە لە نیوەدێڕی دووەمدا پێچەوانەی ڕیزبوونی یەکەم (خەو- دیدە) دووبارەکراونەتەوە، ئەمەش هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانیی لێکەوتووەتەوە. جگە لەوەش لەڕووی پێکهاتەییەوە هەریەک لە (دیدەکەت- دیدەیی تۆ) لەهەمان ڕۆڵی دیارخراویدان، یەکەمیان بە جێناوی لکاوی (ت)و دووەمیان بە جێناوی سەربەخۆی (تۆ)، کە هەردوو جێناوەکەش بۆ کەسی دووەمی تاکە. بەدەر لەمانە لەنێوان وشەی (بادە- مەی)دا تەبایی هەیە، بەوەی کە هاوواتان، هەروەها لەنێوان هەریەک لە (خەو) کە لە بەشەئاخاوتنی ناوەو (ئەو)، کە سەر بە بەشەئاخاوتنی جێناو، ڕێککەوتنی دەنگیی هەیە، ئەمەش ئەوەندەی تر لایەنی مۆسیقای ناوەکیی دێڕەکەی ڕازاندووەتەوە. دواجاریش ڕێککەوتنی نێوان هەریەک لە (تۆ- ئەو) وەک دوو جێناوی کەسیی سەربەخۆ، لایەنێکی تری بنیاتی هاوتەریبییە بەدیهێنراوەکەن، بەوەی هەردووکیان سەر بەهەمان بەشە ئاخاوتنن، کە ئەویش جێناوە، بەڵام لە فۆرمدا جیاوازن. ئەمەو هەروەها لەم دوو نموونەی دیکەشدا لەڕێگەی پێچەوانەکردنەوەی وشە دووبارەکراوەکانەوە، هاوتەریبیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانی لە بنیاتی دێڕەکەدا بەدیهێنراوە:

**سا حەرفی دوعاخوانت گوێ بگرە، بڵێ ئامین**

**جان و دڵی (سالم) بێ، قوربانی دڵ و جانت**(ل٢٠٦)

لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا (جان و دڵ) هاتووە، کە بە ناوی (سالم) خراوەتە ڕۆڵی دیارخراوییەوە، لە کۆتایی هەمان نیوەدێڕدا دیارخراوەکە بە جێناوی (ت) دووبارەبووەتەوە، بەڵام لە فۆرمی (دڵ و جان)دا هاتووە، ئەمەش هاوتەریبییە وشەییەکەی لێکەوتووەتەوە. هەروەها لەم نموونەی دیکەشدا هاوتەریبیی وشەیی بە دووبارەکردنەوەی (باغ و گوڵ) لە نیوەدێڕی یەکەم و (گوڵ و باغ) لە نیوەدێڕی دووەمدا پێکهێنراوە، کە هەردووکیشیان لەڕێگەی ئامرازی خستنەسەری (و)ەوە لێکدراون.

**ڕەفیقان! گەر دەچن بۆ سەیری باغ و گوڵ، خودا حافیظ**

**موهەییایە لە ڕووی یارا گوڵ و باغ و بەهاری من!**(ل٥٦٧)

جگە لەوەی کە هەریەک لە وشەکانی دێڕەکەی پێ بنیاتنراوە، لەناو خۆیاندا لە پەیوەندیی ڕێککەوتن و گونجانی واتاییدان، بەوەی کە (باغ و گوڵ- گوڵ و باغ) تەبان لەگەڵ (چوون بۆ

سەیرکردن، بەهار)... هەر لەم بارەوە، کە لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی فۆرمە زمانییە هاوشێوەکانەوە بنیاتی هاوتەریبی سازدرابێت، ئاماژە بەم چەند نموونەی تریش دەدەین:

**سەرئەفگەندەی حوضووری سەربوڵەندانی قیامەت بم**

**سەرم تا دانەنێم شۆری ویصالت گەر لە سەر دەرکەم**(ل٤٧٧)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەردوو فۆرمی (سەرئەفگەندە)و (سەربوڵەند) لەڕووی داڕشتنەوە لە پێکهاتەی وشەسازییاندا هاوشێوەی یەکترن، بەوەی هەردووکیان وشەی لێکدراون و لە (ناو+ ئاوەڵناو) پێکهاتوون، لەوەشدا بەشی یەکەمی هەردووکیان لە دووبارەبوونەوەی هەمان وشە بنیاتنراوە، کە ئەویش ناوی (سەر)ەو لە هەردوو فۆرمەکەشدا بەهەمان واتا هاتوون. لەلایەکی ترەوە هەردوو وشە هاوتەریبەکە، لەڕووی دەلالییەوە ناتەبان، چونکە پەیوەندیی دژیەکی لەنێوانیاندا هەیە، بەوەی یەکەمیان واتای (سەرشۆڕ)و دووەمیان واتای (سەربەرز) دەگەیەنێت. هەرچی نیوەدێڕی دووەمە، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی وشەی سادەی (سەر) لەسەرەتاو پێش کۆتایی نیوەدێڕەکەدا، کە یەکەمیان بە واتای (گیان) هاتووەو دووەمیشیان بە واتای (بیرو مێشک) هاتووە، لە یەک کاتدا بنیاتی هاوتەریبییەکە لەسەر هەردوو ئاستی یەک فۆرم و چەند فۆرمێکی زمانیش لە دێڕەکەدا بەرجەستەکراوە.

**بێتە خەو هەر شەو حەبیبم، یا ئیلاهـ!**

**بێ بەقەد ڕۆژی قیامەت طوولی شەو**(ل٧١٢)

لەم دێڕەدا دووبارەکردنەوەکە لە یەک فۆرمی زمانیدایە، ئەویش لەڕێگەی هاوتابوونی وشەی (شەو)ی نیوەدێڕی یەکەم و هەمان فۆرمی کۆتایی نیوەدێڕی دووەم، کە لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی سەرەتاو کۆتاییەوە هاوتەریبییەکەیان بنیاتناوە. ئەمە بەدەر لەوەی کە هەردوو وشەکە لەڕووی پێکهاتەوە سادەن و سەر بە بەشەئاخاوتنی ئاوەڵکارن، هاوکات لەگەڵ وشەی (خەو)ی نیوەدێڕی یەکەمدا لە ڕووی دەنگییەوە گونجاون و لەڕووی دەلالییەوە تەبان و لەگەڵ وشەی (ڕۆژ)ی نیوەدێڕی دووەمیشدا، کە دژیەکی فەرهەنگین، ناتەبا دەبنەوە.

**دوور لە تۆ دوورم لە خەو، نەزدیکە مەرگم ڕۆژ و شەو**

**میحنەتی دووری هەمیسان ڕیتیە ناو چاوم، نەمەک**(ل٤١٢)

دووبارەبوونــەوەی هــەمان فۆرمی زمــانیی (دوور) لــە نیـوەدێڕی یەکەمــدا، هــەردووکیان وەک ئاوەڵکاری چۆنێتیی بــەکارهاتوون و هاوتــەریبیی وشــەییان پێکهێنــاوە. لەلایــەکی تــرەوە جۆرە گونجــانێکی دەنگــی لەنێوانیانــدا لەگــەڵ ئاوەڵنــاوی (دووری)ی نیــوەدێڕی دووەمــدا لــە ئاســتی ســـتوونیدا هەیــە، کــە ئــەوەی دوایيــان لــە ڕۆڵــی دیارخــەری (میحنەت)دایــەو بــەوەش هاوتەریبییەکەیان لەڕووی مۆسیقییەوە پتەوتر کردووە.

**تا لەسەر لێوم خودایا! باری ئەم هیجرانە بێ**

**بێ لەبی من، لێوی غونچەت بۆ لەبی کەس وا نەبێ**(ل٩٨٦)

هاتنی (لێو) لە نیوەدێڕی یەکەم و نیوەدێڕی دووەمدا، کە هەمان فۆرمی زمانییان هەیە، لەگەڵ دووبارەبوونــەوەی (لــەب) لــە ســەرەتاو کۆتــایی نیــوەدێڕی دووەمــدا هاوتــەریبیی وشــەییان پێکهێنــاوە. هاوتاکردنــەوەی (لێــوم) و (لــەبی مــن) لــەڕووی دەلالییــەوە بەیــەکتر، هاوتەریبییــە وشــەییەکەی جــوانتر کــردووە، لەکاتێکــدا (لێــو) و (لەب)ەکــەیش هــەردووکیان لــە ڕۆڵــی دیارخراویــدان، یەکــەمیان بــە جێنــاوی کەســی لکــاوی (م) و دووەمیــان بــە جێنــاوی کەســی سەربەخۆی (من).

**ئاشنای دوشمن و بێگانەیی خوێشن، یاران**

**ئاشنای ئێمە، شوکور، مەیلی بە بێگانە نییە**(ل٨٧٦)

دووبارەکردنەوەی وشەکانی (ئاشنا- بێگانە) لەسەرەتاو ناوەندی نیوەدێڕی یەکەم و سەرەتاو کۆتایی نیوەدێڕی دووەمدا، هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی پێکهێناوە، بەوەی کە هەریەک لەو وشانە بەهەمان واتاو لە یەک فۆرم و پێکهاتەی مۆرفۆلۆجیدا بەشێوەیەکی ئەندازەیی جوان لە تانوپۆی دێڕەکەدا هێنراونەتەوە. ئەمە بەدەر لەوەی لەنێوان هەریەک لە (ئاشنا- خوێش) و (بێگانە- دوشمن)دا لە یەک کاتدا تەبایی و ناتەباییش بەدیدەکرێت، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لە بەهێزکردنی بنیاتە هاوتەریبەکەدا داناوە.

**لە باغا غونچە دڵتەنگە لە حەسرەت غونچەیی لێوت**

**گەریبان چاک ڕوواوە گوڵ لەبەر شەوقی گەریبانت**(٢١٢)

لــە هــەردوو نیوەدێڕەکــەدا هاوتــەریبیی وشــەیی یــەک فــۆرمی زمــانی بــەدیهێنراوە، بــەوەی لــە ســەرەتاو کۆتــایی نیــوەدێڕی یەکەمــدا فــۆرمی (غونچــە) گێڕدراوەتــەوەو دیســانەوە

لەهــەمان شــوێندا، بــەڵام ئــەمجارەیان لــە نیــوەدێڕی دواتــردا دوو فــۆرمی هاوشــێوەی یــەک هــاتوون، ئــەوانیش (گــەریبان- گــەریبانت)ە، ئــەم دابەشــبوونە ئەندازەییــە، ئــاوازە ناوەکییەکەشیان پێ بەهێزو پتەوبووە.

**ئاشوفتەگیی دەوران کوللەن لە دڵم قەیدە**

**سەودایی پەرێشانم بۆ زوڵفی پەرێشانت(ل٢٠٥)**

هــەردوو وشــەی (پەرێشــانم- پەرێشــانت) لــە ناوەنــدو کۆتــایی نیــوەدێڕی دووەم، کــە لــە یــەک فــۆرمی زمــانیی هاوشــیوەدا دەرکــەوتوون، بــەڵام هەریەکــەو بــۆ مەبەســتی شــیعریی جیــا بەکارهاتوون، یەکەمیان مەبەست لێی (گرفتاریی)و دووەمیشیان بە واتای (شێواویی) هــاتووە. ئەمەش هاوتەریبی لە دێڕەکەدا بنیاتناوە.

**سرورم پەست و باڵادەستە میحنەت**

**ضەعیفی قووەتی ساندم لە قووەت(ل٢٣٦)**

هاوتــەریبییەکە بــە هــۆی دووبارەبوونــەوەی وشــەی (قووەت)ەوەیــە، کــە لــە ســەرەتاو کۆتــایی نیوەدێڕی دووەمدا هاتووەو یەکـەمیان بـە واتـای (هێز)و دووەمیش بـە واتـای (تینوتـاو) دێت، ئەمــەش لــەپاڵ هەریــەک لــە وشــەکانی نیــوەدێڕی یەکەمــدا (ســروور، پەســت، باڵادەســت)، کــە لەئاستی ئاسـۆییداو لـەڕووی دەنگییـەوە گونجانیـان لەنێواندایـە، پێکڕا بنیـاتی هاوتـەریبییان لـە دێڕەکەدا قووڵتر کردووەتەوە.

**طەلەبی بۆسە دەکەم، صەبر دەی، دەڵێ صەبرت بێ**

**لەم هەموو صەبرە، دڵم طاقەتی ئەییوبی هەیە(ل٨٦٣)**

لــەم دێڕەشــدا دیســانەوە لەڕێگــەی دووبارەکردنــەوەی یــەک فــۆرمی زمانییــەوە، کــە بریتییــە لــە (صــەبر) لــە ناوەڕاســت و کۆتــایی نیــوەدێری یەکــەم و جــارێکیش لــە ســەرەتاکانی نیــوەدێری دووەمــدا، کــە هــەموویان بــە یــەک واتــا هێنراونەتــەوە، ئــەویش واتــای (ئــارامگرتن)ە، بەمــەش هاوتــەریبیی وشــەیی پێکهــاتووە. ئەمــە جگــە لــەوەی بــە هــۆی تــەبایی و پێکــەوەگونجانی نێــوان وشــەی (صــەبر) و (ئــەیوب) کــە لــە ڕووی واتاییــەوە، وەک دوو یەکــەی دەلالیــی جووتبەنــد دەردەکەون.. لەلایەکی تریشەوە خستنەپاڵ یەکی وشـەی (هـەموو- صـەبر) لـە نیوەی دووەمـی

دێڕەکە پێکهێنانی فرێز (لەم هەموو صەبرە) ئاماژەیەکی سیمانتیکیی جوانە بۆ ڕادەی ئەو هەموو ئارامگرتنەی شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی وشەئاراییەکەوە بە وەرگری بگەیەنێت.

**سەگ تەمای لاقی ئەکا و سەگ سواری پشتییە**

**بۆزی سەگ چۆن دەرپەڕێ، یا ڕەب، لە دەست ئەم دوو سەگە**(ل٧٨٩)

هێنانی چوار جار وشەی (سەگ) لە دێڕەکەدا بەگشتی، کە بەشێوەیەکی ڕێک و یەکسان بەسەر سەرەتاو کۆتایی هەردوو نیوەدێڕەکە دابەش بوون و لە هەمووشیاندا وەک دانەیەکی زمانیی سەربە بەشەئاخاوتنی (ناو) بەکارهێنراون، بنیاتێکی هاوتەریبی لەسەر ئاستی وشەیی بەتەواوی دێڕەکەدا پەخش کردووە، هەرئەمەش پتەویی ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەی فەراهەم کردووە.

**شەرحی ئەشعاری من ئێستاکە لە باڵایە هەموو**

**چونکە بەو نیسبەتە هەستاوە، چ باڵایە هەموو**

**دەردی گێسووتە کە سەرگەشتە بە دەورا دەگەڕێم**

**موویی تا موویی لە سەرما هەم و سەودایە هەموو**

**عیشق ئەگەر خەیمە بدا، مەشریق و مەغریب کەمە بۆی**

**لە دڵی تەنگی من ئەو خەیمەیە بەرپایە هەموو**

**میهری ذەڕڕەی دەهەنت داویە بە قەلبم پەرتەو**

**هەرچی ئەنداممە وەک ذەڕڕە لە ڕەقصایە هەموو**(ل٦٨٤)

جگە لە دووبارەبوونەوەی فۆرمی (هەموو) لە کۆتایی دێڕەکاندا، کە لە ئەرکی پاشسەروادایە، هاوکات هەر دێڕێک بەجیا دووبارەبوونەوەی فۆرمێکی زمانی تێدا بەدیهێنراوە، کە هاوتەریبییە وشەییەکەی لێکەوتووەتەوە، بەوەی لە دێڕی یەکەمدا (باڵا)و لە دووەمدا (موویی)و لە سێیەمدا (خەیمە)و لە دێڕی چوارەمیشدا (ذەڕڕە) وەک یەکەی زمانی هاوشێوەو هاوتا لە سەرەتاو ناوەندی هەر دێڕێکدا دووبارەکراونەتەوەو بنیاتی مۆسیقیی پارچەکەیان پێ ڕازاوەتەوە. پێویستە ئاماژەیەک بەوەش بدەین، کە زۆرجار هاوتەریبیی وشەیی سنووری تاقە وشەیەک تێدەپەڕێنێت و لە سنووری گرێدا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، واتە هاوتەریبییە وشەییەکە لە

ئاستی گرێی زمانیدا دەردەکەوێت، هەروەک ئەم نموونانەی لای خوارەوە، کە نواندنەوەی ئەم جۆرەن لە هاوتەریبی وشەیی:

**مەردومەک خوێنڕێژی ئەشکن، وەک موژەت خوێنڕێژی دڵ**

**مەردومی ئاویش دەبن وەک مەردومان تەسخیری تۆ**(ل٧٢٩)

هەریەک لە (خوێنڕێژی ئەشک)و (خوێنڕێژی دڵ)، کە لە ناوەندو کۆتایی نیوەدێری یەکەمدا هاتوون، جگە لەوەی لەڕووی پێکهاتەوە هاوشێوەی یەکترن، بەوەی هەردووکیان گرێی ناوییان پێکهێناوە، هاوکات هەریەک لە وشەکانی (خوێنڕێژ)یش، کە لە گرێ ناوییەکەدا دیارخراون، لەڕووی وشەسازییەوە هەمان پێکهاتەی وەکیەکیان هەیە: {ناو+ ڕەگی چاوگ}، بەمەش هاوتەریبیی وشەییان لە نیوەدێری یەکەمدا پێکهێناوە. لەلایەکی ترەوە هێنانەوەی وشەی (مەردوم) لە سێ فۆرمی جیاوازی وەک: (مەردومەک، مەردووم، مەردومان)دا بۆخۆی فاکتەرێکی تری بەهێزبوونی بنیاتە ئاوازەییەکەیە لە دێڕەکەدا بەگشتی.

**مەپۆشە ڕووبەڕوو ڕووی ئافتابت**

**بەبێ ڕووی تۆ، دەلەرزێ (سالم)ی ڕووت**(٢٢٧)

لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی وشەی (ڕوو) لە نیوەدێڕی یەکەمدا جارێک لە فۆرمی وشەیەکی لێکدراو بە ئامرازی پەیوەندیی (بە)و جارێکیش لە دەوری دیارخراویدا لە گرێی جێناویی (ڕووی ئەفتابت) دواترو لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا جارێکی تر وشەی (ڕوو) لەهەمان دەوری دیارخراویدا هێنراوەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە جێناوی کەسیی سەربەخۆی (تۆ) هاوتەریبیی وشەیی پێکهێنراوەو ئەوەی کە بنیاتی هاوتەریبییەکە فراوانتر دەکات، هێنانی ئاوەڵناوی (ڕووت)ە، سەرباری ئەوەی لەگەڵ (ئافتابت)دا ڕۆڵی قافیەیان پێ بینراوە، هاوکات لەگەڵ وشەکانی (ڕووبەڕوو- ڕووی تۆ و ڕووی ئافتابت)دا تەبایی و گونجانێکی زیاتری لە بنیاتی دێڕە شیعرەکەدا لەڕووی ئاوازی ناوەوە هێناوەتەئارا.

**مایلە وەک سەری زوڵفت، سەری من بۆ بەری پا**

**بە جەفا مەیخەرە لا، سا صەنەما، تووبی خودا**(ل٩)

لێرەدا فرێزی جێناویی (سەری زوڵفت= سەری زولفی تۆ) هاوتەریب کراوە لەگەڵ (سەری من)، ئەگەرچی لەڕووی پێکهاتەییەوە فرێزی یەکەم لە (ناو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ ناو+ جێناوی لکاو) پێکهاتووەو فرێزی دووەمیان لە (ناو+ مۆرفیمی خستنەسەر+ جێناوی سەربەخۆ)

پێکهاتووه، ئەمەش ڕاگرتنی ئەو بەشە جیاوازەیە، کە پێویستە لە هەر جۆرە بنیاتێکی هاوتەریبدا هەبێت. هەڵبەت لایەنێکی تری هاوتەریبی لەم دێڕەدا، کە لە وشەکاندا بەدیهاتوون، ئەو ڕێککەوتنە دەنگییەیە، کە لەنێوان یەکە زمانییەکانی (پا، جەفا، لا، سا، صەنەما، خودا)دا بەدیدەکرێت و ئەمەش ئاوازێکی ناوەکی و ڕیتمێکی دڵگیری بە بنیاتی دێڕەکە بەخشیوە.

- **هاوتەریبیی چەند فۆرمێکی زمانی:** مەبەست لە دووبارەبوونەوەی ئەو فۆرمە زمانییانەیە، کە هاودەنگ، هاوڕێنووس، هاوپیت یان هاوبێژی یەکترن، ئەم جۆرە فۆرمە زمانییانەش لە ڕەوانبێژیی دێریندا، لە چوارچێوەی چەمکی ڕەگەزدۆزیی تەواودا کۆدەکرێنەوە، کە ئەوەش بریتییە لەوەی دوو وشەکە یان ئەگەر زیاتریش بن، لە ژمارە، جۆر، شێوەو ڕیزبوونی پیتەکانیاندا وەکوو یەک بن، بەڵام واتایان جیاوازبێت، هەڵبەت ئەگەر لەبەر ڕوونکردنەوەی زیاتر نەبێت، پێویست ناکات بگوترێت: لە واتادا لەیەک جیاوازبن، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەوا دەبن بە یەک وشە.(گەردی، ٢٠١٢، ٢٥٠)

پێویستە ئەوەش بزانین، کە هەرچەندە هاوشێوەبوونی دوو وشەکە پتر لەیەکەوە نزیک بێت، ئەوا ((لە ئەنجامدا لەنێو هاوشێوەبوونی وێنەی دوو وشەدا، وێنەیەکی فراوانتر لە زەینی خوێنەر دەسازێ و چێژو خۆشییەکیش بە ڕووە ئاساییەکەی دەبەخشێ.))(خۆشناو، ٢٠١٠، ١٤١)

**ظەن مەبە بسرەوێ دڵ قەد بە چ دڵبەر بێ تۆ**

**بێ سەرت، بەو سەرە، سەر ناکەمە سەر ڕوویی سەرین**

**بە سەرت شۆڕشی عیشقت لە سەرم دەرناچێ**

**گەر بە قەصدی سەرو ماڵ بێنە سەرم، ڕووی زەمین**(٦٠٩)

لە نیوەدێڕی دووەمی دێڕی یەکەمدا، دووبارەبوونەوەی چوار جارەی وشەی (سەر)یش هاوتەریبیی وشەیی لێکەوتووەتەوە، کە هەرجارەی لە فۆرمێکی زمانیدا بەکارهێنراوەتەوە، ئەویش بەم جۆرە: لە سێ جاری یەکەمدا وشەکە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی، کە (ناو)ەو مەبەست لێی (سەری مرۆڤ)ە بەکارهاتووە، بەڵام جاری دواییان وەک ئاوەڵکاری شوێنی بەکارهاتووە، ئەمە جگە لەوەی لە فۆرمی (سەرین)یشدا وەک ناوێکی لێکدراو لەهەمان نیوەدێڕدا دەرکەوتووە. لە دێڕی دووەمدا دیسانەوە وشەی (سەر) چوار جار هێنراوەتەوە، لە یەکەمیاندا ناوەو بە واتای (سەری تۆ) هاتووە، کە دۆخی دیارخراوییە بە جێناوی لکاوی (ت) بۆ کەسی دووەمی تاک، لە دووەمدا بە واتای (مێشک و بیرکردنەوە) هاتووەو سێیەمش

بەواتای (گیان و ماڵ یان سەروماڵ) هاتووەو دواجاریش بەواتای (هێرشبردنەسەر یان چوونەگیان) بەکارهاتووە، لە هەموو ئەم بەکارهێنانەشدا هاوتەریبیی وشەیی لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا لە بنیاتی دێڕەکەدا پێکهاتووە.

**دەخیلتان بم، مەکەن لەم تەکیە، تەکیە**

**نییە -ئەصڵەن- ئومێدی ئیستیقامەت**(ل٢٣٧)

هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری چەند فۆرمێکی زمانییەو لەنێوان هەردوو وشەی (تەکیە)ی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەمدا پێکهاتووە، بەوەی هەریەکەیان هەمان فۆرمیان هەیە، بەڵام بە واتای جیاواز بەکارهاتوون. (تەکیە)ی یەکەم واتە (جێی دەروێشان)و (تەکیە)ی دووەم واتای (پشت پێبەستن) دەگەیەنێت. هەڵبەت جوانیی وشەکارییەکە لە دەلالەتیشدا دەردەکەوێت، کاتێک بیر لە لێکدانەوەی پەیوەندیی نێوان هەریەک لە دانە زمانییەکانی (تەکیە)و (ئیستیقامەت) بکەینەوە!

**دەمی وەصفی دەمی تیغت دەلەرزێ**

**ڕەگی گەردن بەسەر تەختەی گەلووما**(ل١٢٢)

هاوتەریبییەکە بەهۆی هاتنی دوو فۆرمی هاوبێژی نیوەدێڕی یەکەمەوە پێکهاتووە، کە یەکەمیان مەبەست لێی (کات)ەو دووەمیشیان بە واتای (لێواری تیژ) هاتووە، ئەمەش دێڕەکەی لە ئاستی مۆسیقای ناوەوەدا زایەڵەدار کردووە، بەتایبەت ئەگەر بێت و لە سیاقی گشتی دێڕەکەو لەمیانی گرێ ناوییەکانی (دەمی وەصف+ی دەمی تیغ+ت)دا بیانخوێنینەوە.

**یار، (سالم) کوا لە هیجرا، ڕۆژ و شەو، جوز یادی یار؟**

**مەیلی تەنهایی دەکەم، تا یادی دڵبەر یارمە**(٧٩٨)

هاونشینکردنی وشەکانی (یار) لە سەرەتاو کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم لەگەڵ کۆتایی نیودێڕی دووەم، کە هاوبێژی یەکترن، هاوتەریبیی وشەییان لە جۆری چەند فۆرمێکی زمانی پێکهێناوە. هاوکات هاتنی وشەی (یاد) لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و ناوەندی نیوەدێڕی دووەمدا، ئاوازی ناوەکیی دێڕەکەیان ڕازاندووەتەوە، بەوەی کە تەنها لە دەنگی کۆتاییدا لەگەڵ (یار)دا جیاوازن.

**صەد زۆری ڕۆستەمی نییەتی زۆری سیم و زەڕ!**

**طالیع ئەگەر ضەعیفە، نەبەی پەنجە با قەوی**

دووبارەکردنەوەی وشەی (زۆر) لە نیوەدێڕی یەکەم، کە جارێک بە واتای (زۆرداری)و دووەم بە واتای (هێزوپێز) دێت، هاوتەریبییەکەیان پێکهێناوە، ئەمە جگە لەوەی هەردوو (زۆر)ەکە لەگەڵ (زەڕ)ی کۆتایی نیوەدێری یەکەمدا بەشدارییان لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەکیدا کردووە، بەتایبەت کە (زەڕ) لە ئەرکی قافیەدایە، لەلایەکی تریشەوە وشەکانی هەردوو نیوەدێڕەکە وەک کۆمەڵە یەکەیەکی واتایی تەباییەکی جوان لە ڕووی دەلالییەوە کۆی کردوونەتەوە.

**قادری قودرەت نوما، تۆ قودرەتی خۆت کردە کار**

**قادری ئێمەت موسەلسەل خستە بەندی ڕۆمییان**

**وەر نە قادر، تۆ دەزانی قەت کەسێ قادر نەبوو**

**وا بە مەقهووری، بکا قادر ئەسیری ڕۆمییان**(ل٥٤٦)

لە هەردوو دێڕەکەدا پێنج جار وشەی (قادر) لەهەمان فۆرمدا دووبارەکراوەتەوە، بەڵام هەریەکەیان بۆ مەبەست و واتای جیاواز بەکارهاتوون، لەلایەکی ترەوە وشەگەلی وەک (قودرەت، قودرەتنوما، قەت، مەقهوور) گونجانێکی دەنگیی جوانیان لێکەوتووەتەوەو بنیاتە هاوتەریبەکەیان تۆکمەترکردووەو ئاوازی ناوەوەی دەقەکەیان ڕازاندووەتەوە.

**وەک نیظامی پڕ نیظامم بۆ نیظامی نەظمی شەوق**

**دڵ لە ذیکری گەنجی فیکرا، وەختی وەصفت، مەخزەنە**

هەریەک لە وشەکانی (نیظام، نیظامم، نیظامی، نەظمی)، کە لە ئاستی ستوونیی نیوەدێڕی یەکەمدا هاتوون، دەچنەوە سەر یەک ڕەگی زمانی، کە وشەی (نظم)ی عەرەبییە، بەڵام هەریەک لەوانە داڕشتەیەکی جیاوازی وشەکەیان لەخۆگرتووە، بۆیە لە واتاشدا جیاواز کەوتوونەتەوە، یەکەم بەواتای (سەرباز)، دووەم (ڕێکوپێک)و سێیەمیش بەواتای (کاروبار) هاتووە، بەمەش هەرسێ وشەکە دەبن بە هاوبێژی یەکترو هاوتەریبیی وشەیی تەواویان لێدەکەوێتەوە.

**ئەووەڵ و عاقیبەتی (سالم)ە عیشق**

**ئاخری عومری لە ئەووەڵ طەڵەبایە**(ل٨٥٥)

وشەی (ئەووەڵ)ی سەرەتای نیوەدێڕی یەکەم و ناوەندی نیوەدێری دووەم، هاوتەریبییان لێکەوتووەتەوە، بەوەی فۆرمی هاوبێژن و بە دوو مانای جیاواز بەکارهاتوون، یەکەمیان واتای

(سەرەتا)یەو دووەمیش واتای (یەکەم) دەگەیەنێت. جگە لەوەی کە (ئەووەڵ، عاقیبەت) لەڕووی دەلالییەوە دژیەک دەکەونەوەو ئەمەش جوانییەکی تری سەرباری بنیاتە شیعرییەکە کردووە.

**صەیدی صەیدم، گەرچی صەییادم مودام**

**ئاهوویی نەخچیری تۆ شێرانەیە(ل٨٦١)**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا بە دووبارەکردنەوەی دوو فۆرمی زمانی هاودەنگ و هاوڕێنووس، کە بریتین لە (صەید-ی صەید-م) هاوتەریبییەکە بنیاتنراوە. وشەکان هەردووکیان ناون، واتە لەڕووی بەشەئاخاوتنەوە هاوڕەسەنن، بەڵام لە واتادا جیاوازن: یەکەمیان (نێچیر)ەو دووەمیان بە واتای (نێچیرکراو) دێت، لەگەڵ ئەوەداو لەهەمان نیوەدێڕدا هێنانەوەی (صەییاد)، کە لە وشەی (صەید)ەوە وەرگیراوە، لەڕوویەکی ترەوە فاکتەرێکی تری بەهێزکردنی بنیاتە هاوتەریبییەکەیەو کەشی مۆسیقیی دێڕەکەشیان ڕووەو ئاستێکی باڵای شیعرییەت بردووە. ئەمە جگە لەوەی هەریەک لە وشەکانی (صەید، صەید، صەییاد)ی نیوەدێڕی یەکەم لەلایەک، لەگەڵ وشەکانی (ئاهوو، نەخچیر، شێرانە)ی نیوەدێڕی دووەم لەلایەکی ترەوە بەرانبەریەکتر هاتوون و لەڕووی دەلالییەوە بنیاتە هاوتەریبەکەیان لە تەواوی دێڕەکەدا پتەوترکردووە.

**طەبعی نەجیسی بەنگی ناجینسی لە لا جینسە!**
**بۆ جینسی کەسیفی وا شاور بە تەوەس نابێ(ل٩٦٢)**

دووبارەکردنەوەی وشەی (جینس) لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا، کە یەکەمیان بە واتای (پەسەند)و دووەمیان بە واتای (جۆر) دێت، هاوتەریبی یەکترن، لەلایەکی تریشەوە هاتنی وشە هاوشێوەکانی (نەجیس، ناجینس) لەپاڵ هەردوو فۆرم (جینس)ی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و سەرەتای نیوەدێڕی دووەم، بنیاتی ئاوازی ناوەکی دێڕەکەیان دڵگیرکردووە.

**تا ڕەقیب حاضرە، گاهی حەذەرە، نەک حەضەرە**

**ئەو سەگە تا لە کەمین بێ، حەضەریشم سەفەرە!(ل٧٦٣)**

هەریەک لە فۆرمەکانی (حەذەر، حەضەر) هاوبێژن، واتە لە ڕێنووسدا جیاوازو لە گۆکردندا وەکیەکن بەوەی هەریەک لە /ض/ و /ذ/ ئەلۆفۆنی /ز/ی زمانی کوردین. لەلایەکی ترەوە ڕێککەوتنی دەنگیی (حاضر، حەضەر)و هاوکێشیی (حەضەر، سەفەر)و دووبارەبوونەوەی (حەضەر) لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا، هەموو ئەمانە هاوتەریبییان پێکهێناوە ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان نەخشاندووە.

**طەریقی عیشقت ئەر ون کەم، تەریقی دەشتی مەحشەر بم**

**قیامەت، نامەوێ جەننەت، بەبێ تۆ، گەر موخەییەر بم**(ل٤٣٢)

هەریەک لە فۆرمی وشەکانی (طەریق، تەریق) لە نیوەدێڕی یەکەمدا وەک دوو فۆرمی زمانیی هاوبێژ، هاوتەرییبی وشەیی تەواوی لە جۆری چەند فۆرمی زمانی لێکەوتووەتەوە، کە ئەمەش لەپاڵ هاونشینکردنی وشەکانی تری وەک: (عیشقت، دەشتی، قیامەت، جەننەت، مەحشەر، موخەییەر)دا ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەیان دامەزراوتر کردووە. هەڵبەت دەنگی /ط/ عارەبی، لە دەنگسازیی زمانی کوردیدا وەک ئەلۆفۆنی دەنگی /ت/ ئەژمار دەکرێ.

**حیسابی نەفحەیی زوڵفت لەگەڵ موشکی خەتا ناکەم**

**خەطا ناکەم، صەبا شەهیدمە، من تەشبیهی وا ناکەم**(ل٤٦٩)

هەریەک لە وشەکانی (خەتا)ی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم، کە ناوی ناوچەیەکە لە وڵاتی چین و (خەطا)ی سەرەتای نیوەدێڕی دووەم، کە واتای (هەڵە) دەگەیەنێت، هاوبێژی یەکترن و هاوتەرییبی وشەییان پێکهێناوە. لەم نموونەی تریشدا (سالم) هەمان ئەو وشانە لە شێوازێکی تری بەکارهێناندا لەم فۆرمەدا بەردەست خستووە:

**گەر بە بۆ نیسبەتی طوڕڕەت بدەمە میشکی (خەتا)**

**بۆ (خەتا) فەخرە بەسا، بۆ منە بەس خەبط و خەطا**(ل١١)

دیسانەوە لەنێوان هەریەک لە (خەتا)ی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و سەرەتای نیوەدێڕی دووەم، هاوتەرییبیەکە بەدیهێنراوە. هاوکات هەردوو (خەتا)کەیش لەگەڵ (خەطا)ی کۆتایی نیوەدێڕی دووەمدا هاوتەرییبی وشەیی لە جۆری دووبارەبوونەوەی چەند فۆرمێکی زمانی لێکەوتووەتەوە.

**بۆ کەسێ وەک من لە هیجرا مەیلی تەنهایی بکا،**

**ڕۆژ لەگەڵ تەنهاییی ئەحمەق ڕابواردن موشکیلە**(ل٧٩٣)

لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەمدا، وشەی (تەنهایی)، کە ئاوەڵناوی داڕێژراوەو لە ناوی (تەنها)و مۆرفیمی وشەداڕێژی (ی) پێکهاتووەو واتای (تەنیایی) دەگەیەنێت، لە ناوەڕاستی نیوەدێڕی دووەمیشدا وشەی (تەنهایی)، کە ناوێکی داڕێژراوەو لە ناوی (تەن)و مۆرفیمی ڕێزمانیی (ها)و

مۆرفیمی وشەداڕێژی (ی) پێکهاتووەو واتای (کۆی تەن- کەسان) دەگەیەنێت، پێکڕا هاوتەریبیی وشەییان لێکەوتووەتەوە. ئەمەو هەریەک لە وشەکانی (کەس، هیجر، مەیل، تەنهایی)یش لە نیوەدێڕی یەکەمدا، کە لەگەڵ یەکتردا تەبان، بەرانبەر بە وشەکانی (تەنهای ئەحمەق، ڕابواردن، موشکیل)، کە ئەمانیش لەگەڵ یەکتردا تەبان، بەڵام هاوکات وشەکانی هەردوو نیوەدێڕەکە ناتەبایی لەنێوانیاندا هەیە، بەوەی کە جۆرێک لە بەرانبەریی و دژیەکییان لەخۆگرتووە، هەموو ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی بنیاتی ئەو هاوتەریبییەوە، کە دەتوانین بە چەمکی تەباو ناتەبا لێیان بڕوانین. هەروەها لەم دوو نموونەی لای خوارەوەشدا، کە لە دوو پارچە غەزەلی جیاوازدا هاتوون، شاعیر لەڕێگەی سازدانی هاوبێژییەوە لەنێوان دوو وشەدا، کە یەکێکیان لەڕووی پێکهاتەوە سادەو ئەویتریان ناسادەیە، هاوتەریبییەکی وشەیی جوانی پێکهێناوە:

**ذەلیلی نەفسی ئەممارە، شکستی بیمی ئەم مارە!**

**پەناهت بۆ عەلی بێنە، مەڕۆ بۆ بووعەلی سینا**(ل٢٧)

هەروەها، لەم دێڕەی دیکەیشدا هاتووە:

**بە قەولت نەفسی ئەممارەم، دڵا! بۆ طوڕڕە دەمکێشێ**

**کە من مەغلوبی ئەممارەم، بە ئەم مارەم مەترسێنە**(ل٨٢٧)

فۆرمە هاوبێژەکان لە هەردوو نموونەکەدا بریتییە لە (ئەممارە- ئەم مارە)، یەکەمیان ئاماژەیە بۆ (النفس الامارة بالسوء)و دووەمیش لە جێناوی نیشانەی (ئەم..ە)و (مار)، کە ناوێکی سادەیە پێکهاتووە. لەم نموونانەی دیکەشدا، هەمان میکانیزم لە پێکهێنانی هاوتەریبیی وشەیی چەند فۆرمێکی زمانیدا گیراوەتەبەر:

(١)

**بێ تەماشای خاڵی تۆ، خاڵی لە مەردووم دیدە ما**

**عەکسی ئەو بوو مەردوومی دانا لە پەردەی دیدەما**(ل١٢٦)

(٢)

**بە جوز مانیی موصەووِیر قەوسی ئەبرۆی تۆی نەکێشاوە**

**کە مانی نەقشی کێشابێ، دەبێ هەروا کەمانی بێ**(ل٩٤٤)

**(٣)**

**شەطڵی ئەشکم، دەبێ هەر بێ بە ڕووما**

**هەتا بێ بەحری (ئاغ دەنکز) بە ڕوومـــا**

**(٤)**

**مەنزڵی ئەصحابی کەهفە، خانەیی مەعشووقی من**

**هەر کە دیم دەرگانە بوو، لەوسەر کە دیم دەرگا نەبوو(ل٦٤٦)**

**(٥)**

**وا ڕەقیب شۆخی دەکا، ئەی ئاسمان! تۆ موخبیری**

**بەختی بەد تا وانەبوو، دڵبەر لەگەڵ من وا نەبوو(ل٦٤٦)**

لێرەدا شێوازی مامەڵەی شاعیرمان لەگەڵ وشەدا بۆ دەردەکەوێت، کە مۆرکێکی تایبەتی وەرگرتووە، بەومانایەی چۆنێتیی هەڵبژاردنی وشەو ڕیزکردن و ڕێکخستنیان لە بنیاتێکی ڕێزمانیی دیاریکراودا، کە دەبێتە مایەی بەرجەستەکردنی ئەو هەناسەو گیانە شیعرییەی لە هەناوی هەر وشەیەکدا پەنهانە، ئەمەش سیمایەکی تری جیاواز لەو سیما ئاساییە بە وشەکان دەبەخشێت، کە لە زمانی ڕۆژانەدا هەر هەمان ئەو وشانەیان پێ دەناسرێتەوە.

## تەوەری سێیەم

## هاوتەریبیی ڕستەیی بە نموونەی شیعری سالم

ڕستە وەک دانەیەکی گەورەی زمانی، لە بنیاتی هەر دەقێکی شیعریدا بە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی شیعریی دەناسرێتەوە، نەبوونی ئەو تایبەتمەندییانە وادەکەن لەوەی ڕستەکە بچێتەوە ناو بازنەی زمانی ئاساییەوە، بۆیە یەکەمین تایبەتمەندیی هەر ڕستەیەکی شیعریی شێوازی ئەو پێکەوەبەستنە دیاریی دەکات، کە شاعیر بەکاری دەهێنێت لە سازکردنی دێڕە شیعرەکانیدا، ((ئەو ڕستانەی کە لە شیعرێکدا بەیەکەوە دەبەسترێنەوە چۆنێتییەکی مۆسیقی و شێوازێکی هارمۆنیان دەبێ هەبێ ئەگینا شیعر لە خوێندنەوەدا بێزاری و وەستان دروست دەکات.))(حەمید، ٢٠١٣، ١٦٨)

لەم ڕووەوە سالم ((لە داڕشتنی ڕستەی شیعریدا هونەرمەندانە جێگۆڕکێ بە شوێنی ئاسایی دانە ڕێزمانییەکان کردووە...))(میرزا توفیق، ٢٠١٣، ٦٥) بەمەش ڕستە شیعرییەکانی، زەمینەی سازدانی ڕیتم و مۆسیقایان تێدا لەبەرچاو گیراوەو وەک بنیاتی زمانیی هاوتاو هاوشێوە لەڕێگەی بەدواییەکداهێنانی کەرەستە زمانییە جێنشینکراوەکانەوە بنیاتی هاوتەریبیان فەراهەم کردووە. لەم ڕوانگەوە (چریس باڵدیک)، لە پێناسەیەکی هاوتەریبیی ڕستەییدا دەڵێت: ((پارالێلیزم ڕێکخستنی بونیادی لێکچووی دەربڕین، ڕستە یان دێڕی شیعر، یان پێشنیازکردنی هەمان شێوەی بەدواییەکداهاتنە وەک پەیامی نێوانگرییان. کاریگەریی پارالێلیزم بەشێوەیەکی ئاسایی یەکێکە لەو هاوسانی و هاوکێشی ڕاگرتنانەی کە بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەمان شێوەی سینتاکسییەوە دێتەکایە.))(محەمەد، ٢٠١٨، ٥٦٤)

واتە لەکاتێکدا، کە دەزانین داڕشتنی شیعر داڕشتنێکی سینتاکسیی ئاسایی نییە، چونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کێش و سەرواو شاعیر لەژێر پاڵەپەستۆی ئاوازو کێش و هێنانەوەی سەروا ناچارە ڕیزی وشەکان تێک بدات.(گەردی،١٩٩٩، ١٥٣) بۆئەوەی بگات بەو ئەنجامەی کە خوازیاریەتی. لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانین ئەوە بچەسپێنین، کە هاوتەریبیی ڕستەیی ((شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی سینتاکسی، خۆی لە دابەشکردنی فۆرمە سینتاکسییەکان بەسەر ڕەگەزە لێکچووەکان، لەڕووی درێژی و ئاوازەو بونیاتی ڕێزمانیدا دەبینێتەوە.))(ئەحمەد،٢٠١٣، ١٤٣- ١٤٥)

**یەکەم/ هاونشینیی ئەرکی:** لێرەدا مامەڵە لەگەڵ یەکە زمانییەکاندا دەکەین لەڕوانگەی گەردانکردنەوە، بۆیە پێویستە ئەوە بزانین، کە ((گەردانکردن کێڵگەی وشەسازیی نییە، بەڵکوو کێڵگەی ڕۆنانی ئەو وشانەیە بۆئەوەی ڕۆڵێکی ڕێزمانی تایبەت لە پێکهاتەی ڕستەدا

بگێڕن.))(سەفەوی، ٢٠١٨، ٢٥٢) بە هۆی ئەو شێوازە تایبەتەی لە ڕستەسازیی زمانی شیعریدا پێڕەو دەکرێت، چاڵە ڕێزمانییەکانیش بە فۆرمی زمانیی جیاواز پڕ دەکرێنەوەو شیانی جێگۆڕکێیان هەیە، بەڵام ئەوەی وەک خۆی جێگیر دەمێنێتەوە ئەرکی ڕێزمانیی فۆرمەکەیە لە بنیاتە زمانییەکەدا. هەموو ئەمانەش لەپێناو پاراستنی هاوسەنگیی دێڕی شیعریدایە لە ڕووی کێش و ئاوازەوە، کە دیارە دێڕی شیعریی وەک یەکەیەکی ئاوازەیی لە بنیاتی دەقی کلاسیکیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەم ڕووەوە دەتوانرێ هونەرگەلێکی ڕەوانبێژیی وەک: پێچەوپەخشە، ئامادەکردن، کۆکردنەوە، دابەشکردن و ڕێکخستنی سیفەتەکان، لەڕووی هاونشینیی ئەرکییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، وەک لە نموونەکاندا هاتووە:

**لە موژگان و برۆ کێشاویە چاوت**

**بەرابەر بۆ دڵم، شەمشێر و خەنجەر**(ل٣٢٢)

هاوتەریبییـەکـە لـە ئـەنجامی بەرانبەریـەکتر ڕاگرتنـی (موژگـان، بـرۆ)ی نیـوەدێڕی یەکـەم و (شەمشـێر، خەنجـەر)ی نیـوەدێڕی دووەم ئەنجامـدراوە، ئەمـەش بـەوەی هەریـەک لـەو یەکـە زمانییانە لە ئەرکی بەرکاریدان و ئەوکاتەش زیاتر ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر دێڕەکە لە ڕستەیەکی ئاسـایی وەک: (چـاوت، موژگـانی وەک خەنجـەرو بـرۆی وەک شمشـێری بەرانبـەر بـە دڵـم هەڵکێشاوە) دابڕێژینەوە.

**غەبغەب و خاڵ و لەب و طوڕڕەیی یار**

**سونبول و سێب و بەنەفشە و گوڵنار**(ل٣٠٦)

لـە ئـەنجامی بەرانبەریـەکتر ڕاگرتنـی یەکـە زمانییـەکانی هـەردوو نیوەدێڕەکـە هاوتـەریبیی بەدیهاتووە، کە ئەمەش بەشێوەیەکی نارێک لەڕێگەی پێکهێنانی پەیوەندیی لێکچوونـەوە ئـەنجام دراوە، کاتێک بـە فۆرمێکی تـر ڕێکیـان بخەینـەوە بـەم جۆرە دەبێت: (غەبغـەب: سـێب، طوڕڕە: سونبول، خاڵ: وەنەوشـە، لەب: گوڵنار).

**لەبی تۆ مەعدەنی مەرجانە، نەک یەم**

**مەحەللی شەککە ئەو، تۆ جێی یەقینی**(ل٩٢٧)

لـە نیـوەدێڕی یەکەمـدا (لـەبی تـۆ و یـەم) هێنراونەتـەوە، کـە لـەهـەمان ئـەرکی ڕێزمانیـدان، لـە نیـوەدێڕی دووەمـدا بەشـێوەی نارێـک (یـەم) بـە (مەحـەللی شـەک) و (لـەب) بـە (جێـی یـەقین)

کراونەتەوە، کە دیسانەوە لەهەمان ئەرکی ڕێزمانیدا ڕۆڵیان پێ بینراوەتەوە، ئەمەش هاوتەریبی ڕستەیی لە جۆری هاونیشینیی ئەرکی لێکەوتووەتەوە. هەروەها لە نیوەدێڕی دووەمدا دەتوانین سەرنج بۆ لای: (ئەو مەحەللی شەکە/ تۆ جێی یەقینی) ڕابکێشین، کە دیسانەوە جۆرە هاوتەریبییەکی لە ئاستی ڕستەییدا لێکەوتووەتەوە.

**صوحبەتی حوور و بەهەشت و کەوثەرە**

**جۆیبار و سەبزەزار و هەمدەمێ**(ل١٠٠٨)

یەکە زمانییەکانی (حوور، بەهەشت، کەوثەر)ی نیوەدێڕی یەکەم، کە کۆکراونەتەوە لەهەمان ڕۆڵی ڕێزمانیی (تەواوکەری سەربەخۆ)ی یەکە زمانییەکانی نیوەدێڕی دووەمدان، کە بریتین لە (جۆیبار، سەبزەزار و هەمدەم)و هاوکات یەکە زمانییە کۆکراوەکانیشیان بەشێوەیەکی ناڕێک پێ کراوەتەوە.

**ڕوخ و ڕۆژ و لیباس و ئەشک و دیدە و دڵ لە هیجرانت**

**سیاهـ و ئەحمەر و ئەصفەر، سفید و دەرهەم و شینە!**(ل٨٢٤)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا هاونشینکردنی یەکە زمانییەکانی (ڕوخ، ڕۆژ، لیباس، ئەشک، دیدە، دڵ)، کە هەموویان لە بەشەئاخاوتنی ناون و بەرانبەرکردنیان بەشێوەی ناڕێک لەگەڵ (سیاهـ ئەحمەر، ئەصفەر، سفید، دەرهەم و شین)ی نیوەدێڕی دووەم، کە سەر بە بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناون، بەشێوەیەکی هاوتەریب گرێی ئاوەڵناوییان لێ پێکهێنراوە، بەم شێوەیە: (ڕووخساری ئەصفەر، ڕۆژی ڕەش، بەرگی شین، ئەشکی ئەحمەرو دیدەی سفید)، ئەنجا خراونەتە ڕۆڵی تەواوکەری بەیاریدەی کرداری ڕستەکەوە، ئەویش کرداری (ە)ی ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا.

**ها سینەوو ئەشک و دڵ و غەم بێنمە حیمایەت**

**بوریان و کەباب و نەمەک و سفرەمە ئەمشەو**(ل٧٠٢)

بەکارهێنانی یەکە زمانییەکانی نیوەدێڕی یەکەم (سینە، ئەشک، دڵ، غەم)، کە لە ڕۆڵی تەواوکەری بەیاریدەی ڕستە شیعرییەکەدا پێچراونەتەوە، لە نیوەدێڕی دووەمدا لەڕێگەی هەریەک لە (بوریان، کەباب، نەمەک و سفرە) کراونەتەوە، کە ئەگەر وشەکانی بنیاتەکە جارێکی تر لە فۆرمێکی ئاساییدا بەرانبەریەک ڕێک بخەینەوە، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت: (سینە: بوریان، دڵ: کەباب، ئەشک: نەمەک، غەم: سفرە). بەمەش هاوتەریبی لە بنیاتەکەدا ڕوون دەبێتەوە.

**جەوازی دا حەکیم بادامی چاو و شەککەری لێوت**

**لە قانوونی ویصاڵ بۆ دڵی من قووەت و قووتە**[ل٧٤٣]

هاوتەریبیە ڕێزمانییەکە بە هۆی هاونشینیی ئەرکی نێوان (بادامی چاو) و (شەککەری لێو)ی نیوەدێڕی یەکەم و (قووەت و قووتە)ی نیوەدێڕی دووەم بە ئەنجام گەیشتووە، بەوەی ئەگەر لە ڕستەیەکی ئاساییدا سەرلەنوێ دایانبڕێژینەوە، دەبینین یەکە زمانییە ئاماژەبۆکراوەکان لە هەمان ئەرکی ڕێزمانیدا دەردەکەون، وەک لە هێڵکارییەکەدا هاتووە:

**حەکیم لە قانوونی ویصالدا جەوازی دا، کە:**

**بادامی چاوی تۆ بۆ دڵی من قووەتە.** | **شەککەری لێوی تۆ بۆ دڵی من قووتە.**

**لەو خەڵوەتە خاصصەمە لە لەب و عاریض و دیدەی**

**پەیوەستە شەراب و مەزەوو شەوقی شەمم بوو**[ل٦٣٤]

هاونشینییە ئەرکییەکە لەنێوان هەریەک لە یەکە زمانییە بەدوایەکداهاتووەکانی نیوەدێڕی یەکەم (لەب، عاریض، دیدە)و (شەراب، مەزە، شەوق)ی نیوەدێڕی دووەم پێکهێنراوەو هاوتەریبیی ڕێزمانی لێکەوتووەتەوە، بەوەی (لەب-مەزە، چاو-مەی)و (عاریض-شەوق) لەهەمان ئەرکی ڕێزمانیدا هاونشینی یەکترکراون.

**دڵم تەسلیمی چاوت کرد بە شێتی**

**بەرم دا یەک کەبووتەر بۆ دوو شاهین**

**بڵێم با حاڵی دڵ چۆنە لە دەست چاو:**

**موسڵمانێکە، مەحبووسی دوو بێ دین**[ل٦١٠- ٦١١]

(دڵ- چاو) لە نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی یەکەمدا هاتووەو لە نیوەدێڕی دووەمی هەمان دێڕدا بە (یەک کەبووتەر- دوو شاهین) کراونەتەوە، دیسانەوە لە دێڕی دووەمدا (دڵ- چاو) پێچراونەتەوەو بە (موسڵمانێک- دوو بێدین) لە نیوەدێڕی دووەمی هەمان دێڕدا پەخش کراونەتەوە، ئەمەش لەڕووی هاونشینیی ئەرکییەوە هاوتەریبیی ڕێزمانیی لە دەقەکەدا پێکهێناوە.

**ئەوانەی تورمەپۆش و شەهدنۆش و نازپەروەر بوون**

**ئەمێستە خانەبەردۆش و نەخۆش و زار و عوریانن(ل٦٧٨)**

هاونشینییە ئەرکییەکە، کە هاوتەریبیی ڕێزمانییەکەی لێکەوتووەتەوە، لەنێوان هەریەک لە یەکە زمانییەکانی (تورمەپۆش، شەهدنۆش، نازپەروەر) لەلایەک و (خانەبەردۆش، نەخۆش، زارو عوریان) لەلایەکی ترەوە ئەنجام دراوە، بەوەی هەموو ئاوەڵناوە بکەرەکان، ئەرکی بکەری ڕستە شیعرییەکەیان خراوەتەسەر.

**لەناو فرمێسکی چاوما مونعەکیس بوون:**

**گوارە و ڕوومەتت، وەک ماهـ و پەروین(ل٦١٠)**

هاوتەریبییە ڕستەییەکە لە نیوەدێڕی دووەمدا پێکهێنراوە، ئەویش لەڕێگەی هاونشینکردن و بەرانبەریەکتر ڕاگرتنی (گوارە- ڕوومەت) لەلایەک و (مەهـ و پەروین) لەلایەکی ترەوە، بەوپێیەی کە بەشێوەیەکی ناڕێک (مەهـ) بەرانبەر بە (ڕوومەت)و (پەروین)یش بەرانبەر بە (گوارە) ڕاگیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا جووتەوشەکان گرێی ناوییان پێکهێناوەو لە ئەرکی بەرکاریدا دانراون.

**جودا نابێ ئەبەد سێ ڕەنگ لەسەر سێ ڕوو هەتا دەمرم:**

**دڵ و میحنەت، سەر و زانوو، سروشک و ئاستینی من!**

**موهەییایە مەکانی تەن لە خاک و خارەوو خارا**

**لە جێگەی ڕەختی خواب و بالشی تەکیە و سەرینی من(ل٥٧٢)**

لە دێڕی یەکەمداو لەڕێگەی هێنانی گرێ ناوییەکانی (سێ ڕەنگ، سێ ڕوو) ئەنجا بەستنەوەیان بە کرداری (جودا نابێ)ی سەرەتای نیوەدێڕەکەو دواتر دابەشکردن و دیاریکردنی هەریەک لە (دڵ و میحنەت، سەرو زانوو، سروشک و ئاستینی من)ی نیوەدێڕی دووەم کۆی یەکە پێکهێنەرەکانی دێرەکە پێکەوە گرێدراونەتەوە. لە دێڕی دووەمیشدا لەڕێگەی هێنانی هەریەک لە (خاک، خارە، خارا)وە لە نیوەدێری یەکەمداو دواتر دابەشکردنەوەیان بەسەر (ڕەختی خواب، بالشی تەکیە، سەرینی من) پێکەوە بە کرداری (موهەیایە)ی سەرەتای نیوەدێڕی یەکەمی بەیتەکەوە بەستراونەتەوە، بەمەش لە بنیاتی گشتیی هەردوو دێڕەکەدا هاوتەریبییەکی ڕستەیی لە شێوەی هاونشینیی ئەرکی پێکهاتووە، کە بزوێنەری هەستی ئیستاتیکیی وەرگرە.

**لەطیف و سەروقەدد و گوڵ جەبینی**

**حەریف و دڵفەریب و دڵنشینی(ل٩٢٦)**

کۆمەڵێک وشە لە بەشەئاخاوتنی ئاوەڵناو، لەسەر بنەمای لێکچوون لە یەک تایبەتیدا، کە ئەویش بنەمای جوانی و ناسکییە، لەپاڵ یەکدیدا کۆکراونەتەوەو هاونشینکراون، کە بریتین لە: (لەطیف، سەروقەد، گوڵ جەبین، حەریف، دڵفەریب، دڵنشین)، ئەنجا دراونەتە پاڵ (بکەر)ێک، کە بۆ ئەوەش جێناوی لکاوی (ی) کەسی سێیەمی تاک، کە بۆ (یار) دەگەڕێتەوە، بەکارهێنراوە، بەمەش هاوتەریبیی ڕێزمانی لە بنیاتی دێڕەکەدا بەدیهێنراوە.

**وا لە قەبضەی ئیختیاری کافرێکا، کاری من**

**مروەت و ئینصاف و بەخت و دین و ئیمانی نییە(ل٨٨٠)**

لێرەشدا دیسانەوە هاوتەریبییە ڕستەییەکە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی کۆمەڵێک ناو و ئاوەڵناو و هاونشینکردنیان لە ڕستەیەکی شیعریدا پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لە هەردوو ئاوەڵناوی (مروەت و ئینصاف)و ناوەکانی (بەخت، دین، ئیمان)و پێکرا دراونەتە پاڵ ناوی (کافرێک)، کە لە ئەرکی (بکەری)دایە بۆ کرداری ناتەواوی (ە)ی نەرێکراو، کە ئەویش بریتییە کرداری نەرێی (نییە) لە نیوەدێڕی دووەمدا.

**لە پاش دەردی فیراق، ئیتر لە لام دونیا هەموو پەشمە**

**لە عومر و زیندەگی و عەیش و جەوانی، جوملە بێزارم(ل٤٣٨)**

هاونشینکردنی وشەکانی (عومر، زیندەگی، عەیش، جەوانی)ی نیوەدێڕی دووەم، کە پێکڕا لە یەک تایبەتیدا هاوبەشن و هێنانەوەی یەک کردار بۆ هەموویان، کە ئەویش کرداری (ە)ی ناتەواوە بۆ دەمی ئێستا، هاوتەریبیی ڕستەیی لە دێڕەکەدا لێکەوتووەتەوە.

**شەبەهی صەفوەتی سینەت نییە، بێن -فەرضەن- ئەگەر**

**صەدەف و لوئلوء و مەڕمەڕ بکەنە صافی عەجین(ل٦٠٨)**

لە نیوەدێڕی دووەمدا هەریەک لە ناوەکانی (صەدەف، لوئلوء، مەڕمەڕ) کۆکراونەتەوەو بە کرداری (بکەنە صافی عەجین/ بەصافی-عەجینکردن) هاونشینی یەکترکراون و دراونەتەپاڵ ناوی (سینە)، بەمەش هاوتەریبیی ڕستەیی جۆری هاونشینیی ئەرکی دێڕەکەی ڕازاندووەتەوە.

**دڵبەرم وا هات سەحەر، سێ موعجیزە هەمڕاهی بوو:**

**ڕەونەقی خۆر، نووری دیدە، مەرکەبی شەو بوو عەیان**(ل٥٦٥)

لەڕێگەی کۆکردنەوەو هاونشینکردنی هەریەک لە گرێ ناوییەکانی (ڕەونەقی خۆر)، (نوری دیدە)و (مەرکەبی شەو)و دانەپاڵی (دڵبەر)، کە لە ئەرکی بکەریدایە، هاونشینییەکی ئەرکی پێکهێناوەو بەمەش دێڕەکە لە بنیاتێکی هاوتەریبیی ڕستەییدا دەرکەوتووە.

**ئەسپەکەت چەوت و سییەهـ عەینە، وەکوو طالیعی خۆم**

**سەقەت و ساتمەزەن و لاجڵەو و لوقمەبڕێ**

**شێرەت و بەدعەمەل و کەم ڕەوەش و بەدسیرەت**

**سەرکەش و دەم قەویی و ئەستۆکوڵ و پوزەخڕێ**(ل١٠٠٢)

لەم دوو دێڕەشدا هاوتەریبیی ڕستەیی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەوەی چەند ئاوەڵناوێک ئەنجام دراوە، واتە ژمارەیەک ئاوەڵناو لە هەردوو نیوەدێڕە دووەمەکاندا هاونشینی یەکترکراون و ئەنجا سەرجەمیان دراونەتە پاڵ بکەرێک، کە ئەویش گرێیەکی پێکهاتووە لە ناوی (ئەسپ)و مۆرفیمی ڕێزمانیی (ەکە)ی ناسیاوی و جێناوی لکاوی (ت) بۆ کەسی دووەمی تاک. هەڵبەت هەر لەم نموونەیەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بنەمای ڕێکخستنی سیفەتەکانیش بەرجەستە دەبێت، بەوپێیەی کە زۆربەی وشە کۆکراوەکان ئاوەڵناون. هەروەک لەم دێڕەی خوارەوەشدا سەرنجی ئەمە جۆرە بەکارهێنانە ڕستەسازییە دەدرێت:

**هەتا دێم سەر حیسابی دڵ ببم، ڕۆحم دەبا چاوی**

**عەجەب صاحێب فەن و ئەفسوونگەر و پڕ مەکر و سەححارە**(ل٧٥٣)

لە نیوەدێڕی یەکەمدا ناوی (چاو) هاتووە، لە نیوەدێڕی دووەمدا کۆمەڵێک ئاوەڵناوی دراونەتەپاڵ، کە بریتین لە: (صاحێبفەن، ئەفسوونگەر، پڕمەکر، سەححار) بەمەش هاوتەریبییە ڕستەییەکە لەوڕێگەوە ئەنجام دراوە، کە بە ڕێکخستنی سیفەتەکان دەناسرێتەوە. هەر لەم ڕووەوە با بڕوانینە ئەم نموونەی دیکەش:

**کێ بدا غەیری خودا سامانی شێواوی وەها:**

**دەست تەهی، هیممەت بوڵەند، مەطڵەب قەوی، طالیع زەبوون!**(ل٥٩١)

وەک دیارە چەند ئاوەڵناوێک بۆ ناوێک هێنراوەتەوەو هاونشینی یەکترکراون، ئەمەش لەڕووی ڕێزمانییەوە ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵناوی لێدەکەوێتەوە لە بنیاتێکی سینتاکسی گەورەتردا، کە دێڕە شیعرەکە خۆیەتی، هەروەک لەم ڕێکخستنەوەیەدا دەردەکەوێت: (سامانی شێواو: دەست تەهی، هیممەت بوڵەند، مەطڵەب قەوی، طالیع زەبوون.)

**چوارپەلی پانە وەک ترۆزیی چەم:**

**نەرم و باریک و بێ ڕەنگ و لەرزان**

**لەق و سل، کلکی وەک گوڵی هەرزن**

**وەختی لنگدان دەچێتە ناو لنگان**

**چاوی هەر وەک ترێی هەتاوبردوو**

**سیس و بێ ئاو و قووڵ و نابینان**

**ئەسپی تۆ بۆچی خراپە، خاڵی خۆم**

**پاک و بێ عەیب و ساغ و بێ نوقصان**(ل٥٥٧)

لەڕێگەی ڕێکخستنی سیفەتەکانەوە، هاوتەریبیی ڕستەیی پێکهێنراوە، بەوەی لە نیوەدێڕە یەکەمەکاندا ناوەکان هێنراون و لە نیوەدێڕە دووەمەکاندا ئاوەڵناوەکان ڕێکخراون و بۆ وەسفکردنی ناوەکان و پێکهێنانی گرێی ئاوەڵناویی لە فۆرمی دیارخەرو دیارخراویداو هاونشینی یەکترکراون، کە سەرجەمیان ئەرکی تەواوکەریان لە دێڕە شیعرەکاندا پێ بینراوە.

**لە چەرخی حوسنتا هاتن موطابیق**

**شەو و ڕۆژ و هیلال و صوبحی صادیق**(ل٤١٠)

لە نیوەدێڕی دووەمدا وشەگەلی (شەو و ڕۆژ و هیلال و صوبحی صادیق) لە یەک گرێی ڕێزمانیدا ئامادەکراون و پێکەوە هاونشینکراون و دراونەتەپاڵ کرداری (هاتن)، بەمەش بۆ ئەو کۆمەڵە ناوە لە گرێکەدا، یەک کرداری ڕێزمانی هێنراوەتەوەو هاوتەریبییەکەی پێ سازدراوە. بەهەمان شێوە لەم دوو نموونەی لای خوارەوەشدا، ئەو جۆرە لە بەکارهێنانی یەکەی زمانی لە چوارچێوەی بیناتی دێڕە شیعرەکاندا سەرنج دەدرێن:

**خەو و طەرف و فەراغەت زەحمەتە بۆ عاشقی بەدبەخت**

**موژەم یەک یەک لە چاوا بوو بە نێشی خار و خەس ئەمشەو**[ل٦٩٠]

هەروەها:

**سەر و پێچ و دەم و ڕیشی ڕەقیب سەیرکەن، ڕەفیق ئامان!**

**بە چۆکا هاتووە، ئەفگەندەسەر، هەروەک تەرەس ئەمشەو**[ل٦٩١]

لە نموونەی یەکەمدا وشەکانی (خەو، طەرف، فەراغەت) دراونەتەپاڵ گوزارەی (زەحمەتە)، کە پێکهاتووە لە: **{ئاوەڵناوی زەحمەت+ کرداری (ە)ی ناتەواو}**. لە نموونەی دووەمیشدا ژمارەیەک ناو هێنراونەتەوە، کە بریتین لە: (سەر، پێچ، دەم، ڕیش)و وەک بەرکاری ڕستە شیعرییەکە دراونەتەپاڵ کرداری (سەیرکەن)، بەمەش لەڕێگەی ئامادەکردنەوە هاوتەریبیی ڕستەیی لە هەردوو دێڕە شیعرەکەدا پێکهێنراوە. دیسانەوە لەم دێڕەی تریشدا، هاتووە:

**خەمیری خاکی من ئەووەڵ بە بارانی فەرەح نەکرا**

**جەوانی و طیفلیی و پیریم، سەراسەر جوملەگی غەم بوو**[ل٦٣٧]

لەڕێگەی ئامادەکردنی وشەکانی (جەوانی، طیفلی، پیریی) و هاونشینکردنیانەوە، ئەنجا بەهێنانەوەی گوزارەی (غەم بوو)، کە پێکهاتووە لە: **{ئاوەڵناو (غەم)+ کرداری بێهێز (بوو)}** بۆ هەموویان، هاوتەریبیی ڕستەیی لە دێڕە شیعرەکەدا سازکراوە.

**گرتم بە دەست و بەستم تا مەیلی تۆ بە کامە**

**تەسبیحی صۆفییانە، زوونناری کافرانە**[ل٨١٣]

هەریەک لە کردارەکانی (گرتن)و (بەستن) لە نیوەدێڕی یەکەمدا کۆکراونەتەوەو دواتر لە نیوەدێڕی دووەمدا بەسەر گرێ ناوییەکانی (تەسبیحی صۆفییانە)و (زوونناری کافرانە)دا دابەشکراونەتەوە، کە یەکەمیان بە دەستەوە دەگیرێ و دووەمیان بە پشت و کەمەرەوە دەبەسترێت، کەواتە دەتوانین بنیاتی ڕستەکان لەم دوو فۆرمەدا بخەینەوەڕوو: (تەسبیحی صۆفییانەم بە دەستەوە گرت. زوونناری کافرانەم بەپشتەوە بەست.)

**بە جەوری بێ حیساب و لوطفی ئەندەک**

**لە صەد لا زەهر و یەک لا ئەنگەبینی**[ل٩٢٦]

بەهەمان شێوەی نموونەی پێشووو ئەگەر ئەم دێرە شیعرە بکەینەوە بە ڕستەی ئاسایی، دەتوانین لە فۆرمێکی لەم شێوەیەدا بیخەینەوە بەردەست: (تۆ بە جەوری بێ حیساب لە صەد لا زەهریت. تۆ بە لوطفی ئەندەک لە یەک لا ئەنگەبینیت.) بەمەش هاوتەریبیە ڕستەییەکە بەڕوونی دەردەکەوێت، کە لە ئەنجامی هاونشینکردنی دوو گرێی ئاوەڵناویی، لە نیوەدێڕی یەکەمدا، کە ئەرکی تەواوکەری بەیاریدەیان پێ بینراوەو دواتر لە نیوەدێڕی دووەمدا گرێدراونەتەوە بە کرداری ڕستەکەیانەوە، کە ئەویش کرداری (ە)ی ناتەواوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بۆ دەمی ئێستایە، دەرنەکەوتووە.

**سازشی چوار جینس لە چوار نەوع، چوار یار نادەن بە هەم:**

**ئاب و ئاتەش، گورگ و گەللە، عەقڵ و مەستی، عیشق و خەو**(ل٧١١)

هەریەک لە گرێ ناوییەکانی (چوار جینس، چوار نەوع و چوار یار) لە نیوەدێڕی یەکەم و بەستنەوەیان بە گرێ ناوییەکانی دیکەی: (ئاب و ئاتەش، گورگ و گەللە، عەقڵ و مەستی، عیشق و خەو)ی نیوەدێڕی دووەم و بۆ هەمووشیان کرداری (بەهەم نەدان) هێنانەوە، هاوتەریبیی ڕستەیی لە جۆری هاونشینیی ئەرکی پێکهێناوە.

**لە دڵ سۆز و لە سەر شۆر و لە چاو خوێن**

**لە حاڵی خۆم تەعەججوب ماوم ئەمشەو**(ل٦٩٤)

کۆکردنەوەی دەستەواژەکانی (لە دڵ سۆز، لە سەر شۆر، لە چاو خوێن) لە نیوەدێڕی ئەکەمدا، کە سەرجەمیان لە ڕووی بنیاتی ڕستەسازییەوە پێکهاتوون لە: (**ئامرازی پەیوەندیی+ دیارخەر+ دیارخراو**) جگە لەوەی کە هەریەکە لەوانە لەگەڵ یەکتردا لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە هاوتەریبی یەکترن، لەهەمان کاتدا لەگەڵ گرێی جێناویی (لە حاڵی خۆم)دا هاوتەریبییان پێکهێناوە، بەوەی کە سەرجەمیان دراونەتەپاڵ کرداری (تەعەججوب ماوم)، بەمەش هەردوو نیوەدێڕەکە لەڕووی ئەرکی ڕیزمانیی یەکە زمانییەکانیانەوە هاوتەریب دەبنەوە.

**هاتنە ناو کۆزیلەکەوە، چەندێک سەلامەت چوونەدەر**

**بەعضێ کوژران، جوملەیێ گیران و چەندێ ڕووت کران**(ل٥٤٦)

لەم دێڕەشدا دیارە، هاوتەریبیە ڕێزمانییەکە لەنێوان یەکەی زمانیی (هاتنەناو)و (چوونەدەر)ی نیوەدێری یەکەم و بەستنەوەیان بە (بەعضێ کوژران، جوملەیێ گیران، چەندێ ڕووت کران) لە

نیوەدێڕی دووەمدا پێکهێنراوە، کە بە تێڕوانینە تەقلیدییەکەی ڕەوانبێژیی دێرین، جۆرێک لە کۆکردنەوەو دابەشکردنی یەکە زمانییەکانی لەخۆگرتووە.

**چنیی، گرتی، گەزیی، بۆی کرد و لای دا:**

**بەنەفشە و سونبول و سێب و گوڵ و نار**(ل٢٧٣)

بەهەمان شێوە هاوتەریبیی ڕستەیی لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکانی هەردوو نیوەدێڕەکەدا بنیاتنراوە، بەوەی لە یەکەمیاندا کردارەکانی (چنی، گرتی، گەزیی، بۆی کرد، لای دا) لەڕێگەی کۆکردنەوەوە هێنراونەتەوەو هاونشینکراون و دواتر بەسەر (بەنەفشە، سونبول، سێب، گوڵ و نار)ی نیوەدێڕی دووەمدا دابەشکراونەتەوە، ئەمەش هاوتەریبکردنی چەند ڕستەیەکە لەڕووی بنیات و ئەرکی یەکە زمانییە پێکهێنەرەکانەوە.

**هەموو جار چواردە یاپراخ و دوو جووت نانی قەوی**

**بای دەدا، لوولی دەدا، قووتی دەدا، میثلی دەواب**(ل١٥٢)

گرێ ناوییەکانی (چواردە یاپراخ)و (دوو جووت نان) لە نیوەدێڕی یەکەمدا هێنراونەتەوەو لە ئەرکی بەرکاریدا هاونشین کراون و دراونەتەپاڵ کردارەکانی نیوەدێڕی دووەم، کە بریتین لە (بای دەدا، لوولی دەدا، قووتی دەدا)و هەمووشیان لەڕووی بنەمای لێکچوونەوە هاونشینیی ئەرکییان پێکهێناوە، ئەمەش بنیاتە هاوتەریبەکەی لە دێڕەکەدا لێ بەرهەم هاتووە.

**دووەم/ جێنشینیی ئەرکی:** ئەوەی جێی سەرنجە هاوتەریبیی ڕستەیی لە جۆری جێنشینیی ئەرکی لە شیعرەکانی سالمدا بەرچاو ناکەوێت، بەدەر لەم دێڕەی لای خوارەوە، کە دەرکمان پێ کردووە، ئەویش لە نیوەدێڕی دووەمی دێڕەکەدا دەردەکەوێت، هەروەک لەڕێگەی هێڵ-بەژێردا-هێنانەوە دەستنیشانمان کردووە:

**کەسێکم ناردە دووی دڵبەر، یەکێ چوو بادە حاضر کا**

**نە ئەو هات و ئەمی هێنا، <u>نە ئەم زوو دێت و ئەو دێنێ</u>!**(ل٢٠٢٤)

**سێیەم/ هەمان بنیاتی ڕستەسازیی:** یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی کە هاوتەریبیی ڕستەیی لە دەقی شیعردا لێدەکەوێتەوە، بریتییە لە دووبارەکردنەوەی هەمان بنیاتی ڕستەسازیی (دووبارەکردنەوەی ڕۆنانی سینتاکسی)، کە لەم جۆرەیاندا هاوشێوەبوونێکی تەواوەتی لەڕووی

ئەرکە ڕێزمانییەکانی هەر دانەیەکی زمانیی بەشداربوو لە بنیاتی دێڕ یان نیوەدێڕەکاندا بەدیدەکرێت.

**شەپۆلی بەحری ئەشکم تەڕ دەکا پشتی سەمەک ئەمشەو**

**صەدای ڕەعدی فیغانم کەڕ دەکا گۆشی فەلەک ئەمشەو**(ل٦٩٢)

دروستەی ڕستەسازیی هەردوو نیوەدێڕەکە بریتییە لە: (بکەر+ کار+ بەرکار+ تەواوکەر)و وەک دەبینین لەڕێگەی ئەو ڕۆنانەوە، هاوشێوەبوونێکی تەواوەتیی لەنێوان هەردوو نیوەدێڕەکەدا لەڕووی یەکەی زمانی و ئەرکی ڕێزمانییانەوە بەدیهێنراوە. واتە لەڕووی چۆنێتیی ڕۆنانی ئەو یەکە زمانییانەوە لەنێو دروستە سینتاکسییەکەدا، هەروەک لە ڕووی دەنگی و عەرووزیشەوە هاوشێوەن، واتە هاودەنگی و ڕێککەوتنی زۆر لەنێوان دانە زمانییەکانی هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، جگە لەوەی لەڕووی دەلالیشەوە یەکە پێکهێنەرەکانی بنیاتەکە، هاوتەریبییەکی تۆکمەیان لەنێواندا هەیە، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی ئەو گونجان و هاوتابوونەیە، کە بنەمای یەکسانی و هاوشێوەییەکەی لەم دێڕە شیعرەدا پێکهێناوە.

ئەگەر ئەم دێڕە وەک نموونەیەکی تایبەتی وەربگرین و لەڕووی پێکهاتەی ڕستەسازییەوە شیکردنەوە بۆ دانە پێکهێنەرەکانی بکەین، دەبینین بنیاتەکە تا ئاستی بچووکترین یەکەو وردترین ئەرکی ڕێزمانیش هاوتەریبییەکەی تێدا پارێزراوە. هەروەک لەم خشتەی لای خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

| شیکردنەوەی ڕۆنانی سینتاکسی نیوەدێڕی یەکەم | | شیکردنەوەی ڕۆنانی سینتاکسی نیوەدێڕی دووەم | |
|---|---|---|---|
| شەپۆل | ناوە، دیارخراوە. | صەدا | ناوە، دیارخراوە. |
| ی | ئامرازی خستنەسەرە. | ی | ئامرازی خستنەسەرە. |
| بەحر | ناوە، دیارخەرە. | ڕەعد | ناوە، دیارخەرە. |
| شەپۆلی بەحر: | گرێی ناوییە، دەرخراوە. | صەدای ڕەعد | گرێی ناوییە، دەرخراوە. |
| ی | ئامرازی خستنەسەر. | ی | ئامرازی خستنەسەر. |
| ئەشک | ناوە، دیارخەرە، دیارخەری گرێی ناوییە. | فیغان | ناوە، دیارخەری گرێی ناوییە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| م | جێناوی لکاوە، بۆ کەسی یەکەمی تاک، دیارخەری گرێی ناویی (شەپۆلی بەحری ئەشک)ە. | م | جێناوی لکاوە، بۆ کەسی یەکەمی تاک، دیارخەری گرێی ناویی (صەدای ڕەعدی فیغان)ە. |
| شەپۆلی بەحری ئەشکم | بکەرە. | صەدای ڕەعدی فیغانم | بکەرە. |
| تەڕدەکا | کرداری ڕانەبردووی تێپەڕە، لێکدراوە. | کەڕدەکا | کرداری ڕانەبردووی تێپەڕە، لێکدراوە. |
| پشت | ناوە، دیارخراوە. | گۆش | ناوە، دیارخراوە. |
| ی | ئامرازی خستنەسەرە. | ی | ئامرازی خستنەسەرە. |
| سەمەک | ناوە، دیارخەری ناوی (پشت)ە. | فەلەک | ناوەی، دیارخەری ناوی (گۆش)ە. |
| پشتی سەمەک | گرێی ناوییە، بەرکارە. | گۆشی فەلەک | گرێی ناوییە، بەرکارە. |
| ئەمشەو | ئاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری سەربەخۆیە. | ئەمشەو | ئاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری سەربەخۆیە. |

بەهەمان شێوە لەم دێڕە شیعرانەی دیکەیشدا لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی هەمان ڕۆنانی سینتاکسییەوە، هاوتەریبیی ڕستەییان تێدا بەدیهێنراوە:

**موزدی ڕەنجم، کە بدەی، نەقدی ویصاڵم طەڵەبە**

**ئەجری هیجرم، کە بدەی، باغی جەمالم طەڵەبە**[ل٧٣٦]

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| موزد | ی | ڕەنج | م | کە | بدە | ی | نەقد | ی | ویصاڵ | م | طەڵەب | ـە |
| ئەجر | ی | هیجر | م | کە | بدە | ی | باغ | ی | جەماڵ | م | طەڵەب | ـە |

لێرەوە لەبەر ڕوونی و ئاشکرایی بنیاتی هاوتەریبی هەمان ڕۆنانی سینتاکسی لە نموونەکاندا، بە پێویستی نازانین، شیکردنەوە ڕێزمانییەکانیان بخەینەڕوو، بەڵکوو تەنها بە هێنانەوەی دێڕە شیعرەکان و خستنەڕووی نەخشەی هاوتەریبییەکە دەیبڕینەوە:

(١)

**شەهرێکە پڕ لە ظولم و مەکانێکە پڕ لە شین**

**جاییێکە پڕ لە شۆڕ و وڵاتێکە پڕ لە شەڕ**(ل٣٣٨)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەهرێکە | پڕ | لە | ظولم و | مەکانێکە | پڕ | لە | شین |
| جاییێکە | پڕ | لە | شۆڕ و | وڵاتێکە | پڕ | لە | شەڕ |

(٢)

**ئەی جان بە فیدای نوکتەیی شیرینی دەهانت**

**وەی سەر بە نیثاری قەدەمی پەیکی پەیامت**(ل٢٠٢)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەی | جان | بە | فیدای | نوکتەی | شیرینی | دەهانت |
| وەی | سەر | بە | نیثاری | قەدەمی | پەیکی | پەیامت |

(٣)

**قامەتت سەرووی ڕەوانە، بە حوسەین**

**عاریضت باغی جینانە بە حوسەین**(ل٦١٢)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| قامەتت | سەرووی | ڕەوانە | بە | حوسەین |
| عاریضت | باغی | جینانە | بە | حوسەین |

(٤)

**ژەهرە موڵ بێ ڕووت بە (والله العظیم)**

**خارە گوڵ بێ بووت بە (بالله الکریم)**(ل٤٩٥)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژەهرە | موڵ | بێ | ڕووت | بە | والله العظیم |
| خارە | گوڵ | بێ | بووت | بە | بالله الکریم |

(٥)

**پەنجە بۆ تەصویری ئەبرووت، پەیڕەوی مانی دەکا**

**خامە بۆ زەنجیری گێسووت، عەنبەرئەفشانی دەکا**(ل١٠٣)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پەنجە | بۆ | تەصویری | ئەبرووت | پەیڕەوی | مانی | دەکا |
| خامە | بۆ | زەنجیری | گێسووت | عەنبەر | ئەفشانی | دەکا |

(٦)

**سەرفگەندەی دیدەتە ئاهووی خەتا**

**پایەماڵی لەنجەتە سەرووی ئیرەم**[ل٤٥٧]

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سەرەفگەندە | ی | دیدەتە | ئاهوو | ی | خەتا |
| پایەماڵ | ی | لەنجەتە | سەروو | ی | ئیرەم |

(٧)

**خاکی دەرگات سورمەیە بۆ چاوی تار**

**ماچی لێوت دارووە بۆ دەرد و غەم**[ل٤٥٧]

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| خاک | ی | دەرگات | سورمەیە | بۆ | چاوی تار |
| ماچ | ی | لێوت | دارووە | بۆ | دەرد و غەم |

(٨)

**(قەیس)ی تۆن کوللەن لە غەم زومرەی عەرەب**

**(شەمس)ی تۆن جەمعەن بە هەم ئەهلی عەجەم**[ل٤٥٧]

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەیس | ی | تۆن | کوللەن | لە | غەم | زومرە | ی | عەرەب |
| شەمس | ی | تۆن | جەمعەن | بە | هەم | ئەهل | ی | عەجەم |

(٩)

**غەیری سەوداوو خەفەت، ئەم سەرە سامانی نییە**

**غەیری تەسلیم و جەفا، ئەم دڵە دەرمانی نییە**[ل٨٨٢]

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| غەیر | ی | سەودا | و | خەفەت | ئەم | سەرە | سامانی | نییە |
| غەیر | ی | تەسلیم | و | جەفا | ئەم | دڵە | دەرمانی | نییە |

## (١٠)

**ڕوخت بۆ مووسەیی دڵ ئاتەشی طوور**

**دەمت بۆ دەردی من عیسایی مەریەم**(ل٤٦٦)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕوخت | بۆ | مووسەیی | دڵ | ئاتەشی | طوور |
| دەمت | بۆ | دەردی | من | عیسای | مەریەم |

## (١١)

**بە خەمیازەی صەفای مەستی، مەدە تەن بۆ خەوی غەفڵەت**

**بە ئەندازەی هەوای هەستی، مەدە سەر بۆ شەڕی ئەعدا**(ل٢٥)

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بە | خەمیازە | ی | صەفا | ی | مەستی | مەدە | تەن | بۆ | خەو | ی | غەفڵەت |
| بە | ئەندازە | ی | هەوا | ی | هەستی | مەدە | سەر | بۆ | شەڕ | ی | ئەعدا |

## (١٢)

**زوڵفی تۆ موو بە موو خەریکی خەمە**

**دڵی من توو بە توو غەریقی غەمە!**(ل٦٧٥)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| زوڵف | ی | تۆ | موو بە موو | خەریک | ی | خەمە |
| دڵ | ی | من | توو بە توو | غەریق | ی | غەمە |

## (١٣)

**ئابی حەیاتی منە، بۆسەیی لێوی حەبیب**

**حاڵی مەماتی منە، دیدەنی ڕوویی ڕەقیب**(ل١٥٩)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاب | ی | حەیات | ی | منە | بۆسەیی | لێو | ی | حەبیب |
| حاڵ | ی | مەمات | ی | منە | دیدەنی | ڕووی | ی | ڕەقیب |

(١٤)

**دیدەنی ئەبرووپی تۆ، قیمەیی شەهری صەفەر**

**دیدەیی جادوویی تۆ، مایەیی حیلە و فەریب**(ل١٥٩)

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیدەن | ی | ئەبرۆی | ی | تۆ | قیمەیی | شەهر | ی | صەفەر |
| دیدەی | ی | جادووی | ی | تۆ | مایەیی | حیلە | و | فەریب |

بەدەر لەو نموونانەی تا ئێرە خرانەڕوو، هاوتەریبی ڕستەیی لەسەر ئاستی هاونشینیی ئەرکی بە دووبارەکردنەوەی هەمان ڕۆنانی سینتاکسی لە شیعرەکانی سالمدا بە شێوەی ناتەواویش بەرچاو دەکەوێت، واتە هاوتەریبییەکە لە بەشێکی دێڕەکەدا پێکهاتووە، وەک لەم نموونانەی لای خوارەوە سەرنجمان داون:

**- بەشە هاوتەریبەکە لە کۆتایی هەردوو نیوەدێڕەکەوە:**

(١)

موڕادم حاڵی خۆمە، **گەر حەدیثی شۆری بولبول کەم**

ئیشارەی ڕووی تۆیە، **گەر بەیانی نازکیی گوڵ کەم** (ل٤٧٩)

(٢)

هونەرمەندی نییە بۆ دام، ئەگەر **یەک دەفعە ماهیی گرت**

خەمی زوڵفی پەرێشانت بە موو **صەد دەفعە ماهی گرت** (ل١٧٦)

(٣)

بە ئەبەد جێگەیی من **مەنزڵی جانانە نییە**

ئاینەخانەیی شەهـ ، **مەسکەنی دێوانە نییە** (ل٨٧٥)

(٤)

شەهدی لەبی لەعلی یار، **قیمەتی شەککەر شکا**

دیدەیی مەستی نواند، **ساغەری عەبهەر شکا**(ل٩٣)

(٥)

طەریقی عیشقت ئەر بەردەم، **خەجاڵەت بم لە مەحشەردا**

نەنووسرابم لە پێتا، گەر ئەزەل، **حەک بم لە دەفتەردا**(ل٥٨)

(٦)

بە ڕەنگی کاغەزی بێ خەط **سفیدە چاوی تاریکم**

وەکوو زوڵفی پەرێشانت **سیاهە بەختی ئەدبارم**(ل٤٣٧)

(٧)

شەو هاتەوە، من **بێ دڵ و مەجنوونی کەسێکم**

ماتەمزەدەوو **بێ خود و مەحزوونی کەسێکم**

(٨)

نەما ڕەنگم، **بەبێ دیداری ئەحمەد**

چ دڵتەنگم، **بەبێ ڕوخساری ئەحمەد**(ل٢٦٥)

**- بەشە هاوتەریبەکە لە سەرەتای هەردوو نیوەدێڕەکەدا:**

(١)

**هەرچی نییەتت بوو**، نیگەهت دڵمی بەڵەد کرد

**هەرچی نییەتم بوو**، بە موژەت دڵ خەبەری دا(ل٨٦)

(٢)

**هەرچی عومرم هەیە بێ تۆ** سەکەراتی مەوتە

**هەرچی ڕۆژم هەیە بێ تۆ** شەوی یەلدایە هەموو(ل٦٨٥)

(٣)

**تۆ هەر ئەوەی کە چاوت** جەرگی بڕیم بە ئیما

**من هەر ئەوەم کە عیشقت** کردوومی وێڵی شاران[ل٥٠٣]

(٤)

**شادیی و غوصصەیە بۆ دڵ**، ڕوخی دڵدار و ڕەقیب

**طەرەب و ئەندووهە بۆ بولبول ی** شەیدا، گوڵ و خار[ل٢٩٢]

**- بەشە هاوتەریبەکە لەنێوان دوو لەتی نیوەدێڕی یەکەمدا:**

(١)

**جەوری وەصڵت شەرەرە** و **حاڵی فیراقت سەقەرە**

مەنزڵم هەردوو لە نارە، چ لەوێ بم چ لەمێ![ل١٠١٣]

(٢)

**ئەم دەڵێم وەک قەددی تۆیە**، **ئەو دەڵێم وەک ڕوویی تۆ**

گەر لەبەر سەروا قەبا بێ، وەر لەسەر مەهـ بێ کولەهـ[ل٨٥١]

(٣)

**نە فەرهاد گەییە شۆری من، نە شیرین گەییە حوسنی تۆ**

لە دڵ من نەقشی تۆم هەڵکەند و ئەو کێشای بە ڕووی بەردا[ل٥٧]

(٤)

**تۆ ناتەوان و مسکین**، **دوشمن قەویی و مونعیم**

(سالم) لە عەهدی وادا، کوا چارە، جوز مودارا[ل٨٠]

**- بەشە هاوتەریبەکە لەنێوان دوو لەتی نیوەدێڕی دووەمدا:**

(١)

قەدیم جانبازی ڕێی عیشقم، لەمەولا تازە لانادەم

**ئەگەر لوطفت موجەددەد بێ**، **وەگەر قەهرت تەقەددوم بێ**[ل٩٧٨]

(٢)

خەرمەنی حوسنە عوزاری دڵبەرم، ئەمما درێغ

**لوطف و ڕەحمی دانە دانە**، **جەور و ظولمی مەن مەنە!**(ل٨٢٣)

(٣)

ویصالت بۆ هوزاری دڵ، حەدیقەی بیم و ئومێدت

**لە ڕووت غونچەی وەفا ظاهیر**، **لە خووت خاری جەفا مانیع**(ل٤٠١)

(٤)

دڵی ساحیر، لەبەر زوڵف و زەنەخ، ناگاتە ڕووخسارت

**لە یەک سوو حەلقەیی ئەفعا**، **لە یەک سوو چاهی هارووتە**(ل٧٤٣)

(٥)

بازووتە هەردوو جێی پوول، زانیومە چەند عەزیزن؟

**(مودخەل) فیدای یەمینت**، **(ئەشعەث) فیدای یەسارت**(ل١٧٢)

(٦)

خۆشا ئەشکێ بە یادی لەعلی تۆ بڕژێتە صەحرایێ

**هەموو سەنگێکی یاقووتە**، **هەموو خاکی نەمەکزارە**(ل٧٥٧)

(٧)

هیممەت کە چابوکانە بە ئیجرایی مەطلەبم

**لەمسەر بڕۆ وەکوو بەرید** و **لەوێ بێ وەکوو تەتەر**(ل٣٣٣)

# تەوەری چوارەم

## هاوتەریبیی واتایی بە نموونەی شیعری سالم

دانە زمانییەکان لە دەقی شیعردا لە چنینێکی تۆکمەی پێکەوەگونجاودا بنیات دەنرێن و وەک جەستەیەکی یەکپارچەی ئیستاتیکی دەردەکەون، کە لەڕێگەی ئەو پەیوەندییە هارمۆنی و ئیستاتیکییەشەوە یەکەم دەرکەوتەی دەقی داهێنەرانە خۆی نیشان دەدات، کە خۆی لە گونجانی نێوان ڕیتمی دەنگی و ڕیتمی واتاییدا دەبینێتەوە، ((پەیوەندیی نێوان وشە و واتاکانیان ڕۆڵ دەبینێت لەلایەنی جوولە و گۆڕان و بونیات و مەدلولەوە...))(ئەحمەد، ٢٠١٣، ٢٥٦) بە جۆرێک کە دەتوانین پەیوەندیی نێوان دەنگ، کە پێکهێنەری وشەیە لەگەڵ واتادا، کە گەیەنەری مەبەستە بکەین بە هەوێنی تێگەیشتن لەم بابەتەو ئاماژە بەوە بدەین، کە شیعر وەک دەقی ئەدەبی، ڕووبەرێکی زمانیی لەو جۆرەیە، کە تێیدا پێوەندیی نێوان دەنگ و واتا لە پەیوەندییەکی شاراوەو نادیارەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی دیارو تاڕادەیەک ئاشکرا، شاعیر لەڕێگەی ڕستە شیعرییەکانییەوە هەوڵدەدات سوود لەو پەیوەندییە وەربگرێت لە بنیاتنانی ڕیتمی ناوەوەی دەقەکەی و جۆرە تەکنیکێک بەکاردەهێنێت، کە تێیدا لێکدانەوەو واتای گوزارەکان لەگەڵ ئەو دەنگانەی خوێنەر دەیانبیستێت جۆرە ترپەو زرینگانەوەیەکی تایبەتی هەبێت، دیارە لەم پرۆسەیەشدا ڕۆنانی سینتاکسی دەوری خۆی دەبینێت، بەوەی ((ڕستە لەنێو شیعردا ڕۆڵێکی کاریگەرتری دەبێت لەڕووی بەخشینی دەلالەتێکی شیعری لەڕێی ئاوێتەبوونی دەلالەتی واتایی وشەکانی نێو ڕستەکە.))(کەلاری، ٢٠١١، ٨٧)

بەم جۆرە ئەوەی پێی دەگوترێت مۆسیقای شیعری لەگەڵ واتادا و لە یەک کاتدا هاوتەباییەک لە دەقدا دروست دەکەن، کە خزمەت بە مەبەست و پەیامەکەی دەکەن. هەروەک (د.دڵشاد عەلی) لەم بارەوە دەڵێت: ((کێڵگەی واتایی دەقیش بۆخۆی، تۆڕێکی چنراوی تایبەتە و لەڕێگای کارکردنێکی تایبەت لە زماندا، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تۆڕی ئاوازەیی دەقی بەجێ دێڵێ.))(عەلی، ٢٠١٦، ٦٤) لەم ڕوانگەوە باشترین مۆسیقای شیعریی ئەوەیە، کە لەگەڵ واتادا بگونجێت، چونکە ((مەسەلەی ئاوازو ڕیتمیش لە زۆر ڕوودا بەرەو دەلالەت و واتا دەکشێن، بۆیە هەموو ئەمانە هێماو دەلالەتی قووڵی شیعرایەتییان تێدا بەرجەستە دەبێت.))(دەشتی، ٢٠١٢، ١٩٧)

مۆسیقا بەدەر لە ئەرکی جوانکاریی و ڕەونەقدان بە دەق، هاوکات ئەرکی گەیاندنی واتایشی دەکەوێتەسەر. چەندە مۆسیقاو واتا گونجان و تەبایی لەنێوانیاندا هەبێت، ئەوەندەو زیاتر دەقەکە کاریگەریی لەسەر وەرگر دەبێت، چونکە ((ئەرکی تایبەتیی شیعر- وەک شتێکی جودا لە

مۆسیقا، گواستنەوەی کێش و ئاواز نییە، بەڵکوو گواستنەوەی مانا یان ئەزموونە بەهۆی ئاوازەکانەوە.))(پیرین، ٢٠٠٨، ٩٠) لەڕێگەی پەیبردن بە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان هاوکات دەرک بەو گونجانە ئاوازەییەش دەکەین، کە لە ئەنجامی پەیوەندییە دەلالییەکانەوە پێکیانهێناوە، هەروەک لە نموونەکانی لای خوارەوە سەرنج دەدرێت:

**بە ئەبەد جێگەیی من مەنزڵی جانانە نییە**

**ئاینەخانەیی شەهـ، مەسکەنی دێوانە نییە**

**ساقییا ساغەری من خومرەیە، نەک ڕەطڵی سەبوک**

**دەرخوری مەستیی من شیشەوو پەیمانە نییە**(ل٨٧٥)

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە (جێگە، مەنزڵ) هاوسیمای یەکترن و لەگەڵ (مەسکەن)ی نیوەدێڕی دووەم و لە ئاستی ستوونیدا هەمان پەیوەندیی واتایی پێکەوەیان گرێدەدات. لە نیوەدێڕی دووەم و لە ئاستی ئاسۆییدا (شەهـ، دێوانە) دژیەکن. هەر لەهەمان دێڕدا هەریەک لە (ساقی و ساغەر، خومرەو ڕەطڵ) هاوسیمای یەکترن و هاوکات هەمان پەیوەندیی واتایی، کە بۆخۆی لەنێوان هەریەک لە (شیشە، پەیمانە)ی نیوەدێڕی دووەمدا هەیە، دیسانەوە لە ئاستە ستوونییەکەدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

**گرتم بە دەست و بەستم تا مەیلی تۆ بە کامە**

**تەسبیحی صۆفییانە، زووننارى کافرانە**

**گەهـ دڵ لە سەیری دەیرە، گاهێ موقیمی مەسجید**

**مەقصوودی ئەصڵیی من تۆی، ئێرە و ئەوێ بەهانە**(ل٨١٣)

لە ئاستی ئاسۆییداو لە نیوەی یەکەمی دێڕی یەکەمدا هەریەک لە (گرتم، بەستم) وەک دوو کرداری ڕێزمانیی گەردانکراوی دەمی ڕابردوو هاوسیمای یەکتر دەبن. لە نیوەی دووەمی دێڕەکەشدا هەریەک لە (تەسبیحی صۆفییانە، زووننارى کافرانە) لەلایەکەوە دژو لەلایەکی ترەوە هاوسیمای یەکتردەبن، واتە: دژیەکن چونکە لە ڕووی بیروباوەڕەوە (صۆفی و کافر) لەگەڵ یەک تەباو گونجاونین، هاوبەش و هاوسیمایشن بەوەی کە هەریەک لە (تەسبیح و زووننار) نیشانەو سیمای جیاکەرەوەی دوو بیروباوەڕی جیاوازی ئاینین و بەوەش دەتوانین لە یەک خانەی زمانەوانیدا کۆیان بکەینەوە. لە نیوەدێڕی دووەمداو لەهەمان ئاستی ئاسۆییدا هەریەک

له (مەسجید، دەیر) لەهەمان پێگەی واتایی (تەسبیح و زوونار)ی دێڕی یەکەمدا دەبن بەوەی کە هەریەک لەوانە شوێنی تایبەتی -دیسانەوە- بیروباوەڕی ئاینیی جیاوازن، کەواتە لەلایەکەوە دژیەکن لەلایەکی تریشەوە هاوسیماو هاوبەش دەبنەوە. هەر لەم ئاستەداو لە نیوەدێڕی دووەمی هەمان دێڕدا، پەیوەندیی واتایی لەسەر بنەمای هاوسیمایی لەنێوان (من و تۆ) لەلایەک و (ئێرەو ئەویّ) لەلایەکی ترەوە هەیە، کە هەریەک لەو جووتانە سەر بەهەمان بەشەئاخاوتنن، واتە یەکەم جێناوی سەربەخۆن و دووەم ئاوەڵکاری شوێنین. هەرچی لە ئاستی ستوونیی هەردوو دێڕەکەشدایە، ئەوا دانە زمانییەکانی (گرتم، بەستم)و (تەسبیح، زوونار) لەلایەک و (دەیر، مەسجید)و (من، تۆ)و (ئێرە، ئەویّ)یش لەلایەکی ترەوە، جگە لەوەی لەناوخۆیانداو هاوکات هەریەک لە ئاستە زمانییەکەی خۆیدا بەجیا، دژیەکی و پێچەوانەیی دەنوێنن، دیسانەوە هەریەکەشیان وەک جووتەوشە، لەگەڵ ئەویتریاندا لەهەمان پەیوەندیی واتایی دژیەکی و پێچەوانەیی، نیوەدێڕو دێڕەکانیان بەیەکەوە گرێداوەتەوە.

**له بیّ شەوقیی سولووکی تۆ، بە جاریّ مەقصەدم گوم کرد**

**بە شوعلەی شەوقی مەی بمبەن هەتا دەرگایی مەیخانە**

**له ڕووتا موئمین و تەرسا لە وەصف هەردوو صیدیقین**

**چەلیپای زوڵف و نووری طەلعەتت جێی کوفر و ئیمانە(٨١٠)**

لە ئاستی ئاسۆیی و لە دێڕی یەکەمدا هەریەک لە (سلووک، مەقصەد)ی نیوەدێڕی یەکەم و (شوعلە،- شەوق)ی نیوەدێڕی دووەم پەیوەندیی هاوسیماییان لەنێواندایەو لەگەڵ یەکتر تەبان، بەڵام (مەی- مەیخانە)ی نیوەدێڕی دووەم و هەر لەو ئاستەدا لەگەڵیەک پەیوەستن، هەرچی دێڕی دووەمەو لە ئاستی ئاسۆییدا، دانە زمانییەکانی (موئمین، تەرسا)ی نیوەدێڕی یەکەم لەگەڵ و (کوفر، ئیمان)و (چەلیپا، نوور)ی نیوەدێڕەکەی دواتریدا، پەیوەندیی دژایەتی کۆیان دەکاتەوە. لەهەمان کاتدا هەریەک لە (سلووک، مەقصەد، نوور، ئیمان، موئمین)و (چەلیپا، کوفر، تەرسا، گوم) لەناو خۆیاندا پێکەوە پەیوەستن لەبەرانبەر یەکتریش لە پەیوەندیی دژایەتیدان، بۆیە هەردوو جۆری هاوتەریبیی دژیەکی و جووتبەندییان لیّ بەرهەم هاتووە. لەلایەکی تریشەوە لە ئاستی ستوونیی هەردوو دێڕەکەدا، پەیوەندیی دژیەکی و پێچەوانەیی بەیەکەوەیان گرێدەداتەوە، بەمەش لە چنینێکی هونەرییانەی شیعرسازدا، یەکە زمانییەکان تانوپۆی بنیاتەکەیان پیّ تەنراوەو ئاستی واتایی لە دەقەکەدا گەیشتووە بە لووتکەی دەلالیی خۆی.

میان زەنبووری من قەت شەهدی بێ تەڵخی بە کەس نادا

بە قەد صافیی عەسەل دایم لەگەڵ ئەم شانە نێشانە

ڕەفیقت دڵ قووبوڵ ناکا، ڕەقیب لێم لادە توو دینت

حەبیبی من لەگەڵ تۆ وەک ئەنیسی کرم و شیلانە(ل٨٠٨)

لە ئاستی ئاسۆیی دێڕی یەکەم، هەریەک لە (شەهد، تەڵخ)ی نیوەدێڕی یەکەم دژیەکیان پێکهێناوە، بەڵام (عەسەل، شانە)ی نیوەدێڕی دووەم لەگەڵ یەک پەیوەست و جووتبەندن. هەر لەو ئاستەی دێڕی دووەمدا، (ڕەفیق، ڕەقیب) دژیەکن و (حەبیب، ئەنیس)یش هاوسیما جووتبەندن، جگە لە (کرم، شیلانە)، کە پەیوەندیی دژیەکیان لەنێواندایە. لە ئاستی ستوونیی دێڕی یەکەم، هەریەک لە (زەنبوور، نێش)ی نیوەدێڕی یەکەم و (شەهد، عەسەل)ی نیوەدێڕی دووەم لەناوخۆیاندا جووتبەندی یەکترن، بەڵام لەگەڵ یەکتردا دژیەکن، لەهەمان ئاستی دێڕی دووەمیشدا (ڕەفیق، حەبیب)و (ڕەقیب، ئەنیس) لەناویەکدا دژیەک و لەگەڵ یەکتردا پێچەوانەن. بەم جۆرەش تانوپۆی دەقەکە بەشێوەیەکی هونەریی جوان چنراوەو واتایەکی تۆکمەی بەدەستەوە داوە.

صاحیبی غەدر و فسوونە، مادەری مەککاری دەهر

(بعد ازین) نابێ بە فەرزەندێکی وەک تۆ حامیلە

شینە یا شادی لە کولبەی سینەتا (سالم) بڵێ

دێتە گوێم دایم بە ڕۆژ و شەو نەفیر و غولغولە(٧٩١)

لە نیوەی یەکەمی دێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆیی لەنێوان (صاحێب فسوون، مەککار)دا پەیوەندیی هاوواتایی هەیە، لەنێوان (غەدر- دەهر)یشدا پەیوەندییەکە جووتبەندییە، هەریەک لە (فەرزەند، حامیلە)ی نیوەدێڕی دووەمیش دیسانەوە پەیوەندیی جووتبەندییان لەنێواندایە، هەروەک چۆن دیسانەوە هەمان پەیوەندیی، بەڵام ئەمجارەیان لە ئاستی ستوونیی دێڕەکەدا (مادەرو حامیلە)ی پێکەوە گرێداوەتەوە. لە دێڕی دووەم و لە ئاستی ئاسۆییدا، لەنێوان هەریەک لە (شین، شادی)ی نیوەی یەکەمدا پەیوەندیی دژیەکی هەیە، لە نیوەی دووەمی هەمان دێڕیشدا هەریەک لە دانە زەمانییەکانی (ڕۆژ، شەو) هەمان پەیوەندیی دژیەکی پێکەوەی بەستوونەتەوە،

هەرچی (نەفیر، غولغولە)یشـە، پەیوەندیی هاوواتاییـان لەنێواندا هەیـە. بەمـەش هـەردوو دێڕەکە لەسەر بنەمای پەیوەندییە واتاییە ئاماژەپێدراوەکان لە هاوتەریبییەکی واتایی تۆکمەدایە.

**ڕامی خۆی کردم لە ئەووەڵدا بە عیشوە، چاوی مەست**

**دەست و پای بەستم بە سیحر و کەید و ئەفسون عاقیبەت**(ل٢٢٩)

لە ئاستی ئاسۆییدا (عیشـوە، مەسـت)ی نیوەدێڕی یەکـەم هاوسـیمان، لـە نیوەدێڕی دووەمیشـدا هەریەک لە (دەست، پا)و (سیحر، کەید، ئەفسـوون)یش بەهـەمان شـێوە هاوسـیماو هاوڕەگـەزن، دەکرێ پەیوەندییە واتاییەکەی نێوان (دەست، پا)یش لەسـەر بنـەمای جووتبەنـدیی دیـاری بکـەین بەوپێیـەی زۆرجـار وەک دوو یەکـەی زمـانی لـە بەکارهێنانـدا پێکـەوە دێـن، بـەڵام لـە ئاسـتی ستوونیدا هەریەک لە (ئەووەڵ)ی نیوەدێڕی یەکەم و (عاقیبەت)ی نیوەدێڕی دووەم هەم دژیـەک و هەمیش هاوسیماو جووتبەندی یەکترن.

**موژگان و ئەبرۆیی تۆ: ئەم تیر و ئەو کەمانە**

**سینە و دڵی فگارم: ئەم صەیدە، ئەو نیشانە**(ل٨١٢)

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسـۆییدا، لـەنێوان (موژگـان، ئـەبرۆ)و (تیـر، کـەمان) پەیوەنـدیی جووتبەندی و پەیوەستداریی هەیە، جگە لـەو لێکچواندنـەی کـە شـاعیر لـەنێوان هـەردوو جووتـە دانە زمانییەکاندا بنیاتیناوە، هەر لەهـەمان ئاست و لە نیوەدێڕی دووەمدا، هەریەک لە (سینە، دڵ) لەلایـەک و (صـەید، نیشـان)یش لەلایـەکی تـرەوە لـە یـەک کاتـدا دوو جـۆرە پەیوەنـدیی واتـایی بەیەکیانـەوە دەبەسـتێتەوە، کـە بـریتین لـە پەیوەنـدیی جووتبەنـدی و هاوسـیمایی، بـەوەی کـە لەبەکارهێنانی زمانیدا هەم پێکەوەدێن و هەمیش لـەڕووی کێڵگـەی واتاییـەوە دەتـوانرێ لـە یـەک خانەی زمانیدا پێکەوە کۆیان بکەینەوە. هەرچی لە ئاستی ستوونیشـیدایە، لـەنێوان (تیـر، کـەمان، صەید، نیشان) لەلایەک و (موژگان، ئەبرۆ، سینە، دڵ)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی هاوسیمایی و هاوڕەگەزیی هەیە. هەموو ئەمانەش دێڕەکەیان بردووەتە ئاستێکی بەرزی شیعرییەتەوە.

**عالەمی ئینسانییەت لاچوو لە لای ئەمن و ئەوی،**

**من لەتاو عیجزی ضەمیری، ئەو لەبەر فەقدی وەفا**(ل٤٥)

لـە ئاسـتی ئاسـۆیی نیوەدێڕی یەکەمـدا لـەنێوان (عالـەم، ئینسـانییەت)دا پەیوەنـدیی هاوبەشـی و هاوسیمایی هەیە، لەنێوان (ئەمن، ئەوی)یشدا پەیوەندیی هاوڕەگەزی و هاوسـیمایی هەیـە، بـەڵام

له نیوەدێڕی دووەم و له هەمان ئاستدا پەیوەندیی هاوواتایی لەنێوان (لەتاو، لەبەر)و (عیجز، فەقد) هەیەو پەیوەندیی هاوڕەگەزی و هاوسیماییش هەریەک له (ضەمیر، وەفا)ی پێکبەستووە. هەرچی لە ئاستی ستوونیی هەردوو نیوەدێڕەکەیشە، ئەوا هەریەک لە (ئەمن، ئەوی)و (من، ئەو)دا پەیوەندیی هاوواتایی هەیە بەوەی هەر چوار فۆرمە زمانییەکە، هەمان واتاو مەبەستی بەکارهێنانی جێناوە سەربەخۆکانی کەسی یەکەم و دووەم بەجیاوازیی ئەرکە ڕێزمانییەکانیان دەگەیەنن، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی شێوەزاریی نێوانیان، دیارە ئەوەش بۆ ڕاگرتنی کێشی شیعریی دەقەکە گیراوەتەبەر.

**شەو -دەڵێن- نیشانەی (لیلة القدر)ی هەیە**

**پەرتەوی ئەو نوورە، بۆچ جارێ لە کولبەم ناکەوێ؟**

لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەم لەنێوان هەریەک لە (شەو، لیلة القدر) پەیوەندی هاوسیمایی هەیە، لەنێوان (پەرتەو، نور)ی نیوەدێڕی دووەمیشدا لەڕووی واتای فەرهەنگییەوە -هەرچەندە یەکەمیان کوردی و ئەویتریان عارەبییە- بەڵام دەتوانین ئاماژە بە پەیوەندیی هاوواتایی نێوانیان بدەین، ئەگەر واتای زاراوەیی لەبەرچاو بگرین، ئەوکات پەیوەندیی نێوان دوو دانە زمانییەکە دەگۆڕێت بۆ جووتبەندیی بەوەی کە هەموو (نور)ێک تیشکدانەوەی هەیەو بەپێچەوانەشەوە ڕاستە، هەروەها پەیوەندییە واتاییەکەی تریش بریتی دەبێت له هاوڕەگەزیی، بەوەی کە هەموو پەرتەو و نورێک لە کۆمەڵێک سیمادا هاوبەشن و دەتوانین لە یەک فێڵدی زمانیدا پۆلێنیان بکەین. ئەمەو لە ئاستی ستوونیدا هاوتەریبییەکە کەوتووەتە نێوان هەریەک لە (شەو، پەرتەو) لەلایەک و (لیلة القدر، نور، پرتەو) لەلایەکی ترەوە، کە پەیوەندیی نێوان یەکەمیان لەسەر بنەمای دژیەکییەو دووەمیشیان لەسەر بنەمای جووتبەندییە.

**تۆ فیراقیشت لە لای من حوکمی نەزدیکیی هەیە**

**ڕاستە خۆم لێرەم، بە مەرگت، ڕۆح و دڵ هەر وا لەوێ**(ل١٠٢٧)

لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەم لەنێوان (فیراق، نەزدیک)دا پەیوەندیی دژیەکی هەیە، هەریەک لە (تۆ، من)یش بەوپێیەی سەر بە بەشەئاخاوتنی جێناون پەیوەندیی هاوسیماییان لەنێواندا هەیە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (لێرە، لەوێ)، کە ئاوەڵکاری نیشانەن (بۆ نزیک و دوور) هاوسیمای یەکترن، (ڕۆح، دڵ)یش پەیوەستدارن و بەمەش پەیوەندیی جووتبەندییان لەنێواندایە. لەئاستی ستوونی هەردوو نیوەدێڕەکەشدا لەنێوان (مەرگ، فیراق)دا هاوڕەگەزیی و هاوسیمایی

بەدیدەکرێت بەوپێیەی هەردووکیان لە سیمای دوورکەوتنەوەو دابڕاندا هاوبەشن، هەروەها (لێرەو لەوێ)یش لەگەڵ (لەلای)دا هەمان پەیوەندیی واتایی هاوسیمایی لەنێواندا هەیە، بەوپێیەی کە هەرسێ یەکە زمانییەکە ئاماژە بە شوێن دەکەن و سەر بە یەک کێڵگەی زمانیین.

**تا لە فانۆسی جەمالا شوعلەوەر بێ، شەمعی ڕووت**

**دڵ بە تاریکی لەگەڵ غەم هەر دەبێ هەمخانە بێ!(ل٩٨٧)**

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە دانە زمانییەکانی (فانۆس، شوعلەوەر، شەمع) پەیوەندیی جووتبەندیی پێکەوەیان دەبەستێت، هەروەها (شەمع، فانۆس)یش بەجیا هاوسیمای یەکترن، بەهەمان شێوە لە نیوەدێڕی دووەمدا (غەم، هەمخانە) لەڕێگەی هاوسیماییەوە پەیوەست کراون، هەروەک (دڵ، غەم)یش جووتبەندی یەکترن، لەلایەکی ترەوە لەئاستی ستوونیدا هەریەک لە (فانۆس، شەمع، شوعلەوەر) لەگەڵ (تاریکی)دا لە پەیوەندیی دژیەکیدان، بەمەش هاوتەریبییە واتاییەکە لە بنیاتی دێڕەکەدا دەرکەوتووە.

**حەکیم تا خۆی نەدا داروو، دەوایی عیللەتم نابێ**

**ئەگەر زەهریشە شیرینە، بە دەستی ئەو شیفا دێنێ(ل١٠١٩)**

لە نیوەدێڕی یەکەم و لەسەر ئاستی ئاسۆیی یەکەکانی (حەکیم، داروو، دەوا، عیللەت) پەیوەندیی هاوسیمایی پێکەوەیان گرێدەدات، بەوەی کۆمەڵە یەکەیەکی زمانین و لە چوارچێوەی هەمان کێڵگەی واتاییدا پۆلێن دەکرێن، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەریەک لە (داروو، دەوا) لەڕووی فەرهەنگییەوە هاوواتان و (دەوا، عیللەت)یش دژیەکن. لە نیوەدێڕی دووەمیش لەنێوان هەریەک لە (زەهر، شیرین)دا پەیوەندیی دژیەکی و لەنێوان (شیفا، شیرین)یشدا پەیوەندیی هاوسیمایی هەیە، بەڵام هەریەک لە (زەهر، شیفا) دژیەکن، بەوەی کە شیفا هەڵگری واتای ژیان و چارەسەرو مانەوەیە، بەڵام زەهر هەڵگری دەلالەتی مەرگ و نەخۆشی و نەمانە. لە ئاستی ستوونیدا (حەکیم، شیفا) پێکەوە پەیوەستن و پەیوەندیی نێوانیان جووتبەندیی و پەیوەستارییە، (عیللەت، زەهر)یش هاوسیمای یەکترن، بەڵام (داروو، دەوا، شیرین، شیفا) پەیوەندیی هاوسیمایی و جووتبەندییان لەنێواندایە.

**سروشکم قرمز و دیدەم سفیدە**

**ڕوخم زەرد و لیباسم شینە بێ تۆ(ل٧٢٨)**

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان هەریەک لە (قرمز، سفید)، کە پێچەوانەی یەکترن پەیوەندیی دژیەکی هەیەو لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیی هاوسیماییان لەنێواندایە، چونکە سەر بەهەمان کێڵگەی واتایین، (سروشک، دیدە)یش پێکەوە پەیوەستن و پەیوەندیی جووتبەندییان پێکهێناوە. لە نیوەدێڕی دووەمدا هەریەک لە (ڕووخ، لیباس) هاوسیمان بەوپێیەی پەیوەندییان بە دیوی دەرەکییانەی بوونی مرۆییەوە هەیە، بەڵام (زەرد، شین) هاوسیمان لەوەدا، کە هەردووکیان سەر بە کێڵگەی واتایی ڕەنگەکانن، دژیەکیشن چونکە زۆرجار وەک دوو ڕەنگی پێچەوانەی یەکتر بەکاردەهێنرێن. لە ئاستی ستوونیشدا ڕەنگەکانی (قرمز، سفید، زەرد، شین) لەلایەک و (ڕوخ، دیدە)یش لەلایەکی ترەوە هاوسیمای یەکدین. ئەم پەیوەندییانەش بنیاتە هاوتەریبەکەیان لە دێڕەکەدا پێکهێناوە.

**سەری زوڵفت، بە ڕووی ڕۆژا، لە عەصرت تیرەشەو دێنێ**

**لە شاما ناصییەت، وەک صوبح دەم، ئاثاری خەو دێنێ** (ل١٠٢٣)

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستە ئاسۆییەکەدا، ئەم یەکە واتاییانە (ڕۆژ، عەصر، تیرەشەو) پەیوەندیی هاوڕەگەزیی و هاوسیماییان لەنێواندایە، بەڵام (ڕۆژ، تیرەشەو) دژیەکن، هەروەها (شام، صوبحدەم)ی نیوەدێڕی دووەم لەلایەکەوە هاوسیمان و لەلایەکی تریشەوە دژیەکن. لە ئاستی ستوونیدا لەنێوان (ڕۆژ، عەصر، تیرەشەو، شام، صوبحدەم) پێکەوە لە پەیوەندیی هاوڕەگەزیی و هاوبەشیدان، بەڵام بەجیا هەریەک لە (ڕۆژ، صوبحدەم) هاوواتاو هاوسیمان، (ڕۆژ، شام) هەم هاوسیماو هەم دژیەکیشن، (شام، تیرەشەو) هاوواتان، لەنێوان (شام، شەو) لەلایەک و لەگەڵ (خەو)دا لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی جووتبەندیی هەیە، بەوپێیەی کە لەگەڵ یەکتر پەیوەستن.

**نێشی حەییەی زوڵفی لەیلا ڕاستە مەجنوونکوش بووە**

**خۆ گەزیدەی ماری وا قەد نامرێ، هەر حەی دەبێ** (ل٩٨٣)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە وشەکانی (نێش، حەییە)، کە هاونشینی یەکترکراون لەلایەک و (لەیلا، مەجنوون)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی جووتبەندییان لەنێواندایە بەوپێیەی لەو یەکە زمانییانە دەژمێردرێن، کە لەگەڵ یەکدا پەیوەستن، لە نیوەدێڕی دووەم و لەهەمان ئاستی ئاماژە بۆکراودا پەیوەندیی جووتبەندیی لەنێوان (گەزیدە، مار)دا هەیە، جگە لە پەیوەندیی هاوواتایی، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان (مار، حەی)دا دروست

دەبێت، کە شاعیر بۆ هونەرکاریی زیاتر هێناویەتییەوە، دەنا وشەی (حەی) لە مانا ڕاستەوخۆو ئاشکراکەیدا بە واتای (زیندوو) دێت، هەربۆیە (حەی، زیندوو)یش دیسانەوە لە پەیوەندیی هاوواتاییدا دەبن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە سەر بە دوو زمانی جیاواز (عارەبی، کورد)ین.

**طالیبی وەصڵی کەسێکم بە دوعا،**

**وەصڵی فیردەوس و فیراقی سەقەرە!(ل٧٦٦)**

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە (طالیب، دوعا)و (وەصل، کەس) پەیوەندیی هاوسیماییان لەنێواندایە، هەروەها (طالیب، کەس)یش هەمان پەیوەندیی واتایی پێکەوەیان گرێدەدات، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا هەریەک لە (وەصڵ، فیراق) لەلایەک و (فیردەوس، سەقەر)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی دژیەکیان لەنێواندایە، بەڵام لە ئاستی ستوونیدا پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە زمانییەکان بەم شێوەیە دەبێت: (طالیب، دوعا، فیردەوس، سەقەر) بەوپێیەی کە هاوڕەگەزی یەکترن، بۆیە پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای هاوبەشییە لەهەمان کێڵگەی واتاییدا.

**هەتاکەی، ئەی فەلەک، بۆ بەختی من جەور و تەظەللوم بێ؟!**

**وە چاکە چەند ڕۆژێ نەوبەتی لوطف و تەرەححوم بێ(ل٩٧٧)**

لەئاستی ئاسۆییدا لەنێوان هەریەک لە (جەور، تەظەللوم)ی نیوەدێڕی یەکەم پەیوەندیی هاوواتایی هەیە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (لوطف، تەرەححوم) هەمان جۆرە پەیوەندیی واتایی پێکەوەی بەستوونەتەوە. لە ئاستی ستوونی لەنێوان (بەخت، نەوبەت)دا هاوسیمایی هەیەو لەنێوان (جەورو تەظەللوم) لەلایەک و (لوطف و تەرەححوم)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی دژیەکی هەیە.

**سالیک لە بیابانا شەو قافڵە گەر گوم کا،**

**صەد قیبلەنوما بۆ ئەو وەک صەوتی جەرەس نابێ(ل٩٦٢)**

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆیی لەنێوان هەریەک لە (سالیک، بیابان، قافڵە)دا پەیوەندیی هاوسیمایی و هاوڕەگەزیی هەیە، لەنێوان (قیبلەنوما، جەرەس)ی نیوەدێڕی دووەمیشدا دیسانەوە هاوڕەگەزیی و هاوسیمایی بوونی هەیە، بەوەی هەریەک لەوانە ئامرازو کەرەستەی تایبەتی ڕێنوێنی و ئاسانکارین لە کاروانچێتیدا، هاوکات دەتوانین ئاماژە بە جۆرێک پەیوەندیی

لەسەر بنەمای دژیەکی بدەین، ئەویش لەڕوانگەی جیاوازیی ئەوەی (قیبلەنوما) لەگەڵ هەستی بینین و (جەرەس)یش لەگەڵ هەستی بیستندا هەریەک بەجیا تەباییان هەیە. لە ئاستی ستوونیش لەنێوان ئەم یەکە واتاییانە: (سالیک، بیابان، قافڵە، قیبلەنوما، صەوت، جەرەس) پەیوەندیی هاوڕەگەزیی و هاوسیمایی بەیەکتریان دەگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە هەریەک لە (صەوت، جەرەس) بەجیا بۆخۆیان پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای پەیوەستی و جووتبەندیی دامەزراوە.

**شەهد و تەڵخە لوطف و قەهری بۆ قەراری نیک و بەد**

**شاهی نەحل ئاسا بە یادی نۆش و نێشان هاتەوە**(ل٨٣٥)

لە نیوەدێڕی یەکەم و لە ئاستی ئاسۆییدا یەکە زمانییە هاونشینکراوەکان پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای دژیەکی بنیاتنراوە، بەوەی کە هەریەک لە (شەهد، تەڵخ)و (لوطف، قەهر)و (نیک، بەد) دژیەکن، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا هەریەک لە (نۆش، نێش) لەگەڵ یەک دژن، بەڵام پێکەوە لەگەڵ (نەحل)دا جووتبەندن. لە ئاستی ستوونیدا (شەهد، نۆش) بەجیاو (شەهد، نەحل)یش بۆخۆیان لە پەیوەندیی جووتبەندیدان، بەڵام (شەهد، نۆش) لەگەڵ (تەڵخ، نێشان)دا دژیەکییان پێکهێناوە. بەمەش هاوتەریبییە واتاییەکە تانوپۆی بنیاتی دێڕەکە تەنیوە.

**لە جەمعا لێم نەشێوێ، گەر حیسابی موو بە مووی زوڵفت**

**بە تا تا بیژمێرم، عەطری هەر تایێکی بارێکە**(ل٧٧٨)

لە ئاستی ئاسۆییدا یەکە زمانییەکانی (جەمع، حیساب)ی نیوەدێڕی یەکەم و (تاتا، هەرتایێک)ی نیوەدێڕی دووەم لە پەیوەندیی هاوڕەگەزیی و هاوسیماییدان، هەرچی ئاستی ستوونیشە، ئەوا (جەمع، حیساب) لەگەڵ کرداری (بیژمێرم) پەیوەندیی جووتبەندییان لەنێواندایە، (مووبەموو) لەگەڵ (تاتا، تایێک)دا هاوڕەگەزو هاوسیمان، هاوکات لەگەڵ (زوڵف)دا پەیوەندیی جووتبەندیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، هەر لەوئاستەدا دەتوانین ئاماژە بە پەیوەندیی دژیەکی نێوان (نەشێوێ و بیژمێرم) بدەین، کە ئەوەش زیاتر لە چاوگە زمانییەکەی هەردوو کردارەکەدا دەردەکەوێت، کە لەبنەمادا بریتییە لە (شێواندن، ژماردن)و دیارە لە ئەنجامی پێچەوانەبوونیان دژیەکییان لێدەکەوێتەوە، بەوپێیەی کە (ژماردن) دەلالەتی ڕێکخستن لەخۆدەگرێت..!

**بۆ دەماغم عەهدی گوڵ ئەفسوردەگیی سەردی نەما**

**تا لە گوڵشەندا بە سەرما بۆیی ڕەیحان هاتەوە**(ل٨٣٣)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا لەنێوان (گوڵئەفسوردەگی، سەردی)دا پەیوەندیی جووتبەندی هەیە، بەوەی لە کاتەکانی سەرماوسۆڵەدا گوڵ سیس و ژاکاو دەبێت... لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (گوڵشەن، ڕەیحان) هاوسیمای یەکترن، هەروەک (بۆ، ڕەیحان)یش پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای پەیوەستداریی و جووتبەندییە. لە ئاستی ستوونیشدا (دەماغ، بۆی ڕەیحان)و (سەردی، سەرما)و (گوڵ، گوڵئەفسوردەگی) پەیوەست و جووتبەندن.

**وایە دەرکی خەم بە ڕووی دڵما، هەتا دونیا هەیە**

**دەربچەی شادی بە وەعدەی تا قیامەت داخرا**(ل١٩)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا هاونشینکردنی (وایە، دەرک) پەیوەندیی جووتبەندیی لێکەوتووەتەوە، (خەم، دڵ)یش دیسانەوە پەیوەست و جووتبەندن، لە نیوەدێڕی دووەمیشیدا (دەربچە، داخرا) لەهەمان پەیوەندیی واتایی پێشوودان، هەرچی ئاستی ستوونیی هەردوو نیوەدێڕەکەشە، ئەوا (دەرک، دەربچە) هاوواتان و (خەم، شادی)و (دونیا، قیامەت)یش هەریەک بەجیا دژیەکن و (وایە) لەگەڵ (داخران)یشدا وەک دوو کرداری ڕێزمانی بەهەمان شێوە پەیوەندییەکی دژیەکیان پێکهێناوە

**لە بەدبەختی منا کولبەی هەتیویم**

**بە زستان سێبەر و هاوین هەتاوە!**(ل٨٢٨)

لە ئاستی ئاسۆیی لە نیوەدێڕی یەکەمدا، لەنێوان (بەدبەختی، کولبە، هەتیوی)دا لەلایەک جووتبەندیی هەیە، چونکە هەریەک لەو دانە زمانییانە بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ یەکتردا پەیوەستن، لەلایەکی تریشەوە هاوسیمان بەوەی کە دەتوانین لە کێڵگەی واتایی (هەژاری)دا کۆیان بکەینەوە. لە نیوەدێڕی دووەمیشدا هەریەک لە (زستان، هاوین) لەلایەک و (سێبەر، هەتاو)یش لەلایەکی ترەوە دژیەکن، بەڵام (زستان، سێبەر)و (هاوین، هەتاو) هەریەک بەجیا جووتبەندو پەیوەستدارن. لە ئاستی ستوونیدا گونجان و تەباییەکی تۆکمە لەنێوان یەکە واتاییەکانی هەردوو نیوەدێڕەکەدا بەدیدەکرێت، بەوەی کە سەرمای (سێبەری زستان)و گەرمای (هەتاوی هاوین) بۆ دۆخی (هەژاری و هەتیوی) یەکسانە بە بەدبەختی و نەگبەتی!

**یادی وەصڵ، ئەی دڵ! لە هیجرا موشکیلە**

**وای لە (دەی)دا، مەیلی (فەروەردین) دەکەی؟!**(ل٩٤٩)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا (وەصڵ، هیجر) لە پەیوەندیی دژیەکیدان و لە نیوەدێڕی دووەمیشدا هەریەک لە (دەی، فەروەردین) هاوبەش و هاوسیمان. هەرچی جۆری پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە زمانییەکانی نیوەدێڕی دووەمە لە ئاستی ستوونیدا، ئەوا (وەصڵ، مەیل) هاوسیماو هاوکات جووتبەندی یەکترن، هەروەها پەیوەندیی جووتبەندیی بەهۆی پەیوەستدارییانەوە (دڵ، مەیل)ی پێکەوە گرێداوە.

**چەشمەیی نەهری ڕەوان، دیدەیی گریانی منە**

**موژە، تا مەددی بەصەر، نیلۆفەرستانی منە(ل٨١٤)**

لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەمدا (دیدە، گریان)و (نەهر، ڕەوان) لەگەڵ (چەشمەو نەهر)دا پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستدارییان لەنێواندا هەیە، خۆ ئەگەر بێت و واتای فەرهەنگیی (چەشمە) بە واتای (چاو) وەربگرین، ئەوکات لەگەڵ (دیدە) پەیوەندیی هاوواتاییان لێدەکەوێتەوە! لە نیوەدێڕی دووەمدا هەریەک لە (موژە، بەصەر) لەگەڵ (مەدد، بەصەر)دا پەیوەست و جووتبەندن. لە ئاستی ستوونیشدا لەنێوان (موژە، دیدە) پەیوەندیی جووتبەندیی بوونی هەیە.

**هەناسەی سەردی من دێنێ زمستان**

**گڕەی گەرمی دڵم هاوینە بێ تۆ(ل٧٢٧)**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە (سەرد، زمستان) لەلایەک و (هەناسە، سەرد) لەلایەکی ترەوە لە ئاستی ئاسۆییدا پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستداریی پێکەوەی گرێداون، هەروەها (گڕە، گەرم، هاوین)ی نیوەدێڕی دووەم و لەهەمان ئاستی پێشوودا دیسانەوە پەیوەندیی پەیوەستی و جووتبەندییان لەنێواندایە، بەڵام لە ئاستی ستوونیدا (من، تۆ) پەیوەندیی هاوسیماییان لەنێواندایە، هەرچی (هەناسە، گڕە)و (سەرد، گەرم)و (زمستان، هاوین)یشە ئەوا پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای دژیەکییەو بەمەش هاوتەرییبییەکە تانوپۆی دەقەکەی تەنیوە.

**ئۆف لە ماری حەلقەیی زوڵفی سیای پڕ سیلسیلەت**

**دڵ لە نێشا ڕۆژ و شەو حاڵی وەکوو کوشتەی حەیە(ل٨٦٠)**

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا، لەنێوان هەریەک لە (مار، سیا)و (زوڵف، سیا) لەلایەک و لەنێوان (حەلقە، سیلسیلە)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی پەیوەستداریی و جووتبەندیی هەیە، لە نیوەدێڕی دووەمدا هەریەک لە (ڕۆژ، شەو) دژیەکی و لەنێوان (نێش،

کوشتەی حەی)یشدا پەیوەندیی جووتبەندی و پەیوەستیی هەیە. سەبارەت بە پەیوەندیی یەکە بەشداربووەکانی هەردوو نیوەدێڕەکە لە ئاستی ستوونیدا، ئەوا بەم شێوەیە دەبێت: هەریەک لە (مار، حەی) هاوواتان و لەگەڵ (نێش)یشدا جووتبەندو پەیوەستدارن، (سیا، شەو)یش دیسانەوە پەیوەست و جووتبەندییان لەنێواندا هەیە.

**وەرە ساقی! بە زەردەشتی خەواریق تازە بنوێنە**

**لە ئاوی خوشک و صافا، ئاگری تەڕ، شوعلە دەربێنە**(ل٨٢٦)

لەنێوان (زەردەشتی، خەواریق)ی نیوەدێڕی یەکەمدا، کە هاونشینی یەکتر کراون، پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستداریی لە ئاستی ئاسۆییدا هەیە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (ئاو، خوشک) لەگەڵ (ئاگر، تەڕ) دژیەکن، بەڵام (ئاو، تەڕ)و (ئاگر، خوشک) جووتبەندو لەگەڵ یەک پەیوەستن، هەروەک (ئاگر، شوعلە)یش هەمان پەیوەندیی واتاییان لەنێواندایە. لە ئاستی ستوونیشدا لەنێوان (ئاوی خوشک، ئاگری تەڕ) لەگەڵ (ساقی)دا پەیوەندیی جووتبەندیی هەیە.

**شەرەری ئاگری غەم بۆچەکی وا خستە دڵم**

**ڕائیحەی عەطری وەصڵ، نابڕێ لێی بۆنی کەباب**(ل١٤٥)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا پەیوەندییە واتاییەکە لەنێوان (شەرەر، ئاگر)و (غەم، دڵ) لەسەر بنەمای جووتبەندییە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا وشەکانی (ڕائیحە، عەطر، بۆن، بۆچەک)ی هاونشینکراو، هاوواتای یەک دەبن جگە لەوەی کە لەگەڵ (کەباب)دا لە پەیوەندیی جووتبەندی و پەیوەستداریدان.

**داستانی عیشقی من فاشە لە هەر کووچە و سوقاق**

**عەقڵی دێوانەم لەپاش ئەم حاڵە سرپۆشی دەکا**(ل١٠١)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا پەیوەندیی واتایی لەنێوان هەریەک لە (کووچە، سوقاق) لەسەر بنەمای هاوسیمایی و هاوڕەگەزیی دامەزراوە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا هەریەک لە (عەقڵ، دێوانە)، کە لە گرێیەکی ئاوەڵناویدا هاونشینی یەکترکراون پەیوەندیی دژیەکی هەیە. هەرچی ئاستی ستوونیی دێڕەکەیە، ئەوا لەنێوان (داستانی عەشق، عەقڵی دێوانە)دا پەیوەندیی جووتبەندیی هەیەو پەیوەندیی (فاش- سرپۆشی)یش لەسەر بنەمای پەیوەندیی دژیەکی دامەزراوە.

**حەلاوەت نایێڵێ شۆری لە شەهدا**

**لەبی یارم نەمەک کردوویە شیرین**(ل٦١١)

لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە (حەلاوەت، شۆری، شەهد) دژیەک کەوتوونەتەوە، بەڵام (حەلاوەت، شەهد) هاوبەش و هاوسیمای یەکترن، لە نیوەدێڕی دووەمدا (نەمەک، شیرین)یش دژیەکن. لە ئاستی ستوونیشدا هەریەک لە (حەلاوەت، شەهد، شیرین) لەلایەک و (شۆری، نەمەک)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی هاوسیمایی و هاوبەشییان لەنێواندا هەیە. دواجاریش هەریەک لە (حەلاوەت، شۆری، شەهد)ی ئاستی ئاسۆیی لەگەڵ (شیرین)ی ئاستە ستوونییەکەدا جووتبەندو هاوسیمان، بەڵام (شیرین، شۆری)یەکە لە دێڕەکەدا دژیەک دەبنەوە.

**بێن بەهەم با دەنگی گریەی مولحید و خەندەی مورید**

**بۆ نەمانی کوفر و ظولمەت، بەدری ئیمان هاتەوە**(ل٨٣٦)

لە ئاستی ئاسۆیی لەنێوان هەریەک لە (گریە، خەندە)و (مولحید، مورید)ی نیوەدێڕی یەکەمدا پەیوەندیی دژیەکی هەیە، هەروەها (گریە، خەندە) لەگەڵ (دەنگ)دا یەک دەگرنەوەو پەیوەندییەکەیان دەبێتە هاوسیمایی، هەرچی نیوەدێڕی دووەمە بەهەمان شێوە لەنێوان (کوفر، ئیمان)و (ضولمەت، بەدر)دا دیسانەوە دژیەکی هەیە، بەڵام لە ئاستە ستوونییەکەدا پەیوەندییە واتاییەکان پێچەوانە دەبنەوە، بەوەی (مولحید، کوفر) لەلایەک و (مورید، ئیمان) لەلایەکی ترەوە وەک چۆن پێکەوە هاوواتان، ئاوایش بەشێوەی جیا لەگەڵ دژیەک دەبن، هاوکات جووتبەندی یەکتریش دەبن، بەوەی کە کوفر ئیلحادی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و ئیمانیش موریدی!

**فیدایی شەککەری لێوت شیفایی دەردی بیمارە**

**دەهانی قەندی قینت پڕ لە مرواریدی دەریایە**(ل٨٥٨)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە (شیفا، دەرد)و (شیفا، بیمار) دژیەکن، (دەرد، بیمار)یش جووتبەندو پەیوەستی یەکن، لە نیوەدێڕی دووەمدا هەریەک لە (مرواریـد، دەریا)، کە هاونشینی یەکترکراون، هاوسیماو هاوبەش دەبن، بەڵام لە ئاستی ستوونیدا هەریەک لە (شەککەر، قەند) هاوواتان، (لێو، دەهان)یش پەیوەست و جووتبەندی یەکتردەبنەوە.

**تێک شکا، دوێشەو لە طۆفانی غەما، کەشتیی هۆش**

**بۆ تەنیش ئەمشەو، لە ئەشکی دیدە، جەیحوون هاتەوە**(ل٨٤٢)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە (طۆفان، کەشتی) جوتبەندی یەکترن و لەگەڵ کرداری (تێکشکان)یشدا هاوسیما دەبنەوە، لە نیوەدێڕی دووەمیشدا (ئەشک، دیدە)ی هاونشینکراو، لەگەڵ یەکتردا پەیوەست و جووتبەندن. لە ئاستی ستوونیدا پەیوەندیی نێوان هەریەک لە (دوێشەو، ئەمشەو) لەلایەک و (تەن، هۆش)یش لەلایەکی ترەوە دژیەکییە، بەڵام یەکە زمانییەکانی (طۆفان، کەشتی، جەیحون) پەیوەندیی جوتبەندیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

**جەلبی دڵ بەم ڕەنگە کا، گەر صورەتت**

**ناپەرستن (بعد ازین) ڕاهیب، صەنەم**(ل٤٥٧)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە نیوەدێڕی یەکەمدا لەنێوان هەریەک لە (دڵ، صورەت)دا دژیەکی هەیە، لەڕوانگەی ئەوەی ئەگەر (دڵ) ئاماژە بێت بۆ دەروون و دیوەی ناوەوەو (صورەت)یش بۆ ڕووخسارو دیوی دەرەوە، لە نیوەدێڕی دووەمدا هەریەک لە (پەرستن، ڕاهیب، صەنەم) پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستدارییان لەنێواندایە. لە ئاستی ستوونیشدا لەنێوان (صورەت، صەنەم) بەوپێیەی کە بریتین لە شێوەو فۆرم، ئەوا وەک هاوواتای یەک دەکەونەوە.

**لە ڕەمزی سیڕی عیشقا، ئەهلی دڵ بێدار و باهۆشە**

**دڵی بێ دڵ لە خوابی غەفڵەتا هەمزادی خەرگۆشە**(ل٧٧١)

لە ئاستی ئاسۆیی نیوەدێڕی یەکەمدا هەریەک لە (ڕەمز، سیڕ) پەیوەندیی هاوڕەگەزیی و هاوبەشییان لەنێواندا هەیە، (عیشق و دڵ)یش پێکەوە پەیوەست و جووتبەندن، هەرچی (بێدار، باهۆش)یشە پەیوەندییەکەیان لەسەر بنەمای هاوواتایی دامەزراوە، بەڵام لە نیوەدێڕی دووەمدا (خواب، غەفڵەت)ی هاونشینکراو، جووتبەندی یەکترن و هاوکات هاوسیمایشن. لە ئاستی ستوونیدا هەریەک لە (خواب، غەفڵەت) لەگەڵ (بێدار) دژیەکییان لەنێواندایە، هەرچی (بێ دڵ، عیشق)یشە دیسانەوە دژی یەک دەبنەوە.

# بەشی سێیەم

## بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری گۆراندا

**پێشزەمینە شێوازناسییەکان:** پێش شیکردنەوەی بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری گۆراندا، پێویستە ئاوڕێک لە زمانە شیعرییەکەی بدەینەوە، کە دەتوانین بڵێین ئەزموونی شیعری گۆرانی پێ دەناسرێتەوە، بۆئەوەش لە ڕێچکەکانی شیعری نوێی کوردییەوە دەست پێ دەکەین، لەم بارەیشەوە بۆچوونگەلێک لەناوەوەن، کە لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ یەک لەوانە، ئەویش ئەو تێڕوانینەی (د.دڵشاد عەلی)یە، کە دوو ڕێچکە لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا دیاری کردووە: یەکەمیان لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی (شێخ نوری) دەستی پێکردووە، دواتر هەریەک لە ڕەشید نەجیب و گۆران چوونەتە پاڵی و تا سەرەتای سییەکانی هەمان سەدە بەردەوام بووە، دووەمیش لەسەر دەستی گۆران بەخۆداماڵین لە کاریگەریی ئەدەبی تورکی و چوونە باوەشی ئەدەبی کوردی و بەگشتی جیهانە دەوڵەمەندەکەی شیعری هەورامی و دەقەکانی مەولەوی بەتایبەت کراوەتەوە، هەر ئەم ڕێچکە شیعرییەش بوو، کە شاعیرانی تر بەزۆریی ڕوویان تێکرد و بۆخۆی بوو بە ڕێبازێکی شیعری، کە بە (ڕێبازی شیعری نوێی کوردی) ناسراوە.(عەلی، ٢٠٠٧، ٤٥) لایەنێکی گرنگی ئەم نوێکردنەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە گۆڕینی فۆرم و بنیاتی شیعر: زمانی شیعری، کێش و سەروا، وێنەی شیعری و...

سەبارەت بە پێچوێنەبوونەوەی دەرکەوتەکانی ئەم نوێکارییە لە زمانی شیعری گۆراندا، ئەمەش دیسانەوە بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە: یەکەمیان قۆناغی لاساییکردنەوە، دووەم قۆناغی کوردیی پەتی نووسینە. قۆناغی یەکەم (لاساییکردنەوە) بە دوو هەنگاودا ڕۆشتووە: أ-لاساییکردنەوەی شاعیرانی کلاسیک: نالی، سالم و کوردی. ب- لاساییکردنەوەی ئەدەبی تورکی-عوسمانی.(دەڕوانرێتە: میراودەلی، ٢٠٢١ و مەحمود، ٢٠٠٧، ١١٦، و مستەفا، ٢٠٠٩، ٨٩)

بە گەڕانەوە بۆ دیوانی گۆران، بۆمان دەردەکەوێت، کە (٤٢) شیعری لەسەر کێشی عەرووزی هەیە،(گەردی، ٢٠٢٢، ب٦، ١٩٥-٢٠٤) کە گۆران لەبارەیانەوە دەڵێت: ((بەشی زۆری کۆنەکان بە وەزنی عەرووض وە کوردییەکی کۆنی تێکەڵاو بە زمانی بێگانە نووسراون. ئوسلوبیشیان کۆنە یان وەک هی سالم و نالی لەسەر پێ و شوێنی غەزەل هەڵبەستراون.))(گۆران، ١٩٨٠، ٣) پاش ئەم قۆناغە هەڵوێستێکی جیاواز لەمەڕ زمانی شیعری کوردی دێتەکایەوە، کە ئەنجامەکەی ڕەتدانەوەی زمانە کلاسیکییەکە بوو، دیارە ئەمەش لەخۆوە ڕووی نەداوە، بەڵکوو هۆکاری خۆی لەپشتەوە بووە، (کە ئێرە شوێنی ئەو باسە نییە)، بەڵام پێویستە بزانین: ئەو هەڵوێستە نوێخوازییە بەلای

گۆرانەوە، بەوەمانایە نییە، کە ئەو بەرهەمە شیعرییانەی دەکەونە قۆناغی یەکەمەوە، بەدەر بن لە داهێنان، بەڵکوو هەروەک (مارف خەزنەدار) ڕوونی کردووەتەوە، گۆران ((لەسەرەتادا دەریخست شاعیرێکی بەتوانای قوتابخانەی نالییە، هەندێ شیعری باشی هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە. چاکی کرد ئەو شیعرەی کەم بوو. ئینجا قۆناغی گواستنەوە، کە خۆی ناوی نابوو لاسایی شیعری نوێ یا ڕۆمانتیکی عوسمانی، لەم مەیدانەشدا ئەوەی دەرخست کە وەستایە. باش بوو لەم جۆرە شیعرەش زۆری نەوت. ئیتر کەوتە سەر نوێگەری، زۆربەی شیعری دەچێتە ئەم خانەیەوە.))(خەزنەدار، ٢٠١٠، ب٦، ٦٤٨)

لە ئامارێکی شێوازناسیدا دەرکەوتووە، کە گۆران لە کۆی (١٦٧) شیعر، تەنیا (٣٧) شیعری بە زمانی تێکەڵ نووسیوە.(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٨٧) ئەم تێکەڵییەش لە زمانی شیعرەکانیدا بریتییە لەوەی کە شاعیر خۆی، بە (زمانی کوردی عوسمانلی) ناویناوەو (د.عیزەدین)یش لەبارەیەوە دەڵێت: ((ئەو زمانە تەواو لەژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو. بناغەی ئەویش زمانی کوردی بوو، ئەویش کوردییەکی لەڕووی داڕشتن و ڕێزمانەوە، ساغی بێ هەڵە بوو، بەڵام لەپاڵ وشەی کوردیدا پڕ بوو لەو وشە تورکیی عارەبییانەی لە ئەدەبییاتی ڕۆمانتیکی تورکییەوە وەرگیرابوون.))(ڕەسول، ١٩٩٠، ٤٤)

پاش ئەم هەنگاوە زمانە شیعرییەکەی گۆران وردەوردە بەرەو کوردییەکی پەتی هەنگاوی ناوە، واتە ((یەکسەر زمانە کوردییە تێکەڵەکە نەگۆڕا بۆ زمانی کوردی پەتی، بەڵکوو زمانە کوردییە تێکەڵەکە هەرما، بەڵام بەشێوەیەکی تری جیاواز لە زمانە تێکەڵەکەی شیعری کلاسیکی کوردی.))(سابیر، ٢٠٠٢، ٣٠١) لەم قۆناغەشدا گۆران (١٣٠) شیعری بە کوردیی پەتی نووسیوە، ئەمەش مانای ئەوەیە، کە زۆربەی شیعرەکانی بە زمانی کوردی-پەتی نووسیوە.(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٨٧) لەمەشدا سوودی لە زمانی ئاسایی خەڵک و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە: ((زمانی گۆران.... ڕەسەنیی خۆی لە زمانی خەڵک و سامانی بە پیتی نەتەوەوە وەردەگرێ، گۆرانیش شارەزای ئەم زمان و سامانە بوو و ئەمەش قووڵی و ڕەنگینی بە شیعرەکانی بەخشیوە.))(ڕەسول، ١٩٩٠، ١٤٩) زۆربەی لێکۆڵەران لەسەر ئەو ڕایە کۆکن، کە زمانی شیعرەکانی گۆران، زمانێکی پەتییە، وشەی ئاوازدار، ڕەوان و ساکارو ڕستەی کورت و مانالەڕووی تیابەکارهێنراوە.(جەعفەرو تۆفیق، ٢٠٠٧، ٤٤-٤٥، خەزنەدار،٢٠١٠، ب٦، ل٦١٢، کاکەی فەلاح، ٢٠٢٠، ٣٣، میراودەلی، ٢٠٢١، ٥٥) دیسانەوە ئەو نووسین و لێدوانانەی خودی گۆران خۆی، کە لە سەرچاوەکاندا دەیانخوێنینەوە(دەڕوانرێتە: سەجادی، ١٩٦٨، ٣٢٥ و- ئاشنا، ٢٠٠٢، و مەحمود، ٢٠٠٧، ١١٥- ١٢٥، و ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٨٣- ٢٠٢، هەروەها: کاکەی فەلاح، ٢٠٢٠، ٣٢- ٣٥) بەڵگەی پشتڕاستکەرەوەی ئەو بۆچوون و تێڕوانینانەن، کە لێرەدا تەنها دەگەڕێینەوە بۆ پێشەکیی

(بەهەشت و یادگار)ەکەی، کە تییدا دەڵێت: ((ڕێگای هەرە چاک بۆ جوێکردنەوەی تازەو کۆنیان، وردبوونەوە لە زمان و لوغەتی پێنووسیان ڕاسپێری دەکەم، هەچ هەڵبەستێک وشە و تەرکیبی عەرەبی و فارسی زۆر تیابێ، بە ئەندازەی ئەو زۆرییەی کۆنە، پێچەوانەی ئەوەش دیارە پێچەوانەیە.))(گۆران، ١٩٨٠، ٤٠) ئەنجامێک لەم لێدوانەوە پێی دەگەین ئەمەیە: زمانی شیعری پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی شیعری کۆن و نوێ و هاوکات بەهای زاڵی سەردەمە ئەدەبییەکانیشی پێ دیاری دەکرێت. لەلایەکی ترەوە واڵاکردنی دەرگای پەتیکردنەوە بە ڕووی زمانی شیعریی سەردەمەکەدا، هاوکات بوو لەگەڵ بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی و جۆرەکانی سەروای مەسنەوی و هەمەڕەنگ، کە لەم بارەوە (د.عیزەدین) دەڵێت: ((کوردیی پەتی خاسییەتی شیعر بەرەو ئاواز و ئیقاعی کوردی دەبات، لەبەرئەوە زیاتر بە کێشی خۆماڵی شیعری پێ دەخوڵقێ لەکاتێکدا زمانە تێکەڵەکە، خاسیەتی بۆ شیعری عەرووز دەستی دەدا.))(ڕەسول، ١٩٩٠، ٤٦)

لەگەڵ ئەمەشدا گۆڕانی زمان و کێشی شیعری بووە هۆی ئەوەی ((لایەنێکی تری ئاوازی شیعری، کە قافیە بوو، گۆڕانی بەسەردابێت و شاعیران لە بەکارهێنانی قافیەی یەکگرتوو دوورکەونەوە و ڕوو لە قافیەی مەسنەوی و چەند جۆرێکی تری قافیە بکەن.))(نووری، ٢٠٢١، ١١٨) بەمەش شاعیرانی ئەو سەردەمە ڕوویان لە گۆڕینی بنیاتی گشتیی شیعر کرد و بە دوای داهێنانی سیستمێکی نوێی شیعریدا گەڕان، لەم ڕووەوە هەنگاوە نوێخوازییەکەی گۆران لەپێناو خۆڕزگارکردن لە دەستووری عەرووزی عەرەبی و یەک نەسەقیی قافیە، وردەوردە بەرەو بەکارهێنانی کێش و سەروای خۆماڵی چووە. دیارە بەلای گۆرانەوە، گۆڕانی قافیە پێویستییەکی نوێکردنەوەی شیعری کوردی بووە، هەروەک (د.دڵشاد) ئەوەی ڕوون کردووەتەوە.(عەلی، ٢٠٠٧، ٤٨ و ئاشنا، ٢٠٠٢، ٢٩) بەم جۆرە و لەڕوانگەی گۆڕانکاریی لە زمانی شیعرو بنیاتی کێش و سەرواکەیدا، نموونەی بەرزی شیعری نوێی کوردی لە بەرهەمەکانی گۆراندا ڕەنگ دەداتەوە، هەروەک (مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((نموونەی ئەم جۆرە شیعرە زیاتر لە بەرهەمی عەبدوڵڵا گۆراندا خۆی دەنوێنێ، لەبەرئەوەی زۆربەی هەرە زۆری شیعری لەم بابەتەیە، هەتا شیعرە لاساییە عوسمانییەکانیشی، کە لەنێوان شیعری کۆن و نوێ دەوەستن زۆرتر بەلای شیعری نوێی کوردی دەشکێنەوە، هەرچی شیعرە عەرووزییە کلاسیکییە کۆنەکانیشن ئەمەیان یەکجار کەمە.))(خەزنەدار، ٢٠١٠، ب٥، ٣٦)

بەگشتی لە شیعری نوێی کوردیدا، کە بە وتەی (ڕەفیق حیلمی) گۆران ((ئینقیلالبی تیا گێڕاوە.))(حیلمی، ٢٠١٠، ٢٠١) دوو جۆرە کێش بەکارهێنراوە، واتە دوو چەشنە ئاوازیان تیادا بەرجەستەکراوە، کە (د.دڵشاد) بەم شێوەی لای خوارەوە دەستنیشانی کردووە:

١- ئەو ئاوازەی کە بە هۆی کێشی عەرووزەوە پێکهێنراوەو بنەڕەتەکەی لە هەڵبەستی عەرەبییەوە وەرگیراوە.
٢- ئەو ئاوازەی کە بە هۆی کێشی بڕگەییەوە ئەنجام دراوەو بنەماکەی لە فۆلکلۆری کوردییەوە بەدەست هێنراوە.(عەلی، ١٩٩٨، ١٢٠- ١٢١)

گۆران لە شیعرە عەرووزییەکانیدا ئەو بەحرانەی بەکارهێناوە، کە زۆرتر لە شیعری کوردیدا بەکاردێن و دەتوانرێ بە کێشی پەنجە بکێشرێن، وەک: هەزەج، ڕەمەل، موجتەس و موتەقاریب.(ڕەسول،١٩٩٠، ١٤٥) هەڵبەت ئەم کێشانەی کتومت وەرنەگرتووە، بەڵکوو دەستکارییەکی وایکردوون، کە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا بگونجێت، هەروەک خۆیشی ئەوەی ڕوون کردووەتەوە.(گۆران، ١٩٨٠، ٣) لە قۆناغی دووەمی نوێکردنەوەکەدا، گۆران ڕووی کردووەتە بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی، کە کێشێکی ڕەسەنی کوردییە و بنەڕەتەکەی بۆ فۆلکلۆر و شیعری بە شێوەزاری گۆرانی نووسراوی کوردی دەگەڕێتەوە، هەروەک خۆی لەم بارەوە دەڵێت: ((شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەند شیعردۆستەکانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە وە لەگەڵ خەسائیسی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ، بە پێویستم زانی، لە ماوەی تەقەلای ئەدەبی خۆما، ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لایەنی بەکارهێنانی ئەم وەزنە بچم، تا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزنی عەرووزم بەتەواوی، وە لام وایە بۆ ئێجگاری بەرەڵڵا کرد، مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی ڕوویدا.))(گۆران، ١٩٨٠، ٣) (د.دڵشاد عەلی) ئەم لێدوانە زیاتر ڕوون دەکاتەوە بەوەی: ((ڕووکردنە کێشی بڕگەیی لەلایەن گۆرانەوە، ئەنجامی گەڕان بووە بەدوای ڕەسەنایەتدا و ئاکامی هەوڵی گۆران خۆی بووە لەپێناو داماڵینی سیمای ئەدەبی تورکی لە شیعری کوردی بیستەکانی سەر بە ڕێچکەکەی شێخ نوری و بەخشینی شەقڵی کوردانە بە شیعری کوردی لە کرمانجی خواروودا، دیاریشە کە دەیزانی ئەو شەقڵە کوردانەیە تەنها بە ڕووکردنە کێشی بڕگەیی بە دی نایەت بۆیە ڕووی لە گۆڕینی قافیە و زمانی شیعری و وێنەی شیعری و چێژی شیعریش کرد تا پەرییەکی شیعری کوردی پێ لەدایک بێت.))(عەلی، ٢٠٠٧، ٤٨) پاش ئەمە ئیتر گۆران بە هۆی بەکارهێنانی چەند کێش و سەروای هەمەڕەنگەوە بەتەواوی پشتی لە بەحری عەرووز و یەکێتیی سەروا کردووەو لە شیعریدا بەکاری نەهێناون.(خەزنەدار، ٢٠١٠،ب٥، ٣٦) بەڵکوو ڕووی کردووەتە بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگ لە شیعرەکانیدا، هەروەک دیسانەوە (د.دڵشاد) ڕوونی دەکاتەوە: ((دیاردەی بەکارهێنانی چەند کێشێک لە بنیاتی هەڵبەستێکدا و بە ئامانجی پێکهێنانی ئاوازی نوێ و داهێنەر، کەم و زۆر لە هەڵبەستی کوردی هاوچەرخدا بە دی دەکرێت.))(عەلی، ١٩٩٩، ١٤٦)

## تەوەری یەکەم

## هاوتەریبیی دەنگی بە نموونەی شیعری گۆران

لە هەموو زمانێکدا دوو جۆرە دەنگ هەیە: بزوین و نەبزوێن، ژمارەو سیستمی دابەشبوونی ئەم دوو جۆرە دەنگە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی بزوێن کرۆکی بڕگەو بنەمای ئاوازە، چونکە لە دەربڕینی ئەم دەنگانەدا جووڵەی هەوا سەربەستی زیاتری تێدایە، بۆیە دەنگە بزوێنەکان بەردەوام گڕن، لەکاتێکدا بۆ درکاندنی دەنگە نەبزوێنەکان، هەوای دەرچوو لە قورگەوە بەربەستی دێتەپێش، بۆیە هەندێک لەو دەنگانە کپن و هەندێکیشیان گڕدەبن.(گەردی، ١٩٩٩، ٢٩٥- ٢٩٦ دزەیی، محەمەدو سالح، ٢٠١٥، ٤٥)

لەم ڕوانگەوە تاکەدەنگ لە بنیاتی ئاوازەیی دەقی شیعردا ڕۆڵی بنەڕەتی هەیە، بەجۆرێک وەک بەشێکی سەرەکی پێکهێنانی واتا لێی دەڕوانرێ، بەوپێیەی کە بنەمای پێکهێنانی هەر یەکەیەکی واتایی لە دەنگەوە دەست پێدەکات و بەم جۆرەش ((دووبارەبوونەوەی یەک دەنگی نەبزوێن یان بزوێن بەشێوەیەکی زۆرو سەرنجڕاکێش لە یەک دێڕە شیعردا، ئاوازێکی تایبەتی بە شیعرەکە دەداو هەستێکی تایبەتی لای خوێنەر دەبزوێنێ و کەشی مانایەکی تایبەتی دروست دەکا.))(گەردی، ٢٠١٤، ١٢)

بۆ بەدیهاتنی ئەم جۆرەی هاوتەریبیی کۆمەڵێک دیاردەی دەنگی هەن هاریکاریی دەکەن، ئەویش لەڕێگەی دووبارەبوونەوەیانەوە لەم ئاستەی زمانداو لە چوارچێوەی بنیاتی دەقی شیعردا، وردتر بڵێین: نەک هەر لە ئاستی دەنگسازیدا کاریگەرییان دەبێت، بەڵکوو کاریگەرییان لەسەر ئاستی واتایش دەبێت، چونکە ئەو دیاردە دەنگییانە بەهۆی چڕبوونەوەیانەوە، زایەڵەو زەنگدانەوەیەکی ئەوتۆ لەدەقدا دەخوڵقێنن، کە دەوریان لە ئاسانتر گەیاندنی واتایشدا دەبێت، ئەوەتا (د.دڵشاد عەلی)یش دەڵێت: ((ئەو ئەرکە هونەرییە سەرەکییەی کە دووبارەکردنەوەو چڕکردنەوەی دەنگەکان دەیبینن، سازدانی ئاوازە لە دیوی ناوەوەی دەقی شیعریدا، هەرچی دەربارەی ئەرکە دەلالییەکانیشیانە، ئەوا دەکرێ بڵێین، کە سەلیقەی شیعریی شاعیری بەتوانا دەتوانێ تایبەتمەندیی دەنگەکان لەڕووی کپی و دەنگداری و نەرمی و گڕییانەوە، هاوتەبای کەشی تاقیکردنەوەی دەقەکە بکات و ئەو سۆزو هەڵچوونەیان پێ ببۆشێ، کە تاقیکردنەوەکە دەیوروژێنێ.))(عەلی، ٢٠١٦، ٥٧)

بەگشتی شیعری گۆران زمانحاڵی ئەو دیاردە دەنگییانەیە، کە بنەمای هەموو دەقێکی زیندووە، هەروەها بەوپێیەشی کە شیعر بۆخۆی هونەرێکی دەنگییە، بۆیە هاوتەریبکردنی دەنگەکان لە

بنیاتی شیعرەکانیدا، ئاوازێکی دەرەکی و ناوەکی جوانی پێ فەراهەم کردوون، ئەمەش جگە لە دەرخستنی توانای ئەدەبی و دەسەڵات-شکانی شاعیر بەسەر زمانە شیعرییەکەیدا، هاوکات ئەنجامێکی گرنگ بەدەستەوە دەدات، کە ئەویش بنیاتی تۆکمەی شیعرەکانێتی هەر لە ئاستی تاکەدەنگ و دەستەدەنگەوە تا دەگات بە پێکهاتەی وشە و ڕستە و لایەنی دەلالیی دەق، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەومانایە نایەت، کە هەموو ئەوەی نووسیویەتی بەر ئەو تێڕوانینە ئیستاتیکییە بکەوێت، هەروەک (مارف خەزنەدار) دەڵێت: ((لە شیعری قۆناغی دووەمیدا، شیعری بەرزی وەک قۆناغی یەکەم کەمترە، ئەگینا وەک بەرهەمێکی ئەدەبی هەموو شیعری گۆران دەچنە ناو مێژووی ئەدەبەوە.))(جەعفەرو توفیق، ٢٠٠٧، ٣٠٨)

**یەکەم/ هاوتەریبی چۆنێتی:** لێرەدا مامەڵە لەگەڵ شێوازی بنیاتنان و چۆنێتیی دەرکەوتنی دەنگەکانی زمانە لە نموونەی شیعرەکانی گۆراندا، کە ئەمەش دواجار دەچێتە چوارچێوەی هاوتەریبیی چۆنێتییەوە، هەر لێرەشەوە ئاستەکانی تری زمانی دەقی پێ ڕەنگڕێژ دەبێت. شاعیر لە شیعری (گەشت لە هەورامان)ەکەیدا، دەڵێت:

**هاوار و هاژەی کەف چەرێنی چەم**

**بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم!**

**توولەڕێی باریک، تووناوتوون پشکن**

**ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن(ل١٢٨)***

لە ئاستی ئاسۆیی دێڕی یەکەمدا هاونەبزوێنی هەریەک لە دەنگەکانی /هـ/ لە سەرەتای وشەکانی (هاوار، هاژەر) لەلایەک و دەنگی/چ/ لە سەرەتای وشەکانی (چەرێن، چەم) لەلایەکی ترو هاوکات دووبارەبوونەوەی /ل/ لە بنیاتی جووتەوشەی (لایەلایە)دا لەپاڵ هەمان دیاردە دەنگییەکان لە دێڕی دووەمدا، کە خۆی لە دووبارەبوونەوەی دەنگی /ت/ لە سەرەتای وشەکانی (توولەڕێ- تووناوتوون)و ڕێککەوتنیان لەهەمان دەنگدا لە ئاستی ستوونی لەگەڵ وشەی (تەنیایی)دا، هەموو ئەمانە هاوتەریبییەکی دەنگی جوانییان لێ پەیدا بووەو بەوەش ئاوازی ناوەوەی دەقەکە ڕازاوەتەوە. هەڵبەت جگە لە دەنگەکانی /م/ و /ن/ لە هەریەک لە وشەکانی

---

* نموونەکان وەرگیراون لە: (دیوانی گۆران- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠) بۆیە لێرەبەدوا تەنها ئاماژە بە ژمارەی لاپەڕەکەی دەدەین.

(چەم، خەم)و (پشکن، بێبن)، کە ڕۆڵی سەروایان پێ بینراوەو بەشدارییان لە تۆکمەکردنی بنیاتە دەنگییەکەدا کردووە.

ئەمەو لە شیعری (بەستەی دڵدار)یشدا هاتووە:

**نە باریکی، نە گۆشتن**

**نە کچۆڵەی نە شاژن**

**نە زۆر چاوڕەشی**

**نە ئێجگار گەشی**

**بەڵام نیگای شیرین**

**نەمدی کەس**

**وەک تۆ بەتین..**

**لێت بێ بزەی مانگەشەوی**

**بەژنی ڕێک و ڕەوتی کەوی!**(ل٢٨- ٢٩)

دووبارەبوونەوەی دەنگی /ن/ لەڕێگەی پاتکردنەوەی ئامرازی (نە)ی نەرێکردنەوە لە ئاستی ستوونیی سەرەتای پێنج دێڕی کۆپلەکەو ناوەندی دوو دێڕی سەرەتا لە ئاستی ئاسۆییدا، هەروەها دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگ /ن/ لە بەشی کۆتایی وشەکانی (گۆشتن، شاژن، شیرین، بەتین) لەپاڵ دووبارەکردنەوەی دەنگی /ش/ بەو ڕێژە بەرچاوە لەهەمان ئەو وشانە جگە لە (بەتین)، سەرجەمیان وایانکردووە لەوەی بنیاتێکی دەنگیی هاوتەریب لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی لە تانوپۆی دەقەکەدا فەراهەم ببێت، ئەمە جگە لەو سیستمی کێش و سەروایەی کە کۆپلەکەی پێ بنیاتنراوە، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە چەسپاندن و تۆکمەکردنی ئاوازی ناوەکیی بنیاتە شیعرییەکەدا بینیوە و پڕ جووڵە و بزاوتی کردووە، هەموو ئەم تایبەتمەندییە بنیاتییانەش داینەمۆی پێکەوەگونجان و هارمۆنییەتی دەقەکەیان دابین کردووە. لە سروودی (گۆرانیی قوتابییان)دا دەخوێنینەوە:

**ئیتر هەرگیز ڕووی ڕۆژی ڕوون**

**داناپۆشێ هەوری چڵکن،**

**ترسی تاڵ و تاریکی شەڕ**

**ڕووناکیمان لێ ناکا ون![ل٤١١]**

هاوتەریببوونی دەنگی نەبزوێنی /ر/ی سووک لە وشەکانی (ئیتر، هەرگیز، هەور، ترس، تاریک) لەگەڵ /ڕ/ی قورس لە وشەگەلی (ڕوو، ڕۆژ، ڕوون، ڕووناک، شەڕ) کە بەسەر تانوپۆی هەردوو دێڕەکەدا بەشێوەیەکی ئەندازەیی وا دابەش بوونە، جۆرە مۆسیقایەکی ناوەکیی جوانیان بە کۆپلەکە بەخشیوە، ئەمە جگە لە دووبارەبوونەوەی دەنگی /ی/ لە وشەکانی (ئیتر، هەرگیز، ڕووی، ڕۆژی، هەوری، ترسی، تاریکی، ڕووناکی...)، کە هاوکات لە ڕووی لایەنە دەلالییەکەشیانەوە هاوڕێک و تەریب کەوتوونەتەوەو بنیاتەکەیان لە ڕووی یەکانگیرییەوە تۆکمەتر دەرخستووە، جوانی و ئیستاتیکایەکی زیاتریان سەرباری هاوتەریبییە دەنگییەکە کردووە. هەر لەم ڕووەوە شاعیر لە شیعری (ئافرەت و جوانی)دا، کە یەکێکە لە دەقە ناسک و دڵگیرەکانی، دەڵێت:

**کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی**

**ئاڵە وەک کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟**

**کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشی چاوی؟**

**برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟**

**کام بەرزی جوانە وەک بەرزیی باڵای**

**کام تیشک ئەگاتە تیشکی نیونیگای؟**

**کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی**

**تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟[ل١٠]**

لێرەشدا بەهەمان شێوەی نموونەکانی پێشوو، لەڕێگەی میکانیزمی هاونەبزوێنییەوە، کۆمەڵێک دەنگ دووبارەکراونەتەوە، کە بریتین لە دەنگی /ک/ لە وشەکانی (کام، کێوی، وەک، کوڵم، مەمک، تیشک)، کە هەریەکە لەو وشانەش بۆخۆیان چەند جارێک لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ئاستی ستوونیی کۆپلەکەدا دووبارەکراونەتەوە، ئەوەش وایکردووە لەوەی دەنگدانەوەی دەنگی

/ک/ بەشێوەیەکی کارتێکەر لە پێکهاتەی ئاوازی ناوەوەدا بەشداربێت، هەروەها ئەمەو دەنگی /م/ لە وشەکانی (کام، کوڵم، مەمەک، مەیل، تەلیسماوی)دا، کە ئەوانیش بۆخۆیان لە هەردوو ئاستەکەدا چەندبارە بوونەتەوەو لایەنێکی تری ئاوازەکەیان هونەریتر نواندووە، لەپاڵ ئەوانەشدا هەریەک لە دەنگەکانی /گ/ ، /ڵ/ ، /س/ بە ڕێژەی جیاجیا و لە تانوپۆدا دووبارەبوونەتەوە، کە لە کۆی گشتیدا، دەقەکە لە هاوتەریبی و یەکانگیرییەکی هونەریدا خۆی نیشان دەدات، بەوەش زایەڵەیەکی دڵگیر لە ئاوازە گشتییەکەیدا لە ناوەوەی کۆپلەکە و ڕووەو دەرەوەیش پەلی کێشاوە، کە هەڵبەت ئەوەش لە بنیاتی کێش و سەرواکەیدا زیاتری خۆی نواندووەو زەق بووەتەوە. دیسانەوەو لە نموونەیەکی تری دەقی (گۆرانیی دەنکەگەنم)دا، هاتووە:

**هەر دەنکە بوو بە هەزار**

**سوپاس بۆ تۆی کردگار!**

**بەشی تۆ و بەشی عەمار**

**بەشی دەسکورت و هەژار**

**هاتە بەرهەم**

**سوپاس ئەکەم**

**دەنکە گەنم**(ل٤٢٩)

هەڵبژاردنی وشەکان و فۆرمۆلەکردنیان بەوشێوازەی لەبنیاتەکەدا بەرچاو دەکەوێت، لە ڕوانینی یەکەمدا سادە خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی چەند جارەیدا دیوە شیعرییە قووڵەکەیمان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەت ئەو ئاوازە ناوەکییەی کە هاوتەریبیی دەنگی /ر/ لە وشەکانی (هەزار، کردگار، عەمار، هەژار) لە ئاستی ستوونیدا پێکیان هێناوە، لەپاڵ ئەوەی کە دەوری سەروایان پێ بینراوە، هاوکات دووبارەبوونەوەی دەنگی /ھ/ لە سەرەتای وشەکانی (هەر، هەزار، هەژار، هات)و گونجانیان لەهەمان دەنگدا لەگەڵ وشەی (بەرهەم) لە ئاستی ستوونیی کۆپلەکەدا، هاوتەریبیی چۆنێتیی لە جۆری تاکدەنگییان لێکەوتووەتەوە، بەمەش ئاوازە ناوەکییەکە لە کۆپلەکەدا ڕازاوەتەوەو کارلەیەکترکردن و پێکەوەگونجان لەنێوان بەش و پاژەکانیدا هێناوەتەئارا.

هەڵبەت لێرەدا نابێ ڕۆڵی دەنگەبزوێنی /ۆ/ و نیمچەبزوێنی /و/یش لە وشەکانی (بوو، بۆ، تۆ، دەسکورت)و جارێکیش (و)ی ئامرازی لێکدەر لەبەرچاو نەگرین، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندییەکی دەنگییان لە ئاستی ناوەکیدا بۆ دێڕەکان سەربارکردووە.

گۆران لە شیعری (جوانی بێ ناو)ەکەیدا، هونەرکارییەکی بەرزی نواندووە، ئێمە لێرەدا ئەم کۆپلەیە لەو دەقە وەردەگرین و هاوتەریبیی چۆنێتیی لە ئاستی تاکەدەنگ تێدا دەخەینەڕوو:

**قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،**

**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ!**

**ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو،**

**گەندەمووی دەم و چاو، مەچەک هەڵ نەگرتوو**(ل٤٥)

لە ئاستی ئاسۆیی نیوەی یەکەمی دێڕی یەکەمدا دیاردەی هاونەبزوێنیی دەنگی /ڵ/ لە وشەکانی (کاڵ، ئاڵ، کاڵ) جۆرە هاوڕێکی و هاوجووتییەکی لەنێوان وشەکاندا پێکهێناوە، هەروەها وشەی (ئاڵ)ی نیوەدێڕی یەکەم لە ئاستی ستوونیدا لەگەڵ وشەسەروای (ئاڵ)ی نیوەدێڕی دووەمدا بنیاتی هاوتەریبییەکەیان قووڵتر کردووەتەوە.

لە دێڕی دووەمیشدا دەنگی /چ/ لە وشەکانی (کچ، چپە) لەلایەک و (چاو، مەچەک) لەلایەکی ترەوە لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا هاوتەریبی یەکترکراون و ئەمەش پێکڕا ئاوازێکی ناوەکیی دڵگیریان بە نموونە شیعرییەکە بەخشیوە. لە (گەشت لە قەرەداغ)دا بەر چەندین نموونەی هاوتەریبیی تاکدەنگی دەکەوین، کە سەلیقەی شیعریی گۆرانمان لەم ڕووەوە زیاتر بۆ دەسەلمێنێت. با بڕوانینە ئەم چەند نموونەی لای خوارەوە، کە لەو تێکستەوە وەرگیراون:

**تاک و تووک دێی دوور دووکەڵی چین چین**

**بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمانی شین!**(ل١٤١)

ڕێککەوتنی وشەکانی (تاک و تووک) لە دەنگی سەرەتایاندا، کە بریتییە لە دەنگی /ت/ و (دێ، دوور، دووکەڵ)یش لە دەنگی /د/ و دەنگی /چ/یش لە وشەی (چین چین)دا، کە لەڕووی داڕشتەوە لەو جۆرە وشانەیە، بە سروشتی خۆیان دووبارەکراوەن، هەموو ئەمانە دیاردەی هاونەبزوێنییان لێکەوتووەتەوە، کە ئەمەش لە ئاستە ئاسۆییەکەدا هاوتەریبییەکی چۆنێتییە جۆری تاکەدەنگ. هەڵبەت هاوتەبایی دەنگیی نێوان (چین و شین)یش لە ئاستی ستوونیداو

جیاوازییان لە تەنها دەنگی سەرەتایاندا، کە بۆخۆیان لەبنەمادا دوو وشەی سادەن و ئەرکی سەروایان پێ بینراوە، ئەوەندەی تر بنیاتە هاوتەریبەکەیان لە دێڕەکاندا تۆکمەکردووە. ئەمەو هەروەها لەم دێڕەی تری گەشتنامەکەدا هاتووە:

**شێ سوار! بۆی دەرچۆ سا چنگ لەسەر شان،**

**چیت کرد باڵدارت لە خۆت خرۆشان؟**(ل١٥٠)

لە ئاستی ئاسۆییدا هاوتەریبیی تاکە دەنگەکانی /ش/ ، /س/ ، /چ/ لە وشەکانی (شێسوار، سا، لەسەر، شان، دەرچۆ، چنگ) هاوکات گونجان و ڕێککەوتنیان لەگەڵ تاکە دەنگەکانی /ت/، /خ/ لە وشەکانی (چیت، باڵدارت، خۆت، خرۆشان) لەپاڵ گونجان و ڕێککەوتنی هەریەک لە دەنگەکانی /چ/، /ش/ی ئاستە ئاسۆییەکە، لەگەڵ هەمان ئەو دەنگانە لە وشەکانی (چیت، خرۆشان)دا بنیاتی هاوتەریبییەکەیان زیاتر گەشاندووەتەوەو بەوەش وەرگر بەئاسانی هەست بە زایەڵەو زەنگدانەوەیەکی مۆسیقی دڵکێش لە دێڕەکەدا دەکات، کە تێکڕا لەگەڵ دیمەن و کەشی گشتیی گەشت و گەڕانەکەدا، کە لە ئاستی دەلالیدا بەرهەم هاتووە، وێنایەکی زەینی لای وەرگری دەقەکە دەخوڵقێنن.

**چاوەڕێم چەرخەی نیگای تیژتێپەڕ**

**لە چاوما بکات هەستی ئەشکی تەڕ!**(ل١٥٤)

هاونەبزوێنبوونی وشەکانی (چاوەڕێ، چەرخە، چاو) لە دەنگی /چ/ی سەرەتایانداو یەکانگیربوونیان لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا لەو فۆرمە هونەرییەی دێڕەکەی لەخۆگرتووە، هەروەها ڕێککەوتنی وشەکانی (تیژتێپەڕ، بکات، هەست، تەڕ) لە دەنگی /ت/ی دیسانەوە نەبزوێندا، هاوتەریبییەکی تاکدەنگیی دڵبزوێنی لێ بەرهەم هاتووەو دێڕەکەی بەتەواوەتی سەرنجڕاکێش کردووە. لە دەقی (سەوزە گیای پایز)دا هاتووە:

**تازە سەوزەگیا سەرلەنوێ ئەڕوێ،**

**مەل لە ماجەرای عەیش و نۆش ئەدوێ!**(ل١٦٨)

لە ئاستی ئاسۆیی دێڕەکەدا ڕێککەوتنی دەنگی /ز/ لە برگەی کۆتایی (تازە)و ناوەندی برگەی (سەوزەگیا)دا لەپاڵ وشەکانی (سەرلەنوێ- ئەڕوێ)دا لەلایەک و گونجانیان لەگەڵ وشەی (ئەدوێ)ی سەروای نیوەدێڕی دووەمدا، کە هاوچەشنییەکی نەبزوێنی لە دەنگی /ێ/ پێکهێناوە،

لەلایەکی تریشەوە ڕێککەوتنی دەنگەکانی /ل/ لە ناوەندی وشەی (سەر+لە+نوێ)ی ئاوێتە لەگەڵ دەنگی /م/ ، /ل/ی دەستەواژەی (مەل+ لە+ ما+جەرا)دا یەکانگیری و گونجانێکی دەنگیی جوانی لێ هاتووەتەئارا، سەرباری ئەوەی کە زرنگانەوەی دەنگی نەبزوێنی /ش/ لە کۆتایی وشەکانی (عەیش و نۆش)یشدا ئاوازە ناوەکییەکەی لەو دێڕەدا ڕەونەقدار کردووەو جوانییەکی زیاتری سەرباری بنیاتی هاوتەریبییەکە کردووە. ئەمەو لە دەقی شیعری (ئەنجامی ئەژدەهاک)دا دەڵێت:

**بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نییە،**

**بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نییە**(ل٣٥٦)

دووبارەبوونەوەی دەنگی بزوێنی /ی/ لە وشەکانی (ژینی، دیلی، ژین، نییە، دەمی، دیل، هەنگوین، هیچ، شیرین، نییە) لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیی دێڕەکەو کارلەیەکترکردنیان لەگەڵ ئەو یەکانگیرییەی لە دەنگە هاوبەشەکانی تری هەمان ئەو وشانەدا هاتووە، وایکردووە لەوەی ڕیتمێکی دڵنشین لە ناوەوە بەرجەستە ببێت، بەتایبەت کە دەنگی /ی/ لە بزوێنە داخراوە بەرزەکانە، کە دەرکەوتنیان لە دەقدا بە ڕێژەیەکی زۆر، وا دەکات دێڕە شیعرەکان درێژتر ببنەوەو بەوهۆیەوە ئاوازێکی خاو بە گوێی وەرگردا دەدات. هەر بەم جۆرە لە شیعری (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)یشدا هاتووە:

**ئیتر، شای، وەزیری، سەری**

**هەرچی تۆ هەی ئەی سینگمان ڕی!**(ل٢٤٦)

ڕێککەوتنی وشەکانی (شای، وەزیری، سەری، هەرچی، ڕی) لە ئاستی ئاسۆیی و ستوونی هەردوو نیوەدێڕەکەداو کۆتاییهاتنیان بە دەنگە بزوێنی /ی/ دیاردەی هاوبزوێنی پێکهێناوەو ئاوازی ناوەوەی دێڕەکەی نەخشاندووە، لەلایەکی تریشەوە ڕێککەوتنی هەریەک لە وشەکانی (هەی، ڕی)ی نیوەدێڕی دووەم لە دەنگی /ی/ کۆتاییاندا لەپاڵ هاوبزوێنییەکەدا هێزێکی تری داوەتە ئاوازە ناوەکییەکە. هەڵبەت ئەمە جگە لە گونجانی دەنگی لەنێوان هەردوو وشەکانی (ئیتر، سینگمان)دا، لەهەمان دەنگی /ی/ بڕگەی سەرەتایاندا، کە دەکەونە دوای نەبزوێنی سەرەتای وشەکانەوەو بەمەش هاوچەشنییەکی بڕگەیی لێکەوتووەتەوەو بنیاتە ئاوازەییەکەی جوانتر دەرخستووە. هەروەها لە دەقی (خۆزگەم بە پار)یشدا سەرنج دەدەین، کە دەنگی /ێ/ ڕۆڵی سەرەکی لە بنیانی هاوتەریبی تاکدەنگی لە دەقەکەدا گێڕاوە:

**هەر ڕۆژە عیشوەیەک، نازێ،**

**هەر خەڵوەتە چەشنە ڕازێ،**

**لەو توانج لە من نیازێ!**

**بۆ ماچێ، نوقوورچێ، گازێ،**

**هەر بەزمە دەنگێ، ئاوازێ،**

**بەچاو بینینی دڵخوازێ(ل٢٢)**

ئەو ڕیتمە خێرایەی کە تەواوی جەستەی کۆپلەکەی تەنیوەو وەرگر تیژتێپەڕو بروسکەئاسا هەستی پێدەکات، لەڕێگەی هاوتەریبکردنی دەنگەبزوێنی /ێ/ بەدیهاتووە، ئەوەش لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەیەکی ڕێک لە ئاستی ستوونی وشەسەرواکانی (نازێ، ڕازێ، نیازێ، گازێ، ئاوازێ، دڵخوازێ) لەلایەک و هەروەها لە ناوەندی کۆپلەکەداو لە ئاستی ئاسۆییدا دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگ لە وشەکانی (ماچێ، نووقورچێ، دەنگێ)، کە سەرجەمیان وایانکردووە لەوەی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی بزوێنەکە هەڵبکشێ و بەوەش پێکەوەگونجان و یەکانگیرییەکی ئاوازەیی دڵگیر لەسەر بنەمای هاوشێوەیی لە بنیاتی شیعرەکەدا فەراهەم بووە. ئەمەو لە شیعری (ئاهەنگێک لە ناوڕان)دا هاتووە:

**هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور**

**بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور،**

**تا نەگەڕێ مێرگی بەهار**

**دەم نانێتە ناو دەمی یار!(ل٥٠)**

دەرکەوتنی دەنگی کورتەبزوێنی /ە/ بەو ڕێژە زۆرە لەمیانی هەردوو دێڕەکەدا، لەپاڵ دەنگەبزوێنی /ێ/، کە سێ جاریان لەهەمان بڕگەی چوونیەکدا هاوتا دەبێتەوە، کە ئەویش دەکەوێتە نێو وشەکانی (ئەبڕێ، ڕێ، نەگەڕێ)، هەروەها ڕێککەوتنی دەنگی /وو/ لە وشەکانی (دوور، سوور) وەک لووتکەی بڕگە، کە جگە لەوەی بۆخۆیان لە دەنگی نەبزوێنی /ر/ی سووکی کۆتاییاندا لەگەڵ وشەسەرواکانی (بەهار، یار)دا مۆسیقای ناوەکی کۆپلەکەیان چڕکردووەتەوەو

کاریگەرییان لەسەریەک داناوە، ئەوەش ئەنجامێکی بەدیهاتووی هاوتەریببوونی ئەو دەنگانەیە لەبنیاتەکەدا بەشێوەیەکی گشتی و لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا یەکانگیربوونەتەوە.

پێویستە لێرەدا ئەوە بخەینە ڕوو، کە ئەم دەنگانە بەگشتی /گ/، /چ/، /پ/، /ژ/، /ڵ/ هاوتا لەگەڵ بزوێنەکانی (ە، وو، ۆ، ێ) هەڵگری جۆرێک تایبەتمەندیی فۆنۆلۆجیی ئەوتۆن، کە بوونیان لە وشەدا دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ڕیتم و ئاوازێکی تایبەت و جیاواز، هەروەک (حەمەنوری کاکی) لەبارەی بەکارهێنانی ئەو دەنگانە، کە لای خۆیەوە وەک دەنگگەلی تایبەت بە زمانە هیندۆئەوروپییەکانی بەگشتی و بە زمانی کوردیی بەتایبەتی ناویان دەبات، دەڵێت: ((ئەم دیاردە دەنگییە، بەگشتی لە شیعری نوێی کوردیداو ئەگەر نەگوترێ لە شیعری هەر هەموویاندا، دەشێت بگوترێ لە شیعری زۆربەی زۆریاندا دەبینرێت، چونکە یەکێک لە سیماکانی نوێکردنەوەو شێوازی شیعری نوێ، بریتییە لە بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی و ڕەسەن، بەدڵنیاییەوە ئەو وشانەش ئەو دەنگانەی سەرەوەیان بەزۆریی تێدایەو فۆنێمە کوردییەکان دەرکەوتووترن.))(کاکی، ٢٠٠٩، ١٤٨)

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ئەو چۆنێتییەیە، کە سروشتی دەقە شیعرییەکەی لەسەر بنیاتنراوە، کە ئەوەش بۆخۆی کاریگەریی جیاوازی دەبێ لەسەر مۆسیقای دەقەکە، ئەو مۆسیقایەی کە بەهۆی هاوتەریبیی تاکەدەنگەوە بەرهەم هاتووە، بۆیە جۆرو ڕێژەی ئەو دەنگانەی کە بەشدارییی لە دووبارەبوونەوەکەدا دەکەن، لەگەڵ شوێن و شێوەی دروستبوونیان و گڕی و کپییەکەیان، هەموو ئەمانە ڕەنگرێژی بنیاتە ئاوازەییەکەی دەکەن و یەکانگیریی هونەریی چەسپاوترو ئاستی شیعرییەتی تێدا بەرزتر دەکەنەوە. هەروەک ئەمەش لە جۆری هاوتەریبیی دەستەدەنگیدا بەشێوەیەکی وردو قووڵتر ڕەنگ دەداتەوە.

**<u>- هاوتەریبیی دەستەدەنگ:</u>** لێرەدا دووبارەبوونەوەی کۆمەڵەدەنگی هاوشێوەو لەیەکترنزیک لەبنیاتی یەکەی زمانیدا بەهەند وەردەگرین، واتە دەتوانین لەڕێگەی هەریەک لە سیستمی سەرواسازیی و بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە وەک هاودەنگ، هاوپیت و هاوڕێنووسی یەکتر دەردەکەون، ئەنجامێک لە شیکردنەوەی دەقەکانەوە بەردەست بخەین.

هەروەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێی داوە، بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شیعری نوێی کوردیدا هاتووە، قافیەی شیعریش لە سیستمی پێشووی خۆی لایداوە، چونکە وەک دەزانرێ، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیک یەکێتیی قافیە بووە، کە بەشێوەیەکی یەکگرتوو لە سەرەتا تا کۆتایی دەقەکە شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام لە شیعری نوێدا

لەبری ئەوە سەروای هەمەڕەنگ و جووتسەروا و هەندێ جاریش سەروای ئازاد جێگەیان گرتووتەوە. گۆرانیش وەک سەرئامەدی نوێخوازییەکە، کاریگەر بووە بە هۆکارە خودی و بابەتییەکانی سەردەمەکەی خۆی، بۆیە وازهێنانی لە یەکێتیی سەروا پێویستییەکی حەتمی بووە. لەم ڕوانگەوە ئەگەرچی لە هەندێ دەقی سەرەتای ئەزموونە شیعرییەکەیدا چاومان بە سەروای یەکگرتوو دەکەوێت، کە ڕێژەکەی لەچاو جۆرەکانی سەروای هەمەڕەنگ، ئێجگار کەمە،(دەڕوانرێتە: ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٣١) هاوکات ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەشە، کە هەر پاش ئەو هەنگاوە بەراییانەی شیعرنووسینی، ئیتر گۆران یەکجاریی ڕووی لە بەکارهێنانی سیستمێکی نوێی سەرواسازیی کردووە، بۆیە کاتێک بمانەوێت بنیاتی هاوتەرییی لەڕێگەی سەروای دەقە شیعرەکانییەوە بەردەست بخەین، ئەوا سەرنجی ئەو جیاوازییە بنەڕەتییە دەدەین، کە لەگەڵ شیعری کلاسیک بەگشتی و ئەوانەی سالمدا بەتایبەتی هەیەتی، بەوەی لای سالم سەروا وەک سیستمێک لە فۆرمی دەرەکیدا نەگۆڕو چەسپاو بووە، بەڵام لە فۆرمە ناوەکییەکەیدا گەمە هونەرییەکە ئەنجام دراوەو هاوتەرییەکەی لێکەوتووەتەوە، کە دیارە ئەمەش پەیوەندیی بەو سیستمی کێشەوە هەیە، کە لە شیعری کلاسیکدا پێڕەوکراو بووە، هەروەک (د.دلشاد) دەڵێت: ((کێشە عەروزییەکە بەهۆی زەحاف و عیلەلەکانییەوە توانیویەتی لەو ترپە نەگۆڕە خۆی دەربازکات و ئاوازی هەمەچەشنە بۆ دیوی ناوەوەی هەڵبەستەکە پێک بهێنێت.))(عەلی، ١٩٩٨، ١٠٦)

بەڵام بۆ ئەم حاڵەتە لە شیعری نوێدا ئەو گەمە هونەرییە زیاتر لە ئاستی فۆرمی دەرەکیی سەروادا دەردەکەوێت، چونکە شاعیر پشت بە جووتسەروا یان سەروای هەمەڕەنگ دەبەستێت، دیسانەوە (د.دلشاد) ڕوونی کردووەتەوە: ((هەنگاونانی هەڵبەست و ڕووکردنە قافیەی هەمەڕەنگ تا بیکاتە کەرەسەی پێکهێنانی ئاوازەکەی بووە مایەی ئەوەی کە گەلێ چەشن و شێوەی تری ئاوازەیی سەرهەڵبدات و گەلێ بنیاتی هونەری پێک بهێنرێت و ئاسۆیەکی فراوانتر لەبەردەم شاعیراندا بکرێتەوە.... بەگشتی قافیەی هەمەڕەنگ بووەتە هۆی ئەوەی کە گەلێ شێوەی ئاوازەیی بنیاتبنرێ.))(عەلی، ١٩٩٨، ١٠٤) دیارە ئەم شێوە ئاوازەییە جۆراوجۆرانەش کە لە بنیاتی تاکەدێڕدا ئەنجام دەدرێت، دەبێتە هۆی ((فرە پارالێلی لە هەر دێڕێکدا لە ئاستی سەروا- ئەگەر دەنگێکیش بێت- دەهێنێتەئارا.))(عوسمان، ٢٠١٨، ٢٨٥)

ئەو فرەییە لە بنیاتی هاوتەرییدا هیچ لەوە کەم ناکاتەوە، کە هەر دەقێکی شیعری نوێ، لە سەرتاپایدا یەکێتییەکی هاوتەریبیی لە هەموو ئاستەکانی زمانی دەقدا تێیدا زاڵ دەبێت. لێرەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە با بڕوانینە ئەم کۆپلەیە، کە لە شیعری (ئافرەت و جوانی)یەوە

وەرگیراوە، سیستمی سەرواسازییەکەی بریتییە لە جووتسەروا یان ئەوەی پێی دەگوترێ (مەسنەوی)، کە تێیدا هاتووە:

**میوەی گەیشتووی زەرد و سووری باخ،**

**جریوەو جووکەی دارستانی شاخ،**

**لە گەرووی شمشماڵ لە تەلی کەمان،**

**گەلێ هەلساوە ئاوازەی جوان جوان**

**ئەمانە هەموو جوانن، شیرینن،**

**ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن!**

**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز،**

**بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز**[ل٩-١٠]

وەک دیارە هەریەک لە فۆرمە زمانییەکانی (باخ- شاخ، کەمان- جوان، شیرینن- ژینن، هەرگیز- ئازیز)، کە لە ئاستی ستوونیی دەقەکەدا بەدواییەکداهاتوون و دەوری وشە سەروایان لە دێڕەکاندا پێبینراوە، هەریەکەیان بەهۆی ئەو پێکهاتە دەنگییەی هەیانە، چ لە ئاستی هەر دێڕێک بەتەنهاو چ لە پەیوەندیی دێڕەکان لەگەڵ یەکتردا، پێکەوەگونجانێکی ئیقاعیی قووڵیان بەتەواوی جەستەی دەقەکە بەخشیوە، بەجۆرێک ئەگەر لە نەخشەی سیستمی سەرواسازییەکەی بڕوانین، بەوردیی بنیاتی هاوتەریبییەکەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو وشەسەروایانە پێکیانهێناوە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دێڕی یەکەم | باخ | خ | ا | |
| | شاخ | خ | ا | |
| دێڕی دووەم | کەمان | ن | ا | |
| | جوان | ن | ا | |
| دێڕی سێیەم | شیرینن | ن | ی | ن |
| | ژینن | ن | ی | ن |
| دێڕی چوارەم | هەرگیز | ز | ی | |
| | ئازیز | ز | ی | |

وەک لە نەخشە ڕوونکارییەکەدا دەرکەوتووە، ناوەندگرتنی چوار جارەی دەنگی /ن/ لەنێوان هەریەک لە دەنگەکانی /خ/ و /ز/ دا دابەشبوونی ئەندازەیی و هونەرییانەی سەرواکانمان لە فۆرمە هاوتەرییەکەیدا بۆ دەردەخات.

ئەمەو لە شیعری (جوانێ لە لادێ)دا، کە لە قاڵبی چوارینی تەواودا داڕێژراوە، واتە هەر چوار نیوەدێڕەکە لەڕووی سەرواوە وەکیەکن‌و لە فۆرمی (AAAA)دا دەردەکەوێت، هاتووە:

**ئێوارەیە، وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە،**

**ڕێی کانی قوبان! مونتەظیری جیلوەیی نازە،**

**بەر دەرگاکەتان قیبلەی ڕووی ئەهلی نیازە،**

**ئێوارەیە، وا هەڵگرە سا گۆزەیی تازە!**(ل٣٢)

نەخشەی سیستمی سەروابەندییەکە، بەم شێوەی لای خوارەوە دەبێت:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دێڕی یەکەم | تازە | ز | ا | ە |
| | نازە | ز | ا | ە |
| دێڕی دووەم | نیازە | ز | ا | ە |
| | تازە | ز | ا | ە |

لێرەشدا وەک دیارە وەشەسەرواکان بریتین لە: (تازە- نازە، نیازە- تازە)، کە هەموویان هاوبەشیی دەنگییان لە (/ا/، /ز/، /ە/)دا پێکهێناوە، جگە لەوەی کە وشەسەروای (تازە) دووجار لە کۆپلەکەدا بەکارهاتووە، واتە بەسوود وەرگرتن لە بنەمای دووبارەکردنەوەی یەکەی زمانی ئەمسەرو ئەوسەری کۆپلەکە پێکەوەگرێدراوە، ئەمەش لەمیانی هەمان بنیاتی ڕستەسازییەوە بەدیهێنراوە، کە دیسانەوە نیوەدێڕی سەرەتاو کۆتایی کۆپلەکەیان پێکهێناوە، واتە بنیاتی هاوتەرییبیە دەنگییەکە هەم لەڕێگەی سەرواسازییەکەوە هەم لەڕێگەی پێکهاتەی سینتاکسییەوە دەوڵەمەندو تۆکمەتر نوێنراوەتەوە، بۆیە دووبارەبوونەوەی وشەسەرواکە کەلێنی لە سەرواسازییەکەدا دروست نەکردووە، بەڵکوو ڕێککەوتن و پێکەوەگونجانی لەو جیاوازییەدا فۆرمبەند کردووە.

ئەم دوو نموونە هەڵبژێردراوەی بۆ ڕوونکردنەوەی هاوتەریبی لەڕێگەی سیستمی سەرواسازییەوە لە شیعری گۆراندا خرانەڕوو، توانای شیعریی شاعیرمان بۆ دەردەخەن لە

چۆنێتیی شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ زمانە شیعرییەکەی و باڵادەستی لە چوارچێوەی سیستمی شیعریی سەردەمەکەی خۆیدا، لەم بارەوە (ڕەفیق حیلمی) دەڵێت: ((گۆران قافیەی ملکەچی خۆی کردووە. بۆ قافیەیەکی تایبەتی ڕەوانی و سەلاسەتی بیری خۆی نەئاڵۆزاندووە، تێک نەداوەو ڕستەی خەیاڵی قافیە وەکو (مێوو ڕۆن)ە بەدەسیەوە. بە مەیلی خۆی یاریی پێ ئەکا، لە چەشنی گوارە، کە ویستی ئەیکاتە گوێ بووکی فیکرەوەو شیعرەکانی پێ ئەڕازێنێتەوە. زۆرجاریش ڕەنگە هەر بیری لە قافیە نەکردبێتەوە. لەگەڵ ئەمەشا شیعرەکانی سەراپا قافیەدارە، چونکە چەشکەیەکی بەرزی تەبیعی وشەکانی لە وێنەی (سەجع و قافیە)دا هانیوە بەسەر زمانیا.))(حیلمی، ٢٠١٠، ٢١٢)

یەکێکی تر لەو تەکنیکانەی گۆران لە سەرواسازیدا پێڕەوی کردووەو لەڕێگەیەوە هاوتەریبی پێ بنیاتناوە، بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە پاشسەروایە، بەپێی ئامارێکی شێوازناسیی دەرکەوتووە، کە شاعیر (٢٦٨) جار وشەکانی پاشسەروای دووبارە کردووەتەوە،(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٢٦) ئەمەش بووە بە مایەی پێکهێنانی بنیاتی هاوتەریبیی دەستەدەنگی لە بەشی هەرە زۆری دەقە شیعرەکانیدا. هەڵبەت ئەوە دەزانین، کە پاشسەروا ((بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک، یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک بەهەمان واتا لەدوای سەروای ئاسایی چەند نیوەدێڕێکەوە، وەک سەروای دووەم.))(عەلی، ١٩٩٨، ١٠٢)

ئەو پاشسەروایانەی لە شیعرەکانی گۆراندا بەکارهاتوون، وشەگەلێکن لە هەموو بەشەکانی ئاخاوتنیان تێدایە، بەڵام لەناو هەموو ئەوانەدا کرداری (بوو) لە ڕووی ژمارەی بەکارهێنانەوە لە هەموو ئەوانیتر زیاتر بەکارهاتووە، کە ڕێژەی دووبارەبوونەوەکەی (٦٠) جارەو بەدوای ئەمیشدا وشەی (بێ) دێت، کە ڕێژەی بەکارهێنان و دووبارەبوونەوەکەی (٥٧) جارەو ئیدی هیچ کام لەو وشانەی تر، کە وەک پاشسەروا بەکارهێنراون، (٢٥) جارەکەی بەکارهێنانی کرداری (ئەکەم)یان تێ نەپەڕاندووە.(دەڕوانرێتە: ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٢٨) لە شیعری (بۆ کچێکی بێگانە)دا هاتووە:

**بە ڕواڵەت چەن پرشنگدار و شیک بوو،**

**پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بوو**(ل٤٨)

دووبارەبوونەوەی کرداری (بوو) وەک پاشسەروا، لایەنی ئاوازەیی لە ئاستی دەرەوەو ناوەوەی دێڕەکاندا زەقتر کردووەتەوە، بەوپێیەی کە دەنگی /وو/ یەکێکە لە بزوێنە درێژە داخراوەکان، کە وا دەکات لەوەی کشان و درێژبوونەوەیەکی زیاتر بە ڕیتمی دەقەکە بدات، لەپاڵ ئەوەشدا فۆرمە زمانییەکانی (شیک، تاریک)، کە لە دێڕەکەدا، کە ڕۆڵی وشەسەروایان

گێـڕاوە، لــە دەنگــە بەدواییەکــداهاتووەکــانی /ی/ و /ک/ کۆتاییانــدا هاوبەشــن و ئەمــەش هاوچەشنییەکی دەنگیی لێکەوتووەتەوەو هاوکات لەگەڵ کارلێکە دەنگییەکانی تری نێوان یەکە پێکهێنــەرەکانی دیکــەی دێڕەکــە لــە هــەردوو ئاســتی ئاســۆیی و ســتوونیی نیوەدێڕەکانــدا، ڕێککـەوتنێکی لـەنێوان وشـەکانی (پرشـنگدار، شـیک)و (چـەن، پێچەوانـە)دا لێکەوتووەتـەوە، کـە بنیاتەکەیان لەڕووی هاوتەرییبییەوە پتەوتر نواندووە.

لە شیعری (بۆ بلبل)یشدا دیسانەوە سوود لە پاشسەروا وەرگیراوە، ئەویش لەڕێگەی هەڵبژاردن و بـەکارهێنانی هەریـەک لـە دانـەی زمـانیی (بێ) و (بم)ەوە، کـە لـەپاڵ وشەسـەرواکانی (شـاد، ئازاد، گوڵزار، بەهار، باڵدار، شار، گوڵ، چڵ)دا ئاوازو ئیقاعێکی جوانیان بە کۆپلەکە بەخشیوە، بەوپێیـەی کـە بەشـێوەیـەکی ڕێـک و بەدواییەکـداهاتوو لەسـەر ئاسـتی سـتوونیی کۆپلەکـە هێنراونەتەوەو بەم شێوەیە لەگەڵ دەرکەوتە دەنگییەکانی تری دێڕو نیوەدێڕەکاندا هاوتـەرییبی دەنگییان پێکهێناوە:

**منیش دەروونم شاد بێ**

**ملم لە بەند ئازاد بێ**

**دەورو پشتم گوڵزار بێ**

**عومرم یەکسەر بەهار بێ**

**بەرەڵڵا بم باڵدار بم**

**دوور لە مەینەتی شار بم**

**پەرداغی ئاوم گوڵ بێ**

**جێی حەسانەوەم چڵ بێ** (ل١٠٥- ١٠٦)

ئەو گۆڕانەی لە پاشسەرواکەدا لە (بێ)وە بۆ (بم) ڕوویداوە، بنیاتی هاوتەرییبییەکەی لە ڕووی دەنگییەوە بەهێزتر کردووە، بە هۆی ئەوەی کە لە ناوەندی نیوەدێڕی دێڕی سێیەمیشدا فۆرمی (بـەرەڵڵا- بـم) هـاتووەو ئەمـەش لەگـەڵ (باڵدار-بـم، شـار-بـم)دا هاوتـاو بووەتـەوەو گونجـانێکی مۆسـیقیی دڵگیریـان لـە ئاسـتی ناوەکیـدا بنیاتنـاوە، کـە بەشـێوەیەکی گشـتی لـە فۆرمبەنـدیی کۆپلەکەدا ڕۆڵێکی هونەریی جوانیان پێبینراوە.

(عـەلی محەمـەد حەقشـناس) لـە ڕوونکردنـەوەی پاشسـەروادا لـە چوارچێـوەی لێکۆڵینـەوەی شیوازناسیدا دەڵێت: ((پاش سـەروا هاوچەشـنییەکی تـەواوە لـە دووبارەبوونـەوەی یـەک دانـەی ڕێزمانی وەکوو (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) لە بەدواییەکداهاتنێکی یەکسـان، کـەوا لـەڕووی دەنگسـازی و وشـەسـازی و ڕێزمـانی و واتاییـەوە هـەمان ڕۆڵـی یەکسـانی هـەبێت و لـە کۆتـایی دێڕو نیوەدێڕی شیعردا دوابـەدوای سـەرواوە دێت.))[(دەشتی، ٢٠٢١، ١١٩)] لـەم ڕووەوە هونەرمەندیی گۆران لە مەزراندنی پاشسەروا لە دەقەکانیداو بەرهـەمهێنانی هاوتـەریبی دەسـتەدەنگی لێیانـەوە لە (گەشت لە قەرەداغ)ەکەیدا بەم شێوەیە ڕەنگی داوەتەوە، کە لێرەدا ئـەم کۆپلـەی وەک نموونـە لێوەردەگرین:

**مەستی بێ شەراب هەرزەکاران (عیو!)**

**خەفەت بابردوو دەردەداران (عیو!)**

**زاوای بەر دەرگای ئاواتی دڵ (عیو!)**

**بووکی ڕازاوەی جوانتر لە گوڵ (عیو!)**

**هەڵقەی چۆپی (عیو!) شمشاڵ لێدەر (عیو!)**

**ئاسمان، ئەستێرە، دێ، دەشت و دەر (عیو!)**[(ل١٤٨- ١٤٩)]

بەدواییەکـداهاتنی چەنـدبارەکراوەی وشـەی (عیـو) لـە ئاسـتی سـتوونی و ڕۆڵ-پێگێڕانـی وەک پاشسـەروا لە دەقەکەدا، لـەپاڵ وشـە سـەرواکانی (هـەرزەکاران- دەردەداران، دڵ- گوڵ، لێدەر- دەر)دا ئاوازێکی دڵگیری بەسـەر کەشی گشتیی کۆپلەکەدا پەخش کردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە وشـەی (عیو) بۆخۆی دەربڕو لەخۆگری ئەو چرکەساتە ژیاوەی ناو گەشـتەکەیە، کـە شـاعیر دەیەوێ لەڕێگەی وشـەوە وێنـای بکات و بۆ وەرگری شـیعرەکەی بگوێزێتـەوە، بۆیـە دەتوانین بڵێـین: هاوتەریببوونەکـە لـە ئاسـتی دووبارەبوونـەوەی یـەک فـۆرمی زمـانی و دەستەدەنگییەوە پەڕیوەتەوە بۆ ئاستە دەلالییە قووڵەکەی دەق و بـەو ڕیتم و هارمۆنییـە جوانـە ئەنجام دراوە، کە لێرەدا هەستی پێدەکەین و چێژی لێدەبەین.

یـەکێکی دیکـە لـەو دیاردانـەی کـە لەڕێگەیـەوە سـەروای دێڕەکـان پێکهێنـراوە، بـەکارهێنانی ئـەو جووتەوشـانەیە، کـە بـە خۆیـان سروشـتی دووبارەکردنـەوەیان تێدایـە، ئـەم دووبارەکردنەوەیـە بەشـدارییەکی کـارا دەکـات لـە پێکهێنـانی بنیـاتی هاوتەریبیـدا، بەوپێیـەی کـە سیسـتمی

دووبارەکردنەوەکە لە سنووری یەک فۆرمی زمانیدا دەبێت، بەڵام ئۆتۆماتیکییەتی زمانی باوی تێپەڕاندووە، هەروەک لەم نموونانەی لای خوارەوە دەردەکەوێت:

لە شیعری (ئافرەت و جوانی)دا هاتووە:

**لە گەرووی شمشاڵ لە تەلی کەمان**

**گەلێ هەڵساوە ئاوازەی <u>جوان جوان</u>**(ل١٠)

یان:

**بەڵام تەبیعەت <u>هەرگیزاو هەرگیز</u>**

**بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز**(ل١٠)

لە (گەشت لە هەورامان)یشدا هاتووە:

**بەڵام سەرەوژوور ڕۆیشتین <u>کەم کەم</u>،**

**بای فێنک کەوتە شنەی <u>دەماودەم</u>**(ل١٤٠)

هەروەها:

**تاک و تووک دێی دوور دووکەڵی <u>چین چین</u>**

**بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمانی شین!**(ل١٤١)

ئەمەو لە (ئاهەنگێک لەناو ڕان)دا هاتووە:

**منیش چەشنی پەپوولەیەک گوڵ داییێتە ناو**

**کێ زۆر شۆخ بێ لەبەر پێیا ئەوەستم <u>تاو تاو</u>!**(ل٥١)

هەروەسا لە دەقی (شەوێک لە عەبدوڵڵا):

**تازە شۆخی هەڵبژاردەم**

**کەوتۆتە سەرنجی <u>دەم دەم</u>**(ل٥٦)

لە شیعری (ڕەوتێکی جوان!)یشدا سەرنج دەدەین:

چەن جوان ئەڕوا بە قونەقون

سرک و گورج و سپی و خرپن[ل١١]

ئەوەی وا دەکات ئەم دیاردەیە لەم دێڕانەو لە دێڕە هاوشێوەکانی تردا -کە هەڵبەت نموونەیان لە دیوانی شاعیردا گەلێک زۆرە- وەک میکانیزمێکی بەرهەمهێنانی هاوتەریبیی چۆنێتی لە ئاستی دەنگیدا لە قەڵەمیان بدەین ئەوەیە، کە دووبارەبوونەوەی وشەکان لە نموونەی (کەم کەم، چین چین، تاوتاو، دەم دەم و...) ئەوانیتریش، جگە لەوەی لەمیانی بەکارهێنانە شیعرییەکەیاندا سنووری دووبارەبوونەوەی ئۆتۆماتیکیی زمانی ئاساییان تێپەڕاندووە، هاوکات لە چوارچێوەی سیستمی کێشی شیعرەکەدا ڕۆڵێکی ئاوازەیی تایبەت و جیاواز دەگێڕن، کە ئەویش پڕکردنەوەی شوێنی وشەسەروایە لە دێڕو نیوەدێڕەکاندا، واتە نەهاتن و دووبارەنەبوونەوەی هەرکام لەوانە وەک چۆن لەنگی لە کێشی شیعرەکەدا دروست دەکات، هەروایش سیستمی سەروابەندییەکەی ناتەواو دەمێنێتەوە، بەمەش لەڕێگەی ئەو دیاردەیەو لە یەک کاتدا هەم هاوسەنگیی کێش و هەم سیستمە سەرواسازییەکەش پێکهێنراوە، سەرئەنجام لەگەڵ دیاردەو دەرکەوتە دەنگییەکانی تردا کارلێک و یەکانگیریی هونەرییان دابین کردووەو بەمەش هاوتەریبییە دەنگییەکە لە بنیاتی دەقەکەدا فەراهەم بووە.

لەلایەکی ترەوە هاوتەریبیی دەستەدەنگ لەڕێگەی کۆمەڵێک دیاردەی ترەوە بۆی هەیە بەدیبهێنرێت، کە دەشێ وەک هاوتەریبیی دەنگیی ناتەواویش ناوزەدیان بکەین، هۆی ئەو ناولێنانەش بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە، کە ئەم شێوازەی پێکهێنانی بنیاتی هاوتەریبی لەنێوان ئەو وشانەدا دەبێت، کە هەریەکەیان لەگەڵ ئەویتر لە شتێک یان زیاتر لە چوار بنەماکەی ژمارە، شێوە، جۆرو زنجیرەی پیتەکانیان لێکدی جیادەبنەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ((گۆران بە ڕێژەیەکی زۆر، ئەم دیاردەیەی بەکارهێناوە، بە جۆرێک ئەگەر سەیری شیعرەکانی بکەین، ئەوا بەئاسانی ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش شارەزایی و بەهرەمەندیی شاعیر لەم بوارەدا دەردەخات، چونکە توانیویەتی بەشێوەیەکی وەستایانە مامەڵە لەگەڵ ئەو وشانەدا بکات.))[ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٦٨] کە ئەم چەشنە هاوتەریبییە دەنگییەی لێ بەرهەم دێت و ئاوازی ناوەوەیشی پێ دەوڵەمەند دەبێت.

لایەنێکی ئەو بەهرەمەندییەی شاعیر لەم ڕووەوە، لەوەدا ڕوون دەبێتەوە، کە لە دامەزراندنی سیستمی سەروازسازیی تایبەت بە شیعرەکانی خۆی ئەم جۆرە یەکە زمانییانەی بەرکەڵک خستووەو بەوشێوەیەش بنیاتی دەقەکانی پێ تۆکمە کردووە. لێرەدا هەوڵدەدەین، لەڕێگەی چەند

نموونەیەکەوە شێوازی بنیاتنانی هاوتەریبییەکە ڕوون بکەینەوە. شاعیر لە شیعری (شەوێک لە عەبدوڵلا)دا دەڵێت:

**پێست پەمەیی لەش نەرم و شل:**

**نیوەڕووتی تەنکیی جل**(ل٥٤)

هەروەها لە هەمان شیعردا، هاتووە:

**بەڵام منی بێگانەی کوڕ،**

**شەونشینیم لێ نایە زۆر**(ل٥٦)

لە شیعری (بووکێکی ناکام)یشدا:

**ئێستا ئەوا هەرچی بڵێی نیعمەت و نازە**

**هەمووی ئەدا بە یەک دڵۆپ فرمێسکی تازە**(ل٥٩)

یان لە شیعری (عەرزوحاڵ)دا:

**هەر ئەوەم تاوانە کە لە شار دوورم**

**تا تۆزی دەرگایان زەرد کا ڕووی سوورم**(ل٣٨٢)

هەروەها لە دەقی (بۆ کچێکی بێگانە)شدا دەڵێت:

**بەڵام ئەوەی لێی ورووژاندم هەستم،**

**ئەو کتێبی شیعرەیە داتە دەستم**(ل٤٩)

بە سەرنجدانێکی خێرا لەو دێڕانەی سەرەوە، ئەو شێوازەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شاعیر سەرکەوتووانە توانیویەتی دێڕەکان بەشێوازێکی هونەریی بچنێت، کە تێیاندا بنیاتی هاوتەریبی دەنگیی لە ئاستێکی بەرزی شیعریدا لەڕێگەی سەرواکانەوە بەردەست بخات، بەوەی هەریەک لە یەکە زمانییەکانی (شل- جل، کوڕ- زۆر، نازە- تازە، دوور- سوور، هەست- دەست) تەنها لە دەنگی سەرەتایاندا لێکجیابوونەتەوە، هاوکات لە ناوکی بڕگەدا لەڕێگەی دەنگە بزوێنەکانەوە /ۆ/، /ا/، /وو/، /ە/ یەکیان گرتووەتەوە، بەمەش جۆرە هاوچەشنی و هاوتاییەکی دەنگی و

بڕگەییان مسۆگەر کردووەو لەپاڵ دیاردەکانی تردا بنیاتە هاوتەریبەکەیان فراوان و پتەوتر کردووە.

هەڵبەت دەشێ ئەم تەکنیکەی هاوتەریبی لە وشەی سەرواوە بگوێزرێتەوە بۆ یەکە زمانییەکانی تری بنیاتەکەو بۆ ئەوەش هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم شاعیردا نییە، هەروەک لەم نموونانەدا بەرچاو دەکەوێت. لە شیعری (ئاواتی دووری)دا هاتووە:

**ئەی لامیسە! ئەگەرچی نەبوو: دەنگ، ڕەنگ و بۆ،**

**وەک شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ!**

**کوا تەماسی لەشی نەرمی؟**

**کوا لەذەتی کۆشی گەرمی!**

**کوا مەمکی پڕ چنگ؟**

**لیمۆی باخی سنگ؟**(ل١٤)

لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە وشەکانی (دەنگ- ڕەنگ) تەنها لە دەنگی سەرەتایاندا، کە بریتین لە /د/ ، /ڕ/ جیاوازیی لەنێوانیاندا هەیە، هەروەها لە ئاستی ستوونیدا ئەگەر تەماشای وشەسەرواکانی (بۆ-تۆ، نەرم-گەرم، چنگ-سنگ) بکەین، هەمان دیاردە سەرنج دەدەین، ئەمە بەدەر لە دووبارەبوونەوەی چەند جارەی ئامرازی پرس (کوا) لە سەرەتای دێڕو نیوەدێڕەکانی کۆپلەکەدا، کە هەموو ئەمانە تێکڕا هەماهەنگ بوون لە بەخشینی ئاوازێکی دڵکێش بە دەقەکەو فەراهەمکردنی زەمینەی بنیاتە هاوتەریبەکە تێیدا. لە سەرەتای دەقی شیعری (جوانی بێ ناو)یشدا هاتووە:

**قژ کاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ،**

**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ!**

**ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپەدوو،**

**گەندەمووی دەم و چاو، مەچەک هەڵ نەگرتوو**(ل٤٥)

لە ئاستی ئاسۆیی و لە دێری یەکەمدا هەریەک لە (کاڵ- ئاڵ) تەنها لە دەنگی یەکەمیاندا جیادەبنەوە، هاوکات هەردووکیشیان لە ئاستی ستوونیدا لەگەڵ وشەسەرواکانی (کاڵ- ئاڵ)دا یەک دەگرنەوە بەوەی هەمان فۆرمی زمانین و لە دوو بنیاتی جیاوازدا دووبارەکراونەتەوە. لە دێڕی دووەم و دیسانەوە لە ئاستی ئاسۆییدا وشەکانی (مەنگ- دەنگ)یش هەمان دیاردە لەنێوانیاندا بەرقەراربووە، هەموو ئەمانەو بەدەر لەو پێکەوەگونجان و ڕێککەوتنە توندوتۆڵەی لەنێوان یەکە زمانییەکانی تری کۆپلەکەدا هەیە، هاوتەریبیە دەستەدەنگییەکەیان لە بنیاتەکەدا پتەوتر دەرخستووە. لە دەقی (هاوڕێم بێکەس)دا هاتووە:

**یا جوانێک تا پیری ما**

**کام گیرۆدەی بیری ما:**

**خوێنی کوڵمی چەن گەش بوو؟**

**چاو و برۆی چەن ڕەش بوو؟**(ل٨٩)

لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە دەستەدەنگەکانی (یا- تا- ما)ی دێڕی یەکەمدا تەنها لە یەک دەنگی سەرەتایاندا جیاوازن، لە ئاستی ستوونیشدا (پیری ما- بیری ما) تەنها لە دەنگی /پ/ ، /ب/ جیاوازن و هەردوو وشەی (گەش- ڕەش)یش بەهەمان شێوە تەنها لە دەنگەکانی سەرەتایاندا کە بریتین لە /گ/ ، /ڕ/ لەیەکتر جیادەبنەوە، ئەمەش وایکردووە لەوەی هاوتەریبییەکە ئاوازێکی ناوەوەی جوان بە دەقەکە ببەخشێت و دڵگیرتری بکات. لە شیعری (بۆ کچێکی بێگانە)دا، شاعیر دەڵێت:

**کۆشی گەرم و دەروونی ساردو سڕ بوو،**

**زمانی نەرم، نیهادی ئێجگار دڕ بوو**(ل٤٩)

لە ئاستی ستوونیدا لەنێوان (گەرم- نەرم) لەلایەک و لەنێوان وشەسەرواکانی (سڕ- دڕ) لەلایەکی تر، کە هەریەک لەوانەش تەنها لە دەنگەکانی سەرەتایاندا، کە بریتین لە /گ/ ، /ن/ لەگەڵ /س/ ، /د/ جیاوازییان هەیە، ئەمە جگە لە ڕێککەوتنی (ساردوسڕ) لە دەنگی /س/ی سەرەتاو هەروەها وەکیەکی کرداری (بوو)ی کۆتایی هەردوو نیوەدێڕەکە، کە ڕۆڵی پاشسەروایان پێ بینراوە، هەموو ئەم دیاردانەش هاوتەریبیی دەستەدەنگییان لە دێڕەکەدا لێکەوتووەتەوە.

**دووەم/ هاوتەریبیی چەندێتی:** ئەو هاوسەنگییانە دەگرێتەوە، کە بە هۆی کێشەوە لە شیعردا دێنەدی، ئەمەش لە چەند ئاستێکدا دەتوانرێت شیکردنەوەی بۆ بکرێت، کە لێرەدا تەنها دووان لەوانە وەردەگرین، ئەویش بڕگەبەندیی نیوەدێڕو دێڕەکان لەگەڵ وەستانی شیعرییە، دیارە هەرکام لەمانەش لە چوارچێوەی کێشی عەرووزو کێشی بڕگەییدا بنیاتێکی جیاوازی هاوتەریبییان لێدەکەوێتەوە، لەم لایەنەوە (د.دڵشاد) لە ئەنجامێکی (بنیاتی هەڵبەست)ەکەیدا ئەوەی بەردەست خستووە، کە ((کێشە عەرووزییەکە لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە مامەڵە لەگەڵ بڕگەدا دەکات، لەکاتێکدا کێشە بڕگەییەکە لەڕووی فۆنەتیکییەوە گرنگی بە بڕگە دەدات، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە شاعیر بەشێوەیەکی سەربەست مامەڵە لەگەڵ پێی هۆنراوەدا بکات و خۆی نەبەستێتەوە بە یەک چەشنە سیستەمی ڕیزبوونی ئەو پێیانەوە.))(عەلی، ١٩٩٨، ١٦٣- ١٦٤)

بەسوود وەرگرتن لەو ئەنجامەی بەدەستهاتووەی سەرەوە، دەتوانین ئەوەش وەک خاڵێکی تری گرنگ بسەلمێنین، کە لە کێشی بڕگەییدا لە کاتی بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی دەنگەکاندا بەشێوەیەکی جیاواز لە هارمۆنیای کێشە عەرووزییەکان، هارمۆنیایەکی تر دروست دەبێت.(کاکی، ٢٠١٢، ٨٩)

دیارە ئەمەش جیاوازییەکە لەنێوان ڕیتم و هارمۆنیای هەردوو جۆرە کێشەکەدا، کە هەڵبەت شتێکی هەروا سادە نییە، بەڵکوو لە بنیاتی ئاوازەیی دەقدا بەقووڵی ڕەنگ دەداتەوەو دەقی کۆن و نوێ لەڕووی ئاوازەوە لەیەکتر دادەبڕێت، بەجۆرێک هەروەک (ڕەفیق حیلمی) لەم بارەوە، لە دەرخستنی جیاوازیی نێوان شیعرە تازەکانی گۆران و شیعری کلاسیکی کوردیدا وتویەتی: ((شیعرەکانی بەهەشت و یادگار... بە وەزن و ئوسلوب و ماناش لە شیعری کۆنی کلاسیکی زۆر دوورو جیاوازن، مۆسیقایەک کە لەم شیعرانەدا هەیە لەگەڵ ئاهەنگی مۆسیقای شیعری کۆن وەکوو ئەو فەرق و جیاوازییەیە، کە لە بەینی مۆسیقای کۆنی خۆرهەڵات و مۆسیقای تازەی خۆرئاواییەکانە، ئینجا لەبەر ئەمەیە، کە بێت و یەکێک لە مۆسیقای خۆرهەڵاتییەکانی کۆن بەولاوە مۆسیقای نەبیستبێت و گوێچکەی هەر بەم جۆرە مۆسیقایە ڕاهاتبێت و گۆش کرابێ، ڕەنگە لەم مۆسیقا تازەیە، کە لە شیعرە تازەکانی گۆراندا هەیە تامێکی ئەوتۆ وەرنەگرێ، بەڵام ئەوانەی کە کەم و زۆر لە ئەدەبی خۆرئاواو بە وشەیەکی ڕوونتر لە ئەدەبی تازە ئاگادارن تام و چەشکەی ئەم شیعرانە سەرمەستیان ئەکاو بە مۆزیقەیەک، کە لەم شیعرە تازانەدا هەیە ڕەگەکانی لەشیان دێتە لەرزین و لە کانگای دڵیانا هەست بەو مووچرکانە ئەکەن، کە لەژێر تەئسیرێکی کارەبایی و یا میقناتیسیا پەیا ئەبێ.))(حیلمی، ٢٠١٠، ٢٠٦)

بۆئەوەی ئەم تێڕوانینە لەبارەی هاوتەریبیی چەندێتییەوە، کە بەرئەنجامی هاوسەنگی و هارمۆنیای کێشی شیعرییە، زیاتر ڕوون بکەینەوە، لە دەقە شیعرەکانی شاعیر خۆی، وەک نموونەی بەرجەستەکراو ورد دەبینەوە، بەڵام پێش ئەوە چەند سەرنجێک لەمەڕ بڕگەبەندیی نیوەدێڕو دێڕەکانی دەقی شیعریی دەخەینەڕوو.

- **بڕگەبەندیی نیوەدێڕو دێڕەکان:** لەڕوانگەی ئەوەی کێش ڕێکخستنی دەنگەکانی دێڕە شیعرە بەشێوەی ئاوازو ئاهەنگی تایبەتی[گەردی، ٢٠١٦، ١٤٣] ئەوا ئەو ئاواز و ئاهەنگە تایبەتەی شیعر لە بڕگەبەندیی دێڕەکانی بنیاتی دەقەکەدا بەرجەستە دەبێت و دەردەکەوێت، هەر ئەوەش بۆخۆی ئەنجامێکی گەورەی بەدیهێنراوی بنیاتی هاوتەریبیی دەنگییە لەئاستی چەندێتیداو ڕێکخستنی دەنگەکانیش دیسانەوە بەرئەنجامێکی شێوازی هەڵبژاردنی وشەکان و ڕێککەوتن و داڕشتنیانە لە ئاستی هاونشینیی دێڕە شیعرەکاندا، کە دواتر دەبن بە کۆمەڵە یەکەیەکی هاوپێوەندو لەڕێگەیانەوە ڕێککەوتنی بڕگەی کورت و بڕگەی درێژ لە کێشی عەرووزدا و ژمارەی چوونیەکی بڕگە لە کێشی خۆماڵیدا لێدەکەوێتەوەو دواجاریش ڕیتمێکی ئەوتۆی لێدێتەئاراوە، کە بەشدار دەبێت لە پێکهێنانی هارمۆنیای گشتیی دەق و بەرجەستەکردن و دەرخستنی ئەو مۆسیقاو ئاوازە بنچینەییەی کە لە سروشتی زمان خۆیدا شاراوەیە، هەربۆیە دەوترێ: ((ئاواز یان مۆسیقای شیعر، دیاردەیەکی دڵفڕێنی ئەوتۆیە، کە جووڵەو گیان دەکاتە بەر وشەکان و هێندەی تر واتاو مەبەستەکان فراوانتر و بەرجەستەتر دەکات.))[سەعید، ٢٠١٧، ١٧٣] بە هۆی ئەوەی شاعیر لە هەردوو جۆرە کێشەکە شیعری هەیە، بۆیە نموونەیان لێ وەردەگرین.

گۆران شیعری (شیوەنی گوڵاڵە)ی لەسەر بنەمای کێشی عەرووزی (هەزەجی شەشی مەحزووف) بنیاتناوە، ئەویش پاش ((فڕێدانی سەبەبی کۆتایی لەو (مفاعیلن)ەی دەکەوێتە عەرووزو زەربەوە بەمەش (مفاعی: ب – –) دەمێنێتەوە، کە یەکسانە بە (فعولن: ب – –) بۆیە لە جێگەی دادەنرێت.))[هەردی، ٢٠٠٩، ١٢٩] قاڵبی کێشە عەرووزییەکەش بریتی دەبێت لە دووجارەی (مفاعیلن مفاعیلن فعولن)، وەک لە دێڕەکەدا هاتووە:

**کچم مایەی ژیانم یادگاری**

**شەبابم نۆبەرەی شیرینی داری**[ل٩٧]

دابەشبوونی بڕگەکان بەسەر دەستەپێی دێڕەکەو بەپێی کورت و درێژییان، بەم شێوەیە دەبێت:

| | دەستەپێی یەکەم | | | | دەستەپێی دووەم | | | | دەستەپێی سێیەم | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نیوەدێڕی یەکەم | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - | ۱۱ بڕگە |
| نیوەدێڕی دووەم | ب | - | - | - | ب | - | - | - | ب | - | - | ۱۱ بڕگە |
| | ٤ | | | | ٤ | | | | ٣ | | | |

وەک دیارە هەر نیوەدێڕەی لە یانزە بڕگە پێکهاتووە، کە بەسەر سێ دەستەپێدا دابەش کراوە، لەوەشدا یەکەم و دووەمیان هاوشێوەو دووبارەی یەکترن، کە ئەویش بڕگەیەکی کورت ئەنجا سێ بڕگەی درێژی بەدوادا دێت، دەستەپێی سێیەمیش دووبارەبوونەوەیەکی ناتەواوی دووەکەی پێش خۆیەتی، کە سێیەم بڕگەی درێژی نییە. لەبەرانبەر ئەمەدا دەتوانین دێڕێک لە شیعری (لە درزی پەچەوە) وەربگرین، کە لەسەر کێشی خۆماڵیی یانزە بڕگەیی هۆنراوەتەوە، هەڵبەت ((کێشی یانزە بڕگەیی و دوانزە بڕگەیی لەو کێشانەن، کە بۆ یەکەم جار لەلایەن گۆرانەوە بەکارهێنراون.))[کاک ئەمین، ۲۰۰۸، ۲۱۵]

## باڵابەرز و بچکۆلەپێ و ئیسکارپین،

## گۆرەوی و پووز سفت و سپی و ئاوریشمین[ل٣٤]

ئەم دێڕە شیعرە، کە لەسەر کێشی یازدە بڕگەیی هۆنراوەتەوە، یەکێکە لەو کێشانەی کە گۆران لە کۆی (۱۰۵) شیعر (۳۵) شیعری پێ هۆنیوەتەوە.[ئەحمەد، ۲۰۰۹، ۸۱] ئەمەش زۆرترین ژمارەیە لەچاو کێشەکانی تردا، کە هەر خۆیشی بە کێشی نەتەوەیی تورکەکانی دادەنێت، وەک (عومەر مارف بەرزنجی)یش دەڵێت: ((گۆران خۆی ئەوەی درکاندووە، کە کێشی یانزە بڕگەیی لە شیعری نوێی عوسمانییەوە وەرگرتووە.))[عەلی، ۲۰۱۵، ۱٦۱] لێرەدا ئەگەر ئەو دێڕەی سەرەوە لەڕووی بڕگەبەندییەوە شی بکەینەوە، نەخشەی دابەشبوونی بڕگەکانی بەم شێوەیە دەبێت:

| | دەستەپێی یەکەم | | | | دەستەپێی دووەم | | | | دەستەپێی سێیەم | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نیوەدێڕی یەکەم | با | لا | بە | رز و | بچ | کۆ | لە | پێ و | ئیس | کار | پین | ۱۱ بڕگە |
| نیوەدێڕی دووەم | گۆ | رە | وی و | پووز | سف | ت و | س ا | پی و | ئاو | ریش | مین | ۱۱ بڕگە |
| | ٤ | | | | ٤ | | | | ٣ | | | |

ئەوەی لەم بڕگەبەندییەی دێڕو نیوەدێڕەکاندا دەردەکەوێت ئەوەیە، کە ژمارەی بڕگەکانی لە هەر دەستەپێیەکدا بەرانبەرو یەکسانی یەکترن بەبێ ئەوەی لە بڕگەبەندییەکەدا ڕەچاوی کورت و درێژیمان کردبێت و لە ئەنجامیشدا هاوتەریبیی چەندێتی پێکهاتووە. سەبارەت بە کێشە

دوانـزە بڕگەییەکـەش ئـەوا ئـەم دێڕەی لای خـوارەوە، وەک نموونەیـەک بـۆ پراکتیزەکـردن لـە شیعری (جوانی بێ ناو) وەردەگرین، کە شاعیر تێیدا دەڵێت:

**ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر با زۆر بن،**

**لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن**(ل٤٥)

لێرەدا پێش ئـەوەی هـیچ شـتێک لـەبارەی نەخشـەی بڕگەبەنـدیی دێڕەکە بخەینـەڕوو، پێویسـتە ئاماژە بەوە بدەین، کـە گـۆران بـەوردی ئاگاداری ئـەم کێشـە بـووەو یەکـەم کەسـیش بـووە، کـە هێناویەتییـە نـاو شـیعری نـوێی کوردییـەوەو بەدەسـتکارییەوە سـەرلەنوێ بوژاندوویەتییـەوە. هەروەک (ئەحمەد هەردی)یش ئاماژەی بەمە داوەو خـودی گـۆران خۆیشـی لـە موحازەرەکانیدا لەم بارەیەوە دواوە.(ئاشنا، ٢٠٠٢، ١٦١ و عەلی، ١٩٩٨، ١٤١)

| | دەستەپێی یەکەم | | | | | | دەستەپێی دووەم | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نیوەدێڕی یەکەم | ئەی | کـ i | چە | کا | ڵە | کە | جوا | نی | تر | با | زۆر | بن | ١٢ بڕگە |
| نیوەدێڕی دووەم | لە | باغ | چەی | بە | ها | را | گوڵ | با | خی | بەر | خۆر | بن | ١٢ بڕگە |
| | ٦ | | | | | | ٦ | | | | | | |

پێویستە لەبارەی ئەم دێڕەو ئـەوەی پێشتریشـەوە ئامـاژە بـە شـتێک بکـەین، ئـەویش: یەکسـانی دووبارەکردنەوەی ئەو ئاوازانەیە، کە چەند جارێک و بەشێوەیەکی دەوری لـە دەسـتەپێیەکانەوە دەردەچێت و دەبێتـە مایـەی بەرهـەمهێنانی ڕیـتم و هـارمۆنی لـە بنیـاتی دێڕەکـەدا. مەبەسـت لـە یەکسانی دووبارەکردنەوەکەش، شێوازی دابەشبوونی بڕگەکانە لە نیوەدێڕەکاندا لەسەر بنەمای بەدواییەکداهاتن و پێکەوەبەسـتن، کـە هاوتەریبییەکـەش لـەو نێوەنـدەدا گەشـە دەکـات و خـۆی دەنوێنێت و دەرئەنجام گونجانێکی تۆکمەو جوانی لێدەکەوێتـەوە و تێکچنراویـی دەنـگ و بڕگـەو وشەکان لە سیاقە ئاوازەییەکەدا بەرگوێی خوێنەرو وەرگر دەکەوێت.

هــەر لێــرەدا پێویســتە ئــەوەش ڕوون بکەینــەوە، کــە هــەرکام لــەو بنەمایانــەی هاوتەریبییــە چەندایەتییەکەی لێ بەرهەم دێت، خۆی لەخۆیدا واتـای جووڵـەو بـەردەوامی و بزاوتنـە، هەڵبـەت جووڵەو بەردەوامی و بزاوتنێکی ڕێکوپێک و ڕێکخراو، کە بەدیهێنەرو دابینکەری یەکانگیرییـەکی هونەریی سەرجەمگیرە لە بنیاتە شیعرییەکەدا، ئـەم یەکانگیرییـە سـەرجەمگیرەش لەڕێگـەی ئـەو ئاوازو ئاهەنگەوە بەدیدێت، کە بەگشتی ((دوو ڕۆڵی سـەرەکیی هەیە: ١-لەزەتبەخشە، ٢-دەتوانێ یارمەتیی بەهێزکردنی ماناو پتەوکردنی پەیوەندییەکان بدات.))(پیرین، ٢٠٠٨، ٩٠)

گۆران لەڕێگەی بەکارهێنانی کێشی هەمەڕەنگەوە توانیویەتی ترپەو هەناسەیەکی تر بە ڕیتمی شیعرەکانی خۆی ببەخشێ و بەمەش جۆرە ئاوازو ئاهەنگێکی جیاوازی هێناوەتە ناو شیعری کوردییەوە، کە هەم چێژبەخشەو هەمیش لە پتەویی واتادا بەشدارە، بەدەر لەوەی کە ئەم ڕەنگاوڕەنگییە لە کێشی شیعردا جۆرێکی تری هاوتەریبیی دەنگی لەئاستی چەندێتیدا لێدەکەوێتەوە، بەوەی کە ئاوێتەکردنی کۆمەڵێک دەنگ و کێشی جیاوازە، هەروەک لە شیعری (بەستەی دڵدار)دا، کە لە (٣٠) دێڕ پێکهاتووەو بەسەر (٧) کۆپلەدا دابەشکراوە، لێرەدا کۆپلەی یەکەمی بەنموونە وەردەگرین:

**لەژێر ئاسمانی شینا**

**لەپاڵ لوتکەی بەفرینا**

**کوردستان گەڕام**

**دۆڵاودۆڵ پێوام**[ل٢٨]

دێڕی یەکەم لەسەر کێشی حەوت بڕگەییەو تێیدا دەستەپێی نیوەدێڕی یەکەم بریتییە لە (٢+٣+٢)و نیوەدێڕی دووەمیش (٢+٢+٣)یە، بەڵام دێڕی دووەم لەسەر کێشی پێنج بڕگەییەو دەستەپێی هەردوو نیوەدێڕەکە بریتییە لە (٣+٢)، ئەم تێکەڵکردنی کێش و ئاوازە ڕەنگاوڕەنگەش وەک (دڵشاد عەلی) پێیوایە، هەنگاوێکە بەرەو شیعری سەربەست.[دەڕوانرێتە: عەلی، ١٩٩٨، ١٥٣-١٥٤]

هەڵبەتە هاوتەریبیی چەندێتیی لە ئاستی کێشی شیعریدا، ڕۆڵی هەیە لە هێنانەئارا و چەسپاندنی بنەمایەکی تری ئاوازو مۆسیقای شیعردا، کە ئەویش وەستانی شیعرییەو لێرەبەدوا ڕوونی دەکەینەوە.

- **وەستانی شیعریی:** ئەمە بە دوو شێوە دیاری دەکرێت: وەستانی ئاوازەیی و وەستانی دەلالییە، هەرچی وەستانە ئاوازەییەکەیە، بەهۆی کێشەوە دەبێت، ئینجا چەندە ئەو دوو جۆرە وەستان و لەنگەرە یەک بگرنەوە. ئەوەندە بنیاتەکە لە دۆخی هاوتەریبی و هاوسەنگیدا دەبێت و دێڕە شیعرەکان، شیعرییەتی زیاتریان تێدا بەرجەستە دەبێت. گۆران، لەبارەی کێشی شیعرەوە دەڵێت: ((کێشی هەڵبەست لە ڕێکخستنی قسە پەیدابووە، لەسەر بنەڕەتی دەستەدەستەکردنی دەنگەکانی بە دانانی شوێنی پشوودان لە ناوەندی هەموو ڕیزە ڕستەیەکدا.))[ئاشنا، ٢٠٠٢، ١٥٥] بەشێوەیەکی سەرەکیش لە کێشی پەنجەو خۆماڵی هەر دێڕێکی دوو بەشە، لە ناوەڕاستی هەر دێڕێکدا مۆسیقایەک واتە وەستانێک هەیە.[پیربال، ٢٠٢١، ١٠٩]

با لێرەدا بڕوانینە چەند نموونەیەک، کە هەردوو جۆرە وەستانە شیعرییەکە (ئاوازەیی و واتایی) لەهەمان شوێندا یەک دەگرن و هاوتەریبییان لێدەکەوێتەوە:

**کام ئەستێرەی گەش کام گوڵی کێوی**

**ئاڵە وەک کوڵمی گۆی مەمکی لێوی**[ل١٠]




یەکێک لەو کێشانەی کە گۆران لەپاش کێشی یانزە بڕگەیی بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاری هێناوە، کێشی دە بڕگەیی و هەشت بڕگەییە، بەجۆرێک کە خۆی لەبارەی کێشە دە بڕگەییەکەوە دەڵێت: ((بریتییە لە کێشی هەڵبەستی نەتەوەیی هەموو کوردان.))[ئاشنا، ٢٠٠٢، ١٥٨] شوێنی وەستانیش لەم کێشەدا، بەشێوەیێکی گشتی لەناوەڕاستدا ئەبێ.[خەزنەدار، ١٩٦٢، ٤٤]

کەواتە بڕگەکانی ئەم کێشە لەڕووی کەرتکردنەوە، پێکدێت لە دوو کەرتی یەکسان و هەر کەرتێکی بریتییە لە پێنج بڕگەو وەستانێک لە ناوەڕاستی پێنج بڕگەی یەکەم و پێنج بڕگەی دووەمدا هەیە. ئەمەو هەروەها لە نموونەیەکی دیکەدا، کە دێڕە شیعرێکی وەرگیراوە لە دەقی (هەڵبەستی پەشیمان)و ئەمجارەیان بە کێشی هەشت بڕگەیی هۆنراوەتەوە، تێیدا هاتووە:

**بە فرمێسکی پەشیمانی**

**ئەی زوهرەی ناز زوهرەی جوانی**[ل٣٩]

کێشی هەشت بڕگەیی، کە لە فۆرمی عەرووزیی (هەزەجی هەشتی تەواو) نزیکە، جگە لە دەستەپێی (٤×٤) کۆمەڵێک دەستەپێی تری لێ جیاکراوەتەوە، بەلای گۆرانیشەوە ((لە ڕادەی بەکارهێنانیدا لەدوای کێشی دە بڕگەییەوە دێت...))[عەلی، ١٩٩٨، ١٣٩]

هەروەها (گۆران) خۆی لەبارەیەوە دەڵێت: ((زۆربەی بەرهەمی بوێژە تازەکانمان بەم کێشەو بە جۆرە دەستکاریکراوەکانی هۆنراوەتەوە.))(ئاشنا، ٢٠٠٢، ١٦٤)




ئەگەر سەرنج لە هەرکام لەو دوو نموونەی سەرەوە بدەین، دەبینین لەپاڵ ئەو جوانکارییە وشەیی و واتاییانەی کە لە دێڕەکاندا بەرجەستە کراوە، هاوکات کێش و ئاوازێکی نەرم و جوانیشی تێدا فەراهەم بووە، ئەوەش پەیوەندیی بەو بڕگەبەندییەوە هەیە، کە لە نموونەی یەکەمدا بەسەر دوو دەستەپێی (٥) بڕگەیی و لە دووەمیاندا دوو دەستەپێی (٤) بڕگەیی دابەش بووە، بەبێ ڕەچاوکردنی کورتی و درێژیی بڕگەکان، لە هەرکام لە دێڕەکانیشدا شوێنی دوو لەنگەرو وەستان هەیە، کە یەکەمیان دەکەوێتە کۆتایی هەر یەک لە دەستەپێیەکانەوەو دووەمیشیان بەهۆی سەرواکانەوە بەدیهاتووە، چونکە ئەوە ڕوونە، کە سەروا لەپاڵ ئەوەی لەگەڵ کێشدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پێکهێنانی هاوسەنگییەکی تەواو لە شیعردا، هاوکات جوانییەکی ئاوازەییش بە دەق دەبەخشێت، بەوپێیەی کە ڕۆڵ لە دیاریکردنی وەستانی ئاوازەیی و واتایی لە کۆتایی دێڕەشیعردا دەگێڕێت، بەمەش هاوتەریبیی چەندێتی و چۆنێتی لە یەک بنیاتی گشتیدا دەردەکەون و یەکێتییەکی ڕیتمی دێتەکایەوە، لە شێوەی دووبارەبوونەوەی هونەریی و بەدواییەکداهاتنێکی ڕێکخراوی پێکەوەگونجاو، کە ئەمەش ڕیتم و ئاوازەکە زیاتر جۆش دەدات.

## تەوەری دووەم

## هاوتەریبیی وشەیی بە نموونەی شیعری گۆران

زمان بەشێوەیەکی گشتی سروشتێکی ئاوازەیی هەیە، چونکە هەر لەبنەڕەتدا دەربڕینی زمانیی لەسەر بنەمای دەنگ ڕاوەستاوە، بۆیە مادام قسە لەبارەی زمانی شیعرەوە دەکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: شاعیری بەتوانا ئەوەیە بتوانێت پەی بە جوانترین ئاوازە پەنهانەکانی زمان و گوێ بەرێت، بەتایبەت زمانی کوردی خۆی لەخۆیدا زمانێکی مۆسیقییە، هەروەک (سەجادی) دەڵێت: ((شێوەی دەنگی زمانەکەیان خۆی بۆخۆی مووزیقایان پێ فێرئەکا.))(سەجادی،٢٠٢١ ٣٨) دیسانەوە (ڕەفیق حیلمی)یش وتویەتی: ((ئەو نەغمە تەلیسماوییە، کە لە زمانە شیرینە ساکارەکەی کوردیا هەیە -مەبەستمان خۆمانین- لە زمانێکی ترا نییە، بەڵام بەو مەرجەی بوێژەکان و ئەدیبەکانمان بزانن چۆنی بەکارئەهێنن و بتوانن هەستی دڵی خۆیان پێ دەربخەن.))(حیلمی، ٢٠١٠، ٢١٠) لێرەوە ئەم بۆچوونانە دەبەستینەوە بە پرسی ئاوازی شیعرییەوەو ئەو تێڕوانینەی (د.دڵشاد عەلی) بەیاد دەهێنینەوە، کە ((شاعیر وشەی لەبەردەستدایە نەک دەنگ تا بە ئارەزووی خۆی دەنگی سازگارو ناساز هەڵبژێرێ.))(عەلی، ١٩٩٩، ٩٥)

کەواتە هێزی دەنگەکان لەخۆیانەوە نین، ئەگەر لە فۆرمی وشەدا دەرنەکەون، ئەمەش لە زمانی شیعریدا دەوەستێتە سەر توانای شاعیر لە چۆنێتی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشە لە بنیاتی دەقەکەیدا، چونکە گرنگیی ئەم پرۆسەیە، لە ئاستی گرنگیی کێش و سەروادایە بۆ شیعر و تەنانەت (مارف خەزنەدار) لەم ڕووەوە بایەخی وشە لە بنیاتنانی شیعردا دەخاتە پێش بایەخی کێش و سەروایشەوە! هەروەک دەڵێت: ((وشە پاش ئەوەی ئەخرێتە ڕستەیەکەوە، یاخود ڕستەیێکی لێ دروست ئەکرێ، وە ئەو ڕستەیەش وتەیە ئەوکاتە مانایێکی تایبەتی ئەگەیێنێ، جا ئەگەر ڕێکخستنی ئەم وشانە چەشنە وەستایی و تام و مۆسیقاییێکی تایبەتی تیابوو لەگەڵ بیرێکی ڕێک و خەیاڵێکی جوان من بە شیعری دائەنێم با وەزن و قافیەشی نەبێ.))(سابیر، ٢٠٠٦، ٣٦٥)

هەرچەندە ئەم بۆچوونەی خەزنەدار مایەی قسەلەسەرکردنێکی زۆرە، بەڵام لێرەدا ڕۆشنایی دەخەینەسەر ئەوەندەی کە بتوانین ئاراستەی تێڕوانینەکەمان بەرەو ئەو ڕاستییەمان بەرێت، کە مۆسیقای شیعر لە شێوازی بەکارهێنانی هونەرییانەی وشەو چۆنێتیی ڕیزکردن و بەدواییەکداهێنانیان لە سیاقێکی شیعریدا بەدیدێت، نەک هەر بە تەنها قاڵبی کێش و سەروا. کەواتە هەموو ئەم تێڕوانینانە زیاتر ڕوون دەبێتەوە، گەر بزانین وشە هەڵگری هەوێنی ئاوازی زمانە، ((لایەنی هاوئاهەنگی لە وشەدا هەمیشە ماکێک بووە بۆئەوەی گوتە خاوەنی مۆسیقای

تایبەتی خۆی بێت.))[(فلکی، ١٣٨٠، ١٥)] ئەو مۆسیقایەش هەمان چەمکی ڕیتمە، کە گۆران بە (ترپە)ی ناودەبات، باشترین پانتایی بۆ دەرکەوتنی ئەم ترپەو ڕیتمەش دەقی شیعرە، کە تێیدا دەردەکەوێت و لەدایک دەبێت. ئەوەشی کە وزە ناوەکییەکەی زمان و هەوێنە ئاوازەییەکەی وشە دەتەقێنێتەوە، بنەمای دووبارەکردنەوەی هونەرییە، کە دەوری کارای هەیە لە دەرخستنی هاوتەریبیی وشەییدا، کە لێرەدا مەبەستمان لە دووبارەکردنەوەی فۆرمی وشەیە بە واتای جیاوازەوە یان بەهەمان واتاو لە شوێنی جیاوازی دێڕ یان کۆپلە یان لە تەواوی دەقێکدا، بەمەش ((شاعیر لەڕێگەی دووبارەکردنەوەوە سروشی مەزموونێکی دەستنیشانکراو دەداتە خوێنەر، تا لەڕێگەی ئەو دووبارەکردنەوەیە پێی لەسەر دابگرێ و ئەو وێنەیە لە زەینی مرۆڤ بچەسپێنێ و سەرنجی بۆ لێکدانەوەو هەڵگێڕو وەگێڕکردنی واتاکانی بە چەند جۆرێک ڕابکێشێت...))[(قادر، ٢٠١٢، ١٢٨)]

بە مانایەکی تر شاعیر لەسەر بنەمای هەستکردن بە بەهای مۆسیقیی وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی تردا، هەڵیاندەبژێرێ و لە بنیاتێکی هونەرییدا فۆرمبەندیان دەکات و مەبەستی شیعرەکەی پێدادەڕێژێت، ئەمە بەومانایە نییە، کە وشەکانی زمان بەسەر وشەی مۆسیقی و وشەی نامۆسیقی دابەش بکەین، بەڵکوو باس لە چۆنێتیی گونجاندنی بەهای مۆسیقیی وشەکان لەگەڵ یەکتردا دەکەین، چونکە ئەگەر وا نەبێت، ئەوا بەکارهێنانی وشە لە چوارچێوەی بەکارهێنانە ئاساییەکەی زماندا دەمێنێتەوەو ناچێتە ناو تخوبەکانی زمانی شیعرەوەو بەوەش لە دەقدا شیعرییەت بەرهەم ناهێنێت.

**یەکەم/ هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی:** هیچ وشەیەک بەتەنها توانای خوڵقاندنی ئاوازی نییە، ((بەڵکوو وشەکان پێکەوەو لە سنوورو چوارچێوەی بەیت یاخود دێڕو ڕستەی هۆنراوەییدا، چەشنە نەغمەیەک پێکدەهێنن، کە تا ڕادەیەک جیایە لە نەغمەی دێڕو ڕستەکانی تر، بۆئەوەی ئەمانیش هەموو پێکەوە لەگەڵ ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکەدا سیمفۆنیایەکی دڵکەش بدەن بە بنیاتی هەڵبەستەکە.))[(عەلی، ١٩٩٩، ٩٥)]

لەم ڕوانگەوە لێرەدا سوود لەو پێناسەی وشە وەردەگرین، کە (هنری سویت) خستوویەتییەڕوو، ئەویش: ((وشە، ڕستەی هەرە بچووکە.))[(سدیق،٢٠١٦، ٢١)] ئەمەش ڕێگەمان دەدات لەوەی لەمیانی تایبەتێتیی ڕستەسازییەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکی وشە بکەین، بۆیە دەشێ ئەم هاوتەریبییە ((وشەیەک، یان گرێیەک و تەنانەت کۆمەڵە وشەکانی ناو یەک ڕستەش بگرێتەوە.))[(سەفەوی، ٢٠١٨، ٢٥١)] وەک لەم نموونانەدا هاتووەو لە نموونەکانی تریشدا دیسانەوە سەرنج دەدرێنەوە. گۆران لە شیعری (نایەڵن بڵێین)دا دەڵێت:

**لە بەربەیان ئەترسن و لە بیستن**

**لە بینین و لە لێ کەوتن ئەترسن!**

**ئەترسن، ئای ئەترسن لە خۆش ویستن**

**ئەترسن وەک فەرهاد پەیمان ببەستن**(ل٤٥٨)

لەم کۆپلەدا هاوتەرییی یەک فۆرمی زمانی بەشێوازێکی شاعیرانەی ورد بنیاتنراوە، بەوەی لەڕێگەی کرداری (ئەترسن)ەوە، کە بۆخۆی لە فۆرمی مۆرفۆسینتاکسیدا دەرکەوتووە، کە ئەویش لە ناوەندی نیوەدێڕی یەکەم و کۆتایی نیوەدێڕی دووەمی دێڕی یەکەمدا هاتووە، هاوکات فۆرمی کۆتایی دێڕی یەکەم لەگەڵ هەمان فۆرمی سەرەتای دێڕی دووەمدا هاوتا بووەتەوەو بەوەش ڕیتمێکی جوانی لە ناوەوە، هەروەها لە دەرەوەی کۆپلەکەش سازداوەو هاوچەشنییەکی وشەیی لێ بەدیهێناوە، ئەوەشی وا دەکات لە ئاستی هاوتەرییی وشەییدا شی بکرێتەوە، ئەو هاوتابوونە دەنگییەیە، کە فۆرمی (ئەترسن) لەگەڵ هەریەک لە (بیستن، ویستن، بەستن)دا، کە ڕۆڵی وشەسەروایان پێبینراوە، پێکیان هێناوە، بەمەش بنیاتە هاوتەرییەکە لەڕووی ئاوازەییەوە قووڵتر بووەتەوە. هەروەها لە شیعری (بێشکەی منداڵ)یشدا هاتووە:

**دایک دای ڕەنج، بۆ منداڵ دای،**

**بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام،**

**بۆ شیرینی گڕوگاڵ دای**

**باوک هەچ ئارەقێکی ڕشت**

**بۆئەوەی ڕشت -من دڵنیام-**

**نەمری کات: بڕبڕەی پشت**(ل٣٢٦)

وەک دیارە دووبارەبوونەوەی هەمان فۆرمی زمانی (دای)، کە کردارێکی ڕابردووەو لەڕێگەی جێناوی لکاوی (ی) بۆ کەسی سێیەم دراوەتە پاڵ (دایک- باوک)، کە لە ئەرکی بکەریدان، ئەمەش لە سەرەتاو کۆتایی نیوەدێڕی یەکەمدا لە ئاستی ئاسۆیی و دواتریش هێنانەوەی لە ئاستی ستوونی نیوەدێڕی یەکەمی دووەم دێڕدا، کە لەهەمان کاتدا ئەرکی وشەسەروایشیان پێ بینراوە، لەلایەکی تریشەوە هاوتابوونی وشەسەروای (ڕشت)ی نیوەدێڕی دووەمی دێڕی

دووەم لەگەڵ هەمان فۆرمی هاوشێوەی خۆی لە نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی دواتردا، بنیاتێکی قووڵی وشەییان لە جۆری دووبارەبوونەوەی یەک فۆرمی زمانی پێکهێناوەو ئاوازی ناوەوەو دەرەوەی کۆپلەکەیان ڕازاندووەتەوەو وەک دابینکەری بنەڕەتی بۆ هاوچەشنی و یەکانگیریی هونەریی لە کۆپلەکەدا دەرکەوتوون. لەلایەکی ترەوە لە شیعری (کوردستان)دا بەشێوازێکی ورد بنیاتێکی هاوتەریبی لەڕێگەی وشەکانەوە پێکهێناوە، هەروەک دەڵێت:

**پڕ لە پێکەنین و پڕ لە نەنووستن،**

**پڕ لە سوورڕانەوە و پڕ لە کۆڕبەستن**

**ئەگەرچی تۆ دووری لە ڕۆژی شاران،**

**ڕۆژی پڕ لە گەردش، هاتوچۆ و جووڵان،**

**ڕۆژی پڕ لە زانست، پڕ لە فەننی جوان،**

**کتێب و ڕۆژنامە، هەیکەل و مەیدان!**

**ڕۆژی پڕ لە خۆراک بۆ گیان و بۆ لەش،**

**ڕۆژی پڕ لە ئافرەت، پڕ لە باغچەی گەش**

**ئەگەرچی تۆ دووری لەم گشت جوانییە،**

**جوانییەکی تر هەیە کوردستانییە:**

**جوانییەک کە دەستی هونەری یەزدان**

**نەخشی کێشاوە نەک سەلیقەی فەننان!**

**جوانییەک کۆن نابێ هەرگیزاو هەرگیز،**

**زستان و بەهار و هاوین و پایز**(ل١٩٠)

هەتا سەرنج لەم چەند دێڕە بدەین، ئەو بەها ئیستاتیکییەی لە بنیاتەکەیدا هەیە، زیاتر ڕوون دەبێتەوە، بەوەی کە لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی چەند جارەی هەمان فۆرمی زمانییەوە توانراوە هاوتەریبییەکی وشەیی جوان بنیات بنرێت، لەو فۆرمە زمانییانەش کە ئەو ئەرکەیان پێ بەدیهێنراوە ئەمانەن: چوار جار ئاوەڵناوی (پڕ) لە سەرەتاو ناوەندی هەردوو نیوەدێڕەکەی

دێڕی یەکەمدا، کە ئەگەر لە ئاستێکی فراوانتری زمانیدا شی بکەینەوە دەچێتە چوارچێوەی هاوتەریبیی ڕێزمانیشەوە، بەوپێیەی کە یەکە زمانییەکان لەهەمان ئەرکی ڕێزمانیدا بەکارهێنراون. لەلایەکی تریشەوە وشەی (ڕۆژ)ی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی دووەم و سەرەتای نیوەی دووەمی هەمان دێڕ، ئەنجایش هاوتاکردنەوەی لەگەڵ هەمان فۆرمی زمانیدا لە سەرەتای دێڕی سێیەم و هەردوو نیوەدێڕەکەی دێڕی دواتریدا، دیسانەوەش هاتنی فۆرمی زمانیی (جوانی، جوانییەکی تر، جوانییەک) لە دێڕەکانی (٦، ٧، ٨)دا... هەموو ئەوانە بەشدارییەکی کارایان کردووە لە پێکهێنانی ئاوازی ناوەکیی کۆی دێڕەکان و پێکەوەگونجان و یەکانگیرییەکی جوانیان تێدا فەراهەم کردووە.

بەدیوێکی تردا خودی ئەو پارچە شیعرە بەتەواوی وشە و کەرەستە زمانییە پێکهێنەرەکانی بنیاتەکەیەوە، بەشێوەیەکی زمنی بەسەر دوو کۆپلەی هاوتەریبدا دابەش بووە، بەوەی لە یەکەمدا لەڕێگەی وشە هاوتەریبەکانەوە وەسفی دووریی کوردستانمان بۆ دەکات لەباری جوانی و خۆشگوزەرانیی ژیانەوە، بەڵام لە کۆپلەی دووەمدا ئەو جوانییە سروشتییانەی کوردستان دەهێنێتەوە یاد، کە سروشتینو هیچ جوانییەک پێیان ناگاتەوە، کە ئەمەش بنیاتێکی گشتییەو چەند بەش و پاژێکی بچووکتری لەخۆگرتووە، بەڵام وەک دیارە لەناو یەک بۆتەو فۆرمی هونەریدا جێ کراوەتەوە. لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا هاتووە:

**بۆ میوان ببێ مایەی تەسەلا**

**لە کۆڕی شەوا: مەلایە و مەلا**

**تۆ و مەلا و شیعر و فەلسەفەی ئیسلام،**

**گوێ ڕاگرتنی تاوتاوی عەوام**(ل ١٣٠-١٣١)

هاوتەریبییەکە لەنێوان وشەسەرواى (مەلا)ی نیوەدێڕی دووەمی دێڕی یەکەم و دووبارەبوونەوەی لەسەرەتای دێڕی دووەم دروست بووە، بەمەش هەردوو دێڕەکە لە بنیاتێکی یەکانگیرو پێکەوەگونجانێکی تۆکمە بەیەکەوە گرێدراونەتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە وشەی (تاوتاو) لەڕووی پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییەوە بۆخۆی لەو وشانە ئەژمار دەکرێ، کە بە سروشتی خۆیان دووبارەن. لەلایەکی تریشەوەو هەر لەهەمان شیعردا، لە کۆپلەیەکی تردا هاتووە:

**تا تەواو ئەبێ (الله أكبر...)**

**پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژکەر..**

**نوێژ بەتاڵ ئەبێ جەماعەت بڵاو،**

**چەند پیرێک ئەبن بە خڵتەی لافاو**(ل١٣٤)

لێرەدا دیسانەوە هاوتەریبییە وشەییەکە لە ئاستی هەمان فۆرمی زمانیدا پێکهاتووە، کە ئەویش وشەی (نوێژکەر)ەو پێکهاتە مۆرفۆلۆژییەکەی خستوویەتییە باری (ناوی بکەری)یەوەو کەوتووەتە کۆتایی دێڕی یەکەمەوە، لەگەڵ وشەی (نوێژ)دا، کە لە فۆرمی سادەی (ناو)دا هاتووەو کەوتووەتە سەرەتای دێڕی دووەمەوە. هەڵبەت لەپاڵ ئەوانەدا ئەم وشە هاوتەریبکراوانە بەشداریی کاراو ڕاستەوخۆیان لە پێکهێنانی ئاستی دەلالیدا هەیە، بەوەی پەیوەندییان بەتەواوی یەکە واتاییەکانی ناو کۆپلەکەوە هەیە، واتە چنینی وشەکان هەر لە ئاستی چۆنێتیدا نامێننەوە، بەڵکوو سنووری پەیوەندییە سیمانتیکییەکانیش لەخۆدەگرن. ئەمەو لە شیعری (بووکێکی ناکام)یشدا شاعیر دەڵێت:

**لەژێر تارای سوورمەچنا هەرە جوانی دێ،**

**(کچی جووتیار!) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ...**

**کۆشکی ئاغا گەچ کارییە، ئاوێنە بەندە،**

**کەس نازانێ بە ژمارە، پەنجەرەی چەندە**(ل٥٧)

هاتنی گرێی ناویی (کۆشکی ئاغا) لە نیوەی دووەمی دێڕی یەکەم و دووبارەبوونەوەی لەهەمان فۆرمی زمانیدا وەک خۆی و لە سەرەتای دێڕی دووەمدا، جگە لە پێکەوەگرێدانی هەردوو دێڕە شیعرەکە، هاوکات هاوتەریبی لێکەوتووەتەوەو ئاوازی ناوەکیشی پێکهێناوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، لە شیعری (گوڵی کەم خایەن)دا، هاتووە:

**لەبەر بەیانی شەباب و جوانیتا، ئەی گوڵ**

**گوڵی گەشی پەمەیی وەک ستارە پرشنگدار**(ل٩٥)

وشەی (گوڵ) لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم و دووبارەبوونەوەی لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانیی لێ بەرهەم هاتووەو ئاوازی ناوەکیی دێڕەکەشی لە ئاستی دەنگیدا پتەوکردووە، بەوپێیەی کە دەنگی /گ/ سەرەتای وشەکە، لە هەریەک لە وشەکانی (گەش و پرشنگدار)یشدا دیسانەوە دووبارەبووەتەوەو بەمەش گونجانێکی

دەنگی لەنێوانیاندا پێکهێناوە. لێرەدا جارێکی تر سەرنج دەخەینەوە سەر کۆپلەیەکی (ئافرەت و جوانی)، کە پێشتریش بۆ ڕوونکردنەوەی هاوتەریبیی دەنگی شیمان کردووەتەوە:

**کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی**

**ئاڵە وەک کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟**

**کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشی چاوی؟**

**برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟**

**کام بەرزی جوانە وەک بەرزیی باڵای**

**کام تیشک ئەگاتە تیشکی نیونیگای؟**

**کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی**

**تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟**(ل ١٠)

هاوتەریبییە وشەییەکە لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی هەمان فۆرمی زمانیی (کام)، کە جێناوێکی پرسە پێکهاتووە، جگە لەوەی کە لە نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی یەکەمدا دووبارە بووەتەوە، هاوکات لە سەرەتای نیوەدێڕە یەکەمەکانی هەر دێڕێکی کۆپلەکەشدا دیسانەوە دووبارەکراوەتەوەو هەرجارێکیش لەگەڵ ناوێک یان ئاوەڵناوێکی جیاوازدا هێنراوەتەوە، بەم شێوەی لای خوارەوە:




دابەشکردنی ناو و ئاوەڵناوەکان بەوشێوە ئەندازەییە لە بنیاتێکی هاوتەریبیی وشەییدا، بەدەر لە بەخشینی ڕیتمێکی مۆسیقیی جوان بە کۆپلەکە، هاوکات لە ئاستی دەلالیشدا جەختکردنەوەو تەکەزییەکی زیاتری لەڕووی واتاوە تێدا بەرجەستە کراوە.

هەروەها لە شیعری (جەژنی ئایار)دا، شاعیر دەڵێت:

**یادی پیرۆزە، یەکەمی ئایار**

**جەژنی جیهان بۆ گشت کرێکار**

**کرێکار بەندی سەرمایەدار بوو**

**ڕووت بوو، برسی بوو، کزبوو، هەژار بوو**(ل٤١٨)

هاتنی وشەی (کرێکار) لە کۆتایی دێڕی یەکەم و دووبارەبوونەوەی لە سەرەتای دێڕی دووەمدا بووە بە هەوێنی پێکهاتنی هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانی. ئەمە جگە لەوەی لە ئاستی ئاسۆییدا دووبارەبوونەوەی چوار جارەی وشەی (بوو)، کە لە فۆرمی کرداریدایەو هەرجارەی لەگەڵ وشەیەکی جیاواز (ڕووت، برسی، کز، هەژار)دا هێنراوەتەوە، وای کردووە لەوەی بنیاتە هاوتەریبەکە جوانتر بکەوێتەوە. ئەمەو دیسانەوە لە شیعری (ئیلهامی هاوار)دا هاتووە:

**ئێستا لە دەشتی شام لەسەر قەبری**

**باپیری گەورەی، بۆ وڵات ئەگری،**

**بۆ وڵات ئەکا شیوەن و هاوار...**

**کوردە غیرەتێک زینهار، صەد زینهار!**(ل١٨٨)

دووبارەبوونەوەی فۆرمی زمانیی (بۆ وڵات)، کە لەڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە لە دۆخی تەواوکەری بەیاریدەدان لە کۆتایی دێڕی یەکەم و سەرەتای دێڕی دووەمدا، هاوتەریبییە وشەییەکەی لێکەوتووەتەوە. ئەمە جگە لە هاتنی وشەی (گەورەی) لە ناوەندی نیوەدێڕی دووەمی دێڕی یەکەم و وشەی (زینهار)یش لە هەمان شوێنی نیوەدێڕی دووەمی دێڕی دووەمدا، وێڕای ئەوەی هاوتەریبیی وشەییان لەڕووی شوێنی هاتنیانەوە پێکهێناوە، هاوکات تەکنیکی هاودەنگییان لەگەڵ وشەسەرواکانی (ئەگری) و (هاوار)ی دێڕەکانی خۆیاندا لێکەوتووەتەوە، دیارە بەمەش بنیاتە هاوتەریبەکەی پێ پتەوتر بووە. هەڵبەت ئەمەش بۆخۆی سەلمێنەری ئەو تێڕوانینەیە، کە وشە لە بنیاتی شیعردا بنەماو بنەڕەتی لایەنی ئاوازەیی دەقە، ئەوەش لەڕێگەی پێکهێنانی پەیوەندییەوە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەیدا دروست دەبێت، کە تێیدا هاونشینی یەکە زمانییەکانی تر دەکرێت و لە سیاقی دێڕو ڕستە شیعرییەکاندا بەکاردەهێنرێت،

بەمەش خوێنەر هەست بەو زایەڵەو زەنگدانەوەیە دەکات، کە کاریگەریی گەورەی بەسەر دەروونەوە هەیە. شاعیر لە شیعری (هاوڕێم بێکەس!)دا دەڵێت:

**لە پاشانا ئەی پەری!**

**نابێ لە بێکەس بگری،**

**کە گیرۆدەی مەستی بوو،**

**مەستیی ئەو مەبەستی بوو!**(ل٨٦)

هەردوو یەکەی زمانیی کۆتایی نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی دووەم و سەرەتای نیوەدێڕی دووەمی هەمان دێڕ، هەمان پێکهاتەی زمانیی وەک یەکن و ئەمەش بووە بە هەوێنی هاوشێوەیی، کە پێکهێنانی هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانی لێکەوتووەتەوە، هەڵبەت لەپاڵ ئەوەشدا تۆکمەیی چنینی هونەرییانەی وشەکان و کارلەیەکترکردنیان، مایەی ئەو پێکەوەگونجان و یەکانگیرییە فەراهەمکراوەن، کە لە بنیاتەکەدا بەگشتی هەستی پێدەکرێت.

هەروەها لە شیعری (دیاریی خوای شەڕ)یشدا لەڕێگەی ئەو میکانیزمەوە هاوتەریبیی وشەیی لەهەمان ئاستی زمانیدا پێکهێنراوە:

**گومان لە ڕاست، بەڵام باوەڕ**

**بە درۆ... (ئاخ دیاریی خوای شەڕ)**

**دیاریی خوای شەڕ، ڕەنجە و ئازار**

**مەرگی لەشکر، وێرانی شار**(ل١٩٦)

لەم نموونەیەشدا وەک دەردەکەوێت، هاوتەریبییەکە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی فۆرمی (دیاریی خوای شەڕ)ی کۆتایی دێڕی یەکەم و سەرەتای دێڕی دووەمدا بنیاتنراوە، کە هەریەک لەوانەش پێنج مۆرفیمن و لەناو یەک پێکهاتەی ڕێزمانیی هاوچەشن و هاوشێوەدا هاونشینی یەکترکراون، ئەویش بەم شێوەیە: (ناو+ ئامرازی خستنەسەر+ ناو+ ئامرازی خستنەسەر+ ناو) وەک دیارە، لە چۆنێتیی ڕیزبوونی یەکە زمانییە هاوتەریبەکان لەناو فۆرمی ئەرکە ڕێزمانییەکانیشدا دیسانەوە هاوتەریبییان لێکەوتووەتەوە. هەروەها لە شیعری (گەشت لە قەرەداغ)یشدا شاعیر دەڵێت:

وەک هەنگ بگەڕێ و گۆرانی بڵێ،

لادە جارجارێ بۆ بەرپێی گوڵێ

گوڵ بە ئاهەنگی (ئامان لەرزۆکە)

پێیە دابنێ و پێیە بەرزۆکە!(ل١٥٣)

لەم نموونەشدا هەریەک لە فۆرمە زمانییەکانی کۆتایی دێڕی یەکەم و سەرەتای دێڕی دووەم، کە بریتین لە وشەی (گولێ/ گول) هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانییان پێکهێناوە. ئەمە بەدەر لەو ڕێککەوتنە دەنگییەی کە لە ئاستی ستوونیدا لە دەنگی /گ/ لەنێوان وشەی (گوڵ) لەلایەک و هەریەک لە وشەکانی تری وەک (هەنگ، بگەڕێ، گۆرانی، ئاهەنگ)دا هەیە، کە پێکرا بنیاتی هاوتەریبییەکەیان فراوان و تۆکمەتر کردووەو ئەو هاودەنگییەش ئەنجامی شێوازی زیرەکانە هەڵبژاردنی وشەکانە لەلایەن شاعیرەوە. ئەمەو لە (شیوەنی گوڵاڵە)دا هاتووە:

چ زوو مردی؟ کچم هەیهات کچی خۆم،

چ زوو مردی؟ چ زوو کەوتیتە بن گۆم؟

چ زوو کەوتیتە بن گۆمی عەدەم؟ خۆ

بە ئۆخەی تەڕ نەبوو لێوم وتم ڕۆ!(ل٩٧)

لە نیوەدێڕی دووەمی دێڕی یەکەمدا گوزارەی (کەوتیتە بن گۆم) هاتووە، کە جارێکی تر لەسەرەتای نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی دووەمدا لە فۆرمی (کەوتیتە بن گۆم+ ی عەدەم) دووبارەکراوەتەوە، لەلایەکی تریشەوە دووبارەبوونەوەی ئامرازی پرسی (چ) لە سەرەتای هەردوو نیوەدێڕەکانی یەکەمی دێڕی یەکەم و دووەمی دێڕی دووەمدا لە ئاستی ستوونیدا هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانیی فەراهەم کردووە، بە هەمان شێوە و بەڵام ئەمجارەیان لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان هەمان فۆرمی زمانیی (چ)ی سەرەتای نیوەدێڕی دووەمی دێڕی یەکەم و (چ)ی ناوەندی هەمان نیوەدێڕدا هاوتەریبییەکە تۆکمەتر بووەتەوە، دیسانەوە هاوتەریبوونی وشەی پرسی (چ) لە هەردوو ئاستە ستوونی و ئاسۆییەکەدا، کە ڕۆڵی ئامرازی پرسیاری بینیوە لە سەرەتای دێڕەکان و ناوەندی نیوەدێڕی دووەمدا، ئەنجایش ڕێککەوتنی لە ئاستی ئاسۆییدا لەگەڵ هەمان ئەو دەنگە لە وشەکانی (کچم، کچ)دا زرنگانەوەیەکی مۆسیقیی جوانی بەخشیوە بە دەقەکە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە بە هۆی

ڕێککەوتنی دەنگیی نێوان وشەکانی (خۆم، گۆم، خۆ، ڕۆ، ئۆخەی) لە بزوێنی /ۆ/ کە کۆپلەکە زیاتر پێ ڕازاوەو زایەڵەدارکراوە. هەموو ئەم دیاردانەی لە ئاستی داڕشتەی وشەسازیی کۆپلەکەدا گیراونەتەبەر لەناو خۆیاندا کارلێکیان کردووەو بەوەش هاوچەشنی و پێکەوەگونجانێکی دەنگییان لە بنیاتەکەدا بەدیهێناوە.

هەڵبەت لە دەقی شیعری نوێدا بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە زۆرەی بەسەر فۆرمە گشتییەکەیدا هێنراوە، بۆیە لە ڕووی لێکۆڵینەوەی فۆرمەوە گۆڕانکاریی بەسەر شێوازی بنیاتی هاوتەریبییەکەیدا دێت، بۆنموونە وەک چۆن هاوتەریبیی وشەیی لە سەرەتاو کۆتایی یان ناوەڕاستی دێڕدا بنیات دەنرێت، بەهەمان شێوە دەشێ ئەو هاوتەریبییە لەسەرەتاو کۆتایی یان لە ناوەڕاستی کۆپلەی شیعریشدا بنیات بنرێت لەڕێگەی یەک فۆرمی زمانییەوە، هەڵبەت ئەم تێڕوانینەش باشتر دەچەسپێت، ئەگەر بێت و جارێکی تر تێگەیشتنە یاکۆبسنییەکە لەمەڕ چەمکی هاوتەریبی بهێنینەوە یادی خۆمان، بەوەی کاتێک لەبارەی ئەرکی زمان و وشەی شیعرییەوە دەڵێت: ((وشەی شیعری دەرخەری ڕوونترین پەیوەندییەکانی نێوان بەش و گشتە، شیعریش زۆر نزیکە لەوەی بنیاتێکی وای هەبێت، کە تێیدا بەش یەکسانی گشت بێت.))(الیشتة، ٢٠٠٨، ١٣٩)

لێرەدا مەبەست لە بەش ئەو بنیاتە بچوکترانەن، کە لەنێو بنیاتی گشتی دەقی شیعردا لە هاوتەریببوونیاندا لە بنیاتێکی زمانیدا لەگەڵ یەکتردا دەردەکەون. هەروەک لە دەقی (بەستەی نەبەز، ل٢٧٠)ی گۆراندا بەدی دەکەین، ئەویش بەوەی بنیاتی گشتیی شیعرەکە بۆ خۆی پێکهاتووە لە (٦) کۆپلەی چوارینە، کە سەرەتاو دەستپێکی پێنج کۆپلەیان بەهەمان فۆرمی زمانیی (من ئەو دیلەم) دەست پێدەکات، بەمەش تەواوی کۆپلەکان لە بنیاتی دەقەکەدا پێک بەستراونەتەوە:

**من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا**

**هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا بەرچاوم،**

**بەناو هەزار حەڵقەی داوی باریکا**

**قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!**(ل٢٧٠)

نیوەدێڕەکانی دواتریش، کە هاوتەریبییەکەیان بنیاتناوە، بەم شێوەیەن:

- **من ئەو دیلەم** لە پشت شوورای پۆڵاوە.
- **من ئەو دیلەم** ئامانجم قیبلەی گشتە.

- **<u>من ئەو دیلەم</u>** کە سرنجی بێ باوکم.
- **<u>من ئەو دیلەم</u>** کە دیلکەری زۆردارم.

تا لە دوا دێڕی کۆتا کۆپلەدا گۆڕانێک لەڕووی کەرەستەو پێکهاتەی زمانییەوە ڕوودەدات و بنیاتی نیوەدێڕەکە دەبێت بە: (من سەربازی ئامانجێکم پیرۆزە.) بەمەش وێڕای ئەو گۆڕانە لە فۆرمدا، بەڵام لەڕووی دەلالییەوە درێژە بە هاوتەریبییەکە دەدرێت، بەوپێیەی کە گۆڕانەکە وەک واتای گشتی لەخۆگری چوار بنیاتە هاوتەریبە بەشەکییەکەی پێش خۆیەتی.

هەڵبەت ئەم شێوازە دەشێ لەڕێگەی بەکارهێنانی تەواوی کۆپلەیەکەوە ئەنجام بدرێت، کە لە نموونەکانی دواتردا ئەمەش ڕوون دەکەینەوە. لە دەقی (گەشتێک لە هەورامان)دا ئەم جۆرە شێوازە لە پێکهێنانی میکانیزمی هاوتەریبیدا لە بەشی کۆتاییەکەیدا بەدیدەکرێت، بەوەی کە فۆرمی (سیاچەمانە)ی لە دەستپێکی دوو دێڕدا پاتەکردووەتەوە، کە بنیاتێکی وشەیی یەکانگیری بەم شێوەی لای خوارەوەی لێکەوتووەتەوە:

**سیاچەمانە... سیاچەمانە**

**بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە!**

**ئەوەندەی دارو بەردی هەورامان،**

**ڕەحمەت لە ژنی بەژن و باڵا جوان!**

**سیاچەمانە... سیاچەمانە...**

**هەورامان جێگای سیا چەمانە!**[ل١٣٤]

دووبارەبوونەوەی چەندجارەی هەمان فۆرمی زمانیی (هەورامان) لە بنیاتی کۆپلەکەدا، کە لەخۆگری چەند تایبەتمەندییەکی دەنگی و دەلالییە، وایکردووە هاوتەریبییەکی بەردەوام لە بنیاتەکەدا فەراهەم ببێت. هەرچی لەڕووی تایبەتمەندیی دەنگییەوە، وشەکەبە /ه/ی خشۆک دەست پێدەکات، کە لە کاتی گۆکردنیدا هەوای دەرچوو لە بۆشاییەکی تەسکەوە بەناو دەمدا تێدەپەڕێت و هاوکات دەنگی بزوێنی درێژی /ا/یش بۆخۆی، کە وەک لوتکەی برگە ناوەندی وشەکەی گرتووە، بەمەش پاتەکردنەوەی چەندجارەی هەمان ئەم فۆرمە زمانییە سەمتێکی ئاوازەیی تایبەتی لە ناوەوەی کۆپلەکەدا مەزراندووە، ئەمە جگە لەوەی کە وشەکە (هەورامان) لەگەڵ دووبارەبوونەوەی (سیاچەمانە)دا چوونەتە پەیوەندییەکی جووتبەندییەوەو ئەمەش

تۆکمەبوونی بنیاتە هاوتەریبەکەی لێکەوتووەتەوە، بەم جۆرەش لەڕوانگەی شیکردنەوەی ئەم نموونەیەوە، ئەو گوتەزایە بەکردەیی دەسەلمێت، کە دەگوترێت: وشە لە دەقی شیعردا دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێت: ((ئەرکی ئاوازەیی و ئەرکی دەلالی، هەربۆیە وتراوە وشە لە شیعردا بەهادارترە وەک لە زمانی ئاسایی و تا دەق پتەوترو جوانتر بێت وشەش تیایدا بەهادارترو دەسەلاتدارتر دەبێت.))(میرزا توفیق، ٢٠١٢، ١٨٩)

لە شیعری (لەبەندیخانە)شدا ئەم تەکنیکەی دووبارەکردنەوەی هەمان فۆرمی زمانییە لە بنیاتێکی هاوتەریبدا بەکارهێنراوە، ئەویش لەڕێگەی پاتەکردنەوەی ئاوەڵکرداری (بۆ ئەودیوی...) کە لە هەموو جارەکانیشدا لە ئەرکی ڕێزمانیی تەواوکەری بەیاریدەدا هێنراوەتەوە، هەروەک لای خوارەوە دەردەکەوێت:

**ئەی مانگ و ڕۆژ، ئەستێرەی شەو، هەڵ مەیەن ئیتر**

**بۆ ئەودیوی بە نهێنی لە تاوانکەر پڕ!**

**بۆ ئەودیوی بە ئاشکرا فەضیلەت فرۆش،**

**لە پەناو پاسکەری دز، واعیظی سەرخۆش!**

**بۆ ئەودیوی شێخ و مەلا بەشی زۆر جاسووس،**

**زۆربەی ئاغا بە پێست مەرد و بە ئێسک بێ نامووس**(ل٢١٦)

هەڵبەت لە درێژەی دەقەکەدا بەهەمان شێوە چەند جارێکی تریش هەمان فۆرمی زمانیی وەک خۆی یان بە هەندێ گۆڕانکارییەوە دووبارەکراوەتەوە، لە چەشنی:

- **بۆ زۆرداری ناوخۆ...،**
- **بۆ ئەو کۆمەڵەی...،**
- **بۆ وڵاتێک...،**
- **بۆ بەندییەک...**

هەموو ئەمانەش بنیاتی هاوتەریبییە وشەییەکەیان پێ فراوانتر بووەو هاوکات دەقەکەیان لێوڕێژ لە ڕیتم و ئاهەنگێکی دڵکێش کردووە، جگە لەوەی کە لەهەر جارێکدا بە مەبەستی پێکەوەگرێدانی ئەو بەشەی دەقەکە بە بەشەکانی پێش خۆیەوە فۆرمە هاوشێوەکان

هێنراونەتەوەو ئەمەش کاریگەریی لەسەر پێکەوەگرێدانی بەش و پاژەکانی دەقەکە بەگشتی کردووە.

هەر لەم بارەوە دەقی (دەنکەگەنم)ەکەشی لەڕێگەی هەمان سیستمی دووبارەکردنەوەوە، هاوتەریبیی وشەیی تێدا بنیاتناوە، بەوەی کە دەقی شیعرەکە بۆخۆی (٩) پارچەیە، هەر پارچەیەکیش لەوانە بە قاڵبەسەروای حەوتینە نووسیوەو لە هەمووشیاندا لەتی حەوتەم (دەنکەگەنم) دووبارە دەبێتەوە، کە ئەمەش بووە بە ماکی پێکەوەگرێدانی پارچەکانی شیعرەکە بەیەکترییەوە لەئەنجامیشدا کارلێک و گونجانێکی بنەڕەتی لەنێوان بەش و پاژەکانی دەقەکەدا بەرهەم هاتووە.

شێوازێکی تری هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری دووبارەکردنەوەی یەک فۆرمی زمانی، ئەوەیە کاتێک شاعیر دەقە شیعرییەکەی بەسەر چەند کۆپلەیەکدا دابەش دەکات و لە سەرەتای هەر کۆپلەیەکی تازەشدا، دێڕێک یان چەند دێڕێک یان کۆپلەیەک وەک خۆی و پێکهاتوو لەهەمان کەرەستەی زمانی دووبارە دەکاتەوە، بۆنموونە دەقی (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)، کە پێکهاتووە لە (١٢) کۆپلەو هەر کۆپلەیەکیش لەوانە بە نیشانەی (سێ ئەستێرە) لەیەکتر جیاکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە سەرەتای هەر کۆپلەیەکی تازەدا، ئەمەی لای خوارەوە پاتەکراوەتەوە:

**کۆریای ئازاد: سەرانسەری**

**دیسانەوە بۆ (سینگمان ڕی)،**

**تەخت و تاراجی تێک درا**

**لە فەرمانی (ماک ئارسەر)ا**

**ماک ئارسەری خوای سینگمان ڕی..**

**ئازادیخواز! گری.. گری..**(ل٢٣٦)

ئەو دووبارەکردنەوەیە، کە بنیاتە هاوتەریبەکەی لێکەوتووەتەوە، بەشێکی سەرەکی لە بنیاتێکی گشتیتر پێکدەهێنێت و هەڵبەت بنیاتە گشتییەکەش جەستەی تەواوی دەقەکە لەخۆدەگرێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە بنیاتی هەمان ئەم کۆپلەیەدا، کە بۆخۆی هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی-کۆپلەییە، هاوکات هاوتەریبیی یەک فۆرمی زمانی-وشەیی، بەدیدەکرێت، ئەمەش بنیاتی

گشتیی دەقەکە دەباتە ئاستێکی قووڵتری شیعرییەتی هاوشێوەبوونەوە، کە چێژو جوانییەکی زیاتریشی تێدا پەخش و بەرجەستە دەبێت. هەر بەو شێوازە لە دەقی شیعری (خۆزگەم بە پار)یشدا دیسانەوە ئەم کۆپلەی لای خوارەوە (٥ جار) دووبارە کراوەتەوە:

**بڵێن بە یار، بڵێن بە یار، یاری نازدار،**

**سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار، منی هەژار،**

**خۆزگەم بە پار!**(ل٢١)

لە هەر جارێک بۆ جارێکیش کۆپلەیەکی تر لەنێوان دوو کۆپلە هاوشێوەو دووبارەکراوەکەدا هاتووە، کە لەڕێگەی ئەوەیشەوە زیاتر سەرنجی خوێنەرو گوێگر ڕادەکێشێ و بەوەش هاوتەریبییەکە لە ئاستی ستوونی دەقەکەدا بنیاتنراوە، ئەمە جگە لەوەی کە کۆپلەکەیش بۆخۆی دیسانەوە لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی چەند یەکەیەکی زمانیی هاوشێوەو هاوتا بنیاتنراوە، کە بەگشتی پێکدێن لە فۆرمی زمانیی: (بڵێن، بە، یار، پار، خۆزگەم).

هەروەها لە دەقی (مارشی ئاشتیخواز)یشدا لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی کۆمەڵە وشەیەکەوە، کە پێکهێنەری پارچەیەکن لە بنیاتی گشتیی دەقەکەدا، شاعیر توانیویەتی هاوتەریبییەکی وشەیی لەسەر ئاستی یەک فۆرمی زمانیی لە پارچەشیعر پێک بهێنێت، ئەویش بەم جۆرە:

**ئاشتیخوازین، پشتیوانمان گەلانە،**

**کۆتری سپیی ئاڵامان ناونیشانە:**

**ڕێگامان ڕێی برایەتیی ئینسانە،**

**ناکۆکی و شەڕ نەهێشتن ئامانجمانە!**

**باوەڕمان وایە...**

**ناکۆکی شەڕی لەدوایە،**

**شەڕ هۆی وێرانیی دنیایە**

**هەر دۆستیی گەلان،**

**ئەپارێزێ ئاشتیی جیهان،**

**فەڕ ئەخاتە ژینی ئینسان**[ل٤١٥]

هـەمان ئـەم پارچـەیـە، کـە لـە دەسـتپێکی دەقەکـەدا هـاتووە، لـە کۆتایشـدا دووبـارە وەک خـۆی هێنراوەتـەوەو قـوفڵی کۆتـایی دەقەکـەی پـێ داخـراوە، بـەجۆرێک وەک (عـەزیز گـەردی) دەڵێت: ((گۆران سـەروبنی هۆنراوەکەی پێ لەیەک شـەتەک داوە.))[گەردی، ١٩٩٩، ١٩٣]

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە دەقی شیعری (کوردستان)ەکەشی هەر بە هەمان میکانیزم و تەکنیکی هاوتەریبیی ڕازاوەتەوە، کاتێک دەبینین، کە تـەواوی دەقەکـە سـێ کۆپلـەیـە، بـەڵام دوو کۆپلەی سـەرەتاو کۆتایی (واتە کۆپلەی یەکەم و سێیەم) هەر هەمان فۆرم و پێکهاتەی زمانییـەو وەک خۆی هێنراوەتەوە، کە ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

**کوردستان... کوردستان!**

**نیشتیمانی جوان!**

**هەر بژی بە شادی..**

**سەربەستی و ئازادی..**

**هەر بژی! هەر بژی! هەر بژی!**

**لووتکەی بەرزی گەردن کەشت..**

**نزاری سپی، بەرخۆری ڕەشت...**

**دۆڵی کپ و چەمکی خوڕت...**

**دارستانی زەبەند و چڕت..**

**بەهەشتی سەرزەمینن،**

**هێلانەی خۆشی ژینن،**

**جێگەی نۆشن،**

**ئاگر تیژکەری ئیلهام و خۆشن...**

**کوردستان... کوردستان!**

**نیشتیمانی جوان!**

**هەر بژی بە شادی..**

**سەربەستی و ئازادی..**

**هەربژی! هەر بژی! هەربژی!** (ل٤٠١)

ئەمەو لە شیعری (بەری بەیانە)دا، لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی دێڕێکی شیعرییەوە، کە لەڕووی فۆرمەوە هەمان پێکهاتەی زمانیی هاوشێوەی هەیە لەڕووی واتایشەوە هەمان دەلالەتی وەکیەک دەگەیەنێت، هاوتەریبیی وشەیی لە جۆری یەک فۆرمی زمانی بەدیهێنراوە، هەروەک دەڵێت:

**بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ:**

**ئاسۆی هیوای کورد مژدە بێ لە تۆ!**

**دەنگی بانگ هەڵسا لە مزگەوتی دێ،**

**باڵدار هێلانەی خەو بەجێ دێڵێ،**

**قاسپەقاسپی کەو ئاشکرا ئەڵێ:**

**کاتی فرمان هات، کورد نابێ بنوێ**

**بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ:**

**ئاسۆی هیوای کورد، مژدە بێ لە تۆ!**(ل٤٠٢)

بەدەر لەوەی کە لێرەدا دەقەکە بەسەر چەند کۆپلەیەکدا دابەش کراوەو لەنێوان هەر یەک لەو کۆپلانەشدا هەمان ئەم دێڕە (بەری بەیانە ڕووناکە ئاسۆ/ ئاسۆی هیوای کورد مژدە بێ لە تۆ!) وەک خۆی و بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک دووبارەکراوەتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لە بنیاتی خودی ئەو دێڕەشدا هاوتەریبیی وشەیی بەرچاو دەکەوێت، بەوەی لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەمدا فۆرمی زمانیی (ئاسۆ)، کە وشەیەکی سادەیە هاتووەو ئەرکی سەروای پێبینراوە، بەهەمان

شێوەو لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمدا هێنراوەتەوەو بەمەش هاوتەریبییە وشەییەکە قووڵتر خۆی نواندووە ئەنجامیش سەرتاپا دەقەکە بووە بە خاوەنی چنینێکی ڕیتمداری بەئاهەنگ، کە پێکەوەگونجان و یەکانگیرییەکی سەرتاپایی، سەرجەم بەشەکانی بنیاتەکەی بەیەکەوە بەستووەتەوە.

– **هاوتەریبیی چەند فۆرمێکی زمانی**: ئەوەی سەرنج دەدرێت، لە شیعری گۆراندا ئەم جۆرە بەرچاو ناکەوێت، واتە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە وشانەی کە لە ڕواڵەتدا وەکیەکن و مانایان جیاوازە زۆر سنووردارە.(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١٦٨- ١٦٩) یان ئەتوانین بڵێین هەر بە یەکجاریی نییە!

## تەوەری سێیەم

## هاوتەریبیی ڕستەیی بە نموونەی شیعری گۆران

ئەو هاوتەریبییە دەنگی و وشەییانەی لە دوو تەوەری پێشوودا بە نموونەی شیعری گۆران خرانەڕوو، لەڕووی ئەرکە ئیستاتیکییەکەوە زەمینەی بەپیتی بەرهەمهێنانی هاوتەریبی ڕستەیی و دەلالی دەسازێنن، هەروەک پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە ئەو نموونانەی کە بۆ هاوتەریبیی ڕستەیی یان دەلالی دەخرێنەڕوو، لەیەک کاتدا شیانی شیکردنەوەی هاوتەریبیی دەنگی و وشەییان هەیە، چونکە وەک پێشتریش ڕوونمان کردەوە، تەواوی ئەو جوانکارییانەی شاعیر لە دەقی شیعردا دەیانگرێتەبەر، لەپێناو ڕازاندنەوەی ئەو مەبەستەدایە، کە دەیەوێت وەک پەیامێک لەڕێگەی زمانە شیعرییەکەیەوە بە وەرگری بگەیەنێت، هاوتەریبیش بۆخۆی ئەو میکانیزمە شیعرییەیە، کە زمان لەڕێگەیەوە ڕووبەڕووی خۆی دەکرێتەوە، بەوەش دەگاتە ئەو ئاستەی کە خواستی شاعیرەو شێوازە شیعرییەکەی خۆی لەسەر هەموو ئاستەکانی زمانی دەقەکەی دادەڕێژێت، بۆیە جۆرە تێڕوانینێک هەیە پێیوایە جوانکارییە دەنگی و وشەییەکان لە ئاستی سینتاکسیدا دەگەنە ئەوجی خۆیان، کە هەنگاوێک پێش گەیاندنی واتای مەبەستە، بەومانایەی لەم ئاستەدا ((گەوهەری شیعرو گیانی شیعر دەردەکەوێت و هەر لەم ئاستەشدایە، کە شاعیر توانای ئەفسووناویی خۆی بەکاردەهێنێت تا زمان سیما ئەفسووناوییەکەی بپۆشێت.))(میرزا توفیق، ٢٠١٢، ١٨٩)

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ ئەوەش بزانین، کە ڕستەی شیعری هەمیشە کۆمەڵە ڕستەیەکی نائاسایی و نامۆن، ئەمەش بەهۆی ئەو ڕۆنانە ڕێزمانییەوە بەرهەم دێت، کە شاعیر پەنای دەباتەبەرو لەوڕێگەوە جیای دەکاتەوە لە یاسا ڕێزمانییە باوەکان و نۆرمە ئاساییەکانی تری بەکارهێنانی زمان، کە ئەمەش لە تیۆری شیعرییەتەکەی یاکۆبسندا بەرئەنجامی لادان یان زێدەکردنی ڕێسای زمانییە بۆسەر زمانی ئاسایی و ڕۆژانە، هەربۆیە ڕستەو دێڕی شیعری چ لەڕووی دروستەوە چ لەڕووی واتاوە، پێکهاتەگەلێکی ئەوتۆیە، کە زوو خۆبەدەستەوە نادەن، لێرەوە یەکێک لەو گەمە هونەرییانەی کە لەڕێگەی زمانەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت بریتی دەبێت لە هاوتەریبیی ڕستەیی، کە جۆرە داڕشتنێکی زمانی لە بنیاتی دەقدا بەرجەستە دەکرێت، کە کارلێک لەنێوان فۆرم و ناوەڕۆکدا بەرپا دەکات و بەمەش شیعرییەتی دەقەکە بەرەو ئاستێکی بەرز دەبرێت، کە وەرگر چەشەیەکی ئەدەبیی تەواوی لێوەردەگرێت. وەک پێشتریش ڕوونمان

کردووەتەوە، هاوتەریبی لە ئاستی ڕستەییدا بە سێ شێواز دەبێت، ئەوانیش: هاونشینیی ئەرکی، جێنشینی ئەرکی و هەمان بنیاتی ڕستەسازی.

**یەکەم/ هاونشینیی ئەرکی:** گۆڕان توانیویەتی بەشێوەیەکی ورد مامەڵە لەگەڵ بنیاتی سینتاکسیی دێڕە شیعرەکانیدا بکات، بەبێ ئەوەی وەرگر هەست بە دوورکەوتنەوە بکات لە کەشی گشتیی زمانە کوردییەکەی.

لە دەقی شیعری (بۆ جوانی سەرەڕێ)دا هاتووە:

**پەنجەی ناز بەر بدە لە چمکی مشکیی شەرم،**

**دەرکەوێ لێوی ئاڵ، زوڵفی خاو، کوڵمی نەرم**[ل٢٦]

لە نیوەدێڕی دووەم و لە ئاستی ئاسۆییدا سێ گرێی ئاوەڵناویی هێنراونەتەوە، بریتین لە: (لێوی ئاڵ، زوڵفی خاو، کوڵمی نەرم)و لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە وەکیەک و هاوچەشنن، بەوەی کە هەریەک لەوانە پێکهاتوون لە: (دیارخراو+ ئامرازی خستنەسەر+ دیارخەر)و پێکرا دراونەتە پاڵ یەک کردار، کە ئەویش بریتییە لە (دەرکەوێ)و وەک دیاریشە لەڕووی بنەما ڕێزمانییەکانی ڕستەسازییەوە کردارەکە پێشخراوە.




بەهەمان شێوەی نموونەی پێشوو، لە شیعری (لە بەندیخانە)شدا هاتووە:

**ئەی دنیای جوان، دنیای بەهار، دنیای ڕووناکی،**

**تاوانم کرد، گەل پێوەی نام مۆری ناپاکی**[ل٢١٩]

دیارە لە نیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر سێ گرێی ناویی هێناوەتەوە لەڕێگەی ئامرازی بانگکردنی (ئەی)یەوە خستوونییە دۆخی بانگکراوەوە، دواتر داونەتییە پاڵ یەک کرداری ڕێزمانی، کە ئەویش (کرد)ی دەمی ڕابردووی تێپەڕە لەگەڵ ناوی واتایی (تاوان)دا، کە بەرکارەکەیەتی،

بەوەش لەڕووی دروستەیی و ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە دێڕەکە دەبێتە خاوەن بنیاتێکی ڕستەیی هاوتەریب هەروەک لە هێڵکارییەکەدا هاتووە:




هەر دیسانەوەو لە هەمان دەقدا، سەرنجی ئەم نموونەی دیکەش دەدەین:

**بۆ تاریکی، بۆ شەرم و عار، بۆ خەم خولقاوین،**

**لە بەهەشتی ئەودیو دیوارا بێ بەش کراوین!**[(ل٢١٦)]

لە نیوەدێڕی یەکەمدا سێ فریێزی ڕێزمانیی لەڕووی ئەرکەوە هاوچەشن و هاوشێوەی یەکتر هێنراونەتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی فۆرمی فرێزی (شەرم و عار)، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی فرێزی یەکەم و سێیەمیانەوە، هەریەک لەوانەش لە دۆخی تەواوکەری بەیاریدەی کرداری (خولقاوین)دان، وەک لای خوارەوە دەردەکەوێت:

| | | |
|---|---|---|
| **بۆ** | **تاریکی** | **خولقاوین** |
| | **شەرم و عار** | |
| | **خەم** | |

لە شیعری (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)یشدا بەر کۆمەڵێک پانتایی شیعریی جوان دەکەوین، کە لە بنیاتێکی هاوتەریبدا دێڕو ڕستە شیعرییەکان بەرهەم هێنراون، هەروەک هاتووە:

**خوای شەڕ ، گوناه ، ستەم ، تاوان،**

**ئەهرەمەنی گەورەی دێوان**[(ل٢٣٩)]

لەڕێگەی ئامادەکردنی کۆمەڵێک ناوی واتایی و ڕێکخستنیانەوە، کە بریتین لە (شەڕ، گوناه، ستەم، تاوان) و هاونشینکردنیان بە یاریدەی ئامرازی خستنەسەری (ی) بۆ سەر ناوی (خوا) لە

فۆرمی ڕێزمانیی (دیارخراو+ ی+ دیارخەر)دا، بەمەش لەڕووی دارشتنی زمانییەوە سەرجەم ئەو گرێ ناوییانە هاوچەشنی و هاوشێوەییەکی جوانیان لێکەوتووەتەوەو بنیاتە هاوتەریبەکەیان پێکهێناوە، وەک لای خوارەوە ڕوون کراوەتەوە:

**ئەهرەمەنی گەورەی دێوان**

- **خوای شەڕ**
- **خوای گوناه**
- **خوای ستەم**
- **خوای تاوان**

هەڵبەت ئەگەر وردترو لە ئاستی بنیاتی قووڵدا لێی بکۆڵینەوە، ئەوکات دەبینین سەرجەم فرێزە ناوییەکان لەگەڵ نیوەدێڕی دووەمدا لە هاوتەریبیدان، واتە (ئەهریمەنی گەورەی دێوان) لەڕووی سیمانتیکییەوە تەواوکەری واتای گشتیی دێڕەکەیە، واتای گشتیش لە بنیاتی ڕستەیەکی تەواودا بەدیدێت و یەکانگیریی فەراهەم دەکات. شاعیر لە دەقی (پایز!)ەکەیدا، کە سەرتاپا دەقێکی هاوتەریبی بەردەوامە، دەڵێت:

**من فرمێسکم، تۆ بارانت**

**من هەناسەم، تۆ بای ساردت،**

**من خەم، تۆ هەوری گریانت..**

**دوایی نایە: دادم، دادت!**[ل١٦٣]

هاوتەریبییەکە لە بەرانبەریەکتر ڕاگرتنی جێناوە بکەرییەکانی (من- تۆ) و گرێی جێناوییە سەربارکراوەکانیاندا دەردەکەوێت، وەک لای خوارەوە هاتووە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **من** | **فرمێسکم** | **تۆ** | **بارانت** |
| | **هەناسەم** | | **بای ساردت** |
| | **خەم** | | **هەوری گریانت** |
| | **دادم** | | **دادت** |

لە شیعری (چیرۆکێکی برایەتی)یشدا هاتووە:

**دیسان بەم شان، دیسان بەو شان،**

**بێ پشوودان پاچمان وەشان..**[ل٣٢٢]

لێرەشدا هەریەک لە گرێ ناوییە هاوچەشن و وەکیەکەکانی نیوەدێڕی یەکەم، یەک کرداریان بۆ هێنراوەتەوەو دراونەتە پاڵی، کە ئەویش گەردانکراوی چاوگی (پاچ-وەشاندن)ە، وەک لە فۆرمی ئەو دوو ڕستەی لای خوارەوە هاتووە:

- **دیسان بەم شان بێ پشوودان پاچمان وەشان.**
- **دیسان بەو شان بێ پشوودان پاچمان وەشان.**

وەک دیارە هاوچەشنی و وەکیەکی لە بنیاتی ڕێزمانیی ڕستەکاندا، هاوتەریبییەکەی لێ فەراهەم بووە، بەڵام لەپێناو برگەسازیی و بەدیهێنانی هاوسەنگی لە کێشی دێڕە شیعرەکەدا، شاعیر ئەو ڕیزبەندییە ئاساییەی هەردوو ڕستەکەی بەزاندووەو بەوشێوازە هونەرییەی زمانی شیعریی دەیخوازێت، یەکە زمانییەکانی هاونشینی یەکتر کردووەو ئەو فۆرمەی تێدا بەرجەستەکردووە، کە لە دێڕە شیعرەکەدا دەیخوێنینەوە.

**دووەم/ جێنشینیی ئەرکی:** هەرچی ئەم فۆرمەی هاوتەریبییە، ئەوکاتە بەرهەم دێت، کە دێڕێک بەرانبەر دێڕێکی تر یان نیوەدێڕێک بەرانبەر نیوەدێڕێکی تر، لە هەمان کەرەستەی زمانیی هاوتاو یەکسان بنیات دەنرێت، کە زۆرجار خوێنەر وا هەست دەکات لەیەک کاتدا دوو ڕستەی تەواو جیاواز دەخوێنێتەوە. هەروەک گۆران لە (ناڵەی بێکار)دا، دەڵێت:

**تا هێزی بزووتن لە لەشما بە گوڕ بوو،**

**<u>من کوڕ بووم بۆ ئاغا</u> و <u>ئاغا باوکی کوڕ بوو</u>**(ل١٩٩)

ئاشکرایە لێرەدا بنیاتی هەردوو ڕستەکە لەهەمان یەکەی زمانی پێکهێنراوە، تەنها لەڕووی ئەرکەوە جێگۆڕکی بە کەرەستەکان کراوە. هەڵبەت ئەم جۆرە ڕۆنانە سینتاکسییەش لەڕووی دەلالییەوە خۆی لەخۆیدا (دژواتای پێچەوانەیی) پێکهێناوە. یان لە دەقی (گیان)دا هاتووە:

**نازانم تۆ چیت؟ من چیم؟**

**تۆ من نیت؟ یا من تۆ نیم؟**

**تۆ دنیامی؟ یا دنیام**

**تۆی تیا هاتوویتە ئەنجام؟**

**تۆ و ژیان کامتان کامن؟**

**کامتان نەوتی چرامن؟**(ل٢٢٨)

لەم نموونەیەشدا بەهەمان شێوە لەهەمان یەکەی زمانی، چەند ڕستەیەکی هاوشێوەی لەڕووی کەرەستەی پێکهێنەرەوە بنیاتناوە، بەڵام بەرەچاوکردنی ئەوەی کە لەهەر بنیاتێکی ڕستەییدا جێگۆرکێ بە کەرەستەکان کراوەو بەوەش تەنها لەڕووی جێنشینیی ئەرکی ڕێزمانییەوە گۆڕانیان بەسەردا هێنراوە.

**سێیەم/ هەمان بنیاتی ڕستەسازیی:** دەقی شیعری (پایز) یەکێکە لەو دەقانەی بووە بە جێسەرنجی زۆربەی لێکۆڵەرانی شیعری گۆران، دەتوانین سەرتاپای دەقەکە وەک بنیاتێکی یەکانگیرو پێکهاتوو لە کۆمەڵێک دەرکەوتەی زمانیی هاوچەشن و هاوتا، کە هاوتەریبی لە هەموو ئاستەکانی زماندا تێدا بەدیهاتووە، وەربگرین و شیکردنەوەی بۆ بکەین، بەڵام لێرەدا ئەم کۆپلەیە وەک نموونەیەک بۆ هاوتەریبیی ڕستەیی دەخەینەڕوو، کە تێیدا هاتووە:

**هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین،**

**ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین،**

**پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،**

**بگرین... بگرین.. چاومان نەسڕین**(ل١٦٤)

نیوەدێڕی دووەمی دێڕی یەکەم و نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی دووەم لەڕووی ڕێزمانییەوە هاوتەریبی یەکن، واتە خاوەنی هەمان ڕۆنانی سینتاکسین، وەک لای خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

| کردار | کردار | ناو | ئامراز | ناو |
|---|---|---|---|---|
| بگرین | ئەڕژێ | دار | ی | ئاڵتوون |
| بگرین | ئەفڕێ | باڵدار | ی | پۆل |

لە شیعری (ئاواتی دووری)دا هاتووە:

**کوا تەماسی لەشی نەرمی؟**

**کوا لەذەتی کۆشی گەرمی!**(ل١٤)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئامراز | ناو | ئامراز | ناو | ئامراز | ئاوەڵناو |
| کوا | تەماس | ی | لەش | ی | نەرمی |
| کوا | لەذەت | ی | کۆش | ی | گەرمی |

هەروەها لە شیعری (تازە؟)یشدا هاتووە:

**لەسەر ڕووی نەما زینەتی ئیهتیزاز،**

**لەسەر لێوی لاچوو بزەی نووری ناز(ل ١٨٠)**

وەک سەرنج دەدرێت، دووبارەبوونەوەیەکی ناتەواوی هەمان ڕۆنانی سینتاکسی لە هەردوو نیوەدێڕەکەدا هەیە، هەروەک لای خوارەوە دەرکەوتووە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەسەر | ڕوو | ی | نەما | زینەت | ی | ئیهتیزاز |
| لەسەر | لێو | ی | لاچوو | بزە | ی | نوری ناز |

بەشە جیاواز یان ناتەواوەکە لە بنیاتە هاوتەریبەکەدا لە هەریەک لە کەرەستە زمانییەکانی (ئیهتیزاز)، کە وشەیەکی سادەیەو (نووری ناز)، کە گرێیەکی ئاوەڵناوییە خۆی دەبینێتەوە، هەریەکەشیان بەجیا دیارخەرن بۆ دیارخراوەکانی (زینەت و بزە)و بەسەریەکیشەوە دەبن بە گرێی ناویی و لەڕووی ئەرکی ڕێزمانیشەوە هەمان ئەرکی بکەریی وەکیەکیان دەکەوێتە سەر، کەواتە پاژی جیاواز لە بنیاتی هاوتەریبییەکەدا تەنها لە فۆرمی یەکە زمانییەکاندایە، دەنا هەر ئەو پاژە جیاوازانە لە ڕووی ئەرکە ڕێزمانییەکەیانەوە دیسانەوە هاوتەریبی یەکتردەبنەوەو هاوچەشنییەک لەڕووی دروستەییەوە بەدیدەهێنن. لە شیعری (پەیامی کورد)دا هاتووە:

**بڕوانە ماسوولکەی لەشی پۆلایان**

**بڕوانە پرشنگی عەزمی نیگایان(ل ٢٦٠)**

هەردوو نیوەدێڕەکە لە دوو ڕستەی هاوتەریبی ڕێزمانیی تەواو پێکهاتوون، چ لەڕووی کەرەستە پێکهێنەرەکانی بنیاتەکەوە بێت چ لەڕووی ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی کە یەکە زمانییە بەشداربووەکان لە بنیاتەکەدا گێڕاویانە، هەروەک لە نەخشەکەی لای خوارەوەشدا ڕوون کراوەتەوە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانە | ماسولکە | ی | لەش | ی | پۆلا | یان |
| بڕوانە | پرشنگ | ی | عەزم | ی | نیگا | یان |

لە (بەستەی نەبەز)یشدا دیسانەوە ڕۆنانی سینتاکسیی دووبارە سەرنج دەدەین:

**من سەربازی ئامانجێکم: پیرۆزە،**

**فیداکاری ڕێگایەکم: بێگەردە** (ل٢٧١)

لە دەقی (سەگوەڕ)دا، کە شیعرێکی گەپە، دەڵێت:

**توولەی بن ئاو، سەگی خوێڕی!**

**وات لێ هات لە من بوەڕی؟**

**توولەی سەر ئاو، سەگی خوێڕی!**

**وات لێ هات لە من بوەڕی؟** (ل٣٩٢)

شیعری (گەشت لە قەرەداغی)، کە لەپاڵ (گەشت لە هەورامان)ەکەیدا، کە بە دوو گەشتنامەی شیعریی جوان و هونەریی لە ئەدەبی کوردیدا دێنە ئەژمار، دەتوانرێ بنیاتی هاوتەریبی لە هەموو ئاستە زمانییەکاندا تێدا شیبکرێتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا لە گەشتنامەکەی قەرەداغدا، ئاماژە بە چەند نموونەیەکی هاوتەریبیی ڕستەیی لەڕووی بنەما ڕێزمانییەکانەوە دەدەین و لەڕێگەی دیاریکردنیانەوە بە (هێڵ) دەیانخەینەڕوو:

**وەرگەڕاینەوە بۆ دۆڵی ئەودیو**

**<u>شاخ بوو لەسەر شاخ</u>، <u>شیو بوو لەسەر شیو</u>** (ل١٤١)

**هەروەها:**

**نۆرەی ئافرەتە ئەمجا هەڵپەڕێ،**

**<u>سا هێز دەست بەردا</u> ، <u>جوانی دەست بگرێ</u>** (ل١٤٩)

هـەرچی ئـەم نموونەشـیانە، ئـەوا هاوتـەریبیی ڕسـتەیی تـەواوی تێدا بـەدیهاتووە، واتـە هـەردوو نیوەدێڕەکە لەڕووی ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە هاوتاو هاوشێوەی یەکترن:

**بەردەممان: چەم و تووترِک و بی بوو،**

**دەورەمان: وەرد و جاڕ و زەوی بوو**[ل١٤٣]

لە شیعری (جەژنی ئایار)دا چوار ڕستەی هاوشـێوە لەگەڵ یـەکتر کۆکراونەتـەوەو بەدواییەکدا هێنراونەتەوە، کە هەمان ڕۆنانی سینتاکسیی هاوچەشنیان هەیەو هاوتەریبییەکەیان پێکهێناوە:

**کرێکار بەندی سەرمایەدار بوو،**

**ڕووت بوو، برسی بوو، کز بوو، هەژار بوو..**[ل٤١٨]

لە نیوەدێڕی دووەمدا هەریەک لەم چوار ڕستەیە:

**ڕووت**
**برسی** } **بــوو**
**کـز**
**هەژار**

وەک دیـارە لـەڕووی پێکهاتـەی ڕێزمانییـەوە بـریتین لـە: (ئاوەڵناوێـک+ کـرداری ناتـەواو)، کـە گوزارەن بۆ نیهادی (کرێکار)و ئەویش لە سەرەتای نیوەدێڕی یەکەمدا لەگەڵ گوزارەی (بەندی سـەرمایەدار بـوو)دا هاونشـین کـراوە. دیسـانەوە لـە شـیعری (ئیلهـامی هاوار)یشـدا ئـەم دێـڕە دەخوێنینەوە، کە هاوتەریبی ڕستەیی تێدا بەدیهاتووە:

**وەک شێر نرکانی، وەک ئاگر هەڵچوو**

**زنجیری پچڕان، لە زیندان دەرچوو**[ل١٨٧]

بنیـاتی نیـوەدێڕی یەکـەم لـە دوو ڕسـتەی هاوتـاو هاوشـێوە پێکهـاتووە، کـە لـەڕووی ڕۆنـانی سینتاکسـییەوە دووبـارەکراوەی یـەکترن، کـە بنیاتەکـەیان بریتییـە لـە: (ئـامراز+ نـاو+ کـردار+ جێناوی کەسی سێیەمی تاک)

- **(ئەو) وەک شێر نرکانی.**
- **(ئەو) وەک ئاگر هەڵچوو.**

دیسانەوە نیوەدێڕی دووەمیش دوو ڕستەی هاوچەشن و هاوشێوەن، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی ئامرازی پەیوەندیی (لە) لە ڕستەی دووەمیاندا، وەک لای خوارەوە دەرکەوتووە:

- **(ئەو) زنجیری پچڕان.**
- **(ئەو) لە زیندان دەرچوو.**

لەم نموونەی دیکەشدا، کە کۆپلەیەکە لە شیعری (بە ڕێگادا بەرەو کۆنفرانس) وەرگیراوە، هاوتەریبییە ڕێزمانییەکەی تێدا بەڕوونی دەرکەوتووە:

**بەڵام دوێنێ،**

**نە ئەمڕۆیە، نە سبەینێ...**

**صەڵاحەددین یەک سوڵتان بوو،**

**خانزاد یەک پڵنگی جوان بوو...**

**چەکوش بە دەست، داس بە دەستە،**

**ڕۆشنبیر و خاوەن هەستە**

**(هەستی دڵسۆزیی نیشتیمان،**

**هەستی خۆشەویستیی ئینسان!** (ل٣١٥)

لە شیعری (لە بنی بیرا) هاتووە:

**کردەم بردەم کۆمپانی بوو**

**هەم ڕەنج چوو، هەم نەوتم چوو**(ل٢٠٣)

لە دەقی (چیرۆکێکی برایەتی)یشدا هاتووە:

**برای عەرەبی چاو ڕەشم**

**تاڵ بوو بەشت، تاڵ بوو بەشم!**(ل٣٢٢)

له شیعری (تاسەی دیدار)، هاوتەریبییەکی ڕێزمانیی ناتەواو، لە دێڕی یەکەمدا بەدیدەکرێت:

**ڕۆلەم لەگەڵ ڕۆڵەی دیجلە،**

**لەگەڵ ڕۆڵەی دیجلە و فورات: !**(ل٢٩٧)

لە (بت- بتەوان)یشدا هاتووە:

**من گەلم، گەلی عێراقم**

**عەرەب ئەم لاق، کورد ئەو لاقم**(ل٢٩٢)

لە شیعری (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)یش هەروەسا:

**تۆ هەر ڕەنگ بی، من هەر ڕەنگ بم**

**گەر نەتپەرستم بە پەنگ بم!**(ل٢٤٧)

هەروەها لە شیعری (بۆ بلبل)دا هاتووە:

**ئەم شیرینی ئەو تاڵی،**

**ئەم فەصاحەت ئەو لاڵی،**

**ئەمیان ئاوازەی شادی**

**ئەویان نووزەی بەربادی**(ل١٠٥)

یان:

**پەرداغی ئاوم گوڵ بێ،**

**جێی حەسانەوەم چڵ بێ**(ل١٠٦)

لە شیعری (لە سەرەمەرگی هیوادا)، هاتووە:

**تا دەممان لە گۆ ئەکەوێ وەک تۆ:**

**هیوای دایە ڕۆ! هیوای بابە ڕۆ!**[ل٩٤]

لە (هاوڕێم بێکەس!)یشدا، دەڵێت:

**بەڵێ بێکەس نابووت بوو،**

**جارجار برسی بوو، ڕووت بوو**[ل٨٥] .........

**خوێنی کوڵمی چەن گەش بوو؟**

**چاو و برۆی چەن ڕەش بوو؟**[ل٨٩]

## تەوەری چوارەم

## هاوتەریبیی واتایی بە نموونەی شیعری گۆران

ئەگەرچی پەیوەندیی دەنگ و واتا پەیوەندییەکی لەخۆوەیە.(قادر، ٢٠١٢، ١١٠) بەڵام بە پێودانگی پێڕەوی دەنگیی زمان، سوود لە کۆمەڵەدەنگێک وەردەگیرێ و لە ڕۆنانی جیاجیادا بەکاردەهێنرێت و بەپێی پێڕەوە واتاییەکانیش لەو دەنگانە دانەی واتایی دروست دەکرێت و لە ژمارەیەکی زۆری وشەدا دووبارەدەکرێنەوەو چەمکی سادەو ئاڵۆزیان پێدەردەبڕێ.(دزەیی،٢٠١٢، ٧٦)

لەم ڕوانگەوە کاریگەریی دەنگ لە بنیاتی دەقدا دەردەکەوێت، هەربۆیە زۆرجار شیعر وەک هونەرێکی دەنگیی پێناسە دەکرێت، لێرەدا دەتوانین ئەوە سەربارى ئەم پێناسە بکەین، کە هونەرە دەنگییەکە، هەمیشە بارگاوییە بە دەلالەتی تایبەت بەخۆی، هەروەک (کۆهن)یش دەڵێت: ((شیعر بنیاتێکی دەنگی و دەلالییە.))(کوهن، ١٩٨٦، ٥٤)

هەڵبەتە مەبەستمان لە دەلالەت چەمک و واتا و ناوەڕۆکە، بەومانایەی پرسەکە لەبنەڕەتدا بریتییە لەوەی چۆن دەتوانرێت بەهۆی زنجیرەیەک دەنگەوە پەیامێک ڕابگەیەنرێت؟!(دەشتی، ٢٠١٢، ١٩٧) یەکە زمانییەکان لەنێو دەقدا بەشێوەیەکی تەواوکاریی لەسەر بنەمای پەیوەندییە واتاییەکان بەیەکەوە دەبەسترێن، بەجۆریک ((تۆڕێکی زیندوو لە جووڵەی واتایی لە بنیاتی دەقەکەدا هەیەو هەموو واتاکانی دەقەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کە هەریەکەیان لایەنی شاراوەی ئەویتریان ڕوون دەکاتەوە.))(الخلیل، ٢٠٠٣، ١٠٦)

بۆیە واتای هەر وشەیەک لە دەقی شیعردا بریتییە لەو واتایەی کە لەگەڵ وشەیەکی تردا دروستی دەکات، چونکە وشەکانی دەوروبەر واتای تاکە وشە دیاری دەکەن، جا بۆ واتای هەر وشەیەک دەبێ سەیری ئەو دەوروبەرە بکرێ، کە وشەکەی تیا بەکارهێنراوە(دزەیی، ٢٠١٢، ١١٦)و هاوتەریبییە واتاییەکەی لێکەوتووەتەوە. ئێمە پێشتر ئەو چوار پەیوەندییە واتاییەی هاوتەریبی پێکدەهێنن ڕوونکردووەتەوە، بۆیە لێرەدا تەنها بەرجەستەبوونەکەیان بەنموونەی شیعریی دەخەینەڕوو. لە (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)دا هاتووە:

**هێزی ڕۆژی بەرانبەر شەو،**

**هی وریایی بەرامبەر خەو،**

**هیی یەکێتی، هیی زات، باوەڕ**

**لەخوبردوویی... بەرامبەر:**

**هێزی ترس و لەرز و سستی،**

**هیی گومان و خۆپەرستی**(ل٢٥٠)

لە ئاستی ئاسۆییدا کۆمەڵێک یەکەی زمانی، کە پێکهاتوون لە: (ڕۆژ- شەو)، (وریایی- خەو) پەیوەندیی دژیەکی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام هەریەک لەم دوو کۆمەڵە وشەیە: (یەکێتی، زات، باوەڕ، لەخۆبردوویی) لەگەڵ (ترس، لەرز، سستی، گومان، خۆپەرستی)، کە لەناوخۆیاندا پەیوەندیی هاوسیمایی و هاوڕەگەزیی کۆی کردوونەتەوە، هاوکات بەرانبەر بە یەکتر لە پەیوەندیی دژیەکیدان، کە ئەوەش دەکەوێتە ئاستی ستوونیی بنیاتی کۆپلەکەوە، بەم جۆرەش هاوتەریبیی واتایی لێکەوتووەتەوە. ئەمەو دیسانەوە لە دەقی هەمان شیعردا هاتووە:

**دەرگای دەزگای پیشە و هونەر،**

**بۆ ڕۆڵەی جووتیار و ڕەنجبەر،**

**وا بخاتە سەر گازی پشت:**

**خۆزگەی بێتە دی کۆمەڵ گشت..**(ل٢٣٧)

هەریەک لە وشەکانی (پیشە، هونەر)و (جووتیار، ڕەنجبەر)و (ڕۆڵە، کۆمەڵ) لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا لە پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیماییدان بەوەی هەریەک لەو جووتەوشانە لە یەک خانەی زمانەوانیدا کۆدەبنەوە، هاوکات هەریەک لە (جووتیار، ڕەنجبەر) بەوپێیەی کە ئاماژەن بۆ (ڕۆڵە)کانی چینی چەوساوەی کۆمەڵ، بۆیە لە ئاستی ستوونیدا لە پەیوەندیی هاوسیماییدا دەبن لەگەڵ وشەی (کۆمەڵ)ی دوا نیوەدێڕی کۆپلەکە. بەمەش هاوتەریبییە واتاییەکە دەگاتە ئەوجی خۆی.

هەر لە (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)دا، کە گەلێک پانتایی ئیستاتیکی لەڕووی بنیاتە هاوتەریبەکەوە تێدا سەرنج دەدرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مەبەستەکە، ئەم کۆپلەی دیکەش وەردەگرین:

**دانراوە بۆ کۆتری شین:**

**مەلی ئاشتی بەهەشتی ژین**

**بەڕاست و چەپا ئەگەڕێ:**

**خاپوور ئەکا و ئەکوژێ و ئەبڕێ...**

**وەک دڕندە لاشەی نێچیر**

**شڕشڕ ئەکا بە کەڵبەی پیر**(ل ٢٤٠)

لە ئاستی ستوونیی دێڕو نیوەدێڕەکاندا پەیوەندیی واتایی لەنێوان یەکە زمانییەکاندا هاوتەریبیی لێکەوتووەتەوە، وەک ئەوەی لەنێوان (کۆتر، مەل) پەیوەندیی هاوبەشیی و هاوڕەگەزیی هەیە، هەروەها (کۆتر، ئاشتی) جووتبەندی یەکترن، (دڕندە، کەڵبە)یش دیسانەوە پەیوەندیی هاوسیمایی و هاوبەشییان لەنێواندایە، بەڵام لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە (ڕاست، چەپ) جگە لەوەی هاوسیمای یەکترن، هاوکات پەیوەندیی جووتبەندیشیان پێکەوە هەیەو هەرچی (دڕندە، لاشە، نێچیر)یشە ئەوا پەیوەندیی هاوسیمایی و جووتبەندیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. هەڵبەت لە ئاستی کردارە ڕێزمانییە بەکارهاتووەکانی وەک (ئەگەڕێ، ئەکوژێ، ئەبڕێ)یش بەهەمان شێوە هەست بە پەیوەندیی هاوڕەگەزی و هاوسیمایی لەنێوانیاندا دەکرێت و هاوکات لەگەڵ هەریەک لە (دڕندە، لاشە، شڕکردن و کەڵبە)یشدا جووتبەندی یەکترن.

خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، بوونی ڕەگەزی (ناونیشان)ە لە شیعرەکانی گۆراندا، کە ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لە خاڵە جەوهەرییەکانی شیعری نوێی کوردی، هەروەک (حەمەنوری کاکی) ئەمەی وەک ئەنجامێکی بەدەستهاتووی دکتۆراکەی خۆی ئاماژەپێداوەو لەوبارەوە ناونیشانی وەک ڕەگەزێکی گرنگی ئاستی واتاسازیی دەق داناوەو بەوپێیەی ڕۆڵێکی گرنگی هەیەو کاریگەریی لەسەر دیاردە واتاییەکان دادەنێت، هەربۆیە بەلایەوە وەک شێوازێکی دیاری شیعری نوێی کوردی دەریدەخات.(کاکی، ٢٠١٢، ٢٩٧)

لەم ڕوانگەوە لە زۆربەی ئەو نموونانەی لێرەدا خراونەتەڕوو، ئەگەر ئەو یەکە زمانییانەی هاوتەریبییە واتاییەکەیان پێکهێناوە، ببەستینەوە بە ناونیشانی شیعرەکەوە، سەرنج دەدەین دیسانەوە لەڕێگەی پەیوەندییە واتاییەکانی نێوانیانەوە هاوتەریبی یەکتردەبن و لەو ڕووەوە بنیاتی دەقەکە فراوان و دەوڵەمەندتر دەکەن. بەم جۆرە لە کۆپلەی یەکەمی نموونە شیعرییەکەدا (یەکێتی، زات، باوەڕ، لەخۆبردوویی) لەگەڵ (سوور) وەک ڕەنگێک، کە ئاماژەی شۆڕش و یاخیبوونەو (ئازایەتی)یش کە هەڵگری واتای بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەیە، لە پەیوەندیی هاوسیماییدان، بەڵام لەگەڵ هەریەک لە (ترس، لەرز، سستی، گومان، خۆپەرستی)دا پەیوەندیی

دژیەکی کۆیان دەکاتەوەو دیسانەوە لەگەڵ (ترس و لەرز)یشدا بەجیا پەیوەندیی جووتبەندییان لەنێواندایە. هەروەک لە شیعری (ناڵەی بێ کار)دا هاتووە:

**ئەو دەستەی لە کۆڵان گەیشتە فریای من**

**دەستێ بوو بە تۆز و عارەقی ئیش چڵکن،**

**زۆر دوور بوو لەو دەستەی خاوێنە وەک هیی ژن،**

**پارووی چەور ئەگلێنێ بێ ڕەنجی ئیش کردن**(ل١٩٩)

لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان (تۆز، عارەق) لەلایەک و (چەور)و (چڵکن)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستبوون لە ئارادایە، بەڵام لە ئاستی ستوونیدا لەنێوان هەریەک لە (چڵکن، خاوێن) پەیوەندیی دژیەکی هەیە، لەنێوان (ئیش، ڕەنج)یشدا پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستداریی هەیە. هەڵبەت هەریەک لەو یەکە زمانییانەش لە پەیوەندیی واتاییدان لەگەڵ ناونیشانی شیعرەکەدا، هەروەک لەنێوان ئەمانەدا هەیە: (ئیش و ڕەنج) لەگەڵ (بێکار)یدا دژیەکن و (فریا)و (ناڵە)یش لەگەڵ یەکدی پەیوەست و جووتبەندن. با لێرەدا لەم نموونەی دیکەش بڕوانین، کە لە شیعری (گوڵی خوێناوی)یەوە وەرمانگرتووە:

**بڕوانە! شاییە، چۆپییە، لەوماڵە**

**گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!**

**زەردو سوور تێکەڵ بوون، ژن و پیاو هەرایە**

**لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە!**(ل١٦)

لە ئاستی ئاسۆیی دێڕەکاندا لەنێوان هەریەک لە (شایی، چۆپی) لەلایەک و (زوڕنا، دەهۆڵ، شمشاڵ) لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی پەیوەستبوون هەیە، کە لەو ڕێگەوە تانوپۆی دێڕەکەیان بەیەکەوە گرێداوە، ئەمە بەدەر لەوەی هەریەک لە (زوڕنا، دەهۆڵ، شمشاڵ)، کە سێ ئامێری مۆسیقین و سەر بە یەک کێڵگەی واتایین، پەیوەندیی هاوبەشی و هاوڕەگەزییان لەنێواندا هەیە. هەروەها هەریەک لە (زەردو سور)یش لە ئاستی فەرهەنگیدا پەیوەندیی هاوڕەگەزیی و هاوسیماییان هەیە، کە سەر بەهەمان کێڵگەی واتایین، بەڵام (ژن و پیاو) پەیوەندییەکەیان لەیەک کاتدا لەسەر بنەمای پەیوەستبوون و جووتبەندیش دامەزراوە، هەروەک دەشتوانین وەک جۆرێک لە دژیەک تەماشایان بکەین، بەوپێیەی کە ئەو دژیەکییەی لەنێوان (زەرد و سوو)دا

هەیە، کە بۆخۆیان لە کارلێکی سیمانتیکدان لەگەڵ هەریەک لە (ژن و پیاو) وەک دوو یەکەی واتایی، بۆیە جۆرێک لە بەرانبەریی و دژیەکی پێکدەهێنن، واتە لەڕوانگەی واتاسازییەوە ڕەتکردنەوەی هەرکامیان داننانە بەویتریاندا. ئەمەو لە کۆپلەیەکی تری هەمان دەقدا، هاتووە:

**گوڵ نەبێ بۆ سەرم زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ**

**نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!**

**بتدایە دڵ بە من بە هەموو مەعناوە،**

**دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە..!**(ل١٧)

لێرەشدا لەنێوان هەریەک لە یەکە واتاییەکانی (گوڵ، چەپک)و (زەرد، ئاڵ) و (زەماوەن، هەڵپەڕکێ)دا هاوتەریبیی واتایی پێکهێنراوە، بەوەی کە پەیوەندیی پەیوەستبوون لەنێوان گوڵ و چەپکدا هەیەو لەنێوان زەردو ئاڵیشدا پەیوەندیی هاوڕەگەزیی بەرقەرارە، بەوپێیەی سەر بەهەمان فێڵدی واتایین، هەرچی زەماوەن و هەڵپەڕکێیشە ئەوا هەمان پەیوەندیی گوڵ و چەپک پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەمەش هاوتەریبییە واتاییەکە لە ئاستی جووتبەندی و هاوسیمایی دادەمەزرێت. هەڵبەت لە ئاستی ستوونیشدا لەنێوان هەریەک لە (زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ)و (دوو چەپک)دا هاوتەریبیی واتایی هەیە، بەوەی کە پەیوەندیی هاوڕەگەزی و هاوبەشی بەرەوە لای یەکتریان دەبات. سەبارەت بە پەیوەندیی ناونیشان لەگەڵ یەکە واتاییە پێکهێنەرەکانی هاوتەریبییەکەدا، دەتوانین ئاماژە بدەین بە جووتبەندیی و هاوسیمایی نێوان (سوور و ئاڵ) وەک دوو ڕەنگی هاوڕەگەزو هاوسیما لەگەڵ ناوی (گوڵ) لەلایەک و ئاوەڵناوی (خوێناویی) لەلایەکی ترەوە. ئەمەو لە شیعری (لە بنی بیرا)، هاتووە:

**خۆیشم، لە بنی بێ ئەرزم،**

**بۆ تاریکی و ترس ئەلەرزم،**

**تەقەو ڕەقە پارچە ئاسن،**

**کە دێ و دەچێ بۆ سەر و بن،**

**پڕ ئەشکەوتێک سام و گومان**

**ئەخاتە دڵ بۆ داخورپان**(ل٢٧٢)

لەنێوان هەریەک لە (تاریکی، ترس) لە ئاستی ئاسۆییدا پەیوەندیی هاوسیمایی هەیە، لە ئاستی ستوونیشدا لەگەڵ (ئەشکەوت، سام)دا لەهەمان پەیوەندیی واتاییدا هاوتەریبییان لێکەوتووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی (تاریکی) لەگەڵ (ترس و لەرز و سام) بۆ خۆیان پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستداریی لەنێوانیاندا هەیە. لەلایەکی ترەوە لە ئاستە ئاسۆییەکەدا یەکە زمانییەکانی (دێ و دەچێ) لەگەڵ (سەر و بن)دا لە پەیوەندییەکی دژیەکیدا دەردەکەون، لەڕوانگەی ئەوەی کە هەریەکەو ئاراستەیەک دەنوێنن و پێچەوانەی یەکترن. هاوتەریبیی واتایی لەنێوان یەکە زمانییەکانی کۆپلەکەو ناونیشانی شیعرەکە (لە بنی بیرا) لەسەر بنەمای پەیوەندیی هاوواتایی لەگەڵ (بنی بێ ئەرز)و هاوسیمایی لەگەڵ (ئەشکەوت) و جووتبەندیی و پەیوەستبوونیش لەگەڵ (ترس و لەرز، سام و گومان)دا هەیە. شاعیر لە سروودی (گۆرانی قوتابییان)دا دەڵێت:

**ئیتر هەرگیز ڕووی ڕۆژی ڕوون**

**داناپۆشی هەوری چڵکن،**

**ترسی تاڵ و تاریکی شەڕ**

**ڕووناکیمان لێ ناکا ون!**(ل٤١١)

لەنێوان هەریەک لە (ڕۆژ، ڕوون، ڕووناک)دا هاوتەریبی واتایی جۆری هاوسیمایی هەیە، بەوەی کە پەیوەندیی ئەو یەکە واتاییانە لەسەر بنەمای هاوڕەگەزی و هاوبەشبوون پێکهاتووە، هەروەها لەنێوان (ڕوون، ڕووناک)دا پەیوەندیی هاوواتایی هەیەو لەنێوان (ڕوون- ڕووناک)و (تاریک)یشدا پەیوەندیی پێکهاتوو لەسەر بنەمای دژیەکی هەیەو بەمەش هاوتەریبییە واتاییەکەی قووڵتر بووەتەوە. لە شیعری (چیرۆکێکی برایەتی)دا، دەڵێت:

**ئیتر زرمە، زرمەی زەنگن**

**ناڵەی ڕەنجی تۆ بوو، هیی من،**

**بە ڕۆژ، بە شەو، ساڵەهای ساڵ،**

**تا گەنجی زۆر دەرچوو لە چاڵ**

**بۆ گیرفانی باوک کوژمان،**

**شیلەی ڕەنجی شیرین مژمان**(ل٣٢١)

هێزی هاوتەریبییەکە سەرەتا لە ئاستە ستوونییەکەدا زەق بووەتەوە، بەوەی کە لەنێوان هەریەک لە (زرمە و زەنگن) لەگەڵ (ناڵە)دا پەیوەندیی هاوڕەگەزی و هاوسیمایی هەیە، ئەنجا لەو ڕووەوەی کە هەموو زەنگدانەوەیەک پەیوەندیی بە دەنگی بەرزەوە هەیە، بۆیە (زرمەو ناڵە) لەگەڵ (زەنگن)دا پەیوەندیی جووتبەندیی کۆیان دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە لەنێوان (ڕەنج، گەنج)یشدا دیسانەوە پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستبوون هەیە، هەرچی لە ئاستی ئاسۆییدایە ئەوا لەنێوان (ڕۆژ، شەو) پەیوەندیی دژیەکی هەیە، بەڵام پەیوەندیی (شیلەو شیرین) بەیەکەوە هاوسیمایی و هاوڕەگەزییە.

سەبارەت بە پەیوەندیی ناونیشان بە یەکە واتاییەکانی ناوەڕۆکەوە، ئەوا لەڕێگەی جێناوی لکاوی (مان)ەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (من و تۆ) پەیوەندیی جووتبەندیی لەگەڵ (برایەتی)دا بەیەکیانەوە گرێ دەداتەوە، هەرچی وشەی (چیرۆکێک)یشە ئەوا لەڕێگەی هەمان پەیوەندیی جووتبەندییەوە لەگەڵ یەکەی (ساڵەهای ساڵ)دا بەیەکەوە بەستراونەتەوە. لە شیعری (ئەنجامی ئەژدەهاک)دا، کە دەقێکی ئۆپەرێتە، هاتووە:

**بۆ خۆشەویستی لێ مەدە ئیتر، دڵ!**

**لەناو گۆڕی تەنگا با ببی بە گڵ!**

**کە ئازادی باوک و برا لە کیس چوو،**

**کچە کوردێک چ زیندوو بێ، چ مردوو!**(ل٣٥٦)

لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە (دڵ، خۆشەویستی)و (گڵ، گۆڕ) (باوک، برا) پەیوەندیی پەیوەستدارییان لەنێواندایەو هاوتەریبیی واتایی جۆری جووتبەندییان پێکهێناوە، بەدەر لەوەی جارێکی ترو لە ئاستە ئاسۆییەکەدا یەکە زمانییەکانی (زیندوو، مردوو) پەیوەندیی دژیەکیان لەنێواندایەو لە ئاستی فەرهەنگیدا دژواتای تەواون.

لەلایەکی تریشەوە لە ئاستی ستوونیدا هەریەک لە (باوک، برا) لەگەڵ (کچ)دا پەیوەندیی پەیوەستداریی پێکەوەیان دەبەستێتەوەو (گۆڕ، مردوو)یش پەیوەندیی جووتبەندییان لەنێواندایە. هاوکات ناونیشانی شیعرەکە (ئەنجامی ئەژدەهاک)، کە مەرگ و لەناوچوونە، هەمان پەیوەندیی واتایی پێشوو لەگەڵ (گۆڕ، مردوو)دا کۆیان دەکاتەوەو لەگەڵ (ئازادیی، زیندوو)یشدا پێچەوانەو دژیەک دەبنەوە. بەم شێوەیە بنیاتە هاوتەریبەکە لە ئاستی واتاییدا قووڵ و ڕاستاو دەردەکەوێت. ئەمەو لەلایەکی ترەوە لە دەقی شیعری (پەیامی کورد)دا هاتووە:

**شەبەقێک هاتووەتە ئاسۆ بۆ ئینسان:**

**نانوێنێ بچووکی و گەورەیی گەلان..(ل٢٥٩)**

لە ئاستی ئاسۆییدا هاوتەریبی لەنێوان هەریەک لە (شەبەق، ئاسۆ)و (بچووکی، گەورەیی) پێکهاتووە، بەوەی لەنێوان دوو فۆرمی یەکەمیاندا پەیوەندیی هاوواتایی هەیەو لەنێوان دوو فۆرمی دووەمیشدا پەیوەندیی دژیەکی بەرقەرارە. هەریەک لە (شەبەق و ئاسۆ) لەگەڵ وشەی (پەیام)ی ناونیشانەکەدا لە پەیوەندیی هاوسیماییدان و (گەلان)و (کورد)یش لەگەڵ تەواوی ناونیشانەکەدا (پەیامی کورد) هاوتەریبن و لە پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستداریدا بەیەک دەگەنەوە. دیسانەوە هەر لەهەمان دەقدا هاتووە:

**لەسەر هەر لووتکەیەک، تەپۆڵکە و یاڵێ**

**هەر بن داربەڕوویەک ئەکەین بە ماڵێ**

**درێژیی ناو دۆڵ و پانایی ناو دەشت**

**بە تەلاری جوان جوان ئەکەین بە بەهەشت(ل٢٦١)**

لە ئاستی ئاسۆیی و لەنێوان هەریەک لە (لووتکە، تەپۆڵکە، یاڵ)دا پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیمایی هەیە، لەنێوان (درێژیی، پانایی) لەلایەک و (دۆڵ، دەشت)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی دژیەکی هەیە. لە ئاستی ستوونیشدا لەنێوان یەکە زمانییەکانی (لووتکە، تەپۆڵکە، یاڵ) لەگەڵ (دۆڵ، دەشت)دا پەیوەندیی هاوبەشی پێکەوەیان گرێدەدات، هەروەک لەهەمان ئاستدا (ماڵ، تەلار)یش پەیوەندیی هاوبەشی و هاوڕەگەزیی پێکیان دەگەیەنێت، ئەمە جگە لەوەی هەریەک لە (سەر، بن)یش بۆخۆیان دژیەکیان لەنێواندا هەیە. بەمەش سەرجەم یەکە زمانییە پێکهێنەرەکانی بنیاتەکە، لە دۆخی هاوتەریبییەکی واتایی جواندا لەگەڵ وشەکانی پێکهێنەری ناونیشانەکەدا بەشدار دەبن. لە شیعری (بۆ کچێکی بێگانە)دا دەڵێت:

**بە ڕواڵەت چەن پرشنگدار و شیک بوو،**

**پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریک بوو؟**

**کۆشی گەرم و دەروونی سارد و سڕ بوو،**

**زمانی نەرم، نیهادی ئێجگار دڕ بوو!(ل٤٨- ٤٩)**

لەم نموونەیەدا لەنێوان هەریەک لە (پرشنگدار، تاریک)و (ڕواڵەت، دەروون) لە ئاستی ستوونی و لەنێوان هەریەک لە (گەرم، سارد)و (نەرم، دڕ) لە ئاستی ئاسۆییدا پەیوەندیی دژیەکی هەیە. لەلایەکی ترەوە لەنێوان (نیهاد، دەروون) لەئاستی ستوونیدا پەیوەندیی هاوواتایی هەیە بەوەی کە هەردوو وشەکە ئاماژە بۆ دۆخی ناوەکیی مرۆڤ دەکەن، هەروەک لەهەمان ئاستدا هەریەک لە (نیهاد، ڕواڵەت) پەیوەندی دژیەکی پێکەوەیان گرێ دەدات.

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ناونیشان و یەکە هاوتەرییەکانی کۆپلەکە، ئەوا دەتوانین ئاماژە بە پەیوەندیی هاوبەشی نێوان ناوی (کچ)و ئاوەڵناوەکانی (پرشنگدار، شیک، نەرم) بدەین، بەوپێیەی لە بەرکەوتنی یەکەمدا ناوەکە ئەو ئاوەڵناوانە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەرانبەریشدا ئاوەڵناوی (بێگانە) لە ناونیشانەکەدا، کە دەلالەتە لە دووریی و نامۆیی و دابڕان، هەڵگری سیماگەلی وەک (ساردوسڕیی، تاریکی و دڕیی)یەو بەمەش بنیاتی هاوتەرییبیە واتاییەکە لە ئاستی ناونیشان و ناوەڕۆکدا قووڵتر دەردەکەوێت. لە شیعری (بۆ جوانی سەرەڕێ)یشدا هاتووە:

**ئەم دێیە جێ دێڵم: بێ نیشان، بێ شوێن پێ،**

**ئەی پەری! سڵ مەکە، لا مەدە بۆ لا ڕێ!**

**ئەو نیگا نیوکەچەی ئەو چاوە مەستانە!**

**شۆڕ مەکە بۆ بەرپێ، بەرز و گەش بڕوانە!**(ل٢٦)

لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان هەریەک لە (بێ نیشان، بێ شوێن پێ) لەلایەکەوە پەیوەندیی هاوسیمایی هەیە، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ کرداری (جێ دێڵم)ی وەرگیراو لە چاوگی (جێهێشتن)ەوە، دەچنە پەیوەندی جووتبەندییەوە، بەوپێیەی کە هەموو جێهێشتنێک جۆرێک لە بێ نیشانی و بێ شوێن پێی بەدوای خۆیدا دەهێنێت! هەروەها لەنێوان (نیگا، چاو)یشدا پەیوەندیی جووتبەندیی بەدیدەکرێت، هەرچی (شۆڕ، بەرز)یشە ئەوا پەیوەندیی دژیەکی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، چونکە وەک دیارە یەکەمیان ئاراستەکەی بەرەو خوارەوەو ئەویتریان بەرەو سەرەوەیە.

لە ئاستی ستوونیشدا لەنێوان (شوێن پێ، لاڕێ)، دیسانەوە پەیوەندیی جووتبەندیی هەیە. لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی ناونیشانی دەق و ئەوانەی لە پێکهاتەو ناوەڕۆکی کۆپلەکەدا هاتوون، سەرنجی پەیوەستبوونی نێوان (پەری و جوان)و هاوسیمایی

نێوان (سەرەڕی و لاڕێ) دەدەین... لە نموونەیەکی دیکەشدا، لە دەقی شیعریی (لە بەندیخانەدا...) هاتووە:

**ئەی تریفەی مانگی سپی دەرکی دەلاقە،**

**با پیس نەبی، خۆت مەدە لەم کوردی عێراقە!**

**وڵاتەکە داگیرکراو، نەتەوە دیلە،**

**باو لای دوشمن نامەردێتی، مەردی زەلیلە!**

**کای لەبەر سەگ دانراوە، ئێسقان بۆ ئەسپە**

**سەر لە جێی کلک بەند کراوە، کلک لە سەر چەسپە**(ل٢١٧)

لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە یەکە زمانییەکانی (مانگ، تریفە)، (دەرک، دەلاقە)، (وڵات، نەتەوە)، (کا، ئەسپ)، (سەگ، ئێسقان) لە پەیوەندیی پەیوەستبوون و جووتبەندیدان، هەروەها (مەردی، نامەردێتی)، (سەر، کلک)یش پەیوەندیی دژیەکیان لەنێواندایە بە هەردوو جۆرەکەیەوە: سەلب و ئیجاب. بەمەش ئەم پەیوەندییە واتاییە تەباو ناتەبایانە لەیەک کاتدا، بنیاتێکی هاوتەریبیی واتایی تۆکمەیان بە دەقەکە بەخشیوە. هەروەها لەهەمان دەقدا هاتووە:

**ئەی دنیای جوان، دنیای بەهار، دنیای ڕووناکی،**

**تاوانم کرد، گەڵ پێوەی نام مۆری ناپاکی،**

**فڕێی دامە پشتی دەرگای ئاسن و پۆڵا،**

**لە ژوورێکی تەنگەلانی تاریک و چۆڵا...**

**لەگەڵ ئەوەی گیانم تیایە بە هەناسەو نەبز،**

**ئەڵێی مردووم خزاومەتە ژێر ئەڵحەدی قەبز**(ل٢١٩)

لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە (جوان، بەهار، ڕووناکی) لەلایەک و (تەنگ، تاریک، چۆڵ)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیمایی پێکیان دەیانبەستێتەوە، هەروەها (ئاسن، پۆڵا)یش هەمان پەیوەندیی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام یەکە زمانییەکانی (تاوان، ناپاکی)و (گیان، هەناسە، نەبز) لەلایەک و (مردوو، ئەڵحەد، قەبز)یش لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی پەیوەستاریی

پێکەوەیان گرێ دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە دەتوانین هەر ئەو یەکە زمانییە بەشدارانەی هاوتەریبییەکە لە ئاستە ستوونییەکەشدا پەیوەندییە واتاییەکانی نێوانیان دیاری و دەستنیشان بکەین، بەوەش ڕادەی تۆکمەیی بنیاتەکەیمان زیاتر بۆ دەسەلمێت. ناونیشانی دەقەکەش (لە بەندیخانەدا) لەگەڵ بەشی هەرە زۆری یەکە زمانییەکانی بنیاتەکەدا لە نموونەی (دەلاقە، داگیرکراو، دیل، زەلیل، بەند، تاوان، ناپاکی، دەرگا، ئاسن، پۆلا، تەنگ، تایک، چۆڵ...هتد) لە هاوتەریبیی واتاییدایە، کە بەزۆریی پەیوەندیی جووتبەندیی و هاوسیمایی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. شاعیر لە شیعری (بە ڕێگادا... بەرەو کۆنفرانس)، دەڵێت:

**بە هەنگاوی گورج و درێژ،**

**ئەبڕین، ڕێگای هەوارز و لێژ...**

**بەدەم سەرگەرمی هیواوە**

**بە باڵ ئەفڕین،**

**لە شەقڵاوەی خانزاد نشین**

**(دڵە زۆر تەڕەکەی سەفین!)**

**دووەم کۆنفرانس ئەبەستین...** (ل٣١١)

لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان هەریەک لە (هەنگاو، گورج)دا پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیمایی هەیەو لەگەڵ (ڕێگا)یشدا لە ئاستی ستوونیدا پەیوەندیی جووتبەندیی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. دیسانەوە هەر لە ئاستی ئاسۆییدا یەکە زمانییەکانی (هەوراز، لێژ) پەیوەندیی دژیەکیان لەنێواندا هەیە، هەردووکیشیان لەگەڵ (سەفین)دا، کە ناوی چیایەکی کوردستانە، لە ئاستی ستوونیدا لە پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیماییدا دەبن، ئەمەو هەریەک لە ناوەکانی (شەقڵاوە، سەفین) لەهەمان ئاستی زمانیدا پەیوەندیی واتایی لەسەر بنەمای جووتبەندیی پێکەوەیان دەگەیەنێت، بەوپێیەی کە هەم ناون بۆ ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو، هەمیش لەگەڵ ناوهێنانی یەکێکیاندا ڕاستەوخۆی ناوی ئەویتریش دێت، ئەمەو جارێکی تریش هەر ئەو دووە (شەقڵاوە، سەفین)، لەگەڵ ناوی (خانزاد)دا هەمان پەیوەندیی جووتبەندییان لەنێواندایە. ئەو پەیوەندییە واتاییەی لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسیمایی لەنێوان کەرەستە پێکهێنەرەکانی ناونیشانەکە و ئەوانەی بنیاتی کۆپلەکەدا هەیە، هاوتەریبییەکی تۆکمەو پتەوتریان بەئەنجام گەیاندووە. ئەمەو لە شیعری (دیمەنێکی بەهار)یشدا هاتووە:

**مەلی سەر بنچک، پەل و پۆ ڕەنگین! خۆ من هەڵۆ نیم،**

**لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:**

**منیش وەک ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووک،**

**حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ بە دەنووک!**(ل١٦٩- ١٧٠)

لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان (مەل، هەڵۆ) پەیوەندیی هاوسیمایی و هاوبەشیی هەیە، لەنێوان (گەورە، گەرد)و (گەورە، بچووک) پەیوەندیی دژیەکی هەیەو هەرچی پەیوەندیی نێوان (گەرد، بچووک)یشە ئەوا لەسەر بنەمای هاوواتایی دامەزراوە، لەنێوان (باڵ، دەنووک)دا پەیوەندیی جووتبەندیی و پەیوەستبوون هەیە، بەڵام لە ئاستە ستوونییەکەدا، ئەوا پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیمایی هەریەک لە جووتەکانی (مەل، هەڵو) و (باڵ، دەنووک) پێکەوە دەبەستێتەوەو بەمەش بنیاتێکی هاوتەریبیی واتایی قووڵ، تەواوی یەکە زمانییە بەکارهاتووەکانی پێکەوە گرێ داوە. هەڵبەت پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان ناونیشانی دەقەکەو یەکە زمانییە پێکهێنەرەکانی کۆپلەکە بەگشتی، لەوە ڕوون و ئاشکراترە، کە پێویست بکات هیچی لەبارەوە بڵێین! لە شیعری (بەستەی نەبەز)دا شاعیر دەڵێت:

**من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا**

**هەتاوی بیر ڕووناک ئەکا بەرچاوم،**

**بەناو هەزار حەڵقەی داوی باریکا**

**قەفی زنجیر ئەپچڕێنێ هەنگاوم!**(ل٢٧٠)

هاوتەریبییە واتاییەکە لەنێوان یەکە زمانییەکانی (دیل، زیندان)، (هەتاو، ڕووناک)، (حەڵقە، داو)، (قەف، زنجیر) لە ئاستی ئاسۆییدا پێکهاتووە، بەوەی پەیوەندیی نێوانیان لەسەر بنەمای پەیوەستبوون و جووتبەندییە، هەروەها لە ئاستی ستوونیدا لەنێوان هەریەک لە (تاریک، ڕووناک)و (قەف، باریک)دا پەیوەندیی دژیەکی هەیەو بەمەش بنیاتی هاوتەریبییەکە جوانتر خۆی دەنوێنێت. دەتوانین ئاماژە بەو پەیوەندییەی نێوان هەردوو گرێی ناویی (هەتاوی بیر)و (قەفی زنجیر)یش بدەین، کە لەسەر بنەمای هاوسیمایی لەگەڵ ناونیشانەکەدا (بەستەی نەبەز) پێکەوەیان گرێ دەدات و بنیاتە هاوتەریبیەکەیان لە ئاستی ناوەڕۆک و ناونیشاندا فراوانتر کردووە. هەروەها لە شیعری (گەشت لە هەورامان)دا هاتووە:

**لە دێدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت:**

**ماڵی ئاغایە و خانەقا و مزگەوت!(ل١٢٩)**

لە ئاستی ئاسۆییدا پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیمایی لەنێوان ئەم یەکە زمانییانەدا هەیە: (دێ، جێ، ماڵ، خانەقا، مزگەوت)، بە دیوێکی تریشدا هەرچەندە ئاوەڵناوی (گەورە) وەک دیارخەری ناوی (جێ) بەکارهاتووە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بە پەیوەندیی جووتبەندیی نێوان هەریەک لە (گەورە، ئاغا)یش بدەین، بەمەش بنیاتی هاوتەریبییە واتاییەکە لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستووونیدا تۆکمەو پتەوتر دەبێت، بەتایبەت کە کرداری (بەرچاوکەوت) لەگەڵ (گەشت)ی ناونیشانەکەدا بەرانبەر بکەینەوە، بەوەی لە گەشتدا کردەی تەماشا، بینین و بەرچاوکەوتن بەشێکی سەرەکی و لێکدانەبڕاون، کەواتە پەیوەندیی جووتبەندیی بەیەکیان دەگەیەنێت و ئەمەش هاوتەریبییەکە دەپەڕێنێتەوە بۆ ئاستی ناونیشان و هاوکات بۆ ناوەڕۆکی دەقەکەیش. دیسانەوە لە گەشتێکی تری شاعیردا، بەڵام ئەمجارەیان (گەشت لە قەرەداغ)، هاتووە:

**لەبەر کەپرێکا ڕۆشنایی ئاگر،**

**دای بە تاریکیی شەوی ناو دێ دڕ(ل١٤٨)**

لە ئاستی ئاسۆییدا لەنێوان هەریەک لە (ڕۆشنایی، ئاگر) لەلایەک پەیوەندیی جووتبەندیی هەیەو لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیی پەیوەستداریی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، هەورەها لەنێوان (تاریکی، شەو)یشدا هەمان پەیوەندیی بەرقەرارە، بەڵام لە ئاستی ستوونیدا دەبینین لەنێوان (ڕۆشنایی، تاریکی)و (ئاگر، شەو)دا پەیوەندیی دژیەکی هەیەو بەمەش هاوتەریبییە واتاییەکە لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا لەنێوان یەکە بەشدارەکانی بنیاتەکەدا بەشێوازێکی هونەریی قووڵ پێکهێنراوە. هەڵبەت ناونیشانی ئەم گەشتنامەیەش بەهەمان شێوە لەگەڵ تەواوی جەستەی دەقەکەدا پەیوەندیی توندوتۆڵی واتایی پێکەوەیان دەبەستێتەوە. هەروەها لە لایەکی ترەوە لە شیعرێکیدا بەناونیشانی (بانگێک بۆ پۆل ڕۆپسن)، هاتووە:

**وا بخوێنێ کە سپی و زەرد لەگەڵ ڕەش**

**گوێت بۆ شل کەن وەک یەک دڵ و وەک یەک لەش!(ل٢٧٩)**

لە ئاستی ئاسۆییدا هەریەک لە (سپی، زەرد، ڕەش) پەیوەندیی هاوبەشی و هاوسیمایی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەوپێیەی هەر سێ یەکە زمانییەکە سەر بەهەمان خانەی واتایین، کە ئەویش پۆلی ڕەنگەکانە، هەروەها لەهەمان ئاستی پەیوەندیدا هەریەک لە وشەکانی (گوێ، دڵ)

هاوسیمان لەوەدا، کە هەریەکەو بۆخۆی ئەندامێکە لە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ (لەش)دا پەیوەندیی جووتبەندیی لەنێوانیاندا هەیە. ئەمەش هاوتەریبییە واتاییەکە بەشێوەیەکی قووڵ لە ئاستی چنینی یەکە زمانییەکاندا خۆی دەنوێنێت. بەدەر لەوەی هەریەک لە گرێ ناوییەکانی (وەک یەک دڵ)و (وەک یەک لەش) دژیەکن، بەوەی (دڵ) ئاماژەیە بۆ هەست و سۆزو دیوی دەروونیی مرۆڤ، بەڵام (لەش) بە واتا ماددییەکەی ئاماژەیە بۆ دیوی دەرەکی و واقیعی، کە ئەمەش لەڕاستیدا پێچەوانەی یەک دەکەونەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا جۆرە پەیوەندییەکی تری واتاییش لەنێوانیاندا بەدیدەکرێت، کە ئەویش بریتییە لە پەیوەندیی هاوسیمایی و هاوشێوەیی، بەوەی هەردوو گوزارەکە ئاماژە بە (یەکێتی و یەکگرتوویی) دەدەن.

# ئەنجام

تویژینەوەکە ئەم ئەنجامانەی لێ بەدەست هاتوون، کە لای خوارەوە لە میانی چەند خاڵێکدا گەڵاڵەمان کردوون:

١- هاوتەریبی میکانیزمێکی گرنگ و بنەمایەکی سەرەکیی بەدیهێنانی شیعرییەتە، وەک بنیاتێک لەڕێگەی ئاستەکانی زمانەوە بەشێوەی پێکهێنەر و پێکهێنراو، کارلێکەر و کارلێکراوی یەکتر دەردەکەوێت، واتە ئەم ئاستانەی زمان لەبنەمادا لێکدابڕاو نین، بەڵام لەبەر پێویستیی میتۆدی تویژینەوە، بەشێوەی جیاجیا مامەڵە لەگەڵ بنیاتی هاوتەریبی لەو ئاستانەی زماندا دەکرێت، هەربۆیە شیکردنەوەیان لەلایەن تویژەرەوە، لایەنێکی دینامیکیی کاری ڕەخنەیی پێ جێبەجێ دەبێت و درککردنیشیان لەلایەن وەرگرەوە، بنەمایەکی سەرەکیی چەشەی ئیستاتیکی و پرۆسەی تێگەیشتن لە دەق پێکدەهێنێت.

٢- لە ڕوانگەی بەهای زاڵی دەقەوە وەک چەمکێکی تیشکۆسازی بنیاتگەریی فۆرمالیستی، ئەوە دەردەکەوێت، کە سیمای گشتیی زمانی شیعریی سەردەمی سالم دەوڵەمەندتر بووە، بە هۆی سوودوەرگرتنی لە زمانانی تری وەک: فارسی، عەرەبی و تاڕادەیەکیش تورکی، ئەمەش جۆرە تایبەتییەکی پێ بەخشیوە، کە دەتوانین بە (شکۆداریی و پتەویی زمان) ناوی ببەین، لەکاتێکدا سیما گشتییەکەی زمانی شیعریی سەردەمە شیعرییەکەی گۆران، ئەگەرچی لە ڕووی فەرهەنگی زمانی کوردییەوە پاراوتربووە، بەڵام لەبەرانبەر پتەویی و شکۆدارییەکەی پێشوودا، نەرمونیانی و سادەیی وەک تایبەتمەندییەک لەخۆگرتووە، هەروەک (گۆران) بۆخۆی، لە خستنەڕووی جیاوازیی شیعری کۆن و نوێ و بەتایبەتیش لەڕووی تەکنیک و یەکگرتنی گشتی (الترکیب العام)ەوە، ئەو ڕاستییەی نەشاردووەتەوە و ئاماژەی پێداوە.

٣- هەر لەڕوانگەی چەمکی پێشوو و لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی بەدەستهاتووی سەرەوە: ئەو تێڕوانینەی لەمەڕ چەمکی شیعر لە هەریەک لە سەردەمە شیعرییەکەی سالم و گۆراندا باڵادەست و باوبووە، کاریگەریی لەسەر شێوازی مامەڵەی هەرکام لەوان لەگەڵ زماندا دیاری دەکات و ئەمەش لە بنیاتی هاوتەریبیی دەقەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، واتە داهێنانی شیعریی بەلای سالمەوە لەڕوانگەی ئەو چەمکەوە بووە، کە شیعری وەک سنعەتێک تەماشا کردووە، بەڵام بەرخوردی گۆران لەگەڵ شیعردا داهێنراوی سنعەتسازیی نەبووە، ئەوەندەی بەرئەنجامی ئاراستەکردنی سەلیقە و کارامەیی شیعریی و هەست و سۆزی ورووژێنراوی ئەزموونە شیعرییەکەی شاعیر خۆیەتی. بە مانایەکی تر: ئەو گۆڕانکارییانەی گۆران لە زمان، کێش و

سەرواى شیعرى كوردیدا هێناونییەتەئارا، تەواوى فۆرم و بنیاتى دەقى شیعرى گرتووەتەوە، بەمەش سیستمێكى نوێى داهێنانى شیعریى داهێناوە، كە بەوردبوونەوە لە شێوازەكانى هاوتەریبى لە دەقەكانیدا، ئەو جیاوازییە جەوهەرییەمان بۆ دەردەخات، كە لە جۆرى جیهانبینیى شیعریى هەردوو سەردەمەكەدا هەیە و لەئەنجامیشدا گۆڕانكاریى لە میكانیزمەكانى شیكردنەوەى بنیاتى هاوتەریبیى لە دەقەكانى هەردوو سەردەمە جیاوازەكەدا لێكەوتووەتەوە.

٤- دیسانەوە پەیوەست بە ناوەڕۆكى ئەنجامى ژمارە (٢ و ٣): بنیاتى هاوتەریبى لە شیعرەكانى سالمدا بەرهەمى جیهانبینییەكى شیعریى دیاریكراوە، كە بنەماكانى دەگەڕێتەوە بۆ شیعرى ئیسلامى-ڕۆژهەلاتى بەگشتى، ئەمەش ڕەگى لەناو پانتایى ڕەوانبێژیى ئیسلامى-عەرەبیدا ڕۆچووە، لەبەرانبەردا بنیاتى هاوتەریبیى لە شیعرى گۆراندا بەرهەمى دوو ڕێچكەى شیعرین، كە یەكەمیان بە ئیلهام وەرگرتن لە جیهانبینییە كلاسیكییەكە بەرهەمهێنراوە و بنەماكەى بۆ قوتابخانەى شیعرى بابان دەگەڕێتەوە و زیاتریش لەو دەقانەیدا دەردەكەوێت، كە سەر بە سیستمى عەرووزیى و سەرواى هەمەڕەنگە، ڕێچكەى دووەمیش لەگەڵ هەنگاوە نوێخوازییەكانى گۆران خۆیدا دەست پێدەكات، كە دەتوانین بە (جیهانبینیى نوێخوازانەى گۆران) ناوى بەرین و لەڕووى سیستمى ئاوازەییەوە بنەماكەى دەگەڕێتەوە بۆ سەر كێشى بڕگەیى و سەرواى مەسنەویى، كە لە شیعرى بە شێوەزارى هەورامیى-نووسراوەوە سەرچاوەى گرتووە.

٥- لە هاوتەریبى دەنگى و بەتایبەت لەڕووى چەندێتییەوە، لە شیعرەكانى سالمدا سوود لە ئاستى فۆنەتیكیى زمان وەردەگیرێت، لەبەرانبەردا لاى گۆران و بۆ هەمان مەبەست، سوود لە فۆنۆلۆژیاى زمان وەردەگیرێت. ئاوازى دەقەكانى سالم وەك سیستمێك لە فۆرمى دەرەكیدا نەگۆڕ و چەسپاو بووە، بەڵام لە فۆرمە ناوەكییەكەیدا گەمە هونەرییەكەى لە بنیاتەكەیدا ئەنجام داوە و هاوتەریبییەكەى لێكەوتووەتەوە، كە پەیوەندیى بە سیستمى كێش و سەرواى شیعرەكانییەوە هەیە، ئەمەش لاى گۆران پێچەوانە دەبێتەوە، بەوەى ئەو گەمە هونەرییە زیاتر لە ئاستى فۆرمى دەرەكیدا دەردەكەوێت، چونكە سیستمى كێش و سەرواى شیعرەكانى گۆڕانیان بەسەردا هێنراوە و وایكردووە لەوەى ئاسۆیەكى تر لەبەردەم شاعیردا بكرێتەوە، بۆ پێكهێنانى ئاوازى هەمەڕەنگ لە شیعرەكانیدا.

٦- سەبارەت بە هاوتەریبیى دەنگى لەڕووى چۆنێتییەوە، لەڕێگەى كۆمەڵێك تەكنیكى وەك دووبارەبوونەوەى تاكدەنگى و دەستەدەنگییەوە لاى هەردوو شاعیرەكە بەدیهێنراوە، لەپاڵ شێوازەكانى بنیاتنانى سەروا و جۆرەكانى ترى ئەو تەكنیكانەدا، هونەرمەندانە توانراوە مامەڵە لەگەڵ ئاستى دەنگسازیى زمانى شیعریدا بكرێ و بەمەش لەڕێگەى بنیاتى هاوتەریبییەوە

جۆرێک لە دەنگ-هاوەڵی (المصاحبة الصوتية) لە دەقەکاندا بەرجەستەکراوە و ئاوازی دەرەکی و ناوەکیی دەقەکانیان پێ پێکهێنراوە.

٧- لە هاوتەریبیی وشەییدا، میکانیزمەکانی بەدیهاتنی لە نموونەی شیعرەکانی سالمدا بە هەردوو شێوەی یەک فۆرمی زمانی و چەند فۆرمێکی زمانیی بەدیدەکرێت، لەکاتێکدا هاوتەریبی چەند فۆرمێکی زمانیی لای گۆران بەدی ناکرێت! بەمەش لە شیکردنەوەکاندا شێوازی مامەڵەی جیاوازی هەریەک لەو دوو شاعیرەمان لەگەڵ وشەدا بۆ دەردەکەوێت، هەر لە چۆنێتیی هەڵبژاردنییەوە تا دەگات بە ڕیزکردن و ڕێکخستنیان لە بنیاتی دێڕو بەیت و کۆپلەی شیعریدا.

٧- لە هاوتەریبیی ڕستەییدا، هەریەک لە میکانیزمەکانی هاونشینیی ئەرکی و هەمان بنیاتی ڕستەسازیی لای هەردوو شاعیر و بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ جیاوازییەوە بەدیدەکرێت، بەڵام خاڵی جێسەرنج ئەوەیە، کە هاوتەریبیی جێنشینیی ئەرکی لە نموونەی شیعری هەردوو شاعیرەکەدا بە ڕادەیەک کەمە، کە هەریەکەیان لە چەند نموونەیەکی دیاریکراو تێپەڕناکات!

٨- لە هاوتەریبیی واتاییدا، هەمان پەیوەندییە واتاییەکانی (هاوواتایی، دژواتایی، جووتبەندیی و هاوسیمایی) لەلای هەردوو شاعیر سەرنج دەدرێت، بەڵام جیاوازییان لە ئاستی فەرهەنگیی یەکە زمانییە بەکارهێنراوەکاندایە، واتە ئەگەر یەکەی فەرهەنگیی شیعری کلاسیزم وەک بنەما وەربگرین، ئەوا لەبەرانبەردا پاراوی و پەتیبوونی زمانی شیعری نوێ وایکردووە وشە فەرهەنگییەکان جۆرە دەلالەتێکی نوێیان لێ بەرهەم بێت، کە خۆی لەوەی پێشوو دابڕیوە.

٩- هەر پەیوەست بە خاڵی پێشووەوە، هەبوونی ناونیشان لە شیعرەکانی گۆراندا، وایکردووە لەوەی بنیاتی هاوتەریبیی لە ئاستی واتاییدا جۆرە تایبەتمەندییەکی زیاتری هەبێت بەراورد بە شیعرەکانی سالم، کە وەک شیعری نەریتی، ڕەگەزی ناونیشانی تێدا نییە.

# لیستی سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

- **کتێبەکان:**


- ئاشنا، ئومێد (٢٠٠٢): گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- ئەحمەد، بێستون حەسەن (٢٠١٢): کۆمەڵە وشە و پێکەوەهاتن لەزمانی کوردیدا، چاپ یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- ئەحمەد، خورشید ڕەشید (١٩٨٩): ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی الجاحظ، بەغدا.
- ئەحمەد، صافیە محەمەد (٢٠١٣) لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٤): پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، سەنتەری نما، هەولێر.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١): فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەریتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥): فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
- ئەلڕەحمانی، ئەحمەد (٢٠٢١): تیۆرەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و پراکتیزەکردنیان، وەرگێڕانی: سەردار گەردی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- ئەلصوبەیحی، محەمەد ئەلئەخزەر (٢٠١٦): دەروازەیەک بۆ دەقناسی و بوارەکانی پراکتیزەکردنی، وەرگێڕانی: ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠١٢): بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربیة للعلوم ناشرون، بەیروت.
- ئیگڵتن، تێری (٢٠١٦): تیۆریی ئەدەبی، وەرگێڕانی: عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
- ئیمامی، نەسروڵڵا (٢٠١٨): بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، وەرگێڕانی: سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- بەرزنجی، ئازاد (٢٠٠٦): چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، چاپی دووەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.

- بەکر، محەمەد (٢٠٠٤): کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- بودوخە، مەسعود (٢٠٢١): شێوازناسی و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعرییەت، وەرگێڕانی: صافیە محەمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، بێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ.
- بێرتێنز، هانز (٢٠١٥): بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- بیمار، عەبدولڕەزاق (١٩٩٢): کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الحریة)، بەغدا.
- پارسا، سەید ئەحمەد (١٣٩٧): جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی نوێ، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی نالی، سنە.
- پارسا، سەید ئەحمەد (١٣٩٧): ڕوونبێژی لە ئەدەبی کوردیدا- وانەی دەرسی ڕوونبێژیی ئەدەبیاتی کوردی، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی نالی، سنە.
- پیربال، فەرهاد (٢٠٢١): مێژووی شیعری کوردی (١٨٩٨- ١٩٥٦)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مایا، سلێمانی.
- پیرین، لۆرانس (٢٠٠٨): شیعر چییە؟ وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

- جەعفەر و تۆفیق، مامۆستا جەعفەر+ ڕێبوار حەمە تۆفیق (٢٠٠٧): گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- جەعفەرو ئەوانیتر (٢٠١٢): گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- حاجی مارف، ئەورەحمان (١٩٧٥): وشەی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا.
- حسەین، عەلی تاهیر (٢٠٠٨): ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن- ڕەخنەی شیعری کوردی بە نموونەوە، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨): ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- حمەئەمین، عەبدولقادر (٢٠٠٨): بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
- حەمەد، عبداللە خضر (٢٠١٧): دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.

- حەمید، نەجات (٢٠١٣): زمان و فیکر لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- حیلمی، ڕەفیق (٢٠١٠): شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدار، مارف (١٩٦٢): کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی الوفاء، بەغداد.
- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠): مێژووی ئەدەبی کوردی (١٨٠١-١٨٥٠)، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠): مێژووی ئەدەبی کوردی (١٩١٤- ١٩٤٥)، بەرگی پێنجەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠): مێژووی ئەدەبی کوردی (١٩٤٥ ١٩٧٥)، بەرگی شەشەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- خەلیل، ئیبراهیم مەحمود (٢٠١٧): ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشانەوەگەرایی، وەرگێڕانی: محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، ناوەندی دیالۆگ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- خورشید، غازی عەلی (٢٠١٠): فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٠): شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- دزەیی و ئەوانیتر (٢٠١٥): فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی دووەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحێد موشیر (٢٠١٢): شێواز و پراگماتیک، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆک.
- دزەیی، عەبدولواحێد موشیر (٢٠١٥): پراگماتیک و ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- دەشتی، عوسمان (٢٠١٢): لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- دەشتی، عوسمان (٢٠٢١): سالمی صاحێبقران باس و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (١٩٩٠): ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی فێرکردنی باڵا، هەولێر.
- ڕەشید، مەسعود جەمیل (٢٠١٤): ڕۆلێ تەوەرێن هەڵبژارتن و ڕێزکردنێ د چێکرنا ڕیتما هۆزانا کلاسیکییا کوردیدا- دیوانا مەلایێ جزیری وەکو نموونە، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- سابیر، پەرێز (٢٠٠٦): ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- سالم، عەبدورەحمان بەگی صاحیبقڕان (٢٠١٥): دیوانی سالم، ساغکردنەوە و لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس-فاتیح عەبدولکەریم-محەمەدی مەلا کەریم، ئامادەکردنی: سدیق سالْح، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.
- سدیق، فاروق عومەر (٢٠١٦): لەدایکبوونی وشە، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
- سەجادی، عەلائەدین (١٩٦٨): ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی المعارف، بەغدا.
- سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٨): خۆشخوانی (گوزارەکاری، ڕەوانکاری، جوانکاری)، چاپی یەکەم، چاپخانەی المعارف، بەغدا.
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠٢١): مێژووی پەخشانی کوردی، چاپی یەکەم، ئینتیشاراتی کوردستان، سنە.
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠٢١): ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، انتشاراتی کوردستان، سنە.
- سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٠): بنیاتی هونەریی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٥): دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە-لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکارییە، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
- سەعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٧): دەنگی مستەفا بەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا-لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی وەسفییە، چاپی یەکەم، خانەی ڕێنما، سلێمانی.
- سەعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٣): لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- سەفەوی، کورش (٢٠٢٠): ناسینی واتاسازی، وەرگێڕانی: شێروان حوسێن خۆشناو، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- سەفەوی، کۆرش (٢٠١٨): لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات- شیعر، بەرگی دووەم وەرگێڕانی: عوسمان دەشتی، پێداچوونەوەی: یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- سەفەوی، کۆرش (٢٠١٨): لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات- هۆنراو، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: عوسمان دەشتی، پێداچوونەوەی: یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- سەفیزادە، سدیق بۆرەکەیی (١٣٧٠): مێژووی ویژەی کوردی- نووسراوی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چهر، تبریز.

- سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠٢١): کتێبی گۆران، چاپی یەکەم، ڕێکخراوی زەریاب و ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- شارەزا، کەریم (١٩٨٤): نالی و زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الادیب، بەغدا.
- شارەزووری، یادگار لەتیف (٢٠١٥): دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی- بنچینە مەعریفییەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان بنەچەی سەوسەن وەک بواری کار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عارف، محەمەد نووری (٢٠٠٧): فەرهەنگی دیوانی شاعیران نالی- سالم- کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین (٢٠٠٨): شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆک.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٦): فەرهەنگی ئەدەبی و ڕۆشنبیری زاراوە و کەسایەتی، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٢١): دەقناسیی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٢٢): ڕەوانبێژی لە دوانزە لێکۆڵینەوەدا، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.
- عەلی، دڵشاد (١٩٩٨): بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- عەلی، دڵشاد (٢٠٠٧): دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- عوسمان، ڕەئوف (٢٠٢١): عەزیز بەگی بابان لە ئاستانەی سالمی ساحێبقڕاندا، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
- عوسمان، هەرێم (٢٠١٨): لیریکی گۆران لە ڕوانگەی بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
- فەتتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١): زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (؟): ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- قادر، خانزاد عەلی (٢٠١٢): زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- قەتوس، بەسام (٢٠١١): دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: محەمەد تاتانی، پێداچوونەوەی: هشیار زەکی، چاپی یەکەم، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.
- قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠١٠): بەرکوتێک لە خەرمانی شیعری سالم چەپکێک شیعری بڵاونەکراوەی سالم پاشکۆیەکی دیوانی نالی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- کاک ئەمین، حوسێن غازی (٢٠٠٨): نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەساڵی ١٩٣٢ تا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- کاکەی فەلاح، حەمەئەمین قادر (٢٠٢٠): کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپی دووەم، ئینتیشاراتی کوردستان، سنە.
- کاکی، حەمەنوری عومەر (٢٠١٢): شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست١٩٢٠-١٩٧٠، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی
- کاکی، حەمەنوری عومەر (٢٠٢٠): شێواز لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا- نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ناوچەی سلێمانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- کالر، جاناتان (٢٠٢١): تیۆریی ئەدەبی پێشەکییەکی زۆر کورت، وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
- کانەبی، دلێر سادق (٢٠٠٩): هەندێ لادانی زمانیی لای سێ شاعیری نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
- کەریم، ئازاد عەبدولواحید (٢٠١٧): شیعرییەتی دەق مەودایەک بۆ سازاندنی زمان، چاپی یەکەم، بەبێ ناوی چاپخانەی، کەرکووک.
- کەسنەزانی، بوشرا (٢٠٢٢): جوانیناسیی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- کەلاری، حوسێن (٢٠١١): شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- کۆمەڵێک توێژەر (٢٠٠٩): نالی هەر لە لوتکەدایە- بەرهەمەکانی دیداری حەزرەتی نالی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: مامۆستا عەلی، چاپی یەکەم، زنجیرە کتێبی گۆڤاری کۆچ (٦)، سلێمانی.
- گەردی، ژوان عەبدولسەلام عەزیز (٢٠١٨): شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی فیلۆلۆجی لیۆشپیترزەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (١٩٧٥): ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا- جوانکاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (٢٠١٤): کێشناسیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (٢٠١٦) فەرهەنگی کێشناسی، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (٢٠٢٢): ڕابەری کێشی شیعری عەرووزی کوردی-بەرگی چوارەم، چاپی یەکەم، دەزگای فام، هەولێر.
- گەردی، موحسین ئەحمەد مستەفا (٢٠١٢): بەهاری ڕەوانبێژی (واتاناسی، ڕوونبێژیی، جوانکاریی)، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.

- گەردی-أ، عەزیز (١٩٩٩): سەروا- لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراورده لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم دەزگای ئاراس، هەولێر.
- گەردی-ب، عەزیز (١٩٩٩): کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- گۆران، عەبدوڵلا (١٩٨٠): دیوانی گۆران- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغداد.
- لۆتمان، یۆری (٢٠١٩): شیکاریی دەقی شیعری- بونیادی شیعر، وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
- لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاریی کوردستان (٢٠٠٦): زاراوەی ئەدەبی کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی، چاپی یەکەم، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
- محەمەد، دارا (٢٠١٠): واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ژیر، سلێمانی
- محەمەد، ئەنوەر قادر (٢٠١٨): لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
- محەمەدپوور، ئەحمەد (١٣٩٧): میتۆدناسیی سەرەتایەک لەسەر میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، نشرلوگوس، قم.
- مستەفا، موحسین ئەحمەد (٢٠١٣): بەهاری ڕەوانبێژیی (واتاناسی، ڕوونبێژی، جوانکاری)، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.
- مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠٢١): پراگماتیک و شێوازگەری، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
- مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٠٩): بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵلا (٢٠١١): لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا- بەنموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، چاپی یەکەم، ئەکادیمای کوردی، هەولێر.
- مەحمود، فازیل مەجید (٢٠٠٧): سروشت لە شیعری گۆراندا، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- مەحموود زادە، ڕەهبەر (٢٠٢٠): ئافاقی شیعری نالی، چاپی یەکەم، وەشانخانەی مادیار، سنە.
- مەعروف، کەمال (٢٠١١): تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
- مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (٢٠٢١): زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

- مەنتک، حەمە (٢٠١٨): میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی- ڕەخنەی ئەدەبی لەڕووی تیۆرییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای تەفسیر، هەولێر.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٢١): شیعرناشیی بە شیعر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لە ئیستاتیکای شیعر، چاپی یەکەم، کتێبخانەی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، هەولێر.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٢١): فەلسەفەی جوانیی و هونەر ئیستاتیکا، چاپی سێیەم، کتێبفرۆشیی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، هەولێر.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٢١): فەلسەفەی زمان و زمانناسیی کوردیی- بەرگی یەکەم لە ڕێزمانی کوردیی بنچینەیی، چاپی یەکەم، کتێبفرۆشیی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، هەولێر.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٢١): گۆران ڕۆمانسیزمی جوانیی و هونەر، چاپی یەکەم، کتێبفرۆشیی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، هەولێر.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٢١): ئەدەبناسیی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی حەفتاکان، چاپی یەکەم، کتێبفرۆشیی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، هەولێر.
- میرزا تۆفیق، ئاڤان عەلی (٢٠١٢): چنینی دەق لە شیعرەکانی نالیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- میرزا تۆفیق، ئاڤان عەلی (٢٠١٣): فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- ناوخۆش+ خۆشناو، سەلام و نەریمان (٢٠١٠): زمانەوانی، بەرگی یەکەم تا حەوتەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
- نووری، محەمەد ئەمین محەمەد (٢٠٢١): شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا (١٩٠٠-١٩٧٥) لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری نێوان ڕێڕەوی نوێبوونەوەی شیعری کوردی و فارسییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەزمەڕ، سلێمانی.
- هالبێرگ، پیتەر و دانەرانی تر (٢٠١٨): تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی سێیەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
- هەردی، ئەحمەد (٢٠٠٩): عەرووز لە شیعری کوردیدا، وەرگێڕانی: ئاسۆس هەردی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٠٥): دەنگی بلورینی دەق، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاز، سلێمانی.
- یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٠٨): لە کولتورەوە بۆ ئەدەبییات، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- یەعقوبی، عەبدولخالق (٢٠٢١): نالی ئاشنای سیڕی قەڵەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەڵوەن، سلێمانی.

▪ **نامەی ئەکادیمی:**

- ئەحمەد، صافیە محەمەد (٢٠١٣): لادان لە شیعری نوێخوازی کوردیدا (١٩٨٠- ١٩٩١)، لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەرییە، تێزی دکتۆرا، پ.ی.د. فوئاد ڕەشید محەمەد، زانکۆی کۆیە.
- عبدالرحمن، لەۆن قادر (٢٠٢١): لیریکی گۆرانی (هەورامی) لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە- بەنموونەی شیعری بێسارانی، سەییدی، کۆماسی، تێزی دکتۆرا، سەرپەرشت: پ.د.ئەنوەر قادر محەمەد، زانکۆی سلێمانی.
- عەزیز، هیوا نورەدین (٢٠٠٩): بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عبداللە بەگی مصباح الدیوان (ئەدەب)دا، ماستەرنامە، سەرپەرشت: پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.
- عەلی، زانیار (٢٠١٥): بنیاتی ئاوازەیی لە شیعری نوێی کوردیدا ١٩١٨- ١٩٥٨ بەنموونە شیعری کرمانجی ناوەڕاست، ماستەرنامە، سەرپەرشت: پ.ی.د. ئاڤان عەلی میرزا تۆفیق، زانکۆی سلێمانی.

▪ **فەرهەنگ:**

- جاف و ئەوانیتر، حسێن یارە ئەحمەد (٢٠٠٨): فەرهەنگی تریفە (کوردی- عەرەبی- ئینگلیزی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەلعەرەبییە، بەیروت.
- حەبیب، بەدران ئەحمەد (٢٠٠٢): فەرهەنگی زاراوە (زاراوەگەلی ڕاگەیاندن و کارگێڕیی و قوتابخانەیی)، چاپی یەکەم، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر.
- حەسەن، شەوکەت مەلا ئیسماعیل (٢٠٠٧): فەرهەنگی شوان (کوردی- کوردی)، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر، سلێمانی
- خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠١٧): فەرهەنگی خاڵ (کوردی- کوردی)، چاپی دووەم، دەزگای ڕۆژهەلات، هەولێر.
- ڕەشید، یوسف (٢٠١٣): فەرهەنگی ئەناهیتا، بەرگی یەکەم- بەشی دووەم، چاپی یەکەم١، خانەی موکریانی، هەولێر.
- عەبدوڵلا، عەلی (١٩٨٨): فەرهەنگی گەنجینە (عەرەبی- کوردی)، چاپی یەکەم١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.
- کەریم، ڕزگار (٢٠٠٦): فەرهەنگی دەریا (عەرەبی- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیر، سلێمانی.
- کوردستانی، موحەمەد مەردۆخ (١٣٨٨): فەرهەنگی مەردۆخ (کوردی- فارسی- عەرەبی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان، سنە.
- موکریانی، گیو (٢٠١٢): فەرهەنگی مەهاباد، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- موکریانی، گیو (٢٠١٧): فەرهەنگی کوردستان (کوردی- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- نیزامەدین، فازڵ (١٩٩٠): فەرهەنگی ئەستێرە گەشە (کوردی- عەرەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەلفنون، بەغدا.
- هەرشەمی، شاسوار (٢٠٢٢): فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی کوردیی مێژووی پێکهاتنی وشە لە زمانی کوردیدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
- هەژار (١٣٦٩): فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە (کوردی- فارسی)، چاپی یەکەم، انتشارات سروش، تاران.

- **<u>گۆڤاری ئەکادیمی:</u>**

- عەلی، دڵشاد (٢٠٠٧): گۆران داهێنان و نوێخوازی- لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژی، زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٠).
- عەلی، دڵشاد (٢٠١٦): بنیاتی هاوتەریبی لە دەقەکە شیعرییەکانی ڕەشید نەجیبدا، زانکۆی گەرمیان، خوولی یەکەم، ژمارە (١٠).
- محەمەد و عەبدولڕەحمان، ئەنوەر قادر+ لهۆن قادر (٢٠٢١): چەمکی پارالێلیزم (تەریبی) لە لیریکی بێسارانیدا، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە (٩).

- **<u>ئینتەرنێت:</u>**

- پێنجوێنی، سەروەر (٢٠٢١): ڕیشەی تەریب و هاوتەریب، ماڵپەڕی کوردیش- ئیتیمۆلۆژی، http://kurdish-etymology.blogspot.com/2016/06/terib.html

## (بە زمانی عەرەبی)

- **<u>الكتب:</u>**

- ابراهيم، السيد (١٩٩٨): نظرية الرواية- دراسة لمناهج النقد الادبي في معالجة فن القصة، الطبعة الاولى، دار قباء.
- ابراهيم، زكريا (١٩٩٠): مشكلات فلسفية- مشكلة البنية أو اضواء على البنيوية، الطبعة الاولى، مكتبة مصر، القاهرة.
- ابراهيم، رجب عبد الجواد (٢٠٠٨): موسيقى اللغة، الطبعة الاولى الثانية، دار الافاق العربية، القاهرة.
- ابراهيم، عبدالمنعم ابراهيم (٢٠٠٨): بحوث في الشعرية وتطبيقاتها عند المتنبي، الطبعة الاولى، مكتبة الاداب، القاهرة.

- اسكندر، يوسف (٢٠٠٨): اتجاهات الشعرية الحديثة الاصول والمقولات، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.
- اسماعيل، عزالدين (١٩٩٢): الأسس الجمالية في النقد العربي عرض وتفسير ومقارنة، الطبعة الاولى الثالثة، دار الفكر العربي، القاهرة.
- ايغلتون، تيري (١٩٩٥): نظرية الأدب، ترجمة: ثائر ديب، الطبعة الاولى، منشورات وزارة الثقافة، دمشق- سورية.
- بافو+ رفاتي، ماري ان وجورج اليا (٢٠١٢): النظريات اللسانية الكبرى من النحو المقارن الى الذرائعية، ترجمة: محمد الراضي، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت- لبنان.
- بركة، فاطمة الطبال (١٩٩٣): النظرية الألسنية عند رومان جاكبسن، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت.
- بشبندر، ديفيد (٢٠٠٥): نظرية الادب المعاصر وقراءة الشعر، ترجمة: عبدالمقصود عبدالكريم، الطبعة الاولى، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة.
- بلعابد، عبدالحق (٢٠٠٩): عتبات جيرار جينيت من النص الى المناص، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف، الجزائر.
- بن خليفة، مشري (٢٠٠٦): القصيدة الحديثة في النقد العربي المعاصر، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف، القاهرة.
- بن مالك، رشيد (٢٠٠٠): مصطلحات التحليل السيميائي للنصوص (عربي- انجليزي- فرنسي)، الطبعة الاولى، دار الحكمة.
- بوجراند، روبرت دي (١٩٩٨): النص والخطاب والاجراء، ترجمة: تمام حسان، الطبعة الاولى، منشورات عالم الكتاب، القاهرة.
- بوحاتم، مولاي علي (٢٠٠٥): مصطلحات النقد العربي السيميائي- الاشكالية والاصول والامتداد، الطبعة الاولى، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق- سورية.
- بوقرة، نعمان (٢٠٠٩): المصطلحات الأساسية في لسان النص وتحليل الخطاب، الطبعة الاولى، عالم الكتب الحديث، الأردن.
- بومزبر، الطاهر (٢٠١٠): التواصل اللساني والشعرية مقاربة تحليلية لنظرية جاكبسون، الطبعة الاولى، دار الاختلاف، جزائر.
- بياجة، جان (١٩٨٢): البنيوية، ترجمة: عارف منيمنة وبشير أوبري، الطبعة الاولى الثالثة، منشورات دار عويدات، بيروت- باريس.
- تاديية، جان ايف (١٩٩٣): النقد الادبي في القرن العشرين، ترجمة: قاسم المقداد، الطبعة الاولى، وزارة الثقافة، دمشق.

- تودوروف، تزفيتيان (٢٠١٢): نظريات الرمز، ترجمة: محمد الزكراوي، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- تيبرماسن، عبدالرحمن (٢٠٠٣): البنية الايقاعية للقصيدة المعاصرة، الطبعة الاولى، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.
- تينيانوف، يوري (١٩٨٢): مفهوم البناء- نظرية المنهج الشكلي- نصوص الشكلانين الروس، ترجمة: ابراهيم الخطيب، الطبعة الاولى، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت.
- ثامر، فاضل (١٩٩٤): اللغة الثانية في اشكالية المنهج والمصطلح فى الخطاب النقدي العربي الحديث، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، بيروت- لبنان.
- جاكبسون، رومان (١٩٨٨): قضايا الشعرية، ترجمة: محمد الولي و مبارك حنون، الطبعة الاولى، الدار البيضاء، المغرب.
- جبارة، محمد جاسم (٢٠١٣): مسائل الشعرية في النقد العربي- دراسة في نقد النقد، الطبعة الاولى، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت- لبنان.
- جيرو، بيير (١٩٨٨): علم الاشارة، ترجمة: منذر العياشي، الطبعة الاولى، دار طلاس للدراسات والنشر، دمشق- سورية.
- جييوم، بول (١٩٦٣): علم نفس الجشطلت، ترجمة: صلاح مخيمر وعبدة ميخائيل، الطبعة الاولى، مؤسسة سجل العربي، القاهرة.
- حاتم، عماد (١٩٨٨): النقد الادبي قضاياه واتجاهاته الحديثة، الطبعة الاولى، دار الشام، بيروت- لبنان.
- حسان، تمام (٢٠٠٦): اللغة بين المعيارية والوصفية، الطبعة الاولى الرابعة، عالم الكتب، القاهرة.
- حساني، أحمد (٢٠١٣): مباحث في اللسانيات، الطبعة الاولى الثانية، كلية الدراسات الاسلامية والعربية، دبي- الامارات.
- الحسناوي، محمد (٢٠٠٠): الفاصلة في القران، الطبعة الاولى الثانية، دار عمار للنشر والتوزيع، الاردن.
- حمد، عبدالله خضر (دون): مناهج النقد الأدبي السياقية والنسقية، الطبعة الاولى، دار القلم، (دون).
- حمداوي، جميل (٢٠١٥): محاضرات فى لسانيات النص، الطبعة الاولى، شبكة الألوكة، دون مكان الطبع.
- حمداوي، جميل (٢٠٢٠): النظرية الشكلانية في الادب والنقد والفن، الطبعة الاولى، دار الريف الالكتروني، مغرب.
- حمودة، عبدالعزيز (١٩٩٨): المرايا المحدبة من البنيوية الي التفكيك، الطبعة الاولى، عالم المعرفة، الكويت.
- خطابي، محمد (٢٠٠٦): لسانيات النص- مدخل الى انسجام الخطاب، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، مغرب.

- الخطيب، ابراهيم (١٩٨٢): نظرية المنهج الشكلي- نصوص الشكلانيين الروس، الطبعة الاولى، مؤسسة الأبحاث العربية- بيروت، والشركة المغربية للناشرين المتحدين- الرباط.
- الخليل، ابراهيم محمود (٢٠٠٣): النقد الأدبي الحديث من المحاكات الى التفكيك، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان.
- دايك، فان (٢٠٠١): علم النص مدخل متداخل الاختصاصات، ترجمة: سعيد بحيري، الطبعة الاولى، دار القاهرة للكتاب.
- ديكرو+ سشايفر، اوزوالد وجان ماري (؟): القاموس الموسوعي الجديد لعلوم الانسان، ترجمة: منذر عياشي، (د.ط)، المركز العربي الثقافي.
- الذهبي، عزالدين (٢٠٠٥): الاسلوب بين اللغة والنص، الطبعة الاولى، المطبعة الوطنية، مراكش.
- رابح، بوحوش (٢٠٠٦): اللسانيات وتطبيقاتها على الخطاب الشعري، الطبعة الخامسة، دار العلوم للنشر والتوزيع، الجزائر.
- راغب، نبيل (٢٠٠٣): موسوعة النظريات الادبية، الطبعة الاولى، الشركة المصرية العامة للنشر، القاهرة.
- الزبيدي، مرشد (١٩٩٩): اتجاهات نقد الشعر العربي الحديث- دراسة الجهود النقدية المنشورة في الصحافة العراقية بين ١٩٥٨- ١٩٩٠، الطبعة الاولى، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق.
- زكريا، ميشال (١٩٨٠): الألسنية علم اللغة الحديث المباديء والاعلام، الطبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات، بيروت.
- زواوي، مختار (٢٠١٧): دو سوسير من جديد مدخل الي اللسانيات، الطبعة الاولى، ابن نديم للنشر والتوزيع، الجزائر.
- سارتر، جان بول (١٩٩٠): ما الأدب؟ ترجمة: محمد غنيمى هلال، الطبعة الاولى، نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة.
- ستولنيتز، جيروم (٢٠٠٦): النقد الفني دراسة جمالية وفلسفية، ترجمه: فؤاد زكريا، الطبعة الاولى، دار الفواء، الاسنكندرية.
- السد، نورالدين (٢٠١٠): الأسلوبية وتحليل الخطاب- دراسة في النقد العربي الحديث، الطبعة الاولى، دار هومة، الجزائر.
- السراقبي، وليد محمد (٢٠١٩): الألسنية مفهومها، مبانيها المعرفية ومدارسها، الطبعة الاولى، سلسلة مصطلحات معاصرة، المركز الاسلامي للدراسات الاستراتيجية، بيروت- لبنان.
- سلدن، رامان (١٩٩٨): النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة: جابر عصفور، الطبعة الاولى، دار قباء للنشر والتوزيع، القاهرة.
- سليمان، عباس محمد (٢٠٠١): نظرية التوازي في الفكر العلمي والعربي، الطبعة الاولى، دار المعرفة، الاسكندرية.

- سوسير، فردينان دى (١٩٨٤): محاضرات في الالسنية العامة، ترجمة: يوسف غازي- مجيد النصر، الطبعة الرابعة، دار النعمان للثقافة، لبنان.
- سويدان، سامي (٢٠١٣): أسئلة النقد والشعرية العربية، الطبعة الاولى، دار الاداب، بيروت.
- الشايب، احمد (١٩٦٤): أصول النقد الأدبى، الطبعة السابعة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة.
- شرتح، عصام (٢٠١٠): جمالية التكرار في الشعر السوري المعاصر، الطبعة الاولى، دار رند للطباعة والنشر، دمشق- سورية.
- شولز، روبيرت (١٩٧٧): البنيوية في الادب، ترجمة: حنا عبود، الطبعة السابعه، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق- سورية.
- الشيخ، عبدالواحد حسن (١٩٩٩): البديع والتوازي، الطبعة الاولى، مكتبة الاشعاع الفنية، الاسكندرية.
- الصبيحي، محمد الاخضر (٢٠٠٨): مدخل الى علم النص ومجالات تطبيقه، الطبعة الاولى، منشورات الاختلاف، مغرب.
- الضالع، محمد صالح (٢٠٠٣): الأسلوبية الصوتية، الطبعة الاولى، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع.
- الضامن، حاتم صالح (١٩٧٩): نظرية النظم تاريخ وتطور، الطبعة الاولى، منشورات وزارة الثقافة والاعلام.
- عاشور، فهد ناصر (٢٠٠٤): التكرار في شعر محمود درويش، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات، بيروت.
- عبدالنور، جبور (١٩٨٤): المعجم الادبي، الطبعة الاولى الثانية، دار العلم للملايين، بيروت.
- عبيد، حاتم (٢٠٠٥): التكرار وفعل الكتابة في الاشارات الالهية لأبي حيان التوحيدي، الطبعة الاولى، مطبعة التفسير، تونس.
- عمر، أحمد مختار (٢٠٠٨): معجم اللغة العربية المعاصرة- بمساعدة فريق عمل، الجزء الاول، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهرة.
- عمر، احمد مختار (١٩٨٥): علم الدلالة، الطبعة الخامسة، عالم الكتب، القاهرة.
- عناني، محمد (٢٠٠٣): المصطلحات الأدبية الحديثة- دراسة ومعجم انجليزي- عربي، الطبعة الاولى الثالثة، الشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان، القاهرة.
- عياد، شكري (١٩٩٠): بين الفلسفة والنقد، الطبعة الاولى، منشورات أصدقاء الكتاب.
- الغذامي، عبدالله (١٩٩٨): الخطيئة والتكفير من البنيوية الى التشريحية- دراسة نقدية لمقدمة نظرية، الطبعة الرابعة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- الغذامي، عبدالله محمد (٢٠٠٦): تشريح النص- مقاربات تشريحية لنصوص شعرية معاصرة، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب.
- الغزالي، عبدالقادر (٢٠٠٣): اللسانيات ونظرية التواصل رومان ياكبسون نموذجا، الطبعة الاولى، دار الحوار.

- فتحي، ابراهيم (١٩٨٦): معجم المصطلحات الأدبية، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للناشرين.
- فخرالدين، جودت (١٩٨٤): شكل القصيدة العربية في النقد العربي حتى القرن الثامن الهجري، الطبعة الاولى، دار الاداب، بيروت.
- فرج، حسام أحمد (٢٠٠٧): نظرية علم النص رؤية منهجية في بناء النص النثري، الطبعة الاولى، مكتبة الاداب، القاهرة.
- فضل، صلاح (١٩٩٨): نظرية البنائية في النقد الأدبي، الطبعة الاولى، دار الشروق، القاهرة.
- فضل، صلاح (٢٠٠٢): مناهج النقد المعاصر، الطبعة الاولى، ميريت للنشر والتوزيع، القاهرة.
- فضل، صلاح (١٩٩٢): بلاغة الخطاب وعلم النص، الطبعة الاولى، عالم المعرفة، الكويت.
- فيشر، ارنست (١٩٩٨): ضرورة الفن، ترجمة: أسعد حليم، الطبعة الاولى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
- قدامة بن جعفر (١٣٩٩): جواهر الألفاظ، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت.
- الكبيسي، طراد (٢٠٠٤): في الشعرية العربية- قراءة جديدة في نظرية قديمة، الطبعة الاولى، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
- الكفوي، أبو البقاء (١٩٩٨): الكليات-معجم فى المصطلحات والفروق اللغوية، تحقيق: عدنان درويش ومحمد المصرى، الطبعة الاولى، مؤسسة الرسالة، بيروت.
- كوهن، جان (١٩٨٦): بنية اللغة الشعرية، ترجمة: محمد الولي ومحمد العمري، الطبعة الاولى، دار توبقال للنشر، المغرب.
- كوين، جون (٢٠٠٠): النظرية الشعرية بناء لغة الشعر العليا، الجزء الثاني، ترجمة: أحمد درويش، الطبعة الاولى، دار غريب، القاهرة.
- لوتمان، يوري (١٩٩٥): تحليل النص الشعري بنية القصيدة، ترجمة: محمد فتوح أحمد، الطبعة الاولى، دار المعارف، القاهرة.
- لوتمان، يوري (٢٠١٨): بنية النص الفني، ترجمة: عبدي حاجي، الطبعة الاولى، الاكاديمية الكردية، مطبعة الحاج هاشم، أربيل.
- لوشر، روبرت (١٩٩٧): القصة الرواية المؤلف- دراسات في نظرية الانواع الادبية المعاصرة، ترجمة: خيرى دومة، مراجعة: سيد البحراوي، ط١، دار الشرقيات.
- ليشتة، جون (٢٠٠٨): خمسون مفكرا اساسيا معاصرا من البنيوية الى مابعد الحداثة، ترجمة: فاتن البستاني، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- ليفين، سمويل. (١٩٨٩): البنيات اللسانية فى الشعر، ترجمة: الوالي محمد والتوزاني خالد، الطبعة الاولى، منشورات الحوار الاكاديمي، مغرب.

- ليونز، جون (١٩٨٥): نظرية تشومسكي اللغوية، ترجمة: حلمي خليل، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
- محمد، عبدالمطلب (١٩٩٥): بناء الأسلوب في شعر الحداثة- التكوين البديعي، الطبعة الثانية، دار المعارف، مصر.
- محمود، زكي نجيب (١٩٨٨): قصة عقل، الطبعة الثانية، دار الشروق، بيروت- القاهرة.
- مرتاض، عبدالملك (١٩٩٤): شعرية القصيدة وقصيدة القراءة- تحليل مركب لقصيدة اشجار يمانية، الطبعة الاولى، دار المنتخب، بيروت.
- مرزوق، حلمي علي (٢٠٠٤): في النظرية الأدبية والحداثة، الطبعة الاولى، دار الوفاء، الاسكندرية.
- مطلوب، أحمد (١٩٨٣): معجم المصطلحات البلاغية وتطورها، الطبعة الاولى، المجمع العلمي العراقي، بغداد.
- مفتاح، محمد (١٩٩٢): تحليل الخطاب الشعري استراتيجية التناص، الطبعة الثالثة، المركز الثقافى العربي، المغرب.
- مفتاح، محمد (١٩٩٤): التلقي والتأويل مقاربة نسقية، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، المغرب.
- مفتاح، محمد (١٩٩٦): التشابه والاختلاف نحو منهجية شمولية، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، المغرب.
- مونان، جورج (٢٠٠٢): علم اللغة في القرن العشرين، ترجمة: نجيب غزاوي، الطبعة الاولى الثالثة، وزارة التعليم العالي، سوريا.
- الميلود، عثمان (١٩٩٠): شعرية تودوروف، الطبعة الاولى، مطبعة الدار البيضاء، المغرب.
- ناظم حسن (١٩٩٤): مفاهيم شعرية- دراسة مقارنة في الاصول والمنهج والمفاهيم، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.
- ناظم، حسن (١٩٩٥): البنى الاسلوبية دراسة في أنشودة المطر للسياب، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي، مغرب.
- نحلة، محمود أحمد (٢٠٠١)، علم اللغة النظامي مدخل الى النظرية اللغوية عند هاليداي، الطبعة الاولى، دار الوفاء، القاهرة.
- الهادي واخرون، بوطارن (٢٠١٠): المصطلحات اللسانية والبلاغية، (د.ط)، دار الكتاب الحديث، بيروت.
- هوكز، ترنس (١٩٨٦): البنيوية وعلم الاشارة، ترجمة: مجيد الماشطة، الطبعة الاولى، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد.
- هولب، روبيرت (٢٠٠٤): نظرية الاستقبال، ترجمة: رعد عبدالجليل، الطبعة الاولى، دار الحوار، اللاذقية.
- الواد، حسين (١٩٨٥): في مناهج الدراسات الأدبية، الطبعة الاولى، منشورات الجامعة.
- وايلز، كاتى (٢٠١٤): معجم الاسلوبيات، ترجمة: خالد الأشهب، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

- الورتاني، خميس (٢٠٠٥): الايقاع في الشعر العربى الحديث خليل حاوي نموذجا، الجزء الاول، الطبعة الاولى، دارالحوار، اللاذقية.
- ويليك، رينية (١٩٨٧): مفاهيم نقدية، ترجمة: محمد عصفور، الطبعة الاولى، عالم المعرفة، الكويت.
- ياكبسون، رومان (١٩٨٨): قضايا شعرية، ترجمة: محمد الولي ومبارك حنون، الطبعة الاولى، دار توبقال، الدار البيضاء.
- يقطين، سعيد (١٩٩٧): تحليل الخطاب الروائي، الطبعة الاولى الثالثة، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء.

▪ **الرسائل والاطروحات:**

- بغدادي، نسيمة (٢٠١٦): أسلوبية التوازي في القران الكريم سور هود، الحجر، الشعراء نموذجا، اشراف: أ.د. محمد بن صالح، جامعة محمد بوضياف- المسيلة.
- تاوريريت، نبيلة (٢٠١٦): القصائد السياسية لنزار قباني دراسة سيميائية، رسالة دكتوراه، اشراف: أ.د. امحمد بن لخضر فورار، جامعة محمد خيضر- بسكرة.
- عيساوي، أحمد (٢٠١٨): جماليات التوازي في ديوان كزهر اللوز أو ابعد لمحمود درويش، اشراف: د.يوسف بديدة، جامعه الشهيد حمهالخضر هادي- كلية الاداب واللغات، الجزائر.
- القحطاني، سعيد هادي سعد (٢٠٠٥): التوازي في شعر الرثاء من العصر الجاهلي حتى نهاية العصر الاموي، بحث ماجستير، اشراف: أ.د. موسى سامح ربابعة، جامعة اليرموك، الاردن.

▪ **المجلات:**

- بناني، عبدالرحمن (٢٠١١): دراسة فى بنية التوازي الدلالي عند بعض رواد الشعر المغربي المعاصر، مجلة (وج)، العدد (٦).
- داودي، وهاب (٢٠١٤): البنيات المتوازنة فى شعر مصطفى محمد الغماري- التوازى والتكرار، مجلة المخبر- أبحاث فى اللغة والأدب الجزائري، جامعة البسكرة، العدد (١٠).
- الدقاق، عمر (٢٠١٠): جمالية الثنائيات والمتضادات فى العبارة العربية، مجلة المعرفة العربية، العدد (١)، وزارة الثقافة فى الجمهورية العربية السورية- دمشق.
- ربابعة، موسى (١٩٩٥): ظاهرة التوازي في قصيدة للخنساء، مجلة (دراسات) للعلوم الانسانية، المجلد ٢٢ (أ)، العدد (٥)، ١٩٩٥، الجامعة الاردنية.
- كنوني، محمد (١٩٩٩): التوازى ولغة الشعر، مجلة فكر ونقد، العدد (١٨)، المغرب.
- موكاروفسكي (١٩٨٤): اللغة المعيارية واللغة الشعرية، تقديم وترجمة: ألفت كمال الروبي، مجلة فصول، العدد (١).
- الولي، محمد (٢٠٠٤): البنيات المتوازنة في الشعر، مجلة علامات، العدد (٢٢).

## (بە زمانی فارسی)

- برتنز، یوهانس ویلم (١٣٨٨): نظریەء ادبی، برگردان: فرزان سجودی، چاپ دوم، مؤسسە انتشارات اهنگ دیگر.
- دهخدا، علی اکبر (١٣٧٧): لغت نامەء دهخدا، جلد چهاردهم، چاپ دوم از دورەء جدید، مؤسسەء انتشارات و چاپ دانشگاه تهران.
- فلکی، محمود (١٣٨٠): درەی پروانە، ترجمە: محمد رئوف مرادی، با مقدمەی تقی پورنامداریان و سید علی صالحی، نشر انا، تهران.
- محلاتی، حیدر (١٣٧٨): فرهنگ واژگان ادبی ویژه اصطلاحات تخصص ادبی- انگلیسی- فارسی- عربی، چاپ اول، چاپخانە: توحید، قم.
- معین، محمد (١٣٨٧): فرهنگ فارسی معین، چاپ اول، انتشارات فرهنگ نما با همکاری انتشارات کتاب اراد، چاپخانە: رهنما.

## (بە زمانی ئینگلیزی)

- Abrams, M.H.(1999): A glossary of Literary Terma, , Seventh Edition, Prented in the United States of America.
- Ballard, H.W. and W.Dennis Tuker, Jr., eds. (2007): An Introduction to Wisdom: Literature and the Psalms… Georgia: Mercer Universty Press.
- Cook. Guy (1989): Discourse, New Yourk: Oxford Universty Press.
- Cuddon, J. A. (2013): Adictionary of Literary Theory, Revised by M. A. R Habib, Fifth Edition,Wiley Blackwell Publication.
- Ghazala, Hasan Said (2000), A Dictionary Of Stylistics And Rhetoric, ELGA Publications, Umm AL-QuraUniversty.
- halliday. M.A. K and Rouquaya Hassan, 1976: Cohesion in English, Lomgman Grup Limetid.
- https://torjoman.com/dictionary/ar/search/arabic-romanian/egal
- Jakopson, Roman (1987): “the Dominant” in his language in Literature, Edited by: k.pomorsk and S.rudy, Harvard University press, Cambridge, Ma.and Landon.

## ملخص البحث

يعتبر التوازي من المفاهيم اللسانية الحديثة، التي لقيت اهتماما كبيرا في الدراسات التي تهتم بتحليل الخطاب الشعري، وخاصة عند الشكلانيين ومن بينهم اكثر اهتماما بالتوازي (رومان جاكبسون) حيث اهتم به من خلال الوظيفة الشعرية لاللغة، اذ على الرغم من أن النص يتضمن عناصر كثيرة الا أن الشعرية ابرز سماته. من هذا المنطلق يعتقد جاكبسون ان النص الادبي وخاصة النص الشعري ينشأ مثل نشوء أي نص لغوي مرتكزا على عنصري الاختيار والتأليف حيث يشمل التوازي مستويات متعددة مثل البني التركيبية والصيغ والمقولات النحوية، وتأليف التشكلات الصوتية والاشكال التطريزية، ومن منظور البنيوية الشكلانية كمنهج تحليلي للنصوص الادبية عامة والشعرية خاصة، تظهر أهمية التوازي بأنه عنصر تأسيسي وتنظيمي في ان واحد، لما له من أثر في ابراز العلاقات الصوتية على ترابط بنية النص من خلال تقاربها الصوتي الدلالي والايقاعي.

تهدف هذا البحث الموسوم بـ(بنية التوازي في الشعر الكردي- سالم و گوران نموذجا) الكشف عن اهمية التوازي في بنية النص الشعري، بوصفه احدى الظواهر التي يزخر بها الشعر الكردي، ومن هنا يبين البحث رؤية نظرية حول التوازي من حيث مسألة التكوين ومن حيث مسألة التطبيق ايضا، وذلك ضمن اشعار كل من الشاعرين (سالم و كوران)، وقسمت البحث على ثلاث مباحث، انطلاقا من المبحث الاول حيث تهتم بالوجهة النظرية والمنهجية العلميين و كذلك من الناحية التطبيقية والتي تتضمن المبحث الثاني وتخص بالتجربة الشعرية لدى سالم كأحد رواد الشعر الكلاسيكي الكردي والمبحث الثالث من الدراسة والتي تخص اشعار گوران كرائد شعر الحداثة في الادب الكردي. وفي كل هذا اعتمد الباحث في عمله، على مجموعة من المصادر والمراجع القديمة والحديثة. والختام جاء البحث بعدد من النتائج العلمية الهامة التي درج ضمن نقاط ملخصة في نهايته.

## Abstract

As a new and modern literary critical concept, parallelism has a special importance in the scientific researches of the day. One aspect of these researches finds itself within the realm of linguistic studies. Thus, even from the formalist`s time to the present, the foundations of parallelism in literary text`s structure have been taken into consideration, and consequently, it is found in the modern stylistics. From this perspective, this research, entitled (structure of parallelism in Kurdish poetry: Salim and Goran as Examples) consists of three main chapters which have some sections and subsections.

As a tradition of any other scientific research, the first chapter is devoted to the theoretical part, where a framework for the research method is taken into account, which is formalist structuralism. After that, in the light of the research method and theory, the second and third parts are dedicated to the practice of parallelism in Salim and Goran`s poetry, the first of whom is one of the fathers of Baban school of poetry, and the latter, a foreman of renewal of Kurdish poetry. For this regard, different mechanisms are tackled, from which, the research concludes with some important points, which are presented in the list of findings and conclusion.